**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ١٨

**١٩٩٨ - بەرگی هەژدەیەم**

---

چاپی یەکەم ١٩٩٩

له بڵاوكراوه‌كانی ئه‌نجوومه‌نی نیشتمانیی كوردستانی عێراق

ناوی كتێب: ئه‌نجوومه‌نی نیشتمانیی كوردستانی عێراق
پرۆتۆكۆڵه‌كان ـ ١٩٩٨/ به‌رگی هه‌ژده‌یه‌م

چاپی یه‌كه‌م: ١٩٩٩

تیراژ: ١٠٠٠

ژماره‌ی سپاردنی به كتێبخانه‌ی نیشتمانیی هه‌رێمی كوردستان: ٢٠٧

# پێرست:


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێک سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٩/٨ ——— ل٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٩/٩ ——— ل٢١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢) ——— ل٤٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٩/٢٣ ——— ل٤٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤) پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٩/٢٤ ——— ل٨٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/١٠/٢٠ ——— ل١١٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/١٠/٢١ ——— ل١٤١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/١١/٣ ——— ل١٩١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/١١/٤ ——— ل٢٢١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩) شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/١١/١٤ ——— ل٢٦٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/١١/١٨ ——— ل٢٩٧



# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی دەسپێک

## سێ شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٨/٩/٨

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێک

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٩/٨

***کاتژمێر(١١)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٩/٨ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی (دەسپێک)ی خولی ئاسایی دووەمی ساڵی(١٩٩٨)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- وتاری بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەبۆنەی کردنەوەی خولی دووەمی ساڵی١٩٩٨ی دەست بەکاربوونی ئەنجوومەنەوە.***

***٢-بەیانی ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان بەبۆنەی کردنەوەی خولی دووەمی ساڵی ١٩٩٨ی دەست بەکاربوونی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستان خولی دووەمی ساڵی ١٩٩٨ دەکەینەوە، بەم بۆنەیەوە، بەناوی سەرۆکایەتی و ئەندامانی پەرلەمانەوە بەخێر هاتنێکی گەرمتان دەکەین بە ئومێدی ئەوەی ئەم خولەمان خولێکی بەرهەم دارو بێت وەکو خولەکانی تر.

**بەڕێزان...**

لە خولی ڕابردوودا کۆمەڵێک یاساو بڕیاری باشمان ئەنجام دا. بابەتی باشیش باس کراو، هەڵوێستمان دەربڕی وەکو پەرلەمانی کوردستان بەرامبەر هەندێک ڕووداوی گرنگ، پێکەوە هەمووی نموونەی غەم خۆری و هەست کردنی ئێوەی بەڕێزە بە ئەرکی مێژوویتان و هەر ئەوەیش چاوەڕوان دەکرێت. هەمیشە وتوومانە و دەیڵێینەوە، دەبێت ئەم دەورەیە وەکو دەورەیەکی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان و بنیادنانی ئەم ئەزموونەو ڕێبازی دیموکراتیەت لە کوردستان بێ، هەنگاوەکانی، بڕیارەکانی، یاساکانی، هەڵوێستی، هەموو چالاکییەکانی گونجاو بێت لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان و ئەرکی دیاریکراوی بەپێی یاسا وەکو پێویست جێ بەجێ بکات، بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە خەڵکی کوردستان لە ڕێگای نوێنەرانی هەڵبژاردووی خۆیەوە شایستەی هەموو جۆرە کۆمەک و هاوکاری و پشتگیرییەکن و دەتوانن ئەگەر هەلیان بۆ هەڵکەوت حوکمڕانی

خۆیان بکەن و بنەماکانی دیموکراسی دەچەسپێنن و مافەکانی مرۆڤ دەپارێزن.
ئێستایش لە هەمووکاتێک زیاتر پێویستمان بەم هەست و نەفس و هەڵوێستە هەیە، بە تایبەتی پەرلەمان و حکومەت بە زۆرینەیەکی روون و بتەو لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە سەرپەرشتی دەکرێت و بەڕێوەدەچێت، پارتیش وەکو دەزانن ئەو دەزگا نەتەوایەتییەیە کە هەمیشە پێشەنگ و ماکی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی رزگاری وئازادی ودیموکراتیەت بووەو، نەوەکانی پێ گۆش کردووەو، خۆیشی وەکو پارتێک هەمیشە لە ژیانی رۆژانەی خۆیدا ئەو خەسڵەتەی پیادە کردووەو. هەر کات پارتی دەسەڵاتدار بووە نەک لایەنە سیاسیەکان، بەڵکو گشت خەڵکی کوردستان هەستیان بە ئازادی و ئارامی کردووە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بنەماکانی دامەزراندنی پارتی کە کۆڵەکەیەکی بنەڕەتی، هەست و خووڕەوشت و هەڵوێستی بارزانیی نەمرو ڕێبازە پیرۆزەکەیەتی، کە خۆشەویستیی وڵات و سووربوون لە سەر مافەکانی گەل و بەگژا چوونی زوڵم و زۆر، لێبوردەیی و خزمەت کردنی جەماوەر و قەبوڵ کردنی یەکتر و ڕێزگرتن لە داب ونەریتی کۆمەڵایەتی و ئایینی خۆمان و براکانمان و پێکەوە لەم وڵاتەدا دەژین. ئەمڕۆش ناوەڕۆکی ئەم ڕێبازە لەلایەن سەرۆکی خۆشەویستمان کاکە مەسعود بارزانی و سەرکردایەتیی پارتی رۆژانە دووپات دەکرێتەوە، وتەکەی جەنابی سەرۆک بارزانی کە فەرمووی: «نابێت کەس لە یاسا خۆی بە باڵادەست تر بزانێت و تەنها مرۆڤ دەبێت ئەوکاتە بترسێت کە لە یاسا لای دابێت» بووەتە وێردی سەر زوبانی دڵسۆزانی کوردو کوردستان و دروشمێکە پێویستە هەموومان پیادەی بکەین و لەسەری برۆین.

**بەڕێزان...**

یەک لە ئەرکەکانی ئەم قۆناغە بنبڕکردنی شەڕو ئاژاوەیەو چەسپاندنی ئاشتییەکی عادیلانەو سەرانسەریە لە کوردستان دا.
هەمووتان ئاگاداری رۆڵی پەرلەمانن هەر لە سەرەتای ئەم قەیرانە. شانازیە بۆ پەرلەمانی کوردستان کە هەموو لایەنەکان هاتوونەتە ئەو قەناعەتە کە دەبێت شەڕی کورد بەکورد تەحریم و تەجریم بکرێت، ئەم هەڵوێستە لەم مینبەرەوە پێش «٤» ساڵ جاڕی بۆ درا و کرا بەبڕیارو، بۆ پیادەکرنی ئەندامانی پەرلەمان لەگەرمترین قۆناغەکانی شەڕ ئامادەیی بەرچاویان هەبوو لە بەرەکانی جەنگ زۆرجار گیانی خۆیان خستۆتە مەترسیەوە بۆ دامرکاندنەوەی ئەو ئاگرە.
مانگرتنی (٥٩) ئەندامی پەرلەمان بۆ ماوەی زیاتر لە (١٠٠)رۆژ لەم تەلارە پیرۆزە هەڵوێستێکی مێژوویی بوو لەڕێبازو ژیانی پەرلەمانی دا، ئێستاش پەرلەمان هەمان هەڵوێستی هەیە لەڕێبازی ئاشتی.
ئەگەر ڕێگامان بدەن بەناوی ئێوەی بەڕێزەوە سوپاسی جەنابی سەرۆک بارزانی بکەین بۆ دەستپێشخەریەکەی بۆ دامەزراندنی لیژنەی تەنسیقی باڵای ئاشتی کەپێک هاتووە لە ئەندامانی سەرکردایەتیی (پارتی) و (ی.ن.ک) و بە دەنگەوە هاتنی و پێشوازی سەرکردایەتی (ی.ن.ک)

که خۆی لەخۆیدا بووە هۆی رووخاندنی زۆر لە لەمپەرەکانی دەروونی لەنێوان هەردوولادا، چونکە ئاڵوگۆڕی ڕاو بۆچون و باس کردنی هەموو لایەن و کون و قوژبنێکی ئەم ململانێیەو شەڕی ناوخۆ و بڕیارەکانی بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانە، زەمینە خۆشکەر بوو بۆ ئارامی و هێمنایەتی و دەسکەوتی تر، وەکو بەرقەراربوونی ئاگربەست و پتەو کردنی هیوا و ئاوات بەئاشتی لەهەست و دەروونی خەڵکی کوردستان و لایەنەکان و، گەڕانەوەی جۆرە متمانەیەک بە ئەزموونەکەمان و، پشتگیری و هاوکاری لەلایەن وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکا، دەستپێشخەری و پشتگیری حزبی سۆسیالیستی فەرەنسا، (فرانس لیبرتی ـ مەدام میتران) و هەڵوێستەکانی بزووتنەوەی سوشیال دیموکراتی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی دانیشتنەکانی نەرویج و فەرنسا و دواجاریش لەنەمسا هەر لەم ساڵەو، پیشان دانی هەڵوێستی خۆیان بۆ پرۆسەی ئاشتی و پشتگیریان لەدۆزی کورد.
موبالغە ناکەین بەڕێزان ئەگەر بڵێین سەردانی ویلش بۆ کوردستان و ئەو هەڵوێستەی ئەمریکا زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زەمینە لەبارەی کە لەمیانی ئەو (٦)شەش مانگە بەدەستمان هێنا.
گومان لەوەدانییە دەستپێشخەری جەنابی سەرۆک بارزانی بەناردنی وەفدێکی سەرکردایەتیی پارتی بۆ سلێمانی و ئەو پێشوازییە گەرمەی برایانی (ی.ن.ک)و دانیشتنی ڕاستەخۆ لەگەڵ جەنابی سکرتێری گشتی (ی.ن.ک) پاڵنەرێکی باش بوو بۆ پرۆسەی ئاشتی، ئەنجامی ئازاد کردنی گیراوەکان و خۆش کردنی زەمینە بۆ سەردانە ڕەسمیەکەی جەنابی سەرۆک بارزانی لەم ڕۆژانەو سەردانی بەڕێز جەلال تاڵەبانی لە ناوەڕاستی ئەم مانگە بۆ ئەمریکاو هەوڵ دان بۆ یەکخستنی هەڵوێستی (پارتی) و (ی.ن.ک) لەمەڕ کێشە سەرەکییەکان کە پەیوەنداره بەدۆزی کورد و، زیاتریش چاوەڕوان دەکرێت هەردوولا پێکەوە دانیشن بە ئومێدی ئاشتی و ئاشتبونەوەیەکی گشتی. بەش بەحاڵی خۆمان لەپەرلەمانی کوردستان هەموو وزەو توانامان دەخەینە پاڵ هەوڵەکانی ئاشتی و ئەو ڕێبازە پیرۆزە و داوای سەرکەوتنی بۆ دەکەین و، سوپاسی سەرکردایەتیی و لیژنەی تەنسیقی باڵای ئاشتی (پارتی) و(ی.ن.ک) دەکەین.

**بەڕێزان...**

مانەوەی ئەم کیانەو چەسپاندنی و بەرەو پێشەوە بردنی، بەئاشتی و برایەتی و یەک بوونی ڕیزەکانی خەڵکی کوردستان دەبێت، هەر چۆن هەواو خۆراک بۆ هەر گیان لەبەرێک پێویستە، بۆ ئەم کیانەش ئاشتی وەها پێویستە. هەلێکی مێژوویی و دەستکەوتێکی گەورەمان وەدەست هێناوە، بەپێچەوانەی هەموو پیلانەکانی دوژمنان هێشتا کاتی ئەوە ماوە، (پارتی) و(ی.ن.ک) شێوەو شێوازێکی گونجاو پێکەوە هەڵبژێرن و، ئەم کیانە بپارێزن و بەرەو پێشەوەی ببەن.

**بەڕێزان...**

پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیرادەی خەڵکی خۆڕاگری کوردستانە، سومبلێکی بێ هاوتای سەردەمی نوێمانە، نابێت ئێمە خۆمان بەخۆمان ئەم پرۆسەیە نابووت و زیندە بەچاڵ بکەین لەژێر هەر جۆرە فیشارو هۆیەک و مەرامێک بێت، بەپێچەوانەوە خەباتی سەردەم و،

خوێنی ئاڵی شەهیدان و، ئیرادەی لەبن نەهاتووی خەڵکی کوردستان و، خەون و ئاوات و هەڵوێستی دۆستانی کوردمان، داوای ئەوەمان لێ دەکەن کە دەبێت ئەم دەسکەوتە بپارێزین و، بەرەو پێشەوەی ببەین و، زاڵ بین بەسەر کۆسپەکاندا و، کەمو کوڕیەکانمان کەم کەینەوەو، ئەم دەورەیە تەسلیم بکرێت بەدەورەیەکی ترو ئەم نەوە بۆ نەوەی داهاتوو، هەموو جۆرە ڕاڕای و دوو دڵی و بێ بڕواییەک بەم کیانەو پاشە ڕۆژی وەلاوە بنێین. دەبێ تەنها سندوقی هەڵبژاردن سەنگی مەحەک و بنەمای یەک لاکردنەوەی کێشەی دەسەلاّت بێت.
مەگەر دروشممان دەها ساڵە کوردستان یان نەمان نەبووە.
جا ئەوە کوردستان، ئەوە پەرلەمان، ئەوە حکومەتی کوردستان، ئەوە خزمەت و پرۆژەو دەست کەوتی ڕۆژانەو، ئەوە ئاسایش و ئەوە ئازادی بیرو ڕاو فرە حزبی، ئەوە تەبایی و برایەتی لەنێوان کورد و براکانی لە کوردستان، ئەوە پەیوەندی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی، ئەمە بەرێزان ئەو قۆناغەیە کە کێشەی کوردی بردە نێو دۆسییەی کۆڕو کۆمەڵی نێودەوڵەتی، دوژمنانمان چی تر ناتوانن وا بەئاسانی کۆمەڵ کوژ و کپ و قڕمان کەن.
سوپاس بۆ خوای گەورەو میهرەبان، سوپاسی بێ پایان بۆ کەس و کاری شەهیدان و سەرقافڵەی شەهیدان بارزانیی نەمرو کاکە ئیدریسی هەمشەزیندوو، چونکە خەبات و تێکۆشان و فیداکاری ئەوان بوو، ئەمەی ئەمڕۆ هەیە.
سوپاس بۆ خەڵکی خۆڕاگرو بەشەرەف و ئاشتی خوازی کوردستان و، هێزە نیشتمان پەروەرەکانی کوردستان، سوپاس بۆ هێز و بازووی قارەمانانی کوردستان، پێشمەرگە دلێرەکانمان کە ئەوە بۆ زیاتر لە (٣٨)ساڵ دەچێت بۆ پاراستنی کوردو کوردستان و ئامانجەکانی و پاراستنی دەسکەوتەکانی بەتایبەتی پاراستنی شەرعیەت کە لە پەرلەمان و لە حکومەتی هەرێمدا خۆی دەنوێنێت، دریغیان نەکردوە و زامنی مان و بەردەوام بوون و وەپێشەوەچوونی ئەم کیانەن.
**بەڕێزان...**
بەم بۆنەیەوە، بەپێویستی ئەزانم ئاماژە بکەم بە دەستکەوتەکانی پەرلەمان لە ڕۆژی یەکەمی دامەزراندنی لە ١٩٩٢/٦/٤ تاکۆتای خولی یەکەمی ساڵی ١٩٩٨ وەکو یاسا و بڕیار کە لە ڕۆژنامەی پەرلەمان بلاوکراوەتەوە، تاکو ئێستا «٣٨» ژمارەی دەرچووەو ئەو یاساو بڕیارانە بە کوردی و عەرەبی لە توێی «٢» بەرگدا کۆکراوەتەوەو بلاوکراوەتەوەو بەرگێکی تریشمان بە دەستەوەیە.
هەروەها هەموو دانیشتنەکانی پەرلەمان هەر لە ١٩٩٢/٦/٤ تاکو دوا دانیشتنی خولی ڕابردوو لە کۆتایی مانگی حوزەیرانی ١٩٩٨ لەتوێی (١٧) بەرگدا کۆکراوەتەوە، ژمارەی لاپەڕەکانی دەکاتە(نزیکەی ٩٠٠٠)لاپەڕە ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەگەورەترین پرۆژەی چاپەمەنی لەکوردستاندا دەژمێردرێت لەم سەردەمەو گەنجینەیەکی لەبن نەهاتوە بۆ ئەم نەوەو نەوەکانی داهاتوو، بەکردەوە خەڵکی کوردستان و نوێنەرە ڕاستەقینەکەی پرۆسەیەکی نوێ و بێ هاوتایان

لەبنەماکانی دیموکراسیەت پێشکەش بەخەڵکی خۆیان و جیهان کرد. ئەم بەرهەمە بەسەر دەزگاکانی حکومەتی هەرێم و حزبەکان و هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاند و زۆر لە پسپۆڕان و کەسایەتییەکانی کوردستان بڵاوکراوەتەوەو ناردراوەتە دەرەوەی وڵاتیش.
بۆ ئەندامانی پەرلەمان و برا وەزیرەکان و ئەوانەی لەنزیکەوە ئاشناییان هەیە لەسەر کاروباری پەرلەمان لەوەیە ئەوەی دەیڵێم ئاسایی بێت، لەمەڕ گرنگی و مصداقیەتی ئەزموونی پەرلەمانی کوردستان، بەڵام داوا دەکەم لەهەموو کەسێک کە ئەم کیانەو ئەم ئەزموونەو ئەم پەرلەمانەی لا مەبەستە بگەڕێتەوە بۆ پرۆتۆکۆلەکانی، ئەوسا بۆی دەردەکەوێت پەرلەمانی کوردستان چییەو چی کردووەو پاشان بەراوردی کات.
دڵنیام لەوە کە کارێکی گەورەو گرنگ کراوە لەگەڵ ئەوەش کەم و کوڕیمان هێشتا زۆرە.
پێویستە لەخولی ئێستامان جەخت بکەینەوە لەداخوازیەکانی خەڵکی کوردستان کەلەپاش ئاشتیەکی عادیلانە، ئاسایشی هاوڵاتییان و پاراستنی گیان و ماڵیان مەبەستە، بۆ ئەمەش حکومەتی باوەڕ پێکراوی پەرلەمان کابینەی سێ هەمان هەنگاوی بوێرو پتەوی ناوەو، جێگای دەستی دیارەو بەپێچەوانەی باری ئاڵۆزی ناوخۆمان و پیلانی دوژمنان و بەتایبەتی ڕۆڵی نانیشتمانی و جنایەت کارانەی (پ.ک.ک) کە بەئاشکرا هەر لەیەکەم ڕۆژی دامەزراندنی ئەم کیانە دوژمنایەتی خۆی ڕاگەیاندوە و ئەرکی نەهێشتن و لەناوبردنی خستۆتە ئەستۆی خۆی و بوەتە داردەستی هەموو ناحەزانی کوردو کوردستان.
ئێمە دەڵێین لەگەڵ ئەوانە هەموو خەڵکی کوردستان و، بەتایبەتی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی-حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوە زیاتر بۆ دوو ساڵ ئەچێت هەست بەهێمنی و ئارامی دەکەن و ئەمەش ڕەنگی داوەتەوە لەدەرەوەی وڵاتیش.
پاراستنی ئەم دەسکەوتانەو وەپێشەوە چوونی داخوازیەکی جەماوەریەو بەش بەحاڵی خۆمان تواناکانی پەرلەمان تەرخان دەکەین بۆ پشتگیریی و پاڵپشتی هەموو ئەو هەنگاوانە کە دەبێتە مایەی سەرکەوتنی ئەو بەرنامەیەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەری دەڕوات جێگای خۆشحاڵییە کە پرۆژەکانی کابینەی سێیەمی کوردستان لەگەشەپێداندایە لە ناوەوەو لە دەرەوە هەست بە گۆڕانکارییەکی بەرچاو دەکرێت، ئەمەیش جێگای سەربەرزی وڕێز لێنانی خەڵکی کوردستان و دۆستانیەتی.
**بەڕێزان...**
بڕیاری ٩٨٦ دەرفەتێکی باش و دەروازەیەکی گەورەی بۆ کردینەوە، هەڵوێستی (پارتی) و(ی.ن.ک) لە سەر بەدواداچوونەوەو خستنە ڕووی داخوازی و پێداویستییەکانی خەڵکی کوردستان وەکو یەک لایەن و بە یەک دەنگ جێگای ڕێزو پێ زانینی هەموو لایەکە.
گەڕانەوەی بەشی هەرێم بۆ ١٥٪ لە ١٣٪ی ئێستا کە هەیە واتە ئەو ٢٪ کە بەناحەق لێمان براوە، لە کۆی گشتی ئەو پارەیە کە بۆ ئێمە تەرخان کراوە بە پێی ئەو بڕیارە، بەتایبەتی لە پاش

کەم کردنەوەی ڕۆیشتنی نەوت و دەرامەتی بەشی کوردستان بۆ فیتسی «٤» کە لە «٥٥٨» بۆوەتە «٢٥٨» ملیۆن دۆلار و جەخت کردن لەسەر سوود وەرگرتن لە بەرهەمی ناوخۆی کوردستان بە تایبەتی کشتوکاڵ و تەرخان کردنی بەشێکی بەرچاو لەو پارەیە بۆ ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی ولاتەکەمان بە تایبەتی لە ڕووی ئاوەدان کردنەوەو وزەی کارەباو پەروەردەو تەندروستی و خوێندنی بالاو بوارەکانی تریش، ئەرکێکی پیرۆزی حکومەتی کوردستانە، دڵنیاین لەوەی کە لەم بارەیەوە هەنگاوی باش نراوەو چاوەڕوانی هەنگاوی باشتریش دەکەین.
بە باشی ئەزانین ئەندامانی پەرلەمان بەدواداچوونی چۆنیەتی جێ بەجێ کردنی ئەو هەنگاوانە بکەن شان بەشانی کاربەدەستانی حکومی و حزبی بۆ پشتگیری و هاوکاری سیاسەتی کابینەی سێیەم و هەڵوێستی یەکگرتووی پارتی و «ی.ن.ک» لەمەڕ بڕیاری ٩٨٦و ئەو پەیوەندییانەش کە هەمانە وەکو پەرلەمان لەگەڵ کەناڵەکانی پەرلەمانی ولاتانی ئەورووپا، لە خزمەتی ئەو سیاسەتەدا بێت.

**بەڕێزان...**

ڕاگواستن و بەعارەب کردن و ئاوارەکردنی خەڵکی کوردستان لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە بە داخەوە کەم یان زۆر بەردەوامە. گۆڕینی شێوازی نەتەوایەتی و مێژینەی کوردستانمان هێشتا ڕانەوەستاوە. پێویستە ئەندامانی پەرلەمان توێژینەوەی ئەو بارە ناهەموارو تاڵە بکەن و ئەوەی دەکرێت لەم بارەیەوە دریغی نەکەن، بەتایبەتی ئاگادارکردنەوەی لایەنە ڕەسمییەکان و دەزگا نێودەوڵەتییەکان، چونکە ئەمە دژ بە بڕیاری «٦٨٨»ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتییە. چی بە فشار خستنە سەر حکومەتی ناوەندی بە خستنە ڕووی دەرئەنجامە سەلبییەکانی ئەم سیاسەتانەو، چی بە پێشکەش کردنی کۆمەک وهاوکاری بە لێقەوماوان و زەرەرمەندانی ئەم تاوانە.

هاوکاری و تەبایی لە نێوان هەردوو دەزگای پەرلەمان و حکومەت پێویستەو ئەرکێکی پیرۆزە. کەم و کوڕی هەیەو دەبێت. پێویستە لێی بکۆڵدرێتەوە و باس بکرێت و بخرێتە ڕوو نەک بە نیازی کوڵ گرتن و تۆمەت و تۆڵەسەندن لە کاربەدەستان، بەڵکو بەدڵ پاکی و هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی و یەک دەست و یەک ئامانج و، هاوکاری بە ئومێدی چارەسەرکردنی، چی بە ئیجرائاتی کارگێڕی و چی بە گۆڕینی ئەو یاساو بڕیارانەی کە دەبنە ئاستەنگ لە ڕێگای ئەو چارەسەرکردنە یان بە دەرکردنی یاساو بڕیاری نوێ.

چاودێری حکومەت و بەدواداچوونەوەی کارەکانیان، کە مافێکە، یاسا بە پەرلەمانی داوە، بەو مانەیە نییە کۆسپ و تەگەرە بخرێتە ڕێگا یان ناوبانگیی حکومەتی خۆمان لەکەدار بکەین، بەڵکو بەو مانەیە هاتووە کە یەک تەواوکاری ئەوی ترەو هاوکارو پشتگیریی یەکترین، نەخاسمە پەرلەمان و حکومەتی خۆمانەو لە خۆمانەو بۆ خۆمانە!.

بە باشی ئەزانین ئەم خولەمان لەمیانی بەدواداچوون و هاوکاریی بێت و ڕۆژانی سێ شەممەی

پەرلەمان کە نازناوی ڕۆژی حکومەتی وەرگرتووە بایەخی پێ بدەین و نموونەیەکی ڕێک و پێک بە خەڵکی کوردستان و دۆستانی میللەتەکەمان پێشکەش کەین، چونکە ئەمڕۆ وڵاتەکەمان لە بەرچاوەو هەموو دنیا دەیبینێت و چی لێرەدا ڕوودەدات لێی ئاگادارن. دنیاش هەر خۆی زۆر بچوک بۆتەوە.

بە باشی ئەزانین وەزارەتەکان لە ڕێگای پسپۆڕانیانەوە بە یاساکانی خۆیاندا بچنەوە، ئەوەی جێبەجێ نەکراوە، جێبەجێ بکرێت. ئەگەر کۆسپ لەڕێگای جێ بەجێ کردنی هەبێت ئاگادارمان کەنەوە، لە ڕێگای ئوصولی، بۆ ئاسان کردنیان دڵنیاین پیادە کردنی دەسەڵات لەمیانی زیاتر لە شەش ساڵ سەرەڕای گەنجینەی دەیەها ساڵ لە شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان زۆر شتی نوێی هێناوەتە پێش و، زۆر شتیش فێربووینە. هەروەها ئەزموونی وڵاتانی تریش کەم یان زۆر لە بەر دەست دایە، دەبێت سوودی لێ وەرگرین و ئەم ئیدارەیە کە هەمانە دەوڵەمەندتری کەین.

**بەڕێزان...**

ئەندامانی پەرلەمان نوێنەری خەڵکی کوردستانن، پێویستە چەند زیاتر پێیان دەکرێت بچنە ناو خەڵک و باشتر لە گیروگرفت و ئازارەکانیان نزیک ببنەوە بە شێوەی پرۆژەوە ڕاو هەڵوێستیان عەرزی پەرلەمان بکەن، بۆ ئەوەی پاش توێژینەوە وراگۆڕینەوە لەگەڵ دەزگای ڕاپەراندن بتوانین باش و زووتر بە دەنگی ئەو خەڵکەوە بێین. ئێمە نوێنەری ئەوانین مافی ڕەوای ئەوانە ڕوو بکەنە لامان و ئەرکی هەموومانە بەڕێزەوە گوێ ڕایەڵ و غەمخۆریان بین. کەس داوای (مستحیل)مان لێ ناکات ئەوەی لە بارە دەکرێت و، ئەوەش پێویستە.

هەروەها چی وەکو ئەندامان و چی وەکو لیژنەکانی پەرلەمان بە پێویستی ئەزانین زیاتر بایەخ بدرێتە ڕاو بۆچوونی پسپۆڕان و هەڵوێست و داخوازیی توێژە جیاجیاکانی خەڵکی کوردستان، بۆ زیاد و قووڵ کردنی بیروبۆچوون و ڕادەی زانیاریمان و بۆ دەوڵەمەند کردنی پرۆژەکانی یاساو بڕیارەکانی پەرلەمان. هەروەها هەموومان کە ئەندامی پەرلەمانین ڕاستە نوێنەری گشت خەڵکی کوردستانین، بەڵام نابێت لە بیر کەین لە ڕێگای لیستی حزبەکانەوە شەرەفی ئەندامێتی ئەم پەرلەمانەمان بەرکەوتووە. بە باشیشی ئەزانین بە بەرنامەی حزبەکان و لیستەکانتان دا بچنەوە. بزانن چی جێ بەجێ کراوەو چی ماوە.

تێکەڵ بوون لە کۆڕو کۆمەڵ و لەگەڵ توێژەکانی خەڵک و زانایان و پسپۆڕان و بەدواداچوونەوەی بەرنامەکانتان و خزمەت کردنی خەڵکی کوردستان و هاوکاری و پشتگیریی دەزگا شەرعییەکانی هەرێمی کوردستان وهەوڵ دان بۆ وەپێشەوە بردنیان لە غەیری سەروەری و سەربەرزی زیاتر چی ترمان بەر ناکەوێت. خەڵکی بەشەرفی کوردستان و قوربانییەکانی شایستەی ئەوەن کە لە پێناوی داخوازییەکان و ئامانجە پیرۆزەکانیان دا بێ وچان خزمەت کاریان بین. لەگەڵ ڕێزو سوپاسماندا، ئێستاش وتاری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەڕێز نێچرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەخوێندرێتەوە با بفەرمووێ.

**بەڕێز نێچیرڤان بارزانی «جێگری سەرۆک وەزیران»:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن**

سلاوتان لێ بێت.

بەبۆنەی دەسپێکردنی خولی دووەمی ساڵی حەوتەمی پەرلەمانی کوردستان، بەناوی خۆم و کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمەوە پیرۆزباییتان لێ دەکەم. هەر لەم ڕۆژە پیرۆزەدا پێویستە بەڕێزونەوازشەوە یادی شەهیدانی کوردستان بکەین، ئەو شەهیدانەی کە لەپێناو بە ئامانج گەیشتنی میللەتی کورد ساڵەهای ساڵە خەباتیان کردووە و خوێنیان ڕشتووە، ئەوەی ئێستا ئێمە دەیبینین بەرهەمی خوێنی ئەو شەهیدانەیە و، لەسەرووی هەموشیانەوە بارزانیی نەمر، هەر بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی خۆم لەخەڵکی کوردستان دەکەم کە ئەم شەرعییەتە لە سەرچاوەی ئیرادەی ئەوانەوە هەڵقوولاوە. دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان لە مێژووی هاوچەرخی میللەتی کورددا بەتاقی کردنەوەیەکی سەرکەوتووی گرنگ دەژمێردرێ، بۆ یەکەم جاربوو کورد لەشێوازی خەباتی بەرهەڵستکاری و چەکدارییەوە گواستییەوە بۆ شێوازی پێشکەوتووی دیموکراتی و دامەزراندنی دامودەزگای یاسا دانان و بەڕێوەبردنی حکومەت. سەرکەوتنی میللەتی کورد لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی ١٩٩٢ بەسەرکەوتنێکی گەورە دانرا و پشتیوانی و دۆستایەتییەکی گەورەی لەسەرتاسەری دنیا بۆ میللەتی کورد بەدی هێنا. خەڵکی کوردستانیش لەدوای ئەم پرۆسەیەوە متمانەی بەخەباتی خۆی و بزووتنەوە سیاسییەکەی پتەو بوو، بۆیە پاراستنی ئەم مینبەرە شەرعییە پێوانەیەکی ڕاستەقینەیە بۆ دیار خستنی ڕادەی ڕاستگۆیی لە پاراستنی تاقی کردنەوەکەمان.

پەرلەمانی کوردستان لەماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا چەندان یاساو بڕیاری دەرکردووە، کە بۆ ڕێکخستنی کاری بەڕێوەبردن بێ وێنە بووە، هەرچەندە کە شەڕو ململانێی ناوخۆ وەک هەر شتێکی تر ئەم دەزگایەشی بۆ ماوەیەک پەک خست و زیانی زۆری لێ دا، هەروەها بەداخەوە ژمارەیەک لە پەرلەمانتارە دڵسۆزەکانمان تیرۆرکران و شەهید بوون.

گرنگترین شت کە ئەمڕۆ میللەتەکەمان چاوەڕوانی دەکات ئاشتییە، پرۆسەی ئاشتی لەکوردستان لەسەرەتای ساڵەوە دوای ڕاگەیاندنی دەسپێشخەرییەکەی سەرۆک بارزانی دەستی پێکردو هەتا ئێستا بەردەوامە، هەنگاوی فراوانی بەرەو پێشەوە هاوێشتووە، لیژنەی باڵای تەنسیقی پرۆسەی ئاشتی لەو ٢٥ کۆبوونەوەی کە لە شەقڵاوە و کۆیە کردوویانە زۆر قۆناخی بەرەو پێشەوەیان بڕیوەو چەندان گیروگرفتیان چارەسەر کردووە و، لەگەڵێک بواردا دەسکەوتی باشیان بەدەست هێناوە، لیژنەی تەنسیقی باڵا گەلێک کارو ئەرکی تری لە ڕێگەی لیژنە فەرعییەکانەوە بەجێ هێناوە، وەک لەبوارەکانی تەنسیق و لەمەسەلەی جێبەجێ کردنی بڕیاری «٩٨٦» لەکوردستان، بواری ڕێکخستنی وزەو کارەبا، خزمەت گوزاری تەندروستی، بازرگانی و هاتووچۆی خەڵک و

هاوكاری له بواری دادوەری له نێوان دادگاكان دا، هەروەها لەبوارەكانی پەروەردەو خوێندنی باڵادا دەتوانین ئاماژە بە بابەتی یەكخستنی تاقی كردنەوەكانی بەكەلۆریاو مەسەلەی قبوڵی مەركەزی بكەین كه هەردووكیان زۆر گرنگن و بەرچاون.

پرۆسەی ئاشتی لەكوردستان كه پرۆسەیەكی خۆماڵی و بەهەوڵ و كۆششی خێرخوازانی ناوخۆ و لەسەرووی هەمووشیانەوە بەڕێز كاك عەزیز محەمەد و بە پشتیوانی گەلەكەمان بووە، ئەم پرۆسەیە هەرچەند پرۆسەیەكی بەشێنەیی و هەنگاو بەهەنگاو بووە، بەڵام هەمیشە پرۆسەیەكی بەرەو پێشەوەو بەرفراوان بووە و توانیویەتی درێژە بە ئاگربەس بدات و بیچەسپێنێ.

دوا دەسپێشخەری لەبواری ئاشتی ناوخۆدا ئەو وەفدە پایە بەرزەبوو كە لەلایەن سەرۆك بارزانییەوە نێردرایە لای بەڕێز تاڵەبانی، چوونی وەفدەكە دەسپێشخەرییەكی گرنگ بوو بۆ بەرەو پێش پاڵنانی پرۆسەكەو شكاندنی كۆسپە دەروونییەكان كە زۆر مەسەلەیان ڕاگیر كردبوو، بەچوونی وەفدەكە مەسەلەی دیل وگیراوەكانیش یەك لا بووەوە، كە ماوەیەكی دوورودرێژ بوو لە كۆبوونەوەكاندا گفتوگۆی لەسەر دەكرا.

لەم ڕۆژانەشدا سەرۆك بارزانی لەوڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكادا ئامادە دەبێت، هیوای ئەوە بەهێزە كەوا زۆر كێشەی ڕاگیراو سەر بەپرۆسەی ئاشتی لەم سەردانەدا چارەسەر ببن و نزیك بوونەوەكان بەرەو پێش بچن و، چارەسەر بۆ مەسەلە سەرەكییەكان بدۆزرێتەوەو و ببێ بە مایەی گەڕانەوەی ئاشتی و تەبایی بۆ كوردستان، حەز دەكەم ئاماژەش بەوە بكەم كە ئێمە وەكو پارتی حەقیقەت لە مەسەلەی ئاشتی دا ئاشتییەكی وامان دەوێ جارێكی تر شەڕی بەدوا نەبێت، ئاشتییەك بێت كە بە ڕاستی جێگەی متمانەی خەڵكی كوردستان بێت، شتێك نەبێ ئەمڕۆ ئێمە ئاشت ببینەوەو سبەینێ دیسان تووشی شەڕ ببینەوە، مەسەلە مەبدەئیەكان لەلای ئێمە روونەو ئێمە دەمانەوێ ئاشتی ببێت، بەڵام ئاشتییەك نەبێت ئەمڕۆ ئاشتی و سبەی شەڕ. دەمانەوێ دڵنیایی ئەوە هەبێ جارێكی تر شەڕ لەكوردستان نابێتەوە.

كابینەی سێیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان، لەپاش چەند ڕۆژێكی تر، دووساڵ تەمەنی تەواو دەكات هەر چەندە دوو ساڵ تەمەنێكی زۆر نییە، بەڵام ئەگەر كارەكانی كابینەی سێیەم لەم ماوەیەدا بەراورد بكرێت لەگەڵ ئەم ماوە كورتەدا ئەوا هەنگاوی زۆر فراوان و گورج و گۆڵ هاوێشتراوە، هاووڵاتییان هەست بە ژیانی ئاسایی دەكەن. ڕۆژ بەڕۆژ ئەم بارە بەرەو پێشكەوتن دەڕوات.

لەبواری ئەمن وئاسایش دا هێزی ئاسایشی ناوخۆ سەر لەنوێ دامەزراوەتەوە، ئەم دامەزراندنەوەش لەسەر بنەڕەتی جۆرایەتی و لێهاتوویی بووە. سەرجەم بنكەكانی پۆلیس دروست كراونەتەوەو بنكەی نوێ لەو شوێنانەی كە پێویستن دامەزراون بەتایبەتیش لەقەزاو ناحیەو شوێنە دوورەكان دا. هێزی ئەمنی ناوخۆ بەجل وبەرگ و ئامێری گەیاندن و ئۆتۆمبیل و هەموو كەرەستەو پێداویستییەكانی بواری چەك وتەقەمەنی تەیار كراون، ئەوەی كە لە توانادا بووە. كە ئەمە

پێشکەوتن و ڕێکوپێکییەکی گەورەی لەبواری پاراستنی ئاسایشی ناوخۆی کوردستان دا هێناوەتە دی و ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی تریشمان بەدەستەوەیە بۆ ئەوەی لەم بوارەدا بەرەو پێشکەوتنی زیاتر بچین، هەر لەبواری پەرەپێدانی هێزی ئاسایشی ناوخۆدا کردنەوەی بنکەی نەهێشتنی تاوان و دابەشکردنی شاری هەولێر بۆ دوو مەڵبەندی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەهەنگاوێکی گرنگ دەژمێردرێت کە لەسایەی ئەم هەنگاوە ڕێژەی تاوان زۆر کەم بۆتەوە، ئەم هەنگاوانە هەمووی بەهەوڵ وکۆششی کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانەو بێ گومان بەبێ هاوکاری و دەست لەناو دەستی خەڵکی کوردستانیش ئەنجام نەدراون بەتایبەتی خەڵکی شاری هەولێر. دەتوانین بڵێین ئەو کارانەی لەبواری پەرەپێدان و پاراستنی ئەمن و ئاسایشی خەڵکی کوردستان کراون سەرەکی ترین هەنگاوو باشترین پردی متمانەی دروست کردووە لەنێوان حکومەت و میللەت.

کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێم وەک لەسەرەتاوە بەکابینەی خزمەت گوزاری و ئاوەدان کردنەوە ناوی دەرکردووە، ئەمەش جگە لەوەی کە بۆتە هۆی خۆشحاڵی خەڵکی کوردستان، هەروەها لەدەرەوەش دەنگدانەوەیەکی باشی هەبووەو لە ڕۆژنامەکانی دەرەوە زۆر لەسەر ئەم باسە تەرکیز کراوە. زۆر کاتی ئەوەمان نییە بەدرێژی بێینە سەر باسی ئەوەی کە حکومەتی هەرێم چی کردووە، بەڵام دەتوانم بڵێم ئێمە لەبوارەکانی ڕێگاوبان، لە بوارەکانی شەقام و ژێرخانی ناو شار، زانکۆ، لە بواری ئاوەدانکردنەوە، قوتابخانە، نەخۆشخانە، مزگەوت، زۆر بواری تر ئێمە زۆر بەرەو پێشەوە چووینەو پەنا بەخوا ژمارەی ورد لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێم لە ٢٦ی مانگ ئەو دەستکەوتانەی کە لەم دوو ساڵەدا حکومەتی هەرێم کردوویەتی بۆ خەڵکی کوردستان روون دەکەینەوە، بۆیە نامەوێ زیاتر وەختتان بگرم لەم بارەیەوە.

حکومەتی هەرێم لەم دووساڵەدا توانیویەتی لەدەرەوە پەیوەندییەکانی خۆی دابمەزرێنێ، ئێستا نوێنەرانی حکومەتی هەرێم لە ئەمریکا لەبەریتانیا لە بازاڕی ئەورووپی هاوبەش و لەسویدو لە ئەڵمانیاو لەم شوێنانە هەمووی نوێنەرانی حکومەتی هەرێم هەن وئێمە ئێستا بەرەو ئەوە دەچین کە لە شوێنەکانی تریش نوێنەرانی حکومەتی هەرێم دابمەزرێنین و ئەو وڵاتانەش هەتا ئەم لەحزەیەمامەڵەیەکی زۆر باشیان لەگەڵ نوێنەرانی حکومەت لەدەرەوە کردووە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرەڕای پلان و بەرنامەی نەخشە بۆ کێشراوی خۆی، لایەنێکی رەچاو کراو لەسیاسەتی کابینەی سێیەمی حکومەت بەتەنگەوە بوون و بەپیرەوەچوونی گیروگرفتی خەڵکی و ژیان و ئێش و ئازاری میللەت بووە، ئەمە لەهەموو بوارەکانی کارو چالاکییەکانی حکومەت ڕەنگی داوەتەوە، لەهەر کوێ کەم وکوڕییەک هەست پێ کرابێت دەست بەجێ لێکۆڵینەوەی لێ کراوەو بەپێی وزەو توانای خۆمان هەنگاوی پێویستمان بۆ چارەسەرکردنی هاویشتووە. لەسەرەتای دامەزراندنی کابینەوە دەستمان کردووە بەدانەوەی قەرزێکی زۆر لەمووچەی فەرمانبەران و خانەنشینان و حەقی موحازەراتی زانکۆ و پەروەردەو چەندان شتی تر،

ئەمانە قەرزی پێش دامەزراندنی کابینەی سێیەم بوون، هەروەها مەبلەغی زۆر گەورەشمان بۆ دانەوەی حەقی فەوتاوی خەڵک تەرخان کردووە، وەک ئەو پارەی کە بریتی بوو لە رەصیدی نەماوی خەڵک لەبانقەکان داو توانیمان بەم هەنگاوە مافی شازدە هەزار هاوولاتی کوردستان بگەڕێنینەوە، هەر لەماوەی ئەم چەند رۆژەی رابردوودا هەنگاوێکی تریشمان هاوێشتووە بۆ جێ بەجێ کردن و گەڕانەوەی سەرمایەی لەدەست چووی قاصرین و پارەو پوولی نەماوی فەرمانبەران. لە پاشەکەوتی پۆستەیی دا.

من لەسەر ئەو خاڵە دەمەوێ تەنها ئەوە زیاد بکەم مەرج نییە ئێمە بەتەواوەتی ستایشی خۆمان بکەین کە هەموو شتێکمان کردووە، هەڵبەت کەم وکووڕیش یەکجار زۆرە، بەلام ئەگەر ئێمە قیاسێک بکەین سەرەڕای ئەو بارە ناوخۆییەی کە هەمانە شەڕو ململانێ وئەو هەموو پیلانانەی کەلەسەر حکومەتی هەرێم هەیە ئێمە هەتا رادەیەکی باش توانیومانە بەرەو پێشەوە بچین و ئەوەی جێی دڵخۆشییە ئەوەیە ئێمە وا هەست دەکەین بەرنامەکانی حکومەتی هەرێم بەرەو پاشەوە نییە، ئەو هەنگاوانەو بەرنامەی کە کاری لەسەر دەکرێت بەرەو پێشەوە چووە، و بەپشتیوانی خوا بەهاوکاری ئێوە و بەهاوکاری میللەتیش ئێمە بتوانین هەنگاوی تریش بەرەو پێشەوە بنێین، ئەوەی من دەمەوێ ئیشارەتی پێ بدەم لەم خاڵەدا مەسەلەی داهاتی حکومەتی هەرێمە. مومکینە خۆشتان باشتر بزانن داهاتەکانی ئێمە زیاتر لە گومرگە، گومرگەکانیش بەندن بەسیاسەتی ولاتانی ئیقلیمییەوە، واتە هەندێک جار هەندێ شت کە ئازارمان دەداو ئێمە ناتوانین زیاتر بەرنامەکان بەرەو پێشەوە ببەین زیاتری دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە، چونکە ئێمە ئێستا لەدوو گەمارۆداین، یەکەمیان ئەوەیە کە بەسەر هەموو عێراقەوەیە و ئەوەی تر کە لەسەر کوردستانە، لەگەڵ ئەوەش دا سیاسەتی حکومەتی هەرێم لەلایەنی ئابوورییەوە وابووە ئێمە وا هەست دەکەین کە بەرەو پێشەوە چووە، وەخاڵی گرنگیش لە سیاسەتی ئێمە ئەوەیە بازرگانی ئازاد هان بدەین و متمانە بەخەڵک بدەین، ئەوانەی دەوڵەمەندن دەتوانن پارەی خۆیان بەکار بێنن، دەتوانن دڵنیایی ئەوە پەیدا بکەن کە لەناو حکومەتی هەرێم ئەمن هەیە ئاسایش هەیە بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن هاوکاری ئێمە بکەن لە پەرەپێدانی بواری گوزەرانی خەڵک لەکوردستاندا.

لەراستیدا دەستکەوتێکی تر کە حکومەتی هەرێم دروستی کردووە مەسەلەی دەزگای شەهیدە، ئێمە نامانەوێ بەو ناوە بازرگانی بکەین یا بەخوێنی شەهیدان، چونکە هەرچییەک بۆ شەهیدان بکرێ زۆر زۆر کەمە، بەلام ئێمە ئەم دەزگایەمان داناوە بۆ ئەوەی لەنزیکەوە لەبواری گوزەرانی ماڵە شەهیدەکان ئاگادار بین، لەوانەیە زۆر گلەیی بکرێ لە مەسەلەی کەمی مووچەی شەهیدان، بەلام من دەتوانم دڵنیاتان بکەم ئێمە تەنها چاوەڕێی ئەوە دەکەین ئەو لیستەیە رێکو پێک ببێت دوای ئەوەی هەموو لیستەکان رێکوپێک کران مووچەی شەهێدان زیاد دەکەین و لەو رادەیەی کە هەیە نایهێڵینەوە، بەلام بۆ زانیاری خۆتان فەوزایەکی یەکجار زۆر هەیە لەناو لیستەکان و لەوانەیە خەڵکێکی زۆر داخیل کرابێ کە ئەسڵەن وجودی نەبێ، لەبەرئەوە هەڤاڵانی ئێمە

خەریکی وردکاری کردنن لەو مەسەلەیە و کە گەیشتینە ئەنجام لەو تۆژینەوەیە و ڕێکو پێک کران ئێمە ئەو مووچەی کە هەیە زیاد دەکەین.
مایەی وەبیر هێنانەوەیە کە کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوەتەی دامەزراوە بەپێی بودجەی پەسند کراو کاری کردووە ئەمەش یەکێکە لەنیشانەکانی ڕێک وپێکی و ڕێکخستنی کاروبارەکان، جێگەی ئاماژە پێکردنە کەوا هەر لەماوەی تەمەنی کابینەی سێیەم دا خەڵکی کوردستان لەسایەی ئەو تەنایی یەی کە هەستی پێ دەکەن کەوتوونەتە نواندنی چالاکی ئابووری وْ بازرگانی و کردنەوەی پرۆژەی خۆیان، ڕوویەکی تری سەرکەوتنی کابینەی سێیەم ئەوەیە کە کابینەیەکی فرەلایەنەو جگە لەپارتی دیموکراتی کوردستان چەندین لایەنی سیاسی وکەسایەتی سەربەخۆشی گرتۆتە خۆ، هەموو ئەو لایەنانە وەک یەک و بەیەک دەست و بە یەک بازوو لەپێناو خزمەت کردنی میللەت دا کاریان کردووە ئەمەش هۆیەکە بۆ هێنانە دی سەرکەوتنی ئەم کابینەیە کە وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان ئێمە شانازی بەوە دەکەین.
مەسەلەی تر کە زۆر گرنگە و ئێمە زۆر بە گرنگییەوە سەیری دەکەین مەسەلەی یاسایە، هەروەکو جەنابی سەرۆکیش ئاماژەی پێ کردووە یاسا لە سەرووی هەمووانەوەیە و سیاسەتی حکومەتی هەرێم وایە ئێمە کەس لەیاسا بە بەرزتر نازانین، لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستان قەبوڵ ناکەین دەسەڵاتێکی تر هەبێت جگە لە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پێویستە ئەوە ئاشکرا بێت بۆ هەر کەسێک کە بیانەوێ لەم چوارچێوە ئیش بکەن لەچوارچێوەی یاسادا دەرگا کراوەتەوە بۆ هەموو ئەو لایەنانە کە بێن لەچوارچێوەی یاسای حکومەتی هەرێم دا ئیش بکەن، بەڵام ئەگەر کەسێک هەبێت وابزانێ خۆی لە حکومەتی هەرێم و لە یاسا بەگەورەتر بزانێت، ئێمە بەدڵنیایەوە پێتان دەڵێین بەهەموو هێز پێشگیری لەم دیاردەیە دەکەین وهەرگیزو هەرگیز قەبووڵ ناکەین.
بابەتی تر کە ئێستا وەکو گیروگرفتێک هەیە مەسەلەی پەکەکەیە لەکوردستان، لەڕاستیدا من دەمەوێ لەوەش دڵنیاتان بکەمەوە، وەنەبێ بڵێین نامانەوێ میللەتی کورد لەتورکیا بگاتە مافی خۆی، ئێمە پشتگیری لەهەموو مافەکانی کورد دەکەین لە تورکیادا ئەمە سیاسەتی ئێمەیە وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان و، وەکو حکومەتی هەرێمیش. ئێمە گرفت نین بۆ پەکەکە، پەکەکە خۆی کردۆتە گرفت بۆ ئێمە، پەکەکە لە ڕۆژی یەکەمی دامەزراندنی حکومەتی هەرێمەوە ڕایگەیاندووە کەدەیەوێ ئەم ئەزموونەمان تێک بدات، ئێمە لەساڵی ١٩٩٢ ئەو کاتەی لەگەڵ یەکێتی بووین و ئەوان شەڕی حکومەتی هەرێمیان کردو بەرەنگاریان بووینەوە، ساڵی ١٩٩٥بەبێ موناسەبەت لەیەک ڕۆژدا لەسەر تەلەفزیۆن عەبدوڵڵا ئۆجەلان شەڕی لەگەڵ پارتی ڕاگەیاند. پێویستە ئەمانە لە کوردستان نەمێنن و پێویستە دەربکرێن، ئەو کاتە هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ پەکەکەدا نەبوو، بەپێچەوانەوە نوێنەرانی ئێمە لەپەیوەندییەکان خەریکی گفتوگۆ بوون لەگەڵیان لەسەر بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانمان، ئەوان دەستیان بە شەڕ کرد، ئێمە

تاوانبار دەکرێین بەوەی لەگەڵ تورکیا لەسەر پەکەکە رێکەوتنمان کردووە، ساڵی ١٩٩٥ پەکەکە شەڕی ئێمەی کرد تورکیا داوای هاوکاری کرد دەستیشی درێژ کرد ئێمە قبوڵمان نەکرد، چونکە تەسەورمان دەکرد تووشی هەڵەیەک بوون با ئەو جارە مەجالیان بدەین بۆ ئەوەی جارێکی تر تووشی شەڕ نەبین لەگەڵیاندا، بەڵام بەداخەوە، قەت ئەوان یەک رێککەوتنیشیان بەجێ نەگەیاندووە، شەڕی پەکەکە لەگەڵ ئێمە نییە وەکو پارتی، شەڕی پەکەکە لەگەڵ ئەم ئەزموونەیە، لەگەڵ ئەم میللەتەیە، ئەگەر مەسەلە پارتی بێت گرفت نییە ئێمە دەتوانین وەکو دوو حزب لەسەر ئەو مەسەلەیە قسە بکەین. بەڵام بە ڕاستی ئێمە ئەگەر سەیری چاپکراوەکانیان بکەین، عەبدوڵڵا ئۆجەلان ئەمە ناشارێتەوە، لە دوا دیمانەی خۆی بۆ گۆڤاری (الوسط) دەڵێت ئێمە تێکدانی ئەم ئەزموونەیە، زۆر بەڕاشکاوی ئەم قسەیەی کردووە، ئەوەی ئێستا پەکەکە دەیکات ئازاردانە بۆ هەموو میللەتی کورد یەعنی پەکەکە چی دەکات، مناڵ دەدزێت، لەساحەی تۆپانێ، خەڵک و منداڵان فتبۆڵ دەکەن مین دادەنێت، بۆ مەشروعی ئاوێک کە ئێمە دروستی دەکەین بۆ فڵان شوێن ئەوان دەچن ئەگەر دەستیان بگاتێ تێکی دەدەن.

ئەوەی پەکەکە ئێستا دەیکات دەرهەق بە میللەتە دەرهەق بە حزبێک نییە، وەنەبێ تەنها دەرهەق بە ئێمە بێت وەکو پارتی، شەڕی ئەم میللەتە دەکات، لەبەر ئەوە ئێمە وەکو پارتی کە هەموو جار ئەو شەرەفەمان بووە بەرگری لە دەستکەوتەکانی میللەتی کورد بکەین ئێستاش هەمان ئەو شەرەفە بە ئێمە دراوە بەرگری لە مافەکانی میللەتی کورد بکەین، شەڕی ئێمە لەگەڵ پەکەکە ئەمەیە، ئێمە ئەوەی دەیکەین تەنها و تەنها لە بەرژەوەندیی میللەتی کوردە، هەرچییەکمان کردووە پێشتر وە هەرچییەکیش لەمەودوا دەیکەین لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی میللەتی کوردە، هیچ کات ئێمە نابینە دار دەست بۆ فڵان و بۆ ئەوی تر، ئەمە پێویستە روون و ئاشکرا بێت بۆ میللەتیش. ئێمە داوا لە خەڵکیش دەکەین، داوا لە لایەنە سیاسییەکانیش دەکەین، کە هەروەکو پێشتریش کە هەندێک شت کراوە بۆ ئەوەی ئیبرازی ئەو تاوانانە بکرێت کە پەکەکە دەرهەق بە میللەتی کورد لە کوردستانی عێراق دەیکات.

من دەمەوێت هەر تەئکید لەو خاڵەیەش بکەم کە پەرەپێدان و پاراستنی ئەم هەلە لەبارو هەڵکەوتووە بە جهودی میللەتی خۆمان و بە خوێن و فرمێسک و قوربانیدان بەدیمان هێناوە، ئەرکی سەرشانی هەموو کوردێکە، پێویستە هەموو کوردێکیش بەپێی توانای خۆی بەشداری تیادا بکات، من داوا لە لاوانی کورد دەکەم روو لە دەرەوە نەکەن و، وڵاتی خۆیان بەجێ نەهێڵن، ڕۆژانی تەنگانە بەسەر دەچن و ئێمە دەتوانین ژیانێکی خۆش و ئایندەیەکی گەش بۆ وڵاتی خۆمان دروست بکەین، هەروەها داوا لە پسپۆران و شارەزایان و مامۆستایان و ئەندازیاران و پزیشکەکان ئەوانەی کە چوونەتە دەرەوەی وڵات، ئێمە ئەم دەسکەوتەی کە بەدەست هاتووە، دەسکەوتی لایەنێک نییە دەسکەوتی هەموو میللەتی کوردە، ئێمە وەکو کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانین دڵنیایی بەو خەڵکانە بدەین، کە بگەڕێنەوە بۆ کوردستان

بواری کارکردن هەیە بابێن لە خزمەتی میللەتی خۆیان لە خزمەتی کوردو کوردستاندا بن.
بێ شک هاوکاری نێوان حکومەتی هەرێم و پەرلەمانیش خاڵێکە کە پێویستە لە بیر نەکرێت، ئەم دوو دەزگایە بەیەکەوە دەتوانن خزمەتی کورد بکەن، نە حکومەت بە تەنها دەتوانێت، نە پەرلەمانیش بە جیا دەتوانێ، پێویستە هاوکاری و هەوئاهەنگی لە نێوان حکومەتی هەرێم و لە نێوان پەرلەمان زیاتر ببێت، کە ئێمە بۆ دەست پێکردنی ئەم خولە بەرنامەیەکی باشمان بە دەستەوەیە بۆ تەنسیقی نێوان پەرلەمان و حکومەت، کە هیوادارین بە ئەنجام بگات، من جارێکی تر بەبۆنەی کردنەوەی خولی دووەمی پەرلەمانەوە پیرۆزبایتان ئاراستە دەکەم، پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان دەکەم، هەر موەفەق و سەرکەوتووبن و بژین بۆ کوردو کوردستان و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاسی جەنابی کاک نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین، بۆ ئەو بەیانە بە نرخەی، و داوای سەرکەوتن و پێشکەوتن بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، دیسان جارێکی تریش تەئکید دەکەینەوە هاوکاری و هەماهەنگی و لە نێوان ئەم دوو دەزگایە کارو ئەرکێکی گەورەی نیشتمان پەروەری ئێمەیە، وە بەپشیتوانی خوا بەردەوام دەبێت لە خزمەتکردنی کوردو کوردستان.
دانیشتنەکەمان بەم بۆنەیەوە لێرە تەواو دەبێت، بەناوی ئەندامانی پەرلەمانەوە بە ناوی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە جارێکی تریش سوپاسی جەنابی کاک نێچیرڤان بارزانی و گشت وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین بۆ ئەو ئەزیەتەی کە کێشایان و تەشریفیان هێناو ئامادەبوون بەم بۆنەیەوە، هەروەها سوپاسی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانیش دەکەین، وە دانیشتنی ئایندەمان سبەینێ کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی دەبێت ، زۆر سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٩/٩

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٩/٩

***کاتژمێر(١١)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٩/٩ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی (یەکەمی)ی خولی ئاسایی دووەمی ساڵی(١٩٩٨)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی بڕگە(١)ی ماددە(٢٠) لە پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراودا، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە(١)ی ئاسایی خۆی لە کات ژمێر(١٠)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممەی ڕێکەوتی ١٩٩٨/٩/٩دا بەم شێوەیە بێت:***

***١- دووبارە پێک هێنانەوەی لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجوومەن، بەگوێرەی مادده(٣٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو.***

***٢- خوێندنەوەیەکی سەرەتایی پڕۆژەی یاسای هەموارکردنی یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری ژمارە(١١)ی ساڵی ١٩٩٢.***

***٣- خوێندنەوەیەکی سەرەتایی پڕۆژەی یاسای خانەنشین کردنی وەزیر لە هەرێمی کوردستاندا.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێدەکات،دانیشتنی ژمارە«١»ی خولی دووەمی ساڵی ١٩٩٨، بەرنامەی کاری ئەوڕۆمان (٣) خاڵە.

خاڵی یەکەم: دووبارە پێک هێنانەوەی لیژنە هەمیشەیەکانی ئەنجوومەنە بەگوێرەی مادده (٣٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو.

خاڵی دووەم: هەموارکردنی یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری ژمارە(١١)ی ساڵی ١٩٩٢.

خاڵی سێیەم: خوێندنەوەیەکی سەرەتایی پرۆژەی یاسای خانەنشین کردنی وەزیر لە هەرێمی کوردستان دا.

وەکو هەموو جار بەخاڵی یەکەم دەست پێدەکەین و، خاڵی یەکەمیش دووبارە پێک هێنانەوەی لیژنە هەمیشەییەکانە.

ئێمە لەسەرەتای دەست پێکردنی هەر خولێکدا هەموو جارێک بە لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجوومەن دا چووینەوە بەتایبەتی پاش هەموار کردنی دووەمی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان، ئەوەبوو هەندێ لە لیژنەکان تێک هەڵکێش کران، بۆیە پێویست بوو کە ئەو لیژنانەی بڕیارتان لەسەری دا ئەندامان بەسەریاندا بەشێوەیەکی وا دابەشک کەین کە سوود بەخش بێت، بەتایبەتی ئەوە پێمان خستۆتە حەوتەمین ساڵی ئەو ئەزموونەوە، بەش بەحاڵی خۆمان لە دەستەی سەرۆکایەتی کە بەپێی مادە(٣٨) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ئەو دەسەڵاتە بە دەستەی سەرۆکایەتی دراوە کە ناوەکان هەڵبژێرێ و ڕەچاوی زۆر شتمان کردووە، لەو شتانەی کە ڕەچاومان کردووە ئەوەیە کە هەموو ئەندامێک بەلانی کەم ئەندامی لیژنەیەک بێت، چەند برادەرێک نەبێت کە هەندێکیان بەکاروباری حکومەت و سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە سەرقاڵن، بۆ نمونە بۆ ئەوەی بەناوبیهێنم، کاک شێخ عەدنان ئێستا زیاتر بۆ کاروباری فراکسیۆن تەفەرروغی کردوە بۆیە هەوڵمان داوە هەر ئەندامێک بەلایەنی کەم لە لیژنەیەک بێت. دوو، بەپێی ئەو ئەزموونەی ئەو چەند ساڵەی لەگەڵ لیژنەکان و ئێوەی بەڕێزدا هەمانە هەوڵمان داوە ئەو برادەرانەی کە بۆ ئەو لیژنانە دەستنیشانمان کردوون زیاتر دەتوانن لەوێ کارەکان ڕاپەڕێنن، یان وەکو پەرلەمان بەپێویستی ئەزانین ئەو ئەندام پەرلەمانە لەو لیژنانەدابن، بۆ نمونە لە هەندێ لیژنە هەوڵمان داوە یاساییەکی تێدا هەبێت، مەجبورین ئەو برادەرانەی کە یاساناسن دابەشی سەر لیژنەکانیان بکەین تاکو لیژنەکانی پێ پڕ بکەینەوە، یان لە بواری لیژنەکاندا هەندێ برادەران هەن لە ئەندامانی پەرلەمان شارەزاییان زیاترە، یان هەندێ هەن لە ڕاستیدا کاتی خۆی کە لە لیژنەیەک دامان ناوە ئیحراجمان کردووە، بۆ نمونە گەر ئیجازە هەبێ مامۆستا مەلا مەحمودمان لە لیژنەی پەیوەندیەکانداناوە چەن جار بەمنیان گوتووە لەوەیە بۆ زانایەکی ئاینی لە هەندێ ڕووەوە ئیحراج بێت. لە ڕاستیدا بەش بەحاڵی خۆم ئەو کاتە بیرم لێکردەوە، واتە ئەوکاتە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی بەو شێوەیە دەستنیشانمان نەکردایە، بەڵام لە کار کردنی فێر دەبین.

لەڕاستیدا ئیحراج بوونە بۆ مامۆستایان باشتر بوو، چونکە ئێوە ئەزانن هەریەک لە ئێمە ئەندامی پەرلەمانین بۆمان هەیە ببینە ئەندامی لیژنەکان، بەڵام ڕەچاو کردنی ئەم لایەنە گرنگە، چونکە ڕووبەڕووی خەڵکی ئەبێتەوە لەوانەیە مامۆستاش بەپێی تایبەتمەندی ویلەی ئاینی خۆی مەجبوورە هەندێ هەڵوێست بکات کە احراج بێت بۆ هەردوولا، یان بۆ نمونە هەندێ برادەرمان لەلیژنەی پێشمەرگە داناوە یان لە لیژنەی پیشەسازی بەپێی ئەزموون بۆمان دەرکەوتووە کە کەمتر لەو لیژنەیە توانایان هەیە، یان شارەزاییان هەیە، ئەو پیاچوونەوەی کە کردومانە ڕەچاوی زۆر لایەنمان

کردووه، هەوڵمان داوە ئەو تایبەتمەندیانەی ناو پەرلەمان کە هەمانە بەسەر لیژنەکاندا دابەشیان بکەین کە سوود بەخش بێ و، جێگەی خۆی بگرێتەوە، رەچاوی ئەوەشمان کردووە کە لە چوارچێوەی ئەزموونی ئەم شەش ساڵەشمان هەندێ برادەران لەو لیژانانەی کە کاریان تێدا کردووە، ناڵێم تایبەتمەندی، بەڵام جۆرە لێزانیەک و توانایەکیشیان لەبەر دەست دایە ئەتوانن ئیش وکارەکە وەکو پێویست بروێنن و، بۆ ئەو دەسنیشان کردنەش من حەز دەکەم خاڵێکی تریش زیاد بکەم ئەوە مانای ئەوە نییە کە برادەرێک لەم لیژنە، یا ئەوی تر نەبوو واتا ئەو برادەرە ئەو توانایەی نییە، تکا ئەکەم با وانەبێ ئێمە هەموو ئەندامی پەرلەمانین ئامانجی هەموومان ئەوەیە کە ئەرکەکانمان بەشێوەیەکی باش بەرێوەببەین، لیژنەکانیش ئەرکی خۆیان بەشێوەیەکی باش بەرێوە ببەن، هەموومان هاوکارین بۆ ئەو لیژنانە، من یەک نمونەی ترتان بۆ دێنمەوە، زۆر جار لەم هۆڵە گفتوگۆی زۆر شت کراوە و کەم جاریش دەربازبووە، ئێمە وەک بابەتی زمانەوانی زۆربەی زۆری یاساکان بەزمانی عەرەبی دەخوێنینەوە و دەردەچن ئەم جارە وەکودەستەی سەرۆکایەتی کاتی خۆشی پێشنیارمان کردوە مامۆستا محەمەد تاهیر مان بۆ لیژنەی یاسا زیاد کردووە، چونکە لە زۆر بابەتی رێزمانی عەرەبی و بابەتی تایبەت بەزمانی عەرەبی شارەزایی هەیە، جێگای رێزە مامۆستا زۆر جار هەندێ بابەتی لەم بارەی چاک کردۆتەوە و، زۆر جاریش گوتومانە دارشتنەوەی کۆتایی با مامۆستا چاوێکی پیا بخشێنێ، ئەوە ئەو تایبەتمەندیەیە لەوانەیە برادەرانی تریش هەبن لەو بابەتە شارەزاییان هەبێ وەکوگوتمان بۆ ئەوەی کە گفتوگۆ کەمتر کەینەوە لیژنەی یاسا بابەتی دارشتن ئاسانتر بکەن لەبەر ئەوە مامۆستامان پێشنیار کردووە بۆ لیژنەی یاسا، هەروەها ئەبێن لیژنەی تازەمان هەیە، لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی سکاڵاکان هەیە، بەش بەحاڵی خۆم بە لیژنەیەکی زۆر گرنگی ئەزانم. ئەزانم لەوانەیە تاکە لیژنەبێ هەوڵ بدەین بیکەین بە (١١)ئەندام، هەر چەندە ئێمە(٩)مان پێشنیار کردووە.

لە راستیشدا ئەم بابەتە بۆ ئەندامانی پەرلەمان ئەبێ روون بێت و، ئێمە ئەو ناوانەی کە ئێستا ئەیخوێنینەوە ، بەپێی ماددەیەکی دیاری کراوی پەیرەوی ناوخۆ کە دەسەڵاتی بە سەرۆکایەتی داوە زنجیرەی ناوەکان کە ئەخوێنینەو پەیوەندی بە چۆنیەتی دروست کردنی لیژنەکەوە نییە، لەبەر ئەوەی بەپێی یاسا پەیوەستە بە لیژنەکە خۆی، دوای ئەوە تەواو ئەبێت، دەنگی لەسەر دەدەین دواتر ئەچن لەنێوان خۆیاندا دائەنیشن سەرۆک و جێگرو بریاردەر بۆ خۆتان دائەنێن ئەیدەنەوە بە ئێمە لە سەر ئەم بنەمایە سەرۆکی لیژنەو جێگری و بریاردەری تەسبیت دەکرێت، پاش ئەوە بە رێکوپێکی دەوام بکەن.

لەراستیدا ئەو خولە ئەبێ خولێکی نەوعی بەرچاو بێت، یەکێک لەبەر چاووبوونی ئەو خولەوە نەوعییەتی چالاکی و بەگەڕ خستنەوەی ئیشوکاری لیژنەکانە و، یەکێک لە هۆکارەکانی کە تۆ بتەوێ لیژان بخەیتە ئیش دەوام کردنە، لێرە ئەبێ لیژنەکان بەکردەوە ئامادەبوونیان لێرە هەبێ، تۆ لێرە نەبی وەکو سەرۆکی لیژنە وجێگرو بریاردەر زۆربەی کات لەنێوان دوو کۆبوونەوەی

پەرلەمان لە ڕاستیدا کارەکان وەک پێویست ناڕوا، برادەرانمان هەیە لەجێگەی ترن لەدهۆکن بۆ نمونەکۆبوونەوە بەکۆبوونەوە یان کاتی پێویست دێنەوە یان داوای لێ ئەکرێ بێنەوە ئێرە، بەڵێ ئێمە تەجروبەمان لەگەڵ هەندێ برادەر هەبووە وەکو ئەڵێن هەر کاتێ پێویست بووە بەهەفتە لێرە بووە، بەلام لەوانەیە بۆ هەموو ئەندامێکی پەرلەمان وا نەگونجێ، بۆیە ڕەچاوی ئەوەشمان کردووە وە پێشتر ئەڵێن لیژنەکان ئەبێ دەوام بکەن لە باڵەخانەی پەرلەمان لەژووری خۆیان، چونکە ئێستاکە ئێمە لیژنەی سکالامان هەیە لەوانەیە لیژنەی سکالا( ١٠ )داواکاری بۆ بێت یەکسەر ڕەوانەی لیژنەی تایبەتمەندی دەکات بۆ ئەوەی تەماشای بکەن، باشە سەرۆکی لیژنە ئامادە نەبێت، جێگر ئامادە نەبێت، موقەرر لەوێ نەبێت، کەسێک لەوێ نەبێت، باشە کێ بیبینێت؟ ئێمە لە سەردانەکەمان بۆ یەکێ لە هەرێمەکانی ئەڵمانیا جارێکیان ئێمەیان برد بۆ لیژنەی سکالاکان بەڵێ ئەوان ( ٤٠٠ )و هەندێک ئەندامن ئەوان لیژنەکانیان زۆرترە لە ئێمە، بەلام باوەڕکەن لە سنووری ( ٢٥ )نەفەر دانیشتبوون وەکو لیژنەی سکالاکان، لیژنەکە هەفتەی چوار ڕۆژ بەس بەیەکەوە دائەنیشن، ئەو ناوانە کە پێشنیار کراون لە لایەن جەنابی سکرتێری پەرلەمانەوە دەخوێنرێتەوە ڕەچاوی دوو سێ شت بکەن وەکو وتم لەسەرتاوە دووبارەی دەکەمەوە جارێکی تر زنجیرەی ناو پەیوەندی نییە بە چۆنیەتی پێکهاتەی لیژنەکان، ئەوە جێمان هێشتووە بۆ لیژنەکە خۆی، هیچ برادەرێک وا هەست نەکات ئەگەر ناوی لە لیژنەیەک بوو ئێستا پێشنیار نەکراوە دڵگیر بێت و بە شتێکی تر لێکی بداتەوە، هەروەها ئەندامی ئەو لیژنانە ئەبێت دەوام کردن لێرە و هاتنیان بۆ ئێرە بە کارێکی گرنگی خۆیان دابنێن و، ئێمەش بەدوای ئەو بابەتە ئەچین و لەوانەیە خۆمان وەکو سەرۆکایەتی زیاتر بێینە ناو لیژنەکان و دانیشتنیان لەگەڵ بکەین و بەرنامەی دانیشتن لەگەڵ ئەوان زیاتر ڕێک تر بکەین و شێوەی ڕاپۆرتەکان چاکتر بکەین، ئێستاش جەنابی سکرتێر با بفەرموێت لیژنە بەلیژنە ناوەکان بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی دەست بکەین بە کار، فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

**١- لیژنەی کاروباری یاسا، بەڕێزان:**

١- محەمەد حەسەن باڵەتە

٢- شێروان ناسیح حەیدەری

٣- حوسێن عەلی کەمال

٤- سەفەر محەمەد حوسێن

٥- ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی

٦- مەلا تاهیر زینەل عابدین

٧-بورهان عەلی جاف

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە حەوت ناوخوێنرایەوە بۆ لیژنەی کاروباری یاسا، ئەگەر هیچ تێبینیەک نیە لەسەر ئەو حەوت ناوەی کە خوێنرایەوە، ئەوا ئەیخەینە دەنگدانەوە... کێ لەگەڵە؟ ... سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟... سوپاستان ئەکەین، بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا، فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**٢- لیژنەی کاروباری دارایی و ئابووری، بەڕێزان:**

١- جەمیل عەبدی سندی

٢- پەتروس سەخریا هورمز

٣- یەحیا محەمەد عەبدول کەریم

٤- محەمەد حەسەن باڵەتە

٥- شەفیقە فەقی عەبدوڵلا

٦- بورهان عەلی جاف

٧- حەمید سەلیم میران

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە حەوت ناوخوێنرایەوە بۆ لیژنەی کاروباری دارایی و ئابوری، ئەگەر هیچ تێبینیەک نیە لەسەر ئەو حەوت ناوەی کە خوێنرایەوە، ئەوا ئەیخەینە دەنگدانەوە... کێ لەگەڵە؟ ... سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟... سوپاستان ئەکەین، بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا، فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**٣- لیژنەی کاروباری ناوخۆ، بەڕێزان:**

١-کانەبی عەزیز دزەیی

٢- رەقیب حوسێن مەلا

٣- سەعید عەلی خان عەبدی

٤- محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی

٥- شەفیق ئەمین محەمەد

٦- ئەکرەم عاشور عەودیش

٧- جەمیل عەبدی سندی

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە حەوت ناوخوێنرایەوە بۆ لیژنەی کاروباری ناوخۆ، ئەگەر هیچ تێبینیەک نیە لەسەر ئەو حەوت ناوەی کە خوێنرایەوە، کاک شێخ عەدنان فەرموو.

**بەڕێز شێخ عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشتر من چەند تێبینیەکم بۆ بەڕێزتان نارد لەسەر ئەم بابەتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە وەکو سەرۆکایەتی ناوەکانمان داناوەو ئەوە حەوت ناوخوێنرایەوە بۆ لیژنەی کاروباری ناوخۆ، ئەگەر هیچ تێبینیەک نیە لەسەر ئەو حەوت ناوەی کە خوێنرایەوە، ئەوا ئەیخەینە دەنگدانەوە... کێ لەگەڵە؟ ... سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟... سوپاستان ئەکەین، بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان ئەکەین، سەبارەت بە تێبینیەکەی کاک شێخ عەدنان لە هەڵبژاردنیشا ئەبوایە ئەویشم بگوتبایە، ڕەچاوی ئەوە کراوە کە هەندێ لیژان هەیە کاریان زۆرترە وە ئەو برادەرانەی کە دابەش کراون بەسەر ئەو لیژنانە کە بەڕاستی کاریان زیاتر بوو لەوەی لە لیژنەیەکی هاوتای خۆی بێت، ئێمە بۆ نموونە ناتوانین لیژنەی یاسا کە کاتی خۆشی گوتوومانە، تا پێما بکرێت ئەندامانی لیژنەی یاسا ئەندام نەبن لە لیژنەیەکی تردا بۆ؟ چونکە کارەکانیان زۆرە و لەو لیژنانەش بەهەمان شێوە بۆ نموونە لیژنەی ناوخۆیە لیژنەی دارایی وئابووریە زۆرجار ئێمە ناچارین بروسکەیەک ئەکەین بۆ دهۆک بۆ کاک جەمیل و چەندین جار بانگمان کردووە وپێمان گوتووە وەرە بۆ ئێرەو لیژنەکەت کۆبکەوە، بۆیە هەندێ لە ئەندامان لە هەندی لیژنەکان کە دابەشمان کردوون بەتایبەتی کە هەندێ لەو برادەرانە لە هەندێ لیژنە سەرۆک لیژنە بووە، سەرۆکی لیژنەکان تا پێمان بکرێت نەکەین بە ئەندام لە لیژنەیەکی تردا چونکە کە بوو بە سەرۆکی لیژنە لەو بارەی کە ئێستا ئێمە داوای ئەکەین بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەبێ زیاتر خۆی تەرخان بکات بۆ لیژنەکەی.

بۆیە هەندێ بابەتمان ڕەچاو کردووە بۆ ئاگاداری، فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

**٤- لیژنەی پیشەسازی و کاروباری کشتوکاڵ و ئاودێری و نەخشەکێشان و پەرەپێدان و ئاوەدانکاری، بەڕێزان:**

١- محەمەد ئەمین مەولود
٢- جەعفەر عەلی بەرزنجی
٣- یەحیا محەمەد عەبدول کەریم
٤- نیهاد نورەدین ڕەشید
٥- ئیبراهیم سەعید محەمەد
٦- ئەکرەم عزەت نەجیب
٧- حەمید سەلیم میران

٨- محەمەد سەعید هەروری

٩ـ شمائیل ننو بنیامین

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لیژنەی پیشەسازیە، نۆ کەسن، ئەگەر کەس تێبینی نییە، فەرمووکاک شێخ یەحیا.

**بەڕێز شێخ یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە لیژنەی دارای من لەوێ دانراوم ئەگەر بکرێ لەم لیژنەیە لام بدەن و لە لیژنەیەکی ترم دابنێن جا چ پەروەردە بێ یان مافی مرۆڤ، سوپاستان ئەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی ڕاستی بێت ئێمە جەنابتمان لە لیژنەی مافی مرۆڤ دانابوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆر لەگەڵ برادەرانی لیژنەی دارایی ئیشت کردووە و، لیژنەش پێویستی بە هەندێ پسپۆر و خاوەن ئەزموون هەیە ، جا بۆیە ئێمەش پێشنیارمان کردووە کە لەو لیژنەیەدا بێت، بەڵام پێویستمان بە یەکێکی تر هەیە بۆ ئەم لیژنەیە، فەرموو کاک شێخ عەدنان.

**بەڕێز شێخ عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەکۆبوونەوەکەمان لەگەڵ جەنابی سکرتێر چەند تێبینیەکمان داوە جا نازانم ڕەچاو کرا؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێخ عەدنان ئێمە وەکو سەرۆکایەتی بەپێی مادە(٣٨) پێڕەوی ناوخۆ بۆمان هەیە ناوەکان دەسنیشان کەین و بیخەینە بەرچاوتان، چەند تێبینیەکت بە ئێمە داو ئێمەش ڕەچاوی ئەوەمان کردووە، ئەگەر هەند ناو ئاڵوگۆری تیدا کرابێت دیارە وامان بە باش زانیوە، چونکە ئێمە دەسەڵاتی ئەوەمان هەیە برادەران هەڵبژێرین بۆ ئەو شوێنانەو ئێوەش ئەو مافە بدەن بە ئێمەو کە ئێمە مافی ئەوەمان هەبێت مادەیەکی پەیڕەوی ناوخۆ وەکوخۆی جێبەجێ بکەین، ئەوەی شێخ یەحیا گوتتان لەو لیژنەیە دامان ناوە، باناوەکانی لیژنەی پەروەردە بخوێنینەوە بزانە پێویستی دەکات شێخ یەحیا لەوێ بێت، لیژنەی کاروباری پێشمەرگە پێویستی بە ئەندامی تر هەیە، با شێخ یەحیا بۆ لیژنەی کاروباری پێشمەرگە پێشنیار بکرێت، فەرموو کاک مامەند.

**بەڕێز مامەند محەمەد ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە لیژنەی خزمەتگوزاریەکانم و ئەگەر بکرێت بێمە لیژنەی پیشەسازی یا لە هەردوو لیژنەکەدا بم لاریم نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک مامەند حەز ئەکات لەجیاتی شێخ یەحیا دابنرێت بۆئەو لیژنەیەو ئێمەش خستمانە سەری و

ئەبێ بە نۆ ئەندام و ئەیخەینە دەنگدانەوە... کێ لەگەڵە؟ ... سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟... سوپاستان ئەکەین، بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان ئەکەین، فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**٥- لیژنەی ڕۆشنبیری و پەیوەندییەکان، بەڕێزان:**

١- ئەحمەد سالار عەبدول واحد

٢- د.قاسم محەمەد قاسم

٣- عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە

٤- فەوزیە عزالدین ڕەشید

٥- شمائیل ننو بنیامین

٦- زاهر محەمەد ئیبراهیم

٧- فەرحان عەبدوڵڵا شەرەفانی

٨- ئیبراهیم سەعید محەمەد

٩- د. قەیس دیوالی سەعید

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە نۆ ناوخوێنرایەوە بۆ لیژنەی ڕەوشەنبیری و پەیوەندییەکان، ئەگەر هیچ تێبینیەک نیە لەسەر ئەو ناوانەی کە خوێنرایەوە، ئەیخەینە دەنگدانەوە... کێ لەگەڵە؟ ... سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟... سوپاستان ئەکەین، بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان ئەکەین، فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**٦- لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا، بەڕێزان:**

١- د.ناسیح غەفور ڕەمەزان

٢- عەفان عوسمان نەقشبەندی

٣- ئەکرەم عاشور عەودیش

٤- د.سەلیم عەلی مەلۆ

٥- سەرتیپ محەمەد حوسێن(سیروان کاکەیی)

٦- ڕەجەب شەعبان تەیب

٧- شەفیقە فەقی عەبدوڵڵا

٨- زەهرا حاجی تەها
٩- وریا ئەحمەد دزەیی

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەوە نۆ ناوخوێنرایەوە بۆ لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی بالا، ئەگەر هیچ تێبینیەک نیە لەسەر ئەو ناوانەی که خوێنرانەوە ئەیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو کاک شێخ عەفان.

**بەڕێز شێخ عەفان عوسمان نەقشبەندی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
من پێم باشە لەو لیژنەیە بم بەخشن و لەهەر لیژنەیەکی تردام بنێن پێم باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
فەرموو کاک سیروان.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
منیش پێم باشە لەو لیژنەیە ئیش نەکەم و لە لیژنەی پێشمەرگەم دابنێن،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بۆ لیژنەی پێشمەرگە پێشنیار کراوی، بەڵام بۆ ئەوەی شێخ عەفان بەدیدی من کە بوونی لە پەروەردە گرنگەو پێویستە، بەوەی کە سەرۆکی سەندیکای مامۆستایانەو بەرای من لەسەر ئەو بنەمایە ئێمە دامان ناوە و باشە لەوێ بێت، ئێمە وەکو سەرۆکایەتی جا ئارەزووی خۆی جێگای ڕێزە، فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئێمەش پشتگیری لەوە دەکەین کە پێویستە کاک شێخ عەفان لەشوێنی خۆی بێت،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
لە کاروباری ئەو دوو لیژنەیە ڕازین و هەموو کارەکانی خۆیان بەڕێکوپێکی کردووە و، ئەگەر کەمێک کەموکوڕی هەبێت، ئەویش خەتای ئێوە نیەو خەتای بارودۆخەکەیە، وە هەوڵتان داوە بە پێی تواناو ئەو پێکهاتەش سەرکەوتووەو وە بۆ کاک سیروانیش پێمان باشە لەوێ بێت، فەرموو کاک سیروان.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بەڕاستی من نامەوێ بە درێژی باسی بکەم، من شەخسی خۆم لەو لیژنەیە ماندووبووم، بەڕاستی نەگەیشتووینەتە ئەنجام، بۆیە من حەز ئەکەم برادەرێکی تر دابندرێت بەڵکو سەرکەوتوو ئەبن لەکارەکانیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە جێگای ڕێزلێنانە و ئەمە هەست کردنە بە بەرپرسیاریەتی و بەڵام مەرج نییە مرۆڤ لە خولێک ودووخول دا هەموو گیروگرفتەکان چارەسەر بکات، من پێشبینی هەماهەنگی و بارێکی تر ئەکەم سەبارەت بەو گیروگرفتانەی کە هەیەو، مادەم کارتان کردووەو ماندووبوونە ئەو ئەزموونەتان هەیە ئەو خولەش ببەنە سەرو ئەوە جێگای ڕێزە، خۆشحاڵم کە ئەندامێکی لیژنە ماندوو بووە و بەڕاشکاوی ئەڵێت من ماندووبووم و با برادەرێکی تر بێت، ئەمە تەوازوعە، بەڵام ئەوبرادەرانەی کە بەڕاستی ماندوون و ئەزانن لەم لیژنەیەدا گیروگرفت هەیە، ئەو برادەرانە کە ماندوو بوون هەست بە ئازار ئەکەن، بەڵام ئێمە هەموومان هاوکارتانین و گومان نییە لە ئەنجوومەنی وەزیرانیش بەتایبەتی لێک گەیشتنێکی باشتر هەیەو بارودۆخەکە تەقدیر ئەکرێت و من لەو بڕوایەدام ئەو گیروگرفتانەی کە ئێستا هەتانە سەبر سەبر سارێژ ئەبێت و، ئەگەر لاریت نەبێ ئێمە ئەو «٩»ناوە ئەخەینە دەنگدانەوە، فەرموو کاک سیروان.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سوپاستان ئەکەم و داواتان لێ ئەکەم کە من ببەخشرێم لەم جێگایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە بەسەرچاو، بەڵام برادەرێکی ترمان پێویستە بۆ ئەم لیژنەیە، فەرموو کاک د. ناسح.

**بەڕێز د. ناسح غەفور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من زۆر بە گەرمی داوا لە کاک سیروان ئەکەم ئەو پێشنیارەی خۆی بکێشێتەوە، بەڕاستی یەکێک لە ئەندامە هەرە گرنگەکانی ئەم لیژنەیە کاک سیروان بووەو، من حەز ئەکەم ئەوپێشنیارەی کە بەڕێزتان کردتان کاک سیروان قەبوڵی بکات، چونکە بەڕاستی ئەو لیژنەیە پێویستی بە مرۆڤی کارامەی وەکو کاک سیروان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک د. ناسح، بەڵام ئەوە جێ هێشتراوە بۆ کاک سیروان، فەرموو کاک سیروان.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ڕێزم بۆ کاک د. ناسح بەڵام بەڕاستی داوا ئەکەم ببەخشرێم لەم لیژنەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش پشتگیری لەوە ناکەین و با داواکەی بخاتە دەنگدان،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەوە ویستی خۆیەتی و مەسەلە دەنگدان نییە ئەگەرخۆی ویستی نەبێ زۆری لێ ناکەین، بەڵام پێویستمان بە برادەرێکی تر هەیە لەمەیدانی پەروەردە دا مامۆستا زاهیر لێرەیە، ناوی جەنابتمان بە یەدەگ دانا بوو، ئەو «٩»ناوەی کە خوێندرایەوە جارێکی تر سوپاسی کاک سیروان ئەکەین بۆ ئەو هەڵوێستەی، بەڵام لەوانەیە وازی لێ نەهێنین ئێستا ئەو«٩» ناوەی کە خوێندرایەوە ئەیخەینە دەنگدانەوە واتە کاک زاهیر لە جیاتی کاک سیروان پێشنیار دەکەین... کێ لەگەڵە؟ ... سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟... سوپاستان ئەکەین، بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان ئەکەین، فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**٧- لیژنەی خزمەتگوزاری گشتی و تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی، بەڕێزان:**

١- شەفیق ئەمین محەمەد

٢- مەلا هادی خضر

٣- سەرتیپ محەمەد حوسێن(سیروان کاکەیی)

٤-محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی

٥- د. قەیس دیوالی سەعید

٦- ئەحمەد عەلی عومەر

٧- مامەند محەمەد ئەمین

٨- حوسێن عەلی کەمال

٩- سەلام کەریم خان

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سیروان لەم لیژنەیە زیاد ئەکەین ئەگەر لاری نەبێ لەلیژنەی خزمەتگوزاری گشتی، وەختی خۆی ئێمە ناوی جەنابتمان نووسی، بەڵام کە پێشنیار کرا بۆ پێشمەرگە ئێمە ناوی تۆمان خستە لیژنەی کاروباری پێشمەرگە، ئێستا ئەگەر لاریت نەبێ لەم لیژنەیە، لە لیژنەی خزمەتگوزاری گشتیی و تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی بێ، بەڕاستی لیژنەیەکی گرنگە و ئێمە هیوایێکی زۆر گەورەمان خستۆتە سەرئەم پێکهاتەیە چونکە ئێوە ئەزانن بارودۆخی نەخۆشخانەکان ئێستاچۆنە دەرمانی ئێکس پایەر و کۆمەڵێکی زۆر گرفتیان هەیە، حەز ئەکەین ئەم لیژنەیەش

لیژنەیەکی کاریگەر و چالاک بێت، ئینجا ئەگەر لاری نەبێت کاک سیروان زیاد ئەکەین، فەرموو کاک سیروان.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاسی جەنابتان ئەکەم، من ئەگەر دەرفەت هەبێ تەنها لە لیژنەی کاروباری پیشمەرگە ئیش بکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە سوپاس، فەرموو کاک سەعید.

**بەڕێز محەمەد سەعید یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پسپۆری من لەگەڵ ئەم لیژنەیە ناگونجێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک سەعید، بەڵام لام وایە هیچ دکتۆرێکمان نییە لەناو پەرلەمان بەداخەوە لایەنە یاساییەکەمان وشارەزای جەنابتان لەهەولێر بەتایبەتی ڕەچاو کراوە، ئەمە یەک دوو لایەنی ترمان هەیە تەنها تەندروستی و پسپۆریان بۆ نمونە لایەنی کۆمەلایەتیە و کەسیش لەوە گومانی نییە جەنابت یەک لە ڕووەکانی شاری هەولێری ۆ ئەوە زۆر کاری گەرییە، ئەم لیژنەیە دوولایەنە لایەنی کۆمەلایەتیەکەو لایەنی یاسایەکەش، بۆیە لەسەر ئەو بنەمایە بوو بەهەر حاڵ ئەیخەینە دەنگدانەوە... کێ لەگەڵە ... سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نییە... سوپاستان ئەکەین، بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان ئەکەین، فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن**

**٨- لیژنەی مافەکانی مرۆڤ وسکالاکان، بەڕێزان:**

١- عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە
٢- ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی
٣- شمائیل ننو بنیامین
٤- د.قاسم محەمەد قاسم
٥- ڕەجەب شەعبان تەیب
٦- فەوزیە عزالدین ڕەشید
٧- محەمەد ئەمین مەولود

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک شمائیل.

**بەڕێز شمائیل ننو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە سێ لیژنەدام، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام با بزانین لەکام وکام لیژنە دایت.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باشە ئەوە لێرە لامان دا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەوە لاماندای.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**٨- لیژنەی مافەکانی مرۆڤ وسکالاکان:**

١- عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە

٢- ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی

٣- د.قاسم محەمەد قاسم

٤- رەجەب شەعبان تەیب

٥- فەوزیە عزالدین رەشید

٦- محەمەد ئەمین مەولود

٧ـ حوسێن عەلی کەمال

٨ـ سەفەر محەمەد حەسەن

٩ـ یەحیا محەمەد عەبدولکەریم

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئەو «٩» ناوەن، فەرموو کاک د. قاسم.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەز ئەکەم لەو لیژنەیە بم بەخشن، زۆر سوپاستان ئەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەتەوێ لەم لیژنەیەدا نەبیت؟باشە جەنابتان وکاک شمائیل لابران لەسەر ئەو بنەمایەی ناوتان لەدوو لیژنەی تردا هەیە. کەواتە ئەم لیژنەیە بوو بە حەوت ئەندام، کاک شمائیل فەرموو.

**بەڕێز شمائیل ننو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەز ئەکەم زیاتر لەو لیژنەیەدابم لەجیاتی لیژنەی پیشەسازی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە دەنگ دانمان لەسەر کرد، پێویست بوو پێشتر قسەت بکردبایە،هەوڵ بدەن لەداهاتوودا، یان لە دانیشتنێکی تردا پێشنیارێک پێشکەش بکەن و، ئێمەش لەبەر چاوی دەگرین، فەرموو کاک ئەمین.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ناوم لەو لیژنەیەدا بوو لاریم نییە، ئەگەر هەر لەو لیژنەیەدا بمێنمەوە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەندێ ئاڵوگۆڕمان کرد لەسەر ئەو تێبینیانەی کە بۆمان هاتبوون دواتر پێدا چووینەوە، ئەم لیژنەیە ئەبن بە هەشت کەس و ئەبێ یەکێکی تریش دا بنێین، حەز ئەکەن ئەمە با جێگیرکەین جارێ پاشان زیادەی ئەخەینە سەر، فەرموو زەهرا خان.

**بەڕێز زەهرا حاجی تەها:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەزئەکەم بێمە ئەو لیژنەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە جەنابتان و کاک ئەمین مەولود زیاد دەکەینە سەر ئەم لیژنەیە، لەڕاستیدا ئەم لیژنەیە گرنگی خۆی هەیە، تاکو(١١)ئەندام، دوو ئەندامی تریشمان پێویستە ئەوەی کاک شمایل دواتر چارەمان کرد، برادەرێکی تریش دەسنیشان دەکەین تاکو ببن بە (١١)چونکە لیژنەیەکی فراوانەو چالاکیشی زۆرە، ئەگەر هیچ تیبینەیەک نیە دەیخەینە دەنگ دانەوە، فەرموو کاک ئازاد.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادام کاک سیروان لەو لیژنانە ماندوو بووە پێشنیار ئەکەم کاک سیروان لە لیژنەی مافی مرۆڤ و سکالا دابنرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر پێی خۆش بێ دایدەنێین، فەرموو کاک سیروان.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر دەکرێ داوای لێبوردن دەکەم وسوپاسی کاک ئازاد دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەیخەینە دەنگدانەوە؟... کێ لەگەڵە؟ ... سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟... سوپاستان ئەکەین، بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا، لەگەڵ لەبەرچاو گرتنی داواکەی کاک شمائیل، سوپاستان ئەکەین، فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**٩- لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی، بەڕێزان:**

١- مەلا مەحمود فەندی دیرشەوی

٢- مەلا موحسین خالد موفتی

٣- مەلا تەها محەمەد

٤- مەلا تاهیر زینەل عابدین

٥- مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی

٦- مەلا هادی خضر

٧- جەوهەر ئەحمەد شاواز

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەندامان هەر هەموویان تایبەت مەندن لە کارەکانیان، تەنهاماموستا مەلا هادی زیاد کراوە، ئەویش لەبەر شارەزایی وگرنگ دانی لەم بارەیەوە، ئەگەر هیچ تێبینیەک نییە ئەیخەینە دەنگ دانەوە، فەرموو ماموستا.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە لیژنەی کارگوزاری «٧»ئەندام دانراوە، چونکە ئیشوکاری زۆرە لەبەر ئەوە من تەفەرغ بکەم بۆ لیژنەی خزمەت گوزاری باشترە، هەروەها پێشنیاریش دەکەم ئەم لیژنەیە فراوان تریش بکرێ، چونکە ئیش وکاری زۆرە، هەر بۆیە پێشنیار دەکەم کاک ڕەجەب شەعبان لەو لیژنەیە زیاد بکرێ، چونکە ئەویش لەناوچەی بادینانە حەز دەکەم ئەویش لەگەڵمانبێت.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

ئێـمـەلەسـەر ئەم لیـژنەیە دەنگدانمان كـرد بەئومـێدی خـوا لە داهاتوودا، ئەگـەر پێـویست بوو گۆڕانكاری دەكرێت، دەبێ لیـژنەی ئەوقـاف و كـاروبـاری ئیسـلامی لە«٧» ئەندام كەمتـر نەبن، لەسـەرۆكـایەتی ئەو «٧» ناوەمـان بەباش زانی و، ئەو«٧» ناوەی خـوێندرایەوە ئەیخـەینە دەنگدانەوە... كێ لەگـەڵە؟ ... سوپاسـتـان ئەكـەین، كێ لەگـەڵ نییـە؟... سـوپاسـتـان ئەكـەین، بەتێكرای دەنگ پەسەند كرا، فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سكرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

**١٠- لیژنەی كاروباری پێشمەرگە، بەڕێزان:**

١- ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی

٢- موحسین صالح عەبدولعەزیز

٣- ئەكبەر حەیدەر موسا

٤- جەعفەر عەلی بەرزنجی

٥- یار ئەحمەد ئەفراسیاب

٦- یوسف جەمیل خورشید میران

٧- د. ناسح غەفور رەمەزان

٨- سەرتیپ محەمەد كاكەیی

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

كەواتە هەشت ئەندامن، ئەندامێكی ترمان پێویستە بۆ ئەم لیـژنەیە، ئەگەر لەو برادەرانە بێ كە لەیەك لیـژنەدان باشتـرە، ئەگەر مـامۆستـا مـەلا مـەحـمـوود لاری نەبێ زیادی دەكـەینە سـەر ئەو لیژنەیە، لاریت نییە؟ بەڵێ باشە كەواتەمامۆستا مەلا مەحموود دێرشەوی بۆ لیژنەی كاروباری پێشمەرگە زیاد دەكەین، و ئەیخەینە دەنگدانەوە؟... كێ لەگـەڵە؟ ... سوپاسـتـان ئەكـەین، كێ لەگەڵ نییە؟... سوپاستان ئەكەین، بەتێكرای دەنگ پەسەند كرا.

زۆر سـوپاسی ئێـوەی بەڕێز دەكـەین بەتایبـەتی ئەندامـانی لیـژنەكـان كـە ئەو پێـشنیـارانەی سەرۆكایەتی و تێبینی فراكسیۆنیان پەسەند كرد، كە زۆربەی زۆری لێرەدا ڕەچاوكرا، لەڕاستیدا ئێمە پێشتر لەگەڵ فراكسیۆندا باسی ئەو ناوانەمان كردوە، داخوازی ئێمە لەبرادەرانی لیژنەكان ئەوەیە ئەگـەر بتـوانن هەرچی زووە كـۆببنەوە ئەگـەر ئەمـڕۆ بێت باشـتـرە بۆ ئەوەی دەسـتـەی سـەرۆكـایەتی لیـژنەكـانیـان هەڵبـژێرن و بۆمـانی بەرز بكەنەوە تاكـو ئەوەی پێـویست بێ بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ لەم بوارەدا ئەنجامی بدەین.

دیسان دووپاتی دەکەمەوە کە ئەندامیەتی لیژنە مەرجێکی سەرەکیە کە ئامادەبوونی بەردەوامی هەبێ، ئێمەش لەگەڵیان دا چاودێری ئیش وکارەکانیان دەکەین.
دێینە سەر خاڵی دووەم و دەستی پێدەکەین، تێبینیەک بۆ برادەران ئەندامانی پەرلەمان تکایان لێ دەکەین لەمەودوا ئەگەر بە موئەقەت لە قاعە دەردەچن، یان بەیەکجاری دەردەچن ئاگادارمان بکەنەوە، چونکە ئێوە دەزانن دانیشتنەکان پێویستییان بە تەواو بوونی (نیصاب) هەیە .
خاڵی دوو وەکو گوتمان خوێندنەوەیەکی سەرەتایی پرۆژەی یاسای هەموارکردنی یاسای وەزارەتی رۆژشنبیری ژمارە ١١/ی ساڵی ١٩٩٢، ئەویش بەپێی مادده ٧١ برگە ٢، ئەبێت یەکەمجار لێرە بخوێنرێتەوە پاشان بنرێدرێت بۆ لیژنە پەیوەندیدارەکان، ئێستا جەنابی سکرتێر پرۆژەکە دەخوێنێتەوە پاشان دەدرێتە لیژنەکان.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**قرار**

**استنادا الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ما عرضه وزير الثقافة ووافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / / ١٩٩٨ اصدار القانون الآتي:**

**قانون رقم ( ) لسنة ١٩٩٨**

**قانون التعديل الاول لقانون وزارة الثقافة لاقليم كوردستان العراق رقم (١١) لسنة ١٩٩٢**

**المادة الأولى:**

**تعدل الفقرة الثانية في المادة السادسة وتقرأ على الوجه الآتي:**

**(للوزير استحداث و دمج و الغاء وفك ارتباط مديريات و اقسام و شعب جديدة عند الإقتضاء).**

**المادة الثانية:**

**على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.**

**المادة الثالثة:**

**ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.**

**جوهر نامق سالم**

**رئيس المجلس الوطني لكردستان العراق**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم بڕگەکە روونە ئەو ماددەش کە هەموارکراوە لە (مجموعە القوانین و القرارات) تەماشای بکەن، بۆیە کێ لەگەڵ ئەمەیە ئەم پڕۆژەیە بنێرین بۆ لیژنە پەیوەندیدارەکان؟... سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

خاڵی سێی بەرنامەی ئەمڕۆمان خوێندنەوەیەکی سەرەتایی پڕۆژەی یاسای خانەنیشن کردنی وەزیرە لە هەرێمی کوردستاندا دەخوێنرێتەوە کە وەکو پڕۆژەیەک لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە ئەوەیش وەکو خوێندنەوەیەکی سەرەتایی پاشان ئەگەر ڕەزامەندی لەسەر بکەن، دەنێردرێت بۆ لیژنە پەیوەندیدارەکان، فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**رقم القرار:**

**تاريخ القرار:**

**(قرار)**

**استناداً الى احكام الفقرة(١) من المادة(٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢وبناءً على ما اقترحه مجلس الوزراء ووافق عليه قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / / ١٩٩٨اصدار القانون الاتي.**

**قانون رقم ( )لسنة ١٩٩٨**

**قانون تقاعد الوزراء لاقليم كوردستان**

**المادة الاولى:**

**يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة أزاءها لاغراض هذا القانون**

**الاقليم: إقليم كوردستان العراق**

**المجلس: مجلس وزراء إقليم كوردستان العراق**

**أعضاء المجلس: أعضاء مجلس وزراء أقليم كوردستان العراق وهم رئيس مجلس الوزراء و نوابه والوزراء.**

**الراتب: الراتب الاسمي الذي يتقاضاه أعضاء المجلس المستمرين في الخدمة.**

**المخصصات: المخصصات التي يتقاضاه أعضاء المجلس المستمرين في الخدمة (كالسكن والضيافة و الحماية).**

الراتب التقاعدي: الراتب الذي يستحقه عضو المجلس حال إنتهاء خدمته لأي سبب أو بسبب إعفائه أو إحالته على التقاعد أو الوفاة.

المادة الثانية:

أ ـ يستحق عضو المجلس عند إنتهاء عضويته بأي سبب كان راتباً تقاعدياً شهرياً ومخصصات مقدارها ٧٥٪ من الراتب والمخصصات التي يتقاضاه امثاله من أعضاء المجلس الموجودين في الخدمة.

ب ـ يدفع لعضو المجلس عند إنتهاء خدمته مكافئة تعادل رواتبه لستة أشهر و يؤخذ راتبه الاخير أساساً لذلك ولمرة واحدة مهما تعدد استيزاره.

جـ ـ يعين لكل وزير متقاعد حال حياته حارسين لأجل الحماية يختارهما بنفسه ويعاملان من الناحية القانونية معاملة أفراد قوى الامن الداخلي الموجودين في الخدمة من حيث الرواتب و المخصصات والحقوق التقاعدية.

المادة الثالثة:

أ ـ يتم إيقاف صرف الراتب والمخصصات التقاعدية عن الوزير المتقاعد عند إستيزاره مجدداً و يصرف له الراتب الذي يستحقه.

ب ـ إذا عين الوزير المتقاعد في وظيفة عامة وكانت راتب ومخصصات الوظيفة الجديدة أقل مما يستحقه فيصرف له بما يعادل الراتب التقاعدي و المخصصات.

المادة الرابعة:

يستقطع من راتب عضو المجلس المتقاعد شهرياً الحصة التقاعدية بنسبة ١٠٪و المتراكم بذمته يستحصل منه دفعة واحدة أو بأقساط تتناسب والمبالغ المتراكمة.

المادة الخامسة:

في حالة وفاة الوزير المتقاعد يستحق الورثة الراتب التقاعدي وفق أحكام قانون التقاعد المدني.

المادة السادسة:

يحرم الوزير المتقاعد(أو الخلف) من جميع الحقوق المنصوص عليها في هذا القانون في حالة الحكم عليه في جناية او جنحة مخلة بالشرف أو الحكم عليه بالسجن المؤبد أو المؤقت أو بالاعدام في أحدى الجرائم الماسة بألامن الداخلي و الخارجي لحكومة اقليم كوردستان.

المادة السابعة:

تسري على عضو المجلس أحكام قانون التقاعد المدني رقم ٣٣ لسنة ١٩٦٦ المعدل فيما لم يرد نص في هذا القانون.

المادة الثامنة:

لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون.

المادة التاسعة:

على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القانون.

المادة العاشرة:

ينفذ هذا القانون بأثر رجعي إعتباراً من ١٩٩٢/٧/٤ وينشر في الجريدة الرسمية.

جوهر نامق سالم

رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەم پرۆژەیە بنێرین بۆ لیژنە پەیوەندیدارەکان؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

لێرەدا دانیشتنی ئەمڕۆمان تەواو دەبێت، بۆ دانیشتنی ئاییندە بەپێی ئوسوڵ ئاگادار دەکرێنەوە، زۆر سوپاستان دەکەین بۆ ئامادەبوونی ئەمڕۆتان.

فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا

سکرتێری ئەنجوومەن

جوهر نامق سالم

سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی

کوردستانی عێراق

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەل**

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ١٥**

**ڕۆژی بڕیار: ١٩٩٨/٩/١٠**

## بڕیار

پشت بەمادده(٣٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو، ئەنجوومەن لەدانیشتنی خۆیدا ڕۆژی ١٩٩٨/٩/٩ بڕیاری ئەمانەی خوارەوەی دا:

**یەکەم ـ** پێک هێنانی لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجوومەن بەم جۆرەی خوارەوە:

**١- لیژنەی کاروباری یاسا:**

١- محەمەد حەسەن باڵەتە
٢- شێروان ناسیح حەیدەری
٣- حوسێن عەلی کەمال
٤- سەفەر محەمەد حوسێن
٥- ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی
٦- مەلا تاهیر زەینەلعابدین
٧-بورهان عەلی جاف

**٢- لیژنەی کاروباری دارایی و ئابووری:**

١- جەمیل عەبدی سندی
٢- پەتروس سەخریا هورمز
٣- یەحیا محەمەد عەبدولکەریم
٤- محەمەد حەسەن باڵەتە
٥- شەفیقە فەقی عەبدوڵڵا

٦- بورهان عەلی جاف
٧- حەمید سەلیم میران

**٣- لیژنەی کاروباری ناوخۆ:**

١- کانەبی عەزیز دزەیی
٢- رەقیب حوسێن مەلا
٣- سەعید عەلی خان عەبدی
٤- محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی
٥- شەفیق ئەمین محەمەد
٦- ئەکرەم عاشور عەودیش
٧- جەمیل عەبدی سندی

**٤- لیژنەی پیشەسازی و کاروباری کشتوکاڵ و ئاودێری و نەخشەکێشان و پەرەپێدان و ئاوەدانکاری:**

١- محەمەد ئەمین مەولود
٢- یوسف جەمیل خورشید میران
٣- مەمەند محەمەد ئەمین بابەکر
٤- نیهاد نورەدین رەشید
٥- ئیبراهیم سەعید محەمەد
٦- ئەکرەم عزەت نەجیب
٧- حەمید سەلیم میران
٨- محەمەد سەعید هەروری
٩- شمائیل ننو بنیامین

**٥- لیژنەی رۆشنبیری و پەیوەندییەکان:**

١- ئەحمەد سالار عەبدولواحید
٢- د.قاسم محەمەد قاسم
٣- عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە
٤- فەوزیە عیزەدین رەشید
٥- شمائیل ننو بنیامین
٦- زاهیر محەمەد ئیبراهیم
٧- فەرحان عەبدوڵلا شەرەفانی
٨- ئیبراهیم سەعید محەمەد
٩- د.قەیس دیوالی سەعید

**٦- لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا:**

١- د.ناسیح غەفور رەمەزان
٢- عەفان عوسمان نەقشبەندی

٣- ئەکرەم عاشور عەودیش
٤- د.سەلیم عەلی مەلۆ
٥- زاهیر محەمەد ئیبراهیم
٦- رەجەب شەعبان تەیب
٧- شەفیقە فەقێ عەبدوڵڵا
٨- زەهرا حاجی تەها
٩- وریا ئەحمەد دزەیی

## ٧- لیژنەی خزمەتگوزاری گشتی و تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی:

١- شەفیق ئەمین محەمەد
٢- مەلا هادی خدر کوێخا
٣-محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی
٤- د. قەیس دیوالی سەعید
٥- ئەحمەد عەلی عومەر
٦- مەمەند محەمەد ئەمین بابەکر
٧- سەلام کەریم خان مەحمود

## ٨- لیژنەی مافەکانی مرۆڤ وسکالاکان:

١- عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە
٢- ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی
٣- محەمەد ئەمین مەولود
٤- زەهرا حاجی تەها
٥- رەجەب شەعبان تەیب
٦- فەوزیە عیزەدین رەشید
٧- حوسێن عەلی کەمال
٨- سەفەر محەمەد حوسێن
٩- یەحیا محەمەد عەبدولکەریم

## ٩- لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی:

١- مەلا مەحمود فەندی دێرشەوی
٢- مەلا موحسین خالد موفتی
٣- مەلا تەها محەمەد تەها
٤- مەلا تاهیر زەینەلعابدین
٥- مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی
٦- مەلا هادی خدر کوێخا
٧- جەوهەر ئەحمەد شاواز

**١٠- لیژنەی کاروباری پێشمەرگە:**

١- ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی
٢- موحسین ساڵح عەبدولعەزیز
٣- ئەکبەر حەیدەر موسا
٤- جەعفەر عەلی بەرزنجی
٥- یار ئەحمەد ئەفراسیاب
٦- یوسف جەمیل خورشید میران
٧- د.ناسیح غەفور رەمەزان
٨- سەرتیپ محەمەد حوسێن(سیروان کاکەیی)
٩- مەلا مەحمود فەندی دێرشەوی

**دووەم** ـــــ ئەو لیژنانە دەبێ سەرۆک و جێگری سەرۆک و بڕیاردەرێک لەنێوان ئەندامەکانیاندا بۆ خۆیان هەڵبژێرن، پشت بە برگە(٣) لەماددە(٣٩)ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەن، ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو.

**سێیەم -** ئەم بڕیارە لە مێژووی بڕیار لەسەردانییەوە کاری پێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاودەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٢)

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢)

دووەمین دانیشتنی، خولی دووەمی ساڵی ١٩٩٨ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بڕیار وابوو ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٩/٢٢ ببەسترێت، بەڵام لەبەر تەواو نەبوونی ژمارەی یاسایی ئەندامانی ئەنجوومەن، واتا لەبەر پڕ نەبوونەوەی ڕادەی «نصاب»ی یاسایی دانیشتنەکە نەبەسترا.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٣)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٩/٢٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٩/٢٣

***کاتژمێر (١١)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٩/٢٣ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی سکرتێری ئەنجوومەن، بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا، دانیشتنی ژمارە(٣)ی خولی ئاسایی دووەمی، سالی (١٩٩٨)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- گفتوگۆ کردن لەسەر پێکهاتنەکەی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و یەکێتی نیشتمانیی کوردستاندا.***

***٢- یەکەم خوێندنەوەی پرۆژەی سێیەم هەموارکردنی سالی ١٩٩٨ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی سالی ١٩٩٢ی هەموار کراو.***

***٣- یەکەم خوێندنەوەی پرۆژەی یاسای دەرماڵەی ناردنی (شاند) وسەفەرکردنی کارمەندان لەناو هەرێمدا.***

***٤- بەرچاوخستن و گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە(١١)ی سالی ١٩٩٢.***

***٥- بەرچاوخستن وگفتوگۆکردن لەسەر یاسای خانەنشین کردنی بەڕێزان ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.***

***٦- گفتوگۆ کردن لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی بالا دەربارەی ڕەوشی پەروەردە لە ناو هەرێمدا.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێدەکات، دانیشتنی ژمارە(٣)ی ١٩٩٨/٩/٢٣. بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان (٦) خالە: بەخالی یەکەم دەست پێ دەکەین. کەگفتوگۆ کردنە لەسەر پێکهاتنەوەکەی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کە لە(١٧)ی ئەم مانگەدا لەواشنتۆن ئیمزا کرا. ئێستا دەمانەوێ چەند ڕوونکردنەوەیەک لەسەر ئەو ڕێککەوتنە(ئیتفاقە) باس بکەین، پاشان ئەگەر ئەندامان

ویستیان قسه لەسەر ئەو ڕێککەوتنە بکەن، دەرگای گفتوگۆ کردن ئەکەینەوە.

**بەڕێزان:**

هەموو لایەکتان ئاگادارن کە ماوەیەکی دوورودرێژە ئێمە لەکوردستانی عێراقدا تووشی شەڕێکی ناوخۆ هاتوین، کە لەساڵی (١٩٩٤)دا دەستی پێکرد، هەر لەسەرەتاوە هەتاکو گەیشتن بەم ڕێککەوتنە زۆر لەلایەنە سیاسیەکانی کوردستان و عێراق و، ڕێکخراو و دام ودەزگاکانی هەرێم و کەسایەتیە نیشتمان پەروەرەکان وریش سپی و دۆستانی کورد لە دەرەوە و لە ناوەوە ئەرکێکی زۆریان کێشاوە بۆ ئەوەی هەوڵ بدرێت ئەم قەیرانە بەشێوەیەکی وا چارەسەر بکرێت کە چی تر خوێنی کورد بەفیرۆ نەروا.

پەرلەمانی کوردستان یەکێک بوو لەو دەزگایانە کە هەر لەسەرەتاوە وەکو بەڕێزان ئاگادارن ڕوڵێکی بەرچاوی هەبوو، چ بەداکۆکی کردن لەسەر ئەوەی کە نابێت گیروگرفتەکانی ناوخۆ بەزەبرو زۆرداری چارەسەر بکرێن، چونکە ئەم پەرلەمانە کە لەساڵی(١٩٩٢)وە هەڵبژێردراوە نوێنەرایەتی ئیرادەی خەڵکی کوردستان دەکات و، ئەو جێگایەکە دەبێ لێرە گیروگرفتەکان باسیان بکرێ و چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، ڕوڵی ئێوەی بەڕێز بۆ ئاسایی کردنەوەی خولی یەکەم و هەڵوێستی پەرلەمان لە ١٩٩٤/٧/٢٥ و تەرخان کردنی ئەم باڵەخانەیە بۆ مەرکەزێکی هێورکردنەوەی دوو خولی(جەولەی) شەڕ و، ئەو لیژنانەی کە لە ئەندامانی پەرلەمان دروست بوون بۆ خاوکردن و، یاخود بۆ هێور کردنەوە و دڵنیایی لە بەرەکانی جەنگ و، لە هەمووی گرنگ تریش پەناگیری زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان زیاتر لە «١٠٠» ڕۆژی خایاند لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەبێت ئەو شەڕە رابگیرێت و گیروگرفتەکان بەشێوەی گفتوگۆ چارەسەر بکرێن و، شەرعیەت دەوری خۆی ببینێت وابزانم لای هەموو لایەکمان ولای خەڵکی کوردستان ودۆستانیش روونە، چونکە بەڕێزان ئێمە لەو بڕوایەداین کە بەبێ ئاشتی نە دیموکراتیەت زامن ئەبێت و، نە ئازادیەکان دەچەسپێن و، نە ئەم دەستکەوتەش پارێزراو دەبێت، یان پێش دەکەوێت، ئەم دەستکەوتەش پەرلەمانی کوردستان وحکومەتی هەرێمی کوردستانە لەگەڵ ئەو سەروەریانەی کە لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا ودەستمان هێناون، بۆیە هیچ کاتێک شەڕ لە بەرژەوەندی ئەم ئەزموونەو لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان نەبووە ونییە، خۆش بەختانە ئەم ڕێککەوتنە کە لەواشنتۆن لەرۆژی (١٧)ی ئەم مانگە ئیمزا کراوە زۆر بەراشکاوی ئاماژەی بەم بابەتە کردووە ودەڵێت هەر دوو لا شەڕ تاوانبار دەکەن (يدين الحزبين الإقتتال ويتعهدان بالإمتناع عن اللجوء الى العنف لتسوية الخلافات) ولەوەوە زیاتریش تەئکید ئەکا هەر سەرپێچی کردنێکی لە ئاگر بەست، یاخود شکاندنی ئەو پەیانە، ئەوەی دەیکا ئەبێ بدرێ بەدادگا(اياً كانت إنتمائهم ودوافعهم) ئەمە لە ڕاستیدا خاڵێکی یەکجار گرنگە لە بەڵگەنامەیەکی ئەوهادا جێگیر بکرێت، بەڕێزان: ئێمەی کورد ساڵەهای ساڵە خەبات دەکەین بۆ واقعێکی وەکو ئەمڕۆخوێنێکی زۆرمان بۆ داوە قوربانییەکی زۆرمان بۆ کردووە وهەر لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلولی مەزنەوە تا سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە لە(١١)ی ئازاردا

بەرابەرایەتی بارزانی نەمر راپەڕین و هەڵبژاردن ودامەزراندنی پەرلەمان وحکومەتی هەرێم و جاڕدانی فیدراڵیەت، واقیعی ئەم قەوارەیەی ئەمڕۆی ئێمەیە، بۆیە هەر پێک هاتنێک کە ببێتە مایەی مانەوە و بەرەو پێشەوە بردنی ئەم کیانە سەروەرییە، خۆش بەختانە لەم پێکهاتنەدا کە لە واشنتۆن ئیمزا کراوە ئەو راستییە زۆر بەراشکاوی جێگیر کراوە ولە چەندەها برگە ئەم راستییە دیارەو، بۆ چەسپاندن و بەرەو پێشەوە بردنی پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ نادیارییەکی تێدا نییە، بۆیە جێگای نرخاندنە، ئێمە لەپەرلەمانی کوردستان بەچاوی رێزەوە ئەم پێک هاتنە بنرخێنین، چونکە ئەمە دەسکەوتی خەڵکی ئێمەیە.

(PKK) وەکو ئامرازێک دوژمنانی گەلی کورد بەکاری دێنن دژ بەم ئەزموونە، لەقۆناغە جیاجیاکانی ئەم دەستکەوت و ئەم سەرکەوتنە درێغی نەکردووە هەر لەرۆژی یەکەمەوە(PKK) دوژمنایەتی خۆی بۆ ئەم کیانە راگەیاندووە و، زۆر لەبەرێزان ئاگادارن ئێمە لە هاوینی ساڵی ١٩٩٢ تازە ئەم ئەزموونە لەدایک ببوو، بانگهێشتی هەموو لایەنە سیاسییە کوردستانی و عێراقیەکانمان کرد و، کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان لە هۆڵی پەناگیری ئێستا کرا، بەسەر پەرشتی بەرێزان جەنابی کاک مەسعود و جەنابی مام جەلال و سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم، بۆ ئەوەی باسی ئەوە بکەین چۆن بتوانین قەناعەت بە(PKK) بکەین کە دوژمنایەتی ئەم کیانە بە لاوە نێن، رۆژێکی تەواو هەموو لایەنە سیاسیەکان جگە لە (PKK) کە ئامادە نەبوو، گفتوگۆی ئەوە کرا کە دەبێت (PKK)دەست لە دوژمنایەتی ئەم کیانە هەڵگرێت و بریار درا وەفدێک لە لایەنە سیاسیەکانی کوردستان پێک بێت و بروات بۆ لای ئۆجەلان، رۆیشتن و وەلامەکەی ئەوەندە رەق و نانیشتمان پەروەرانە بوو، ئەوەندە هەست نەکردن بوو بە بەرپرسیتی، نەکرا چی تر بەردەوام بێ، لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی هاوبەشی ئەو دەمەی پارتی و یەکێتی بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ خەڵکیان نارد بۆ ئەوەی جارێکی تر لەگەڵ کاربەدەستان دا باس بکرێت کەواز لەو روڵە بێنن کە دژ بەم ئەزموونە دەیگێڕن، بێ سوود و ئەنجامی راگەیاندنی ئەو شەڕە بوو کە لە پاییزو زستانی ساڵی ١٩٩٢ دەستی پێکرد کە تەنها حزبی کوردستانی بۆ تەنها لایەنێک بوو کە بەرەسمی شەڕی جاڕدا دژ بەم قەوارەیە، (PKK) بەوەش رانەوەستا زۆری پێ نەچوو بەناوی پەرلەمانێکی دەرەوەی وڵات دەزگایەک، یاخود دەستەیەکی کارتۆنی دروست کرد ئامانجی راستی لەوە شێواندنی سیما و ناوبانگی ئەزموونەکەمان بوو، بەوەش نەوەستان هەوڵ و کۆششێکی تەواویان دا بۆ ئەوەی حکومەتێک بەناوی حکومەتی (زاب) دروست بکەن بۆ ژاوەژاو(تشویش) خستنە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەموو دامودەزگاکانی خۆی (عەسکەری، سیاسی، رێکخستن، رۆشنبیری) لەو رۆژەوە ئەم کیانە دروست بووە هەتا ئەم چرکەیە تەرخان کردووە بۆ دوژمنایەتی کردنی ئەم کیانە بۆ دوژمنایەتی کردنی ئەو ئەزموونەی کە ئێستاکە لەکوردستانی عێراق دامەزراوە، کە هەموو کوردێکی دڵسوز هەموو دۆستانی کورد لە دەرەوەی کوردستانیش پشتگیری لێ ئەکەن هەتاکو دوژمنە دیارەکانی کورد راستەوخۆ

دوژمنایەتی خۆیان بۆ ئەم کیانەیان رانەگەیاندوە، لە کام ئەزموونی ولاتێک پەرلەمانی دەرەوەی ولات بینراوە، لە کوێ و کەی خەلک دابمەزرێنینلەلایەن حزبێک و ناوی لێ بنێین پەرلەمان، بۆ هاوولاتییەکی ئەوروپی زۆر گرنگ نییەهەلبژاردنی کوردستانی عێراق، یان پەرلەمانی دەرەوەی ولات ئەو ئەزانێت کورد هەیە و پەرلەمانی هەیە، (PKK) بریکاری ئەوانەو لەجیاتی ئەوان ئەم شەرەمان پێ ئەکا نەک جارێک، بەلکو چەند جارە و هەتا ئەم چرکەیەش لەدوژمنکاری خۆی رانەوەستاوە، سەیر لەوەیە هەرکاتێک ئەم ئەزموونە و تەبایی و دۆستایەتی بەرەو پێشەوە بروات (PKK) ئاگرەکە خۆش تر دەکات و، زۆر جار خۆی ئەکات بەریش سپی و ئامۆژگاری لایەنەکانی تر دەکات کە شەرەکە توندە و گلەیی لە هەر دوولا ئەکات بەتایبەتی کە لە بەرژەوەندی کورد نییە، بەلام کە دان وستان وهەولدان بۆ نزیک بوونەوەی هەر دوولا گەیشتۆتە ئاقارێکی بەرەو پێشەوە چوون (PKK) ئاگرەکەی خۆش تر کردووە بەقەوانێکی تر لێ داوە ئەگەر بەرێزان تەماشای (مەد TV)ی بکەن لەم ماوەیە دەبینن چ رولێکی ناجوامێرانەو دوژمنکارانەی هەیە.

(مەد TV) تەرخان کراوە وەکو ئەرکێکی سەرەکی بۆ شێواندن و رەش کردنی ئەم ئەزموونە، رۆژ نییە چەندەها پرۆگرامی نەبێ بۆ رەش کردنی ئەم واقیعە، چ کوردێکی نیشتمان پەرەور بوار بەخۆی دەدات واقیعێکی ئاواو دەستکەوتێکی وا گەورە لە بەرچاوی خەلکی خۆی و دۆستانی خۆی رەش کات، ئەگەر دوژمنکاری نەبێت بەمیللەتی کورد.

(PKK) تا ئەم چرکەیەش درێغی نەکردووە ولە دوا رۆژیش درێغی ناکا، چونکە دەورەکەی ئەوەیە، ئۆجەلان ئەلێ ئەرکی بنەڕەتی (PKK) ئەوەیە کە ئەم کیانە نەهێلێ، وەک خۆی دەلێت ئەم کیانە مەترسیدارە لەسەر ئاستی نیشتمانیی عەرەبی ولەسەر ئیران، لەوە رۆشنتر چی تر هەیە بیلێت؟ ئێمە تەنها ئەپرسین (PKK) چ ئیشی هەیە لە کفری وکەلار وقەرەداغ وسلێمانی و ناو هەولێر، پێش ماوەیەک بەر لەئێستا (١٥ ـ ١٦) بارەگایان هەبوو بە دۆشکەو ئاربیجی یەوە هەر ئەوەیان مابوو تۆپی نەمساویمان بۆ دابنێن، هەموو رۆژێک (PKK) لە(مەدTV) راگەیاند و بلاوکراوەکانی خۆیدا پالەوانێتی خۆی پیشان ئەدات کە لە فلان ناحیە لە فلان قەزای کوردستانی عێراقدا مینی چاندوەو لەژێر فلانە شت تەقیوەتەوە، یان هێرشی کردووتە سەر فلان بنکە، یان سەر فلان سەنگەری کورد. (PKK)خۆی تەرخان کردووە بۆ نەهێشتنی ئەم ئەزموونە، بۆیە لەم رێککەوتنە بەراشکاوی تەئکید کراوەو، چەسپ کراوە لە چەند لایەکەوە کە نابێ هیچ بونێکی (PKK) لە کوردستانی عێراقدا هەبێ وبە زەقی لەیەک دوو پەرەگراف هاتووە(یمنع الحـزبان بالعمل مع لجنة التنسيق العليا عن توفير أي ملاذ أمن لحزب العمال الكوردستاني «PKK» في كافة أنحاء كوردستان العراق وانهما يمنعان «PKK» من خلق عدم الاستقرار أو توقيف السلام).

لەراستیدا جێگیرکردنی ئەم برگەیەو جێبەجێ کردنی ئەبێتە مایەی سەقامگیری و ئارامی لەکوردستاندا، چونکە بەپێی تاقیکردنەوەو، بەکردەوە هەست پێکراوە (PKK) لەو رۆژەوە کە

ئەم کیانەمان دروست بووە تەنها وتەنها رۆڵی ئەوەیە کە ئەم کیانە نەهێڵێت و بەجێگیرکردنی ئەم بڕگەیە و بەم ڕێککەوتنە مرۆڤ دڵخۆشەو ئومێد ئەکەین کە بەزووترین کات کە ئەم ڕێککەوتنە جێبەجێ ببێ ئەمە یەکێکە لە بڕگە سەرەکیەکانی ئەم ڕێککەوتنە هەمیشە لەسەرەتاوە ووتوومانەو دەستنیشانمان کردووە کە ئەم بارودۆخەی لەکوردستانی عێراق لە پاش ١٩٩٤وە رووی داوە کێشە لەنێوان هەر دوولا کێشەی ململانێیە لەسەر دەسەڵات، بۆیە لەم ڕێککەوتنە کە کراوە بەچەندەها خاڵ ئەو واقعیە جێگیر کراوە وچارەسەرکردنیشی بۆ داندراوە ئەویش ئەوەیە نابێ ئەم دوو حزبە جارێکی تر کە پەنا ببەنە بەرتوندوتیژی بۆ چارەکردنی ناکۆکییەکان و سەندووقی هەڵبژاردنیش حەسمی ئەم ململانێیە دەکات. گەڕانەوە بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ خاڵێکی گرنگە لەم ڕێککەوتنەدا چەسپ کراوە، چونکەکە ناکۆکی هەبێت پێویستە مرۆڤ بگەڕێتەوە بۆ شەرعیەت، کورد گووتیەتی(ئەو دەستەی شەرع بیبڕێ خوێنی لێ نایەت) کە وەختی خۆی( ٥٠ بە ٥٠ ) ڕاگەیاندرا لەسەر ئەو بنەمایە بوو کە شەڕ نەبێت، بەڵام کە بوو لەڕاستیدا ئەو گرێ بەندییە خۆی لەخۆیدا پووچەڵ بووە و خاڵێک بوو لەچەندەها گفتوگۆی پێش ئێستاش باس کراوە، خۆش بەختانە لەم ڕێککەوتنە ئەو ڕاستیە چەسپ کراوە، بۆیە دامەزراندنی حکومەتی کاتی کە حکومەتێکی قۆناغێکی دیاری کراوی فرە لایەنەیە لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢.
هەڵبژاردنی ئایندە دەبێ بکرێ و ماوەشی بۆ دانراوە ئەوپەڕی ئەبێ لە مانگی تەمووزدا بکرێ پێش ئەوەش لەم ڕێککەوتنەدا ئەوەی روون کردۆتەوە کە ئەبێ ئامارێک بکرێت پێش ئەو ئامارکردنەش دەبێت ڕەوشەکە ئاسایی بکرێتەوە بۆ ئەو ئامارکردنەش پەنا ببرێتەبەر پسپۆڕیەتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، هەروەها داخوازی چاودێر بکرێ بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەم هەڵبژاردنەو، داوای هونەرکاران بکرێ بۆ ڕاهێنانی ئەوانەی کە بەم ئیشە هەڵدەستن، ئەمە خۆی لە خۆیدا دەستکەوتێکی گەورەیە ئەگەر ئێمە بتوانین لەم ماوەیەدا هەڵبژاردنێکی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان بکەین.
ئاوارەکان کێشەیەکی یەکجار گەورەیەو گرنگی خۆی هەیە لەم ڕێککەوتنەدا خاڵێکی یاخود شوێنێکی باشی پێدراوە باش باس کراوە لە لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئاوارەکان لەم ڕێککەوتنەدا تەئکید کراوەتەوە:(سوف يقيم لجنة التنسيق العليا عملية مساعدة لإعادة كل أولئك الذين كان عليهم ترك منازلهم نتيجة الصراع بين الحزبين وإعادة ممتلكاتهم او تعويض خسائرهم)، بۆیە ئەمە خاڵێکی گرنگە. پاراستنی مافی کەمە نەتەوایەتیەکانمان لە تورکمان و برا ئاشووری و کلدانییەکان خاڵێکی گرنگە کە جێگیر کراوە لەم ڕێککەوتنەدا و، ئاماژەی بۆ کراوە، بۆ هەڵبژاردنی ئاییندە تەئکید کراوە چونکە دەڵێ (يتكون مجلس الاقليم الجديد) واتە دەورەی دووەمی پەرلەمان (...... على اساس افضل البيانات الاحصائية المتوفرة للاسكان وتوزيع مجموعات العرقية ودينية وسوف يتم تخصيص مقاعد للمجموعات التركمانية والاشورية وكلدان) ئەمە خۆی لەخۆیدا لە ڕاستیدا چەسپاندنی ئەو دەسکەوتانەیە کە ئەمڕۆ لە هەرێمی

کوردستاندا هەیە، چونکە وەکو بەڕێزان ئەزانن ئەمڕۆ برایانی ئاشووری بەشدارن لە پەرلەماندا لە حکومەتی هەرێم لە هەموو ئەم دام ودەزگایانەی کە هەمانە وبە ئازادی لە وڵاتی خۆیان کاروباری خۆیان ئەکەن حزب ورێکخراو ودەستەی ڕۆشنبیری خۆیان هەیە لە قوتابخانە خوێندن بە زمانی خۆیانە و، لە راگەیاندنیش تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەو وشتی خۆیان هەیە، ئەمە سەروەریەکە بۆ ئەم دەستکەوتەی میللەتی ئێمەو مافێکە لەسەر ئەم کیانە و لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەسەر خەڵکی کوردستان، وجێگیر کردنی لە برگەیەک لەم رێککەوتنەدا جێگای دڵخۆشی وخۆشحاڵی هەموو لایەکمانە، بەو شێوازەی کە باس کراوە لە زۆر برگەدا لەم رێککەوتنە تەئکید کراوە لەسەر یەکێتی وسەروەری خاکی عێراق، وئێوە ئەزانن لەم پەرلەمانەدا کە جاری فیدراڵیەتمان دا لە سەر ئەو بنەرەتە بوو کە رژێمێکی دیموکراسی فرە حزبی فیدراڵی لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوو بێتەکایەوە، بۆیە ئەم رێککەوتنە بە راشکاوی ئەم راستیەی جێگیر کردووە، هەر بۆچوونێک کە هەوڵ بدات پێچەوانەی ئەم واقیعە بە خەڵک پیشان بدات بەتایبەتی لەلایەن دوژمنانی کوردەوەو پوچەڵ کراوەتەوە و چەسپ کراوە، وئەمە خۆی لە خۆیدا یەکێکە لە هێزی ئەم رێککەوتنە، ئەم رێککەوتنە ئالیەتێکی رێکوپێکی بۆ دەسنیشان کراوە ئالیەتەکە پێکهاتووە لە لیژنەی تەنسیقی باڵا کە لەم ڕۆژانەدا ڕۆڵێکی گرنگترو زیاتری پێ ئەدرێ، چونکە کاتی خۆی زیاتر ڕۆڵەکەی بۆ ئەوە بوو کە هەردوو لا هەوڵ بدەن نزیکی یەکتر ببنەوە، هەندێ مەسەلەی کە لەسەری رێککەوتوون جێبەجێ بکرێ و پردی متمانە پتو تر و بەرەو پێشەوە ببرێ، ئێستا ئەرکی ئەم لیژنەیە بە تەئکید زیاترو گرنگتر ئەبێت، هەر لەسەر چەسپاندنی ئەو خاڵانەی کە.تاکو ئێستا ئیتیفاقیان لەسەر کردووە هەتاکو خاڵەکانی ئەم رێککەوتنە کە ئەبێتە مایەی چەسپاندنی ئەو رێککەوتنەو دروستکردنی حکومەتێکی ئیئتیلافی کاتی وەدەوری ئەم لیژنەیە هەتاکو هەڵبژاردنی ئایندەش دەمێنێتەوە.

لە قۆناغێکی دوای ئەوەی کە لیژنەی تەنسیق خاڵەکانی متمانە و ئاسایی کردنەوە دەچسپێنێت، پەرلەمانی کوردستان یەک دەگرێتەوە و، ئەو کاتە بەردەوام دەبین لەسەر ئیشوکاری خۆمان و، حکومەتێکی کاتی ئیتلافی لەلایەن پەرلەمانەوە دەست نیشان دەکرێت و بڕوایی پێ ئەدرێت کە لە سەر بنەمایی ئەنجامی هەڵبژاردنی ١٩٩٢ دەبێت و، پەرلەمان و حکومەتی کاتی و لیژنەی تەنسیقی باڵا هەوڵ ئەدەین کەوا زەمینە خۆش کەین بۆ هەڵبژاردنی ئاییندە، کەواتە چەسپاندنی راستی ئەم شەرعیەتەی ئێمە و، گرێدانی بە هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەم پەرلەمانە خۆی لە خۆیدا گەواهی ئەوە ئەدات کەوا ئەم رێککەوتنە لە گشت کون وقوژبنێکی کێشەکەی کۆڵاوەتەوە و، بەیاری خوا پرۆسەی ئاشتی وتەبایمان بەرەوپێشەوە دەڕوات، بۆیە بە باشمان زانی ئەمڕۆ لە پەرلەمانی کوردستان تەرخان کەین بۆ باس کردنی ئەم رێککەوتنە و، ئێمە وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان بەش بە حاڵ خۆمان داوا لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان وئەوانەی کە دەیانەوێت لەسەر ئەم رێککەوتنە بدوێن، ئەوە دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە و، بە ئومێدی ئەوەین کەوا ئێمە وەکو

دەزگای شەرعیەت و نوێنەری خەڵکی کوردستان بتوانین هەڵوێستی خۆمان بەرامبەر بەم ڕێککەوتننامەیە دەربڕین، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزتان زۆر بە دوورودرێژی لەسەر ناوەرۆکی ڕێککەوتنەکە قسەتان کرد، من نامەوێ باسی ناوەرۆکی ڕێککەوتنەکە بکەم، بەڵکو دەمەوێ باسی هەندێ لایەنی تری بکەم، گرنگی و جیاوازی ئەم ڕێککەوتنە لەگەڵ ڕێککەوتنەکانی پێشوودا لەیەک دوو خاڵدا دەبینم، یەکەمیان بەشدار بوونی کەسایەتی یەکەمی هەردوو حزب و، ئیمزا کردنی ڕێککەوتنەکەش لەلایەن هەردوو بەڕێزان کاک مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانییەوە، ئەمە خۆی لە خۆیدا زۆر گرنگە، چونکە لەوانەیە ئەگەر کەسانێکی تر ئیمزایان بکردبایە ئیجتهاداتی تیادا پەیدا دەبوو و، بۆی هەبووهەندێ خاڵی لاواز بکەنە کۆسپ بۆ جێبەجێ کردنی ڕێککەوتنەکە، بەڵام کە خۆیان ئیمزایان کرد هیچ ڕێگایان نامێنێ کە هەندێ خاڵی لاواز لە ناو ڕێککەوتنەکەدا ببینن. دووەم شوێنی مۆر کردنی کۆبوونەوەکە لە هۆڵی کۆبوونەوەکان لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکیدا بە چاودێری و ئامادە بوونی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (مادلین ئۆلبرایت) ڕێککەوتنەکە مۆر کرا، ئەمەش گرنگییەکی زۆری هەیە، هەر لەبەر ئەوە بڕوا ناکەم لە هیچ وڵاتێکی ئەم جیهانەدا باسی ڕێککەوتنەکە بە گرنگی نەکرابێت، من ئەو مافە بە خۆم دەدەم وەکو ئەندامێکی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەگەر باسی کەسیش نەکەم، ئەوە باسی خۆم و دۆستەکانی خۆم دەکەم کە ناتوانین موزایەدە لەسەر خودی سەرۆک مەسعود بارزانی بکەین کە گوایە ئێمە لە سەرۆک مەسعود بارزانی دڵسۆز ترین بۆ دابین کردنی دوارۆژێکی باشتر و چاکتر بۆ کوردستان، هەروەها ماف بە خۆم نادەم کە من موزایەدە لەسەر ئەو بکەم کە من دڵسۆز ترم بۆ شەهیدانی پارتی بەتایبەتی ئەو شەهیدانەی کە لە ئاکامی شەڕی ناوخۆ شەهید کراون، هیچکامان لە سەرۆک بارزانی دڵسۆزتر نییە بۆ خوێنی شەهیدەکان، کەواتە ئێمە ئەبێت بە سەرێکی سارد ودڵێکی گەرمەوە بڕیار بدەین و بڕیارمان داوە کە هەوڵ بدەین ئەم ڕێککەوتنە زۆر بە ڕێکوپێکی و چاکی سەربگرێ و سەرکەوێت، ئێمە لە ناو پارتیدا یەکەم وشەی دروشمی هەڵبژاردنی پەرلەمان کە بەکارمان هێنا (ئاشتی) بوو، لەبەر ئەوە ئاواتمان ئەوە بوو کەوا ئاشتییەکی ڕاستەقینە و ئاشتییەکی وا کە شەڕی بەدواوە نەبێت، زۆر لە دڵسۆزانی کوردستان داوایان دەکرد کە زوو دابنیشن و ڕێککەوتن ئیمزا بکەن و، وایان دەزانی کە تەنها بەدانیشتن و چاوپێکەوتن هەموو کێشەکان تەواو دەبن و، ئێمەش سوور بووین لەسەر ئەوەی کە بە قۆناخ جێبەجێ بکرێ، مەبەستمان ئەوە بوو کە جارێکی تر شەڕ لە کوردستاندا بەرپا نەبێت، سوپاس بۆ خوا ئەو ڕێککەوتنەی کە هەردوو کەسایەتی یەکەمی هەردوو حزبەکە ئیمزایان کردووە قۆناخیان بۆ هەر کارێک داناوە، هەموو جار ولە هەموو ڕێککەوتنەکاندا، شەڕ ئیدانە دەکرا و حەرام دەکرا، بەڵام حرام کردن و ئیدانە کردنی شەڕ ئەم جارەیان بە شایەتی و چاودێری کوێخای

دنیای ئێستا کراوه و، ئەمە کارێکی گرنگە و گەڕانەوە و پاشەگەزبوونەوەی زۆر زەحمەتە، من بەش بە حاڵی خۆم وام دەزانی کە ئەم سەردانەی سەرۆک بارزانی و تاڵەبانی لەبەر ئەو بارەی کە ئێستا لە ئەمریکادا هەیە بە هۆی کێشەکەی سەرۆک کلینتۆنەوە لەوانەیە سەرکەوتوو نەبێت، بەڵام بە پێچەوانەوە، چونکە ئەوان پێویستیان بە شتێکی گرنگ هەبوو تاوەکو سەرنجی خەڵکی جیهان راکێشن، جا بۆیە ئەوانیش زیاتر گرنگیان پێدا، بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی من بوو، بەڵکو لێپرسراوانی ئیداری ئەمریکی زیاتر گرنگی وبایەخیان بە مەسەلەکە دا، ئەمەش لە قازانجی میللەتی ئێمەدا بوو، ئەبێت ئێمە ئەوە باش بزانین کەوا دوژمنی ئاشتی زۆرن و، ئەبێت زۆر بە وریای و زۆر لەسەر خۆ کاربکەین بۆ جێبەجێ کردنی ئەم رێککەوتنە، بەلای منەوە ئێمە و یەکێتی و بەتایبەتیش بەرپرسانی سەرکردایەتی هەردوو لا نابێت لەسەر یەکتری موزایەدە بکەین و، باسی خاڵە ئیجابیەکان من بۆ خۆم بکەم کە من وەکو دەسکەوتێک لەوم وەرگرتووە، ئەبێت هەردوو لامان وەکو یەک تیم کار بکەین بۆ سەرخستنی ئەم رێککەوتنە.

ناکرێ ئێمە باسی ئاشتی بکەین لە کوردستاندا و باسی(p.k.k.) نەکەین،دەبێت(p.k.k. وئاپۆ)لە هەڵوێست و قسەکانی دوێنێ شەوی(مشعان جبوری)وانە وسوود وەرگرن، حەقە لە مێژووی خەباتی نەپساوەی کوردستانی عێراق بکۆڵێنەوە،(p.k.k.)نەماوە و هەموو قسەکانیان راست نییە و، ئەگەر تەلەفزیۆنی(مەدTV)نەمێنێ ئەوە (p.k.k.) نەماوە، بەپێی قسەکانی ئاپۆ و میدتیڤی ئەبێت ئێمە چەند هەزار کەسێک بۆ خۆمان قەرز کەیەن ئەوجا بڵێین ئێمە ماوین، ئەگینا رۆژانە ئەو ژمارانەی کە ئەوان باسی دەکەن کەوا لە ئێمە کوژراوە و بریندار کراوە و ناوچەکانی ئێمە داگیر کراون، دەبێت ئێمە نەمابین، ئاپۆ و (p.k.k.)دەمێکە دروشمی نەهێشتنی ئەزمونەکەی ئێمەیان هەڵگرتووە، شەڕەکە تەنها دژی پارتی نییە، بەڵام پارتی ئەو شەرەفەی هەیە کە بەرگری لەم ئەزموونە دەکات دژی (p.k.k.)و دژی هەر کەسێکی تر کە هەوڵی نەهێشتنی ئەزموونەکەمان بدات، ئێمە شانازی بەو شەرەفە دەکەین کە بەرگری لەو ئەزموونە دەکەین و، تا دەتوانین وتا ماوین بەرگری لێ دەکەین، چەند جارێک ئاپۆ و(p.k.k.)لە (مەدTV) رایانگەیاند کەوا پارتی لەناوچووە و نەماوە، چەند شەوێک پێش ئێستا لە (مەدTV) شانۆگەرییەکیان دروست کردبوو و، ئەو خەڵکەی تاوەکو دوێنێ پشتگیری و یارمەتی و داوایان دەکرد لە (p.k.k.) کەوا لە پارتی بدات مەبەستیشم لێرەدا یەکێتی نیشتمانی کوردستان نییە، دوێنێ شەو نمایشیان دەکرد کەوا لە (عەبدوڵا ئۆجەلان)دەپاڕانەوە کە شەڕ لەگەڵ پارتیدا راگرێت، ئەمە شانۆگەریەک بو کە خودی(عەبدوڵا ئۆجەلان) دروستی کردبوو، خۆی داوای لێ کردبوون کەوا داوای لێ بکەن کە شەڕەکە راگرێت، تۆ دوێنێ راتگەیاندبوو کەوا پارتی نەمێنێ باشە چ بووە کەوا لە ماوەی(٢٤)سەعاتدا داوا دەکەی کەوا شەڕ راگیرێت، پاشان دەبێت(عەبدوڵا ئۆجەلان) باش بزانێت کەوا ئاشتی بە یەک لایەن ناکرێت، ئێمە و یەکێتی چەند ساڵێک شەڕمان بوو، زۆر جار ئێمە ویستومانە ئاشتی بکەین ئەوان نەیان کردووە و، زۆر جاریش

ئەوان ویستویانە ئاشتی بکەن ئێمە رازی نەبووینە، لەبەر ئەوە دەبێت تێبگات کەوا ئاشتی بە یەک لایەن ناکرێت، ئاشتی دەبێت هەردوولا لەسەری رێککەون، من بەش بەحاڵی خۆم و پێموایە زۆربەی زۆری ئەندامانی پەرلەمان و نوێنەرانی پارتی زۆر بە دڵخۆشییەوە پێشوازیان لە ئەم رێککەوتنە کردووە و، زۆر لەسەر خۆ و بەنەرمی هەنگاو هەڵدێنێ بۆ ئەوەی ئەم رێککەوتنە سەرکەوێت و هیوادارم رێککەوتنەکە زۆر بە رێکوپێکی جێبەجێ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک فرەنسۆ، زۆربەی ئەندامان دەیانەوێت قسە بکەن، تکامان وایە کە ئاگاداری کات بن و، پاشان با قسەکان زۆر دووبارە نەبنەوە، کاک شێخ عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاش ئەو روونکردنەوەی بەڕێزتان و قسەکانی کاک فرەنسۆ من هیچ قسەیەکی ترم نییە و، ئومێدی سەرکەوتن بۆ ئەم رێککەوتنە دەخوازم، بە خۆشی و تەبایی هەموو لایەک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک عەدنان، کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید مەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم(يا ايها الذين امنوا ادخلوا في السلم كافة) صدق الله العظيم، لەم بارودۆخە ناسکە ولەم کاتە بەتایبەتی و لە ژێر سایەی ئەم بارودۆخەی کە ئێستا بەسەرماندا تێدەپەڕێ،میللەتی کورد لەم کاتە و لە هەموو کاتێکی تر زیاتر پێویستی بە یەکگرتووی و برایەتی و تەبایی هەیە و، دەبێت هەموومان بە یەک دەست و بە یەک هەڵوێست و بە یەک ئامانج کار بکەین، تاوەکو دەسکەوتێکی زیاتر بۆ میللەتەکەمان بەدی بێنین، چاوپێکەوتنی لوتکەی کوردی لە واشینتون تاجی لەسەری پرۆسەی ئاشتی نا، ئەو پرۆسەیەی کە زیاتر لە سێ ساڵی خایاند، لەم رۆژانەدا جارێکی تر جیهان گرنگییەکی داوە بە کێشەی میللەتی کورد، ئەمریکا دووپاتی پابەندی خۆی کرد بۆ پاراستی هەرێمی کوردستان، هەوڵی راستەقینە درا بۆ چارەسەر کردنی کێشەی ناوخۆی هەرێم و جێبەجێ کردنی بەرژەوەندی ناوخۆی نێوان پارتی و یەکێتی نیشتمانی و، کێشەی کوردی بە رای زۆربەی سیاسەتمەدارەکان لە چوارچێوەی مرۆڤایەتی دەرچوو و، کەوتە چوارچێوەیەکی سیاسی گرنگەوە، رێککەوتننامەی واشنتون چارەسەرییەکی گەورەیە بۆ کێشەی میللەتی کورد و، هێزێکی گەورەیە بۆ پارچەپارچە کردنی هەرچی دەردو کۆسپەکانی شەڕی ناوخۆ هەیە، بە رێککەوتننامەکەی واشنتون دەتوانین هەرچی بەڵێنێکمان بە میللەتەکەمان داوە ئەنجامی بدەین، ئەم میللەتەی کە شایستەی هەموو خۆشی و نیعمەتێکە، ئاشتی هەمیشە رووی گەشی جوانی شارستانی ئادەمیزادە، شەڕیش رووی ناشرینی شارستانییە، کەس بەقەد کورد

بەهای ئاشتی نازانی، هیچ شتێک وەکو دۆڕاندنی ئاشتی نییە، دۆڕانی ئاشتی واتای دەردەسەری و نەگبەتییە، ئاشتی داخوازێکی جەماوەریی گشتییە و پێداویستیەکی گرنگە بۆ مرۆڤایەتی، پاراستن و بەردەوامی ئەم ئەزموونە بەندە بە چەسپاندنی ئاشتی، چ دادپەروەرییەک بەرپا نابێت و،چ مافێک و کەرامەتێک ناپارێزرێت، بەبێ ئاشتییەکی باوەڕ پێکراو، لەبەر ئەوە داوای ئاشتییەکی باوەڕپێکراو و بەهێز دەکەین، ئاشتییەک بە یەکەم با نەهەژێت بە یەکەم سەرهەڵدانی ناکۆکی تێک نەچێت، ڕێککەوتننامەی واشنتون وەفادارییەکە بۆ شەهیدانی کوردستان و بۆ هەموو قوربانی دانێکی پڕ بەها و، سوپاس بۆ هەموو حزب و کەسایەتییە کوردستانییەکان و دۆستانی کورد کە بەشداری پرۆسەی ساڵی هەشتایان کردووە، بەم بۆنەیەوە سەربەرزی بە هەڵوێستی بەڕێز سەرۆک مەسعود بارزانی دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئاشتی یەکێکە لە دروشمە سەرەکییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە هەڵیگرتووە تاوەکو ئێستا ،چ بۆ چارەسەر کردنی کێشەی میللەتی کورد لە کوردستانی عێراق و، چ بۆ چارەسەر کردنی کێشە ناوخۆییەکان، بەڕێز کاک مەسعود بارزانی هەردەم دەستی بۆ ئاشتی درێژ کردووە و ئامێزیشی بۆ ئاشتی کردووەتەوە، هەر لە ماوەی ساڵی رابردوودا زیاتر لە(٣)جار دەست پێشخەری ئاشتی هەبووە، چونکە ئاشتی ئاواتی هەموو کوردێکە لە کوردستان، ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان هەمیشە بە پەرۆشی ئاشتی بوون و داوای ئاشتییان کردووە و هەوڵی راستەقینەیان بۆ داوا، بۆ نموونە سەرۆک و ئەندامانی پەرلەمان کە لێرە پەناگیرییان گرت بۆ ماوەی (١٠٠)رۆژ و، زۆر جاریش گیانیان دەکەوتە مەترسییەوە، بۆیە پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە ڕێککەوتننامەی ئاشتی و ئاشتبوونەوە دەکەم و، ئومێدەوارم ئەو ڕێککەوتننامەیە ببێتە بەردی بناغەی کیانی کورد لە کوردستانی عێراق و، داواش لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم کە پشتگیری پەرلەمانی کوردستان رابگەیەنن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ خوا کە ئاشتی سەرکەوت، سوپاس بۆ خوا کە پشتیوانی گەیشتنی ئەم ڕێککەوتننامەیە

بوو، سوپاس بۆ هەموو ئەو لایەنانە کە لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان بۆ هاوکاری وریێ خۆش کردنی ئەم رێککەوتننامەیە لە کاردا بوون.

ململانێ شتێکی پێویستە بۆ مرۆڤ لە ژیاندا،چ لەناو رێکخراوە سیاسیەکاندا و، چ لەناو کۆمەڵدا، چونکە ژیان بە بێ ململانێ سست و خاو دەبێت، لەوانەیە ئەگەر ململانێ نەبێت گۆشەی تاریک لە ژیاندا بمێنێت بە تاریکی و رووناک نەبێتەوە و، شوێنی لاواز و خراپ بمێنێتەوە چونکە ململانێ ئەو شتانە دەدۆزێتەوە، بەڵام کاتێ ئێمە باسی ئەم ململانێیە دەکەین دوو جۆر ململانێ هەیە، یەکەمیان ئیجابی و ئەوی تریشیان سلبییە و، ئێمە داوای پشتیوانی لێکردنی ململانێ ئیجابییەکە دەکەین بۆ بەرەو پێشەوە چوونی میللەتەکەمان، چونکە ئێمە لە هەموو کەسێک زیاتر دەزانین کەوا شەڕ چییە، کوشتن چییە و، وێران کردن چییە؟، سەربڕینە و دربەدەرییە و سوتانە و، پارتیش لە هەموو کەسێک باشتر دەزانێ کەوا شەڕ چ کارەساتێکی بەشوێنەوەیە بۆیە هەمیشە داواکاری ئاشتی کردووە و، ئێستاش دەیکات و، دەزانێت ئێش و ئازار و مەینەتی ئێمە تەنها بە ئاشتی و دان وستان دێتە چارەسەر کردن و، بۆیە ئاشتی یەکێکە لە خاڵە گرنگەکانی پەیڕەوپرۆگرامی پارتی و، ئاشتی یەکێکە لە سەرچاوەکانی ستراتیژیەتی پارتی، لێرەدا وتەیەکی بەڕێز سەرۆک بارزانی دێنمەوە یاد کە دەڵێت(پارتی هەردەم بزافی بۆ ئاشتی کردووە و هەمیشەش ئامادەیە کە لە رێگای چارەسەر کردنی دۆزی کورددییدا قوربانی بدات).

هەر رووداوێکی سیاسی، یان کۆمەڵایەتی بە دوو هەنگاو دێنە چارەسەر کردن، یەکەم بە بڕیارە، ئەویش ئەوەیە کەوا توو باس کەیت کەوا بە چ شێوەیەک دێتە چارە سەردکردن.دووەمیش، جێبەجێ کردن، کە ئەویش بە پێک هێنانی لەشکرێکی بە هێزە دەکرێت و، بۆ پاراستنی ئاشتیش پێویستی بە لەشکرێکی زۆر بەهێز هەیە، چونکە زۆر ناحەز هەیە کە ئەم ئاشتییەی ئێمەیان پێخۆش نییە و، هەوڵی تێکدانی ئەم رێککەوتننامەیە دەدەن، جا دەبێت زۆر وریا و هوشیار بین و، پێکەوە بزاف بکەین بۆ جێبەجێ کردنی ئەم رێککەوتننامەیە، چونکە ئەم رێککەوتننامەیە جارێکی تر تۆی برایەتی و تەبایی لە خاکی کوردستاندا وەشاند.

جارێکی تر پیرۆزبایی لە خۆمان و لە هەمووان دەکەین و، چەند پێشنیارێکم هەیە کە پێمخۆشە بیخەمە پیش چاوی بەڕیزتان و، هیوادارم بە دڵی بەڕێزتان بێت.

١ـ بەیاننامەیەک بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە بۆ پشتیوانی کردن لەم رێککەوتننامەیە دەربهێنرێت.

٢ـ سوپاسنامەیەک بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رەوانە بکەین و، بەتایبەتیش بۆ بەڕیز خاتوو(مادلین ئۆلبرایت)بۆ ئەو هەوڵەی کە دای بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد و، گەیشتنی کێشەکە بە قۆناخی ئاشتی.

٣ـ سوپاسنامەیەک ئاراستەی هەردوو سەرکردە بەڕێزەکان بکەین، کاک مەسعود بارزانی و مام جەلال تاڵەبانی بۆ گەیشتنییان بەم رێککەوتننامە پیرۆزە.

٤ـ سوپاسنامەیەک ئاراستەی هەموو ئەو لایەنە کوردستانیانە بکەین کە هەوڵ و پشتیوانی پرۆسەی ئاشتییان داوە لە کوردستاندا.
٥ـ بەیاننامەیەک بەناوی پەرلەمانەوە رەوانەی (p.k.k)بکرێت بۆ ئەوەی واز لە شەڕ و پێکدادان بێنێت لە کوردستانی عێراقدا و، لە خاکی خۆیدا خەباتی چەکداری خۆی بکات.
جارێکی تر پیرۆز بایی رێککەوتننامەی ئاشتی لە گەلی کورد دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ د.رزگار بۆ پێشنیارەکانی، ئێمە پرۆژەی بەیاننامەیەکمان بەم بۆنەیەوە هەیە، ئەگەر ئەو خاڵانەی کە جەنابت باست کردن پێویست بوو، ئەوە لە بەیاننامەکەدا دایان دەنێین و، نامەش بۆ (p.k.k)پێویست ناکات، چونکە ئەو رێککەوتنامەیە نامەیەکی روون و ئاشکرایە بۆ (p.k.k)، ئۆجەلان چەند جارێک گوتوویەتی ئەگەر داوا لەمن بکرێت کوردستانی عێراق بەجێ بێلم من بەجێی دێلم و، ئەو رێککەوتننامەیە لەلایەن دوو هێزی سەرەکی کوردستانەوە ئیمزا کراوە و، بە ئاشکرایی داوا دەکەن کەوا (p.k.k)نەمێنێت لە کوردستانی عێراقدا و، رێککەوتننامەکە لەلایەن بەڕێزان کاک مەسعود و مام جەلالەوە ئیمزا کراوە و، هەموو دەزگا راگەیاندنەکانی جیهان باسیان لێوە کردووە و، پێش چەند رۆژێک لە هاوینەهەواری سەلاحەدین هەموو لایەن و حزبە سیاسیەکان پشتگیری خۆیان بەرامبەر بەم رێککەوتننامەیە دەربڕی، ئایا نامە لەمە گەورەترر و بەهێزتر هەیە؟!، با ئۆجەلان باری خۆی هەڵ گرێت و بڕوات بۆ ئەو شوێنەی کە ئەو وا دەزانێ جێگای ئەوە، چونکە ئەگەر جێگای ئەو نییە وەهای نەدەگوت و، ئو خۆی بەزبانی خۆی دەڵێت :ئەگەر داوایان لێ بکرێت کوردستانی عێراق بەجێ دێڵین. بۆیە میللەتی ئێمە و هێزە سیاسیاکانی ئێمە بە یەک دەنگ دەڵێین ئەو رۆڵەی کە (p.k.k)هەیەتی ئەو هەبوونەی کە هەیە لە کوردستانی ئێمەدا نابێت بمێنێت، کاک مامەند ئاغا فەرموو.

**بەڕێز مامەند محەمەد ئەمین بابەکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموومان دەزانین کە کورد گەلێکی بەش خوراوە و، دەمێکیشە خەبات دەکات و قوربانی دەدات بۆ ئەوەی مافی خۆی بەدەست بێنێ وەکو گەلانی جیهان، وا ئێستا لە سایەی ئەم خەبات و فیداکارییەی کە پێشمەرگە قارەمانەکان بە سەرۆکایەتی باوکی کورد مستەفا بارزانی کە بەدرێژای تەمەنی تیکۆشا لە پێناو گەلەکەیدا و، ئەم دەسکەوتە مەزنەیان بەدەست هێنا.
ئەو کە دەتوانێ ئیدارەی خۆی بکات و، ئیشی خۆی بسوڕێنێ، کە ئەوە بۆتە هۆی جوڵە جوڵی دوژمنانی کورد بۆ تێکدانی ئەو ئەزموونە بۆیە زۆر دڵخۆش بوون بەوەی کە دوو سێ ساڵە کورد یەکتر دەکوژن دژ بە بەرژەوەندی خۆیان کاردەکەن ئاواتی گلاویان دێتە دی، بەڵام بێ خەبەرن و خەیاڵیان خاوە کورد زۆر لە بیروڕای ئەوان بەرزترە ئەو دەستکەوتەی کە بە خوێنی رۆڵەکانی خۆی

بەدەستی هێناوە بە قسەی ئەو دوژمن و ئەو ناحەزانە لەدەست نادات بەتایبەتی گەلێک کە کەسانێکی لێهاتوو و زاناو لەخۆ بووردوو ئاشتیخواز سەکردەی بێت سەرکەوتوو دەبێت وەک بەڕێز سەرۆک مەسعود بارزانی کە ئاشتی ئاواتی هەرە بەرزی ئەوە هەر ئەوەش بوو کە بەڕێزی پێشنیاری کرد کە لەجیاتی ئەوەی بە نامە گفتوگۆ لە نێوان پارتی و یەکێتی دابکرێت لیژنەیەک لە هەردوو مەکتەبی سیاسی دروست بکرێ، بەمە لیژنەی تەنسیقی بالاّ دروست بوو زیاتر لە بیست کۆبوونەوەیان بەست توانیان زۆربەی کێشەکان چارەسەر بکەن سەرۆک بارزانی بەوەش نەوەستا لیژنەیەکی بالاّی لەگەڵ نامەیەکی پڕ لە سۆز بۆ کوردو بۆ ئاشتی نارده لای بەڕێز مام جەلال ئەویش زۆر بەگەرمی پێشوازی لێ کرد و بە ئیجابی هاتە پێشەوە ئەوە بوو بە هۆی خۆش کردنی زەمینەی تەواو بۆ چارەسەری کێشەی نێوان هەردوو حزب هەرئەوەش بوو کە هەردوو بەڕێزان لە ئەمریکا کە یەکتریان دیت بە ئامادەبوونی نوێنەری ئەمریکی گەیشتە پێکهاتنی تەواو ئاواتی کوردو کەس و کاری شەهیدانیان پێک هێنا، ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان کە زۆربەمان زیاتر لە سێ مانگ پەنامانگرت لەم پەرلەمانە دژ بەشەڕی برا کوژی بەوپەڕی خۆشحاڵیەوە پێشوازی و پشتوانی ئەو ڕێککەوتنەین، زۆر سوپاسی هەردوو بەڕێزان دەکەین بۆ ئەو هەنگاوە مێژووییە کە بێگومان دەبێتە مایەی سەرکەوتنی گەلەکەمان و پشتی دوژمنانی پێ دەشکێ. زۆر سوپاسی لیژنەی تەنسیقی بالاّ دەکەم کە زۆر بەپەرۆش و لەخۆبردنەوە کاریان کردو توانیان زۆربەی کێشەکان چارەسەرو ئاسان بکەن، لەگەڵ ڕێزمدا بژی کورد، بژی کوردستان، بژی ئاشتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ڕەجەب شەعبان فەرموو.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەموومان دەزانین کە ئاریشە گیروگرفت چ لەسەر ئاستی مرۆڤایەتی بێت یان حزبەکاندا بێت یان دەوڵەت بێت بەشەڕو کوشتار چارەناکرێت، بەڵکو بە ئاشتبوونەوە و سولح و دەستی یەک گرتن و لێخۆشبوون دەبێت وەکو خوای مەزن لە قورئانی پیرۆز دەفەرموێ (وليعفوا وليصفحوا الا تحبون ان يغفر الله لكم والله غفور رحيم).

ئێمە هەموو دەزانین کە پارتی هەمیشە ئاشتی خواز بووەو لەگەڵ ئاشتی دا بووە، هەمیشە خەباتی کردووە بۆ ئەوەی ئاشتی بچەسپێ و یاسا سەربکەوێت و، هیچ کاتێک چەکی هەڵنەگرتووە تەنها بۆئەوە نەبێت کەشەڕ نەمێنێت و بۆ چەسپاندنی ئاشتی بووە و. ئەو پێکهاتنەی کە کراوە لە واشنتون ئێمە پیرۆزبایی لەخۆمان و لە میللەتی کورد دەکەین ئەوەش بەڵگەیە کە بایەخێکی زۆر بە میللەتی ئێمە دراوە، نەک تەنیا بەس ئەمە بەڵکو ئەمە ئیشارەتێکە بۆ دەوروبەر تاکو جارێکی تر دەست درێژی نەکەنە سەر میللەتی ئێمە، ئێمە دەزانین هەموو شتێک لەنیەت سافیەوەیە،

مرۆڤ ئەگەر نیازی ساف بێت هەموو شتێک زۆر بەجوان و ڕێکوپێکی جێبەجێ دەبێت، چونکە پێغەمبەر دەفەرموویت (انما الاعمال بالنيات وانما لكل امرىء ما نوى)، هیوادارین نیەتی هەموومان سافی بێت و، ئێمە هەموومان دەستمان بخەینە دەستی یەکتر و چەکمان دژی دوژمنی خۆمان هەڵگرین و بە سنگی دوژمنی بنێین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک ڕەجەب، کاک ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕێککەوتنامەی ئاشتی ۹/۱۷ی واشنتون هێنانەدی خواستی گەلی کوردستانە، هێنانەدی خەونێکی ڕەواو پێویست و دروستی گەلەکەمانە بەتایبەتی لە ڕۆژگارێکی وا ناسک و گرنگی مێژوویبیدا کە وەک قەڵایەکی داکۆکی کەرو پاراستن و سەنگەری راستەقینەیە بۆ ئەمڕۆمان بۆ هەنگاونان بۆ بەرەو ئاییندەیەکی جوانتر لە ئاشتیدا ژیان ئەچنێ و ژیان بەرکەماڵ دەبێت ئاسوودە دەبێت، بەپێچەوانەی شەڕو ئاشووبەوە ئەو وێرانکارییە ئاشتی دەیگۆڕێتەوە بە هیوای داگیرساوی جوان ئایندەیەکی جوانترو لەبارتر و سارێژکردنی زامەکان و بنیادنان و هەنگاونان بەرەو پێشەوە بۆ هێنانەدی هەموو ئەو ئاواتانەی کە ساڵەها خەباتی بۆ کراوەو ڕەنجی بۆ دراوە واتا چنینەوەی بەروبوومی ڕەنج و خەباتێکی زۆرە بۆیە کارێکی گەلێک پەسەند و پیرۆزە و بفەرموون پێشنیار دەکەم پیرۆزبایی نامەیەک، یان بەیاننامەیەک ئاراستەی گەلی کوردستان بکرێ و، بەوبۆنەیەوە جارێکی دیکە هەڵوێستی هەمیشەیی نەگۆڕی پەرلەمان بۆ ئاشتی پەروەری دوپات بکرێتەوە لەگەڵ ڕێزو سوپاسدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک ئەحمەد، د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشەکی پڕ بەدڵ پیروزبایی لەنەتەوەی کورد بەگشتی و ڕۆڵەکانی کوردستانی عێراق بەتایبەتی دەکەم بۆ ئەم ڕێککەوتنامە مێژووییە، ئەو ڕێککەوتنامەیەی کە ئومێدەوارین ئامرازێکی بەهێزبێت بۆ کۆتایی هێنان بەو شەڕە شوومە نەگریسەی کە تەڕو وشکی لەماوەی چوار ساڵدا سووتاند کوردستانی ئازیزی بەخوێنی پێشمەرگەو جەماوەری کوردستانی ئازاد کراو جارێکی تر لە خەڵتانی خوێن کرا ئومێدەوارین ئەم شەڕەی کە بەناو بە ڕەواڵەت شەڕی ناوخۆ ناوزەرد کراوە بەڵام لە ناوەرۆکدا شەڕێکی نێودەوڵەتی دەستی لایەنی هەرێمی و ناحەزانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد گەیشت پێی ئومێدەوارین ئەم شەڕە کۆتایی پێ بێت و ئەم ڕێککەوتنەی کە لە نێوان بەڕێزان جەنابی سەرۆک بارزانی و بەڕێز جەلال تالەبانی ئیمزا کرا لەژێر چاودێری سەرۆکی دیبلۆماسیەتی

زلترین هێز تاکە جەمسەری دونیا کە ئەمریکایە ئەمرۆ ئەمە خۆی لە خویدا ڕێککەوتنامەکە گرنگتر دەکا، ڕاستە کێشەی کورد بەم شەڕە ناوخۆییەی کە کۆتایی پێهات و بەپشتیوانی خوا کۆتایی پێ دێت لەوانەیە کێشەکە وەکو کێشەیەکی ناوخۆیی نەمێنێ، بەڵام دەبێت لەبیرمان نەچێت کێشەی کورد وەکو کێشەیەکی نێونەتەوەیی هەرماوە بەپێچەوانەوە ئەم ڕێککەوتنامەیە بایەخێکی زیاتری دا بە کێشەی کورد بە دۆزی کورد لە دەرەوە ئەگەر جاران ئێمە داخوازیمان لە وڵاتانی دەرەوە ئەوەبوو کە تەنها لە رووی مرۆییەوە تەماشای کێشەی کورد نەکەن، بەڵکو لە رووی یاسایی و لەرووی سیاسیشەوە بایەخێک بە کێشەکەمان بدەن ئەوەی کە دوێنێ خەون و خەیاڵی ئێمە بوو ئەمرۆ بۆتە واقیع کە بەیاننامەیەک، ڕێککەوتنامەیەک کە دوو لایەنی سەرەکی کوردستانی عێراق ئیمزای دەکەن، ئیمزایەکی تری نێو دەوڵەتی لەسەرە کە نوێنەری دبلۆماسیەت و نوێنەری حکومەتی ئەمریکایە ئەمە خۆی لە خوێدا ئەگەر لێکی دەینەوە و بەراوردی بکەین و وردی بکەینەوە ئەمە داننانە بەم کیانەی کە ئەمرۆ هەمانە، ئەمە داننانە بەم شەرعیەتەی کە ئەمرۆ هەمانە ئەویش شەرعیەتی پەرلەمانی کوردستانە. گەڕانەوە بۆ هەڵبژاردنی ١٩٩٢، گەڕانەوەی برایانی لایەنەکەی تر بۆ شەرعیەت لەناو پەرلەمان ئەمە خۆی لە خویدا بایەخدانێکی گرنگە و، لە هەمووی گرنگترە، ڕاستە ئەمە ڕێککەوتنێکی ناوخۆیە، بەڵام وەکو دیکۆمێنتێکی نێودەوڵەتی یەکەمجارە دان بە مافی فیدراڵیەتی بۆ کوردستانی عێراق دابنرێت لەناو ئەو دیکۆمێنتە، ئەمە خۆی لە خوێدا بایەخی ئەم دیکۆمێنتە زیاتر دەکات بەراستی بۆیە من بەش بەحاڵی خۆم دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی ئەو برایانەی کە پشتگیریان لەم ڕێککەوتنامەیە کرد ئومێدەوارم ئەم ڕێککەوتنامەیە ببێتە هۆی خێرو خۆشی لەکوردستان و ئەو پێشنیارانەی کە کران و، ئێستا پرۆژەیەکیشم بینی بەناوی بەیانێک و، هەروەها ئەوەی د.رزگاریش باسی کرد، ڕاستە پێویستە بەیاننامەیەکی ئەوها دەربچێ و، سوپاسنامەیەکیش ئاراستەی ئەو لایەنانە بکرێ کەوا ڕۆڵی سەرەکیان لەم پێکهاتن و ڕێککەوتنامانە بووە، بێگومان ڕۆڵی لایەن و هێزە سیاسیەکانی کوردستانی عێراق و بەتایبەتی ڕۆڵی کاک عەزیز محەمەد لەبیر نەکرێت کە ئەوانیش ڕۆڵی پیرۆزی خۆیان بینیوە، بۆیە جارێکی تر پیرۆزبایی لە هەموو لایەک دەکەم و بەتایبەتی سەرۆکی خۆشەویستمان کاک مەسعود کە لەرۆژی یەکەمی بەرپابوونی شەڕەوە هەوڵی داوە ئەو ئاشتیە بچەسپێ کە ئومێدمان وایە ئەو ئاشتییە ببێ بە خێروخۆشی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس د.ناسح، کاک ئازاد قەرەداغی فەرموو.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ خوای گەورە ئەو هەوڵانەی بەڕێز سەرۆک بارزانی سەری گرت و، لەگەڵ بەڕێز مام جەلال گەیشتە ئەوەی کە ڕێککەوتنێک مۆر بکەن و ئاشتی بگەڕێتەوە کوردستانی عێراق. ڕاستە

خاڵەکان هەمـوو پەیوەسـتە بەیەکەوە یەک لەدوای یەک جێبەجێ دەکرێن، زۆر لە برادەران هەموو شتەکانیـان بەدێژی باس کرد و، بۆچوونێک هەیە کە پەلە لە جێبەجێ کردنی نەکرێ یاخود وەکو ئەڵێن هەنگاو بە هەنگاو راستە، بەڵام من رایەکی تایبەتیم هەیە کە چەند پەلەی لێ بکرێت و، چەند ئامادەیی لەسەر جێبەجێ کردنی بکرێ باشترە، چونکە زۆر گرنگە، هەروەها ئەو یادداشتەی کە لەقسەی برادەران دەرکەوت کە پەرلەمانی کوردستـان وەکو پیرۆزباییەک دەیدات بە میللەتی کورد، من پێشنیار دەکەم برگەیەکی تیادا بێت دەربارەی ئەو کەسانەی کەهەڵوێستیـان روون و ئاشکرا بووە وەکو دەستەی عەبدوڵلا ئۆجەلان، داواش لە جەماوەری کورد بکرێت ئەو کەسانەی کەوا لەمەودوا دەبنە کۆسپ لە رێگەی جێبەجێ کردنی بەندەکانی ئاشتی یانی چۆن دەڵێین شەڕ (تەحریم و، تەجریم) دەکەین ئەوانە ناسنامەی کوردیان لێ بسەندرێتەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر ببنە عیبرەت و ئەو کەسانە ریسوا بکرێن لەنێو میللەتی کورددا و، هەر خۆیان ریسواشن و، لەمەودا پێویست وایە هەموو حزبە سیاسییەکان هەڵوێستیان هەبێت بەرامبەر بەو کەسانە، هەر وەکو چۆن ئێستا پیرۆزبایی و پشتگیری خۆیان دەردەبڕن بۆ ئاشتی پێویست وایە پشتگیری ئەوەش بن ئەو کەسانەی کە دەبنە کۆسپ بۆ جێبەجێ کردنی ئەو خاڵانە لەبەردەم ئەم ئاشتیە ریسوا بکرێن و، نەفرەتیان لێ بکرێ و ناسنامەی کوردیان لێ بسەنرێتەوە، داوای سەرکەوتنی ئەم رێککەوتنامەیە دەکەم و، هەمـوو لایەکیشمـان لەخزمەتی ئەوە بین کە ئەو رێککەوتنامەیە جێبەجێ بکرێ و، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

سوپاس کاک ئازاد، فەرموو کاک عەبدولخالق.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

بەراستی بەلای منەوە رێککەوتنامەی واشنتـون لە رۆژی ٩/١٧ رووداوێکی گەورەیە و، نازانم پیرۆزبایی لە کاک مەسعود و مام جەلال بکەم، یان لەسەرکردایەتی هەروو حزبەکە؟، یان لە حزبەکان، یان لەگەلەکەمان، یان لەگەلەکانی تر کە لە کوردستان دەژین؟. بەراستی ئەوە دەستکەوتێکی زۆر گەورەی میللەتەکەمانە و، من بەش بە حالی خۆم نازانم چی بڵێم لەم رۆژە کە بەراستی لە جێی خۆیەتی کە بیکەینە رۆژێکی پشوو لە کوردستاندا، چوار سالی شەڕ، چوار جەولەی شەڕ زیانێکی زۆری بەگەلەکەمان وبە ناوبانگی گەیاند، مرۆیی، یان مادی، یاخود مەعنەوی بێت، ئەگەر کورد توانی لە کۆتاییدا دوای ئەوەی گەیشتە قەناعەت بەرای من ئەوە زۆر پاڵپشتی (تەعزیزی) رۆڵی کێشەی کورد دەکات کە دوای چوار سالی شەڕ بتوانین ئاشتی بەرپابکەین، ئاواتەخواز بووم ئەم ئاشتییە و رێککەوتننامەیە لە کوردستان بکرابایە، بەڵام ئەوە هیچ لە بایەخی ئەو رێککەوتنە کەم ناکاتەوە کە لەواشنتون کراوە، کە وڵاتێکی گەورەی وەکو

ئەمریکا سەرپەرشتی ئەو ڕێککەوتنە بکات بایەخی زۆرە، چونکە ئێمە خۆمان باش دەزانین کێشەی کورد وردە وردە بەرەو روخسارێکی سیاسی دەڕوات لە چوارچێوەیەکی ناوخۆیی و مرۆیی بەرەو کێشەیەکی نێودەوڵەتی دەڕوات، لەبەر ئەوە گرنگی ئەو ڕێککەوتن و رۆژە نەک تەنها بۆ حزبەکانە بەڵکو بۆ میللەتەکەمانە و دەبێ گشتمان پشتگیری لێ بکەین، هیوادارم بەگشتی هەوڵ بدەین هیچ کۆسپێک نەهێنینە ڕێگا، ئەگەر هاتیش ئەوا بەسەریدا تێپەڕین و، بەرژەوەندی میللەتەکەمان لەسەروی هەموو شتێکەوە بێت بەتایبەتی ئێمە دەزانین دوژمنانی ئەو ڕێککەوتنەش زۆرن لەناوچەکەدا هەتا لەناوخۆشماندا و، بەداخەوە هەندێ کەس کە ئیدعا دەکەن بەناوی کوردستانی و غەیری کوردستانی، من دەڵێم پەکەکەیە و، ئەو شەڕخوازانەی کە لەناو هەردوو حزبەکەن، موخابەراتی وڵاتانی ناوچەکەن، لەبەرئەوە بە قەناعەتەوە پێتان دەڵێم ئاواتەخواز بووم ئەم ڕێککەوتننامەیەم بە تەواوی بخوێندبایەوە، حەزیشم دەکرد کە لەناو هۆڵی پەرلەمان بخرایتە روو دەقی ڕێککەوتنامەکە بەتەواوی بخوێنرابایەوە، ئەوەش لەگرنگی ڕێککەوتنامەکە کەم ناکاتەوە، بەس لەبەرئەوەی دەزگایەکی دەستورین ئاواتەخوازم بەدڵەوە ئەو هەنگاوە گەورەیە ڕێگای خۆی بۆ جێبەجێ کردن بە کردەوە بگرێ، ئەو لیژنە تەنسیقەی کە پێکهێنراوە لە هەردوو حزبەوە زۆر کارێکی باشە و، لە ئەزموونی ئەو (٢٦) کۆبوونەوەی کرا بۆ لیژنەی تەنسیقی باڵا لە نێوان هەردوو حزبەکە سەلمێنرا کە دەتوانن زۆر شت چارەسەر بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێمخۆشە لیژنەی تەنسیق پتەو بکرێ، مەرج نییە هەر بەشداربوونی راستەوخۆ، بۆ ئەوەی بەیانی خوانەکا لە دڵەوەش تەمەنا ناکەین ئەگەر کۆسپێک هاتەرێ ئەوا شاهید هەبێ، نەبینە (شاهد ماشافش حاجە)، ئاواتەخوازم ئەم ڕێککەوتنە دەزگاکانی دەستووریان بەهێز بکات بەپەرلەمان و حکومەتەوە، هەروەها چۆن لە بەڵگەنامەکەش چەسپێنراوە، ئاواتەخوازم ریزی گەلەکەمان بەهێز بکات، ئاواتەخوازم پەیوەندییمان لەگەڵ ئەو میللەتانەی کە لەناومانن وەکو تورکمان و ئاشوری زیاتر بەهێز بێت، چونکە کورد بەبێ ئەوانیش وابزانم ناتوانێ ئیشوکارەکانی خۆی بکات، ئاواتەخوازم یاسا لەسەروی گشتەوە بێت، ئازادی و دیموکراتی ببێتە بناغە لەمامەڵە کردن و نیزام، هەروەها ئاواتەخوازم لەدڵەوە بەناوی خۆم و بەناوی بزووتنەوەی میللی کوردستانەوە و، بەناوی هەر مرۆڤێکی ئاشتیخواز لە کوردستان ئێمە بە گشتمانەوە هەوڵ بدەین کە ئەو ڕێککەوتنامەیە جێبەجێ ببێت و، هەر کۆسپێکیش بێتە ڕێگامان ئەوا بەرژەوەندی میللەتەکەمان بخەینە سەرەوە و بەسەریدا تێپەڕین و، بگەڕێینەوە بۆ کوردستانێکی یەکگرتوو، پەرلەمانێکی یەکگرتوو حکومەتێکی یەکگرتوو و، ئەوە گەورەترین مزگێنییە بە میللەتەکەمان و دۆستانمانی دەدەین لەناوچەکەو لە دونیادا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک عەبدولخالق، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێخۆشحاڵیەکەم زۆر گەورەیە پەندێکی عەرەبی هەیە دەڵی (یوم سروره قصیر)، ئەمڕۆ حەوتەمین ڕۆژە بەسەر (١٧)ی ئەیلولدا تێدەپەڕێت، هاوکات لەگەڵ بلێسەی شۆڕشی ئەیلول کە لە (١١)ی ئەیلول بووە و، ڕێککەوتنێکیش کە دەبێتە مایەی ئاشتی بۆ کوردستان لە (١٧)ی ئەیلول دەبێت، برادەران شتێکیان نەهێشت بۆ ئەوەی بیڵێم، کەرەسەی مەلا قورئان و فەرموودەیە، کاک ئیبراهیم ئایەتەکەی برد کاک ڕەجەبیش فەرموودەکە، خوای گەورە دەفەرمووێ (یا ایها الذین امنوا ادخلوا في السلم کافة) لێرەدا ئاشتی (سلم) لێرەدا لەگەڵ ئیسلام یەکسانە، ئیسلام لە سەلام هاتووە کە (س، لا، م)ە، خوای گەورە دەفەرمووێ (یوم یلقونهٔ تحیتهم فیها سلام) و (الله یدعو الی دار السلام) ئەوەی کە بەهەشتەو جێگای حەسانەوەی مرۆڤە سەلام و ئاشتییە.

سەبارەت بە پەرلەمانی کوردستانەوە کە ئەمڕۆ ئێمە پیرۆزبایی لەخۆمان دەکەین، هەڵوێستی پەرلەمان هەر لەسەرەتاوە تاکو ئێستا ئەوە دووپات کردنەوەیە وەکو ئایەتەکانی قورئان دەفەرمووێ (فبأي الآءِ ربکمان تکذبان) بە چ نیعمەتێک ئێوە خوا بەدرۆ دەخەنەوە؟، چ نیعمەتێک لە ئاشتی باشترە، پرسیاریان لە پێغەمبەر (د.خ) کرد، باشترین مرۆڤ کێیە، فەرمووی (انفعهم للناس)، واتا ئەوەی بەسوود بێت بۆ خەڵک ئەوە لە هەموو کەسێک باشترە، پرسیان کام کار باشترە؟، فەرمووی (ادخال سرور علیهم) واتا خۆشیان بۆ بگێڕێتەوە شادبوونیان بۆ بگێڕێتەوە، چ لەوە باشترە ئێستا خەڵک لە سەرتاسەری کوردستان بەم ڕێکەوتنە دڵشادە، ئەوەی ئاوارەیە دڵشادە ئەوەی کە لە جێی خۆیەتی دڵشادە، وەکو برادەران ئاماژەیان بۆ کرد لەمەودوا میللەتی کورد و ئەزموونی کورد دوژمنیان زیاتر دەبێ هەوڵیان زیاتر دەبێت، لەبەر ئەوە دەبێت میللەتی کورد لەو کاتەی پەرلەمان ڕۆڵی خۆی بینیوە لەگەڵ پیرۆزبایی کردن لەو کەسانەی کەوا هاوبەشیان کردووە هەتا ئەم ڕێککەوتننامەیە و ئاشتییە دروست دەبێت، لەگەڵ پیرۆزبایی لە سەرۆک بارزانی کە هیچ کەمتەرخەمی نەکردووە و، هەموو ژیانی خۆی تەرخان کردووە بۆ ئەوەی ئاشتی سەرتاسەری بۆ کوردستان بچەسپێ، هەروەها ئەزموونەکەش بچەسپێ و، ئینشائەڵلا میللەتی کوردیش بە پەرلەمان و هەموو دەزگاکان و حزبەکان و کەسایەتی و، کرێکاو، قوتابی و، جوتیارو، ڕۆشنبیرانەوە هەوڵ بدەن کەوا پیلانی دوژمنان سەرنەکەوێت و، ئاشتی سەرکەوتوو بێت و، پشتیوانی خۆمان دەردەبڕین وەکو ئەندامێکی پەرلەمان کە هەمیشە بەتەنگ ئاشتییەوە بووە ئێمەش قوتابی ئەو ئاشتییەین و، پیروزبایی لە جەنابتان و سەرۆک بارزانی و، لە هەموو میللەتی کورد، لە هەموو لایەک کە بەشداری کردووە لە ئاشتییەکە دەکەین، هیواداریین کە سەرکەتوو بێت، وەکو قورئانی پیرۆز دەفەرمووێت ( لایسمعون فیها لغوا ولا تأثیماً الا قیلا سلاماً سلاماً)، ئومێدمان وایە کە خوای گەورە ئەم کوردستانە بکاتە جێگایەک کە هیچ تاوان و گوناه و ناڕێکییەکی تێدا دەرنەکەوێت هەر ئاشتی و سەرفرازی بۆ هەموو لایەک بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. مامۆستا مەلا محەمەد. مامۆستا مەلا موحسین فەرموو.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم (ولا تستوي حسنة ولا سيئة ادفع بالتي هي احسن فإذا الذي بينك وبينه عداوة كأنه ولي حميم). دیارە واتای ئەو ئایەتە ئێستا هەموو کەسێک کە بڕوای ئیسلامەتی جۆش کراوەو پەروەردە کراوە دەیڵێتەوە، پێویستە بیڵێتەوە و، هەموومان شادومانین بەوەی کە وەکو برایان و بەڕێزتان بەدرێژی باستان کرد ئەم ئاشتیە بەرەو چەسپاندنێکی باش بڕوات، سوپاس بۆ خوا شەڕ کۆتایی هات ئاشتیش لە قۆناغی سەرەتاییدایە ئومێد دەکەین بە هەموو لایەکمانەوە بتوانین چمکێک لەم ئەرکەی سەرشانمان جێبەجێ بکەین هەریەکە لە بواری پسپۆڕی و شارەزایی و لێهاتوویی خۆیدا بۆ ئەوەی بتوانین پیادەی بکەین و پشتگیری بکەین و بیخەینە سەرزەمینەی واقیعەوە و، لە کوردستاندا بیچەسپێنین، لێرەدا من بە پێویستی دەزانم ئەو قسانەی برایان کردیان دووبارەی نەکەمەوە تەنها ئەوە نەبێت لە پەرلەمانی کوردستانەوە بانگەوازێک بدەین بە گوێی هەموو زانایانی کوردستان و، هەموو مزگەوتەکانی کوردستان مینبەرو میحرابەکانی سەرجەم مەلاکانی کوردستان لە هەینیەکانی ئایندە بتوانن بیکەنە مینبەرێکی حەقبێژی بەرگری کردن لە ئاشتی و ئاشتیخوازی لەوەی کە قورئانی پیرۆز هەموو کاتێک مافی داوە بەوەی کە مافی لێ زەوت کرابێ، یان زاڵمتر بێ، یان خراپتر بێت چاکەخوازتر بێت مافی بەهەردوولایان داوە، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا فەرموویەتی (الصلح خير)، لە هەموو حاڵەتێکدا ئەوەی باس کردووە کە ڕێککەوتن و ئاشتی و ئاشتیخوازی دەبێتە خێرو پیادەکردنی سەروەری بۆ هەموو ئادەمیزادێک و، هەوڵدان بۆ ئەوەی کە مرۆڤ لە ئاسوودەیی خۆی ببینێتەوە، بۆیە ئێمەش وەکو مەلای کورد و، وەکو یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان پشت بەخوا لەم ڕۆژانە کۆبوونەوەیەکی گشتی لەناو شاری هەولێرو، هەموو شارەکانی تری کوردستاندا بۆ هەموو زانایانی کوردستان دەبەستین و، پەنا بەخوا هەوڵ دەدرێت لەسەرجەم مینبەرەکانی مزگەوتەکانی کوردستان ئەم ئاشتییە وەکو رووی واقیعی خۆی پیشانی ئەو خەڵکە بدرێ و، رووی دەمیشمان دەکەینە هەموو خەڵکی موسڵمانی کوردستان کە زۆر بەجدی و بایەخەوە ئەو بارە ببینن بزانن ئەوەی کە بەدوایدا گەڕاون ئەوەی کە ئەوان هەوڵیان بۆ داوە ئەوەی کە مایەی بەرژەوەندی هەتاهەتاییە بۆ خەڵکی کوردستانمان سەقامگیربوونی ئاشتییەکی سەربەرزانەیە کە هەموو مرۆڤێک ویستی و عیزەت و کەرامەتی تیایدا پارێزراو بێت هەموو مافەکانی تیایدا رەچاو بکرێت و، بە ئاشتی و ئاسوودەیی ژیان بەسەر بەرین خوا یارو هاوکاری هەموو لایەکمان بێت، السلام عليكم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس مامۆستا، کاک سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان لەپێشدا زۆر بەدرێژی قسەیان کرد لەسەر ڕێککەوتنامەکە و هەموو لایەنە باشەکانیان خستەروو، بەپشتیوانی خوا ڕێککەوتنامەی واشنتون دەبێتە خێروبەرەکەت بۆ کوردستان و، دەبێتە ڕێ خۆشکەر بۆ هەنگاوی باشتر بۆ داوارۆژی کوردستان، کە پێشبینی دەکەین بەپشتیوانی خوا ببێتە هۆیەک کە کۆگاکانی خواردن و دەرمان لە موسڵ و کەرکوک بێنە دهۆک و هەولێر کە حکومەتی هەرێم سەرپەشتی بکات. دووەم بەشی پارەی کوردستان لە بڕیاری (٩٨٦) هی پەروەردەو تەندروستی ڕاستەوخۆ بۆ کوردستان بێت پەنا بەخوا ئەمە ئایندەیەکی دوور نەبێت کە ئێمە نوێنەرمان هەبێت لە نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک سەفەر، فەرموو مامۆستا مەلا مەحمود.

**بەڕێز مەلا مەحمود دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خوای دلۆڤان، سڵاوی خواتان لێ بێت،لەڕاستیدا وەکو هەموو برادەران دیاریان کرد مرۆڤ چەندی هزر بکات و قسە بکات ناتوانێ تەعبیرەکی ڕاست و دروست و تەواو بۆ ئەم پێکهاتنە دەرببڕێت، چەندی بیلێین هەر زیاتری پێ دەوێت، چونکە چۆن ئاو پێویستە بۆ ژیان ئەمەش ئاوە بۆ ژیانی میللەتی کورد، کەبە کەسەرو کەدەرا هەموو زاناو دلبێش و خەمخۆری کورد لە پێش سێ سەد ساڵ تاکو ئێستا هەبوایەڕێککەوتنێکمان لەگەڵ ڕۆم و عەرەب و عەجەم هەموویان دەکرد..

ئێمە هەر چەندی بیلێین هەر کەمە، بەڵام ئەوەی ئێمە دەمانەوێ ئاماژەی بۆ بکەین دەربارەی پەکەکە من وا بیری لێ دەکەمەوە هەتا ئێستاش لەڕاستیدا ئاماژەی بۆ نەکراوە، چونکە لە زاری زۆر هێژا زاناو پسپۆڕا دەڵێن، پەکەکە گۆڕەپانی خەباتی خۆی گۆڕیوە، بەڵام ئێمە وای تێناگەین وانییە، پەکەکە هەر لە ڕۆژی دەسپێکردنی خەباتی سێ قۆناغی دەسپێکردییە، قۆناغی یەکەم تووش کردن و لاوازکردن و نەهێشتنی هێزی حزبەکانی کوردستانی لە کوردستانی تورکیا، ئەوەی بەجێهێنا ئەو قۆناغە تەواو بوو.

قۆناغی دووەم: چۆڵ کردن و وێرانکردنی کوردستانی تورکیا، ئەوەی بەدەستی خۆیان خراپی دەکەن، ئەوەی بەدەستی تورکیا خراپی دەکەن، بەیتێکی سەیدا خوالێخۆشبوو جگەرخوێن دەربارەی چینێکی دیاریکراو دەڵێت: «هەی تەرەس فەرقی چییە هاکو نەیار خار هاتە خوار». چ جیاوازی هەیە؟ پەکەکە خراپی کرد، یان تورک خراپی کرد؟ کوردستان هەر چۆڵ بووە ئەمە قۆناغی دووەم بوو.

قۆناغی سێیەم: ئەنجامی کۆبوونەوەی هەرسێ دێوی جیران پاش سەرهەڵدان تا پەکەکە بەتەواوی بەکاری خۆی هەستا هەر لەنێوان چەند کاتێکی کەمدا وەزیرەکانی دەرەوە کۆدەبنەوە. قۆناغی سێیەمی پەکەکە نەهێشتی ئەم دەستکەوتەیە کە بەخوێنی شەهیدانی کوردستان بەزانین وبەقوڵی وبەڕاستی ئومێدەوارین وبەو هیوایەین ئەو ڕێککەوتنە ببێتە دەرمان وچارە بۆ پوچەڵ کردنی پیـــلانی( P.K.K) وهاوەڵانی. لە کۆتاییشدا ئەم ئایەتە پیرۆزەی قورئان دەکەمە دیاری بۆ بەڕێزان جەناب وسەروەری کورد کاک مەسعودو مام جەلال تالەبانی کە تیایدا خوای پەروەردگار فەرموویەتی:-«ولاتنازعوا فتفشلوا وتذهب ريحكم»صدق الله العظيم. ئومێدەوارین پەندو دەرس لەوەی ڕابردووە وەربگرین، ئێمە هەمووومان بەهەموو شتێکەوە کە هەمانە دەکەینە قوربانی بۆ سەرکەوتنی ئەو ڕێککەوتنەو ئومێدەوارین هەر کەسێک ببێتە هۆی سست کردن یاخود پوچەڵ کردنەوەی یان لەناو بردنی ویان ڕێگە لێ گرتن ئەو ڕێککەوتنە خوای پەروەردگار بە گەورەیی خۆی نەفرەتی لێ بکات وببێتە دوژمنی وپشتی بشکێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئــەنجــــــوومــــــەن:**

کاک یونادەم فەرموو.

**بەڕێز یونادەم یوسف کنا/ وەزیری ئەشـغـــال:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئــەنجــــــوومــــــەن.**

پێشەکی پیرۆزبایی لە هەردوو سەرکردەی بەڕێزو لە خۆمان ولە گشت خەڵکی کوردستان وهەموو دۆستان دەکەم بەبۆنەی مۆرکردنی ئەو ڕێککەوتنەی نێوان هەردوو حزب. زۆر زۆر خۆشحاڵین کە ئەمڕۆ ئیرادەی ئاشتی سەرکەوت، زۆر جار بەبێ هەڵوێست تاوانبار کراބووین، بەڵام ئەوا دەرکەوت کە ئەم هەڵوێستە ڕاست بوو کە هەڵوێستی سێیەم بوو وزیاتر خۆشحاڵین کاتێ گوێمان لە بۆچوونی برادەران دەبێ وهیـــواداریـن برادەرانی (ی.ن.ک)یش هەمـــان بۆچوونیـــان هەبێ لەو پشتگیریە. هەموو حزب ولایەن ودۆستانیش هەمان هەڵوێستیان هەبێ بۆ پشتگیری کردنی ئەم ڕێککەوتنە. ئێمە هەروەک لەسەرەتاوە تاکو ئێستا هەمیشە ئامادە بووین بۆ ئاشتی و سوڵح کردن لە هەرێمدا چونکە تەنها ڕێگایە بۆ سەرکەوتن لەناو هەموو میللەتان. بۆچوونی ئێمە لە ڕاستیدا ئەوەیە کە لایەنەکان بیرو باوەڕی ڕاستەقینەیان هەبێ بە دیموکراتیەت و بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، قوتابخانەی دیموکراتیەت زامنی ئاشتیە وزامنی سلمە، ئەگەر ئێمە بیرو باوەڕمان بە دیموکراتیەت ڕاستەقینەبێت شەڕ نابێتەوە تەنها ڕێگە ئەوەیە دەبێ ئێمە ئەو ڕێبازەی دیموکراتیەت قوڵتر بکەین لەنێوان خۆمان بە هەموو لایەنەکانەوە قوتابخانەی ڕژێمی بەغدا کاریگەری نەک تەنها لەسەر حزبەکان بگرە کاری کردۆتە سەر هاووڵاتیانیش و هەموو مرۆڤێک لەو وڵاتە، دەبێ ئەم ڕێکەوتنە بنچینەیەکی تازە بێ بۆ دوارۆژێکی باش بۆ هەموو لایەک و دەبێ هەموومان بە پەرۆشەوە بین ورۆحی لێبوردنمان هەبێ ئەگەر خوانەخواستە کۆسپێک هاتە پێش بەوپەڕی پەرۆشیەوە، بەوپەڕی لێبوردەیی مامەڵەی لەگەڵ بکرێ تاکو بەسەری زاڵبین تاکو قۆناغەکانی ئەو

ڕێکەوتنە یەک لەدوای یەک جێبەجێ بکرێ تاکو ئەو ڕۆژەی هەڵبژاردنی داهاتوو هەروەک چۆن نەخشەی بۆ دانراوە سەرکەوتوانە بگاتە ئامانج.

لێرەدا تەنها تێبینیەکم هەبوو کاتێک ڕیزەکانی کورد یەک دەگرنەوە ئێمەش پیرۆزبایی لێ دەکەین، ناوی میللەتی ئێمە جیا جیا دەهێندرێ ئەوە جێگای نارەحەتیە و بە تەئکیدەوە میللەتی ئێمە بەو جۆرە بیرناکاتەوە کە کاریگەریەکی سلبی هەیە لە سەر ریزەکانی میللەتی ئێمە، هەر چۆن کورد حەز ناکات ناوی وەک کەم نەتەوە وەک یەزیدیەت بهێندرێ هەروەها میللەتی ئاشووریشدا، ئێمە لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢و هەروەها ساڵەهای ساڵیش لە خەباتدا لەگەڵ کورد بووینە، ئێمە وەکو ئاشووری بە هەموو بیروڕاکان جاسریان بێ کلدانی بێ مەشرقی بێ ئێمە زۆر پێخۆشحاڵ دەبین کە ئەم تێبینیە لە بەرچاو بگیرێ و لە داهاتوودا چارەسەر بکرێ، دووبارە پیرۆزبایی لە هەر دوو سەرکردەی بەڕێز کاک مەسعوود و مام جەلال تالەبانی و هەردوو حزب دەکەم بۆ ئەم ڕێککەوتننامە، ئومێدەوارین بە بڕوایەکی ڕاستەقینە موتمانە بەیەکتر بوون زیاتر بێتە پێش و مەحکەم تربێ، و ڕێکەوتنەکە ئامانجەکانی کورد بهێنێتەدی، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باوەڕناکەم ئەو ڕێککەوتنە بەو روحیەتە مۆرکرابێ کە ببێتە مایەی کەمکردنەوە لە مافی ئەو برایانەی کە لەگەڵ ئێمەدا دەژین، و زیاتر بۆ جێگیر کردنی ئەو مافەیە.

وابزانم بۆچوونی هەردوو حزب لەم بارەیەوە روون و ئاشکرایە لەوانەیە لە هەندێ جێگا وشەی ئاشووری یان کلدانی هاتبێ لە دەقی ڕێککەوتنەکە بۆ ئەوە نەهاتووە کە بکرێتە دوو میللەت ئەوە زاراوەیەکە لەناو ئەدەبیاتی سیاسی ئێمەو دەرەوەش بڵاوە خەڵکێک هەیە دەڵێ من ئاشووریم خەڵکێ هەیە دەڵێ من کلدانم لەوانەیە تێنەگەیشتنە کە لە تێکەڵ کردنی نەتەوەو کەمەنەتەوە بێ ئەوە لەناو ئێمەش تاکو ئێستاش خەڵکێک هەیە لە ئەدەبیاتی خۆی دەنووسێت کوردو ئێزیدو کوردی فەیلیش زیاد دەکەن ئەم بابەتانە لەوانەیە لە ئەدەبی سیاسی شیاو بێ، بەڵام لە بڕیاری بەرەی کوردستانیش بە روون و ڕاشکاوی ئاماژەی بەوە کراوە حەزیش دەکەی با من دەقی بڕیارەکە بخوێنمەوە کە تیایدا هیچ کەمکردنەوەیەک لە مافی برا ئاشووریەکانمان لێ بەدی ناکرێ. بەڵکو جێگیر کردنی ئەو مافەیە، و باوەڕ ناکەم ئێمەی کورد بوار بدەین بە خۆمان کە دووبەرەکی و ناکۆکی بخەینە نێوان نەتەوەکان، چونکە پێش هەموو شت لە بەرژەوەندی ئێمە نییە پێش ئەوەی کە لە بەرژەوەندی ئێوەدا نەبێت.

ئەگەر لە بیرتان بێ کاتی خۆی لە بەرەی کوردستانی بڕیارێکمان دا لەو بڕیارەدا بە ڕاشکاوی هاتووە:ـ

«عقدت الجبهة الكوردستانية يوم الاربعاء المصادف ٨/٤/١٩٩٢ أجتماعاً طارئاً بسبب الظروف الاستثنائية القاهرة، فقد أصدرت قرار يخص هذه الدورة الأنتخابية و حدها، يقضي بتخصيص «٥» خمسة مقاعد في المجلس الوطني الكوردستاني للأقلية القومية الآشورية لكافة

طوائفهم من (الكلدان الكاثوليك و الكنائس الشرقية الآثورية «النسطورية» و السريان و غيرهم) يجرى انتخابهم من قبل ابناء الشعب الآشوري في دوائر انتخابية خاصة بهم و بصورة ديموقراطية بما ينسجم و قانون انتخاب المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم «١» الصادر بتأريخ ٨/٤/١٩٩٢.

وئەگەر سەيرى ئەنجامەكانى هەڵبژاردنى ساڵى ١٩٩٢بكەين، ئەو ڕێژەيەى كە بۆ هەڵبژاردنى ئەو(٥) كورسييە دەنگيان داو بەراورد بكرێ لەگەڵ ڕێژەى دەنگدانى ئێمە وەكو كورد بۆ(١٠٠)كورسييەكەى ئەوە ئەرزو ئاسمانى لە ژمارەيا جياوازە. بۆيە لە ڕاستيدا دوو لايەنى سەرەكى ئەو ڕێكەوتننامەيەيان مۆر كردووە هەرگيز ناكرێ ڕێگە بدەن كە دوو بەرەكى بخرێتە نێوان ئەو نەتەوانەى كە لەگەڵماندا دەژين بەپێچەوانەوە ئەگەر وابايە ئەو(٥)كورسييەى كە دەنگدانى لەسەر كرا كە ڕێژەى هەر كورسييەك لە(٢) هەزار كەس ياخود كەمتريش بوو، لەكاتێكدا هەر كورسييەكى هەڵبژاردن كە بۆ كورد داندرا بوو(٣٠) هەزار كەس بوو، بۆيە هيوادارم بەو شێوەيە ئەو وشەيە وەرنەگيرێ چونكە دەستەواژەكە لەناو خەڵكى ئێمە روونە لاى ئێوەش روونە. ئەگەر لە ئەدەبياتى سياسى ئاشوورى يان كلدانيك هاتبێ، ئەوە دەستەواژەيەكە لەوانەيە ئێمە بەش بەحاڵى خۆمان تێبينيمان هەيە، ئێوەش تێبينيتان هەيە، خەڵكى تريش تێبينى هەيە، ئێمەش داوا لە براياني ئاشوورى بە هەموو مەزهەبەكانيەوە پشتگيرى خۆيان بۆ ئەم ڕێككەوتنە دەربڕن وئەو پەڕى هاوكارى وكۆمەككار وئەو پەڕى ئاسانكاربن بۆى چونكە ئێمە چارەنووسمان يەكە، ئێمە پێكەوە دەژين وپێكەوە ئەم ئەزموونە بنياد دەنێين، پێكەوەش سەرى دەخەين، وئينشاالله هيچ كاتێكيش كارێكي واش ناكرێ كە ئەوەى جەنابت ئاماژەت بۆ كرد سەر بگرێ، چونكە وابزانم هەر دوولامان وخەڵكى كوردستان لەوە وشيار ترن.

لە وتەى بەڕێزاندا هەندێ خاڵى سەرەكى هات، داوا كرا بەيانێك ياخود هەڵوێستێك پەرلەمان لەمەڕ ئەو ڕێككەوتنە دەرببڕدرێ، لەراستيدا پێشنيارێك(بەيانێك)هەيە ئەگەر بخوێندرێتەوە، ئەگەر كەم وكوڕيەكيشى تێدا بێت بتوانين دەستكارى بكەين بۆ ئەوەى ئەگەر دەنگتان لەسەر دا وڕەزامەنديتان لەسەر بوو ئەوە ئێمە وەكو هەڵوێست بڵاوى دەكەينەوە.

بە كورتى بەڕێزان ئەم ڕێككەوتنە دەستكەوتێك وسەركەوتنێكى گەورەيە ئەوەى كە بەباش زاندراوە وئەوەى بەباشى دەزانين لەو ڕێككەوتنەدا ڕەنگى داوەتەوەو جێگاى خۆى گرتووە چ بە نەهێشتنى شەڕى ناوخۆ چ بە جەخت كردنە سەر ئەم ڕێككەوتنە وەكو بەردەوام زنجيرەيەكە وێستگەيەكە(محطة)لەو هەولانەى كە پێش ئێستا دراوە، بەتايبەتى ئەم ڕێككەوتنە خۆى لەخۆيدا لە چوارچێوەى ئەم ڕێككەوتنە بووە كە لە ئەنقرە لە اكتۆبەرى (١٩٩٦)مۆركراوە، وهەر سێ وڵات

(ئەمریکاو بریتانیاو تورکیا) تیایدا بەشدار بوون زۆر بە راشکاوی ئەم ڕێککەوتنە جارێکی تریش ئاماژەی بۆ دەکەمەوە کە تەئکید کراوەتەوە لەسەر یەک پارچەیی خاکی عێراق، عێراقێکی دیموکراسی فیدراڵی کە مافەکانی گەلی کوردستان دەستەبەر بکا.
هەروەها ئەم ڕێککەوتنە ئالیەتێکی باشی بۆ جێبەجێ کردنی دروست کردووە چ لە لیژنەی تەنسیقی باڵا کە بڕیار دراوە ئەو لیژنەیە ئەرکی زیاتر ببێ بۆ ئەوەی روحی ئەم ڕێککەوتنە دەربڕێ. ئەم لیژنەیە تاکو ئەمڕۆش وەکو دوو وەفد دادەنیشتن لەمەودوا لیژنەی تەنسیقی باڵا پاش ئەوەی دەست دەکەین بەجێبەجێ کردنی ئەم ڕێککەوتنە بە ئومێدی خوا لە مانگی(١٠)دەی داهاتوو دەست پێ دەکات دەبێ بەیەک لیژنە ئەم لیژنەیە یەک سەرۆکی دەبێ وبەپێی ئەو زانیاریانەی بە دەستی ئێمە گەیشتوون سەرۆکی ئەو لیژنەیە بۆ سێ مانگی یەکەم لە برایانی (ی.ن.ک)دەبێ وشەش مانگی کۆتاییش لە برایانی پارتی دەبێ، ئەمیش بۆ ئەوەیە ئەم لیژنەیە وەکو یەک دەزگا تەعبیر لە روحی ئەم ڕێککەوتنە بکاو دەستنیشانی لێپرسراویەتی بکرێ وپێکەوە ئەم ڕێککەوتنە جێبەجێ بکەن، ئەم ڕێککەوتنە ململانێکەی یەکلا کردۆتەوە بە سندوقی هەڵبژاردن بۆ ئەمەش سەقفێکی کاتی داناوە بە ئومێدی خوا ئەویش سەرەتای مانگی تەمووزی ساڵی دادێ دەبێ، چونکە ئەم ڕێککەوتنە بە سێ قۆناغ تێپەڕ دەبێ، قۆناغی چەسپاندن وبەرەو پێشەوە بردنی پردی متمانە کە لەسایەی خواوە هەتا ئێستا زۆرمان لێ بڕیوە، کەمی لێ ماوەتەوە کەمەکەشی کە ماوەتەوە بەرەو پێشەوە بردنی قۆناغی ئاسایی وئاسایی کردنەوەیە تا ئەو رادەیەی بە حکومەتێکی هاوبەش دەکەین وپاشان لێک گرێ دانی پەرلەمانەو تەشکیل کردنی حکومەتێکی کاتیە کە متمانە لەو پەرلەمانە وەربگرێ وزەمینە خۆش بکات بۆ هەڵبژاردنێکی ئایندە ئەم ڕێککەوتنە چارەسەری هەموو داهاتەکانی هەرێمی کوردستانی کردووە، پاش دامەزراندنی حکومەت و هەڵبژاردن سەرجەم داهاتەکان دەگەڕێتەوە خەزینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و تا ئەو ڕادەی لە ڕێگای لیژنەی تەنسیقی باڵاوە پاشان لەڕێگای پەرلەمان حکومەت تۆژینەوەی باری ئەو ناوچانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی برایانی (ی.ن.ک) دایە دەکرێ دوایی بەراورد کردنی داهات و خەرجیەکانیان، ئەو توانایانە تەرخان دەکرێن بۆ ئەوە لەلایەن پارتیەوە ئەو کەم وکورتیانە دابین بکرێن و پڕبکرێنەوە لەو ڕوانگەی کە خەڵکی کوردستان یەکن و هەر بۆ ئاگاداری بەرێزیشتان لەوەیە پێش ئێستاش لەلیژنەی تەنسیقی باڵاش ئاماژەمان بۆ کردبێ، کاتی خۆی بابەتی کۆمەک و هاوکاری کردنی بارودۆخی ئەو ناوچانەی کە لەژێر کۆنترۆڵی برادەرانی (ی.ن.ک) دایە پێش ئێستاکە دراسەت کراوە و هەنگاویشی بۆ هاوێژراوە، چەند جاریش دەست پێشخەری لەم بارەیەوە کراوە بەئومێدی خوا بەپێی ئەو ڕێکەوتنە ئەمە ڕێک و پێک تر وبە

بەرنامەتر دەبێ و بەپێی کۆمەڵێک بەرزەفتی کە هەردوولا لەسەری کۆکن جێبەجێ دەکرێ و ئەم گرفتەش چارەسەر دەکرێ.

هەڵوێست بەرامبەر بریاری (٩٨٦) تاکو ئێستا باش رۆیشتووە و بێگومان لەمەودوا بەرەو باشتریش دەڕوا و بۆچوونێکی واش هەیە کە بتواندرێت لە داهاتوودا نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان نوێنەری خەڵکی کوردستان لەو جێگایانەبێ کە پێویست بکات یان پەیوەندیدارە بە شێوەی جێبەجێ کردنی ئەم بریارە.

و هەروەکو باسمان کرد حکومەتی کاتی داهاتوو، پەرلەمان لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی ساڵی ١٩٩٢ دەبێ و ئەم رێککەوتنە، چەند جاریش بەتایبەتی لەلایەن بەرێزان جەنابی بارزانی و جەنابی تاڵەبانی تەئکیدی لێکراوەتەوە کە زەرەری بۆ هیچ وڵاتێک یان لایەنێک نییە.

بەڵکو ئەم چارەسەر کردنی کێشەیەکی ناوخۆی خۆمانە، بەپێچەوانەوە ئەم رێککەوتنە دەبێتە مایەی دابینکردنی ئاسایش وئەمنیەت و ئاسوودەیی لە ناوچەکەدا کە ئەمەش داواکاریەکی نەک تەنها گەلی کوردستانە بەڵکو داواکاریەکی گەلانی ناوچەکەیە، وسیاسەتێکی گشتی نێودەوڵەتیەو سیفەتێکە لە سیفەتەکانی عەولەمەی ئەو سەردەمە..

لە بارەی(**P.K.K**)شەوە زۆر قسە کراوە،(**P.K.K**) وەکو ئامرازێک تاکو ئێستاش دژی ئەم کیانە کار دەکات، بە راشکاوی جێگیر کراوە، دیسان دووپاتی دەکەمەوە، ئەگەر ئۆجالان راست دەکات، وەک چەند جار دووپاتی کردۆتەوە وگوتوویەتی ئەگەر داوام لێ بکرێ ئەم وڵاتە بەجێ بهێڵم، ئەوە بەجێی دەهێڵم، ئەوە رێککەوتین و ئەوە خەڵکی ئێمە ئەوە هەموو ئەو لایەنە کوردیانەی کە پشتگیری لەو رێککەوتنە دەکەن، بە(**P.K.K**)دەڵێن نابێ هیچ پەناگەیەکت لەم وڵاتەدا هەبێ چونکە تۆ ئەرکی نا مەقەدەست ئەوە بووە ئەو کیانە نەهێڵی. وەک بەرێزان کاک فرەنسۆ ومەلامحمود وبرادەرانی تر زۆر بەجوانی ئەم خاڵەیان روون کردەوە.

بەرێزان ئەوە بە کورتی وبەچری ناوەرۆک وئامانجی ئەم رێککەوتنەیەیە کە هەموو لایەکمان وەکو کوردیان وەکو ئەو برایانەی کە لەگەڵماندان لەم وڵاتەدا وەکو دۆستانی کورد بەگەرمیەوە پێشوازی لێکراوە، وئەمە سەرکەوتنێکی ئەم قۆناغە نوێیەی ئێمەیە.

زۆر لەبرادەران داوایان کرد ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان پاش ئەم گفتوگۆیە هەڵوێستێکی رەسمی نیشان بدەین، وابزانم پێشنیارێکیش هەیە وەکو بەیانێک و وەکو هەڵوێستێک ئەگەر کاک ئەحمەد سالار بۆمانی بخوێنێتەوە پاشان ئەگەر چ تێبینیەک هەبوو زیاد بکرێتە سەری ئەگەر دەنگتان لەسەر دا ئێمە وەکو سەرۆکایەتی بڵاوی دەکەینەوەو بۆ ئەو جێگایانەی دەنێرین کە پێویستە. کاک ئەحمەد بابفەرموێ.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

# (بەیان)

پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەسەرپەرشتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێکهاتن بۆ کۆتایی هێنان بەو شەڕەی کە لە ساڵی ١٩٩٤ـەوە لە نێوانیاندا هەڵگیرساوەو، بۆ ئەوەی ئاشتییەکی دادەوەرانەی سەرتاسەری بهێننە کایەوەو، پێکهاتنەوەیەکی نیشتمانیی ئەنجام بدەن و، ڕەوشەکە بەرەو هێورکردنەوە بەرن و، پەرلەمان کۆبکەنەوە سەریەک و، حکومەتێکی ئیئتیلافی کاتی پێک بهێنن، کە جێگای متمانەی خەڵکی بێ و، کاری یەک خستنەوەی ئیدارە بێ لە کوردستان داو، پێداویستییەکانی ئەنجام دانی هەڵبژاردنێکی ئازادو دیموکراسیانە بۆ خولی دووەمی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەستەبەر بکات.

بەیانی کۆتایی ڕێککەوتنی ئاشتبوونەوە لەڕۆژی ١٩٩٨/٩/١٧ لەلایەن هەریەک لەبەڕێزان مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و دێڤید وێلش جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکاوە مۆرکرا.

ئەم ڕێککەوتنە بەهەنگاوێکی گرنگ دەژمێردرێ بەرەو سەقامگیرکردنی ئاشتەوایی و ئاسایی کردنەوەو ئیدارەیەکی یەکگرتوو، هەروەها بە هۆکارێکی ئیجابی گرنگ دەژمێردرێ لە هەوڵدانی دەوڵەتان، کە ئامانجی بەدیهێنانی ئاشتی و ئارامییە لەناوچەکەدا.

مۆرکردنی ڕێککەوتننامەکەو ئاشکرا کردنی هێڵە سەرەکییەکانی جێگای شانازی پەرلەمانی کوردستانە، کە هەوڵی داوە هەموو تواناکانی لەڕێگای بەدیهێنانی ئاشتی و چەسپاندنی ڕەوایی دا «شرعیە» بخاتە گەڕ.

بەم بۆنە پیرۆزەوە سوپاس و ڕێزی خۆمان بۆ هەموو ئەوانە ڕادەگەیەنین کە بەشدارییان لەئەنجامدانی ئەو ڕووداوە گەورەیەدا کردووە لەتاکەکەس و کۆمەڵ وڕێکخراو و حیزبەکان لەناوەوەو دەرەوەدا، هەروەها هەموو ئەو لایەن و دەوڵەتانەی کە بە دڵسۆزیی و پێداگرتنەوە لەم بوارەدا کاریان کردووە، جێگای ڕێز و ستایشی ئێمەنە.

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق پیرۆزبایی لەبەڕێزان مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی و شاندە یاوەرەکانیان دەکات، لەهەمان کاتدا پەرلەمان ئەم لێبوردەییەو هەست کردنە بەرزە بە لێپرسراویتی و، بەلاوە نانی ناکۆکییەکان بۆ گەیشتن بەم ئەنجامە گەورەیەی بەلاوە کارێکی بەرزو پیرۆزە، کە هیوایەک بوو گەلەکەمان و دۆستەکانمان چاوەڕوانیان دەکرد، پەرلەمانی کوردستان ڕۆڵی لیژنەی باڵای تەنسیقی نێوان هەردوو حیزبی لەبەر چاوە کە بەئەرکی گەورە هەستاون بۆ بنیادنانی موتمانەو چەسپاندنی ئاگربەست و هێورکردنەوەی ڕەوشەکە بەجۆرێکی وا کەخزمەتی ڕێڕەوی ئاشتی بکات.

پەرلەمانی کوردستانی عێراق بەچاوی ڕێزەوە دەڕوانێتە ئەو دڵنیاکردنەوانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە لەسەر زاری گەورە لێپرسراوان لە کۆنگرێس و، کۆشکی سپی و، وەزارەتی دەرەوەدا، بۆ زامنکردنی ئارامی بۆ کوردستانی عێراق و بەردەوام بوونیان لە پاراستن و یارمەتییە مرۆییەکان و، ڕەچاوکردنی بەشی هەرێم لە بڕیاری ٩٨٦و هاریکاری لە ئامادەکردنی پێداویستییەکانی هەڵبژاردنی گشتیی خولی دووەم، بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، ئەو هەڵوێستە ڕەسمییە لەم ئاستەدا، موتمانەو دڵنیابوونمان بەم ڕێککەوتننامەیەو سور بوون لەسەر جێبەجێکردنی زیاتر دەکات. ئەم ڕێککەوتنە زامنێکە بۆ دوا ڕۆژی هەرێم و دوا ڕۆژی دیموکراتیەت و مافی مرۆڤ و فیدرالیزم لە کوردستانی عێراق دا.

پەرلەمانی کوردستان داوا لە گەلی کوردستان و هێزە سەرەکییەکانی دەکات، لەتەک سەرکردەو دەزگا دیموکراتییەکان لە پەرلەمان و حکومەت بوەستن و بە هەموو هێزیانەوە پشتیوانیی لەو ڕێککەوتنە بکەن، بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی گەلەکەمان و ڕێزگرتن لە قوربانییەکانی و شەهیدە سەربەرزەکانی و داهاتووی قەوارەکەمان لەچوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی فیدرالی یەکگرتوودا.

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق**
**١٩٩٨/٩/٢٢**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
ئەوە دەقی ئەو پێشنیارە بوو ئەگەر چ تێبینیەک لەسەر ئەم دەقە هەبێ، شێخ جەعفەر و کاک د.ڕزگار، کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**شـێخ جـەعـفـەر عـەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

تێبینی من لەسەر ئەو ڕستەیە بوو کە پەیوەندی بە ئایندەی پەرلەمانەوە هەیە وەک هاتووە دەڵێ (ڕەوشەکە بەرەو هێورکردنەوە بەرن و پەرلەمان کۆبکەنەوە سەریەک...) بەباشی دەزانم کە بگوترێ (کورسیەکانی پەرلەمان پڕبکرێنەوە...)، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس کاک شێخ جەعفەر، ببوورن هەموو بەیاننامەکەم خوێندەوە لەیەک شوێن باسی تیرۆرستانی (P.K.K) نەکراوە، بەلایەنی کەم ئاماژەیەکی بۆ بکرێ کە ئەوان ئاواتی دژی ئێمە ئەنجام دەدەن، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فـرەنسـۆ تـۆمـا هـەریری:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

وەکو کاک د.رزگار نەک تەنها ئەوەی(P.K.K)بێتە خاڵێک هەموو ئەو پێشنیارانەی کە کراون لەمەڕ ئاراستە کردنی بەیانەکە هەموو وەک زنجیرە زیاد بکرێتە سەری، یەک لەوانە(P.K.K)ریسواو مەحکوم بکرێ وداوا بکرێ لێرە نەمێنێ ئەگەر چی تریش هەیە زیاد بکرێ ناکرێ بۆ هەر کەسێ بروسکەیەک بنێرین، بابەیاننامەکە گشتگیر بێ، لیژنەیەک پێک بێ بۆ زیادکردنی ئەم شتانە ئەوە یەک، دووەم من پشتگیری کاک عەبدولخالق دەکەم من پێم وایە ڕێککەوتنەکە لە دان پێدانانی کلنتۆن گرنگتر نییە کە بۆ هەموو دونیا بەرچاو خرا حەقە ئەویش بەرچاو بخرێ، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

کەس نەی گوتووە ناخرێتە روو بەڵام برادەران نەهاتوونەتەوە، باوەڕ ناکەم نهێنیەکی تێدا بێ کە بڵاو نەکرێتەوە.. کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عـەبدولخالق مـحـەمـەد رەشـیـد زەنگەنە:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

پێشەکی بەیانەکەم کەمێ بەدڵ نەبوو چونکە بەشێوەیەکی وا چووەتە ناو باسەکە بەڕای من تەواو نییە، با ئێمە ڕاستەوخۆ بچینە ناو بابەتەکەوە وەکو پەرلەمان وەک... لەڕۆژی فلان ڕێکەوتنێک بووە ئینجا بچینە ناو بابەتەکە، ئەوە سەبارەت بەپێشەکیەکە دووەمیش: من پشتگیری ئەو برادەرانە دەکەم کە ئەولایەنانەی ئەبنە کۆسپ لەڕووی ئەم ڕێککەوتنەمان، زۆر بەروونی بیلێین، تەنها(P.K.K) نییە لەوانەیە لایەنی تریش هەبێ داواش بکەین کە ئەم لایەنانە ریسوا بکرێن ئەگەر هاتوو لەبەردەم ئەم ڕێکەوتنە ڕاوەستان کە داواکاری گەلەکەمانەو داواکاری گشت ئاشتی خوازێکە لەو دنیایەدا بۆیە ئەگەر بکرێ ئەو دوو تێبینیە ڕەچاو بکرێ، ئەگەر داڕشتنی بەیانەکە باشتر بکرێت باشترە، من لەگەڵ کاک فرەنسۆم کە لیژنەیەک بۆ داڕشتنەوەی بەیاننامەکە پێک بهێندرێ لەبەر ئەوەی ئەمە بەڵگەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، باشە ئێمە لیژنەیەک لەدوو سێ برادەر دەستنیشان دەکەین، بۆ ئەوەی بە بەیاننامەکەدا بچنەوە، دوای ئەم تێبینیانە ئەگەر لەسەری ڕازین دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟..سوپاستان دەکەین..کێ لەگەڵ نییە؟..کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، کە ئەم هەڵوێستە بلاو بکرێتەوە، دوای ئەوەی یەک دوو برادەر دەسنیشان دەکرێن تا بە بەیاننامەکەدا بچنەوە، ئەگەر لارییەک نەبێ ئەوە کاک فەرسەت و کاک عەبدولخالق و کاک ئەحمەد سالار دەسنیشان دەکەین.

تاکو بە بەیاننامەکەدا بچنەوە و شێوازی کۆتایی خۆی وەربگرێت، سوپاس ئەم برگەیەش تەواو بوو. دوو برگەی تر ماوە تەنها خوێندنەوەی دوو سێ پرۆژەیە تەواوی ئەکەین دوایێ دێینە سەر، خاڵی دووەم: خوێندنەوەی پرۆژەی سێیەمی هەموارکردنی ساڵی ١٩٩٨ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو، ئەو پرۆژەیە بخوێندرێتەوە بۆ ئەوەی ڕەوانەی لیژنەکانی بکەین. فەرموو کاک فەرسەت.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**بأسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان العراق**

استناداً لاحكام المادة(٩٤) من النظام الداخلي للمجلس الوطني لكوردستان العراق المعدل وبناءً على ماعرضه(رئيس المجلس) شرع المجلس بجلسته المنعقدة بتأريخ //١٩٩٨ القرار الأتي:-

**التعديل الثالث للنظام الداخلي للمجلس الوطني**
**لكوردستان العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢**
**المعدل**

**اولاً:-** تعدل الفقرة (٢) من المادة الحادية والسبعين من النظام الداخلي للمجلس الوطني وتقرأ كالأتي:-

(توزع مشروعات القوانين والقرارات التي ترد إلى المجلس مع لائحة اسبابها الموجبة على الاعضاء وتتلى خلاصتها في اول جلسة دون مناقشة ومن ثم تحال الى اللجنة المختصة).

**ثانياً:-** يعمل بهذا القرار من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**جوهر نامق سالم**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان - العراق**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشتریش زۆر باسمان کردو وتمان گرفتێک لە (بڕگە(٢)ی مادده(٧١)ی پێرەوی ناوخۆدا هاتووە ئەویش کێشەی دەنگدان بوو لەسەر پرۆژەیەک بێ گفتوگۆ کردن، دەنگدانیش بێ گفتوگۆ ڕازی بوون و ڕەتدانەوەش دەگرێتەوە. بۆیە وا بزانم شتێکی تۆزێ لەنگ دەبێت مرۆڤ شتێک قەبووڵ بکات یان شتێک رەت بکاتەوە بێ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکا، لە راستیدا ئەوەمان تیادا لابردووە، تەنها ئەوەیە، ئەوی تر ماددەکە وەکو خۆی ماوەتەوە، کاتی خۆشی بەسەریدا تێپەربووین، دەبوایە ئاگامان لەو بڕگەیە هەبوایە، وەکو جارەکەی تریش مرۆڤ لە پیادەکردنی هەر شتێک گوتمان باشە کە ئەو لایەنەی بۆ دەرکەوێت کە لەوانەیە ببێتە کەم و کورتیەک لە ئیشەکەیان، بەپێی پێرەوی ناوخۆ بۆ ئاراستە کردنی (ناردنی) بۆ لیژنەکان، دەخرێتە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟ سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕایی دەنگ پەسند کرا، سوپاستان ئەکەین. دانیشتنی ئەمڕۆمان لێرەدا کۆتایی پێدێ، بەیانی کاتژمێر(١٠) کۆدەبینەوە.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# بەیان

لەرۆژی١٧/٩/١٩٩٨ دا هەریەک لە بەڕێزان مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و جەلال تالەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بەناوی حزبەکانیانەوە و، بەڕێز دێڤید وێلش جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕێککەوتننامەیەکیان مۆرکرد، کە ئەو کوشتارەی لەساڵی ١٩٩٤ـەوە لەنێوانیاندا هەیە بەکۆتایی بهێنن و ئاشتییەکی دادوەرانە و گشتگیر و پێکهاتنەوەیەکی نیشتمانیی بهێننەکایەوە و ڕەوشی کوردستان بەو بارەدا ببەن کەپەرلەمان کۆبکرێتەوە سەریەک و حکومەتێکی کاتی ئیئتیلافی پێک بێت، کە جێگەی موتمانەی بێت، کاری ئەوە بێت کە ئیدارە لەکوردستاندا یەکخاتەوەو پێداویستییەکانی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازادو دیموکراسییانە بۆ خولی دووەمی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەستەبەر بکات.

ئەم ڕێککەوتنە بەهەنگاوێکی گرنگ دادەنرێت بەرەو سەقامگیرکردنی ئاشتەوایی و ئاسایی کردنەوەو ئیدارەیەکی یەکگرتوو، هەروەها بە هۆکارێکی ئیجابی گرنگ دەژمێردرێ لە هەوڵدانی دەوڵەتان، کە ئامانجی بەدیهێنانی ئاشتی و ئارامییە لەناوچەکەدا.

مۆرکردنی ڕێککەوتننامەکەو ئاشکرا کردنی هێڵە سەرەکییەکانی جێگای شانازی پەرلەمانی کوردستانە، کە هەوڵی داوە هەموو تواناکانی لەڕێگای بەدیهێنانی ئاشتی و چەسپاندنی ڕەوایی دا «شرعیة» بخاتە گەڕ.

بەم بۆنە پیرۆزەوە سوپاس و ڕێزی خۆمان بۆ هەموو ئەوانە رادەگەیەنین، کە بەشدارییان لەئەنجامدانی ئەو ڕووداوە گەورەیەدا کردووە، لەتاکەکەس و کۆمەڵ و ڕێکخراو و حزبەکان لەناوەوەو دەرەوەدا، هەروەها هەموو ئەو لایەن و دەوڵەتانەی کە بە دڵسۆزیی و پێداگرتنەوە لەم بوارەدا کاریان کردووە، جێگای ڕێز و ستایشی ئێمەن.

بەم بۆنەیەوە داوا لەسەرکردایەتی «P.K.K» دەکەین کەچاوێک بەڕێباز و هەڵوێستی دوژمنکارانەی خۆی بەرامبەر بە ئەزموونی گەلەکەماندا بگێڕێتەوە و بەپیر بانگەوازی عەقڵ و مەنتیقەوە بێت و مەیدانی کوردستانی عێراق چۆڵ بکات و ڕێزی ئیرادەی گەلی کوردستان بگرێت، هەروەک زیاتر لە جارێک بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان ئامادەیی خۆی نیشانداوە هەرکاتێک داوای لێ بکرێت گۆڕەپانی کوردستانی عێراق جێ بهێڵێت.

وائێستاش گەلەکەمان لەسۆنگەی ڕێککەوتنی ئەو دوو حزبەوە و پشتگیری کردنی هەموو حزب و هێزە کوردستانییە ئاشتی خوازەکان ئەو داوایە دەکا و، داوای جێبەجێ کردنی ئەو بەڵێنەش لەو دەکات.

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق پیرۆزبایی لەبەڕێزان مەسعود بارزانی و جەلال تالەبانی و شاندە یاوەرەکانیان دەکات، لەهەمان کاتدا پەرلەمان ئەم لێبووردەییەو هەست کردنە بەرزە بە لێپرسراوێتی و، بەلاوە نانی ناکۆکییەکان بۆ گەیشتن بەم ئەنجامە گەورەیەی بەلاوە کارێکی بەرزو پیرۆزە، کە هیوایەک بوو گەلەکەمان و دۆستەکانمان چاوەڕوانیان دەکرد، پەرلەمانی کوردستان ڕۆڵی لیژنەی باڵای تەنسیقی نێوان هەردوو حزبی لەبەر چاوە کە بەئەرکی گەورە هەستاون بۆ بنیادنانی موتمانەو چەسپاندنی ئاگربەست و هێورکردنەوەی ڕەوشەکە بەجۆرێکی وا کەخزمەتی ڕێڕەوی ئاشتی بکات.

پەرلەمانی کوردستانی عێراق بەچاوی ڕێزەوە دەڕوانێتە ئەو دڵنیاکردنەوانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە لەسەر زاری گەورە لێپرسراوان لە کۆنگرێس و، کۆشکی سپی و، وەزارەتی دەرەوەدا، بۆ زامنکردنی ئارامیی بۆ کوردستانی عێراق و بەردەوام بوونیان لە پاراستن و یارمەتییە مرۆییەکان و، ڕەچاوکردنی بەشی هەرێم لە بڕیاری ٩٨٦و هاریکاری لە ئامادەکردنی پێداویستییەکانی هەڵبژاردنی گشتیی خولی دووەم، بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، ئەو هەڵوێستە ڕەسمییە لەم ئاستەدا، موتمانەو دڵنیابوونمان بەم ڕێککەوتننامەیەو سور بوون لەسەر جێبەجێ کردنی زیاتر دەکات. ئەم ڕێککەوتنە زامنێکە بۆ دوا ڕۆژی هەرێم و دوا ڕۆژی دیموکراتییەت و مافی مرۆڤ و فیدرالیزم لە کوردستانی عێراق دا.

پەرلەمانی کوردستان داوا لە گەلی کوردستان و هێزە سەرەکییەکانی دەکات، لەتەک سەرکردەو دەزگا دیموکراتییەکان لە پەرلەمان و حکومەت بووەستن و بە هەموو هێزیانەوە پشتیوانیی لەو ڕێککەوتنە بکەن، بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی گەلەکەمان و ڕێزگرتن لە قوربانییەکانی و شەهیدە سەربەرزەکانی و داهاتووی قەوارەکەمان لەچوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی فیدرالی یەکگرتوودا.

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق**
**١٩٩٨/٩/٢٢**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤)

## پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٩/٢٤

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤)

## پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٩/٢٤

*کاتژمێر(١١)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٩/٢٤ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا، دانیشتنی (چوارەم)ی خولی ئاسایی دووەمی سالی(١٩٩٨)ی خۆی بەست.*

*سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.*

*بەرنامەی کار:*

*بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێرەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی سالی ١٩٩٢ی هەموارکراودا، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە(١)ی ئاسایی خۆی لە کات ژمێر(١٠)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممەی ڕێکەوتی ١٩٩٨/٩/٩دا بەم شێوەیە بێت:*

*١. یەکەم خوێندنەوەی پرۆژەی یاسای دەرمالەی ناردنی (شاند) وسەفەرکردنی کارمەندان لەناو هەرێمدا.*

*٢. بەرچاوخستن و گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە(١١)ی سالی ١٩٩٢.*

*٣. بەرچاوخستن وگفتوگۆکردن لەسەر یاسای خانەنشین کردنی بەڕێزان ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.*

*٤. گفتوگۆکردن لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی بالا دەربارەی ڕەوشی پەروەردە لە هەرێمدا.*

*٥. یەکەم خوێندنەوەی پرۆژەی سێیەم هەموارکردنی سالی ١٩٩٨ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی سالی ١٩٩٢ی هەموار کراو.*

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکات، دانیشتنی ژمارە(٤)ی ١٩٩٨/٩/٢٤. ناوی ئامادەبوان بەپێی ئەو لیستەیە کە پێش هەر

دانیشتنێک ئەنجوومەن، دیتە بەر دەستتان تۆمار دەکرێت لە کۆنوسی دانیشتنە بۆ ئاگاداری بەڕێزان.

بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان پێنج خاڵە:

١. یەکەم خوێندنەوەی پرۆژەی یاسای دەرماڵەی ناردنی (شاند) وسەفەرکردنی کارمەندان لەناو هەرێمدا.

٢. بەرچاوخستن و گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی یاسای یەکەم هەمووارکردنی یاسای وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە(١١)ی ساڵی ١٩٩٢.

٣. بەرچاوخستن وگفتوگۆکردن لەسەر یاسای خانەنشین کردنی بەڕێزان ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.

٤. گفتوگۆ کردن لەسەر راپۆرتی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا دەربارەی رەوشی پەروەردە لە هەرێمدا.

٥. یەکەم خوێندنەوەی پرۆژەی سێیەم هەمووارکردنی ساڵی ١٩٩٨ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو.

خاڵێکی تریشمان هەیە، پرۆژەیەکمان هەبوو لەدانیشتنی پێشو خوێندرایەوەو هەواڵەی لیژنەی تایبەتمەند کرا، ئەویش یەکەم خوێندنەوەی سێیەم هەمووارکردنی پێڕەوی ناوخۆ بوو ئەیخەینە گفتوگۆوە نوسخە لای لیژنەی یاساو لای بەڕێزانیش هەیە ئەویش بەخاڵێک بۆ ئەوەی بریارێکی لەسەر بدەن، واتا پرۆژەی سێیەم هەمووارکردنی ساڵی ١٩٩٨ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو.

بەخاڵی یەکەم دەست پێ ئەکەین ئەویش یەکەم خوێندنەوەی پرۆژەی یاسای دەرماڵەی ناردنی (شاند) و سەفەر کردنی کارمەندانە لەناو هەرێمدا، ئەو پرۆژەی کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە بەنوسراویان ژمارە( ) لە // پرۆژەکە کەم وکوری تێدا هەیە نە هۆکاری پێویست (الاسباب الموجبة) و، نە دیباجەی لەگەڵدایە، بۆیە لە لیژنەی یاسا وەکو هەموو پەیوەندی لەگەڵ وەزارەتی پەیوەندداریکات بۆ ئەوەی هۆکاری پێویست(الاسباب الموجبة) جێگیر بکرێ، ئێستاکە یەکسەر دەست بەماددەکان دەکەین ودەیخوێنینەوە، چونکە دیباجەی لەگەڵدا نییە با جەنابی سکرتێری ئەنجوومەن کەرەم کا دەست بە خوێندنەوەی بکات، کاک فەرسەت فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

«مخصصات الايفاد والسفر داخل الاقليم»

الهدف: رفع الغبن عن كاهل الموظف المكلف باداء مهمة رسمية في غير محل اقامته ومواكبة الاسعار السائدة حالياً في الاقليم...

- المشمولين بهذا النظام/ كافة العاملين في دوائر ومؤسسات الاقليم.

ويصنف لمنح المخصصات اعلاه كما يلي :-

١- الصنف الاول : السادة الوزراء/

٢- الصنف الثاني : اصحاب الدرجات الخاصة وقضاة محكمة التمييز والمستشارون العاملون في رئاسة مجلس الوزراء ودواوين الوزارات والمدراء العامون ومنهم بدرجتهم ومن يشغلون هذه الوظائف وكالة.

٣- الصنف الثالث: الموظفون الذين يتقاضون راتباً«اسمياً» قدره(٢٥٤/٥) دينار مائتان واربعة وخمسون ديناراً فأكثر من دون زيادة البرلمان.

٤- الصنف الرابع : الموظفون الذين يتقاضون راتباً«اسمياً» اقل من(٢٥٤/٥) دينار من دون زيادة البرلمان.

اولاً : استحقاق الصنف الاول من المخصصات :-

أ- تتحمل الخزينة كامل نفقاته استناداً الى المستندات الذي يقدمه على ان تكون مؤيدة من قبل السيد الوزير.

ثانياً : ١- استحقاق الصنف الثاني من مخصصات السفر :-

أ- يستحق اجور السيارة من مسكنه الى الكراج وبالعكس عند العودة.

ب - يستحق اجور السيارة كاملة من الكراج الى محل ايفاده وبالعكس عند العودة.

جـ - يستحق اجور السيارة من الكراج الى الفندق وبالعكس عند العودة.

د - يستحق اجور السيارة من الفندق الى الدائرة الموفد اليها وبالعكس طيلة مدة ايفاده.

٢- استحقاقه من مخصصات السكن والاطعام والجيب :-

أ- يستحق السكن في الفنادق من الدرجة الاولى ويصرف له كامل الاجرة بموجب قائمة الفندق.

ب - يستحق اجور الاطعام بمعدل (١٠٠) ديناراً عن كل يوم.

جـ - يستحق مخصصات الجيب بمعدل (٥٠) ديناراً عن كل يوم.

ثالثاً : الصنف الثالث/

١- استحقاقه من مخصصات السفر.

أ- يستحق اجور السيارة من مسكنه الى الكراج وبالعكس عند العودة.

ب - يستحق اجور السيارة لثلاث مقاعد من الكراج الى محل ايفاده وبالعكس.

جـ - يستحق اجور السيارة من الكراج الى الفندق وبالعكس عند العودة.

د - يستحق اجور السيارة من الفندق الى الدائرة الموفدة اليها وبالعكس طيلة مدة ايفادة.

٢- استحقاقه من مخصصات السكن والاطعام والجيب :-

أ- يستحق السكن في فندق من الدرجة الاولى ويصرف له كامل الاجرة بموجب قائمة الفندق.

ب - يستحق اجور الاطعام بمعدل (٨٠) ديناراً عن كل يوم.

جـ - يستحق مخصصات الجيب بمعدل (٣٠) ديناراً عن كل يوم.

رابعاً: الصنف الرابع:

١- استحقاقه من مخصصات السفر:

أ- يستحق اجور السيارة من مسكنه الى الكراج وبالعكس عند العودة.

ب - يستحق اجور مقعدين للسيارة التي تنقله من الكراج الى المحل الموفد اليه وبالعكس عند العودة.

جـ - يستحق اجور السيارة من الكراج الى الفندق وبالعكس عند العودة.

٢- استحقاقه من مخصصات السكن والاطعام والجيب:

أ- يستحق السكن في فندق من الدرجة الثانية وتصرف له استناداً الى قائمة الفندق المقدمة من قبله.

ب - يستحق مبلغ (٨٠) ديناراً لغرض الاطعام عن كل يوم من ايفاده.

جـ - يستحق مبلغ(٢٠) ديناراً لغرض مخصصات الجيب عن كل يوم من ايفاده.

خامساً: اذا اوفد اثنان أو ثلاثة لمهمة واحدة ولمكان واحد فتصرف للجميع اجور سيارة كاملة فقط.

سادساً: يجوز للموفد استخدام سيارته الخاصة وتمنح له نفس الاجور الذي يستحقها بموجب هذا النظام.

سابعاً: يجوز سكن الموفد في غير الفندق المخصص لصنفه عند سفره مع مجموعة عمل تتطلب ظروفها السكن في فندق واحد وللاسباب التى يقتنع بما السيد الوزير أو رئيس الدائرة المختصة أو من يخولانه.

ثامناً: عند نقل موظف من وظيفته الى اخرى خارج حدود البلدية فله حق المطالبة بصرف نفقاته وتحويل عائلته لمدة لاتزيد عن تسعة اشهر من تأريخ نقله وكالاتي:

١- اجور السفر بالواسطة التى يستحقها والمطالبة بالنفقات الظرورية لنقله وعائلته من محل سكناه الى محل نقله اليها.

٢- نفقات نقل الامتعة الظرورية له ولعائلته.

٣- نفقات نقل اثاثه المنزلية ونفقات تغليفها.

٤- مخصصات لليلية(سكن واطعام ومخصصات الجيب) له فقط دون عائلته.

تاسعاً: يستحق المنسب أو المنتدب نفس المخصصات على ان لاتزيد عن(٦٠) ستون يوماً.

عاشراً: يستحق الموفد المخصصات الليلية اذا عاد الى مقر وظيفته بعد الساعة السادسة مساءً اذا كان قد امضى الايفاد ليلة واحدة على الاقل.

احدى عشر: في حالة استخدام سيارة الدائرة من قبل الموفد لايتم صرف مخصصات السفر اليه.

اثنا عشر: يستحق الموفد تقاضي المخصصات اذا اصيب بحادث اثناء مدة الايفاد اذا لم يكن بتقصير منه على ان يثبت من جهة رسمية مختصة ويتم صرف كامل الاستحقاق لحين عودته الى مقر وظيفته.

ثلاثة عشر: على الموفد تقديم قائمة بنفقات ومخصصات ايفاده (معززة بوصل الفندق فقط) خلال ثلاثون يوماً من تأريخ انتهاء مهمته. ويتم حسم مبلغ(١٠٪) من مبلغ القائمة كاملة لمن يقدمها بعد المدة اعلاه.

كما يتم حسم مبلغ(٢٠٪) من مبلغ القائمة كاملة لمن يقدمها بعد مدة ثلاثة اشهر ولاتصرف محتويات القائمة اذا قدمت بعد مدة ستة اشهر.

رابع عشر: لايشمل هذا النظام المشرفين التربويين الموفدين الى المدارس لغرض الاشراف في القرى والنواحي والاقضية التابعة لمحافظته بل يطبق عليهم النظام المعمول به الصادر من المجلس الاداري للمحافظة.

خامس عشر: يصادق على الصرف الوزير المختص أو رئيس الدائرة أو من يخولانه وله ان يحذف أو يخفض التي يقتنع انها غير حقيقية مع بيان الاسباب الداعية بذلك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو پرۆژەیە کە جەنابی سکرتێر خوێندیەوە، تەواو بوو دەیخەینە دەنگدانە بۆ ئەوەی ڕەوانەی لیژنە پەیوەندارەکان بکرێ، کێ لەگەڵە؟... سوپاستان ئەکەین...کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕایی دەنگ پەسند کرا سوپاستان ئەکەین.

خاڵی دووهەم لە پرۆگرامی ئەمڕۆمان بەرچاوخستن و گفتوگۆ کردنە لەسەر پرۆژەی یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە(١١)ی ساڵی ١٩٩٢. ئەگەر یەکێک لە برایانی لیژنەی یاساو یەک لە لیژنەی ڕۆشنبیری کەرەم کەنە ئێرە، جەنابی وەزیریش لێرەیە کاک ئەحمەد جەنابیشتان بفەرموون، ئێستاش ئەو پرۆژەیەی کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بەنوسراویان ژمارە( ) لە //١٩٩٨ ئاراستەی پەرلەمان کراوە دەربارەی ئەو هەموار کردنەی کە باسمان کرد لەلایەن لیژنەی یاساوە دەخوێندرێتەوە لەگەڵ(الاسباب الاموجبة) هۆکارە پێویستەکەی پاشان هەردوو لیژنە، لیژنەی یاساو ڕۆشنبیری ڕای خۆیان پیشان دەدەن دەربارەی ئەو بابەتە،پێش دەربڕینی ڕای لیژنەکان جەنابی وەزیریش ئەگەر تیشکێک بخاتە سەر ئەو گۆڕانکاریە لە هەموارەکە هاتووە پاشان دەرگای گفتوگۆ کردن لەسەر ئەم بابەتە ئەکەینەوە، دواتر دەیخەینە دەنگدانەوە فەرموو کاک حسێن .

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**المجلس الوطنى لكوردستان العراق**

رقم القرار:

تاريخ القرار:

**قرار**

استنادا الى احكام الفقرة(١) من المادة(٥٦) من القانون رقم(١) لسنة ١٩٩٢ وبناءً على ما عرضه وزير الثقافة ووافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /١٩٩٨ اصدار القانون الآتي:

**قانون رقم ( ) لسنة ١٩٩٨**

**قانون تعديل الاول لقانون وزارة الثقافة لاقليم كوردستان العراق**

**رقم(١١) لسنة ١٩٩٢**

المادة الاولى: تعدل الفقرة الثانية في المادة السادسة وتقراء على الوجه الاتي(للوزير استحداث ودمج و الغاء وفك ارتباط مديريات و اقسام و شعب جديدة عند الاقتضاء).

المادة الثانية: على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الثالثة: ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

الاسباب الموجبة

(نظرا لان وزارة الثقافة جيدة نسبيا والتي ظهر اثناء التطبيق بان بعض المديريات والشُعب واقسام الوزارة بحاجة الى دمج لنشاطه و طبيعة عمله او الى فك ارتباط او استحداث شعب واقسام جديدة ليتسنى تنظيم العمل وإدارته بشكل افضل).

ئەمە هۆکارە پێویستیەکانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ سوپاس پێش ئەوەی لیژنەی یاساو لیژنەی رۆشنبیری تێبینیەکانیان بخەنەروو ئەگەر جەنابی وەزیر چ روونکردنەوەیەکی هەیە بابفەرمووێ کاک فەلەکەدین فەرموو.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/ وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەزارەتی رۆشنبیری لەم دوو ساڵەدا لە کاتی جێبەجێ کردنی یاساکە و رێکخستنەوەی ئیداری وەزارەتەکە دەرکەوت کە لە هەندێ بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان هەندێ بەڕێوەبەرایەتی و هۆبە هەنە

شێوەی کاریان وەکو یەکە واتا دوو بەڕێوەبەرایەتی گشتیە، بەڵام لە هەردووکیان لە هەندێ کارە دابەش کراوە کە دەبێ ببن بەیەک، دیارە کاتی خۆی لەبەر بارودۆخی( ٥٠ بە ٥٠ ) بێ، یان لە بەر هەر شتێک بێت دابەش کراوە، پێویست ناکا دوو بەڕێوەبەرایەتی هەبێت، ئەتوانین دوو بەڕێوەبەرایەتیەکە بکەین بە یەک، ئەمە یان بۆ مەسەلەی لێک گرێدانەکە و هەروەها بۆ نموونە لەو یاسایەدا(الاستحداث) هاتبوو بەس هەندێ حاڵەت هێنانەکایە (استحداث) پێویست ناکات بەڵکو ترازاندنی پەیوەندی(فك الارتباط) ئەکات بۆ نموونە سینەما و شانۆمان هەیە سینەما لەگەڵ شانۆ دائیرەیەکە، بەڵام لە هەمان کات تەلەفزیۆنیشمان هەیە لە تەلەفزیۆنیش بەشی سینەما هەیە، دەتوانین بەشی سینەمای تەلەفزیۆن و بکەین بەیەک لە جیاتی ئەوەی دوو بەش جیاواز بێ، ئەمە لایەنی پاشەکەوتی بوودجە، هەندێ لە بوودجەمان بۆ پاشەکەوت دەکات، وە لەهەمان کات وەکو گووتم لە جیاتی ئەوەی تەنها (استحداث) بێت دەتوانین لێکیان بدەین دەتوانین هەندێکی (لەغو) بکەین بۆ ئەوەی دەستی وەزارەت بکرێتەوە بتوانێ سەرلەنوێ هیکەلی ئیدارەی وەزارەت بەشێوەیەکی ڕێک و پێک دابندرێتەوە، بەدووروودرێژی هۆکارەکانمان داوەتە ئەنجوومەنی وەزیران ئەوان لەوێ بە پەسەندیان زانی کە تەنها ئەو بڕگەیە لە یاساکەدا دەرج بکرێ ئەوەی خۆمان بیکەین، چونکە مەسائیلی ئیداری بچووکن، بێگومان تەنها لە چوارچێوەی بەڕێوەبەرایەتیەکان و خوارەوەیە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ناگرێتەوە لەبەر ئەوە بە پێویستمان زانی کە ئەم گۆڕانکاری و هەموارکردنە لە یاساکەدا داوا بکەین وە داوا دەکەین لە پەرلەمانی بەڕێز کە ڕەزامەندی بفەرموون لەسەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیری ڕۆشنبیری لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر جەنابی سەرۆک یارمەتیمان بدات دەقی ئەصڵی یاساکە پێش هەموار کردن دەخوێنمەوە مادده(٦) لە یاسای ژمارە(١١)بڕگە دوو دەڵێ:-

(للوزير أستحداث مديريات وأقسام وشعب جديدة عند الأقتضاء) ئەوە دەقی ئەصڵی یاساکەیە پێش هەموار کردنەکە، ئەو هەموار کردنەی ئێستا خوێندمانەوە لەسەر ئەو دەقە هاتووە، ئەو پرۆژە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری هاتووە. ئێستا ڕای لیژنەی یاسا دەخوێنینەوە.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

الى/ السيد رئيس المجلس الوطني المحترم

م/رأي لجنة

كتابكم المرقم(٢٤)في ١٩٨٩/٩/١٢نرفق طيا مشروع قانون التعديل الأول لقانون وزارة

الثقافة لأقليم كوردستان العراق رقم(١١)لسنة ١٩٩٢ بعد مناقشته من قبل اللجنة القانونية راجين التفضل بالأطلاع وعرضه على المجلس للمناقشة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە لیژنەی ڕۆشنبیری ئەگەر چ تێبینیەکی هەبێ بابفەرموون.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی ئەو ئەزموونە کە ئەزموونیش سەنگی مەحەکە، کە دەرکەوت و لە دووتۆی کارکردنی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێویستی بەوە کردووە ئەو گۆڕانکارییە بەبێ ئەو هەموارکردنە پەسەندە رایی کردنی کارو مەیسەر کردنی بەشێوەیەکی ڕێک وپێک دوور لە ڕۆتین وبە بەرژەوەندی کار کردن و وەزارەتەکە هەیە وە لە لایەنی داراییشەوە کاریگەرەو لایەنی بەکار هێنانی وزەی کادیرەکانیش بەو شێوەیە گونجاوترە بۆیە لیژنەی ڕۆشنبیری هەموارەکە بە پەسەند ورەوای ئەبینێ لەگەڵ ڕێزو سوپاسمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاستان ئەکەین ئەوەش رای هەر دوو لیژنەکە بوو واتا هەردوو لیژنە لەگەڵ ئەوەن کە ئەو هەموارکردنە جێگای خۆی بگرێت وە چ ڕاییکی دژ بەو هەموار کردنە نییە، بەڵام وەکو تێبینیەک پێمان خۆش بوو پرۆژەکان کە دەنێردرێ بۆ لیژنەکان بۆ ئەوەیە رای خۆیان لەسەری دەربڕن وەکو(الاسباب الموجبة)ی پرۆژەکە، هۆکاری، پەسند کردوە یان ڕەد کردنەوەیەک یان هەموار کردن... هتدی ئەو پرۆژەیە روون کەنەوە و ئێمەیش ئەندامان و خاوەن پرۆژەکەی کە دێ ئاگادار بکەینەوە.

بۆ جارێکی تر کە لیژنەکان رای خۆیان دەردەبڕن ئەمە ڕەچاو بکەن، کێ ئەیەوێ لەسەر ئەم بابەتە قسە بکات؟ ناونووسیان کەین تکایە دەستتان بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی بتان بینین ئەوانەی کە دەستیان بەرز کردۆتەوە بۆ قسە کردن، د. رزگار، کاک عەبدولخالق، کاک محەمەد سەعید یەعقوبی، کاک سەعید محەمەد سدیق، کاک جەمیل، د. ناسح، خوشکە فەوزیە خان، شەمائیل، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورن من تەنها دوو تێبینیم هەیە وەکو لیژنەی ڕۆشنبیری وجەنابیشتان گوتان لیژنەی ڕۆشنبیری و پەیوەندیەکان نەک لیژنەی ڕۆشنبیری، ئەوە یەک، دوو: برگەی (على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون) ئەوەتا تایبەتە بە وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ بگوترێ «على الوزراء المختصين» و نەگوترێ (على وزير الثقافة...)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.رزگار ئەوە برادەرانی یاسا، جەنابی وەزیریش لێرەیە تێبینیەکەت لەبەرچاو دەگرن، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی وەک چۆن سەرۆکی لیژنەی یاسا ئاماژەی پێدا لە ئەصلی یاساکە برگەی یەکەمی (استحداث) هەیە ، وەزیر هەقی هەیە (استحداث) بکا وە هەروەها من لەگەڵ ئەوەشم کە تێکەڵاوکردنەوەش لێکترازانی هەندێ بەڕێوەبەرایەتیش بکا، بەڵام لەغو کردنەوە بە بۆچوونی من ئەبێ پەرلەمان بیکاو لە دەسەڵاتی وەزیردا نییە، لەبەر ئەوەی کە هەندێ بەڕێوەبەرایەتیمان پێک هێناوە لەوانەیە هۆکارێکی پێویستی تایبەتی هەبێ، ئینجا ئەوە کێشەکە سیاسیە، نەتەوایەتیە، هەر شتێکە بەڕای من باشە بگەڕێنەوە بۆ پەرلەمان بۆ رەت کردنەوەی ئەما بۆ (استحداث) بدەی، لەغوکردنیش وەزیر دەیکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس من بۆئەوەی گفتوگۆکردنەکە تۆزێک، کورتر بکەینەوە نەوەک برادەرانی تر هەمان تێبینیان هەبێ، کە ئێمە دەسەڵاتمان دایە جەنابی وەزیر کە دەمجیش بکاو (استحداث)یش و لێکترازانیش (فك الارتباط) لغو کردن خۆی لەمانە دەبێت، کە دوو بەش یان بەڕێوەبەرایەتی دەمج دەکەی دەبێ یەکێکیان لغو بکەی وە ئەمە بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکانە ئەمە بۆ بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان نییە کاتی خۆشی ئێمە ئەم دەسەڵاتەمان داوە کە تۆ دەسەڵاتی دەمج و (استحداث) دا لغوش سروشتیە، واتە ئەم دەرئەنجامە (تحصیل حاصل)ـە ، کاک عەبدولخالق سوپاست ئەکەین، بۆ ئەو تێبینیە، کاک سەعید یەعقوبی با بفەرموێ.

**بەڕێز محەمەد سەعید یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم هەبوو یەکێکیان جەنابت باست کرد، ئەویش بابەتی هۆکاری پێویست (الاسباب الموجبة) بوو دووەمیشیان سەبارەت بە برگە یەک کە دەڵێت (للوزیر استحداث و دمج و فك أرتباط) بە رای من لەڕووی دارشتنەوە جوانترە بگوترێ (استحداث) ئینجا بگوترێ (إلغاء) دوای (دمج و فك أرتباط) بێ واتا بنووسرێ (استحداث و الغاء و دمج و فك أرتباط) نەک (استحداث و دمج و الغاء)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس ئەوە لایەنی جوانکاری و دارشتنەوەیە هیچ گرفتێک نییە، ئەگەر جەنابت ئەو تێبینییە بنێری بۆ لیژنەی یاساو لیژنەی رۆشنبیری و پەیوەندیەکان سوپاست دەکەین، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جـــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەوەی بەڕێز کاک حسێن علی کەمال خوێندیەوە تەنها ڕای لیژنەی ڕۆشنبیری بوو، ئەوەی وەزارەت ناتەواویەکی تێدایە. لێژنەی یاسا پاک نووسیشی کردووە بەداخەوە کاک حسێن تەنها ئەوەی لیژنەی ڕۆشنبیری خوێندەوە، چونکە لە پرۆژەکەی وەزارەتی ڕۆشنبیری دا هاتووە «وشعب جدیدة» وشـــەی (جـدیدة) دەبێ لابرێ، چونکە هۆبەی نوێ دروست دەکەی هۆبەیەک لغو دەکەی ئەو (الجـدیدة) لە پرۆژەکەی وەزارەت بە هەڵە هاتووە دەبێ لغو بکری هەروەک لەڕای لیژنەی یاسایدا بەتەواوی هاتووە ئەوە یەک، دووەم: د.رزگار فەرمووی بڕیارەکە تایبەتە بە وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ بگوترێ (علی الوزراء المختصین) بۆ نەگوترێ (علی وزیر الثقافة) ئەوەی لەپرۆژەکەدا هاتووە تەواوە، چونکە پرۆژەکـە پەیوەندیدارە بە وەزارەتی دارایش، کـاتی وەزارەتی ڕۆشنبـیـری (دمج) یان (استحداث) یان (لغو)ی بەڕێوەبەرایەتیەک دەکات کێ پارەی تێچوونی ئەم کارەی دەدات؟ بۆیە ئەوەی لە پرۆژەی وەزارەت و بە ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران هاتووە تەواو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

کاک د.رزگاریش بەم شتە قەناعەتی هات.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس، بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری فەرموو.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری ڕۆشنبیری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بە ڕای من (الوزراء)بمێنێت باشترە لە وشەی (الوزیر المختص)،تاوەکو ئامادە بێت، چونکە هەندی ئیشی ئێمە هەیە پەیوەندە بە وەزیری ناوخۆوە، یا بە وەزیری ڕۆشنبری، یاخود بە وەزیری گواستنەوە و گەیاندن، جا ئەگەر (الوزراء)بێت باشترە. سەبارەت بە وشەی (الجدیدە) دروستە، چونکە ئەم وشەیە مەعتوفە لەسەر نەک تەنها وشەی(الغاء)، بەڵکو(استحداث و دمج وفک الارتباط)ئەم وشانە هەمووی دەگرێتەوە، جا بۆیە دەبێت وشەی(الجدیدة)بمێنێتەوە و، ئەگەر گفتوگۆ کرا کە ئایا بۆ مافی هەڵوەشاندنەوەی هەبێت، یا نەبێت؟، خۆی کە تێکەڵت کرد دەست بەجێ یەکێک(الغاء)دەبێت و لادەبرێت. سەبارەت بەو بەڕێوەبەرایەتیانەی کە ئەندامەکان باسیان کرد، خۆی لە ڕاستیدا هەموو شتێک چەسپاوە، وەزارەت ناتوانێت لەو فەرمانانەی دەرچێت کە بۆی دانراوە. ئەرکەکانی وەزارەت چییە؟، ئەبێت بەڕێوەبەرایەتییەکان استحداثی، یا کردنەوەی پەیوەندی هەر شتێکی تر بێت کە لە سنووری دەسەڵات و ئەرکی وەزارەتدا بێت، چونکە نابێت بەڕێوەبەرایەتییەک لە یاسادا هاتبێت هەڵوەشێنرێتەوە، چونکە بەڕێوەبەرایەتی هەیە بە ناو هاتووە و، ئێمە دەڵێین ئەمە مەسەلەیەکی ئیداری بچووکە، بەڵام تەنها بۆ ئەوەیە کە زیاتر دەست تێوەردانی تیادا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری، لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کە وتراوە(علي الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القانون)سیغەیەکی گشتییە و بۆ هەموو یاساکان دووبارە دەبێتەوە، بابەتەکە بەخۆڕایی نەهاتووە، ئەوەی کە کاک جەمیل ڕوونی کردەوە لایەنێکی کەمی بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی بەرپرسێتی ئەنجوومەنی وەزیران(تزامنی)یە، هەموو وەزیرێک بەرپرسە لە ئیشوکاری ئەوانی تر، بۆ نموونە وەزیری ناوخۆ بەرپرسە لە ئیشوکارەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری لەسەر (قاعیدەی باسکال)لێپرسراوێتییەکە دابەش بووەتە سەر هەمووان، واتە هەموو وەزیرێک بەرپرسیارە لە ئیشوکارەکانی ئەنجوومەنی وەزیران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کە هاتینە سەر ماددە«٢» ئەوکاتە ئەم وەڵامەی بدەنەوە، لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کە د.رزگار باسی کرد، وەزیری ڕۆشنبیری و کاک جەمیل ڕوونیان کردەوە و، باوەڕ ناکەم پێویستی بە هیچ ڕوونکردنەوەیەکی تر هەبێت، کاک عەبدولخالق دەڵێت (صلاحيات البرلمان و الغاء)وابزانم ئەوەی دەسەڵاتی نوێ کردنەوە و تێکەڵاو کردنی بەڕێوەبەرایەتییەکی هەبێت، دەبێت دەسەڵاتی هەڵوەشاندەوەی هەبێت و، هەڵوەشاندەوە و تێکەڵاو کردنی بەڕێوەبەرایەتییەکان هیچ پەیوەندییەکی بە پەرلەمانەوە نییە، سەبارەت بە ڕایەکەی کاک سەعید یەعقوبیش کە دەڵێت وشەی (الغاء)بێتە پێش وشەی (دمج)، ئەگەر دوو بەڕێوەبەرایەتی تێکەڵ بوو دەبێت پاشان هەڵوەشێتەوە، کەواتە وشەی(دمج)دەبێت پێشی وشەی(الغاء) بکەوێت، بە ڕای لیژنەی یاسا ئەو داڕشتنە دروست ترە و پێویست ناکات دەسکاری بکرێت، ئەوەی کە کاک جەمیل باسی کرد لەسەر وشەی(الجديدة)ئێمەش لە داڕشتنەوەکەی لیژنەی یاسادا وتومانە(للوزير استحداث ودمج والغاء وفك ارتباط مديريات واقسام وشعب عند الاقتضاء)و ئێمە لە لیژنەی یاسادا وشەی (الجديده)مان هەڵگرتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ لیژنەی یاسا، کاک یونادم فەرموو.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێموایە نەک تەنها وەزیری ڕۆشنبیری، بەڵکو هەموو وەزیرێک بۆی نییە دەسکاری یاسای وەزارەتەکی بکات کە ئەو یاسایە پەرلەمان دایناوە، بەڵام وەزیر تەنها بەرپرسە لە دانانی نیزام و

سیستەمی وەزارەتەکەی خۆی، نیزامی وەزارەتیش واتە(فک ارتباط و الغاء و دمج) و، بۆ من چەند جارێک کێشە دروست بووە لەم بارەیەوە، چونکە هەندێ جێگا هەبووە کە لە ژێر دەسەڵاتی ئێمەدا نەبووە و، یا توانامان نەبووە، بۆ نموونە بەڕێوەبەرایەتی ئەشغالی کەرکوکمان نەبووە و، خۆمان دامانمەزراند(استحداث)، باشە لە لیژنەی یاسا دەپرسم بۆ ئەو دەسەڵاتە بە هەموو وەزارەتەکان دراوە کە دەسکاری دامەزراندن و تێکەڵاو کردن و هەڵوەشاندەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی خۆیان بکەن، بەڵام ئەو دەسەڵاتە بە وەزارەتی رۆشنبیری نەدراوە،؟ دیارە ئەو کەموکورییە لە یاساکەدا هەیە، ئەگەر جارێکی تر بە یاساکەدا بچنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەراستی ئەوە کەموکورییە لە یاساکەدا، بەڵام ئێمە لە خولی پێش ئێستادا بە نووسراو ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانمان کرد و، لەم خولەشدا دیسان دووبارەمان کردەوە کەوا ئێمە بەباشی دەزانین بە یاسای ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکاندا بچینەوە و، هەر وەزارەتێک بە یاساکەی خۆیدا بچێتەوە، تاوەکو بزانین چ مادەیەکی یاسایی دەستیان دەگرێت و گرفتیان لە جێبەجێ کردنی دا پەیدا دەبێت، بۆ ئەوەی بە رێگای یاسایی خۆیەوە بگاتە پەرلەمان و، ئێمەش لێرە لێی بکۆڵینەوە و، ئەگەر پێویستی بە هەموار کردن و هەڵوەشاندەوە بوو ئەوە هەموار ، یا هەڵیوەشێنینەوە، خۆشبەختانە وەزارەتی رۆشنبیری لە کاتی ئیش کردنیدا بەوەی زانی کەوا ئەم ماددەیە لێرەدا دەستی دەگرێت و، پرۆژەیەکی پێشکەش کردووە بۆ چارەسەر کردنی لەلایەن پەرلەمانەوە، ئێستاش هەر وەزارەتێکی تر دەزانێت یاساکەی بەردەستی دەگرێت و گرفتی بۆ دروست دەکات، ئەوە دەتوانێ پرۆژەیەک پێشکەش پەرلەمان بکات و، لێرەش بەو شێوەیە کە لە بەرژەوەندی گشتیدایە چارەسەر دەکرێت، بەڕێز کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەدواداچوونێکم هەیە سەبارەت بە قسەکانی بەڕێز کاک یونادم، لە هەموو یاسا وەزارەتەکاندا ماددەیەک هەیە کە دەڵێت:( علی الوزیر المختص اصدار النظام)، تاوەکو ئێستا هیچ وەزارەتێک پێڕەوی دەرنەکردووە و، ئێمەش کە لە پەرلەماندا لیژنەیەکمان دیاری کرد، یەکێک لە خاڵەکانی لیژنەکەمان ئەوە بوو کە تاوەکو ئێستا هیچ وەزارەتێک پێڕەوی دەرنەکردووە و، ئەوەشمان ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک فەلەکەدین فەرموو.

**بەڕێز فەلەکەین سابیر کاکەیی/ وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەوە بۆ«٩»مانگ دەچێت کەوا نیزامی وەزارەتی رۆشنبیریمان تەواو کردووە و، «٣»مانگیش

دەبێت کە ناردوومانە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، دیارە چەند وەزارەتێکی تریش تەواویان کردووە و، من بەوەزارەتەکەی خۆماندا هەڵنادەم، بەڵام ئەنجوومەنی وەزیران دەڵێن کەوا نیزامەکەی ئێمە لە هەموویان باشترە و، چەند گۆڕانکارییەکی بچووکی لەسەر دەکەن و بە یاوەری خوا بۆتانی دەنێرن و، راستە وەکو کاک یونادم وتی هەندێ شت هەیە کە پەیوەندیی بە نیزامەوە هەیە، بەڵام بە گشتی دەڵێم بۆ هەموار کردنی یاساکان، ئێمە لە یاسادا دوو جێگامان هەیە، یەکێکی بۆ ئەرکەکانی (مهام) وەزارەت و،ئەوی تریش بۆ هەیکەلی ئیدارەی وەزارەت، داوای هەموار کردنی ئەرکەکانی وەزارەت ناکەین و، لە هەموو وەزارەتێکیش کە ئەرک هەیە، بە پێی ئەرکەکانی هەیکەلی هەیە، کەواتە ئەگەر وەزارەت هەر گۆڕانکاریەکی کرد ئەوە بە گوێرەی ئەرکەکانی هەڵدەسنگێنرێت، ئەگەر لەگەڵ ئەرکەکانی نەگونجا، ئەوە کارەکانی وەزارەت دروست نییە و، ئەبێت هەیکەلی ئیداریەکەی لەگەڵ ئەرکەکانی وەزارەتدا بگونجێت و، ئێمە بە هیچ شێوەیەک دەسکاری ئەرکەکان ناکەین، بەڵکو زۆر رێکوپێکە و، لەوانەشە بۆ «٢٠»ساڵی تریش پێمان جێبەجێ نەکرێت، بەڵام لە کاتی جێبەجێ کردنی دا دەرکەوت کە پێویستی بە هەندێ رێکخستنی ئیداری دەبێت، بۆ ئەوەی ئەو ئەرکانە بەشێوەیەکی باشتر جێبەجێ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، با جارێکی تر لیژنەی یاسا ئەو دەقە یاساییەمان بۆ بخوێننەوە، تاوەکو بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الاولى: تعدل الفقرة الثانية في المادة السادسة وتقراء على الوجه الاتي(للوزير استحداث ودمج و الغاء و فك ارتباط مديريات واقسام و شعب جديدة عند الاقتضاء).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەم ماددەدایە؟..کێ لەگەڵ نییە؟..کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین. ماددەی دووەم.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الثانية: على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەسەر ئەم ماددەیە لەلایەن بەڕێز د.رزگارەوە پێشنیارێک هەبوو و، لەلایەن وەزیری رۆشنبیری و کاک جەمیل و لیژنەی یاساشەوە وەڵام درایەوە، ئەگەر چ تێبینییەکی تر نییە ئەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە رای من وشەی(المختصين) پێویست نییە، تەنها بڵێین: (على الوزراء)، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

جەنابی سکرتێر دەڵێت ئەوە وشەیەکی بەکارهێنراو پرۆتۆکۆلییە و لە هەموو یاسایەکدا ئەو بڕگەیە بەکـار دەهێنرێت، جـابۆیە ئێـمـەش لامـان نەداوە، کـەواتە دەیخـەینە دەنگدانەوە، کێ لەگـەڵ ماددە«٢»دایە؟..کێ لەگەڵ نییە؟.. کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز حـــــــسـێـن عــــــەلی کـــــەمـــــال:**

المادة الثالثة: ينفذ هذا القانون من التاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

مـاددەی «٣» ئەگـەر هیچ تێـبـیـنیـەکی لەسـەر نیـیـە دەیخـەینە دەنگدانەوە، کێ لەگـەڵ ماددە«٣»دایە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟..کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین.

ئێستا وەکو یاسا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم یاسایەدایە؟..کێ لەگەڵ نییە؟..بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، ئەم یاسایە تەواو بوو سوپاستان دەکەین، سوپاسی بەڕێز وەزیری رۆشنبیری.

دێینە سەر خاڵی سێیەمی بەرنامەی کارمان، کە ئەویش بەرچاو خستن و گفتوگۆ کردنی یاسای خانەنشین کردنی بەڕێزان ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری نەیتـوانی ئامـادە بێت بڕیارمـان دا کـە ئەم خـاڵە لە بەرنامـەی کـاری ئەمڕۆمـان دواخـەین بۆ دانیـشتنی ئاینده، تاوەکـو بەڕێز وەزیری دارایی ئامـادە بێت بۆ گـفـتـوگـۆ کردنی ئەم خاڵە، دێینە سەر خاڵی «٤»بەرنامەی کارمان، گفـتوگۆ کردن لەسەر راپۆرتی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی بالا، دەربارەی رەوشی پەروەردەی هەرێم، خاڵی«٥»یشمـان هەیە، کە لەسەر بەرچاوخستن و گفـتـوگـۆ کردن لەسەر پرۆژەی سێـیـەمی هەموارکـردنی سـاڵی ١٩٩٨ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشـتمانیی کوردستانی عێراق ژمـارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢، ئێمە خاڵی «٥» پێش دەخـەین بۆ ئەوەی پێـویـستی بە دەنگدان هەیە، جا ئێـستـا لیژنەی یاسا دەیخـوێنێـتـەوە و پاشان دەیخـەینە دەنگدانەوە، لەبەر ئەوەی ئەم خـاڵە لە بەرنامـەی کـاری پێشـوومـاندا نەهاتبـوو دەبێت لە سەرەتادا خاڵەکە بخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم خاڵە بخرێتە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمانەوە؟..کێ لەگەڵ نییە؟.. کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس لیژنەی یاسا با بفەرموون یاساکە بخوێننەوە.

**بەڕێز حـــــــسـێـن عــــــەلی کـــــەمـــــال:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**بإسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان العراق**

استنادا لاحكام المادة(٩٤) من النظام الداخلي للمجلس الوطني لكوردسـتـان العراق المعدل وبناءً على ماعرضه(رئيس المجلس) شرع المجلس بجلسته المنعقدة بتأريخ //١٩٩٨ القرار الأتي:

التعديل الثالث للنظام الداخلي للمجلس الوطني لكوردستان العراق
رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل
اولاً: تعدل الفقرة (٢) من المادة الحادية والسبعين من النظام الداخلي للمجلس الوطني وتقرأ كالأتي:
(توزع مشروعات القوانين والقرارات التي ترد إلى المجلس مع لائحة اسبابها الموجبة على الاعضاء وتتلى خلاصتها في اول جلسة دون مناقشة ومن ثم تحال الى اللجنة المختصة).
ثانياً: يعمل بهذا القرار من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کەس لەسەر ئەم ماددەیە تێبینی هەیە، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تاوەکو ئێستا پەیڕەوناوخۆ تازەکە بە دەستمان نەکەوتوو، ئەگەر بڕگەکە بخوێننەوە باشترە، تاوەکو بزانین جیاوازیەکە چییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە دوێنێ پرۆژەکەو ماددەکەشمان خوێندەوە، دەبوایە تۆزێک زەینتان بدایەتێ ئەو بابەتە و، هەر لەسەر هەمان بۆچوون ئێمە ئەم ماددەیەمان خستە پەیڕەوەی ناوخۆی پەرلەمانەوە، بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان کاتێ کە گفتوگۆ بابەتێک دەکەن نەڵێن ئاگادار نین و پێمان نەگەیشتووە، دیسان جاریکی تر تووش بووینەوە، با بفەرموون جارێکی تر بیخوێننەوە، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو،

**بەڕێز محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە دەنگدامان لەسەر گفتوگۆ کردنی ئەم خاڵە کردووە، بەڵام ئایا ئەمە سەرپێچی نییە لەگەڵ ئەو دەقەی کە دەڵێت: (لايجوز طرح ومناقشة أي موضوع لم يرد له ذكر في جدول الاعمال)؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمەش هەر لەسەر ئەو بنەمایە خستمانە دەنگدانەوە، بەڵام ئەگەر شتێکی بەپەلە بێتە پێشەوە بۆمان هەیە بیخەینە بەرنامەی کارەوە، هەرچەندە ئەمە بەپەلەش نییە، لە میانی بەرنامەکەدایە، بەڵام دیارە لە کاتی چاپکردندا دانەندراوە، جابۆیە ئێمەش خستمانە دەنگدانەوە، تاوەکو ئەگەر پەسەند بکرێت بخرێتە بەرنامەی کارەوە، کاک حسێن فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

(توزع مشروعات القوانين والقرارات التي ترد الى المجلس مع لائحة اسبابها الموجبة على

الاعضاء وتتلى خلاصتها في اول جلسة دون مناقشة فأذا أقره المجلس احيلة الموضوع الى اللجنة المختصة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لای هەمووتان روونە، کە تۆ شتێکت باس کرد و مافی گفتوگۆ کردنی نەدەی، دەکرێت وەرگیرێت، یا رەت بکرێتەوە؟، پاشان ناکرێت وەکو بنەمایەکی دیموکراتی شت رەت کەیتەوە بەبێ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێت، بۆیە ئەو بڕیار لەسەر ناردنی پرۆژەکان بۆ لیژنەکان هەڵگیرێت و، دەست بەجێ پرۆژەکەتان دەخوێندرێتەوە و دەخرێتە پێش ئەندامانی پەرلەمان و، بەپێی یاسایش نابێت هیچ یاسایەک باس بکرێت ئەگەر نەدرێت بە لیژنەکان، جا ئەمەش لەسەر ئەو بنچینەیە بوو، کەواتە دەقەکە بخوێننەوە،پاش باس کردنی دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

(توزع مشروعات القوانين والقرارات التي ترد الى المجلس مع لائحة اسبابها الموجبة على الاعضاء وتتلى خلاصتها في اول جلسة دون مناقشة ومن ثم تحال الى اللجنة المختصة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چی تێبینی نییە؟ کێ لەگەڵە؟..کێ لەگەڵ نییە؟..کەواتە بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

ثانيا ـ يعمل بهذا القرار من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی لەسەر ئەم خاڵە نیە؟ کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..کێ لەگەڵ نییە؟..بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین.

ئێستا وەکو بڕیار دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین. دێینە سەر خاڵی پێنجەم لە بەرنامەی کاردا، گفتوگۆ کردن لەسەر راپۆرتی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەربارەی رەوشی پەروەردە لە هەرێمدا، لیژنەی خوێندنی باڵا با بفەرموونە ئێرە بۆ خوێندەوەی راپۆرتەکەتان کە ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کراوە، پاشان دەیدەین بە وەزارەتی پەیوەندار و رۆژێکیش دەسنیشان دەکەین بۆ گفتوگۆ کردنی ئەم راپۆرتە ئەویش بە ئامادە بوونی جەنابی وەزیری پەیوەندار و، ئێستاش تەنها راپۆرتەکە دەخوێنرێتەوە، جا هەرچی تێبینییەک هەیە ئێوە لەلای خۆتان بینووسن، بۆ ئەوەی خۆتان ئامادە کەن بۆ ئەوەی لەگەڵ وەزیری پەیوەندار دا گفتوگۆی بکەن، ئەگەر هاتوو ئێمە رۆژێکمان دەسنیشان کرد، ئەوە پێش وەخت وەزیری پەیوەندار ئاگادار دەکەینەوە، پاشان ئێمە ئاگاداری ئەندامانی پەرلەمان دەکەینەوە بۆ ئەوەی هەموویان ئامادەی دانیشتنەکە بن بۆ گفتوگۆ کردنی، لیژنەی پەروەردە با بفەرموون راپۆرتەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم راپۆرتەی کە ئێستا لەبەر دەستی بەڕێزتاندایە، بەراستی لەلایەن لیژنەی پەروەردەی پەرلەمانەوە پێش تێکەڵاوکردنییەوە ئامادە کرابوو، بەڕێزیشتان پەسەندتانە کە بخوێنرێتەوە و، بابەتەکەش بە ناوی(هەڵسەنگاندنی پەروەردە و دەسنیشان کردنی هۆکارەکانی دابەزینی ئاستی خوێندنە بەگشتی)، جا ئەمە تەنها لایەنێک لە ئەرک و ئیشەکانی ئێمە دیاری دەکات و،تەنها پەیوەندی بە پەروەردەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاستان دەکەین، ئێوە دەتوانن ئێستا وەکو لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵاوە هەتا رۆژی گفتوگۆ کردنی ئەم راپۆرتە هەر چییەکتان هەبێت بیخەنە سەر، ئەگەر هەر گۆڕنکارییەکیشی هاتە سەرە ئەوە ئاگاداری دەستەی سەرۆکایەتی بکەن، بۆ ئەوەی ئێمەش وەزیری پەیوەنداری لەسەر ئاگادار بکەینەوە.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستاش بەڕێز شێخ عەفان جێگری سەرۆکی لیژنەکە راپۆرتەکەتان بۆ دەخوێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راپۆرتی لیژنەکەمان کە ئێستا لە پێش دەستی بەڕێزانتاندایە، شەرەفی لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ کردنی لەسەر دراوە، ئەم راپۆرتە تەنها رای لیژنەی پەروەردە نییە، بەڵکو بریتییە لە راو بۆچوونی زۆر لە شارەزایان، ئەویش پاش چەند کۆبوونەوەیەک لەگەڵ شارەزایان و پسپۆرانی پەروەردە، زۆر لە بەڕێوەبەرە شارەزاییانە لیژنە فەرعییەکان وتاقیکرنەوەکان رایان وەرگیراوە و، ئەو زانایانەی کە شارەزاییان هەیە لە زمان و وێژەی کوردیدا و، لەو بارەیەوە «٨»راپۆرتیشمان بە زمانی عەرەبییەوە بۆ هاتووە، لەگەڵ «٣٠»نامە لە ناوچەکانی سلیمانی و کەرکوک و دهۆک و، زۆربەی زۆری بۆچوونەکانیانمان خستووەتە ناو راپۆرتەکەوە، لەگەڵ ئەو هەوڵ و تێکۆشانە زۆرەی کە وەزارەتی پەروەردە داویەتی و پێداویستییەکانی دابین کردووە، ئێمە زۆر بەسەر سامییەوە ئاکامی تاقیکردنەوەکانمان وەرگرت، لەبەر ئەوە ئەم راپۆرتەمان بەس بەتەنها لەسەر دابەزینی ئاستی خوێندنە، ئەویش لە عێراق بەگشتی ئاستی خوێندن دابەزیوە، بەڵام ئێمە پێمان باش بوو کە لە کوردستاندا باشتر بووایە، زۆر سوپاسی وەزارەتی پەروەردە دەکەین بۆ ئەوەی کە هەوڵێکی یەکجار زۆری داوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا ئاستی خوێندن دابەزییوە و، رادەی دەرچوون لە خولی یەکەم باش نەبوو، بەڵام خۆشبەختانە لە خولی دووەم جیاوازیەکی باشی تیادا هەبوو، ئێستا هەردوو خشتەکەش لە پێش دەستی بەڕێزانتاندایە، راپۆرتەکەمان بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی

نیشتمانی کوردستانه و بریتییه له هه‌ڵسه‌نگاندنی په‌روه‌رده و ده‌سنیشان کردنی هۆکاره‌کانی دابه‌زینی ئاستی خوێندن به گشتی.

سڵاوی په‌روه‌رده‌و زانست

په‌روه‌رده هه‌روه‌کو هه‌مووومان ده‌زانین بوارێکی زۆر گرنگه له ژیانی هه‌ر میلله‌تێک، به‌تایبه‌تی بۆ ئێمه‌ی کورد، هه‌ر بۆیه‌ش پێویسته خه‌ڵکێکی دڵسۆز له‌وانه‌ی خه‌مخۆری میلله‌ته‌که‌ی خۆیانن بایه‌خێکی زۆر به بواری په‌روه‌رده بده‌ن، هه‌رچۆنێک بێت بۆ ئه‌وه‌ی په‌روه‌رده ئاکامه پیرۆزه‌کانی خۆی بپێکێ پێویسته گوزارشت له خواست ویستی میلله‌ت بکات و، بابه‌ته هاوچه‌رخه‌کانیش بگرێته خۆی... جا په‌سه‌ند ئه‌وه‌یه. بۆ هه‌ر ماده‌یه‌ک لیژنه‌یه‌کی پسپۆڕ دروست بێ و به‌پێی به‌رژه‌وه‌ندی گشتی بژارو ده‌سکاری پێویستی تێدا بکات، چونکه به‌ڵگه‌نه‌ویسته ئه‌و زانیارانه‌ی به‌ر له (٥٠)ساڵ ده‌خوێنران، ئه‌مڕۆ به‌که‌ڵکی خوێندن نایه‌ن سه‌باره‌ت به‌وه زانستی به‌که‌ڵکتر هاتوونه‌ته ئاراوه، دیاره زانستیش چ سنوورێکی بۆ نییه و هه‌میشه سنووره‌کانی به‌زاندووه، بۆ نموونه سه‌ره‌تا خه‌نجه‌رو شمشێرو ڕم و مه‌نجه‌نیق له‌شه‌ڕدا به‌کار ده‌هاتن دواتر تفه‌نگ و زرێپۆش و فرۆکه و مووشه‌ک و چه‌که کۆکوژه‌کان له ئه‌نجامی به‌ره‌و پێش چوونی زانسته‌وه په‌یدا بوون.

ده‌بێ ئێمه‌ی کوردیش ئاگاداری ئه‌م گۆڕانکاریانه بین و هه‌ر نه‌بێ به ئه‌ندازه‌ی پێویست پێویسته زانسته‌کان وه‌ربگرین بۆ ئه‌وه‌ی زۆر له‌کاروانی پێشکه‌وتن دوانه‌که‌وین و دانه‌بڕێین له خۆشی و ناخۆشیه‌کان ڕزگارمان بێت و به ئه‌نجامه ڕه‌واکانی خۆمان شاد بین، چونکه ئه‌گه‌ری ئه‌وه‌ی هه‌یه دوای ماوه‌یه‌کی نزیک، په‌روه‌رده ببێته چه‌کێکی کاریگه‌ر له ڕوو به‌ڕوو بوونه‌وه له‌گه‌ڵ دوژمنان و ئه‌وه‌نده‌ی چه‌که ته‌قلیدیه‌کان و بگره پتریش کاریگه‌ری ببێ.

ئێمه‌ش وه‌کو لیژنه‌ی په‌روه‌رده له په‌رله‌مانی کوردستان له زنجیره‌یه‌ک کۆبوونه‌وه‌یه‌دا بابه‌ته‌که‌ی ئه‌م نووسراوه‌مان خسته به‌رباس و لێکۆڵینه‌وه به تێکڕای و به‌یه‌که‌وه گه‌یشتینه ئه‌م باوه‌ڕه‌ی هۆکاره‌کانی سه‌رنه‌که‌وتنی پرۆسه‌ی په‌روه‌رده خۆیان له‌م خاڵانه‌ی خواره‌وه‌دا ده‌بیننه‌وه، ورێژه‌ی ده‌رچووانیش له ده‌وری یه‌که‌م له‌هه‌ر سێ پارێزگاکه‌دا باش نه‌بووه به‌وه‌ی که ئامانجمان بوو ئه‌وه‌ش له کۆتایی ڕاپۆرته‌که له خشته‌ی ژماره (٢)دا هاتووه:-

١- هه‌ست به لێپرسینه‌وه زۆرکه‌م بووه‌ته‌وه ئه‌مه‌ش خاڵێکی زۆر گرنگه هۆکاره‌کانیش له خاڵه‌کانی ڕاپۆرته‌که‌ماندا باسیان ئه‌که‌ین هه‌ریه‌که له جێگای خۆی، به‌ڵام به‌کورتی هۆکاره‌کانی هه‌ست به لێپرسینه‌وه نه‌کردن له‌به‌ر ئه‌م خاڵانه‌یه به بۆچوونی ئێمه:

أ - نه‌بوونی مه‌بده‌ئی(العقاب و الثواب) چاکه‌و خراپه له زۆر جار دا.

ب - نه‌بوونی مرۆڤی شیاو له‌جێگای شیاوی خۆی (الرجل المناسب في المكان المناسب)له هه‌ندێ جێگا.

ج - کاریگه‌ری کاره بزێوه‌کانی تێکدانی په‌روه‌رده به‌تایبه‌تی پێشگه‌ڕانه‌وه‌ی شه‌رعیه‌ت بۆ هه‌ولێر.

د ـ شەڕی نەگریسی ناوخۆ.

هـ ـ باری بژێوی مامۆستایان و دیاری نەبوونی پاشەڕۆژ لای مامۆستایان وکەمی رغبەت لەسەر وەزیفە.

و ـ تجاوز کردن لەسەر پیرۆزی بڕوانامە یاری پێکردنی لەلایەن خەڵکانێکی هەلپەرست و نەفس نزم ونەبوونی ئیجرائات بەرامبەر بەو کەسانە.

ز ـ دواکەوتنی کرێی وانەوتنەوە (اجور المحاضرات) بۆ زیاتر لە حەوت مانگ.

ئەمانە هەموو کۆمەڵە هۆکارێکن کە کاریگەری تەواویان کردۆتە سەر هەست نەکردن بە لێپرسینەوەو، پێویستیان بە چارەسەرکردن هەیە لە کاتێکدا ئەمانە بوون پیاوانی پەروەردە و مامۆستایان بەگیانێکی لە خۆبوردنەوە لە پاش ڕاپەڕینە پیرۆزەکەی ساڵی ١٩٩١بەبێ مووچە کارەکانیان رادەپەڕاند و ڕێژە دەرچووانی ئاستی زانیاریش باشترە.

٢ـ زۆر لە قوتابخانەکان (میلاك)یان ڕێک وپێک نەبووەو، لە هەندێ قوتابخانەش بۆ نموونە ئەویش ئەو بارودۆخە نا لەبارە وای کردووە خەڵکێک لە جێگای خۆی هاتووەتە ناو شارەکان ولە قوتابخانەکان بە قەڵەبالغی دانراون بۆیە میلاکی قوتابخانەکان بە ڕێک وپێکی دەرنەچووە، بۆ نموونە مامۆستای وانەی ئینگلیزی وەیان فیزیایان نەبووە وەیان هەروانەیەکی دیکە، لەبەرامبەر ئەوە قوتابخانەی وا هەبووە مامۆستای هەمان ئەو وانانەی بەزیادەوە هەبووە، بەم جۆرە ماوەیەکی تەواو قوتابییەکان ئەم وانانەیان نەخوێندووە تا ئەوکاتەی مامۆستایەک دۆزراوەتەوە بە(موحازەرات) وانەکە بڵێتەوە ئەو مامۆستایەش پێ ڕانەگەیشتووە(منهج) تەواو بکات، هەڵبەت بەرپرسیاریش نییە لەم کارە، چونکە لەسەر میلاکی ئەو قوتابخانە نەبووە هەر ئەوەندەش ماوەی بەدەستەوە بووە، چونکە دەبێ پابەندی (جەدوەل) بێت لەو چەند دەرسەی لە هەفتەیەکدا بۆی دیاریکراوە پتر نەڵێتەوە.

گومانی تێدا نییە میلاکی قوتابخانە هۆکارێکی گرنگی سەرکەوتن یا نوشتی پرۆسەی پەروەردەیە لە هەموو شوێنێک بەداخەوە تا ئێستاش لە هەولێر بایەخی پێویست بەم مەسەلەیە نەدراوە و ئەمەش پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە ئەنجامی خۆیەتی سەرژمێری مامۆستایانی پسپۆر لەهەر مادەیەکدا هەیە و ئەمەش کارێکی زۆر ئاسانە بۆ ئەوەی بەیەکسانی بەسەر قوتابخانەکان دابەش بکرێن، ئەوسا بێگومان هیچ قوتابخانەیەک و هیچ مادەیەک بێ مامۆستا نامێنێتەوە، ئەمەش قازانجێکی دیکەش بۆ پەروەردە دەبێت، چونکە ئەوکاتە پێویستیان بە مامۆستای وانەبێژ(محاضر) نابێت زۆر دەگمەن نەبێت.

٣ ـ بەڕێوەبردن (الإدارة):ـ

ئەرکی هەرەگران لە هەموو قوتابخانەکاندا لە ئەستۆی ئیدارەیە، دوور نییە هەندێ بەڕێوەبەرو زۆر لە یارمەتیدەرەکان خەمخۆر نەبن، وەیان لە ئیدارەدا سەرکەوتو نەبن ئەمەش کاردانەوەیکی سەلبی دەبێ لەسەر دابەزینی ئاستی خوێندن، زۆر جاری وا هەیە مامۆستاکان

بەگشتی، چونکە بەڕێوەبەرەکەیان باش نییە دەوامێکی ڕێک و پێک ناکەن و بەچاکی دەرسەکان نالێنەوە بە پێچەوانەش کاتێ بەڕێوەبەرو ئیدارە پەیوەندی لەگەڵ مامۆستاکان خۆش بێ و لەگەڵ یەکدی کۆک و تەبا بن ئەوا بە هەر هەموویان هەوڵی ئەوە دەدەن کەم و کورتیەکانی قوتابخانەکان نەهێڵن و ئاستی خوێندن بەرزبکەنەوە.

لەبەر رۆشنایی ئەم راستیەی سەرەوە پەسەند ئەوەیە بەڕێوەبەر مامۆستایەکی لێهاتووی و لە ئیدارە بزانێ و شارەزابێ و هیچ لەکەیەکی لەسەر نەبێ، بەڕێوەبەری چاک هەمیشە پێ یەکی لە پەروەردەیەو پێ یەکی لەسەر پەرشتیاریە لە پێناو نەهێشتنی ئەو ئاستەنگانەی دەبنە هۆی کۆسپ لەبەردەم بەرەو پێش چوونی خوێندن. هەروا پێویستە زۆر دیموکراتیانە مامەڵە لەگەڵ مامۆستایان بکات بە چەشنێک مامۆستایان وابزانن هەمیشە پشتیوانیان لێ دەکات.

هەروەها پێویستە رێژەی دەرچووانی پۆلە کۆتاییەکان بکرێ بە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی ئیدارە و هەروا پێویستە ئەم رێژەیە بکرێتە بنەمایەک بۆ پاداشت و سزا.

بۆ نموونە هەر قوتابخانەیەک رێژەی سەرکەوتنی لە (٧٥٪) زیاتر بوو، سوپاسی ئاراستە بکرێ، ئەگەر لە نێوان (٤٩٪ـ ٣٠٪)بوو سەرنجی رابکێشرێ تا ئەم رێژەیە بۆ ساڵی ئایندە دووبارە نەبێتەوە. ئەگەر رێژەکەی لە نێوان (٣٠٪ـ ٢٠٪)بوو سەرکۆنە بکرێ و ئەگەر بۆ ساڵی داهاتوو ئەم رێژەیە دووبارە بێتەوە هەقە ئیدارە بگۆردرێ ئەگەر رێژەی دەرچوونی (٢٠٪)کەمتر بوو پێویستە یەکسەر ئیدارە بگۆردرێ هەڵبەت دوای لێکۆڵینەوە و گۆڕانەکە لەو کاتەدا دەبێت کە میلاکی قوتابخانەکە تەواو بووبێ، بەڵام ئیدارە دەوری خۆی نەبینی بێ.

٤ـ لەهەر وەزارەتێکدا بەتایبەتیش پەروەردە پێویستە کارنامەی هەبێ، چونکە هیچ کاتێک سەرکەوتن تەواو وەدەست ناهێنێ ئەگەر بەرنامەیەکی رێک و پێکی نەبێ و لەسەری نەڕوات و جێبەجێی نەکات.

وا باشە وەزارەت دەبێ بەرنامە بۆ بەشەکانی خۆی دابنێ. بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەش بەرنامەی ساڵانە بۆ هەموو بەشەکانی ئامادە بکات، تا هەر بەشێ بەپێی ئەو بەرنامەیەی بۆی دانراوە خزمەت بە پرۆسەی پەروەردە بکات. بە پێچەوانە ئەو کەسەی نازانێ کامە باش لە کارەکاندا سەرکەوتوو نەبووە وە کامیان بەرێکی ئەنجامی نەداوە. ئەو بەشەی بتوانێ(٩٠٪)ی بەرنامەکە ئەنجام بدات دەبێ بە بەشێکی باش دابنرێ وسوپاس بکرێ، ئەوانەی نەیانتوانیوە لایەنی کەم لە(٥٠٪)ی بەرنامەکەیان جێبەجێ بکەن دیارە بەشێکی لاوازن و هەقە بەرپرس و کارمەندەکانیان لێتوێژینەوەیان لەگەڵدا بکرێ و هەر کاتێ دەرکەوت کەمتەرخەمیان نواندووە پێویستە بێ سێ و دوو لابدرێن یان هەرنەبێ سزای پێویست بدرێت تاجارێکی دیکە دیاردەی لەم چەشنە دووبارە نەبێتەوە لەسەر مبدء(العقاب و الثواب).

٥ـ دەفتەری پلانی رۆژانە (دفتر الخطة اليومية) کە هەر لەو دەفتەرەش بەرنامە (منهج) ی ئەو مادانەی مامۆستا دەیلێتەوە بەسەر مانگەکانی ساڵی خوێندن دابەش دەکرێ، هەر وەکو

سالانی پێش ڕاپەڕین بایەخێکی تەواوی پێ بدرێ بۆ ئەم مەبەستە لەپەروەردە نووسراوێک بەسەر قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی وئامادەیی بڵاو بکرێتەوە و داواش لە هەر دوو یەکەی سەرپەرشتیاری بکرێ گرنگی بە دەفتەرەکە بدەن بە چەشنێک وا لە مامۆستا بکات بە هەندی هەڵبگرێت و متابعەی باش بکرێت لەلایەن سەرپەرشتیارو بەرپرسانەوە.

٦ـ تا ئێستاش ئەگەر چی بەڕێژەیەکی کەمیش بێ، ناهەقی کراوە بۆ نموونە مامۆستایەک نوختەکەی کەم بووە وەیان هەر نەیبووەو بۆ ناوشار گواستراوەتەوە ویان بۆ دەورو پشتی شار، لەوانەشە سەبارەت بە دەست تێوەرانی ئەم و ئەو بووبێ، ئەم چەشنە ناهەقیانەش لەناو مامۆستایان کاردانەوەیەکی زۆر سلبی دەبێ و بەزەرەری پەروەردە تەواو دەبێ بۆیە چاکتر وایە لە حاڵەتی زۆر پێویست نەبێ کاری وانەکرێ. هەرکاتێک مامۆستایان هەست بکەن پەروەردە لە هەموو کارێکدا عەدالەت پیادە دەکات ئەوا بە خۆشحاڵیەوە ملکەچی هەموو داواکاریەکانی پەروەردە دەبێ و ئەرکەکانی خۆی بەجێ دەگەیەنێ، ئەمەش هۆیەکە لە هۆکارەکانی دروست بوونی هەست بە لێپرسینەوە کردن.

٧ـ بایەخدان بە زمان و ئەدەبی کوردی، هەر لێرەدا پێمان باشە چاوبخشێنرێتەوە بە بڕیاری ئەنجوومەنی باڵای خوێندن کەواتە کوردی بەوانەیەکی زۆر ئەساسی دابنرێ هەرچەندە خوێندنی عەرەبی برا ئاشوریەکان وبرا تورکمانەکان کراون بەبێ ئەوەی بڕیاری وا دەربچێ کە یارمەتی دەری ئەوان بێت، بەڵام بەڕێزان بەپێی خشتەی هاوپێچ لەگەڵ ڕاپۆرتمان لە (١٠)دە قوتابخانە غەیری کوردی تورکی ئاشووری عەرەبی ڕێژەی دەرچووانی کوردی لە (٨٥٪) زیاترە بەم شێوە کە لە خشتە ژمارە (٣)ێ دا هاتووە ڕێژەی دەرچووان (١٠) قوتابخانەی تورکمان عەرەبی ئاشووری لەوانەی کوردیدا، لەوانەیە قوتابیان بە ناویش هاتووە کە لەنێوان(٩٥ تا ١٠٠)وەرگرتووە بۆیە ئەم بیانگە نییە کە کوردی نەکرێ بە ئەساس.

٨ ـ هەر بڕیارێکی پەروەردەیی پێویست بەوە دەکات دوای لێکۆڵینەوە دیراسەتێکی ورد ئەنجام بدرێ هەروا سەرپێی و پەلەی لێ نەکرێ بۆ ئەوەی بڕیارەکە لە بەرژەوەندی شارەزایان بکرێ رایان وەربگیرێ وەک بڕیاری خوێندن بەکرمانجی ژوورو لە ناوچەی بادینان لە پۆلی یەکەم و دووەم و سێهەم و چوارەم کە ئەمەش لەسودی یەکبوونی شێوەی کوردین نییە خۆشحاڵانە لەو سیمینارەی کە دوێنێ تەواو بوو کە سێ ڕۆژی خایاند بۆ پەرەپێدانی ڕێزمان وزمانی کوردی لە زانایان وپسپۆران(٦٠)کەس ئامادە بوون، ڕاپۆرتی خۆیان پێشکەش کرد. یەکێ لە ڕاسپاردەکانیان چارەسەر کردنی زمانی کوردی ئەوە بوو کە شێوەکانی زمانی کوردی تێکەڵاو بکرێ لە کوردستان ئەمەش پاڵپشتێک بوو بۆ ڕاپۆرتەکەمان.

٩ ـ ئەنجامدانی کۆبوونەوەی دیوانی وەزارەت، پەروەردەی گشتی پەروەردەی قەزا، هەروا کۆبوونەوەی وەزارەت لەگەڵ بەڕیوەبەرایەتیەکانی پەروەردەو سازدانی کۆڕو کۆبوونەوەی بەرفراوان لەگەڵ بەڕێوەبەرو یاریدەدەرەکان کۆبوونەوەی بەشەکانی پەروەردە بەیەکەوە،

سەردانی بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەو بەڕێوەبەرانی پەروەردەی قەزا بۆ قوتابخانەکان پێش دەوام و دوای دەوام هەروا لە کاتی دەوام، تەرخان کردنی نیو کاتژمێری کۆتایی دەوام بۆ بینینی بەڕێوەبەرەکان لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەو بەڕێوەبەرانی قەزاکان هەروەها تەرخان کردنی دوو کاتژمێر لە هەفتەیەکدا بۆ چاوپێکەوتنی ئەو مامۆستایانەی مەبەستیانە. بەڕێوەبەری گشتی ببینن، بەڕێوەبەری قەزا ڕێز لە مامۆستایانی بنێ و بەنەرمی ڕەفتاریان لەگەڵ بکەن و بەخۆشحاڵییەوە گوێ لە داواکاریەکانیان بگرن و بەڵێن نەدەن ئەگەر دڵنیا نەبن لە جێبەجێ کردن.

بایەخ بەیاداشت و داخوازیەکانی یەکێتی قوتابیان و یەکێتی مامۆستایان بدەن و وەڵامیان بدەنەوە. پەیوەندی خۆیان بە بەرژەوەندی پەروەردە هەمیشە لەگەڵ ئەو دوو ڕێکخراوە پتەوبکەن. ئەمانە هەموو بەگشتی پەروەردە بەرەو پێش دەبەن و وادەکەن ئامانجەکانی خۆی بپێکێ.

١٠- یەکێ لە هۆکارەکانی بەرەو پێشەوە چوونی خوێندن پەیوەندی نێوان مامۆستاو قوتابییانە چەندی ئەو پەیوەندییە خۆش بێ قوتابیان پتر بایەخ بە خوێندن دەدەن بۆ ئەم مەبەستەش جێی خۆیەتی پەروەردە بەشێوەیەکی ڕەسمی داوا لە ئیدارەو مامۆستایان بکات. بێگومان هەر ڕەفتارێکی ناپەروەردەیی لە لایەن ئیدارەو مامۆستایان بەرامبەر بە قوتابیان بەزیانی پەروەردە تەواو دەبێ. پێویستە مامۆستا قەت وقەت جوێن بە قوتابی نەدات و بەکوڕی خۆم وکچی خۆم بیان دوێنێ و هەوڵ بدات خۆی لای ئەوان خۆشەویست بکات ئەو جل و بەرگەش کەوا مامۆستا لەبەری دەکات (هەندام)یش دیسان کاریگەری خۆی هەیەو پەسەند ئەوەیە مامۆستا جل و بەرگی بێ ئوتی، ڕەنگاو ڕەنگ چڵکن لەبەرنەکات، دیارە ئەگەر مامۆستاش کەم دەرامەت بێ کە هەرواشە، ناتوانێ بایەخ بە هەندامی بدات.

١١- زۆربەی پۆلەکان لە ناوشارو بەتایبەتیش لەگەڕەکە مىللییەکاندا قوتابیان زۆرە ئەمەش وادەکات مامۆستا بایی ئەوەندە کاتی بەدەستەوە نەبێ زۆربەی قوتابیان بەشدار بکات وبزانێ کامەیان لەوانە کە نەگەیشتووە جگە لەوەی کۆنترۆڵ کردنی پۆلەکەش زەحمەت دەبێ. بۆیە دروستکردنی قوتابخانەی نوێ زۆر کارێکی پێویستە. ئەو قوتابخانەش کە بەریانەوە هەیە ژووری تازەیان لێ دروست بکرێ دابەش کردنی قوتابیان بەسەر قوتابخانەکاندا نەک وەک قوتابخانە تورکمانیەکان لە قوتابخانەیەکدا (٥٦) قوتابی تێدایە وەک خشتەی ژمارە -٢- دوو داهاتووە، دابەشکردنی قوتابیان بەسەر قوتابخانەکاندا بەپێی ژمارەیان وەک یەک وابێت نەک لەچەند قوتابخانەیەک ژمارەی قوتابیان لە (٥٠) تا (٦٠) قوتابیە وەک قوتابخانە(تورکمان إیلی) و قوتابخانەی واش هەیە (١٤٠٠) قوتابی تێدایە لەگەڕەکی نەورۆز گەورەی و حجمی قوتابخانەکەشیان وەک یەک وایە، بەکورتی بۆ ژمارە (١٤٥٤)قوتابی تورکمان (١٠)بینایە قوتابخانە گیراوە وەک لە خشتەی ژمارە -١- ی

ڕاپۆرتەکەماندا هاتووە، بۆ چوار ناوەندی(١٤٥٤)قوتابی (١٦١)مامۆستای بۆ تەرخان کراوەو بۆ چوار دواناوەندی تورکمان کە ژمارە تەواویان بە هەرچواریان کەمە سەرژمێریەکی کە بەخۆیان بۆیان ناردووین (٤٦٩) قوتابییەو (٦٢) شەست و دوو مامۆستای بۆ دانراوە بە پێی خشتە هاوپێچ ئەوان مامۆستایەکیان بەردەوام لە زیادبوون دایە چونکە هۆبەیەک لە پەیمانگای مامۆستایانی بنکەیی بە تورکمانی دەخوێنن کە دەریش دەچن دەبێ لەناو شاری هەولێر دابمەزرێن.

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن:**

فەرمووت هەر(٤٦٩)قوتابی(١٠)قوتابخانەیان هەیە.

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(٤)چوار قوتابخانەیان هەیە، (٦٢)مامۆستایان هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە معدل نزیکەی بۆ هەر(١٢٠)قوتابی قوتابخانەیەکیان هەیە، هەر(٤٦)قوتابی مامۆستایەکی هەیە.

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە سەبارەت بە ناوەندی، لە سەرەتاییەکەش بۆ نموونە(٥٦)قوتابی لە تورکمان إیلی، لە فزولی (١١٠)قوتابین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەک قوتابخانەی تایبەتی، هی ئێمەش بۆ(١٤٠٠)قوتابی یەک قوتابخانە هەیە.

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

١٢ـ وانەکانی مامۆستایان (نصاب)کەم بکرێتەوە بە جۆرێک هی سەرەتایی لە (٢٤)و ناوەندی لە (٢٢) ئامادەییەکانیش لە(٢٠) تێپەڕ نەکات و، ئێمە بۆچوونەکەمان لەو ڕوانگەیە کە زۆر مامۆستای دواناوەندی هەیە لەناو شاری هەولێر لەبەر ئەوەی دابەشەکە خراپە ئیختیصاصی کوردیە بەڵام لە هەفتەیەکدا سێ وانەی هەیە ئەو مامۆستایەی زیاتر بڵێتەوە بە (موحازەرە) بۆی حسێب بکرێ، گواستنەوەی مامۆستایان بەر لە دەسپێکردنی ساڵی تازەی خوێندن دەربچێ چونکە ئەگەر گواستنەوەی مامۆستایان زوو دەرنەچێ لەکاتی خوێندن دەربچێ خەلەلێکی تر دروست دەکات کاتیش دەگرێت و دوای ئەوە ئەگەر زۆر پێویست بێ و لەسەر داخوازی

سەرپەرشتیاری ئەوسا نەقڵ بکرێ. بەم جۆرە میلاک دەچەسپێ و پرۆسەی خوێندنیش تەگەرەی نایەتە پێش کاریگەری لاوەکی دەستکاری تێدا نەبێ.

١٣ـ ئەگەر مامۆستا ئارەزووی لێ بێ ئەوا یەک مامۆستا لە پۆلی یەکەم هەردوو وانەکە کوردی و بیرکاری بڵێتەوە چاکترە بەمەرجێک بەشداری خولی کردبێ ئەمەش لە زۆربەی شارەکان کاری پێدەکرێ، بەڵام تاکو ئێستا لەهەولێر کاری پێ ناکەن و مامۆستایەکی رووخۆش و سینگ فراوان بێ و داری لێدان لەدەست نەگرێ و لە کاتی پێویستیش وەک منالێکی هاوتەمەنی ئەوان رەفتاریان لەگەڵدا بکات وهۆیەکانی فێرکردن بەکار بێنێ و رەنجی تەواوبدات لە پێناو ئەوەی فێری خوێندن و نووسین و ژماردنیان بکات، چونکە وەک ئاشکرایە ئەم پۆلە بناخەی پەروەردەیە پرۆسەی پەروەردە لەوێ دەست پێدەکات، جێی خۆیەتی مامۆستای ئەو پۆلە دەرماڵەیەکی تایبەتی (١٥)دینارێکی هەبێ، چونکە قوتابی ئەگەر لەو قۆناغە فێری ژمارەو خوێندنەوە نەبوو ئەوە دەچێتە دوو وسێ وچواریش هەر ئاستی نزمە.

١٤ـ وەرگرتنی قوتابیان لە پەیمانگاکانی مامۆستایان بە ئارەزوو بێ مامۆستای لێهاتوو و بژاردەش بۆ ئەو پەیمانگایانە دابنرێت سەبارەت بەوەی مامۆستای دوا رۆژ پێدەگەیەنن ئەمەش وەرگرتنی قوتابی بە ئارەزووی خۆی بێت نەک بە پێی بڕیارە قبوڵ مرکزی بێت پێمان باشە بەداوای خۆی شخصی بێت بۆ وەرگرتنی لە پەیمانگای مامۆستایان.

١٥ـ بێگومان شەڕی ناوخۆ کۆسپێک بووە لە ڕێی پێشکەوتن وپەرەسەندنی پەروەردە رەفتاری تیرورستانی پەکەکەش لە سووتاندنی قوتابخانەکان وکەل وپەلەکانیان ونانەوەی بشێوی ودەربەدەر کردنی هاوولاتیان کارێکی زێدە سەلبی هەبووە هەروا درێژەکێشانی شەڕی ناوخۆ زۆر کارێکی سلبی کردۆتە سەر رەوتی خوێندن. بێگومان پەروەردەیش بەهەل ومەرجی ئاشتەوایی گەشە دەکات وئاکامەکانی خۆی دەپێکێ هەر کاتێ ئەم تەنگژەیە نەمێنێ ئاستی خوێندن بەرز دەبێتەوە وئەنجامی ئەزموونەکانیش باشتر دەبێت. وبەرچاوی مامۆستایان بۆ پاشە ڕۆژیان روون دەبێت. هەر هەموو بەڕێزانتان ئاگادارن لە یەک جەولەی شەڕ (١١١)قوتابخانە سوتێندران و هەموو مامۆستاکانیان دەر بەدەر کران لە(TV)یش بینیتان چۆن تەختەی رەش گڕی بەردابووێ وسوتێندرابوو، ئێمە لێرەدا سوپاسی هەوڵی وەزارەتی پەروەردە دەکەین لەبەر ئەوەی هەموو کەرستەو پێداویستیەکانی بۆ هەر(١١١)قوتابخانەی دابین کردو قوتابخانەکانیش دەستیان بە دەوامی خۆیان کردەوە.

١٦ـ ئەو ئاوارە خۆشەویستانەی لە ئێرانەوە گەڕاونەتەوە بۆ ئەرزی باب وباپیران بەرنامەی خوێندنیان لە ئێران لەگەڵ هی ئێرە جیاوازی هەیە ئەمەش هەر نەبێ بەڕێژەیەکی زۆر کەمیش بێ کاری کردۆتە سەر دابەزینی ئاستی خوێندن، دیارە ئەم حاڵەتەش رووی لە کەمی دایەو لە ئایندەیەکی نزیک سەبارەت بە هەوڵ وکۆششی سەرۆکی هێژامان کاک مەسعود بارزانی و سیاسەتی دروستی پارتی ئاوارەکان بەیەکجاری دەگەڕێنەوە گوندو دێهاتەکانی خۆیان و بەشداری بوژاندنەوەی کوردستانی خۆشەویستیان دەکەن.
زۆر گرنگی بە گۆڕینی وترجمەی بڕوانامەکانیان بکرێ بۆ ئەوەی کاری بزێوو تەزویری تێدا نەکرێ بەباشی دەزانین پێش ئەوەی کە دەست بە دەوام بکەن دەورەیەکی(٢٠)رۆژی یان مانگیان بۆ بکرێتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ خوێندنی کوردستان را بێن.

١٧ـ جاران ئەو مووچەیەی مامۆستایان وەریان دەگرت بەشی زۆر لە پێداویستەکانی نەدەکرد ئەمڕۆ وێرای ئەوەی گوزەرانی مامۆستایانی کوردستان بە بەراوورد لەگەڵ ئەوانی ناوچەکانی بەردەستی رژێم ئاسمان وڕیسمانە ولێرەش لە هەندێ توێژی دیکە چاکترە، بەڵام دیسان بەشی ئیدارەی خێزانەکانیان ناکات، هەر بۆیەش ناتوانن بەتەواوەتی خۆیان بۆ کاری پەروەردەیی تەرخان بکەن هەروا رەنگە بەشێک لە قوتابیەکان نەبوون بن، بۆیە چ ئەوان وچ هەندێ لە مامۆستاکانیان ناچار دەبن کاری دیکە بکەن وئەمەش کار لە ڕەوتی پەروەردە دەکات ئاشکرایە لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵەی دراوە بۆ مامۆستایان ئەوەی کە وەری ئەگرێ بەشی ناکات ئەوەی ئێستا بۆ قوتابی ومامۆستا کراوە لەهەموو جیهاندا نەکراوە بۆ نموونە قوتابیش مووچە وەردەگرێ لە زانکۆکاندا لەگەڵ ئەوەشدا پێویستی بەوەیە کە پشتگیریەکی زیاتر بکرێ.

١٨ـ کتێبەکان لەگەڵ دەسپێکردنەوەی خوێندن ناگەنە دەست قوتابیان، ژمارەشیان بە ئەندازەی پێویست نییەو جاری وا هەیە تەنها یەک دانە کتێب دەگاتە قوتابخانە وئەویش لای مامۆستا دەبێ، هەروا زۆر جار چاپەکانیان یەک نییەو جیاوازی لەنێوان چاپێک ویەکێکی دیکە هەیە. بەشێک لە قوتابیان ئێستاش رحلەیان نییە، لەسەری دانیشن لەهەندێ قوتابخانە، هۆیەکانی فێرکردن کەمن یا دەست ناکەون و وەکو پێویست سوودیان لێ وەرناگیرێ هەرچەند بۆ ساڵی ١٩٩٨ زیاتر واتە دوای ١/١/ تاکو ئێستا بەو زانیاریانەی لە وەزارەتی پەروەردە وەرمان گرتووە لە(٢١)بیست ویەک هەزار رحلە دروست کراوەو دابەش کراوەتە سەر قوتابخانەکان لەشاری هەولێر سوپاسی

وەزارەتی پەروەردە دەکەین، لەکاتی خۆشی(٢١)هەزار رەحلە بۆ هەموو کوردستان نەدەهات واتە بەیەک پارێزگا(٢١) هەزار رەحلە دابەش کراوە.

١٩ـ بەرێوەبەری پەروەردە ئەگەر کاری زۆری نەبوو پێویستە لە کۆبوونەوەی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی وپسپۆری ئامادەیی ئەو خاڵانەی دوای گفتوگۆ تێرو تەسەل بریاریان لەسەر دەدرێ پێویستە جێ بەجێ بکرێن سەرپەرشتیاریش پێویستە چەند مەرجێکی تێدابێ ودوای چاوپێکەوتن وئەزموونەکان سەرکەوتن وە دەست بێنێ واتا سەرپەرشتیار بە تاقیکردنەوەبێ نەک سەربەخۆ دابمەزرێ، بەوەش ئەم مەرجانەمان لا باش بوو:ـ

أـ کەسایەتیەکی خۆشەویست بێ.

ب ـ خاوەن رابردوویەکی پاک بێ.

ج ـ دڵسۆزو لێهاتوو نیشتمانپەروەر بێت.

د ـ خزمەتی لە(١٥)ساڵ کەمتر نەبێ.

هـ ـ لەبەر هەر هۆیەکی پەروەردەیی سزا نەدرابێ.

وـ شارەزایی تەواوی لە ماددەکەی خۆی هەبێ.

زـ خۆی بە دۆستی مامۆستایان بزانێ وهەوڵ بدات پەیوەندی خۆی هەمیشە لەگەڵ مامۆستاکان خۆش بکات و چارەسەری گیروگرفتەکانیان بکات وئەگەر ئەستەم بوو داوای لێکۆڵینەوە بکات.

٢٠ـ دانە شکاندنی(٥)پلە لە دەوری دووەم بووەتە هۆی ئەوەی هەندێ لە قوتابیان خۆیان بۆ دەوری دووەم بهێڵنەوەو ئەمەش کاری کردۆتە سەر ئەنجامی ئەزموونەکان بۆ نموونە لە هەولێر لە کۆی(٢٦٨٠)قوتابی (٢١٠٨)قوتابی خۆیان هێشتۆتەوە دەوری دووەم، چاکتر وایە ئەو(٥)پلەیە لە داهاتوودا دابشکێ بۆ ئەوەی قوتابی خۆی بۆ دەوری دووەم هەڵنەگرێ هەرچەند ئەوەی وانە نەهێڵێتەوە لە دواین بریاری ئەنجوومەنی خوێندن(١٥)دەرەجە وەردەگرێت.

٢١ـ دەسەڵاتی بەرێوەبەری پەروەردەی قەزاکان فراوانتر بکرێ بە سەرفی مرۆڤی کارامەو شارەزا بۆ ئەم مەبەستە دابندرێ بۆ ئاسانکردنی هەڵسوراندنی کارە پەرەوەردەییەکان لە پاشان هەر بەرێوەبەرێک لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی ساڵێک ئەگەر شایستە نەبوو یەکێکی دیکەی لەجێ دابمەزرێ و پەسەند ئەوەیە بەرێوەبەرەکی دانیشتووی ئەو قەزایەبێ وخزمەتیشی زۆر بێ چونکە لەم حاڵەتە زۆربەی مامۆستاکان دەناسێ

وشارەزای گیروگرفتەکانیشیانەو نیشتمانپەروەر رابوردوێکی پاکی هەبێت لە خزمەتی گەلی کوردستان وپەروەردەو خوێندنی کوردی.

٢٢ـ جێگەی حەوانەوەو نووستن لەگوندەکان بۆ مامۆستایان دابین بکرێ هەرچەند لە هەندێ گوند دابین کراوە، بەڵام زۆر کەم بە ڕێژەی لە(١٠٪)تا لەوێ بمێنێتەوەو بەمەش کاتیان زۆر دەبێ ودەتوانن پاش نێوەڕۆ یان شەوانیش نەخوێندەوارانی گوند فێر بکەن وە ئەو پارەیەش کە ئێستا بۆ هاتوچۆی مامۆستایان تەرخان کراوە کە دەگاتە(٢٩٧)هەزار دینارە لە مانگێکدا دەگەڕێتەوە.

٢٣ـ نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ برانی تەزووی کارەبا لە ساڵانی رابردوو کاری سەلبی زۆر هەبووە لەسەر پرۆسەی خوێندن ئێمە لەم خاڵانە زیاترمان دەستنیشان نەکرد، چونکە ویستمان گفتوگۆ بکەین، لەسەر زیاد بوونی پشوو، ئەمساڵ پشوو زۆر بوو لەبەر ئەوەی خاڵی (٢٤) چارەسەرێک لەباری پشووەکان دەکات.

٢٤ـ قوتابخانەکان بەگشتی لێ راهاتوون قوتابیانی پۆل لە کۆتایی ساڵ دوو هەفتە بەر لە ئەزموونەکان بەرێ بکەن، گوایە لە ماڵەوە دەخوێنن، پێمان وایە ئەمە زیانی لە قازانج زۆرترە چونکە ئەو(١٥)رۆژە ئەگەر مامۆستا(منهج)ی تەواو کردبێ دەتوانی بەکتێبەکەدا بچێتەوەو ئەو قوتابیە لە مەوزوعێکی نەگەیشتبێ لە مامۆستاکەیان بپرسی ئەویش تێی بگەیەنێ.. ئەگەر بکرێ ماوەی خوێندن دووهەفتەی بخرێتە سەر هەر نەبێ لە قۆناغی ناوەندی ودواناوەندی وئامادەییەکان بۆ ئەوەی مامۆستا بتوانی(**منهج**) تەواو بکات.

ئەگەر ئەمەش کرا تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵیش لە(٣/٤)دەست پێ بکات تا لە(٣/١٤)کۆتایی بێ وئەوسا پشووی بەهار دەست پێ بکات، ئەمەش لەبەر ئەوەی مانگی ئازار بۆنەو پشووی زۆری تێدایە بەم شێوەیە لیژنەکەمان دەستنیشانی کەم وکوڕیەکانی کردووە ئومێدەوارین جێگای رەزامەندی بەرێزتان بێ.

**لەگەڵ رێزماندا**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەرێز شێخ عەفان سەرۆکی لیژنەی پەروەردە و فێرکردنی باڵاو سوپاس بۆ لیژنەی پەروەردە و فێرکردنی باڵا بۆ ئەم راپۆرتەیان، راپۆرتەکە خوێندرایەوە وە هەریەکێک لە ئێوەی راپۆرتەکەی لایە، ئەکید هەمووتان پێشنیارو تێبینیتان هەیە، ئێمە ئەم راپۆرتە بە نووسراوێک ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین و، لەگەڵ وەزیری پەیوەندار قسە ئەکەین، رۆژێک دیاری بکەن لەو رۆژانەی کە بۆ راپۆرتی لیژنەکان دەست نیشان کراوە، بە ئامادە بوونی

وەزیری پەیوەندارگفتوگۆی ناوەڕۆکی ئەم راپۆرتە ئەکرێ، وە ئەو کاتە هەر ئەندامێکی پەرلەمان لەگەڵ لیژنەی پەروەردە بەشداری ئەکەن لە گفتوگۆ کردنی ناوەڕۆکی ئەم راپۆرتە، فەرموو شێخ عەفان.

**بەڕێز شێخ عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێمان باشە راپۆرتی ترمان هەیە لە ئیش و کارەکانی پەروەردە، ئەویش لەگەڵ خوێندنی بالا، هەمووی یەکبخەین لە داهاتوویەکی نزیکدا پێشکەشی بە بەڕێزتانی بکەین بۆ ئەوەی ئەو بەڕێزانەی کە هاتن گفتوگۆیەکی تێرو تەسەلیان لەگەڵ بکەین، چونکە ئەمە ئاستی چاک و خراپەیە، هەندێک لە ئیجابیات دەبێ لە راپۆرتی پەروەردە باسمان کردووە، حەز ئەکەین ئەوەش بە دوورو درێژی پێشکەش بە بەڕێزتان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ زیادەیەک یا خود پێشنیارەک یان گۆڕانکاریەک لەسەر ئەم راپۆرتە هەیە پێمان باشە هەتا رۆژی شەممە بگاتە دەست ئێمە، بۆ ئەوەی رۆژی شەممە رەوانەی بکەین بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران. فەرموو شێخ عەفان.

**بەڕێز شێخ عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە بەنسبەت دەقەکە دیاریمان کردووە باسی چی ئەکات، ئەمە تەنها باسی هەڵسەنگاندنی پەروەردەو دابەزینی ئاستەکەی دەکا، بەڵام ئەو کارانە کە پەروەردە پێی هەڵساوە، وە ئەوانەی بەتایبەتی لە ئەنجوومەنی خوێندنی بالا و لەو شوێنانە کراوە ئەوەندە لەگەڵ خوێندنی بالا هیچمان تیادا باس نەکردووە، لەبەر ئەمە بە بۆچوونی من ئەمە ئەم راپۆرتە نزیکەی چارەکی راپۆرتەکەمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە کەی ئامادە دەبێ؟ ئامادەیە ئەوی تر؟

بەڕێز شێخ عەفان عوسمان نەقشبەندی:

بەڵێ ئامادە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆمان بنێرن بۆ ئەوەی ئێمە لەگەڵ دانەیەک لە راپۆرتەکە بە نووسراوێک بینێرین، پاشان لە کاتی گفتوگۆ کردن بدەین بە ئەندامانی پەرلەمانیش، وە لای حکومەتیش هەبێت بۆ ئەوەی کە دێن بەرچاوی هەموومان روون بێت و شتێکی باشە، فەرموو کاک یونادم.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەوانەیە من مافی هیچ گفتوگۆیەکم نەبێ ئێستا، بەڵام تەنها یەک تێبینیم هەبوو خۆزگە لە ماددەی یەکەم برگەی(ج) کاریگەری کارە بزێوەکانی تێکدانی پەروەردە بەتایبەتی پێشگەڕانەوەی شەرعیەت بۆ هەولێر، ئەم رستەیە لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆ زۆر ناگونجێت ئەگەر لاببرێ ئەمە یەک. دووەم: لەوانەیە ساڵی ١٩٩٧ نسبەتەکە زۆر باشتر بوو، ئێستا زۆر خراپتر بووە، هەرچەندە راپۆرتەکە پڕە لە هەموو شت، دەستیان خۆش بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا گفتوگۆی ناکەین، بەڵکو تەنها خوێندنەوەی راپۆرتەکە بوو، کە گفتوگۆمان کرد ئەوکاتە ئەو تێبینیانەش رەچاو دەکرێن، ئەمەکارێکی ناوخۆییە،دانیشتنی ئەمرۆمان لێرەدا کۆتایی پێدێت، بۆ دانیشتنی ئاییندە ئاگادارتان دەکەینەوە لە رۆژو و کاتی دانیشتنەکە سوپاستان دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەل**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار:(١٦)**
**مێژووی بڕیار دان:١٩٩٨/٩/٢٦**

«بڕیار»

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی برگە(٣)ی مادده(٢) لەیاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧دا پێمان دراوە ولەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی رۆژی ٢٤/٩/١٩٩٨ دا یاساکاری کردووە، ئەم یاسایەمان دەرهێنا.

## یاسای ژمارە(٦)ی ساڵی ١٩٩٨
## یاسای هەموارکردنی یاسای وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە(١١)ی ساڵی ١٩٩٢

**ماددەی یەکەم:**

برگەی دوو لەمادده شەش هەموار دەکرێ وبەم جۆرەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(وەزیر لەکاتی پێویستدا بۆی هەیە لەنۆژەن بەڕێوەبەرایەتی و بەش و

لقەکان پێکبهێنێ و لەغوبان کاو پەیوەندیان لێکتری بترازێنێ).

**ماددەی دووەم:**

وەزیرە تایبەتمەندەکان لەسەریانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی سێیەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژی پەخش کردنیەوە لەرۆژنامەی رەسمیدا جێبەجێ دەکرێت.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# (هۆکاری پێویست)

**لەکاتی پیادەکردنی یاسای وەزارەتی رۆشنبیری دەرکەوتووە کە هەندێ لەبەڕێوەبەرایەتی و لق و بەشەکانی وەزارەت پێویستیان بەتێکەڵ کردنی چالاکییەکانیان هەیە، یان لێک ترازانی پەیوەندی یان هێنانەکایەی لق و بەشەکانی تازە، بۆ ئەوەی وەزارەت رێک خستنی کارو بەڕێوەبردنی بەشێوەیەکی باشتر بۆ برەخسێ، ئەم پرۆژەیە رێکخرا.**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەل**

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار: (١٧)**

**مێژووی بڕیار: ١٩٩٨/٩/٢٦**

## «بڕیار»

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە(٣)ی مادده(٢) لەیاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧دا پێمان دراوەو لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی رۆژی ١٩٩٨/٩/٢٤دا یاساکاری کردووە ئەم بڕیارەمان دەرهێنا:

**سێیەم هەموارکردنی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی١٩٩٢ی هەموار کراو.**

**یەکەم:**

بڕگە(٢)ی مادده (٧١)ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی هەموار دەکرێ و بەم جۆرەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(پڕۆژەی ئەو یاساو بڕیارانەی کە دێنە ئەنجوومەن لەگەڵ هۆکارە پێویستەکانیان بەسەر ئەندامانی دابەش دەکرێ وپوختەکەی لەیەکەم دانیشتندا دەخوێندرێتەوە ئەوجا هەواڵەی لیژنەی تایبەتمەند دەکرێت).

**دووەم:**

ئەم بڕیارە لە مێژووی دەرهاتنیەوە کاری پێ دەکرێ و لەرۆژنامەی رەسمیدا پەخش دەکرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٥)

## سێ شەممە ڕێكەوتی ٢٠/١٠/١٩٩٨

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٥)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠/١٠/١٩٩٨

***کاتژمێر(١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠/١٠/١٩٩٨ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا، دانیشتنی ژمارە(پێنج)ی خولی ئاسایی دووەمی ساڵی(١٩٩٨)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی ماددە(٢٠) لە پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراودا، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە(٥)ی ئاسایی خۆی لە کاتژمێر(١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠/١٠/١٩٩٨ دا بەم شێوەیە بێت:***

***١ـ ئامادە بوونی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە لەلایەن ئەندامە بەڕێزەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقەوە ئاراستەی کراون.***

***٢ـ ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری ئەشغال ونیشتەجێکردن بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە لەلایەن ئەندامە بەڕێزەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقەوە ڕووبەڕووی کراون.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهربان، دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێدەکات. دانیشتنی ژمارە(٥) ڕۆژی ٢٠/١٠/١٩٩٨، بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان(٢) خاڵە

خاڵی یەکەم: دوو پرسیار لە بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری حکومەتی هەرێمی کوردستان کراو

خاڵی دووەمیش: پرسیارێکە لە جەنابی وەزیری ئەشغال و نیشتەجێ کردن کراوە. هەروەک ئاگادارن ئەمڕۆ سێ شەممەیە ڕۆژی حکومەتە، و لەو خولەدا بڕیارێکماندا کە ڕۆژانی سێ شەم تەرخان بکرێ بۆ وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارانەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کە ئاراستەی برا وەزیرەکانمان دەکەن، وبەپێی خشتەیەک کە لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ڕێکمان خستوە، هەموو سێ شەممەیەک ئەو پرسیارانە لەلایەن بەڕێزان وەزیرانی حکومەتی هەرێم وەڵام دەدرێنەوە، چوارشەممانیش هەروەک ئاگادارن تەرخان کراوە بۆ ڕاپۆرتی لیژنەکان، ڕێکەوتنێکی

واشمان کردووه لەگەڵ لیژنەکان. بۆ خوێندنەوەی دووەم جەنابی وەزیری پەیوەندیدار ئامادە دەبێ بۆ ئەوەی راپۆرتی لیژنەکان لەگەڵ وەزیری پەیوەندیدار گفتوگۆی لەسەر بکرێ یان وەڵامی هەندێ خاڵی ناوەڕۆکەکەی بدرێتەوە، هەر بۆ ئاگاداری لیژنەکان ئێمە لەسەر ئەم بنەمایە لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران رێکەوتووین. بۆ ئەوەی بەرێزان ئەندامانی و لیژنەکان بزانن لەمەو دوا دانیشتنەکەمان بەم جۆرە دەبێ واتا رۆژانی سێ شەم بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەندامەکانەو رۆژانی چوارشەممەش بۆ راپۆرتی لیژنەکانە رۆژانی تریش بۆ گفتوگۆ کردنی ئەو پرۆژانەیە کە دێتە بەر دەستتان.

بەخاڵی یەکەم دەست پێدەکەین، ئەگەر جەنابی وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری تەشریف بێنێتە سەر سەکو، بۆ ئەوەی بیخەمەوە بیرتان، ئەوەی کە مافی بەدواداچونی هەیە تەنها ئەو ئەندامەیە کە پرسیارەکەی ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووەو لە رێگەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە گەیبوەتە وەزیری پەیوەندیدار، بەدوا داچوونی پرسیارەکەش هەر لەلایەن ئەو ئەندامەو جەنابی وەزیر دەبێ سەرەتا پرسیارەکە لەلایەن ئەو ئەندامەوە دەخوێندرێتەوە کە پرسیارەکەی کردووە، جەنابی وەزیر وەڵامی دەداتەوە، و ئەو ئەندامەی پرسیارەکەی کردووە مافی بەدوا داچونێکی هەیەو جارێکی تر لەلایەن بەرێز جەنابی وەزیر وەڵامی دەدرێتەوە، وکاتەکەش بەپێی کاتی دانیشتنەکەمان دیاری دەکەین، دوایی کە تەواو بوو بەلایەنی کەم سێ ئەندامی پەرلەمان بۆیان هەیە بابەتێک بخەنە بەرچاوی جەنابی وەزیر، و جەنابی و وەزیریش ئازادە لە وەڵام دانەوەیان، ئەگەر ئامادە بێ وەڵام بداتەوە و، ئەگەر ئامادە نەبێ دوای دەخەینە دانیشتنێکی تر یان فرسەتێکی تر، ئەو سێ ئەندامەش ئێمە لێرە لە سەرۆکایەتی دەست نیشانی دەکەین.

بەرێز شێخ یەحیا بەرزنجی پرسیارێکی لە جەنابی وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری هەیە بابفەرمووێ پرسیارەکەی بخوێنێتەوە.

**بەرێز شێخ یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئاگادارن ساڵی پار کەمێ باج خرابووە سەر دەغڵ و دان، زۆر قسەشی لەسەر کرا کە کەم بکرێتەوە یان هەر لاببرێ، بەپشتیوانی خوا کەم کرایەوە، بەڵام هەندێکی هەر مایەوە، باری دەغڵ و دانیش شوکر بۆ خوا دەتوانین بڵێین لە هەموو ساڵێک هەرزان ترەو نرخی داشکاوە، بەڵام بەرامبەر بەو دابەزینە تێچوونی بەرهەم هێنانی دەغڵ و دان ئەتوانم بڵێم وەک ساڵانی پێشوو وایە لەوانە پەینی کیمیاوی(سماد) کە زۆر پێویستە بە ئاسانی نەگاتە دەستی برا جوتیارەکانمان، لە بەرێز وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری دەپرسم، چی کراوەو چی ئەکرێت بۆ بە ئاسانی بە دەست گەیشتنی پەینی کیمیاوی بۆ برا جووتیارەکانمان؟..... زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. کاکە شێخ، جەنابی وەزیر بابفەرموێ.

**بەڕێز یوسف حنا یوسف/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەم پرسیارە کە بابەتی پەینە، لەڕاستیدا ئێمە ئەو پەینەی کە بەدەستمان دەکەوێ تەنها بەڕێگای(FAO) دەستمان دەکەوێ،(FAO)ش(٢٠٠) کیلۆ غرام دەداتە هەر جووتیارێک، بۆ هەموو جووتیارەکانیش لیژنەیەکی هاوبەشی وەزارەت و(FAO) دەچنە گوندێک، بۆ نموونە(٥٠) جووتیاری هەیە، دەڵێن بەشتان تەنها(١٠) جووتیارەو بەس، بەتیروپشک ناوی(١٠) جووتیار دەردێنن هەریەک لەو(١٠) جووتیارە(٢٠٠) کیلۆ غرامیان دەدەنێ. ساڵی دواتر ئەو(١٠) جووتیارەی وەریان گرتووە پێیان نادرێ و دەدرێتە(١٠) جووتیاری تر، هەر بۆ زانیاری ئەم(٢٠٠) کیلۆ غرامە تەنها بایی(١٥) دۆنم زەوی دەکات، کەسێک(٥٠، ٦٠) دۆنم زەوی هەیە دەڵێ چی لەو برە بکەم؟ هەندێکیان وەری ناگرن، هەندێکیشیان دەیفرۆشن، سەبارەت بەپەین لەوە زیاتر توانامان نییە، توانای «فاو»یش لەوە زیاتر نییە، کە ئێستا بەم شێوەیە دابەشی دەکەن دیاری کراوە، داوامان کردووە کە برە پەینەکە زیاتر بکرێ، ئەوانیش گوتیان بۆ دەسەڵاتی بالاتر لەخۆمان دەی نووسین، تاکو ئێستا وەڵامیان بۆ نەهاتووەتەوە، لەو ڕێگایە زیاتر لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە. دەمێنێتەوە بابەتی بازرگانی(کڕینی پەین لە دەرەوە) بۆ ئەوەش دوو ڕێگا هەیە. ئەگەر بە ڕێگای بازرگانی بێ ئەوە(وەزارەتی دارایی) لەگەڵ کەرتی تایبەت و وڵاتان دەتوانن ڕێک بکەون، عێراق هەیەتی و تورکیا هەیەتی و ئەردەن هەیەتی تابتوانن استیرادی بکەن، دەمەوێ بزانم ئەو پەینەی کە حکومەت یان بازرگان استیرادی دەکات چۆن دابەشی دەکەنە سەر جووتیارەکان؟ ئەگەر بەخۆڕایی بێ ئەوە کارێکی زۆر گرانەو زەحمەتیشە، ئەگەر بەپارە بێ، جووتیارەکانی ئێمە کە گەنمیان نەفرۆشن چی لە پەین بکەن؟ بەرهەمەکەیان گران تر دەبێ لەبەر ئەوە گرفتێکی گەورەیە سەباردت بەئێمە، دەمەوێ ئێوە ڕوون کردنەوەیەکم بدەنێ ئەگەر بە پارەیان بدەینێ جووتیار بەرهەمی نەفرۆشێ پەینی بۆ چیە؟ ئەگەر بەخۆڕایی بیدەینێ لەوەش دارایی بەرگەی ئەو نرخە زۆرە ناکات و لە توانای نییە پەین بە خۆڕایی دابەشی بکات، لە بارەی پەینەکە وەڵامی ئێمە بەم شێوەیە بوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر، ئەگەر شێخ یەحیا چ بەدوا داچونێکی هەیە بابفەرموێ.

**بەڕێز شێخ یەحیا محمد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری، لێرەدا دەردەکەوێ کە برا جوتیارەکانمان زەرەرمەند دەبن، لەوەیە بڵێم نەتوانن ئەوەی کە ئەبێ بیکەن بیکەن، لێرە مەبەستم پشتگیری کردن(دعم)ە، من لێرە بۆیە ئاماژەیەکم کرد بەو برە پارەیەی کە پار لێیان سەندراوە، خۆ ئەگەر بەشێک لەو پارەیەی کە لێیان سەندراوە بکرێتە پشتگیرێک(دعم) بۆ کڕینی پەینی کیمیاوی و بەشێکیشی بخرێتەوە سەر خۆیان، واتا هەوڵدەین کشتوکاڵ لێرە نەوەستێت و برا جووتیارەکان تووشی بەربەست نەبن. ئێستاش ئەوەی هەبوو پار زۆربەی زۆری بە هەرزان فرۆشتوویەتی زۆر بەشی تاکو ئێستا ماوەتەوە، مەبەستیشم ئەوە نییە کە بەربەست لە بەردەم کارەکانی جەنابتان

دروست بکەین یان داوا بکەین زیاتر لە توانایی خۆتان سەرف بکەن، چاریش نییە دەبێ خەمیان لێ بوخرێ، چارەکەش ئەوەیە دەعمەکە دەبێ بەشێک لە حکومەتەوە بێ ، وە هەولیش بدرێ پەین بێت، چونکە ئەوەی ئێستا لە موسڵ یان لە شارەکانی تر دەی کڕن نرخەکەی زۆر خەیاڵییە،مانای وایە برا جووتیارەکان ناتوانن بە دەستی بێنن، بۆ ئەمە هەنگاوتان چیە؟ ئایا ئەتوانن بیر لەوە بکەنەوە دەعمێکیان بکەن لەو کڕین و فرۆشتنەدا؟ .... سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز یوسف حنا یوسف/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بابەتی دەعمی جووتیاران بە بڕیارێکی ئەنجوومەنی وەزیران و بەتایبەتی وەزارەتی دارایی دەبێ، چونکە ئەوە پارەکەی دەبێ لەو لایەنانەوە تەرخان بکرێ و لە تایبەتمەندی وەزارەتی کشتوکاڵدا نییە، دەتواندرێ ئەوە لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران باسی بکرێ، و ئەو دەعمەی جەنابت دەیڵێی بڕیارێکی لەسەر بدرێ، وەزیری دارایی ڕەزامەندی بفەرمووێ کە بەشێکی دەعم بێ و بەشێکیشی لەلایەن جووتیار خۆی بێ، ئەو بابەتە لە تایبەتمەندی ئێمەدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو بەدوا داچوونە تەواو بوو وەکو باوە لە دوای هەر پرسیارێک تەنها یەک بەدوا داچوون دەبێ، تەنها پرسیارێک بۆجەنابی وەزیر، ئەوەی بۆ روون نەکردەینەوە، ئەو برەی کە لە جووتیاران بۆ پەین وەردەگیرێ چەندە؟

**بەڕێز یوسف حنا یوسف/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوەی ئێستا لە جووتیار وەردەگیرێت، کە(FAO) پەینەکەیان پێدەدات، ئەو پارەیە نرخی پەینەکە نییە، ئەوە تەنها کرێی گواستنەوەیە، کە لە کۆگاکان بۆ جووتیارەکان دەگوازرێتەوە، تەنها نرخی ئەمەیە، کە زۆر زۆر کەمە ، خۆی لە بنەرەتدا بەخۆراییە، بەڵام(FAO) دەڵێ من ناتوانم بە خۆرایی بیگەیەنمە گوندەکان، ئەگەر لە کۆگاکان وەری دەگرن بە خۆراییە، بەڵام ئەگەر گواستمانەوە بۆ گوندەکان ئەوە کرێکەیان دەوێ، کەشتێکی کەمە. ئەو پارەیەش لە رەسیدی(FAO) دا و لە ژێر دەستی ئەم رێکخراوە و وەزارەتی کشتوکاڵدا خەرج دەکرێ، واتا ئەو پارەیە نابێتە هی(FAO)، ئەو پارەیە بۆ ئیش و کاری جووتیاران خەرج دەکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر، پرسیاری دووەم لەلایەن بەڕێز شێخ جعفر علی بەرزنجیەوەیە بابفەرمووێ.

**بەڕێز شێخ جەعفەر عەلی بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر چەند من پرسیارەکەم لەسەرەتای مانگی گوڵاندا بووە، پێشی دەست پێکردنی وەرزی دورێنەو وەرگرتنی دانەوێڵە بەڵام سەرەڕای ئەوەش پرسیارەکەم گرنگی خۆی ماوە، چونکە

بەروبوومی زۆری برا جووتیارەکان بەتایبەتی گەنم و جۆ ماوەتەوەو بۆیان نەفرۆشراوە، ئەمەش کورتەی بابەتەکەو پرسیارەکەمە:

بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان(UN) لە دابەش کردنی خواردەمەنی بەگوێرەی بڕیاری(٩٨٦) ئەبێتە هۆی تێک چوونی باری ئابووری برا جووتیارەکان و گوندنشینەکانی هەرێمی کوردستان چونکە بەروبوومی کشتوکاڵیان دەمێنێتەوەو لە بازاردا سەرف نابێ، سەرەڕای ئەو زەرەرە گەورەیەی بە جووتیاران دەکەوێ، ئەبێتە هۆی گەرانەوەی برا جووتیارەکان بۆ ناوەندی شارەکان وچۆڵ کردنی گوندە تازە ئاوەدان کراوەکان پرسیارەکە ئەمەیە، وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری چ بەرنامەیەکی هەیە بۆ وەرگرتنی بەروبوومی جووتیاران بەتایبەتی گەنم و جۆ؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی شێخ جەعفەر، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز یوسف حنا یوسف/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە راستیدا ئەم پرسیارە زۆر لەجێی خۆیەتی ئەو کێشەیە تازەش نییە، هەر لەیەکەم رۆژیدا کە عێراق رەزامەندی لەسەر بڕیاری نەوت بەرامبەر خۆراک و دەرمان کرد لەو کاتەوە هەموو کەس هەستی بەوەکرد کە ئارد لێرە بە خۆرایی دابەش بکرێ مانای ئەوەیە دەغڵ و دانی ئێمە بازاری نامێنێ، دەغڵ و دانی ئێمە بازارەکەی هەر لەناو خۆیەتی، جووتیار بەرهەمەکە لەگوند دێنێتە شار، لەشار ئەیفرۆشێ کەشار ئێستا پێویستی نییە، ئاردێکی زۆر وەردەگرێت وە هەندێکیشیان دەیهێنن ئەوەیش ئەفرۆشن لە بەر ئەوە، جووتیارەکان تووشی گرفتێکی گەورە ئەبن،با ئەوەش بزانین ٥٠٪ی میللەتەکەشمان جووتیارە لەراستیدا ئەو گیروگرفتە گیروگرفتێکی هەرە گەورەیە بەتێروانینی ئێمە بەتێروانینی وەزارەتی کشتوکاڵ بەقەدەر کارەبا گرنگ بوو بۆ میللەتەکەمان هەوڵێکی زۆرمان دا بۆئەوەی چارەسەری ئەو بابەتە بکەین، لەپێش هەموو شتێک کاتی خۆی ئێمە بەناوی وەزارەت بە رێگای ئەنجوومەنی وەزیرانەوە یاداشتێکمان، پێشکەشی بەر پرسانی(FAO) و(UN) کرد هەتا گەیشتە(بنون سیڤان) کە بریکاری کۆفی ئەنانە، گوتمان لایەنی سلبی ئەو پرۆژەتان ویران کاریە بۆ ئێمە راستە خەڵکی برسی نەما بەڵام هەژاریتان زۆر کرد، جووتیارێک کە بەرهەمی گەنم و جۆ بوو دەهات لە شارەکان دەی فرۆشت و دەیدا بە بەرگ و جل، بۆ خەستەخانە بۆ قوتابخانە سەرفی دەکرد، ئێستا ئەو دەستکەوتەی نەماوە، لەبەر ئەوە چارەسەرێکی بکەن، هاتن گوتیان ئەوە پەیوەندی بەئێمەوە نییە، بیرخەرەوەی لێک گەیشتنی عێراق و(UN)ئاوایە، سوربووین وگوتمان دەبێ ئەوە هەرچارەسەر بکرێ، ئێمە هەوڵمان داوە، ئەنجوومەنی وەزیران هەوڵی داوە لەگەڵ هەموو رێکخراوەکان، تەنانەت خودی کاک مەسعودیش تدخلی لەو بابەتە کردووە، ئێستاش لەنیویورک و واشنطن خستویەتیە روو، بەڵکو چارەسەرێکی بکەن و دەغڵ و دانی ئێمە بکڕن. زۆر جار لەمنیان پرسیوە ئێوە دەست کەوتی دەغڵ ودانتان چەندە؟ گوتومە هەموو کوردستان نزیکی(٤٠٠ر٠٠٠) تەنی هەیە، گوتیان بەشتان دەکات؟ گوتم بەڵێ بەشمان دەکات خەمتان نەبێ، گوتیان کارگەی هاڕینی گەنمتان هەیە؟ گوتمان بەڵێ زۆرمان

هەیە، دوومان لە هەولێر هەیە یەکمان لە دهۆک هەیە و یەکیشمان لەسلیمانی هەیە بەشی هەموو دنیا دەکات، گوتیان دەتانەوێ بەچی نرخێک گەنمتان لێ بکڕین(ئەو پرسیارانە هەمووی پرسیاری ئەوان بوون ئاراستەی من کراون) گوتم بەو نرخەی کەتێچوونی گواستنەوەی گەنمە لە استرالیا یان کەنەدا یان ئەمریکا بۆ ئێرە ئەو پارەیەمان بدەنێ پارەی کڕینمان ناوێ، لەوە زیاتر چی بکەین؟ ئەوە داوای ئێمەیە ئەو هەوڵەش هەرماوە، نازانین چۆن بڕیاری لەسەر دەدرێ؟ چونکە بەدەست ئەنجوومەنی ئاسایشە، لەرێکەوتنی واشنتۆن بڕگەیەک هاتووە ئومێدێکمان پێدەدات کە ئەڵێ: ئەگەر هاتووعێراق نەوتی خۆی راگرت و نەینارده دەرەوە ئەمەریکاو(UN) بەڵێن دەدەن کە بەشی کوردستان هەر بەردەوام بێ، ئەوکاتە بەشی کوردستان جیا دەبێتەوە، کە لە بەشی عێراق جیا بۆوە ئێمە باشتر تەسەروفی پێدەکەین ئەوە ماوە جا بزانین بڕیارەکە چۆن دەبێ، لەراستیدا ئێمە لەو بوارە دا کارمان بۆ کردووە، بێجگە لەوە ئامۆژگاری جووتیارانمان کردووە کەزۆر روو لە چاندنی گەنم نەکەن، چونکە وەکو ئەزانن نافرۆشێ، بچن بەرهەرمی تر بەرهەم بێنن وەکو توتن وگوڵە بەرۆژەی و سەوزەوات و میوە، چونکە ئێستا کارگەی قوتوبەند هەیە، بۆ توتن کارگەی جگەرەمان هەیە، با ئەوانە بچێنن بواریان زیاتر دەبێ، وەکو بیستومە لە دەشتی هەولێر کە پێشان توتنیان نەدەچاند ئێستا بە سەدان دۆنم تووتن دەچێنن، لەراستیدا گۆڕینی بەرهەمی گەنم بە بەراو شتێکی باشە، هەم سوودی هەیە بۆ جووتیارو هەم بۆ ئێمە و بۆ کەرتی پیشەسازی کە پشت بە کشتوکاڵ دەبەستێت، ئێمە لە هەموو لایەک هەوڵمان داوەو هەوڵیش دەدەین، ئەوەی لەتوانادا بێ دەی کەین، ئەوەش کە لە تواناماندا نەبێ چی بکەین؟ هەر ئەوەندە لە توانای کابینەی سێیەمە، لەسەری بەردەوامین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، شێخ جعفر فەرموو.

**بەڕێز شێخ جەعفەر عەلی بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زۆر سوپاس بۆ روون کردنەوەی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری بەڵام لە بەر ئەوەی ئەمە کێشەیەکی زۆر گرنگە و پەیوەندی بە ژمارەیەکی زۆر لە برا جووتیارەکان هەیە، هەروەک عەرزم کردن کەوەرزی وەرگرتن بەسەر چووە بەڵام لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆر لە گەنم و جۆ ماوەتەوە، وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری دەتوانێ بیکا بە کێشەیەکی گرنگ بەوەی هەوڵ لەگەڵ رێکخراوەکان بدات زیاتر سەردانیان بکات زیاتر فشاریان بخاتە سەر، چەندین کۆنگرەی رۆژنامەنووسی بکەن بۆ ئەوەی بیکەنە فشارێکی گەورە لەسەریان، ئەمە شێوەیەک، خاڵێکی تر وەکو پارساڵ ئەگەر بکرێت چەند هەزار تەنێک وەربگرن سەرەرای ئەوەی کە سوودی بۆ برا جووتیارەکان هەیە بۆ مەسەلەی ئاسایشی خۆراکی خۆشمان شتێکی باشە، مەرج نییە ئەو ژمارە زۆرە وەربگیرێ، چەند هەزار تەنێک وەربگیرێ کاردەکاتە سەر بازار سێیەمین بە هۆی نوێنەرانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوەی کوردستان هەوڵ بدرێ بازارێکیان بۆ بدۆزرێتەوە بە گۆڕینەوەش بێ لەوەیە سوودی هەبێ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز یوسف حنا یوسف/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا ئەو فشارەی جەنابت باسی دەکەی ئێمە لەگەڵین، هەر لە داواکردنی بەردەوامین چونکە کێشەیەکی میللەتەکەمانە وازی لێ ناهێنین تاکو هیلاک دەبن، بابەتی تر کە حکومەت بەشێکی بکڕێ، ئەوە لە تایبەتمەندی وەزارەتی داراییەو جا پارەی هەیە، پارە ئەدات، ئەکڕێ ناکرێ؟ بۆیە ئەوە تایبەتمەندی ئێمە نییە ناتوانین لە جیاتی وەزارەتی دارایی وەڵام بدەینەوە، لەهەمان کاتیشدا سایلۆکانیشمان پڕن، ئەو ستراتیجیەتی دەیڵێن هەقە هەمان بێ، هەموو وڵاتێک ئەو ستراتیجەی هەیە، بەڵام سایلۆی ئێرەو زاخۆش پڕە لە کوێی دانێنین؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاکە شێخ بۆی دووبارە بکەرەوە.

**بەڕێز شێخ جەعفەر عەلی بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی سێیەم بەهۆی نوێنەرانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوەی کوردستان هەوڵ بدرێ بازاریان بۆ بدۆزرێتەوە

**بەڕێز یوسف حنا یوسف/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەدەرەوەی کوردستانیش ئێمە هەوڵمان داوە، پێش ماوەیەک وەفدێکی ژووری بازرگانی عینتابی تورکی هاتنە لامان، منیان بینی گوتیان هاتین لەگەڵتان ڕێک بکەوین بۆ ئاڵوگۆڕ کردنی بازرگانی کەرستەی کشتوکاڵی، دیار بوو مەبەستیان تەنها ئەوە بوو ئێمە شتیان لێ بکڕین و ئەوان لە ئێمە نەکڕن، گوتمان گەنم و جۆمان هەیە، گوتیان ئێمەش هەمانەو دەینێرینە دەرەوە لەگەڵ ئەوەشدا نەی گوت نا، گوتیان نموونەو نرخمان بدەنێ، تا بزانین بۆمان دەست دەدات یان نا؟ وەکو تێگەیشتم ئەوان، دەیانەوێ ئێمە شتیان لێ بکڕین، تراکۆریان لێ بکڕین پەینیان لێ بکڕین هەمووش بە دولارە، عیراق لێمان وەردەگرێ بەرامبەر بە نرخێکی کەم، بەپارەی چاپیشە تەنانەت پارەکەش نادات، وەصل دەدات و وەصلەکەش خوا ئەزانێ کەی ئەیدات، جوتیارەکان بێزار بوون ئێستا نایبەن، ئەویش گەنمەکە وەردەگرێ بۆ خۆشی نییە، بەدولار دەیدات بە ئوردن، لەڕاستیدا ئێمە ڕێگای ترمان نیە ئەو گەنمە بگەیەنینە دەرەوە چۆن ئەکرێ ئێمە بەزەحمەتی دەزانین تاکە ڕێگە بۆ ئێمە تەنها ئێران و تورکیاو عێراقە.ئەوانە دراوسێمانن ئەوە بازارێکی گەورەی دەوێ دەبێ بازرگانەکان بێنە ناو بابەتەکە ئەوەش ئاسان نیە، لەحاڵەتێکی وادا ئێمە دەبێ چارەسەری بابەتێکی وا بەیارمەتی وڵاتانی دەرەوە بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیری کشتوکاڵ و سوپاس بۆ بەڕێزان شێخ یەحیاو شێخ جەعفەر بۆ

پرسیارەکانیان وە بۆ بەدواداچوونیان وبۆ وەڵامی جەنابی وەزیر و بەدوواداچوونەکانی، وابزانم بابەتەکان رونن، بەروبوومی جوتیارەکانمان لەو رۆژەی کە ئەو بریارە دەرچووە بریاری(٩٨٦)ی نەوت بەرامبەر بە خۆراک و دەرمان بۆتە گرفتێک بۆ جوتیارەکانمان وەکو برادەرانمان ئاماژەیان پێ کرد بۆ بابەتەکانی ئاسایشی خۆراکی(الأمن الغذائی)بۆ ئایندەمان و ئەگەر ئەم بارە بەم شێوەیە بڕوات مەترسیەک هەیە، کۆچڕەوێکی پێچەوانە (هجرە معاکس)ـە لەو شوێنانەی کە ئاوەدان کراونەوە و بەکشتوکاڵ خەریکن بەرەو شارەکان بێنەوە ئەگەر هاتوو بەرووبوومی جوتیارەکان ئاوەها بمێنێتەوە بەتایبەتی ئەوەی کە باسکرا لە بابەتەکانی خۆراک، بۆیە وەکو جەنابی وەزیریش دووپاتی کردەوە هیچ بۆنەیەک دەرباز نابێت، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کاربەدەستانیUN ئەم بابەتە باس نەکەن لەناوەوەو دەرەوەشدا، وەبە پێی ئەو لیژنەی کە هەمانە لیژنەی هاوبەش ئەویش لیژنەی بریاری ٩٨٦کە نزیکەی لەسنووری هەشت مانگ زیاترە ئیش وکاری خۆیان ئەکەن ئەوە خاڵێکی سەرەکی ئەوانە لەگەڵ ئەو رێکخراوانەی کە پەیوەندارن لەگەڵی وە لەگەڵ نوێنەرانی UN کە پەیوەندارن بەو بابەتەوە سەرقاڵن بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، وەکاربەدەستانی UNکە سەردانی کوردستان ئەکەن، سەردانی پارێزگاکان ئەکەن وە سەردانی دام ودەزگاکانی تر ئەکەن لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وە ئەمە گرنگی خۆی هەیە ئەوانیش عوزری خۆیان هەیەو ئێمەش عوزری خۆمان هەیە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان یان پەرلەمانی کوردستان. یەکەم: ئەوان عوزریان هەیە بریارێکی UN هەیە کە نابێت پارەی نەخت(نقد)بدرێت بەکەل وپەل، لەناوەوەی عێراق، کوردستانیش مەشمولە چونکە ئەمرۆ پارچەیەکین لە عێراق ، بۆیە ئەوان لەم خاڵەوە لەراستی دا هەندێ گیروگرفتی یاساییان هەیە، دوو بابەتی کرین و فرۆشتن ، UN لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی رێکەوتنی هەیە بۆ چۆنیەتی ئەو بابەتانە، ئەوانیش لەوانەیە هاوار هاواریان بێت لەو بارەیەوە بۆ؟ چونکە ئەوان ئەو ئاردەی کە بە ئێمەی ئەدەن لەووڵاتانی دەرەوە ئەیکڕن لەوانەیە ئەگەر لەئێمەی بکڕن زۆر زۆر هەرزانتر بێت لەوەی لەدەرەوە ئەیکڕن ئەمە یەک؛ دوو لەوانەیە هێزی کاریش لەوڵاتی ئێمە گەشەی پێ بدرێت واتە کۆمەڵێک لایەنی چاک لەم بابەتەدا هەیە، تاوەکو ئێستاکە نەتواندراوە ئەمە لەگەڵ UN یەکلا بکرێتەوە.

بێگومان لیژنەی تەنسیقی باڵا لەسەر ئەمە بەردەوام ئەبێت ئەوەی پەیوەندارە بە بریاری ٩٨٦ـەوە بەهەردوولاوە بە نوێنەرانی پارتی ویەکێتی کە لەولیژنەیە بەیەک دەنگ هەر لێرەوە تاوەکو نیویۆرک کۆکن لەسەری و ئەم بابەتەش هەمیشە باس دەکرێ، باشە ئەندامانی پەرلەمان بەدوای ئەم بابەتەدا بڕۆن وباشە سەردانی UNیش بکەن و لەلایەن خۆیانەوە بۆ ئەوەی ئیش و کارەکانی برادەرانی حکومەت ئاسان بکەن وە ئەو هەستەی کە هەیە ئیمە زیاتر گەرمی کەین چونکە ئەگەر بەو شێوەیە بڕوات و شت لەئیمەو برا جوتیارەکان نەکرن بەڕاستی زەرەرمەند دەبین وەکو گوتم ئەو پرۆژەی ئاوەدان کردنەوەی کوردستان لەسەرەتای ئەم کیانە دەستی پێکردووە لەوانەیە وەکو پێویست جێگای خۆی نەگرێت، ئێوە ئەزانن بەتایبەتی لەساڵی ١٩٩١و١٩٩٢و تاوەکو١٩٩٥ کەچ جموجۆڵێکی کشتوکاڵی لەکوردستان دەستی پێکردوە چۆن خەڵک رووی کردە گەڕانەوە بۆ جێگای باوباپیران

وکشتوکاڵ لە کوردستاندا چۆن بوژایەوە؟ چونکە خەڵکەکە پێویستی پێ بوو، ئەمڕۆ ئارد یان هەندێ خواردنی تر لەلایەن UNـەوە ئەدرێ بەو خەڵکەی ئێمە ئەبینین بەروبوومی جوتیاران بەناچاری کەم ئەبێتەوە، هیوادارین حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک چۆن بەردەوام بووە لەسەر هەوڵ دان بەهەمان نەفەس بەردەوام بێت و ئەندامانی پەرلەمانیش بۆ ئەم بابەتە لەگەڵ دام ودەزگاکانی UN درێغی نەکەن، وە ئەو مەترسیە بخەنە پێش چاو بەڵکو بەزووترین کات چارەسەری ئەم بابەتە بکرێت، سوپاسی جەنابی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری دەکەین بۆ هاتنی و بۆ ئەو پرسیارانەی کە وەڵامی دایەوە، لەبەر ئەوەی جەنابی وەزیر لێرەیە ئێمە وەکو بنەمایەک ئەگەر چ پرسیارێک یاخود چ بابەتێک حەز ئەکەن بیخەنە ڕوو، بەڵام دوور لەم بابەتەی کە باس کرا چونکە ئەم دووبابەتە مافی خۆی پێدرا، جا ئەوەی حەز ئەکا قسەبکا با ناونووسی بکەین، کاک ئیبراهیم سەعید، کاک یونادم، کاک ڕەقیب، وە ئێمە سێ کەس هەڵدەبژێرین، فەرموو کاک د، ڕزگار.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاسی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانی ئەکەین کە بواری بە ئێمە دا ئەم پرسیارە بخەینە ڕوو، وەهەروەها سوپاسی بەڕیز وەزیری کشتوکاڵ ئەکەین، کە ئامادەبوو بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە. پرسیارەکەی ئێمەش پەیوەندیی بە سلفەی کشتوکاڵییەوە هەیە ئەوەی کە جوتیارەکان کاتی خۆی لە حکومەتی ناوەندی وەریان ئەگرت،لەوانەیە چەند جارێک ئێمە ئەو پرسیارەمان ئاراستە کردووە بەڵام لەبەر نەهاتنی وەڵامی جەنابی وەزیر پرسیارەکە سووتا، دەربارەی سلفەی کشتوکاڵی لەکاتی خۆی ساڵی ١٩٨٩و١٩٩٠دا زۆر جوتیار هەبوون لە کوردستان سلفەی کشتوکاڵیان لەحکومەتی ناوەندی وەرگرتووەو بەتایبەتی لەساڵی ١٩٩٠و وە وەرگرتنیشی بە پارەی چاپکراو بوو کە ئیستا لە عیراق دا ئاڵوگۆری پێ دەکرێ، وەکو بریارێک کە لەدەهەزار کەمتربوایە ئەوا لە مەرکەزی شار وەریان ئەگەرت و ئەگەر لە دە هەزار زیاتر بوایە لە پایتەخت وەریان دەگرت، بۆیە گرفتێک پەیدابووە، ئەو گرفتەش ئیستا جوتیار لەنێوان حانەو مانەدانە، ئەو برە پارانەی کە وەری دەگرن زۆر قازانجی ئەچێتە سەر و دەربارەی پارەی چاپ ئیستا یەک بەرامبەر بەسەدە، حکومەتی ئێمە قەبووڵ ناکات جوتیار پارەی خۆی بە پارەی چاپ بدا، چونکەی پارەی ئێمە پارەی سویسریە، ئەمە یەک.

دووەمیان حکومەتی مەرکەزی ڕازیبە بچن پارەکە بدەن، حکومەتی مەرکەزی ڕازیبە جوتیار پارەکەی خۆی بە پارەی چاپ بداتەوە، ئیستا لێرە چار چییە؟ زۆر هەوڵ دراوە لەگەڵ حکومەت و دام و دەزگاکانیUN کە ئەو گرفتە چارەسەر بکرێت، وە وەزارەتیش بەسوپاسەوە هەوڵی داو هەندێ قەرزی داوە واتە ئەو قەرزانەی کە زیاد بوون لەسەر پارەی سەرەکی دایەوەو کەمی کردەوە، وەلێرەدا بەدیاریکراوی ئەوەیەکە: یەک، هەوڵ بدەین ئەو قازانجانەی کە زیاد بوونە ڕابوەستێ، یا دوویێ ئەگەر هەوڵ بدات، تاکو مەبلەغی بنەڕەتی دەبێ دوو ئەوەندە بێت، واتە یەک لەسەدا بێت ئەگەر ڕێژەیەک دیاری بکەین ئەوە جوتیارەکان زۆر سەخڵەت دەبن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

چی دیاری بكەین؟، داوا دەكەی كە سولفەكە الغا بێتەوە یاخود كەم بكرێتەوە؟.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نەخێر داوا دەكەم ڕێژەكە كەم بكرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڕێژەی چی؟

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕێژەی سلفەكە، چونكە ئێستا دووهەندە بووە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

واتە بە حوكمی فائدە لەسەری زیادی كردووە، داوا دەكەن سولفەی كشتوكاڵ واتا ئەو قەرزە (إلغاء) بێتەوە یان ڕێژەكە كەم بكرێتەوە.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ببوورە من داوام نەكردووە الغا بێتەوە، من دەڵێم كەم بكرێتەوە؟

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

. یانی ڕێژەكە كەم بكرێتەوە، باشە ئەوە پرسیارەكەیە، سوپاس. فەرموو جەنابی وەزیر ئەگەر وەڵامێكت پێ یە ئەگەر نا دەتوانین دوای بخەین بۆ كاتێكی تر.

**بەڕێز یوسف حنا یوسف/ وەزیری كشتوكاڵ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڵێ وەڵامێكی كورتم پێ یە، لەڕاستیدا ئەو پارەی كە وەكو سولفە دراوەتە جوتیارەكان كاتی خۆی دراوە، لە زەمانی حكومەتی كۆن نەك ئەو حكومەتەی ئێمە، كاتی خۆی دینار قیمەتی زۆر بوو، ئێستا حكومەتی عێراق پارەكە وەردەگرێ بە پارەی چاپكراو، حكومەتی ئێمە ئەڵێ پارەی چاپكراوم ناوێ بابەتەكە هەر وایە، وەزارەتی دارایی دەڵێ من پارەی چاپكراوم ناوێ و پارەی ئەسڵی وەردەگرین پارەی چاپیان بۆ چییە، جووتیار پارەی ئەسلی نادات؟ لەبەر ئەوە ئێستا ئیشەكە ڕاوەستاوە، بەڵام ئێمە بڵێین پارەی چاپكراو تان لێ وەردەگرین دارایی دەڵێ وەرناگرم. ئینجا دەبێ ئەم بابەتە لە ئەنجوومەنی وەزیران باس بكرێ، لەڕاستیدا دەبێ چارەیەكی تەشریعی یاسایی بۆ ئەم بابەتە دابنرێ، چونكە (اعفا) كردن لە دەسەڵاتی وەزارەتدا نییە، دەتوانن ئێستا یادداشتێك پێشكەش بكەن بۆ ئەنجوومەنی وەزیران كە لەوێ ئەم بابەتە باس بكرێ چارەیەكی بۆ بدۆزنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر، كاك یونادم فەرموو.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاشکرایە بۆ هەموو کەسێک کە لەساڵی ١٩٦١ەوە تاکو ئێستا کوردستانی عێراق لەبەر چەند هۆیەکی نالەبارو شۆڕشی ئەیلوول وحکومەتی ناوەندی زۆر کێشە کۆبۆتەوە لەسەر مەسەلەی زەوی و زار کە هەندێ عەشائر لەشوێن خۆی نەماوە یاخود هەندێ گوند وێران بووە حکومەتیش لەلایەکی ترەوە ناوچە کشتوکاڵییەکانی دەست بەسەردا گرتووە بۆ مەسەلەی فرگەو سەربازگەو ئەو شتانە، پەرلەمانی کوردستانی عێراق ساڵی ١٩٩٢ و ١٩٩٣هەندێ ئیجرائاتی وەرگرت، هەندێ یاسای وەرگرت کە ئەو شوێنانە بگەڕێندرێنەوە بۆ جوتیارەکان، بەڵام وەکو ئەبینین لەزۆر شوێن ماوە وجارێ نەگەڕاوەتەوە وەکو ناوچەکانی زاخۆ یاخود ناوچەکانی هەولێر بێ یاخود شوێنەکانی تر بێ، ئایا وەزارەتی کشتوکاڵ دراسەتێکی بەدەستەوە هەیە کە چۆن ئەو تەجاوزە هەڵبگیرێ؟ چ لەلایەن وەزارەتی بەرگری بوبێ چ لەلایەنی هەندێ کەسی سوودمەند بێ کە سەر بەرژێم بوون وهاوولاتیان سەر بەشۆڕش بوون چ لەزەمانی شۆڕشی ئەیلول تا ئەم ساڵانەی دوایی، ئایا ئیجرائێک یاخود دراسەتێکی وایان کردووە کە مافی جوتیارەکان بگەڕێتەوە، یان نا؟ ئایا دەورێکی تایبەتی خۆی هەیە یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک یونادم، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز یوسف حنا یوسف/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ ئەوە کێشەیەکی گشتی یە لەهەموو کوردستان دا هەیە، لەڕاستیدا هۆیە سەرەکیەکەی هۆیەکی سیاسی یە کاتی خۆی کە حکومەت گوندەکانی چۆڵ کرد، گوند نەما چوتیاری نەما هەموو بوو بە کۆمەڵگە، پاش ڕاپەڕینەکە کە گەڕانەوە هەر کەس بە ئارەزووی خۆی گەڕاوە بۆ گوندەکان و هەر کەس بەگوێرەی توانای چووە بۆ شوێنێک، لەبەر ئەوە کێشەیەکی گەورە بۆ هەموو کوردستان پەیدا بوو و ئێستاش هەر ماوە تا ئێستا یاسایەکی یەکگرتوو لە هەرێمی کوردستان نییە لەسەر بابەتی کشتوکاڵ، یاسای (٩٠) هەیە (٧٠) هەیە جۆرەها پەیوەندی هەیە، راستە ئەمە کێشەیەکە و مشتومڕێکی زۆریش هەیە زۆر زەحمەتە وهەندێ شوێن بە ئیدارەش ناکرێ یان هەندێ بڕیاری ئیداری قایمقام یان پارێزگار جێ بەجێی ناکات لەبەر ئەوە موشکیلەیە بۆ ئێمە، وەزارەتی کشتوکاڵ دەتوانێ تەنها ئامۆژگاری بکات جێبەجێ کردنەکە کێ دەیکات، ئیدارە دەیکات، ئیدارەش هەندێ بابەت هەیە دەڵێ من ناتوانم چارەی بکەم ئەو موشکیلە هەیە کەی یاسایەکی یەکگرتوو بۆ کشتوکاڵ بۆ هەموو کوردستان داندرا ئەوکات دەبێ جێ بەجێ بکرێ، ئێستاش ئێمە بەپێی توانا کێشەی وورد ورد دەتوانین چارە بکەین، بەڵام هەندێ گرفت راستە ماوە وپێمان چار ناکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارەکەی کاک یونادم دیارە، دراسەتێک هەیە بۆ چارەسەر کردنی ئەوە لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە چونکە کاتی خۆی بڕیارێکی پەرلەمان هەبو کە داوا کرا وەزارەتی کشتوکاڵ بەتایبەتی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندارەکان هەوڵ بدەن پرۆژەیەک گەڵاڵە بکەن بۆ چارەسەر کردنی کێشەی زەوی و زار تا ئێستا شتێک کراوە لەو بارەیەوە یانی دراسەیەک هەیە لە وەزارەتی کشتوکاڵ؟

**بەڕێز یوسف حنا یوسف/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاتی خۆی پێش ئەوەی من بچمە وەزارەتی کشتوکاڵ لێرە یاسای زەوی و زار لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە پێش کەش بە پەرلەمان کرا بوو، بەڕاستی نازانم چۆن پاش ماوەیەک هەمان یاسا گەڕاوە بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ و هیچ قسەی لەسەر نەکرا، تا ئێستا ئەو بابەتە ماوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پرۆژەیە نەهاتۆتە پەرلەمان، بەپێچەوانەوە لەپەرلەمان ساڵی ١٩٩٢ یان ١٩٩٣ ئەگەر لەسەرنەچویم بڕیارێکی وا پێشنیار کرا، چونکە زۆر باسی کێشەی کشتوکاڵ کرا بۆیە درا بە وەزارەتی کشتوکاڵ کە پرۆژەیەک گلاڵە بکەن بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی زەوی و زار لەکوردستان بەپێی ئەو (مەحەک) یاسایانەی کە هەیە، کە زۆربەی زۆریشی لەوانەیە لە بەرژەوەندی میللەتەکەمان نەبێ، بۆیە نەدەکرا ئەو وەختە شتێکی وا بکرێ، ئەو پرۆژەیە ئەبوایە وەزارەتی کشتوکاڵ شتێکیان ئامادە بکردایە، تەنها پرسیارەکەی کاک یونادم لەو بارەیەوە بوو شتێک هەیە یان نا؟

**بەڕێز یوسف حنا یوسف/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر حاڵی حازر نییە، چونکە بارودۆخی سیاسی گونجاو نییە، ئێمە لە کۆنگرەی کشتوکاڵ پار بڕیارمان دا کۆنگرەیەکی تایبەتی یا کۆبوونەوەیەکی تایبەتی بکەین بۆ پسپۆران بۆ بابەتی یاسای کشتوکاڵ، لەڕاستیدا لەو دواییە دانیشتنێکمان لە وەزارەتی کشتوکاڵ کرد، هەموو پسپۆران و هەموو بەڕێوەبەرە گشتییەکان ئامادە بوون ووتیان بارودۆخی سیاسی ئێستا گونجاو نییە تاکو یاسایەکی گونجاو دەربکەین، لەبەر ئەوە بەجێیان هێشت، تا ئێستا نییە ئەگەر هاتوو مەسەلەی ئاشت بوونەوەی گشتی تەواو بوو ئەتوانن وبەبێ گرفت ئەو کاتە یاسایەکی یەکگرتوو دەربهێنن، چونکە ئەو سیاسەتەی پێشتر هەبوو پەنجا بەپەنجا نەمانتوانی ئەنجامی بدەین، ئێستا ئەو بابەتە حاڵی حازر دوا دەکەوێ یان دوادەخرێ تاکو بزانین مەسەلەی ئاشتی چی لێ دێ؟ ئەو کاتە ئەتوانین بەهەموو لایەک هەوڵ و هیمەتێک بدرێ و یاسایەک بۆ کشتوکاڵ دابنرێ و جێ بەجێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر، کاک ڕەقیب فەرموو.

**بەڕێز ڕەقیب حوسێن مەلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باج دانان لەسەر گواستنەوەی دەغڵ ودان لەناو کوردستان دا شتێکی زۆر گەورەیە ووەزیری کشتوکاڵ پەیوەندیدارە بەو بابەتە بەو ناوەی هەم وەزیرە و هەم ئەندامە لە ئەنجوومەنی وەزیران، حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق هیچیان باجیان لەسەر گواستنەوەی بەروبوومی کشتوکاڵی دانەناوە، ئینجا بێزارییەکی زۆر لەناو میللەت پەیدا بوو لەسەر بابەتی ئەو باجە، تکا وایە چارەسەری ئەو بابەتە لەبەر چاو بگیرێ لەلایەن وەزیرو حکومەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

پرسیارەكە بە دیاری كراوی ڕەسم و باجە وەردەگیرێ لەسەر بەروبوومی كشتوكاڵی بۆ كوێ؟ بۆ فرۆشتن بۆ دەرەوەی هەرێم.

**بەڕێز ڕەقیب حوسێن مەلا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بۆ زاخۆ، سلێمانی، دهۆک، مەخمور لەو زروفەشدا كە گەنم و جۆ كەس نەیدەكڕی تەنها ئەگەر بگواسترابایەوە بۆ دهۆک بۆ سلێمانی بۆ مەخمور بێ باج و رسوم، وابزانم لە بەرژەوەندی جووتیار بوو دەیتوانی بۆ خۆی ئەگەر بە قاچاغیش بێ بیباتە توركیاو ئێران، نرخ فەرقی زۆر دەكردو ئەوە بێزارییەكی زۆر گەورەی لەناو میللەت پەیدا كرد كە باج داندرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز یوسف حنا یوسف/ وەزیری كشتوكاڵ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ئەوەی من بیستوومە لە جەنابی كاك فرەنسۆ وتی بۆ ناوەوەی كوردستان هیچ باج وگومرگی لەسەر نییە شتێكی وام بیستووە ئازادە لە هێنانی بەڵام ئەوەی بچێتە دەرەوەی كوردستان تەنی (٧٠) دیناری لێ دەستێنن لەراستیدا ئەوەش تۆزێک بەرای من زیادە و گرانە، یانی لە بارودۆخێكی وا حەق نییە ئەوە بڵێین، بەڵام ئەم بابەتە لە ئەنجوومەنی وەزیران باس كرا پاش لێكۆڵینەوەیەكی دوورودرێژ بڕیاردرا (٧٠)دینار بێ بۆ ئەوەی بەرزەفتی سنوور بكرێ تەنها رێژەێكیان دانا بۆ ئەو گەنمەی كە بۆ دەرەوە دەچێ، ئەو رێژەیەش لەلایەن جوتیارەكان بەگران وەستاوە وناڕەزاییەكی زۆر لەسەر ئەو مەسەلەیە هەیە بەڵكو وابكەین ئێمە هیمەتێكی تر بكەین ئەوەش الغا بێتەوە چونكە گەنم هیچ قیمەتێک ناكات ئەو (٧٠) دینارەشی بۆ بێتە سەر؟، هەوڵێكی وا دەدەین كە لەئەنجوومەنی وەزیران بڕیارێكی تر دەربكەن لەم بابەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

كاک فرەنسۆ هیچ تەعقیبێک هەیە؟، فەرموو كاک فرەنسۆ روونكردنەوەیەكی لەوانەیە هەبێ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

نازانم دیارە (ابوحكمت) لەبۆ شتێكی تر لەمنی پرسیە وتیتم نازانم، ناتوانم بڵێم گومرگ دانەنراوە یان پارە دانەنراوە لەسەر گواستنەوەی دانەوێڵە، كاكە شێخ راست دەكات دانراوە كارێكی چاک نییە كە كراوە، بەڵام حكومەتی هەرێم ناچارە حكومەتی هەرێم وەكو عێراق نییە، عێراق نەوتی هەیە شتی تری هەیە، ئێمە لە هەرێمی كوردستان بودجەی حكومەتەكەی خۆمان لەو جۆرە شتانە پەیدا دەكەین، لەگەڵ ئەوەشدا هەر لە یەكەم رۆژ كە دانراوە تەبیعی ئەمە نە كاری من بوو نەكاری بەڕێز وەزیری كشتوكاڵ بوو وەڵامی ئەوە بدات چونكە ئەمە وەزارەتی دارایی پارەكەی داناوە یانی هەندێ پرسیار هەیە حەقە لەوەزیری تایبەت مەند بپرسرێ ئەو وەڵامەكەی بداتەوە،

راستە هەندێ شت دانرا بوو بەڵام پێم وایە زوو هەست کرا کە ئەم کارە لەبەرژەوەندی زۆربەی زۆری خەڵک نییە و خەڵک نارازییە لەسەر ئەوە بۆیە پێم وایە وەزارەتی دارایی دراسەتێکی تری کردووە و رەنگە شتەکەیان زۆر کەم کردبێتەوە یان نەیهێشتبێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، هەر بۆ ئاگاداری ئەو رسوماتەی کە باس کرا وەکو کاک فەرەنسۆ فەرمووی یان هەڵگیراوە یان بەتەنسیق لەلیژنەیەکی تایبەت بە مەسەلەکانی رەسمی سەرتاسەری کوردستان هەمووی یەک خراون و دراسەت کراوە و ئەوە هیچ گرفتێکمان لەسەر ئەو بابەتە نەماوە، ئەوەی بەرووبوومیش کە جەنابت باست کرد، راستە ئەوە راستەوخۆ پەیوەندی بە وەزیری دارایی هەیە ئەبوایە پرسیار لەو بکرابایە، زۆر سوپاستان دەکەین ئەو سێ برادەرەی کە ویستیان پرسیار لەجەنابی وەزیر بکەن ئەوانیش تەواو زۆر سوپاستان دەکەین، سوپاس بۆ جەنابی وەزیر ئەگەر تەعقیبێکی تر هەیە، ئێمە تەنها سێ پرسیارمان هەیە لەوە زیاتر ناتوانین لەجەنابتی بکەین بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن ئەگەر برادەرێک پرسیارێکی تری هەیە بە بەنووسین بیداتە ئێمە دەینێرین بۆ جەنابی وەزیر ئەوەی کە پەیوەند بوو بە جەنابی وەزیر لەم دانیشتنە تەواو سوپاسی دەکەین، با بفەرمووێ، ئەگەر پەیوەندی بە جەنابی وەزیری کشتوکاڵەوە هەیە ئەوە مەوعیدی لێ وەردەگرین و کاتی بۆ دیاری دەکەین، چونکە دەبێ پابەند بین بە پێڕەوی ناوخۆ کە دەڵێ تەنها ئەوانە بۆیان هەیە بەدواداچوونی پرسیارەکان بکەن کە پرسیاریان بەنووسین ناردووە، لەدوای ئەوە سێ ئەندام بۆیان هەیە لەسێ بابەتی جیا پرسیار بکەن، جەنابی وەزیریش ئازادە لە وەڵامدانەوەیان دەکرێ وەڵام بداتەوەو دەش کرێ دوای بخات.

ئێستاش کاک سەفەر پرسیارێکی لەبەڕێز وەزیری ئەشغاڵ و نیشتەجێ کردن هەیە بابفەرمووێ پرسیارەکەی بخوێنێتەوە تاوەکو بەڕێز جەنابی وەزیریش وەڵامی بداتەوە.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا لەناو شاری دهۆک گرفتێکی زۆر هەیە بەوەی قەرەباڵغییەکی زۆ لەناو شارەکەدا هەیە، بەتایبەتی لەو چەند ساڵەی دوایی، واتا دوای راپەڕین، ئەوەش هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی دوو پردی گچکەی کۆن، کە هەردوو لای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، وەکو ئاگادارین، لەسەرەتای ئەم ساڵ تۆژینەوەیەکی هاوبەش لەنێوان شارەوانی دهۆک و بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی دهۆک تاکو پردێکی بۆ دروست بکەن بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو گرفتە بکەن.

وەکو دەزانین ئەو دراسەیە کراو، کەشفیشی کرا بگرە کەم کردنەوەشی بۆ ئەنجام درا، بەڵام ئاگادار نین کە تاکو ئێستا گەیشتۆتە کوێ، ئەوە پرسیارەکەمە بۆ بەڕێز وەزیری ئەشغاڵ و نیشتەجێ کردن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک سەفەر، جەنابی وەزیر ئەشغاڵ و نیشتەجێ کردن بابفەرمووێ وەڵامی پرسیارەکەی بداتەوە، پرسیارەکەی بەکورتی ئەوەیە، بڕیار وابوو یان باشترە بڵێین پێشنیار وابوو

پردێکی نوێ (سێیەم) لەناو شاری دهۆک دروست بکەن، تاکو ئێستا دروست نەکراوە، لەبەر چی؟

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر چەندە لایەنی پەیوەندی دار بە قەرەباڵغی ناو شاری دهۆک شاراوە نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەپێی بەرنامەی وەزارەتەکەمان ئێمە بەرپرسین لەدروست کردنی پردەکان، کاتی خۆی کە من لە دەرەوە بووم بۆ ئەو بۆ ئەو پردە دیارە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، وەزیری ئاوەدانکردنەوەی ڕاسپاردوە تاوەکو وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ئەم پردە دروست بکات، بۆیە ڕەنگ ڕێژی ئەو پردە یان دروست کردنی ئەو پردە ئامادەکرابوو، نزیکەی(١٤)ملیۆن دیناری بۆ داندرابوو، ئەوەش لە نێوان ئاوەدانکردنەوەو شارەوانی بوو، دیارە لەلایەنی ڕێگاوبانی ئێمەوە ڕەخنە لە تێچوونەکەی گیراو گوتیان ئەو پارەیە زۆر زۆرە، (٨)ملیۆن بەشی دەکات، بۆیە لەبەر جیاوازی بیروبۆچوون لەبارەی تێچوونەکەی و جێگاکەی، لەبەر ئەوە جێگاکەی زۆر نزیکی پردەکانی پێشوو دەست نیشان کرابوو، ئەو گرفتەی چارەسەر نەدەکرد، هەر وەک دەزانن شاری دهۆک دوو ڕوباری دێتەوە ناوی، ڕوباری (بێسرێ) و ڕوباری (ئیتووت)و هەردووکیان تێک دەکەنەوە، لەشوێنێکی دیاری کراو، کە تەنها ڕوباری بێسرێی لێ تێپەر دەبوو دەگەڕایەوە بۆ لاری پردی نەخۆشخانەی ئازادی واتا چارەسەری ئەو گرفتە کە کاک سەفەر باسی کرد نەدەکرد، بۆیە دوا خرا بۆ ئەوەی دیراسەتێکی تازە بکرێتەوە بچێتە خوارتر، نزیکی ناوچەی لیوای پێشوو کە ئێستا پارکێکی لێ دروست دەکەن شەقامێکی دوولایەن هەیە (شەقامی شوقەکان)، هەر ئەو شەقامە بەردەوام بێت تا ئەولاکەی تر بۆ ئەو خەڵکەی کە ئیشێکیان هەیەو، نایانەوێت بچنە ناو شار یەکسەر دەرچێت بۆ سەر کەمەربەندیەکە و بچێت بۆ دهۆک، ئینجا ئێستا ناتوانم بەدرێژی لە جیاتی بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە وەڵام بدەمەوە، بەڵام تەنها دەزانم هەمووی دیراساتی تازە کراوە و پێشکەش کراوە بۆ لایەنەکانی سەرەوە. پەنا بەخوا لەم زووانە کاک مەئمون دەگەڕێتەوە و ئەو با بەدرێژی وەڵام بداتەوە.

پێشەکی پرسیارەکەی بەڕێز کاک سەفەر باسی پەنگ خواردنەوە (اختناق) دەکات، سەنتەری شاری دهۆک دەوری (٤٠٠) مەتر درێژاییەتی تەنها بەمە چارەسەر ناکرێت، دەبێت ئەنجوومەنی شارەوانی دهۆک لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی خۆمان وەکو (ڕێگاو بان) و، خودی پسپۆڕانی شارەوانی دانیشن چارەسەرێکی بنەڕەتی دابنێن نەک تەنها ئەو پردە، لە شارە گەورەکانی ئەورووپا بۆ نموونە خزمەتگوزاری بازار نابێت بە ڕۆژ بکرێت دەبێت دوای(ڕەش ئاوەر) بکرێت، چونکە لە دوای حەوت و نیوی بەیانی قەدەغەیە لۆری یان پیکەپ بێتە ئەوێ، یان شارەوانی پاکژکردنەوە بکات ئەمە مەرجێکە دەڵێ دوای کاتژمێر (٨)ی شەو کە فەرمانگەو عیادەکان کاریان تەواو بوو ئەوجا شارەوانی دەست بکات بە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری خۆی ، یان سەوزە فرۆش و دوکاندارەکان خزمەتەکانی خۆیان پێشکەش بکەن ئەوە نموونەیەکە. جگە لەمەش یەکێک لە پەنگ خواردنەوەکانی (اختناقاتی) شار هۆیەکەی ئەوەیە کە ئەو ڕێگا سەرەکیەی پردی خوارەوە

رێک ناچێت، لەبەر گۆرستانی کۆنی شاری دهۆک لادەدات ئینجا لەوێش تەقاتوعێکی یەکجاری لەگەڵ ڕێگایەکە دەکات ئەمەش هۆیەکە بۆ پەنگ خواردنەوە (اختناق)، جگە لەوەش شوێنی پەڕینەوەی هاوڵاتیان نییە لە دهۆک خەڵک ناچارە بێتە ناو شار، جگە لەمەش ڕێگای بەرۆشکێ رووبەری یەک کیلۆمەتر شوێنیان گرتووە کە کاتی خۆی بێ پلان ئەمە کراوە، ئینجا لەبەر ئەم مەسەلانە ئەنجوومەنی شارەوانی دهۆک لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان دەتوانن لە دانیشتنێکی تایبەتی لە دهۆک دابنیشن ئەو بەرزەفتیانە دابنێن و، بیسەپێنن لەسەریان بۆ نموونە هەندێک فەرمانگە لە شوێنی قەڵەباڵغی مەڵبەندی شار لابەرن هەندێ بازارگە دروست بکەن لە شوێنی تر، زۆر ئیجرائاتی تریش بکرێت ئینجا گرفتی (اختناقی) شاری دهۆک چارەسەر دەکرێت. دیسان دەڵێم باسی پردەکە بەدرێژی لای من نییە، بەڵام بەرزکراوەتەوەو خەملاندراوە، ئەم ئیشەیە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە سپێردراوە نەک بە ئێمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر، ئەگەر تێبینیەک هەبێ لەلایەن کاک سەفەرەوە با بفەرمووێ.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر ئەویش ئاماژەی بەوە کرد کە وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن پەیوەندیدارە بە دانانی ڕێگاو بان و (پرد). بەراستی جەنابی ئاماژەی بەوە کرد کە ئەگەر پردی سێیەمیش تەواو بێت لەوانەیە کە ئەو گرفتە هەمووی چارەسەر نەکات، بەڵام بەلای منەوە وابزانم گرفتێکی زۆر چارەسەر دەکات، ئێمە هیواداریین پردی تر و شەقامی تریش دروست بکرێت، بەڵام بەلای کەمی وەکو قۆناغی یەکەم ئەم پردە چاک بکرێت چونکە زۆر پێویستە، هیواداریین جەنابی وەزیر و، لایەنە پەیوەندیدارەکان هەموو هیمەت بکەن و، زیاتر بایەخ بەم گرفتە بدەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ کاک سەفەر. بەڕێز وەزیر ئەگەر هیچ تێبینی هەیە.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من یەک تێبینیم هەیە، سەبارەت بە ڕێگاوبان، ئێمە هەمیشە ئامادەین و کارمان ئەوەیە، هەر بۆ زانیاری هەرچەندە شاروشارۆچکەکان لە تایبەتمەندیەتی (اختصاصی) شارەوانییەکانە، ئەم ساڵ دە شارۆچکە قیرتاوکراوە کە خۆمان کردوومانە بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی، هەروەها پردەکانیشمان بە هاوکاری لەگەڵ شارەوانییەکان کردووە بەڵام ئەرکی ئەوان لەناو شاردا اختصاص و بەرپرسییەتی شارەوانییە، ئێمە وەکو وەزارەتی پەیوەندیدار لەوانەیەو پسپۆڕییمان لەوان زیاتر بێت و، هەمیشە ئامادەبووین و ئێستاش ئامادەین، بەڵام سەرۆکایەتیش بۆی هەیە لایەنێک راسپێرێت و، بوودجەی تایبەتی خۆشی هەیە بۆ هەندێ پرۆژەی تایبەتی ئەگەر ئێمە زۆر مەشغول بین وەکو وتم نەک ئێمەو نەک شارەوانی، ئاوەدانکردنەوە راسپێردراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس جەنابی وەزیر بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، زۆر سوپاس بۆ کاک سەفەر محەمەد بۆ ئەو پرسیارو موداخەلەیە، پرسیار تەواو، ئەگەر برادەرانی تر چ پرسیارێکیان هەیە لەدەرەوەی ئەم بابەتە و جەنابی وەزیر ئامادەبێ بۆ وەڵامدانەوە با ناونووسیان بکەین.

یەک تێبینی هەیە هەموو جار تەئکید دەکەین کە جەنابی وەزیر یان هەر برادەرێکی تر لەسەر سەکۆ قسە دەکات ئەندامان بۆیان نییە نە پرسیاری بۆ بنووسن نە کاغەزیشی بۆ بنێرن، هەر شتێکتان هەیە بۆ ئێمەی بنێرن لەسەرۆکایەتی، بۆیە باش نییە کاتێک وەزیر قسە دەکات یان برادەرێکی تر ی لیژنە قسە دەکات کاغەزی بۆ دەنێرن یەک لە دوای یەک و نازانێ وەڵامی پرسیارەکانی ئێوە بداتەوە یان کاغەزەکانی ئێوە بخوێنێتەوە، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارەکانم ئاراستەی سەرۆکایەتی کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس با بمێنێ، جەنابتان بەرەسمی ناردووتە بۆ ئێمە دوایی ئێمە دەینێرین بۆ جەنابی وەزیر.کاک حەمید سەلیم میران با بفەرمووێ.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بە ڕێگای جەنابتانەوە پرسیارێکم هەیە بۆ بەڕێز وەزیری ئەشغال و نیشتەجێ کردن ئەویش دەربارەی چینەکانی (ئەسفەلتە) کە لە شەقامەکانی ناوەوەو دەرەوەدا بەکاری دەهێنن بە زۆری ئەو چینانەی کە بەکاردەهێنرێت یا (ستاگ لایتە).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تخوا روونی بکەوە چینەکانی ئەسفەلت چییە؟.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە جادە دروست دەکرێت چینەکانی ژێرەوەی جادە هەیەو، چینەکانی سەرەوەی جادەش هەیە کە ئوتۆمبێل بەسەری دادەڕوات چینەکانی ژێرەوەی (سەب بێزە) واتە (تحت الاساس)، ئینجا ئەساسە چینەکانی سەرەوەی کۆتایی قیرەکەیە کە دائەنرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە سێ چینە؟

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ. ئینجا ئێستا کە شەقامەکانی دەرەوە یان ڕێگاکان چاک دەکرێت زۆری مادەکانی کە بەکاری دێنن لە جۆری (ستاگ لایتە) هی ئەساسە، ستاگ لایتیش ئەو مادانەی کە

بەکاردەهێنرێت تیایدا مادە زیرەکەی کە پێی دەڵێن (کۆرسەگری گەی) کە بریتییە لە چەو یان بەردی شکاو لە قەبارەی گەورەوە دەست پێ دەکات دوو ئینج، یان ئینج و نیو بەرەو خوار دێتە خوارەوە ئەم چینانە بە ئەستوری زۆر دادەنرێت بۆ نموونە (١٢سم)، (١٥سم) ئەستورییەکەی زۆر دەبێت پاش کوتانەوە تۆزێک کەم دەبێتە، بەڵام هەر ئەستوور دەردەچێت، خۆی کە جادە خراپ دەبێت چینی سەرەوەی جادەکە خراپ دەبێت، ئەو چینی سەرەوەش بەزۆری دەبێت بە(ئەسفەلت کۆنکرێت) دروست بکرێت بۆ چاککردنەوەکەی، (ئەسفەلت کۆنکریتیش) لە مەوادە زیرەکەی لە ٣/٤ و بەرەو خوار دروست دەبێت بۆ ئەوەی چینەکانی سەرەوەی جادەکەی لێ دروست بکرێت، ئەو چینانە بە ئەستوورییەکی زۆریش دانانرێت بەڵکو کەم دادەنرێت، بابڵێین (١٠) سم و (٨) سم دادەنرێت پاش کوتانەوە کەم دەکات و دەبێت بە هەشت یان شەش.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی دەبێ چەند بێ؟ مواسەفاتی هونەری دەبێت چۆن بێت؟.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مواسەفاتی هونەری ئەو دیاری نەکردووە بەگوێری جۆری ڕێگاکەیە، هەندێ بوار هەیە بۆ ئەو ماوەیەی کە دایدەنێت، لەبەرئەوە دیاری نەکردووە.

پرسیارەکەم ئەوەیە ئینجا ئەچین بۆ چینی کۆتایی چینی کۆتایی جادەکە کە دادەپۆشرێت دەبێت بە چینێکی ورد داپپۆشرێت پێی دەڵێن (سێرفیست ترێست) واتا کلاسی کۆتایی ئەوە ناوەکەیەتی، ئەو چینە هەمیشە لە نیو ئینج بەرەو خوار دەکرێت و هەمیشە لە سنووری (٦سم) دادەنرێت لە ئەنجامدا (٤ـ٥)سم دەمێنێتەوە ئەگەر ئەو چینە بکەیت چ لەناوەوە و لە دەرەوە جادەکە ئەوەندە بەرز نابێتەوە لەناو شاردا ڕەسیفەکەش نەمێنێت و جارێکی تریش پێویست بکات ڕەسیفەکەش بەرز بکرێتەوە، ئینجا زۆر لەو حاڵەتانە دەبینم ئێستا چینی ئەمان (ستاگ لایت) دادەنێن کە ئەمە بۆ ناوەوە دەبێت بۆ سەرەوە نابێت. من ڕام وایە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە پاش ئەوەی توانای داریمان تۆزێک چاکتر بووە لە جۆریشدا بیگۆڕین هەر کۆنەکە نەبێت ئەوەی کە چاڵی پێ پڕ بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، پرسیارەکە ئەوەیە جادەکان کە دەکرێن بە سێ چین، لە چینەکانی سەرەوە ڕەچاوی مواسەفاتی هونەری ناکرێت و، وەکو چینەکانی ژێرەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، یان چینەکانی ژێرەوە لەگەڵ مواسەفاتی هونەری لە رووی بەرزی و نزمی ڕەچاو ناکرێت.

بەڕێز وەزیر فەرموو.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەڵبەت کاک حەمید کە باسی کرد ناوی چینەکانی زۆر بەوردی نەهێنا (ستاب لایزەر، بایندەر، ویلین کۆرت) ئەو سێ چینە بەکاردەهێنرێت ناوەکانیشان هەر ئەوەیە کە باسم کرد، ئێمە لەکوردستان

(ویلین کۆرت)مان له هیچ شوێنێک بەکار نەهێناوە، (ویلین کۆرد) ئیشی شارەوانییە، ئەو چینەی کۆتایی کە زۆر کەمە دەبێت لەناو شاروشارۆچەکان بەکاربهێنرێت زیاتر ئیشی شارەوانییەکانە، ئێمە کە لەگەڵ شارەوانییەکان مامەڵە دەکەین کاک حەمید راست دەکات تا ئێستا (ویلین کۆرت) لە هیچ شوێنکدا بەکارنەهێنراوە، بەڵام زۆربەی ئیشەکانی ئێمە هی دەرەوەیە رێگاوبانەکانی گشتییە کە باسی کرد ستاگ لایزەر راست دەکات، بەڵام ئەو ستاگ لایزەری کۆن کە رژێم کردوویەتی بەر لە (٢٠ ـ ٢٥) ساڵ نەرم بۆتەوە ئێمە تەنها وەکو (سەب بێزی) دادەنێین، وای لێهاتووە ئێستا هەمووتان خەڵکی بادینان بینیوتانە نێوان ئاکرێ و قەسرۆک هەمووی پارچە پارچە بووە، تەنها ئەو چینە ئیعتیبار کراوە وەکو (سەب بێز) نەک وەکو ستاب لایزەر، چونکە مواسەفاتی ستاب لایزەری تیادا نەماوە، ئەگەر ئێمە هەڵی بکەنین دیسان ستاب لایزەری بکەین کولفەکەی سێ چوار جار بەرابەری ئەوە دەبێتەوە، جگە لەوە رێگای بەدیلیشم نییە جگە لەوەی توانای یەکجار زۆری دەوێت، لەبەرئەوە ئەو ستابلایزەرە ئێستا کە سەقەت بووە ئیعتیباری دەکەم بە سەببێز (طبقه تحت الاساس) لەسەری چینێکی تازە دەکەم هەندێ جار ناچاریش دەبم بە گرێدەر خوارییەکەی (التواء) چارەسەر دەکەم، ئینجا چینی ستاپ لێزەر دەکەمەوە کە ببێتەوە شتێکی باش ئەگەر یەکسەر بە (فاریشە) بیکەم ئەو خواریانە یەکسەر لەسەرەوە چاپ دەبن، ئەو کاتە ناچارم دەبم بۆ هەندێ لەو تاسەو خواروخێچییە بە گرێدەریش بەکار بهێنم، لەوانەیە لە مواسەفات ئەوپەڕی (حد الاقصی) بەکار بهێنم دوو جار سێ جار وەکو سورکانی شەقلاوە کە وەکو شەپۆلی ماری لێهاتبوو ناچار بووین بە دووسێ چین چارەسەرمان کرد فەرشمان کرد ئینجا ئەو خواروخێچییە (التواءات) نەماوە، بەڵام بە مواسەفاتی ئەندازەیی دەبوایە بەتەواوی هەڵیکەنین سەر لەنوێ دروستی بکەینەوە ئێمە ئەورۆ لە حکوومەتی هەرێم نە توانای ئەوەمان هەیە لەبەر نەبوونی داهات نە جادەی بەدیلیشم هەیە یەعنی زەحمەتە لەبەرپارە و بەدائل، ئیعتیبارم کردییە وەکو (سەب بێز) بەشێوەیەکی ئەندازەیی کراوە یان دەبێت هەڵیکەنین (سەب بێزی) خۆت (١١سم)ە دیاریش کراوە ئێمە پابەند دەبین بەو (١١)یە دوای راست کردن (بعد حدل).

ژمارە دووش قسەی تەواوە کە بایندەرە، ئێمە دیسان لەدەرەوە بایندەرمان بەکارهێناوە بەڵام نەک هەموو شوێنێک لەسەر (ساتپ لایزەری) خۆمان کە ئێمە کردوومانە تەمەنی چوارساڵە پێنج ساڵە مواسەفاتی تیادا ماوە ئێمە بایندەرمان بەکار هێناوە (٧سم)ە دیاریش کراوە لەبەینی (٧)سم (گلاسماینێس) لەوانەیە نەختێکە، بەڵام ویلین کۆرس لە کوردستان تا ئێستا بەداخەوە ئەو چینە کە باست کرد هەر بەرپرسییەتی شارەوانیشە دیسان بەکارنەهێنراوە و گرفتێکی یەکجار گەورەمان هەیە (ئاشی فلەرمان) نییە هەرچەند مطحەنەمان هەیە، زۆربەی ئاشی فلەر ئێستا لەگەڵ مواسەفات یەک نین چونکە بەرهەمیان ناگاتە ئاستی فەرشی خۆمان، ئێمە ئێستا هەر لە ئەشغال و ئیسکانی خۆمان (١٠) تیمی فەرش بەردەوامە، (١٠) تیمی فەرش بگرە لە ناوچەی زاخۆوە تا سەرسەنگ تا بێیە ئاکرێ تا رەواندوز تا ئێرە، لەبەرئەوە بەرهەمی خۆمان بەش ناکات، لەبەرئەوە (ویلین کۆرت) زیاتر ئیلتزاماتی هونەری لە (ستاپلایزەر) لە هاوکێشەی تێکەڵ کردن (معادلەی خبط) ئاسانترە بۆ ئێمە ئەمەش هۆیەکەی ئەمە بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس مامۆستا مەلا مەحمود فەرموو.

**بەڕێز مەلا مەحمود دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو جەنابی وەزیر دیاری کرد ئەرکی ئەوان زیاتر لەدەرەوەی شارە بەتایبەتی پرد، ئەمە شتێکی ڕاستە، ئێمە دەبینین پردێکی سەرەکی کە دەتوانین بڵێین بڕبڕەی پشتی ڕێگایە لە ڕێی دهۆکدا پردی ئەتروشەو، ئەم پردە پشتگوێ خراوە لە هەموو کاتێکدا موعەرەزە بۆ رووخان ئەگەر ئەو پشتگوێ خستنە بەردەوام بێت بێگومان ئەمە روودەدات. جا نازانم جەنابی وەزیر جارێک ناچێت بۆ سەردانی ئەم پردە؟، بۆیە داواکارین بەڵکو چارەیەک بۆ ئەم پردە بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پردی ئەتروش پێویستی بە چاککردنەوە هەیە. سوپاس مامۆستا.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پردی ئەتروش کە باسی دەکات دوو گرفتی هەیە یەکێکیان رووی پردەکەیە کە جارێک چارەسەرمان کردووە دیسان هەمان چین کە بەڕێز کاک حەمید باسی کرد چینێک لە وێلین کۆرس یان چینێکی زۆر کەم پێ دەوێ ئەوەش لە خوارەوە نازانم برای بەڕێز کاک مەحمود چۆتە خوارێ یان نا؟، بەڵام تا ئێستا چاککردنەوەی بەردەوامە مەسەلەی (سکەوەرین) پێ دەگوترێ یانی ئەو تەئاکولە، چارەسەر دەکرێ و هەر لە ژێر چاککردنەوەیە و لەبەرنامەی چاککردنەوەی ئێمەش دایە، بەڵام ئەمە راستییەکی هەیە تیمەکانی ئێمە لە کاتێکدا کە لە هەندێ شوێن سەرقاڵی هەندێ کارمان کە بۆ دێت دەبێ زوو جێبەجێ بکرێت صیانەکانی خۆمان کە لەوانەیە زۆر ئەساسیە بۆ من بەڵام پێویستییەکی بە پەلە نییە وەکو هەندێ ئیشی تر ناچارین بەلدۆزەرەکانی خۆمان پەرت و بڵاو دەکەینەوە لە شوێنەکانی تر، هەندێ جار هەندێ شوێن قیرتاو دەکەین لەبەر مینی پەکەکە و گیروگرفتی تر، یانی زۆر ئیش کە لە پیلانی ئێمەدا نەبوو لەوانە دووئەوەند زیاتر لە پیلانی خۆمان کردوومانە لەسەر حسابی بوودجەی سەرۆکایەتی یان لەسەر حسابی بوودجەی وەزارەتی داراییش، بەڵام قسەکانی مامۆستا مەلا مەحمود راستەو لە صیانەشدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاستان دەکەین سوپاسی بەڕێزان کاک حەمید میران و مامۆستا مەلا مەحمود دەکەین بۆ ئەو دوو پرسیارە سوپاسی بەڕێز وەزیر دەکەین بۆ ئەو شی کردنەوە کاک ئیبراهیم یەک تێبینی هەیە با ماوەی پێ بدەین، چونکە سێهەمین کەس بوو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادام چووینە ناو مەسەلەی پیشە منیش وەکو ئەندازیاری ڕێگاوبان قسە دەکەم، بەراستی دروستکردنی ڕێگاو بان چەند جۆرێکی هەیە تەنها یەک جۆر نییە دوو سێ جۆری دروست کردنی

ڕێگاوبان هەیە، ڕێگاکانی عێراق بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئەوە دەڕوات کە کاک یۆنادەم باسی کرد کە چینی ژێر بناغە (طبقە تحت الاساس) (٤٠)سم ئێمە دروستی دەکەین دوایی چینی ئەسفەلتی کۆنکریتییە کە پێکهاتووە لە (١٠)سم تا (١١)سانتیمەتر کە ئێمە پێی دەڵێین ستاپلایزەر دوای ئەوە (٦) سم رابطەیە (بایندەر) لە عێراق وێرینگ سرفسی بۆ دانانێین بە شێوەیەکی گشتی ئەوە ئیشی ڕێگاوبان وایە. شارەوانی بەشێوەیەکی تر کار دەکات، شارەوانی دێت بەردی شکاو بەکاردێنێت ئێمە (مەدام بێز کۆرسی) پێ دەڵێین ئێمە ئەسفەلت بەکار دێنین لە ڕێگاوبان ئەوان بەردی شکاو بەکار دێنن لە جیاتی ئەسفەلتی کۆنکریتی، ئینجا لەوێ جیاوازە لە نێوان چینەکانی ئەسفەلتی کۆنکریتی یانی لەلای ئێمە لە ڕێگاوبان دەبووە (١٦)سم، لەوێ ئەوان (وێر) دەخەنە سەر بایندەر یانی ستاپلایزەر بەکارنایەنن ئەو (١٠)سم قیرە کە باسی دەکەین (٦)ی بایندەرە (٤)ی سێرفسە کە کاک حەمید باسی دەکات لە ڕێگاکانی دەرەوە ئەوە بەکارنایەت لەسەر ئەوە (مرور سریع) دروست کرا بەم شێوەیە بەم چینانە نەبوو چونکە (ئەکسلۆد) هەیە ئەستووری ڕێگا دیاری دەکات مواسەفاتی ئەو ڕێگایە، خاک چەند بەرگە دەکرێت ئینجا ئەو مەسەلە هونەرییانە هەر کۆمپانیایەک جۆرێک ئەسفەلت بەکاردێنێت چینی جیاواز هەیە بەس بە شێوەیەکی گشتی ئێمە (١٠)سم لە ستاپلایزەر بەکاردێنین (٦)سم بایندەر لەوە زیاتر ئەسفەلت بەکار نایەنین و، هەتا ئێستا سەرکەتوو بووینە یانی سێرفس بەکار نایەنێت بەڵام شارەوانی بەکاری دێنێت، کە لەناو شارەکانیش بەکاری ناهێنین لەبەر ئەوەیە تاکو بەرز نەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ ئەم ڕوونکردنەوەیە، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەم بارودۆخەی ئێستا ستاپ لایزەرو بایندەر بە چاکی بکرێت لە کوردستان ئێمە پاشاین، ئەوەی کە کراوە زۆر ڕێکوپێکە لە ئێمەش زیادە لەو بارودخەی کە تیای دەژین، بەڵام من پێشنیار دەکەم مادام بەڕێز وەزیری ئەشغال ئامادەیە و پێموایە ئامادەییشی هەیە وەڵام بداتەوە، پێموایە برادەرانی دهۆک گیروگرفتی تریشیان هەبێ هی ڕێگاوبان و، وا بەرەو پاییزو زستانیش دەچین لەوانەیە هەتا جارێکی تر وەزیر بانگ بکرێت کاتەکە بەسەر چووبێت، ئەگەر ڕێگا بدرێت بە برادەرانی دهۆک باسی ناو شاری دهۆک و، هەندێ ڕێگای تازەی لای ئەتروش و ئەو ناوچانە بکەن کە بڕیاربوو بکرێت، من پێموایە ئەو پرسیارە لە جێگای خۆیەتی ئەگەر وەڵامیش نەداتەوە خۆی ئامادە بکات بۆ جارێکی تر وەڵام بداتەوە، هەرچەندە ئەمە لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆ ناگونجێت ئەگەر بەڕێزتان بەچاکی بزانن و، ئەویش ئامادەیی هەبێ ڕێگایان بدەن با پرسیار بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک فرەنسۆ ئێمە پابەندین بە پێڕەوی ناوخۆ و، ڕێگاشماندا بە کاک ئیبراهیم دا، وا دیارە ئەو بە نووسین دەیکات، بەرای من ئەم بابەتە هەڵگرین بۆ دانیشتنێکی تر جەنابی وەزیر کە ئامادە بێت ئەندامانی دهۆک و ئەندامانی تر چ پرسیارێکیان هەیە بۆمان بێنرن ئێمە دەینێرین بۆ جەنابی وەزیر لەیەک سێ شەممەکانی ئایندە پەنا بەخوا ئەم بابەتە باس دەکەین، باشترە پابەند بین بە پێڕەو، لەوانەیە هەندێ پرسیار وەزیر پێویستی بە هەندێ دیراسەو پێویستی بە گەڕانەوەی هەندێ سەرچاوەی خۆی بوو بێت.

دانیشتنی ئەمڕۆمان لێرەدا تەواو دەبێت سبەی کاتژمێر ده کۆدەبینەوە. بۆ ئاگاداری بەڕێزان سبەی جەنابی وەزیری پەروەردە ئامادە دەبێت ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردە گفتوگۆ دەکرێت یەکەم خوێندنەوە کراوە، بۆ خوێندنەوەی دووەم پاشکۆ هەیە دەخوێنرێتەوە و، جەنابی وەزیر لێرە دەبێت بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە بەتایبەتی هی لیژنەی پەروەردە، تکایە ئەو برادەرانەی کە پرسیاریان هەیە باشە پێش وەخت بیدەن بە سەرۆکایەتی کە پەیوەند بێت بەم ڕاپۆرتە، لە دەرەوەی ئەم ڕاپۆرتە چ پرسیاری تر ناکرێت، چونکە دانیشتنەکە تەنها تەرخان کراوە بۆ ئەم بابەتە و، پێش وەخت ئەو برادەرانەی پرسیاریان هەیە بۆمانی بنێرن تاکو بتوانین لەگەڵ کاتی وەزیردا دایبنێین، چونکە بۆ ئەویش کاتمان داناوە دەبێ لە ماوەی ئەو کاتە وەڵام بداتەوەو ئیشی خۆی بکات، سوپاستان دەکەین بۆ ئەمڕۆ.

| | |
|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**<br>**سکرتێری ئەنجوومەن** | **جوهر نامق سالم**<br>**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**<br>**کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦)

## چوارشەممە ڕێکەوتی٢١/ ١٠/١٩٩٨

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٦)

## چوار شەممە ڕێکەوتی٢١/ ١٠/١٩٩٨

***کاتژمێر( ١٠ )ی سەرلەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی٢١/ ١٠/١٩٩٨ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە(شەشی)ی خولی ئاسایی دووەمی ساڵی(١٩٩٨)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنرا، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***«بەرنامەی کار»***

***بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی ماددە( ٢٠ ) لە پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراودا، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە(٦)ی ئاسایی خۆی لە کاتژمێر( ١٠ )دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢١/ ١٠/١٩٩٨ دا بەم شێوەیە بێت:***

***١ـ گفتوگۆکردن لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا دەربارەی ڕەوشی فێرکردن لە هەرێمدا، بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری پەروەردە.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێدەکات دانیشتنی ژمارە (٦)٢١/ ١٠/١٩٩٨بەرنامەی کارمان پێکهاتووە لە خاڵێک ئەویش وەکو ئاگادارن ئەورۆ چوارشەممەیە ،چوارشەممەش تەرخان کراوە بۆ ڕاپۆرتی لیژنەکان وباسکردنی ئەوراپۆرتانە بە ئامادەبوونی برا وەزیرە پەیوەندارەکانمان ئەورۆش نۆرەی ڕاپۆرتی( لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا ) بە ئامادەبوونی بەڕێز کاک دکتۆر جەرجیس حەسەن وەزیری پەروەردە هەروەکو بەڕێزان ئاگادارن ڕاپۆرتەکە دوو بەشە بەشی یەکەمی (ئەساسیە )کە خوێنرایەوە وەکو ناومان ناوە خوێندنی یەکەم یا (القراء الاولی)لەیەکێ لەدانیشتنی چوارشەمەکانمان ، وئەو ڕاپۆرتە لەسەر بڕیاری ئێوەی بەڕێز ناردرا بۆسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران وە وێنەیەکیشی درا بەجەنابی وەزیری پەروەردە بۆ ئەوەی دیراسەی بکات وەهەر لە کۆبونەوەی پێش ئێستاکە بڕیار درا لەگەڵ پاشکۆی دووەم لە دانیشتنێکی نزیک دا باس بکرێ، ئەوە بوو بڕیار درا ئەمرۆ بێت وە

ئەمرۆ باس لەو راپۆرتەپاشکۆکەی دەکرێت ئێستاش ئەگەر لیژنەی پەروەردە تەشریف بێنە سەرسەکۆ( مەنصە) بەشی دووەمی راپۆرتەکە بخوێننەوە و دوای ئەوەش دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە فەرموون

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راپۆرتی لیژنەی پەروەردە دوو بەش بوو، بەشی یەکەمی کاتی خۆی دیراسەتمان کردوو لێرە خوێنرایەوەو پێشکەش بەجەنابی وەزیر کرا، هەروەها دوای پێشکەش کردنەکەشی لیژنەی پەروەردە سەردانێکی جەنابی وەزیری پەروەردەی کرد، گفتوگۆی لەگەڵ کرا و زۆر لەو خاڵانەی کە لە راپۆرتی پێشو دا هاتبوون، سەبارەت بە ڕێژەی دەرچوان بوو جێبەجێکراون لەدەوری دووەم ڕێژەکە زۆر گۆرا، سوپاس بۆ خوا ڕێژەیەکی زۆر باشە ئێستا دەرچوانمان دەرچوون لەئەزمونەکانی سەری ساڵ ئەمەش راپۆرتی یەکەم بوو بەئیعتبارپاشکۆی راپۆرتەکەیە.

**بۆ/ بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان**

**ب/راپۆرتی لیژنەی پەروەردە**

سڵاوی پەروەردەو زانست...

دوای ئاراستە کردنی بابەتی هەڵسەنگاندنی پەروەردەو دەستنیشان کردنی هۆکارەکانی دابەزینی ئاستی خوێندن بەشێوەیەکی گشتی، دوای ئەو ماوەیە ئەم راپۆرتەمان ئامادە کردووە، پوختەیەکی کورتی کارو چالاکییەکانە، ناوەڕۆکی ئەم راپۆرتە لەم خاڵانەی خوارەوە دیاریکراوە:

لە زنجیرە سەردانەکانی لیژنەی پەروەردە بۆ بەسەر کردنەوەی دام ودەزگاکانی پەروەردەیی لە سەرتاسەری کوردستان بەتایبەتیش لەکاتی ئەنجامدانی ئەزموونەکانی کۆتایی ساڵ، وەک چەند لیژنەیەک لە دهۆک، زاخۆ، ئاکرێ، ناوشاری هەولێر، بە ئامادەبوونی هەڤاڵێکی شارەزای پەروەردەیی لە پەرلەمان سەردانی چەند دەزگایەکی پەروەردەیی کرد بەم شێوەیەی خوارەوە:

١ـ لە رۆژانی ٢٨، ٢٩، ١٩٩٨/٥/٣٠ بە ئامادەبوونی بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی پەروەردەی پەرلەمان، لە مامۆستا سەرپەرشتیار پسپۆری، سەردانی دواناوەندی رزگاری کوران کراو لە نزیکەوە لە کێشەو کەموکورییەکانیان کۆڵرایەوە، هەر لە چاککردنەوەی بینایەی قوتابخانەکەو پێداویستیەکانی رەحلەو هۆڵی شەهید بارام کە بۆ وتنەوەی وانەی نموونەیی بەکار دێت، لەگەڵ کەرەستەو کتێب و پێداویستیەکانی ساڵی تازەی خوێندن وڕێکخستنی میلاک وچارەسەر کردنی کێشەکانیان، کە زیاتر لە (١٠٠٠)هەزار قوتابی دەوامی تێدا دەکات، هەر لەم بارەیەوە بۆ ئەم مەبەستە گفتوگۆ لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر ئەنجام درا بۆ هەوڵدان وچارەسەر کردنی کەموکوڕیەکانی ئەو ئامادەییە.

٢ـ سەردانی دواناوەندی بارزانی نەمر کرا ودانیشتنێک لەگەڵ مامۆستایانی ئەم دواناوەندییە

ئەنجام درا، تیایدا بە درێژی لەسەر بەڕێوەچوون وباری خوێندن وئاستی بەرەو پێشەوە چوونی گفتوگۆ کرا.

٣ـ کردنەوەی خولی بەهێز بوون(دورة التقوية) لە پشووی هاوین بۆ قوتابیانی سێی ناوەندی وهەر دوو قۆناغی شەشەمی زانستی ووێژەیی بەردەوامە بەگشتی وبەتایبەتیش بۆ ئەو قوتابیانەی کە کەوتوون(إكمال) بۆ سوود وەرگرتن.

٤ـ لەگەڵ ئەوەی نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان بەردەوامە، لەگەڵ ئەوەشا هێشتا ماون وپێویستیان بە چاککردن(تعمیر) هەیە، دوای ئەوەی هەندێ لە ڕێکخراوە خێرخوازەکان یارمەتیدەرن وپارەیان بۆ سەرف کردوون.

٥ـ ڕێکەوتی ١٩٩٨/٦/١سەردانی ئامادەیی کوردستانی کوڕان کرا ولەگەڵ دەستەی بەڕێوەبەرو ماموستایانیان، دانیشتنێک ئەنجام درا، تیایدا گفتوگۆ لەسەر باری خوێندن بە گشتی وباری ئابووری مامۆستایان وچارەسەر کردنی ودابینکردنی پێداویستیەکانی خوێندن وساڵی تازەی خوێندن، لە ڕەحلە وکتێب و بینایەی قوتابخانە کرا، ئەم ئامادەییە خزمەتێکی زۆری قوتابیانی کردووە، بۆ نموونە ساڵی ڕابردوو(٤٩)چل ونۆ قوتابی ئەم قوتابخانەیە لە کۆلیژی پزیشکی وەرگیراون.

هەر لە بەرواری ١٩٩٨/٦/١ هەواڵی بڕیاری ئەنجوومەنی خوێندنی باڵامان پێ گەیشت لەسەر وانەی کوردی ولە (مجموع) حیساب نەکردنی، بەڕاستی جێگای نیگەرانی سەرجەم مامۆستایان وئێمەش بوو، وە بەکارێکی باشمان هەڵنەسەنگاند.

٦ـ سەردانی یەکەی سەرپەرشتیاری پسپۆری(الإشراف والأختصاص)ی کرا، لە دانیشتنێکدا لەگەڵ سەرپەرشتیاران، گفتوگۆ لەسەر ئاستی خوێندن وچارەسەر کردنی میلاکی قوتابخانەکان وبەدواداچوونیان لە پەروەردەو ڕاپەڕاندنی کارەکانیان، لەم ڕووەوە زۆر کاری باشیان ئەنجام داوە لە ڕێکخستنی مامۆستایان ومیلاکی قوتابخانەکان.

٧ـ کرێی وانەبێژی(المحاضرات)ی مامۆستایان، لە مانگی(١)ی ساڵی ١٩٩٨تاکو ئێستا پارەی(محاضرات) بۆ مامۆستایان سەرف نەکراوە، ئەمەش دەبێتە هۆی سست بوون وسارد بوونەوەی مامۆستایان لە ئەنجامدانی کارەکانیان، دوای ئەوەی پەیوەندی بە بەڕێز وەزیری پەروەردە کرا وئەو کێشەیەیان لەگەڵدا باس کرا، وا دەرکەوت بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا، لیستەکانی(محاضرات)ی مامۆستایانی لە پەروەردە بۆ وەزارەت بەرز نەکردۆتەوەو لە داهاتووشدا لە ڕاپۆرتێک بە درێژی باسی دەکەین، هەروەها لەسەر(دهۆک، ئاکرێ، زاخۆ)ش بۆ هەمان مەبەست ئاماژەی پێ دەکەین.

وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا گەلێک کاری باش وچالاکی هەمە چەشنەی ئەنجام داوە گەلێک دەسکەوتی گرنگی وەدەست هێناوە بۆ مامۆستایان وبواری پەروەردەو خوێندن لە کوردستاندا بەگشتی، هەندێ لەو زانیاری وخاڵە

گرنگانەی بەکورتی لەم خالانەدا دەخەینە روو:

١ـ تا ئێستا بۆ چاککردنەوە(تعمیر)کردنەوەی قوتابخانەکان، لە ناوشاری هەولێر(٦٧) قوتابخانەو ولە دەرەوەی شار(١٥٠)قوتابخانە(تعمیر) کراون، هەروەها لە شاری دهۆک(٣٩)قوتابخانە.

٢ـ ژمارەی رەحلەی دروستکراو لە لایەن وەزارەتەوە گەیشتە نزیکەی (٨٥٠٠) رەحلە و رێکخراوە بیانیەکانیش (٦٦٠٠٠)رەحلە بۆ سەرجەم کوردستان دروست کردوە.

٣ـ خولی ئامادەکردن (دورة التأهیل) تا ئێستا لەشاری هەولێر (٢)دەورە کراوەتەوە لەشاری دهۆک (١) دەورە کراوەتەوە بۆ ئامادەکردنی مامۆستایان. زیاتر لە (١٧٤٣) مامۆستا لەو دەورانە دەرچوون دابەشکراوە بەسەر قوتابخانەکاندا.

٤ـ دروستکردنی (٩) قوتابخانەی سەرەتایی لە دەوروبەری شاری هەولێر لەلایەن رێکخراوی هابیتات، دروستکردنی (٢) قوتابخانەی سەرەتایی لەناو شاری هەولێر، دروستکردنی (٢) قوتابخانەی ناوەندی لەناو شاری هەولێر.

٥ـ دیاریکردنی شوێن بۆ دروستکردنی (٦) قوتابخانەی سەرەتایی لەناو شاری هەولێر لەلایەن رێکخراوی یونیسیف بۆ سالّی خوێندنی ١٩٩٨ـ ١٩٩٩.

٦ـ چاپکردنی کتێب بۆ قۆناغەکانی خوێندن، (٤٧١ر٠٠٠) هەزار کتێب بۆ سەرجەم قۆناغە جیاجیاکانەوە چاپکراوە و (٧٣٦ر٠٥٠)ش لەژێر چاپدایە کە بەم نزیکانە تەواو دەبێت.

ئەو کتێبانەش بریتین لەم چاپکراوانە:ـ

| | |
|---|---|
| ١ـ خوێندنی کوردی قۆناغی سەرەتایی | ١١٤ر٠٠٠ دانە |
| ٢ـ خوێندنی سریانی بۆ قوتابخانەکانی سریانی | ٢٤ر٠٠٠ دانە |
| ٣ـ خوێندنی ئێزدی بە لەهجەی یەزیدی | ٦ر٠٠٠ دانە |
| ٤ـ کیمیای پۆلی شەشەمی زانستی ـ کوردی | ٥ر٠٠٠ دانە |
| ٥ـ فیزیای پۆلی شەشەمی زانستی ـ کوردی | ٤ر٠٠٠ دانە |
| ٦ـ زمان و ئەدەبی کوردی پێنجەمی ئامادەیی | ٥ر٠٠٠ دانە |
| ٧ـ مێژووی گەلی کورد بۆ سێیەمی ناوەندی | ١٥ر٠٠٠ دانە |
| ٨ـ زمان و ئەدەبی کوردی بۆ چوارەمی گشتی | ٤ر٠٠٠ دانە |
| ٩ـ مێژووی گەلی کورد بەزمانی عەرەبی پۆلی چوارەم | ٥ر٠٠٠ دانە |
| ١٠ـ فەرهەنگی خەرمانی بۆ ئامادەی کشتوکالّ | ٠ر٨٠٠ دانە |

٧ـ ژمارەی ئەو کتێبانە کە رێکخراوی یونیسیف و یونسکو لە عێراق هێناویانە ژمارەیان ئەکاتە (٢ر٩٠٠ر٠٠٠)بوو لە وانە زیاتر لە نیوملیۆنی بێ کەڵک بوون و سوودیان نەبوو.

٨ـ ژمارەی مامۆستایانی هەولێر (١٤ر٥١٢) مامۆستایە وێرای دامەزراندنی (٧٥٠) مامۆستای تر بۆ ئەمسالّی خوێندن، هەروەها ژمارەی مامۆستایانی دهۆک (٥ر٧٧٦)

مامۆستا، جگە لە دامەزراندنی ژمارەیەکی تر، کۆی گشتی مامۆستایانی هەردوو پارێزگای هەولێرو دهۆک (٢٨٨ر٢٠) مامۆستایە.

٩ـ تا ئێستا زیاتر لە (٣٠) دەورەی ئامادەو مەشق کردنی مامۆستایان بۆ سەرجەم قۆناغەکان لە هەولێر کراوەتەوە، وە بەهەمان شێوەو ژمارەش لە دهۆک کراوەتەوە نزیکەی (٢٠) دەوزە.

١٠ـ تا ئێستا لە زەرەری قوتابخانەکاندا، لە سنووری سۆران (١٢٥٠) رحلە سووتاون، (٤٥٠) رحلە لەسنووری شەقلاوەدا لەگەڵ سەرجەم کەل و پەل و کتێب و پێداویستیەکانی خوێندن لەکاتی شەڕەکاندا فەوتاون و نەماون.

سەبارەت بە چاوپێخشاندن بەپرۆگرامەکانی خوێندن.

بڕیار دراوە بەپێکهێنانی چەند لیژنەیەکی پسپۆر بۆ چاوپێخشاندن لە بابەتەکانی.

١ـ مێژووی گەلی کورد.

٢ـ جوگرافیا.

٣ـ جوگرافیا ڕێرەوی بارزانی نەمر بەتایبەتی لە پەیمانگاکاندا.

**میلاک:ـ**

لیژنەی ڕێکخستنی میلاک کارەکانیان ئەنجام داوە، لیستی گواستنەوە لە هەردوو پارێزگا ئامادەکراوە دەرچووە پێش دەسپێکردنی ساڵی خوێندن و ئەمە یەکەمین جارە بەم شێوەیە بکرێت لە کاتی خۆیدا گواستنەوەکان تەواوئەبن و ئەمانەش کە لەماوەی ساڵێک دا کراوە، لە وەزارەتی پەروەردە بەم شێوەیە.

١ـ بۆ مووچەی مامۆستایان وفەرمانبەرانی بۆ ماوەی ساڵێک (٦٨٢ر٢٧٣ر٢٦٠) دووسەدو شەست ملیۆن و دووسەد و حەفتاو سێ هەزارو شەش سەدو هەشتاو دوو دینار.

٢ـ چاککردنەوەی قوتابخانەو دەزگاکانی پەروەردە لە ١/١/١٩٩٨ تا ١/٦/١٩٩٨ (٤٣٨ر٤٨٦ر٨) دینار.

٣ـ دروستکردنی رحلە (٢٥٠٠) رحلە ٠٠٠ر٥٠٠ر١ ملیۆن و نیوێک دینار.

٤ـ دروستکردنی تەختەرەش (٢٥٠٠) ٠٠٠ر٥٠٠ر١ ملیۆن و نیوێک دینار.

٥ـ بۆ دروستکردنی ژووری زیاد لە قوتابخانەکان (٥٠) ژوور (٠٠٠ر٥٠٠ر١)ملیۆن و نیوێک دینار.

٦ـ بۆ چاپکردنی کتێبی ئەلف و بێی کوردی و بیرکاری (٧٥٠٠٠) دانە بە (٠٠٠ر٩٠٠ر٤) دینار، کە ئێستا هیچ پێویستمان پێی نیە داینانێین چونکە لەکوردستانا هەمووی هەیە.

٧ـ بۆ کەرەستە ئەزموونەکان و کۆنترۆڵ (٠٠٠ر٢٤٠) دینار.

٨ـ خەرجیاتی ئەزموونەکانی کۆتای ساڵ (٠٠٠ر٤٠٠ر٨)دینار.

٩ـ کرێی خانوو قوتابخانەکان (٦٢٦ر١٢٦) دینار.

١٠ـ خولەکانی کراوە بۆ مامۆستایان (٥٩٠ر٤٦٥ر١) بۆ (٣٨) خول هەرجارەی (١٦٧٥) مامۆستا، لەگەڵ (١٣) چالاکی بۆ (١٦١) مامۆستا.

١١ـ دەرماڵەو محازەرات (٥٩٧ر٤٥٤) دینار.
١٢ـ دەرماڵەی قوتابیان (١٠٠ر١٢٢)دینار.
١٣ـ چالاکی قوتابخانەکان (٤٤٠ر١٩٦) دینار، چالاکی وەرزش (٣٤٨ر٥٣٨)دینار.
١٤ـ کرێی گواستنەوەی مامۆستایان بۆ قوتابخانەکانیان(٠٠٠ر٨٠٧) دینار.
١٥ـ چاپخانە (٠٠٠ر١٠٣٧)دینار.
١٦ـ ایفاد (٠٠٠ر٣٦٣) دینار.
١٧ـ تەباشیر (٠٠٠ر١٥٠) لەگەڵ ئەوەشدا کارگەیەکی تەباشیر بە (٠٠٠ر٥٠٠) کراوەتەوە دینار.
١٨ـ تابلۆو گۆڕینی مۆر لە قوتابخانەکان(٠٠٠ر١٧) دینار.
بەم شێوەیە خەرجی وەزارەتی پەروەردە لە ساڵێکدا گەیشتنە (٣٣٠ ٧٨٠ ٣٢٧)سێ سەدوبیست و حەوت ملیۆن حەو سەدو هەشتا هەزارو سێ سەدو سی دینار جگە لەپلانی ساڵانە (١٥٠) ملیۆن دینار.
ئەمەی سەرەوە وردە کاریەکان و خەرجیاتی وەزارەتی پەروەردە بوو، هەوڵی زیاد لە ڕادەی خۆی کراوە بۆ جێگیربوون خستنەوە سەر سکە پەروەردەییە لە هەرێمی کوردستان.
لە دواکات سوپاس و ڕێزمان بۆ ئێوەو هەموو دڵسۆزانی کارسازانی پەروەردە لە کوردستان بۆ خزمەتی گەلی کوردستان.سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو ڕاپۆرتی زاخۆو ئاکرێشمان هەبوو، کاتی خۆی پێشکەشمان نەکردووە بەڵام دوایی پێشکەشتانی دەکەین بۆ ئەوەی بگاتە دەست بەڕێز جەنابی وەزیری پەروەردە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر زۆر سوپاس کاکە شێخ ،سوپاسی لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی بالا ئەکەین بۆ ئەو ئەرکەی کێشایان ئەمە، زیاتر پەیوەندارە بەو ڕاپۆرتەی لیژنەی پەروەردەوە، لەڕاستیدا چ لەڕاپۆرتو چ لەپاشکۆی ڕاپۆرتەکە بەدادوەرانە تەماشای بارودۆخەکەیان کردووە ئەم کەم و کوریەکانەی کە بینویانە دەست نیشانیان کردووە وە ئەو ئیشانەش کەئەنجام دراوە لەمابەینی ئامادەکردنی ئەو ڕاپۆرتە هەتاکوو دوایی ئاماژەیان پێکراوە، جگە لەو شتانەی کە ئەمڕۆ لەوپاشکۆیەدا خوێنرایەوە وەکو نموونەیە، لەوەیە شتی زیاتر هەبێت جەنابی وەزیر لێرەیە لەوانەیە هەندێ شتیشی بخاتە سەری بۆئەو ئیشانەش کە کراوە ئەرکی سەر شانی ئەندامانی لیژنەیەکە هەردوو لایەکەی بخەنە پێش ئێوەی بەڕێز ئێمە سوپاسی ماندووبونیان دەکەین وە سوپاسی ئەو هەوڵدان و هەماهەنگییە

دەکەین بەتایبەتی ئەو چەند دانیشتنەی کەکراوە لەو دواییە لەنێوانی لیژنەو کارمەندانی و وەزارەت و جەنابی وەزیری پەروەردە بۆ ئاسانکردنی ئیشەکان ، هیواداریین هەمیشە بەو شێوەیە ئیشەکان بچێتە پێشەوە، سوپاسی کاک شێخ عفانیش دەکەین جەنابی وەزیر ئەگەر تەشریف بێنێتە سەرسەکۆ. بێگومان وەڵامی پێیە بۆ ئەوپرسیارانەی پێش ئێستاکە کە لەراپۆرتی یەکەم خرانەروو وە بەتەئکید موداخەلەشی هەیە، پێش ئەوەی کە دەرگای گفتووگۆ بکەینەوە لەسەر ئەو دوو راپۆرتە، جەنابی وەزیر با موداخەلەی خۆی بکات وەچ پرسیارو وەلامێک هەیە دەربارەی ئەو بابەتانە روونیان بکاتەوە ئەگەر دوای ئەو روونکردنەوەیە برادەران پرسیاروبەدواداچوونیان هەبوو دەرگای گفتووگۆ دەکەینەوە جەنابی وەزیر با بفەرموێ .

**بەڕێز د. جەرجیس حەسەن/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لەسەرەتادا من سوپاسی لیژنەی پەروەردە دەکەم بۆ ئەو راپۆرتە و بۆ ئەو ژمارانەی کە باس کرا من ئەتوانم بڵێم سەدا هەشتا یان سەدا نەوەد لەو ژمارانە تەواوە و من سەد لە سەد پشتگیریان دەکەم چونکە بەشێوەیەکی رێکوپێک وە بەشێوەیەکی زۆر مرەتەب خرانە روو، وەکوکاک فرەنسۆ ووتی هەق بوو من پرسیار بکەم بزانم چۆن ئەو ژمارانەیان دەست کەوتووە. پێشی بێینە ئێرە ئێمە دانیشتنێکمان لەگەڵ ئەندامانی لیژنەدا کرد و زۆر بابەتمان روونکردەوە، گفتوگۆمان کرد کە ئەوە گرفتەکانی ئێمەیە، بێگومان کەرتی پەروەردە کەرتێکی گەورەیە وە بەدیدی من ماڵ نیە یان خێزان نیە کە کارمەندێکی پەروەودەی لێ نەبێت کە ئەم کەرتە گەورە چ بە مامۆستاو بە قوتابی و بە ئەوانەی کە ئیشی لێدەکەن بەتەئکید گیروگرفتیشی دەبێت وە هەموو جاریش گیروگرفت روو ئەدات لەناو ئەوکەرتە، وهەوڵدەدرێت کە هەندێ گیروگرفتیش چارەسەر بکرێت بەڵام چونکە کەرتێکی وا گەورەیە مرۆڤ هەندی بکات و هەندی دەست کەوت هەبێ، هەر بزرەو دیسان هەر کەمە، لەبەر ئەوە ئێمە چەند بکەین وچەند دەست کەوتمان هەبێ و چەند هەوڵ بدەین ئەوکەرتە بەرەو باشی بچێت هێشتا هەر کەمە و، پێویستی بە زیاترە وە ئەوە لە هەموو دنیا هەیە گرنگی بەکەرتی پەروەردە لە هەموو دنیا گرنگیەکی یەکجار زۆری پێدەدرێت بوودجەی پەروەردە لە هەموو دنیا باوەربکەن لەبووجەی وەزارەتی بەرگریش لە زۆر وولات زیاترە، چونکە کەرتێکە پێویستی بە توانای زۆر هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ بەدەورەیکی رێک و پێک هەستێ بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو ئەرکەی لەسەرشانیەتی بەرێک و پێکی بەرێوەی ببات ،ئێمە وەکو کورد ئازار و ئەشکەنجەیەکی دورو درێژمان هەبووە وە کابینەی سێ کە هاتینە هەولێر ئێمە گیروگرفتێکی یەکجار زۆرمان هەبوو، هەر ئەوە نەبوو کە ئێمە هاتینە سەرشتەک و هەوڵ بدەین کە بەرەو پێشەوەی ببەین، ئێمە هاتینە سەر بارودۆخێک کەبەراستی پێویست بوو ئەو بارو دۆخە چاک بکەین، وابکەین کە ئەم گیروگرفتانە کەم ببنەوە،

لەبەر ئەوە دەتوانم بلێیم ئێمە کە دەستمان پێکرد، لەژێر سفرەوە دەستمان پێکرد، واتا هەر لەئەوەڵیش نەبوو بەڵکو زۆر شت وای لێهات بوو ئاڵۆزبوو تۆ دەبوو توانای یەکجار گەورەی بۆ تەرخان بکەی، بۆ ئەوەی ئەم بارودۆخە چارە سەر بکەی، چ لەلایەنی وانە بێژی(محاضرات)چ لە لایەنی میلاکات چ لەبواری موچە چ لەلایەنی قەرزی کۆن کە لەسەریەتی وە چ لەلایەنی ئەو خراپییەی کە هەبوو لە قوتابخانەو وە لەجێگای تر ئەمە هەموو گیروگرفتی ئێمە بوو گیروگرفتی کابینەی سێهەم وەبەتایبەتی زیاتر لە هەمووکەرتەکان کەرتی پەروەردە بوو ئەمە وایکرد کابینەی سێهەم وە ئەنجوومەنی وەزیران هەموو پێکەوە لەگەڵ پەرلەمان هەوڵ بدەین ئەم کەرتە بەرەو باشتر ببەین، بەڵام ئەوەش ئێمکانیاتی دەوێت وەئیشی ئێمەش بەئیمکانیات دەبێت کەرتی پەروەردە هیچ دەستکەوتی نیە، هیچ پرۆژەی نیە بلێین کە توانایەکی دیاریکراو هەبێت هەموو ئەوەیە کە لەوەزارەتی ئابووری یان لە ئەنجوومەنی وەزیران رەزامەندی دێت وە ئێمە ئیستغلالی پارەکە دەکەین بۆهەندێ پرۆژەو وە هەندێ دەسکەوتی پەروەردە ، بەڵام مەسەلەکە هەر لێرە نەوەستا لەکاتی ئێمەش گیروگرفت روویدا گیروگرفتی برا کوژی گیروگرفتی ئەوشەڕەی کە لەسەرانسەری ناوچە سنورەکان بەرپابوو ئێمە کە گیروگرفتێکمان چارە دەکرد پشتی چوار رۆژ دە رۆژ مانگەک جارەکی دیکە هەمان گیروگرفت رووی ئەداوە وە تووشی گرفتی تر ئەبووین کە پێویست بوو جارەکی دی ئێمە چارەسەری بکەین، ئێستاش من ئەڵێم ئێمە شتمان کردووە بەڵام باوەڕبکەن هێشتاش شتی زۆریش ماوە هێشتا گیروگرفتی ئێمە زۆرن، ئێمە ئەگەر طموحاتمان هەبێ بەرەو پێش بچین یان هیچ نەبێت سەیری وڵاتانی دەرەوە بکەین یان سەیری خەڵکی تر بکەین ، باوەر بکەن ئیشەکی زۆر لەپێش ئێمە هەیە، وە ئەبێت پێکەوە لەگەڵ لیژنەی پەرلەمان لەگەڵ وەزارەت لەگەڵ مامۆستا پێکەوە هەوڵبدەین کەدەبێ بەرەوپێشتر بچیت کە هەوڵ بدەین ئەو گیروگرفتەی کە هەن هێدی هێدی کەم بن من هەر ویستم ئەوووتە گشتی یە بلێیم بۆ ئەوەی برادەران ئاگاداربن کە بارودۆخی ئێمە چۆنە ، ئەوەی تر کە من ئەمەوێ گفتووگۆ لەمەڕ راپۆرتی پەرلەمان بکەم، بەراستی راپۆرتێکی رێک و پێک بوو لەهەموو لایەنێکەوە وە بە دڵنیاییەوە هەرکەسێک لەروانگەی خۆی دەروانێت دووکەس بێت سێ کەس بێت شتێک بنووسێت لەوانەیە بۆچونی لیژنەکی تر یان خەڵکێکی تر یان پسپۆڕێکی تر جیاوازیەکی دیاریکراوی لەگەڵ هەبێت یان لەوانەیە ئەو لیژنە زیاتر ئاگاداربێت لە هەندێ وردەکاری دیاریکراو لەلیژنەیەکی دەرەوە، چونکە ئەوە باوە هەمیشە ئەوەی ئیش دەکات ،ئەوەی لەناو ئیشە زیاتر هەست بەهەندێ گیروگرفت دەکات، لەوەی کە لەدەرەوەی ئیشەکەیە زیاتر ئەزانێ کە چی پێئەکرێت وە چی پێناکرێت لەبەرئەوە من وا بۆی ئەچم کە هەندێ تێبینی دیاریشمان هەبێت هەر لەسەر ئەو بنەرەتەیە کە ئێمە لەناو ئیشەکە ین وە ئێمە ئەزانین توانای ئێمە چەند بوو وە چۆن ئێمە دەتوانین ئەو توانایە سەرف بکەین وە ئیستغلالی بکەین وە هەوڵبدەین باوەر بەلایەنە باڵاکان بهێنین بۆ ئەوەی بتوانین ئیشی خۆمانی پێ بکەین، ئەو راپۆرتەی لیژنەی پەروەردە کە بۆ ئێمە هات دوو بەش بوو بەشێک

پەیوەندارە بە هەڵسەنگاندنی کارەکان بەشەکەی تری پەیوەندارە بە چالاکی و دەسکەوتی ئێمە، هەڵسەنگاندنی یەکەم هەڵسەنگاندنی پرۆسەی پەروەردە بوو لەمەر هۆی دابەزینی ڕێژەی دەرچوون و دابەزینی ڕێژەی سەرکەوتن بەو شێوەیە نەبوو کە هاتووە،و خراوەتە روو، چونکە ئێمە ناتوانین تەنها خولی یەکەم لەبەرچاو بگرین بەتایبەتی لەم بارودۆخەی ئێستادا، پێویستە ئێمە هەردوو خول لەبەر چاو بگرین ئنجا ڕێژەی سەرکەوتن دەر ئەکەوێت، کەچەندە. بۆ ئەوەی ڕێژەی سەرکەوتن دیاربێ، ئێمە کە سەیری خولی یەکەم و خولی دووەم ئەکەین من وای بۆ دەچم ئێمە دانەبەزیووین بەڵکو ئەگەر سەرنەکەوتبێن ئێمە دانەبەزیوین، واتا ڕێژەی سەرکەوتن کەم نەبووە ئەگەر زیاد نەبوو بێ، من وای بۆ دەچم کەرێژەی سەرکەوتن دانەبەزیوە، ئەمە خاڵێک.

خاڵی دووەم، ڕێژەی سەرکەوتن ڕێژەیەکی پێوەریە، ناکرێ هەر مرۆڤێک لەخۆیەوە دایبنێ،واتا دیاری کردنی ڕێژەی سەرکەوتن یان تاقیکردنەوە یان بەشداربووان لەتاقیکردنەوە ڕێژەیەکی پێوەریە(معیاری) لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر پسپۆرانی وەزارەت ئەو ڕێژەیە بۆ ئێمە هەڵێنجن، ئێستا سەرقاڵی ئەوشتەن رەنگە لەم مانگەی داهاتوو‌ئەو ڕێژەیەبۆ ئێمە دەربچێت تابزانین چەندە، ئنجا دەزاندرێ کە بەرەوپێشەوە چووینە یان بەرەو دواوە گەڕاینەوە؟ یانیش ڕێژەکە ڕاوەستاوە؟، ئەوە خاڵی دووەم.

خاڵی سێیەم، تۆ ناتوانی سەد لە سەد بزانی ڕێژەی سەرکەوتن لەساڵێکدا چەندە، ڕێژەی سەرکەوتن لە پۆلی شەش لەساڵێکدا بەتەنها حساب ناکرێ، ئەبێت چەندەها ساڵی جێگیربوون (استقرار) هەبێت، چەندەها ساڵی خوێندنی ڕێک و پێک هەبێت چەندەها ساڵی بەدەست هاتوو هەبێت بۆ ئەوەی ڕێژەی سەرکەوتن هەنگاوێکی باش باوێت، رەنگە ڕێژەی سەرکەوتن هەندێک کەم بێ یان برێک زیاد بێ بەلام بۆ ساڵێک بەتەنها قەد ناتواندرێ ئەم شتە بکەین، بۆچی؟ چونکە لەگەڵ کرداری فێرکردن یەک گرێدراون ، بۆ نمونە فیزیای پۆلی سێ و پۆلی چوار و پێنج پەیوەندیەکی هەرە گەورەی لەگەڵ فیزیایی پۆلی شەشەم هەیە، لە ئاکرێ لەوانەیە(٣٠) کەس داخلی تاقیکردنەوەی وزاری بن بەلام(٥) کەس ناجیح ئەبن بۆ لە هەولێر(٣٠) کەس داخلی تاقیکردنەوە ئەبن (٢٠) کەس ناجیح ئەبن؟ لە ئاکرێ لەبەر نەبوونی تواناو میلاک وکەمی کتێب ئاستەکە نزم ترە، لەبەر ئەوە ئەوە چەند ساڵە لەسەر ئەوە ڕۆیشتووین من وای بۆ دەچم هۆی هەرە سەرەکی ئەوەیە، کە دەبێ چەندەها ساڵ استقرار هەبێ، میلاکات تەواو بکرێت، کتێب دابەش بکرێت هەندێ کێشەی مامۆستایان وقوتابیان هەیە چارەسەر بکرێن بۆ ئەوەی هەنگاوێکی باش باوێن وە بمانگەیەنتە قەناعەت کە بەراستی پەروەردە بەرەو پێشەوە چووە، یان ڕێژەی سەرکەوتن زیادی کردوە، ڕێژەی سەرکەوتن بە پلەیەک یان دوو قەد کەم و زیادنابێ، ڕێژەی سەرکەوتن ئەوەیە کە بەراستی هەنگاوێکی باش باوێت کە خەڵکەکە بگاتە قەناعەت کە ڕێژەی سەرکەوتن باش بووەو بەرەو باشی ئەچێت لەلایەکی ترەوە تاقیکردنەوەو پرسیار(اسئلە)کاریگەری خۆی هەیە، ئەگەر تۆ وای بۆچوی کە ئاستی فێربوون دابەزیوە تۆ چی ئەکەیت؟ لەگەڵ گرنگی پێدان بە

کتێب و مامۆستاو و میلاکات ئەبێت گرنگی بە پرسیاریش بدەی، پرسیاریش وابێت کە کێشی خۆی هەبێت ،ئەگەر پرسیار کێشی خۆی ئەبێت دیسان لایەنی فێربوون ئاستی زانست کەم ئەبێ، لەبەر ئەوە لەکاتێکی کتووپڕەوە بۆ نموونە هەوڵ ئەدەی کە پرسیار کێشێکی هەبێ، بەتەئکید دیسان ڕێژەی سەرکەوتن ڕەنگە ئەوە نەبێ کە ئینسان پێی خۆشحاڵبێ ،یان لەگەڵی بێت. ئەم هەموو هۆیانە بەبۆچونی من وای کردووە کە ڕێژەی سەرکەوتن کە زۆریش بێ ،ئەگەر زیاتریش بێ بەڵام تەقریبەن زۆر نزیکی یەکن، ئەم ساڵ و پارو پێرار نزیکی یەکن، بازدان(تەفرەیەکی) وا نییە کە ئینسان پێی دڵخۆش بی، پێویستە ئێمە ئەو بەرزەفتیانە دابنێین ئەم ئیستقرارە هەبێ کتێب لەکات و ساتی خۆی دابەش بکرێ بەشێوەیەکی تەواو، میلاکات لە هەموو جێگایەک تەواو بکرێت بۆ ئەوەی بتوانین ڕێژەی سەرکەوتن بەرز بکەینەوە و ئاستی فێربوون بەرز ببێتەوە، ئەمە بۆچوونی ئێمەیە، ئێمە لەسەر ئەوە ئیش ئەکەین وەهەوڵ ئەدەین کە فیعلەن ڕێژەی سەرکەتن بەرەو باشی بچێ.

خاڵێکی تر بایەخ دان بەزمانی کوردی یان بڵێین بڕیارێک دەرچوو کە زمانی کوردی ببێتە ئیختیاری، واتا بۆ قەبووڵ کردن دەرەجەکەی ببێتە ئیختیاری، لەڕاستیدا کاتێ ئێمە هاتین(پۆستی وەزارەتمان وەرگرت ئەمە هەبوو، واتا ئێمە ئەوەمان دروست نەکردووە،نەک لەسەر ئاستی پەروەردە و وەزارەتی پەروەردە بەڵکو لەسەر ئاستی ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا وە لیژنەی وەرگرتن، ئەم شتە هەبوو، هەتا لەمەش زیاتر هەبوو بەوەی لەساڵەک ئەوەی بەتەنها لە زمانی کوردی بکەوێ دەبێ ببووردرێ و بچتە پێشەوە. ئێمە تووشی ئەم بارە بووین تووشی ئەوە بووین کە بڵێ ئەوەی لە زمانی کوردی بەتەنها بکەوێ ئەبێ ناجیح بێ، برادەران باش ئەزانن کە لەگەڵ کێ توشی بوین وەبەتایبەتی لەگەڵ عەنکاوە وە لەگەڵ کاک شێخ و لەگەڵ پەتریارک کە هاتنە لای ئێمە لە وەزارەت وە یادداشتێکی گەورەیان نووسی بوو بۆ کاک(مسعود) هەموویان ئیمزایان کردبوو کاک فرەنسۆ باش ئاگادارە کە گوتمان ئەمە لای ئێمە قابیلی قەبووڵ نییە وە ئەبێت فیعلەن ئەوانەی ڕاسیب بوون نابێ ناجیح بن، لەولاو لەولا خەڵکیان هەناردنە لای ئێمە، لە وەزارەت هاتنە لای من لەگەڵ شێخ عەفان هەموو ئامانجیان ئەوە بوو کە فیعلەن ئەوانەی ڕاسیب بوون ناجیح بن ،ئێمە قەبووڵمان نەکرد ووتمان ئەوەی پەیوەندی بەوەزارەتەوە هەیە ناکرێ و نابێت کەسێک ساقیت بووە ناجیح بکرێ، ساقیت بووە ئەوە شتێکی ئاساییە، ئەما ناجیح بکرێ لە زمانی کوردی قەد مومکین نییە وە هەتا هەندێ هەڕەشەوگورەشەشی کرد ،مدیر ناحیەی عەنکاوەشی لەگەڵ بوو ووتی ئەچم لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دەرەوە و مافی مرۆڤ قسە دەکەم هەر دەبێ ئەو شتە بکرێ ،ووتم بۆ کێ ئەچێی برۆ، بەڵام من بۆ خۆم نایکەم لەوانەیە زۆر قسەی ناخۆشیشی کرد بەڵام من بۆ ئەوە هیچم نەکرد ووتم ئەوە ناکرێ چونکە مومکین نییە ئێمە خەڵکێک لە زمانی کوردی ناجیح بکەین تیایدا ڕاسب بووە، ئەوەی لەسەر ئێمەیە ئەوەمان نەکرد، مەساوەمەمان نەکرد، ئەوەی کە مەساوەمەتی لەسەر کرا ئەوە بوو کە دەرەجەی کوردی

ئیختیاری بێ ئێمە ئەوەشمان نەکردوە لیژنەی وەرگتنی کردویەتی و ئەنجوومەنی وەزیران گفتوگۆیان کرد ئەنجوومەنی خوێندی باڵا ئەم بڕیارەیاندا، ڕاستە من ئەندامێکم لە ئەنجوومەنی خوێندی باڵا بەلاّم منیش سەر بە ئەو ئەنجوومەنەم، لەبەر ئەوە من ئەتوانم بڵێم بەرزترین نمرەش رەنگە ئەم ساڵە لە کوردی هاتبێ، ڕێژەی سەرکەوتن لە کوردی لەوانەکانی تر زیاتر بوو لەبەر ئەوە ئێمە بەهیچ جۆرەک هەوڵمان نەداوە وە ناشیکەین وە مومکینیش نییە کە زمانی کوردی دانەندرێ وە گرنگی پێنەدرێت بەپێچەوانەوە وەکو وەزارەتی پەروەردە وەک مامۆستایان وەک ئەو پسپۆرانەی کە لەوێوە ئیش دەکەن ئێمە هەوڵ ئەدەین کە بایەخێکی زیاتر بە زمانی کوردی بدەین وە بەرەو پێشەوەی ببەین، بەلاّم ئێوە ئەزانن لەهەندێ ناوچەدا بەراستی ئەم شتە هەیە، لە دهۆک تەنها یەک قوتابخانە هەبوو کوردی بخوێنن،کە قوتابخانەی برایەتی بوو، ئەوانەی تر هەموو عەرەبی بوو ئەوە واقیعەکە پێشی ئێمە ئەو واقیعە هەبوو، بەلاّم دیسان سوور بووین لەسەر ئەوەی کە لە پۆلی یەک و دوو و سێوە دەست پێ بکات تا گەیشتە پۆلی شەش و گەیشتە یەکی ناوەندی، ئەبێ کوردی بێ وە فیعلەن تا پۆلی یەکی ناوەندی لەسەرانسەری کوردستان کوردیە، ئەمە لەو لایەنی کە من دەڵێم ، باوەر بکەن ئێمە هەوڵمانداوە کە گرنگی جیدی بەزمانی کوردی بدەین وە بەرەو پێشەوەی ببەین . لەبارەی خولی یەکەم و دووەم کاتی خۆی کە پێکەوە دانیشتین لە وەزارەت من لەگەڵ برادەران ئەو گفتوگۆیەمان کرد، ئەمەوێ بزانی کە قوتابی کە دەرەجەی کەم وەردەگری ناچتە تاقیکردنەوە تاقیکردنەوە ناکات بۆ ئەوە دەرەجەیەکی باش وەربگری بەڵکو لە کۆلیژی ئەندازیاری یان پزیشکی قەبوول بکرێ،ئەوەش پەیوەندی بەلایەنی معاشیەوە هەیە پەیوەستە بەلایەنی دامەزراندن ،من ئاگادارم بەتایبەتی لە هەولێر ئەگەر بزانی دەرەجەی کەم وەردەگری ناچێت وە دوو دەرس سێ دەرس ئەهێڵتەوە بۆ خولی دووەم ئەگەر بزانی دیسان کەمە لەوانەیە هەرخۆی ڕاسب بکات بۆ ساڵێکی تر، لەبەر ئەوە ئەبینی ئەوانەی بەشداربوون زۆرن بەلاّم ئەوانەی تاقیکردنەوە ئەکەن کەمن وە بەتایبەتی ئەوانەی تاقیکردنەوەش ئەکەن دوو دەرس ئەهێلن و دوایێ تاقیکردونەوە ئەکەن، ئێمە تاقیکردنەوەی خولی یەکەم وخولی دووەمان هەیە ئێمە دامانناوە واتا تاقیکردنەوەی خولی دووەم لەسەر قوتابی نە سەپاوە، قوتابی بۆ خۆی هەقی خۆییەتی، ئەوە لە هەموو دنیا هەیە، قوتابی هەقی خۆیەتی لە دوو دەرس ئیکمال ببێت وە تاقیکردنەوەی خولی دووەم بکات، واتا ئێمە هیچ چاکەیەکمان لەسەر نییە کە بڵێین ئێمەچاکەیەکمان لەسەر تۆ هەیە خولی دووەم هەقی خۆیەتی، بەتەواوی مافی خۆیەتی کە خولی دووەم تاقیکردنەوە بکات، لەبەر ئەوە ئێمە بەڕاستمان نەزانی وە دیسان لە ئەنجوومەنی وەزیران گفتوگۆمان کرد کە ئێمە دەرەجەی لێ کەم بکەین ئێمە نەگەیشتینە قەناعەت لە ئەوەی گفتوگۆمان کرد کە فیعلەن لەوانەیە لەخولی دووەم تاقیکردنەوە دەکەن نمرەی لێ دابشکێنین، ئەوە قەناعەتی ئێمەیە کە رەنگە غەدرەکی دیاری کراو بێ چونکە لە هەموو دنیا خولی دووەم هەیە، خۆ بەتەنیا لێرە نییە، جا بۆ من دەرەجەی لێ داشکێنم، بەلاّم چمان کرد بۆ ئەوەی هانیان بدەین با دەرەجە

بدەینە ئەوانەی کە لە خولی یەکەم دەردەچن، رەنگە جیاوازیمان لەگەڵ هەندێ برادەران لەسەر ئەوە هەبێ کە بڵێ وەک سزادان دەرەجەی لێ بشکێ ئێمە لەگەڵ ئەوە داین وە ئەوەش هەروا دیراسەتی ئەکەین، لەوانەیە بەیانی یان مانگێکی دی یان ساڵێکی دی بگەینە قەناعەتێکی دی بەڵام تا ئێستا ئێمە لەو قەناعەتین کە بڵێین تۆ ئەوەی باش ئەکا باشی بدرێتێ وە ئەوەی خراپی دەکا وەک بە خراپی سزا ئەدرێ، واتا لە پاداشت و سزا من وای دەبینم ئەمە زۆر نییە یان کەمە لەبەر ئەوە ئێمە ئەوە مان کرد، لەبەرئەوە جیاوازیکی زۆری هەبوو لەنێوان خولی یەکەم و خولی دووەم وە ڕێژەکەشی زۆر جیاوازی هەبوو، ئەمە بوو ئەو خاڵەی وای کرد کە فیعلەن ئێمە لەگەڵ ئەوە بین، دیسان لە بەشی تەقییم هاتووە دەڵێ لەهجەی کرمانجی دیراسەت نەکرا وە،کە بڵێین لە دهۆک زۆر هەوڵیاندا کە ئەم شتە بکات، من ئەڵێم زوومان نەکرد، بەڵکو لەیەکەم جار کە هاتین، کۆنفراسمان بەستا، ساڵی یەکەم لە کۆنفراس ئەگەر هەندێ دەست تێوەردان لەولاو لەلا نەبا لەوانەیە برادەران مامۆستایانی کە لە دهۆک هاتبوون یان بادینی یان کرمانجی سەروو لەوانەیە بمانکردبا بەهەڵا لە کۆنفراسەکە، بەڵام هەوڵماندا حەسەری بکەین ووتمان دیراسەی ئەم بابەتە ئەکەین، زۆر زۆر بە جیدی بە دوورو درێژی دیراسەی دەیکەین هەروا بەوکتووپڕەوە ناتوانین بڕیارێکی لێ بدەین، یەک ساڵ دواخرا وە دیراسەتێکی دوورو درێژمان کرد، کە چ بکەین فیعلەن لەپۆلی یەکەم لە زمانی دایک و باوکی خۆی زیاتر هیچ نازانی، ئێمە هەوڵماندا لەو ساڵەوە ئەلف وبێی کوردیان بۆ چاپ بکەین تا پۆلی چوار بڕیارمانداوە کە بەکرمانجی سەروو بخوێنن، لەوەش دوو لایەن هەبوو لایەنەک بەدیدی ئێمە مافی خۆیانە وەک زارۆک، وەکو بڵێین تەمەنی شەش ساڵ حەوت ساڵ کە دەست پێدەکات بە زاراوەی خۆی،بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە ئێمە لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران دانیشتین ئێمە دیراسەی ئەو بابەتمان کرد وە ئەنجوومەنی وەزیران رەزامەندیان لەسەر ئەوە کرد دوای ئەوە ئێمە بڕیارماندا کە ئەم زاراوەیە لەناوچەی بادینان بە کرمانجی بخوێندرێت ، بنەمای پاداشت و سزا بەراستی شتێکی رێژەییە، من ناتوانم بڵێم ئێستا ئێمە چەند کەسمان بە ژمارە سزا داوە، چەند کەسمان تەرفیع پێ کردووە،لە هەر جێگایەک بێ بنەمای پاداشت و سزا هەر هەبووە دنیا لەسەر ئەوە هاتووەو دروست کراوە، ئەگەر پاداشت وسزا نەبێ قەد مومکین نییە ئەو دنیایە بەڕێوە بچێت، بەهەشت و جەهەنم لەسەر ئەمە داندراوە، ئەگەر بەراستی ئێمە پێشکەوتووبین دەبێ رەچاوی بکەین کەواتە تارادەیەک ئێمە بەکاری دێنین، ئەگەر ئێمە بەوە دواکەوتووینە وبەرەو پاش گەراینەوە رەنگە پاداشت وسزا وای لێ نەکردبین ئێمە کردوومانە، هەتا رادەیەک من ناڵێم هەموو، چونکە پاداشت و سزا وا ئاسان نییە ئەبێت بارودۆخی بابەتی و خودی تێک بکاتەوە، دوایی سەیری بارودۆخی تریش بکات مامۆستایەک یان بەرێوەبەرایەتی قوتابخانەیەک میلاکاتی تەواو نەبێ لەسەر سنوور بی کتێبی کەم بێ بەو چۆرە رێژەی سەرکەوتنی کەم بێ تۆ چۆن سزای دەدەی؟ رەنگە بانگی بکەی پێی بڵێی، بەڵام کە ئەو بەرگری لە خۆی ئەکات ئەڵێ فەرموو من ئەوەم هەیە ئەوەم بوو ئەوەم بوو ...لەبەر ئەوە رێژەی

سەرکەوتنم کەم بوو، من سزای چی بدەم؟ رەنگە پێی بڵێم بەڵام پێشەکی ئەبێ ئەم لایەنە چارەسەر بکەم ،هەوڵ بدەم کە لایەنە پەروەردەییەکەی چ میلاکاتن چ کتێب و دابەش کردنی کتێبە چ توانای ترە بۆی دابین بکەین وە دوایش داوای پاداشت وسزای لێ ئەکەین بەڵام ئەم لایەنە پشت گوێ بخەم و هەر لایەنەکەی تر بەتەنها بەکاربهێنم من وای بۆ دەچم ،رەنگە راستی تێدانەبێ یان راستی کەم بێ، من ناڵێم بە شێوەیەکی زۆر زۆر پاداشت و سزامان بەکارهێنا، ئێمە شتمان کردووە چ لە رووی گواستنەوە چ لە رووی دامەزراندن، گۆڕان کاریش لە بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکان چ بەنیسبەت بەڕێوەبەرە یان جێگرەکەی ئەو گۆڕانکاریانەش بووینە، بەڵام رەنگە کەم بووبن چونکە لەم بارووددۆخەی ئێمە نەمانتوانیوە تا ئێستا جێبەجێی بکەین،بۆ ئەوە بتوانین سەد لە سەد بنەمای پاداشت وسزا جێبەجێ بکەین .
لەمەر میلاکات، راستە میلاکات کەمە وەکو لە راپۆرتی برادەرانیش هاتووە، ئێمە هەوڵماندااوە، دامەزراندنی زۆرمان کردووە ،چ لە دهۆک چ لێرە خولی ئامادەکردنمان کردووە، خۆی ژمارەکانی زۆر دروستە من نامەوێ چمان کردووە بەژمارە بیڵێم، بەڵام ئێمە هەوڵماندااوە کە ئەوە بکەین، هەندێ شتی تریش هەیە ئەڵێم وەک ئەوە زۆر قوتابخانە هەیە بۆ نمونە لە عەنکاوە، لە عەنکاوە ئێستا میلاکات زیادە من کەهاتم میلاکات زیادبوو، هەوڵم دا ئەم میلاکاتانە کەم بکەمەوە، دانوساندن لەگەڵ ئەولاو ئەولا دەستی پێکرد ،ئێمە یەک شت هەبوو توانیمان بکەین ئەوە بوو گووتمان کەس لە عەنکاوە دانامەزرێت، ئەمە ماوەی دوو ساڵە یەک کەسمان لە عەنکاوە دانەمەزراندووە بۆ ئەوەی هەوڵ بدەین هاوکێشەیەکی دیاری کراو هەبێ ئەگەر مەبەست ئەمە بێ.
رێکخستنی میلاکات ئەمە راستە لە هەندێ جێگا، بەڵام لەجێگای وا بووە وەکو عەنکاوە ئەوەی تر ئێمە بنەمای تەرغیبیشمان بەکارهێناوە سزادانیشمان بەکارهێناوە، ماوەی دوو ساڵ یان دوو ساڵی خوێندن ئێمە پارەمان بەئەوانە ئەدا کە لە شوێنە دوورەکان دادەمەزران، دەرماڵەیێکی دیاریکراوی کاتیمان پێئەدا ن تا لەوێ دابمەزرێن، ئەوەی خەریج بوو بەپێی رێنمایی ساڵی یەکەم ئێمە لەناوچە دوورەکان دامان ئەمەزراندن زۆر کەس فەسڵ کراوە لەسەر ئەوە بەڵام باوەربکەن زۆر کەس فەسڵی پێخۆش تر بوو لەوەی بچێتە ناوچەی دوور بۆ؟ چونکە ئەو توانا و موچەی مامۆستا یەک جار کەم بوو، رەنگە بەشی دووجار سەفەری نەدەکرد، لەبەر ئەوە ئەگەر ئێمە ووتمان ئیلا ئەوە ئەکەین بێ ئەوەی هەوڵ بدەین شتێکی بدەینێ رەنگە تێدا سەرکەوتوو نەبین، بەڵام ئێمە هەردوولا هەوڵدەین بەڵکو پێکەوە بتوانین ناوچە دوورەکان بەتایبەتی ناوچەی سنووریەکان لەوێش میلاکات هەتا رادەیەک زەبت بکەین، وە من ناڵێم کەمی میلاک نەماوە لەزۆر جێگا هەر ماوە لە ئاکرێ هەر ماوە تا ئێستا میلاکات زۆر کەمە، هەوڵماندااوە ئەوەی ساڵەکانی پێشی نەهاتوونە بینە مامۆستا ئێمە ئەیانگەرێنینەوە ئەگەر بچنە ئاکرێ، ئەوەی فەسڵ بووە ئەگەر بێتەوە بچێتە ئاکرێ ئێمە دووبارە دەیگەرێنینەوە، لەو دامەزراندنەی نوێ هەوڵ ئەدەین هەندێ ئغرائاتی دیاری کراوی بدەینێ بچێتە ئاکرێ تا ئێستا ئێمە ئەمساڵە توانیمانە(٦٠)

ماموستاو مدرس دابین بکەین، ئێستا ئەوەمان کردووە، هەوڵدانی ئێمە هەر بەردەوامە کە هەندێ میلاکاتی دیاری کراو لەهەندێ ناوچەی دیاری کراو زیاد بکەین بەڵام دیسان باوەر بکەن هەر کەمە وە پێویستیمان زیاتر بە ئیمکانیاتە،چاکردنی باری گوزەرانی ماموستا دەورێکی یەکجار گەورە ئەبینی، دەبینین ماموستا کە وانە ئەڵێتەوە سەیری سەعاتی خۆی ئەکات، کەی زوو تەواو ئەبی بەڵکو بچێ ئیشێکی تر بکات، موچەکەی رەنگە بەش نەکات، لەبەر ئەوە ئەگەر بمانەوێت رێژەی سەرکەوتن بەرەو پێش بچێت میلاکات زەبت ببێت ئێمە دەبی سەیری لایەنی مادی ماموستا بکەین وە ئەمە زۆر گرنگە لایەنی مادیش بە هەندێ شتی دیاری کراوەوە پەیوەستە وەزارەتی دارایی هەیە ئیمکانیاتی خۆی هەیە، ئەیەوێت تواناکەی لەسەر ئەو کەرتانە هەمووی و لەسەر هەموو وەزارەتەکان دابەش بکات ئەوەی بەدەستی ئێمە ئەکەوێ ئەوەیە، باوەریش ناکەم لە غەیری ئێمە بۆکەس ئەوها باش بن، وەکو ئەڵێن بۆ خودا بڵێن زۆر جار بۆ ئێمە سەخاوەتیان زیاتر بووەتا بۆ خەڵکی تر نە لەبەر ئێمە چونکە کەرتی ئێمە یان پەروەردە پێویستی بە ئەمە هەیە، بەڵام ئەمەش مەحدودە ئێوە هەموو ئەزانن پار لێرە بودچەی پەروەردە بە (چوار سەدو پەنجا و نۆ ملیۆن )بریاری لەسەر درا، هەوڵمانداوە لەسەر ئەو پیلانەی(خطە)کە هەیە لەو بودجەی کە هەیە لەسەر ئەوتوانایەی کە بۆ ئێمە دێت هەوڵ بدەین باری ژیانی ماموستا باش بکەین، بەڵام مووچەی ماموستاو دەرماڵەی ماموستا کە هی موحازەراتە، ئێمە ئەوەی هەیە درێخیمان نەکردووە وە زیادیش بووە بەرێژەیی ٥٠ ٪ ،ئەوەی لێرە کە پەرلەمان رەزامەندی لەسەر کردووە ئەمە هەموو لەماوەی کابینەی سێیەم کراوە، ئەم زیاد بوونە دیسان هەرکەمە، دیسان ئاستی توانای ماموستا کەمە بەبۆ چوونی ئێمە ئەگەر ئێمە چارەسەری ئەم بارە بکەین ئەتوانین زۆر شت بکەین دەربارەی پەروەردە وە گۆرانکاری زۆر گرنگ بێن لەو لایەنە وە ئەمە پێویستە لەسەر ئێمەش لەسەر ئێوەش وەک پەرلەمان کە بەرگری لە ئەوە بکەین، بۆ میزانیەی داهاتوو زیاتر بکرێت هەوڵ بدەین کوزەرانی ماموستا باشتر بێ بۆ ئەوەی فیعلەن لایەنی پەروەردە بەرەو پێشەوە بچێت وە بتوانین خزمەتی ئەم میللەتە بکەین، ئێمە تا ئێستا بەرنامەی کار(جدول عمل)یەکێک لەو خاڵانەی کە ئەڵێ رێژەی سەرکەوتن ئێمە تا ئێستا دوو کۆنفراسی مەرکەزیمان کردووە وە چوار کۆنفراسی مەحلیمان کردووە کۆنفراس بۆ ئەوەیە کەکرداری پەروەردە تە قیم بکرێ لە کۆن هەتا ئێستا هاتووە وە پیلانەک(خطە) دانێی بۆ دوا رۆژ(مستقبل) بەبۆ چوونی من ئەوە هەیە وە هەر برادەرێک داوای کرد بێ یان هاتبی رەنگە شاراوە نەبێت وە ئێمە زۆر خاڵمان هەیە وە ئەو خاڵانەش کە پێویستێ ئێمە تەحویلمان کردیە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەوەی موافەقەتی لەسەر بکەن وە لەسەر ئەو پیلانە(خطە) برۆن وە ئێمە هەوڵمانداوە بەگوێرەی توانا ئەوە ببێتە بەرنامەی کار بۆ ئێمە و، ئاخر کۆنفراسی مانگی هەشت بوو وە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانیش ئامادە بوو، ئێمە خاڵی زۆرمان لەوێ هەیە، کە لەداهاتوودا لەسەری بچن، چ لەلایەنی چالاکی قوتابخانە چ لەلایەنی میلاکات، چ لەلایەنی دەرماڵەی ماموستا، چ لەلایەنی وانەبێژی(محاضرات) ئێمە

دیراسەتێکمان کردووە، کە لەناو کوراسەی کۆنفراسدا هەیەو، زۆربەشی ئەنجوومەنی وەزیران پەسەندی کردووەو ڕەزامەندی لەسەر کردووە.

بەڕای من چونکە پەروەردە کەرتێکی گەورەیە چ لەڕووی قوتابیان چ لەڕووی قوتابخانەکان ئێمە گوتمان ئەگەر هەوڵ نەدەین کار دابەش بکەین، یان بەلای کەمی بیانکەینە چەند بەڕێوەبەرایەتی دیاریکراو ڕەنگە نەتوانین کۆنترۆڵی هەموویان بکەین، لەبەرئەوە چەندەها بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەییمان دانا لە(شەقلاوە، دیانە، ئاکرێ، زاخۆ)و، ئەمساڵیش لە مێرگەسوور بەڕێوەبەرایەتیەکی تریشمان کردەوە ئەمیش بۆ ئەوەی کە بەڕێوەبەرایەتیەکی پسپۆری ڕێکوپێک و شارەزا لەگەڵ هەندێ سەرپەرشتیار لەو ناوچەیە بمێننەوەو بە بەردەوامی دیراسەتی ئەم ناوچەیە بکەن، چاودێری میلاکات ئیشوکاری پەروەردە لە سنووری ئەم ناوچەیە بکەن. یەکەم جار کە ئەوەمان کرد بەڕاستی زۆر جێگای گفتوگۆ بوو زۆر کەس گوتیان پێویست نییە، بەڵام ئێمە وەکو تاقیکردنەوە کردمان و، هەتا (ڕەدی ئەم صلاحیەتە نەبێ کە ئێمە نەمان ویست زیاتر بێت)، بەڵام ئەمساڵ ئێمە دەسەڵاتی ئەوانیشمان زیاد کردو، ئەوەش مەوجودن و، دوا کاغەزیشمان بۆ ئەوان نووسیوە کە ئەوان دەسەڵاتیان دابەش بووە لەسەر هەموو بەڕێوەبەرایەتییەکان کە ئەوان دەسەڵاتیان زیاتر بووە، چونکە سەرکەوتنیان بەدەست هێناو بەرای ئێمە شتێکی باش بوو چ لەڕووی دابەش کردنی کار چ لەڕووی دابەشکردنی هەندێ ناوچەی دیاریکراو پەیوەندییەکی دیاریکراویش هەیە بەڕای ئێمە شتەکی باش بوو و، ئێمە ئەوەشمان کردووە، چونکە خالێک هاتووە دەڵێ دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتییەکان کەمە، بە پێچەوانەوە ئێمە پێش مانگێک کۆبوونەوەیەکمان کرد دەسەڵاتەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەمان زیاد کرد.

ئەوەی پەیوەستە بەلایەنی هەڵسەنگاندنی پرۆسەی پەروەردەیی تەنیا هەندێ تێبینی ماوە ئەوەی تر هەمووی ڕێکوپێک بوو و، ئێمە کۆکین لەگەڵی و زۆر ڕاستەو، ئەم تێبینیانەش دروستن، بەڵام من بۆ خۆم گوتم باشە ئەگەر ئێمەش ڕوونکردنەوەی خۆمان بدەین لەسەری کە چۆن بووەو چۆن نەبووەو خاڵەکە هەر ئەوەبوو نەکەم و نەزۆر.

خاڵی چالاکی، من سوپاسی برادەران دەکەم بەڕاستی زۆر بەڕێکوپێکی خستیانەڕوو و، من زیادکردنم نییە لەسەر ئەوەی ئەوان نووسیویانە بە ژمارەکانەوە، منیش ئەگەر ڕاپۆرتێکم بنووسیبا هەر هەمان شتم دەنووسی واتا هەر هەمان ژمارەم دەهێنا ئێرە، لەبەر ئەوە من بە پێویستی نازانم جارێکی تر ئەو قسانە دووبارە بکەمەوە جگە لە هەندێ خاڵی زۆر کەم ئەویش لەوانەی ڕاپۆرت هاتووە لەوەی ئێوە ڕاستکراوەتەوە، لە ڕاپۆرتە کۆنەکەی ئێوە هەندێ هەڵە هەبوون من لەلای خۆم تۆمارم کرد، بەڵام ئێوە ئەم دووەتان چاکتان کردۆتەوە لەلایەنی داراییەوە (مالی) لەبەر ئەوە من نالێ، بەڵام تەنیا یەک شت هەیە پلانی ساڵانە سێ سەد ملیۆنە، سەدو پەنجا ملیۆن نییە...

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر زەحمەت نەبێ دکتۆر خالی چەند بوو؟

**بەڕێز د.جەرجیس حەسەن/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(موازنة الخطة السنوية المذكورة في التقرير......)، ئەڵێ سەدوپەنجا ملیۆن، بەڵام ڕاستییەکە سێ سەد ملیۆنە، (بموجب موازنة وزارة المالية). وابزانم باسی بوودجەی نەکرد، بوودجەی ئێمە(٤٥٩)ملیۆنە، یانی وەکو ئەوە نییە کە لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە(٦٧٧)ملیۆنە بەڵکو (٤٥٩)ملیۆنە.

سەبارەت بە چاپ کردنی کتێب کە دیسان لێرەدا نووسیبوتان(لطبع كتب الف، باء و الرياضيات)«٧٥»هەزار کتاب بە بڕی چوار ملیۆن و نۆسەد، ئێوە لەوێ واتان نووسیبوو، بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە(مجمل مصروفات المطبعة) ئەوەندەیە نەک تەنیا بۆ (٧٥)هەزار کتێب.

ڕێژەی سەرکەوتن(نسبة النجاح) ئێوە گوتتان زیاد کرا، ئەو ژمارە لای من و ئێوەش هەیە ڕێژەی سەرکەوتنی خولی دووەم کۆکیشێن لەسەر ئەوە.

(الكتب المنهجية) ئەوەی بۆ ئێمە دێت بە ڕێگای ڕێکخراوەکان(٥١٨) هەزارە بە کتێبە لادراوەکانیشەوە(من ضمنها الكتب الملغية) نەک دوو ملیۆن و هەندەک ئەوەی لەوێ بۆ ئێمە دێت.

من تەنیا ئەم چەند خاڵەم هەبوو وەکی دی من سەد لەسەد لەگەڵ برادەرانم بۆ دەستکەوت و شتانەی کە خۆیان نووسیان من سوپاسیان دەکەم بە ڕاستی زۆر بە ڕێکوپێکی نووسیویانەو، منیش نووسیبام هەر ئەوەم دەنووسی و، هەر ئەوەم دەگوت، بەڕاستیش ئێمە حەز دەکەین زیاتر لەیەک نزیک ببینەوە، چونکە وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتێکی دیاریکراو مرۆڤ هەتا ئەگەر کۆمپیوتەریش بێت هەتا نەنووسیت بەدوورو درێژی ناتوانێت هەموو شت بڵێت، بەڵام ئێمە ئەگەر نێزیک بین ومن هەر چەند ئاگەدار بم، بەڵام دیسان بەڕێوەبەری گشتییەک کە پسپۆری کارکی دیاریکراوە ڕەنگە لەمن زیاتر ئاگەدار بێت لەوانەیە ڕوونکردنەوەو شیکردنەوەی ئەو تەواوتر بێت بۆ ئێوە وەکو لیژنەکە لەمن، لەبەر ئەوە حەزدەکەم ئەودانووستاندنە هەبێت و، برادەرانی کە بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتن هەریەک پسپۆری لەبواری خۆیدا هەیە ئەوانیش دابنیشن بۆ ئەوەی زیاتر ڕوونکردنەوەو شیکردنەوە بدەن و، من زۆر سوپاسی ئێوە دەکەم و، هەرکەسێکیش پرسیارێکی هەبێت و، شتێکی دیاریکراویشی هەبێ ئەوەی بەمن بکرێت تەنیا ژمارە نەبن هەوڵ دەدەم وەڵامی بدەمەوە، ئەگەر ئێمە شتێکمان لە بیرچووە ئەوە دەتوانین وەڵامی بدەینەوە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری پەروەردە بۆ ئەو ڕوونکردنەوەیەو موداخەلەیە کە بە تێروتەسەلی بابەتەکانی گرتەوە، ئێستاش دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە، با ئەو برادەرانەی کە دەیانەوێ قسە بکەن ناونووسیان بکەین. تکایە دەستتان بەرز بکەنەوە تا بتان بینین.

**بەڕێز د. جەرجیس حەسەن/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من یەک خاڵم هەیە کە پرسیار لەمن دەکرێت یەکسەر وەڵام بدەمەوە باشترە لەوەی تێکەڵ ببێت، یانی یەک یەک بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە، تکایە زیاتر دەستتان بەرز بکەنەوە، فەرموو د. ناسح.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشەکی زۆر سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری پەروەردە بۆ ئەو روونکردنەوەو وەڵامدانەوەی یەکە یەکەی خاڵەکانی راپۆرتی لیژنەکەمان دەربارەی کاروباری پەروەردە، وەڵامدانەوەیەکی تێروتەسەل بوو هەروەها بە پێویستی دەزانم سوپاسێکی بێ پایانی سەرۆکایەتی و ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران بکەم کە لە ماوەی کابینەی سێیەم بایەخێکی باش و گرنگ ئەدرێ بە پەروەردەو، لەناو ئەوانیش وەزیری دارایی کە وەکو جەنابی وەزیری پەروەردە ئاماژەی بۆ کرد هاوکارێکی باشە بۆ یارمەتیدانی وەزارەتی پەروەردە، چارەسەرکردنی کێشەکانیان بەرەو پێشچوونی پرۆسەی پەروەردە ئەمانە هەمووی جێی دڵخۆشکەری ئێمەن کە کابینەی سێیەم ئەم بایەخە گرنگە بە پەروەردە ئەدات هیوادارین ئەم بایەخدانە هەر بەردەوام بێت لەگەڵ ئەوەشدا لە راپۆرتەکەمان کۆمەڵێک تێبینی هەبوو من نامەوێ یەکە یەکە بگەڕێمەوە سەر خاڵەکانی راپۆرتەکە، بەڵام سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی بەشداربوون لە خولی یەکەم سەبارەت بە شەشی ئامادەییەوە بەراستی پێویستە چارەسەریەکی وا بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی قوتابیانی ئێمە ئامادەبن لە خولی یەکەمدا ئەمەش بە پرۆسەی ئێمە دانیشتنێکمان لەگەڵ جەنابی وەزیرو برایانی دیوانی وەزارەتی پەروەردە کرد هیوادارین ئەم جۆرە دانیشتنانە زیاتر بێت بۆ ئەوەی بتوانین بە هەموومان چارەسەرێک بۆ ئەم کێشەیە بدۆزینەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دکتۆر بێ زەحمەت پرسیارەکە بە دیاریکراوی چییە؟ چونکە پرسیار زۆرە.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پرسیارم نییە تەنیا تێبینیم هەیە، بۆ ئەوەی ئێمە قوتابی هان بدەین، هەنگاوێکی باش نرا هەرچەندە درەنگ راگەیاندرا ئەو (١٥) نمرەیە کە بدرێت بەو قوتابیانەی کە خوولی یەکەمدا بەشداری دەکەن ئەمە خۆی لە خۆیدا یەکێکە لە هەنگاوە پیرۆزەکان، بەڵام بەداخەوە درەنگ راگەیەنرا.

دووەم: بایەخدان بە گوندە دوورەکان و، ناوچە دوورەکان بەراستی ئەمە ئەرکی سەرشانی هەموومانە ئەگەر بێتو ئێمە ئەو ناوچانە پشتگوێ بخەین مانای وایە ئێمە ناوچەیەکی زۆر لە

کوردستانی عێراق، کوردستانی ئازادکراو بێ بەش دەکەین لە پەروەردەو خوێندن و، چینێکی زۆر لەو ناوچانە نابێت، بۆیە ئێمە هەندێ هەنگاومان نا لە پێشووتر کە دەرماڵەی زیاد بدرێت، بەڵام پێویستە ئەو هەنگاوانەی کە هەیە جدی تر بدرێت و، لێپرسینەوە هەبێت بۆ ئەوانەی کە ناچن، ئەوانەی دەرچووی ساڵی یەکەمن هیچ یەکێک لەوان لەناو شارە گەورەکان یان لەناو قەزاکاندا دانەمەزرێن بچنە ئەوێ بەرای من ئەوە چارەسەرێکی باش دەبێت.

سێیەم: وانەی ئینگلیزی و فیزیا لەگەڵ بیرکاری، ئێمە گیروگرفتێکی زۆر گەورەمان هەیە لەگەڵ ئەم وانانە، من نازانم چۆن چارەسەر بکرێت لەوانەیە تۆزێک زەحمەت بێت، بەڵام لەوانەیە یەکێک لەو رێگایانە ئەوە بێت کە بروانامە بەو کەسە نەدرێت (بەتایبەتی دەرچووانی پەروەردە) ئەگەر بێتو دانەمەزرێت لە وەزارەتی پەروەردە چونکە کۆلیژی پەروەردە بۆ ئەوە دامەزراوە کە مامۆستا پێبگەیەنێ، بەڵام بەداخەوە دەرچووانی کۆلیژی پەروەردە زمانی ئینگلیزی، یان فیزیا، یان بیرکاری، دانامەزرێن، کە پێویستە ئەمانە دابمەزرێن، بۆیە بەرای من پێش هەموو شتێک بروانامە بەوانە نەدرێت تاوەکو دادەمەزرێن، بەڵام دەبێ هاندانیش هەبێت تەنها بەوە نابێت فشاریان بخرێتە سەر، بەڵکو دەبێت هاندانیش هەبێت وەکو دەرماڵە.

دەربارەی خوێندنی زاراوەی کرمانجی منیش وای بۆ دەچم ئەگەر بهاتبایە کۆبوونەوەیەکی فراوانتر بکرابایە لەسەر ئەو کێشەیە چونکە بەراستی ئەوە کێشەیەکی ژیانییە بۆ ئەو ناوچەیە، بەڵام من لەگەڵ ئەوەشدا بڕوا ناکەم هەنگاوێکی خراپ بێت مادام بە زمانی زگماکی دایکی خۆیان دەخوێنن بەتایبەتی (یەک و، دوو، سێ، چوار) زیاتر نییە، بەرای من ئەوە هیچ نەبێت بۆ ئەمڕۆ هەنگاوێکی کاریگەرە، بەڵام بە تەئکید لەگەڵ کۆڕی زانیاری کورددا ئەبێ ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت، چونکە ئەگەر چارەسەر نەکرێت لەوانەیە ئێمە هانی ئەوە بدەین دوو شێوە زمان لە کوردستانی عێراقدا ببێتە رەسمی ئینجا ئەوە باشە یان باش نییە؟ ئەوە بۆ زمانەوان دەمێنێتەوە من ناتوانم بە تەنها رای لەسەر بدەم.

کرێی وانەبێژی بەداخەوە تاکو ئێستا وەکو پێویست نەدراوە، یان نابێت وانەبێژ هەبێت یان کە وانەبێژ هەبێت پێویستە کرێیەکەی بدرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە باسکراوە دکتۆر، لەراپۆرتی دووەمیش وەڵامدراوەتەوە.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کێشەیەکی ترمان هەیە، ئەویش کێشەی رێکخستنی میلاکە، رێکخستنی میلاک لەگەڵ رێزمدا بۆ جەنابی وەزیر، بەڵام تاکو ئێستا رێکخستنی میلاک وەکو پێویست نییە، بۆ نموونە هەر لەناو خودی شاری هەولێر مامۆستا هەیە لەناوەندی شار لەهەفتەیەکدا(١٥)وانە دەڵێتەوە، یان(١٤) وانە دەڵێتەوە، مامۆستاش هەیە هەر لەناو شار بەڵام لەدەوروبەرەکەی بڵێین گەڕەکانی دەوری

شار (٢٤) وانە دەڵێتەوە ئەمە هەر خۆی (غبنە) لە جیاتی ئەوەی پشتگیری مامۆستاکانی دەوری شار بکرێت وانەکانیان کەم بکرێتەوە بە پێچەوانەوە هانی ئەوانەی تر ئەدرێت یانی ئەمە کەلێنێکە پێویستە چارەسەر بکرێت، هەروەها مەبەستمان لەمیلاک بۆ دەرەوەشە.

میلاکێکی تریش هەیە ئەویش میلاکی خودی دیوانی وەزارەتە لەگەڵ رێزمدا بۆ ئەو بەڕێوەبەرە گشتییانە و بۆ ئەو بەڕێوەبەرانەی کە هەن لەگەڵ خودی جەنابی وەزیریشدا ئەم کێشەیەمان باس کرد بەراستی هەقی وایە ئەو کەسانەی کە بەڕێوەبەرن پسپۆڕ بن لەکاروباری خۆیان، چونکە وەزیر پلەو پایەکی سیاسیە، بەڵام لەوەزیر بەخوارەوە هەر هەمووی دەبێ (تکنۆقرات) بن گوناهە یەکێک پسپۆڕ نەبێ لەبوارێکی دیاریکراودا تۆ بیکەیت بە بەڕێوەبەری گشتی ئەو کەلێنە لەوەزارەتی پەروەردەدا هەیە، لەگەڵ خودی جەنابی وەزیر باسمان کردووەو، بڕواش دەکەم ئەویش موقنیع بوو بە پێشنیارەکانی ئێمە هیواداریین لە ئاییندەیەکی نزیکدا بتوانرێ چارەسەر بکرێت.

کێشەی بڕوانامەکانمان هەیە ئەمە بەراستی کێشەی خودی وەزارەتی پەروەردە نییە من حەز دەکەم ئەم گوناهە یان کێشەیە تەنها رووبەرووی وەزارەتی پەروەردە نەکرێت، بەڵام ئەمە کێشەیەکی هەموو میللەتەکەی ئێمەیە، ئەمە کێشەی ئاییندەی ئێمەیە، ئێمە ئێستا کۆمەڵێک خەڵکمان هەیە نەک تەنیا لەئێران بەڵکو لە ئەورووپاش دەخوێنن سبەی بڕوانامەیەکی ساختە دێنێتەوە لە ئەورووپا گوایە شەشی دواناوەندی تەواو کردووە دەیەوێ بێت لەکۆلیژی پزیشکی بخوێنێت دەبێ لیژنەیەکی هەڵسەنگاندن هەبێ، کاتی خۆیشی وابزانم بە راپۆرتێکی دووردرێژ وەڵامی ئەوەمان داوەتەوە کە پێویستە لیژنەیەک دروست بکرێت (نازانم ئەو راپۆرتە گەیشتۆتە دەستی جەنابی وەزیر؟) من ئێستاش هەر پشتگیری ئەو راپۆرتەی پێشومان دەکەم کە ئەوە بکرێت بەناوی لیژنەی خوێندنی باڵاو پەروەردە، کاتی خۆی، من ئەو تێبینیانەم هەبوو هیوادارم رەچاو بکرێن، زۆر سوپاس بۆ جەنابی وەزیرو بۆ ئێوەش کە بوارتان بە من دا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس دکتۆر، بەڕێز وەزیری پەروەردە فەرموو.

**بەڕێز د. جەرجیس حەسەن/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە سوپاسی بەڕێز د.ناسح دەکەین بۆ ئەو پرسیارو پێشنیارانەی. سەبارەت بەناوچە دوورەکان، ئێمە سەدا سەد لەگەڵ تۆداین، پێویستە هەوڵ بدەین چارەسەری بکەین، هەوڵیشمان داوە بەڵام هێشتا کەموکوڕی زۆرە، بەڕای ئێمەش چارەسەرکردنی بە دوو لایەن دەکرێت:

یەکەم: ئەوانەی نوێ دەردەچن دابمەزرێن.

دووەم: هەوڵ بدەین لەخول وپەیمانگاکان زۆربەی ئەوانەی لەناوچە دوورەکانن وەربگیرێن.

ئێمە تا ئێستا بوارمان بەکەس نەداوە ناڵێم تەنیا تاکە کەسێک بێت، ئەگەر ئەوانەی لە

پەیمانگاکانی پێگەیاندن و پەیمانگاکانی تر وەربگیرێن ڕێژەی زۆری هی ناوچە دوورەکانن، ئێمە ئەوەمان کردووە. چونکە ئێمە دەمانەوێ خەڵکی خود ی ناوچەکە ببنە مامۆستا لەناوچەی خۆیان وانە بڵێنەوە ئەمە لە لایەک، لەلایەکی ترەوە ئەوەی دادەمەزرێت یەکەمجار لەناوچە دوورەکان دادەمەزرێ، ئینجا من ناڵێم یەکێک دامەزراوە بەواستەی ئەمەو ئەوەو، سەرەوەو بنەوە، خۆی لە سنوور گواستۆتەوە بۆ هەولێر ئەوە هەیە، ئەوە لەهەموو دەزگاکانیشدا هەیە لەهەموو حکومەتیشدا هەیە، لەهەموو دونیاشدا هەیە ئەم واستەو واستەکارییە، بەڵام ئێمە هەوڵمانداوە کە بەلای کەمی کەم بێتەوەو، بەلای کەمی ڕێنماییانە جێبەجێ بکرێن، بەرای من ئەوەی هەرە گرنگە لایەنی مادییە کە مامۆستا بتوانێت هیچ لاری نەبێت کە لەناوچە دوورەکان بمێنێت ئەویش بەدابین کردنییەتی، ئەو لایەنەش دابین دەکرێت بە زیاد کردنی دەرماڵەیەکی دیاریکراو بۆیان، یان مووچەی مامۆستا بەشێوەیەکی گشتیی، یانی بەشێوەیەکی وا بێت کە ئەوەی بچێتە ئەوێ هەتا ئەگەر ماڵ و منیداڵیشی لێرە بێت بیری مشەوەش نەبێت کە منداڵەکانی برسینە لە هەولێر، ئەمە ئێمەش لەگەڵین و هەوڵیش ئەدەین و داوا لە ئێوەش دەکەم وەکو لیژنە و وەکو پەرلەمان هاریکاری ئێمە بکەن بۆ ئەوەی بەکردەوە ئەم داواکارییە جێبەجێ بکەین.

سەبارەت بە هەردوو وانەی ئینگلیزی و بیرکاری هەر لەیەکەم جار کە هاتین هەوڵمانداوە کە قوتابی زیاد وەربگیرێن بەڵام ئەمە چوار ساڵی دەوێت، هەروەها هەوڵیشمان داوە کە بەهیچ جۆرێک مۆڵەتی بێ مووچە بە مامۆستایانی ئینگلیزی وبیرکاری نەدرێت ئەوەشمان کردووە، ئێ تۆش ناتوانی بچی بە یەکێک بڵێی کە ئینگلیزی نازانێ بڵێی وەرە ئینگلیزی بڵێوە ئەوەش ناکرێ، یان مامۆستایەکی سەرەتایی بێنیت لە بیرکاری نازانێت پێی بڵێی وەرە بیرکاری بڵێوە ئەمە زۆ زەحمەتەو ئاستی خوێندیش دێنێتە خوارەوە، لەبەر ئەوە ئێمە دوو شتمان کردووە:

یەکەم: میلاکاتی ئینگلیزی دابەش بکرێت، دوو مامۆستای ئینگلیزی لەوێ نەبێت، دووەم وانەبێژ سێیەم داوامان لە ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا کرد کە ئینگلیزی زیاد بکرێ. ئێمە پێویستە تەنیا دەرچووانی کۆلیژی پەروەردە دابمەزرێنین، بەڵام ئێمە بۆ وانە ئینگلیزی وبیرکاری دەرچووانی ئادابیش وەردەگرین دەرچووانی کۆلیژیی زانستیش وەردەگرین هەروەها دەرچووانی کۆلیژی تریش وەردەگرین بۆ ئەوەی بۆشایی خۆمان پڕ بکەینەوە، هەر چەند ئەمە بە پێچەوانەی ڕێنماییەکانە چونکە ئەمانە دەرچووی پەروەردە نین، بەڵام ئەمە دیسان هەوڵێکە بۆ پڕ کردنەوەی ئەم ناتەواوییە کە ئێمە لەم بارەیەوە هەمانە، ئەوەی کە بە ئێمە کراوەو هەوڵیشمان بۆ داوە ئەمەیە.

دەربارەی شێوەزاری کوردی ڕاستە ئێمەش لەگەڵ ئەوەین دەبێت هەوڵ بدەین کە کورد زمانێکی یەکگرتووی هەبێت و، ئەوەش ئەنجوومەنی خوێندنی باڵاو کۆڕی زانیاری دەوێت ئەمە بۆ دوا ڕۆژ

کـاری ئەوانە دەبێت چارەسـەری بکەن، بەڵام ئەوەی کـە ئێـمـە کـردوومـانە کـە وەڵامی هەندێ داواکـاریـیـە تـاکـو پۆلی چوارە و، ئەمــەش لەدوای دیراسـەتێکی زۆر دورودرێژ لە رووی ئەو کێشانەی کە هەنە لەوێ و، داواکاری ئەوان کە پێویستە بەزاراوەی خۆیان بخوێنن. ئەم یەکگرتنە بۆ داهاتوو ئیشی پسپۆڕەکانە، کە چۆنە ئایا تێکەڵ دەبێت؟، یانیش شێوەزارێک دەسەپێت، ئەمە ئیشێکی دوورو درێژە وبەراستی ئەمن نەتۆ نە کەس ناتوانین لەم دانیشتنە بڕیاری لەسەر بدەین.
پارەی وانەبێژ هیچ نەماوە، ئێمە هەموومان داوە راستە پێش مانگێک مابوو، بەڵام باوەڕ بکە وەزارەتی دارایی هیچ کەمتەرخەمی نییە ئێمە لەوانەیە وەکو پەروەردەی هەولێر کەمتەرخەم بین، هی دهۆک هیچ نەماوە، بە بەردەوامی دراوە، پەروەردەی هەولێر زوو لیستەکانی خۆیان ناکەن و، ئێمەش چەند جار تەئکیدمان کرد هەتا لیستـەکانی خۆیان پێشکەش کرد، ئەگینا ئەوە بڕیاری ئێـمـەیە و، وەزارەتی داراییش هاریکاری ئێـمـە دەکـات بۆ ئەوەی بە کـردەوە پارەی وانەبێژی بە بەردەوامی بدەین و، دوای نەخەین و، ئێستاش هیچ نەماوە.
سەبارەت بە بڕوانامەکان ئێمە لیژنەمان هەیە، لیژنەش بە سەرۆکایەتی وەکیلی وەزارەت دانراوە، ئەو سـەرۆکایەتی لیژنەی بڕوانامـەکـان دەکـات و وردەکاری(تدقیق) دەکات و، پێش منیش ئەو شتـە هەروا دەکرا ئێمـەش لەسـەری رۆیشتین، ئەو بڕوانامـانەی کە بۆ ئێـمـە دەهات بەتایبـەتی ئەوانەی لە دەرەوەی وڵات، بۆ نموونە لە ئێـران لە لقی حزبی دەهات، دەهـاتە ئاسـاییش، دەهـاتە لیژنەی یەکێتی قوتابیان، دەهاتە مەکتەبی سیاسی، دەهاتە ئەنجوومەنی وەزیران، ئینجا بۆ ئێمە دەهات ئەگەر ئەو هەموو تەئیدەی پێوە بێت، ئێمەش ئەگەر هیچ تێبینییەکمان لەسەر نووسینەکە نەبێت، یان گۆڕانکارییـەک نەبێت ئەوا لیژنە گـوناهبار نییـە، ئەگەر لە دوارۆژ هەندێ زانیاری لەولاو لەولا هاتبێت ئێمە ئاگاداری لیژنەی وەرگرتنمان کردووە کە لە دوای ئەمە بۆ ئێمە هەندێ زانیاری هاتووە لەسەر ئەم بڕوانامانە تکایە لیژنەیەک دابنێن بۆ ئەوەی چارەسەری بکەین راستە یان نا؟ ئێمە ئەوەشمان کردووە و هەیەو، سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدینیش باش ئەوە دەزانێ کە ئێمە ئەو شتەمان کردووە.
دەربارەی میلاکی وەزارەت کاک دکتۆر، هەڵسـەنگاندنی کەسێک تا کەسێکی تر رەنگە جیاواز بێت، من و تۆ هەردووکمان مامۆستایەک هەڵبسەنگێنین رەنگە هەڵسەنگاندەکەمان جیاواز بێت، من بڵێم مرۆڤیکی وایەو وایە لە هەندێ لایەنی دیاریکراو کە لای من زۆر گرنگە، رەنگە لەلای تۆ لەهەندێ لایەنی تر گرنگە تۆ ئەو بەشێوەیەکی تر هەڵدەسەنگێنی، ئێمە کاتێ کە بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەتمان هەڵبژارد، کە بەشێوەیەکی کاتی ئامادەبن و بەڕێوەبەری گشتی نەبن، بەڵام مەوجود بن لە بارودۆخێک وجێگایەک وکاتێکی دیاریکراو. ئێمە کە هاتین من وەکو

شەخص کە هیچ هەڵەیەکی لێ نەبینم یاخود نەگەمە قەناعەتێک کە ئەمە هەڵەی کردووە بۆچی نەیچەسپێنم؟، بەڵام هەر کاتێک ببینم کە ئەمە جێگای ئەو نییە یان شتێکی دیاریکراو هاتووە بە رای خۆم دەیکەم، وەزیرێکی تر بێت لەوانەیە کە ئیشی خۆیان بەرێک وپێکی دەکەن ئەوە هەتا ئەمڕۆ بیرورای منە، ومن لەو باوەڕەدام بەیانی لەوانەیە گۆڕانکاری بێت، یان من بچم یەکێکی تر بێت، لەوانەیە دیسان تەقیمەکە بگۆڕێ، لەبەر ئەوە ئێمە داوامان کردووە و وا ئەبینم دەکەم هەر ئەوە بێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، شێخ عەفان کەرەم بکە،یەک تێبینی هەیە بۆ برادەران تەنیا بابەتەکە باس بکەن و تێبینیەکیان هەیە لەسەر ئەم بابەتە داخلی بابەتەکە بن بۆ ئەوەی بوار بدەین بە برادەرانی تر، چونکە ناوێکی زۆرمان لایە، زۆر کەس ئەیەوێ لەسەر ئەم بابەتە قسە بکات بۆ ئەوەی بە کورتی یەکسەر بچینە ناو بابەتەکەوە، فەرموو کاک شێخ.

**بەڕێز شێخ عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاسی بەڕێز جەنابی وەزیری پەروەردە دەکەین، بۆ روونکردنەوەکانی لەسەر راپۆرتەکانمان، بەڵام یەک دوو تێبینیمان هەبوو حەزمان دەکرد دیسان ئاگاداری بەڕێزیان بکەین وەکو نیمچە رێنماییەک، ئەویش پاش پێشکەش کردنی راپۆرتەکەی ئێمە کۆمەڵێک هەنگاو نراوە لە وەزارەتی پەروەردە پێمان باش بوو ئەوانە جێ بەجێ بکرێن و لەوانەیە هەندێکی جێ بەجێ کراوە وەکو ئەو قوتابخانانەی کە ئێستا نیمانە لە هەندێ قوتابخانەی کە بەشێوەی تورکی دەخوێنن تورکمانەکان تێکەڵ کران ئەو تێکەڵ کردنە بە بریارێکی وەزارەتە ئێمە لامانە ئەو بریارە کە تێکەڵ کراون لە (٩) قوتابخانە بوون بە(٤) قوتابخانە لە چواری ناوەندی بوون بە دووی سانەوی، تائێستا وابزانم هەندێکیان جێ بەجێ نەکراون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یانی بریار دراوە، بەڵام جێ بەجێ نەکراوە.

**بەڕێز شێخ عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ پێم وایە جێ بەجێ نەکراوە، ئەوە بەلامانەوە واچاکە زوو چارەسەر بکرێ، چونکە قوتابی زۆرن لە قوتابخانەکان و جێگەیان نابێتەوە وەکو باسم کرد یەک پۆل (٧٦) قوتابی تیایە لە گەرەکی نەورۆز (١٤٠٦) قوتابی لەیەک قوتابخانە هەبوو، لەکاتێکدا لە قوتابخانەیەکی تورکمان (٥٦) قوتابی تیا بوو لە بینایەیەکدا، ئینجا ئەوە هەنگاوێکی زۆر پیرۆز بوو زۆر جێگای سوپاس بوو وگورج کرا واتە لەگەڵ راپۆرتەکەی ئێمە دوابەدوای ئەوە ئەمەش چارەسەر کراوە کە جێگای سوپاسە، بەڵام جێ بەجێ کردنەکەی زۆر بەلامانەوە پێویستە کە زوو جێ بەجێ

بکرێ، دووەم مەسەلەی ئەو برادەرانەمان کە لەئێران دەگەڕێنەوە ئەو قوتابییانە بەراستی تائێستا گرفتیان زۆرە، چونکە بەڕاستی کە هەندێکیان دێن بڕوانامەیان پێ نییە، رایان کردووە هاتوونە بەبێ بڕوانامە هاتوون بەبێ بەڵگەنامە گەیشتوونەتە ئێرە، ئێمە تائێستا چارەیەکی وامان بۆیان نەدۆزیوەتەوە ، بەڵام کاتی خۆی لە راپۆرتەکە پێشنیارمان کردبوو کە ئەوانەی دێنەوە خولێکی چەند رۆژیان بۆ بکرێتەوە بۆ ئەوەی فێری هەندە سیستەمی قوتابخانەکانی ئێرە ببن کە لەگەڵ ئێراندا جیاوازیان هەیە وچارەسەر بکرێن و هەمووشیان لەیەک ناوچە کۆبوونەتەوە زیاتر لەقەزای سۆرانن، ئینجا ئەمە شتێکمان بۆ بکردبان واتە تۆزێکی موراعاتیان بکرابایە چونکە ئەوانە بەزمانی فارسی خوێندویانە و ئێستا بەکوردی بخوێنن زەحمەتە، ئینجا ئەوە لەراپۆرتەکەشمان نووسیوە، هەندێ لەخاڵەکان کاک دکتۆر باسی کرد و وەڵامیش درایەوە ونامەوێ زۆر درێژەی پێ بدەم وسوپاسی جەنابی وەزیر دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک دکتۆر هەموویان بەیەکەوە وەڵام بدەوە وتێبینیەکان بنووسە، فەرموو.

**بەڕێز د. جەرجیس حەسەن/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سوپاسی کاک شێخ عەفان دەکەم ، و راست دەکات یەک لەگرفتی ئێمە ئەوەیە و ئەمساڵ دراسەتمان کرد لە کۆنفراس کە چی بکەین چونکە بینایاتمان کرد، ئەوە کە ئەو بڕیارەمان دا کە تێکەڵیان بکەین و تێکەڵ کردنەکەش بۆ ئەم لاو ئەولا نییە خوا شاهدە، تێکەڵ کردنەکە بۆ ئەوە بوو چونکە استیعابی قوتابی ناکەن و ئیقبالی ئەمجارەش دوو بەرابەرە ئیقبالی ئەمساڵە بۆ قوتابخانە پۆلی یەک دوو بەرابەرە، لەبەر ئەوە ئێمە ئەو بڕیارەمان دا و سوورین لەسەر ئەوەی کە پیادەی بکەین، رەنگە هەوڵدان لەم لاو ئەولا هەبێت، بەڵام ئێمە وەک پەروەردە سوورین لەسەر ئەوەی کە جێ بەجێی بکەین چونکە هەنگاوێکی زۆر پیرۆزە و زۆر پێویستیمان پێ هەیە و ئەبێ ببێت، ئەمە لەلایەک لەلایەکی تریش ئەوەی کە لە ئێرانەوە دێت ئێمە هەندێ خولمان کردەوە وهەوڵماندا، بەڵام دیسان هەر گرفتی ئێمەشە، هەتا ئێستا ئێمە خەتێکی روونمان نییە و ئەوە خەریکی دراسەتین لەگەڵ برادەران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک دکتۆر، کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکم هەیە سەبارەت بە مەسەلەی چاپکردنی کتێب بە شێوەی کرمانجی سەروو، کە ناوچەی دهۆک دەگرێتەوە، ئەو مەسەلە حەق نییە بەو ئاسانییە بەسەرماندا تێپەڕێ، من ناڵێم کام زمان لەکام زمان باشترە، رێزم هەیە بۆ هەموو زمانەکان، بەڵام ئەو پاساوانەی کە جەنابی وەزیر هێنایەوە دەربارەی ئەوەی کە موراعاتی ناوچەی دهۆک دەکرێت و پێم وایە شێوەزاری

کوردی زۆرن لوری هەیە فەیلی هەیە هەورامی هەیە ئیتریش زۆرە، ئەوە یەک، خالّی دووەم ئەو پاساوانە ئەگەر ئەساسی هەبێت لەزمانی عەرەبی شێوەی موسلاوی هەیە لە باشور لەناوچەی هۆرەکان لهجەی معدان هەیە و هەروەها بەدوەکان شێوەی زمانی خۆیان هەیە ئەگەر ئەوانیش بەهیچ جۆرێک کتێبیان چاپ نەکردووە رەسمی بەشێوەی وان بۆ ئەوەی موراعاتی تایبەتمەندێتی وان بکرێت، ئەوە دوو، لە خەلیجەوە تاکو موحیط کە دەکا زمانی عەرەبی تاکو ئێستا موراعات نەکرا کە بەزمانی وان بەشێوەی وان چاپ بکرێت چ لەجەزائیر زۆر هەولّدرا لە لوبنان زۆر هەولّدرا لە میسر کە بەشێوەی خۆیان بنووسن، بەلاّم هەرگیز ئەوە پەسەند نەکرا، یەکبوونی زمان یەک لە ئەرکانەکانی میللەتە، بەهیچ جۆرێک من لەگەلّ ئەو رایە نیم، کۆڕی زانیاری کوردی کە دانراوە یەک لەئەرکە هەرە بنەڕەتییەکانی یەکخستنی زمانی کوردیە، یەکبوونی زمانی کوردی نالّێم بەو هەنگاوە، بەپێچەوانەوە، ئەگەر ئێمە لە ئێستاوە هەتاکو پۆلی چواری سەرەتایی موراعاتی ئەم تێبینیە بکەین بەو شێوەیە بنووسرێت زۆر زەحمەتە چوار سالّ تۆ منالّی بەو شێوەیە فێر بکەی پاشان بلّێی وەرە سەر شێوەیەکی تر ئەوە شتێکی راستە، ئەنجامی قسەکانم ئەوەیە هەنگاوێکی راست نییە پێویستە ئەوە بکێشرێتەوە، چونکە باش دەرس نەکراوە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک سەعید یەعقوبی، هەر بۆ ئەم بابەتە ئەگەر هەر لەسەر ئەو خالّەی کە کاک سەعید باسی کرد، زۆر جار باس کراوە ئەوە جاری یەکەم نییە، مەسەلەی شێوازار لەو لایەنەی کە پەروەردە ئەو بریارەی داوە و لەسەری دەڕۆن بۆ پۆلی یەک تا چوار لەناوچەی دهۆک ئەوە جێگەی پرسیارە بەراستی واباش بوو وەزارەتی پەروەردە تەماشایەکی بکات، چونکە مەسەلەی شێوازار دوایی جێگیر دەبێت، جێگیر بوونی شێوازار دوایی گرفتی لەدوا دەبێت بەراستی، ئەو رایەی کاک سەعید یەعقوبی کە باسی کرد ئەوە پرسیارێکە و دەخولێتەوە باش بوو دراسەت بکرێت ، چونکە دوای پۆلی چوار چی دەکەن؟ دوای پێنج چی ئەکەین؟ و دوای شەش چی ئەکەین؟، ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە و ئێمە هەموومان دەزانین ئەوەی کاک سەعید باسی کرد شێواز زۆرە ئەگەر بێینەوە سەر شێوازار یان زوبانی کوردی بکەین بە دوو شێوازار سەرەکی و پاشان ئەو قوتابییەی لەدهۆک کە تا چوار خوێندی کردت بە پێنج بۆی کردت بەشەش بۆی ئامادەیی تەواو کرد پاشان چی بکات ئەگەر هات لە زانکۆی سەلاحەدین قەبولّ کرا؟، یان لەجێگایەکی تر قەبولّ کرا، بۆیە ئەمە مەسەلەیەکە پێویستی بە دراسە هەیە لەوانەیە لێرە جێگەی گفتوگۆی نییە، بریارێکە دراوە و وەزیر جێ بەجێ ی دەکات، بەلاّم باشە وەزارەتی پەروەردە لەسەر ئەوە رابوەستێ چونکە پەیوەنداری راستەوخۆیە بەم مەسەلەیە دراسەیەکی قولّی ئەم مەسەلەیە بکات، بۆ ئەوەی ئەگەر بریارێکی تریشی دا لەسەر ئەم بابەتە بریارەکە دەرس کرا بێت و هەموو لایەک بەشدار بێت باوەر ناکەم ئێمە لێرە بتوانین گفتوگۆی ئەم بابەتە بکەین و جێگەی ئەوە نییە و مەسەلەی زوبانی

کوردی بەپێی یاسا دیاری کراوە (کە ئەبێ خوێندن و موخاتەبات و نووسین لە کوردستان بەزمانی کوردی بێت) و ئەوەی هەیە کە پێی دەنووسین ئەوەی کە ئێستا لە قوتابخانەکان پێی ئەخوێنن ئەوەیە کە بڵاوە ئەوەی کە کراوە لەدهۆک هەڵاویردنێک (إستثناء)ێک بووە جەنابی وەزیر باسی بارودۆخەکەی کرد باشە ئەم بابەتە دووبارە دەرس بکرێتەوە و ئەگەر ئەو کاتە بڕیارێک درا کە بڕیارەکە رێک وپێک تر بێ لەوەی کە ئێستا ئەخولێتەوە باوەڕ دەکەم ئێستا گفتوگۆ کردنی لەگەڵ جەنابی وەزیر ئێمە بەهیچ ئەنجامێک ناگەینێ، چونکە دوودیدو بۆچون هەیە دوو شی کردنەوە هەیە، با بچینەوە سەر بابەتەکانی تر، کاک دکتۆر با چەند پرسیارێک بکرێت.

**بەڕێز د. جەرجیس حەسەن/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن کە ئەم موداخەلەی کرد زۆر راستە ئێمە رەنگە نەگەینە ئەنجامێکی تەواو ولێرە چارەسەر نەکرێ، بەڵام وەک ئێمە گەیشتینە قەناعەت وەک ئێمە گفتوگۆمان کردوە، ئەمە جیاوازە لەگەڵ عەرەب، عەرەب زمانی قورئانیان هەبوو و لەسەر ئەو دەڕۆیشتن و زۆر ئاشکرایە لێرە شتی وانییە، و هێشتا فەرز نەبووە کە لەراستیدا چۆنە، ئێمە بڕیارمان دا کە ئەم زاروکەیە تێبگەینین لە پۆلی یەک تا چوار، چونکە ئیدراکی وانییە کە تێبگات ویستمان ئەو شتەی کە ئەو دەخوێنێ تێبگات وامان کرد تاپۆلی چوار، زۆر جار ئێمە هەتاکو پۆلی پێنج هەر ئەوە دەیخوێنین ئەچین ئینگلیزی دەخوێنین و سەدەها کەس کە لوغەی ئینگلیزی دەخوێنێ و ئێستا مامۆستای زمانی ئینگلیزیە وەکو سەرۆکی پەرلەمان ووتی رەنگە ئێمە لێرە نەگەینە ئەنجام، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جارێ لەپێشەکی سوپاسی وەزارەتی پەروەردە دەکەم، چونکە زۆری کردووە، تێبینی باشی دا لەسەر راپۆرتەکەی لیژنەی پەروەردەمان ومن لەگەڵ قسەکانی ئەوم کە هاتنە سەر وەزعێکی زۆر خراپ و زۆر توانایان خەرج کرد، وابزانم ئەوەی مرۆڤی پاک بێ هەست دەکات کە توانایەکی زۆر خەرج کراوە و ئەنجامی باشیشی بەدەست هێناوە وهەروەها ئەو توێژەی کە لە وەزارەتی پەروەردەن هەست دەکەن کە دەسکەوت هەبووە وزۆر ئیشی باش کراوە لە بواری مامۆستایەتی بێت یاخود مودەریسی بێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەنیسبەت منەوە ئەوە هەوڵ و تەقەلای ئەنجوومەنی وەزیرانیش بوو هەوڵی کابینەی سێ ش بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک تێبینی هەیە پێشکەشی دەکەم هەندێکی برادەران وتیان و دوبارەی ناکەمەوە ئەوە باشە کە وەزیر خۆیشی و دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانیش موتابەعەی بکات، دوو سێ تێبینیم هەیە دەربارەی یەکێک لەو شتانە

مەسەلەی ژمارەی قوتابیەکان لە پۆلەکان. بەراستی قوتابی لە هەندێ پۆل گەلێک زۆرە و ئەوە ماندوبونێکی زۆرە بۆ مامۆستا بەتایبەتی دوای ناوەندی، ئەوە باشە ئەگەر وەزارەت بگەیەنێتە رادەیەک بۆ نموونە ٤٠ بۆ ٤٥ لە پۆلێک بێت هەتاکو مامۆستاکە بتوانێ وانەکە باش بلێتەوە، تێبینی دووەم سەبارەت بە دامەزراندن و میلاکات لەناوچە دوورەکان ئەوە زۆر گرنگە گرنگێکی تایبەتی پێ بدرێ و زیادەی دەرماڵەی پێ بدرێ وهانیش بدرێ، چونکە لەو ناوچانەن بەتایبەتی لەو بارودۆخەی کە کوردستانی تیایەتی ولەوانە هۆیەکانی گواستنەوە حسابێکی بۆ بکرێ، بەڵام لێرە یەک تێبینیم هەیە کە توێژێکی زەرەرمەند لەو قەزیەدا هەیە ئەویش ئەوەیە ئێمە لەوەختی خۆی لەپەرلەمان بریارمان دەرکرد ٢٠٠ دینار بدەین بۆ ئەو مامۆستایەی کە لەناوچەی دوور بێت و تێگەیشتم زۆر لەو توێژانە هاتنە نزیکمانەوە و کە دوای ئەوە وەزارەتی پەروەردە نازانم ئەگەر ئەنجوومەنی وەزیران بێت کردوویەتیە لەسەدا سەد ئی دەرماڵە کە ئەوە بەشێکی زۆر لە دوو سەدە بووەتە سەدوبیست و سەدوسی کە هەفتا دینار زەرەری کردووە و بەشێکیش لەوانە داوایان لێ کردوون ئەبێ پارەکەش بدەنەوە بخۆرەکان کە وەریان گرتووە، تکام وەیە ئەگەر بکرێ ئەوە چارەسەر بکرێ و زۆر باشە و وا هەست دەکەم کە وەزیر لێی تێبگات، سێ هەم بەنسبەت منەوە ئاماژە کرا بۆ ئەوانەی کە لەئێرانەوە هاتوونە کە من پشتگیری دەکەم و لەهەمان کاتیش بەراستی گرفتێکمان هەیە دەربارەی ئەوانەی دەردەکرێن لە کەرکووک و لەخانەقین و لەتوز خورماتو لەو ناوانە بەراستی ئەوانەش کێشەیەکی زۆریان هەیە کە دەردەکرێن و بروانامەیان نادرێتێ و زۆر موعاناتیان هەیە لە وەزارەتی پەروەردە کە زۆریان پێیان دەڵێن برۆن بەڵگەنامەتان بێنن لەوێ زۆریان دەرکراون وناتوانن بچن وناتوانن لە بازگەوە دەربچن، لەبەر ئەوە ئەو مەسەلەیەش ئەگەر باشە چارەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە وهەندێ موراعاتیش بکرێن، چونکە خۆیان زولم لێ کراون ، یەکێک لەو شتانەی کە داوا دەکەم مەسەلەی زمانی کەمە نەتەوایەتیەکانی ترە لەکوردستان ئینجا تورکمان و ئاشوری بێت ئەوە باشە وەزارەتی پەروەردە بە جدی زۆر بە لێکۆڵینەوەیەکی پسپۆر ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکات و هەندێ ماف هەیە بابدرێ وەک چۆن ئێمە حەق دەدەین بەخۆمان کە شێوەزاری بادینانی بۆ پۆلی چوار یان بۆ پێنج پێی بخوێندرێ، باشە بۆ حەق نەبێ بۆ سریانی کە ئێمە بریاریشمان هەیە، سەباەت بە سریانیەوە هەتاکو سەرەتایی ئێمە حەقمان داوە پێی باشە ئێستا دەرچووە و ئارەزووی هەیە کە بەردەوام بێ کە ئەوە کەمترین مافی مرۆڤە، بەڕای من ئەو مەسەلەیەش باشە بەتایبەتی لەوێندەر کۆمەڵێ قوتابی هەیە دوو سێ بریاری کۆنفراسیش هەیە، بۆ نموونە کۆنفراسی پەروەردە لە ئابی ٧٩ بریاری دەرکردووە کە بەردەوام بێ لە ناوەندی و ئامادەیی و هەروەها وەزارەتی پەروەردەش وابزانم لەکاتی خۆی لەگەڵ ئەو رایە بووە ئێستا چارەنووسی سێ سەد قوتابی کە دەرچوونە بەڕای من بۆچی بەبەلاش بڕوا؟ یانی حەقە برادەرانی وەزارەتی پەروەردە

ئەم مەسەلەیە بەجدی وەربگرن و ئەوە با نەبێتە کێشەیەک نە بەنیسبەت ئاشوریەوە نە بەنیسبەت تورکمانیەوە، بەڕای من ئێمە ئەگەر بتوانین بنەمایەک دابنێین کە زیاد لەوە نەڕوا کە زۆر جار حەق بە غەلەت شی دەکرێتەوە و زۆر تەجاوزاتیش دەکرێ با ئەوانە نەکرێت و کە بنەماو یاسامان هەبێ، تێبینی تریشم هەیە کە دەربارەی زیادەی مووچەی گشتی مامۆستایان، بەراستی ئەوانە توێژێکن موچەیان زۆر کەمە و وەزعیان خراپە و توانای ئیشی تریان نییە یانی وەک توێژەکانی تر نین لە کۆمەڵگە، باشە بیرێک بکرێتەوە بەنیسبەت ئەوانەوە کە لە نێوان زیادە گشتییەکە بێت وبڕیارمان وەرگرت کە (٢٥٠) دینارەکە بۆیان سەرف بکرێت لەبودجەی ساڵی داهاتوو یان ئەوەتانی بەڕای من بیرێک بکرێتەوە توێژینەوەیەکی تایبەت بکرێ لەو بارەیەوە و هەروەها سەبارەت بە خانەنشینەکان ئێمە کۆمەڵێک لە مودەریسین و مامۆستاو خانەنیشینمان هەیە بەراستی ئەوە ئیشیی پەرلەمانە و ئیشی حکومەتە زۆر سەر بەوەزارەتی پەروەردە نییە، بەڵام سەبارەت بە مامۆستاو مودەریس بەراستی ئەو توێژەش کە لەحکومەتی مەرکەزی زۆر زوڵمیان لێکراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک عەبدولخالق، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی لیژنەی پەروەردەو وەزیری پەروەردە توانایەکی گەورەیان خەرج کردووە بۆ میللەتی ئێمە دیاریان کردووە کە کابینەی سێی یەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان چ ئیشی کردووە لەبواری پەروەردەدا، من تەنها چەند تێبینیەکم هەیە بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری پەروەردە پێشکەشی بکەم، هیوام وایە کە لەبەر چاوبگیرێ، دەربارەی مامۆستایان زۆر هەنە باسیان لە زمانی کوردی کردووە ورسوب و دەرچوون بە گەرمی پشتیوانی دەکەین ومساوەمە نەکردن لە لەزمانی کوردی شتێکی زۆر بنەڕتییە و ئەرکێکی نیشتمان پەروەریە ئەو کەسەی کە لەزمانی کوردی دەرنەچێ پێویست ناکات بچێتە زانکۆ وزۆر بەگەرمی پشتیوانی ئەوە دەکەین و، بەڕاستی هەڵوێستێکی نیشتمانی یە و راستە لە وەزارەت، دەربارەی موفرداتی منهجی ئەگەر منهجی بخوێنن لەوانەیە لێرەدا هەست دەکەم کەم وکورتیەک هەیە بۆ کردنی پرۆگرام بەکوردی یانی زیاتر پەیوەندی هەیە بە وڵاتی ئێمە، یانی ئەگەر بێت ئێستا بابەتی وێژەیی بابەتی مێژوویی و بابەتی جوغرافیا بخوێنن مامۆستا لەوانەیە هەتاکو ئێستا تەنها وەرگێرانی ئەدەبیاتی حکومەتی ناوەندی یە زیاتر داواکارین لە وەزیری پەروەردە کە گرنگی زیاتر بدات و تاکوئێستا بێگومان زۆر گرنگی پێ دراوە وئەوەش حەوت ساڵە بڕیار لەدەستی ئێمەدایە ئەو شتەمان نەکردووە لەوانەیە هەست بە ناتەواوی بکەین ئەمڕۆکە مێژوو بخوێنین مێژووی وڵاتی عەرەبی جوغرافیا بخوێنن جوغرافیای وڵاتی

عەرەبی هیچ باسی وڵاتی ئێمەی تێدا نەبێت، ئەمە شتێکی زۆر ناخۆشە، داوا دەکەین پەروەردە زیاتر گرنگی بدات بەو بابەتە، دەربارەی قوتابخانە تورکمانیەکان لێرە بێگومان وەکو پارتییەک قسە دەکەم خاڵی دوازدەش لە پرۆگرامی پارتی جەخت لەوە دەکات کە پارتی رێزو احترام لە مافی کەمە نەتەوایەتیەکانی کوردستان دەگرێ و دەبێ زیاتر مافیان بدرێ، بەڵام دەبێ لەسەر بنەمایێکی زانستی بێت راست و دروست بێ نەکو قوتابخانەیەک هەبێ سەد کەسی تێدا بێت وقوتابخانەی تر شەش سەد حەفت سەد بێت تۆ قوتابخانەیەکی لەپێناو هەندێ بکەیەوە وبەگەرمی پشتیوانی لەهەندێ بوار دەکەم کە ئەو بڕیارە جێ بەجێ بکرێت، دووەم دوور بێت لەسیاسەت، چونکە واهەست دەکەن کە وەزارەتی پەروەردە هەندێک ئیجرائاتی وەرگرت بۆ قوتابخانە هەندێ پروپاگەندە پەیدا بوو خۆپیشاندان روویدا دژی کابینەی سێ ودژی حکومەتی ئێمە دژی پەرلەمانی ئێمە کەرێ لەزمانی ئێمە دەگرن وداوا دەکەم هەموو رێک بکەوین لەسەر زمانی خۆمان هەتاکو ئێستا بڕیاری پەرلەمان هەیە لەشەش دەرباز نەبێ ولەوانەیە هەیە دەرباز ببێ، سێیەم هەندێک قوتابخانە هەیە سیاسەتی تێکەڵاوبووە هەندێ مامۆستا کە نەقلی وێ دەبن موکافەئەی نادەنێ و هەندێ مامۆستا لایەنێکی سیاسی موکافەئەی دەداتێ و حەز دەکەین رێگە لەوەش بگیرێ، چونکە ئەو سەر بە وەزارەتی پەروەردەیە دوورە لەلایەنی سیاسی، دەربارەی بەبەتی شێوەزار بەراستی ئێمە بەناوی خەڵکی دهۆک سوپاسی وەزارەتی پەروەردە دەکەین کە ئەوەیان کردوئەو دەست پێشخەریەی وان کردیان و راستە گازاندەکی زۆریش هەیە ئێمە وەکو ئەندامی پەرلەمان خۆمان بە بەرپرسی دادەنێین ئەرکی ئێمەیە کە ئەم بابەتە باس بکەین و داواکاری هەموو ناوچەکە ئەوەیە زۆر مەمنونین کە ئەوە ببێتە دەرگایەک بۆ زیاترگرنگی دان بدرێ بە لەهجەکانی تر، چونکە ئێمە هەست دەکەین لەهجە هەیە تاکو ئێستا مردووە وئەدەبیاتی پێ نانوسرێ و داوا دەکەین لە پاشەرۆژی کۆڕی زانیاری کوردی و وەزارەتی پەروەردە دەزگای بەرپرس فعلەن ببێتە لەهجەیەکی هاوبەش هەموو تێ بگەین لە زاخۆ بۆ هەڵەبجە ببێتە یەک زمان و یەک لەهجە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باقسەکەو پرسیاری کاک محەمەد حەسەن باڵەتە تەواوکەین، ئینجا بەڕێز وەزیری پەروەردە کورتە وەڵامێکی پرسیارەکانمان بداتەوە، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاسی بەڕێز وەزیری پەروەردە دەکەین بۆ ئەم روونکردنەوانەو هەروەها سوپاسی لێژنەی پەروەردەش دەکەین، من تەنها دوو تێبینیم هەیە، یەکەم لەبارەی چاککردنەوەیە (تعمیرات)، چاکردنەوەی قوتابخانەکان، راستە چاککردنەوە کراوە، لەدهۆک(٣٢) قوتابخانە چاککراوەتەوە، بەڵام چاکردنەوی زۆر لەو قوتابخانانەی ئیسا دەکرێ لەکاتی کردنەوەی قوتابخانەکان چک

دەکرێتەوە و قوتابیانی لەخوێندن دوادەکەون، تکا دەکەم ئەگەر ئەو چاککردنەوە زووتر بکری،لەکاتی پشوو بکرێ تاکو وانەیان لەکیس نەچێ. تێبینی تریشم لەسەر چاپ کردنی کتێبە، ئیستا لەدهۆک پۆلی یەکەمی ناوەندی نەخوێندراوە بەزمانی کوردیەو، کتێبی کوردی نیە، تاکو ئێستا وانە لەپۆلی یەکی ناوەندی لەدهۆک نەکراوە، ئیمە وەکو ئەندامانی پەرلەمان ئەوە دوو سەفەرە دێینە هولێر کارمان نیە لەشەقامی قەلا هەر لەکتێبی کوردی دەگەرێن، تاکو کتێب پەیدا بکەین بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی لەدهۆک، تکام وایە وەزارەتی پەروەردە گرنگی بەم خالە بدات، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک دکتور تکایە کورتەیەکی وەلامەکان بدەوە، فەرموو.

**بەرێز د. جەرجیس حەسەن/وەزیری پەروەردە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو پرسیارو تێبینیانەی بەرێزان کاک عەبدولخالق و، د.رزگار و، کاک محەمەد حەسەن بالەتە، هەندێکیان وەکو یەکن، هەندێکیشیان دەتوانین وەلامیان بدەینەوە، راستە ئێمەش دەزانین قوتابی ئێکجار زۆرن، لەفەرەنسا ئەگەر برادەران ئاگادارین خۆپیشاندانی قوتابیان هەیە، داوا دەکەن و دەلێن رێژەی(٣٠.٣٥)زۆرە، ئیمە (٥٠)شمان هەیە هەر لەبەر ئەوەش ئەو تێکەلاو کردنەمان کردووە، هەر لەبەر زۆری هەولمان داوە ئەم تێکەلاوە بکەین بۆ ئەوەی بواری زیاتر هەبێ.

لەمەر دەرمالە بۆ شوێنە دوورەکان ئێمە پێمان خۆشە چەند دەرمالە بە مامۆستایان بدرێ جا بە هەر شێوەیەک بێ بۆ ئەوەی بچێتە شوێنە دوورەکان زۆر پێویستە، لەمەر ئەو قەرزەی باسی دەکەن، ئێمە نووسراوێکی رەسمیمان بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بەرزکردەوە لەسەرەتای نووسراوەکەماندا نووسیومانە:

(کاک مەسعود بارزانی فەرموویەتی: ئێمە هەموو قەرزاری مامۆستایانین) لەبەر ئەوە مامۆستا نابێ قەرزار بێت، یەک سەر رەزامەندیان لەسەر نووسراوەکەی ئێمە کردو، گوتیان قەرزەکانیان لەسەر لابدرێ، ئەوەش تەواو بوو لەسەریان نەما، ئێستا خەریکین کە دەرمالەیەکی دیاریکراو بۆ مامۆستای شوێنە دوورەکان دابین بکەین، بەلام تاکو ئێستا رەزامەندی لەسەر نەهاتووەتەوە، واتا بریاری بەرەسمی دەرنەچووە، ئێمە هەر خەریکین بە پشتیوانی خوا بەرەو پێشەوە بچین.

من حەز دەکەم بلێم ئێمە وەک میللەتی کورد وەکو پارتیش هەندە چەوسانەوەمان دیوە کە کەس نەچەوسێنینەوە، هەند ناخۆشی و دەربەدەری و چەوسانەوەمان دیوە کە ناکرێ ئەوە بکەینە رێرەوی خۆمان، لەبەر ئەوە ئێمە کە دەلێین دیموکراتین ئێمە دەلێین دەبێ مافی هەموو کەسایەتی و هەموو نەتەوەیەک ریزی لێ بنێین.

سەد لەسەد لەگەل ئەوەین و، لە ئاستی راست گۆیی داین، بەلام ئێمە دەبێ تەمەشای بارودۆخی خۆمان بکەین تەمەشای توانای خۆمان بکەین، کە ئەتوانین لەم کارە سەرکەوتوو بین یان نا ؟

ئێمە بوارمانداوەتە تورکمان و ئاشووری تاوەکو پۆلی شەشەم خوێندن بەزمانی خۆیان بێ ئەوەی

لەتوانادابێ بۆیان وەردەگێرینەوە سەر زمانەکانی خۆیان، یان خۆیان وەری دەگێرن و ئێمە ڕەزامەندی لەسەر دەکەین، لەپۆلی یەکەوە تاکو پۆلی شەشەم خوێندن بە ئاشووری و تورکمانیە. گرفتی ئێمە لەدوای ئەم قۆناغەیە، لەدوای ئەم قۆناغە زۆر شت هەیە ئێمە ناتوانین بیکەین، جاچ لەلایەن سەرپەرشتیاریە یان لەلایەنی شارەزایە یان لەلایەن توانای پێداویستییەو چ لەلایەن تاقی کردنەوەکانە، ئێمە لەو بڕوایە دانین، کە لەدوای قۆناغی سەرەتایی بتوانین هەوڵ بدەین ئەنجوومەنی وەزیران ڕازی بکەین، کە بەزمانی خۆیان هەوڵ بدەن بخوێنن، وەکو دەرسی زمان بمێنێ، لەکۆلێژەکان خولی تایبەت بە زمانی سریانی و تورکمانی بکرێتەوە، بۆ ئەوەی کەسانی شارەزا پەیدا بێ تاکو بتوانین لەقۆناغەکانی ناوەندی و قۆناغەکانی تر بەزمانی خۆیان بخوێنن ئێمە هیچ ناکۆک نین لەوە دا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەقۆناغەکانی ناوەندی و دواناوەندی وەکو وانە زمان هەر دەمێنێت.

**بەڕێز د. جەرجیس حەسەن/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ وەکو وانەی زمان هەر دەمێنێتەوە، مەسەلەش مەسەلەی کاتەو توانایە، هەر کاتێک ئەو بارودۆخە لەباربوو شارەزا پەیدابوون ئێمە هیچ لاریمان نییە، ئەمە ویستی ئێمەیە و هیچ تێبینیمان لەسەر نیە.

سەبارەت بە مووچە، ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە موچەی مامۆستا زیاد بکرێ هی خانەنشینانی مامۆستا زیاد بکرێ بەڵام هەر کەرتی ئێمە(پەروەردە بەتەنایانین خەڵکی تریش خانەنشینی هەیە)بۆیە پێویستە بڕیارێکی پێ دەربکرێ و تۆژینەوەیەکی چڕی بکرێ و ڕەچاوی توانای دارایی وەزارەتی دارایی و ئەنجوومەنی وەزیران بکرێ، ئەگەر توانامان هەبێ چەند مووچەی مامۆستا و ئەو خەڵکە زیاد بکەین و ڕەچاوی باری گوزەرانی مامۆستا و خەڵک بکەین ئەوەندە باشەو چەند پێشکەوتنە بۆ کابینەی سێ یەم و پارتیش کەخۆی کابینەی سێیەمی هەڵبژاردوە.

کاک د.ڕزگار مفرداتی مەنهجی زۆر زۆر ڕاستە کە ئێمە هەوڵ بدەین گۆڕانکاری دیاری کراو بکەین، بەڵام ئەوەش توانای زۆری دەوێ، توانایەکی دەوێ کە مەنهەجی خۆمان بگۆڕین لەهەموو وانەکان مێژوو جووگرافیا...هتد

هەر لە یەکی ناوەندی تاکو قۆناغەکانی تر بەڵام ئەوە توانایەکی زۆری لەلایەنی دارایی و لەلایەنی وەرگێران و پێداویستی دانان دەوێ، ئەمەش تۆژینەوەی بۆ دەکەین، هەر کاتێ: بارودۆخ لەبار بوو توانای ئێمە بواری پێداین بە تەئکید دەی کەین، هەندێ شتیشمان کردوە، وەکومێژووی گەلی کورد(تاریخ الشعب الكوردي)وەکو هەندێ گۆڕانکاری دیاری کراو لە هەندێ وانە، وەکو لە پۆلی یەکەم تاکو پۆلی شەشەمی سەرەتایی گۆڕانێکی زۆرمان کردوە ئەو شتانەمان کردووەو بەردەوامین لەسەری، زۆر بابەت هەیە لێمان تۆژیتەوە لەوانەیە گەیشتبێتە ئەو بڕوایەی کە ئەوە

پێویسته ئەم پێویستی نیه، بەڵام گۆڕینی کتێب بەشێوەیەکی گشتی نەمان توانیوە و بەپشتیوانی خوا خەریک دەبین بۆ ئەوەی ئەم ئامانجە بهێنینە دی.

لەبارەی تێبینی بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە، ڕاستە ئێمە بڕیارماندا بوو، کە تووشی ئەم گرفتە نەبین، نەک تەنها لەدهۆک بگرە لە هەولێریش، ئێمە بڕیارماندا بوو تا مانگی (١٠)ی تشرینی یەکەم بەلایەنی کەم تاکو ١٠/١٠/١٩٩٨چاککردنەوە تەواو بێ و ڕێکخراوەکان بەڵێنیان بە ئێمە دا کە تەواوی دەکەن بەڵام لەزۆر قوتابخانە تەواویان نەکرد تاکو ئێستاش هەر ماوە داواشمان لێ کردون کە تاکو کۆتایی مانگی(١٠)هەر دەبێ تەواو بێ، هەندێ گرفتیان هەیە وەک خۆیان دەڵێن بەڵام بەڵێندەرەکان و ڕێکخراوەکانیش هەندێ سستیان لەکارەکانیان کرد بۆیە نەیان توانی لەکاتی دیاری کراوی خۆیان کارەکان تەواو بکەن، ئەمەش کاری کردە سەر ئێمە و سورین لەسەر ئەوەی لە مانگی(١١)تەواو بێت، لەبارەی کتێبیش هەمان شت بڕیارمان داوە کە مانگی(١١)کتێب دابەش بکرێ، چونکە لەهاتن و گواستنەوە و دانوستانی ئێمە لەگەڵ (UN)و لەگەڵ یونسیف و هەندێ لایەن، هەندێ گۆڕانکاری و هەندێ شت ڕوویدا دوا کەوت، ئێمە هەوڵ دەدەین بەزوترین کات ئەمە جێبەجێ بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک دکتۆر، بابێینەوە سەر تێبینی بەڕێزان ئەندامان، مامۆستا مەلا مەحمود فەرموو.

**بەڕێز مەلا مەحمود دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕاستی هاتنی بەڕێز وەزیری پەروەردە جێگای شانازیەو ئەو بیروبۆچوونەی کە بۆی چووە جێگای سەربەرزی و ڕێزی ئێمەیە، لەڕاستیدا کە خوێندن بەیەکەوە گرێدانی میللەتانە لەهەمان کاتدا نە جێگای داقورتاندنی میللەتانە، تواندنەوە شتێکەو بەیەکەوە گرێدان شتێکی ترە.

ئێمە هەست دەکەین کە زمانی کرمانجی لەسەرتاسەری کوردستان زمانێکی سەرەکییە و لە(٨٠٪)زیاتر وەکو کوردستان بتوێندرێتەوە ئەوە شتێکی ڕاست نییە، بەڵام لەهەموو سەیرتر لای ئێمە برادەرێک دەڵێ شێوەزاری کرمانجی بتوێندرێتەوە بە ناوی کۆڕی زانیاری و شتی تر...هتد، لەهەموو کات وساتێک ئێمە دەڵێین ئێزیدی کوردن، ئێزیدی کرمانجن، باشە بۆ ئەو برادەرانە خۆیان تێناگەین کە چی جیاوازیەک هەیە لەنێوان شێوەزاری کرمانجی و شێوەزاری ئێزیدی؟ ئەم شێوەزارانە هیچ جیاوازیان لەنێواندا نیە، ئەوە یەک، دووەمیش بانێک و دووهەوا بۆ ئەو برادەرانەی کە پەرۆشی زمانن نەڵێم دەها ملیۆن ملیۆنان کورد شێوەزاری وان بەڵام زمانی کۆمەڵەیەکی نەکاتە نیو ملیۆنێک ئەو لەبرەو بێت، مانای وایە ئێمە ناڵێین با ئەو زمانانە بتوێندرێتەوە، نەخێر مافی تورکمان و ئاشووری هەر وەک جەنابی وەزیریش فەرمووی ئێمە هەند دەردە سەری و ژێر دەستی و دەربەدریمان دیوە و دڵی ئێمە ناچێتە ئەوەی دڵی خەڵکی تر بێشێنین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، زەهرا خان فەرموو.

**بەڕێز زەهرا حاجی تەها:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری پەروەردە تێبینی من لەمەڕ زاراوەی کرمانجی بوو بەڕێز مەلا مەحمود خستیە ڕوو و من تێبینی ترم لەمەڕ باری باخچەی ساوایانە، لە ڕاپۆرتەکەدا باسی باخچەی ساوایان نەهاتووە، ئێمە هەموومان دەزانین، هەموو باخچەی ساوایان و وەرزشی منداڵان گرنگی لە ژیانی منداڵان پێش بچێتە قوتابخانە چەندە، باری ئەم باخچە ساوایانە وەکو پێویست نییە، کەم وکوڕیان زۆرە وەکو نۆژەن کردن وەکو یاری وەکو کەل وپەل بەڵام لەوانەش گرنگ ترگرفتی نەبوونی ئۆتۆمبیلە بۆ گواستنەوەی ئەم ساوایانە بۆ باخچەکانی ساوایان، ئەگەڕ توانای کرینی ئۆتۆمبیل نەبێ پێویستە ئۆتۆمبیلیان بۆ بگیرێ تاکو گرفتەکەیان چارەسەر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێخ ڕەقیب فەرموو.

**بەڕێز ڕەقیب حوسێن مەلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەباشی ئەزانم کە مامۆستایەکی(کچ)تازە دامەزراو بەتەنها ڕەوانەی قوتابخانەیەکی کوڕان نەکرێ لەوگوندانەی کە هاتووچۆی ڕۆژانەیان لەسەر نیە هەر نەبێ دووان پێکەوە لەو شوێنانە دا بنێردرێن وشوێنی ئاکنجی بوونیشیان بۆ دابین بکرێ، لەگوندەکە بۆ ئەوەی هان بدرێن بۆ دەوام کردن لە گوندەکانی دوور وناوچیاکان، وەبەمە میلاکیش دابین دەکرێ بۆ قوتابخانەی ئەم ناوچانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەوزیە خان فەرموو.

**بەڕێز فەوزیە عیزەدین ڕەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکانی من باس کران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شەفیقە خان فەرموو.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری پەروەردە، برادەران زۆری تێبینیەکانی منیان باس کرد، بەڵام دوو شتی بچوکم هەیە یەکیان وەکو پێشنیارێک بۆ جەنابی وەزیر ئەوەی تریشیان وەکو پرسیارێک، لە دانیشتنمان لە دیوانی وەزارەت هەمان پرسیارم هەبوو، پێشنیارەکەم ئەوەیە ئەگەر هیچ

هاندەرێک هەیە بۆ ناوچە دوورەکان با بەتەلەفۆن رابگەیەندرێ ئەو کاتە پێویست ناکات وەزارەت بگەرێ کێ دەچی کێ ناچێ؟ خەڵکەکە خۆی دەچێ دەرگای وەزارەت دەگرێ تاکو بەرەو ئەو شوێنانە بروات، پرسیارەکەش کە کاتی خۆشی کردم ئەوەیە ئەو شوێنانەیە کە سەعاتێک لێرەوە دوورن، بەیانی مامۆستا سەعاتێک بەرێگاوە دەبێ، زۆر سوپاس بۆ جەنابی وەزیر کە لەوانەیە چاودێری لە گەراجەکاندا نابێ، ئەزانێ کێ دوا دەکەوێ وکێ دواناکەوێ، هەروەها سەعاتێکیش پێش دەوام دەگەرێتەوە ئەوەش کار دەکاتە سەر خوێندو دەوری خراپی دەبێ، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک یوسف فەرموو.

**بەرێز یوسف جەمیل میران:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی من کرا، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک رەجەب شەعبان فەرموو.

**بەرێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پەروەردەی ئاکرێ گەلێک کەم وکوری هەیە، من راپۆرتێکی تێرو تەسەلم بۆ لیژنەی پەروەردەی پەرلەمان بەرزکردۆتەوە بەڵام تاکو ئێستا فریانەکەوتوون ئاراستەی بەرێزتان بکرێ، هیوای من ئەوەی ئەگەر هاتوو ئاراستەکرا بچێت بۆ وەزارەت وگرنگیەکی باشی پێ بدرێ، ئەوە یەک دووەم، سەبارەت بە رێکخستنی میلاک تەنها لەسەر ئاستی پارێزگاکان باس کرا، بەڵام لەبارەی قەزاو ناحیەکان زۆر کەم وکوری تێدایە، لەوانەیە بەتەنها یەک مامۆستای فیزیایان هەبێ لە هەمان کاتدا نزیکەی(٢٠) قوتابخانە هەیە، ئێمە ناوەندیمان هەیەو دواناوەندیمان هەیە، میلاکی ئێمە زۆر کەمە بەتایبەتی، لەوانەیە هی ناوەندی وئامادەیی لێرە هەبن، بۆیە پێشنیار دەکەم لەجیاتی دەرماڵەی گواستنەوە ببێتە دەرماڵەی نیشتەجێ کردن بۆ؟ چونکە ئەگەر ئێمە دەرماڵەی نیشتەجێ بوونمان پێدان ئەوا دەتوانن خۆیان بگوازنەوە ئاکرێ یان گوندێکی تر هەرچەندە دوور بێ، چونکە ئەو پارەی خانوو وەردەگرێت، بەڵام لێرە ئەگەر هاتووچۆی شەقڵاوە بکات هیچ سوودی تێدا نییە، لەلایەکی تر ئەو(١٥)نمرەیە دەدرێتە قوتابیانی دەرچووی خولی یەکەم من تێبینیەکی ترم هەیە، لێرە ئێمە چۆن هاوسەنگی گوندێک بکەین لەگەڵ مەرکەزی پارێزگا، مەرکەزی پارێزگا ئەگەر مامۆستای ئنگلیزی یاخود فیزیای هەبێ وەکو تایبەتمەندی لێ دێ تەنها پۆلی شەشەم دەڵێتەوە، ئەو مامۆستایەی(٢٥ـ ٣٠)ساڵ خزمەتی هەبێ تۆ ناتوانی پێوانەی بکەیت لەگەڵ مامۆستایەک لەنوێ دامەزراوە، قوتابی ئەو دوانە هەرگیز وەکو یەک نابێ، قوتابی ئێمە لە گوندو ناحیەکان زۆر مەغدوورتر دەبن یان نمرەی باش ناهێنن، ئەگەر من تەنها

وانەی پۆلی شەشەم بڵێمەوە دەتوانم قوتابی من ئەوها زیرەک بێ لەهەمان کاتدا ئەوەی ساڵێک خزمەتی هەبێ لە گوندێک وانە بڵێتەوە ئەوەی پێ ناکرێ، بۆیە پێشنیار دەکەم هەرچەندە ئەوە زیاتر پەیوەندی بە زانکۆوە هەیە بەڵام چەند نمرەیەک بۆ ئەو قوتابیانە زیاد بکرێ ئەو قوتابیانەی لە پارێزگان، بۆ نموونە ئەوەی بە(٩٠) لە پزیشکی وەردەگیرێ با بۆ گوندو ناحیەکان(٨٨)بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک رەجەب کاک ئەمین مەولود، تکایە ئاگاتان لەکات بێ.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکانم لەسەر برگەی (٥)ە بەڕاستی جێگای داخە کە زمانی کوردی بۆ سەرجەمی نمرەکان حساب نەکرێ ئەو زمانەی جگە لەوەی کە لە هەرێمی کوردستان زمانێکی رەسمیە هەموو رۆڵەکانی ئەو هەرێمە بەو زمانە کوردیە جوانە گوێیان دەکرێتەوە. ئەمە لەکاتێکدا ئینگلیزی و عەرەبی لە قۆناغێکی تایبەتی خوێندندا نەبێ ناگوترێتەوە ئەو زمانانە بۆ مەجموع داخل دەکرێ، بەڵام زمانی کوردی نا. بۆیە ئەو بریارەی ئەنجومەنی خوێندنی باڵا بەشتێکی غەریب دادەندرێ ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کاتەکانی پێشوو دەبینین گەلێ ساڵ بریاری وا دراوە کە تەنها بۆ ئەم ساڵ زمانی کوردی حساب ناکرێ، ساڵی داهاتوو حساب دەکرێ، بەلای منەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە و پشتگیری کردن لە بۆچوونەکانی بەڕێز جەنابی وەزیرو لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا پێشنیار دەکەم کە پرۆژەیەک لە پەرلەمانەوە پێشنیار بکرێ بۆ پشتگیری کردن لە وەی کە نمرەی زمانی کوردی حساب بکرێ وپێشکەش بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئازاد قەرەداغی فەرموو.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارم زۆر بوو بەڵام بەڕێز د.جرجیس لە وەڵامی برادەران هەمووی وەڵام دایەوە، وابزانم یەک پرسیار ماوە، بەڕێز شێخ عەفان پرسیارێکی کرد وەڵام نەدرایەوە، بابەتی ئەو برایانەی کە لە ئێران گەڕاونەتەوە، بروانامەیان نادەنێ بێگومان ئەوانە کۆمەڵێکی زۆری خەڵکیش زۆر مراجعەت دەکات، حەق وایە چارەیەکیان بۆ بدۆزرێتەوە. ئایا خولیان بۆ دەکەنەوە تاقیان دەکەنەوە شتیان لێ دەپرسن زۆریشیان بەڵگەنامەو شتی وایان لەگەڵ خۆیان هێناوە، لەم دوایە کە ئەم ئاڵۆزی و شتە لە ئێران روویدا هیچ بەڵگەو شتی وایان پێ نادەن، بەڕاستی ئەمە چارەسەرێکیان بکرێ باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەرەتادا سوپاسی بەڕێز وەزیری پەروەردەو لیژنەی پەروەردەی پەرلەمان دەکەین بۆ ئەو گرنگی پێدانە بە بواری خوێندن، من تەنها روون کردنەوەیەکم لە بەڕێز وەزیری پەروەردە داوایە ساڵێک لەمەو بەر بڕیاری دابەشکردنی بارچە زەوی بەسەر مامۆستایان دەرچوو کەچی تاکو ئێستا هیچ دیار نییە لەو روانگەیەوە کە وەزارەتی پەروەردە سەرچاوەی دەسەڵاتی ئەم توێژەیە بۆچی تاکو ئێستا ئەم بڕیارە جێبەجێ نەکراوە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک فرەنسۆ دواییىنی قسەکەرەکانە دوایی ئێمە چەند تێبینیەکمان هەیە، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من زۆر سوپاسی وەزیری پەروەردە ولیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا دەکەم بۆ ئەوەی تەباییەک لەنێوان بۆچوونەکانیاندا هەبوو دیارە هاوکارن لە کارەکانیان ولەیەک نزیکن، ئەمەش باشترین شێوازە بۆ سەرکەوتن من سەبارەت بە زاراوەی کرمانجی شتێکی چاکیان کردووە وەکو کاک د.گوتی عەرەب گرفتیان نییە قورئان گرفتی وانی چارەسەر کردووە، بەڵام کوردستان شتێکی وا نییە کە هەموو زاراوەکان بتوانن بەیەکەوە ببەستێتەوە لەبەر ئەوە کاتی دەوێ، من پشتگیری ئەوە دەکەم کە بۆ دهۆک کراوە. من نازانم لەسەر وشەی(شالیار) لە بەر زاراوەی کرمانجی قسان دەکەن.

کاک د.رزگار وخوشکە زەهرا، ئێران هەموو فارس بە وەزیر دەڵێ وەزیر، هەموو تورک بەوەزیر دەڵێن وەزیر هەموو عەرەب بەوەزیر دەڵێ وەزیر ئەفغانستان وپاکستان وەزیری پێدەڵێن، ئەو شالیارە نازانم لەکوێ هاتووە نازانم بۆ بەکاری بهێنین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەوەیە یەکەم جار دەنگی ئەمەریکا بەشی کوردی بەکاری هێنا ئیتر بڵاوبۆوە!

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوونەن.**

سەبارەت بە گەڕاوەکان کە کاک ئازاد باسی کرد تەنها گرفتی بروانامەیان نییە، کۆمەڵێکی زۆریان ئێستا لە سۆران نیشتەجێن نیمچە شارێکیان دروست کردووەو قوتابخانەکانی سەرەتایی ناوەندی هەمووی لەوانەوە دوورن، لەمەو دوا زستانەو باران دەبارێ، قوتابخانەیان نییە،

هەرچەندە ئێمە لە کەناڵە تایبەتیەکان داوامان لە حکومەت کردووە پەلە بکەن ئەگەر بە کابینەش بێت قوتابخانەیان بۆ دروست بکەن، چونکە زۆر دوورن، لێرەش بە دەرفەتی دەزانم کە جەنابی وەزیری پەروەردەش ئاگادار بکرێ کە پەلە بکرێ و قوتابخانەیەک لە سۆران بۆ گەڕاوەکان دروست بکرێ، ئەگەر بنەصلاوەش قوتابی زۆری هەبێ ئەویش چارەسەر بکرێ، چونکە خەڵک کە هاتوون بەشێکیان لە بنەصلاوە دانیشتوون و بەشی زۆریشیان لە سۆران نیشتەجێ بوون.

پێم وایە کاک د.ناسح باسی هەڵسەنگاندنی بڕوانامەکان بکرێ، هەرچەندە کاری جەنابی وەزیری پەروەردە نییە بەڵام هەندێ ناو هەبوون کە لە کۆلێژەکان دەوام دەکەن، بڕوانامەکانیان ساختەیە، بڕیار بوو لە کۆلێژ نەمێنن، ئێستاش بەردەوامن، کێ بەرپرسیارە لەوە؟

واتا جێگر کراوە کە هەندێ قوتابی هەیە لە کۆلێژەکانی کوردستان دەوام دەکەن و بڕوانامەیان ساختەیە، ئێستاش بەردەوامن نازانم کێ لەمە بەرپرسە، من دەزانم کە وەزیری پەروەردە لەمە بەرپرس نییە، چونکە خوێندنی باڵایە. زۆر باس لەوە دەکرێ کە خەڵک خۆی بۆ دەوری دووەم دەهێڵێتەوە وەکو وەزیری پەروەردە باسی کرد وەزارەتی پەروەردە هیچ پیاوەتی و چاکەی بۆ کەس نەکردووە تاقی کردنەوەی دەوری دووەم شتێکی سروشتییە، دەتوانێ بیکات یان دوای بخات. وەزارەتی پەروەردە هەمیشە خەڵکی هانداوە کە دەوری یەکەم ئیمتیحان بدەن، بەڵام ئەوە تەنها ئەرکی وەزارەتی پەروەردە نییە، ئەرکی دایک و باوکی قوتابییانە، بۆ هانی کوڕی خۆی نادات تاقیکردنەوەی خۆی دوانەخات؟ دایک و باوک لە مامۆستاو لەوەزیرو وەزارەت بەر پرس ترن لەوەی کە منداڵەکانیان لە ئیمتیحان خۆیان دەدزنەوە من تەنها ئەو تێبینیەم هەبوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەوانەی ناونووس کرابوون کەس نەما، ئەمە بابەتێک، تەنها یەک راپۆرت باس دەکرێت چونکە کاتەکە هەمووی ئەبات. وابزانم ئەندامانی پەرلەمان بە تێرو تەسەلی موداخەلەیان کرد تێبینی خۆیان پێشان داو جەنابی وەزیریش زۆر خاڵی روون کردەوە لەوانەیە هەندێک شت ماوە ئێستا وەڵامی برادەرانیش ئەداتەوە لە کۆمەڵێک پرسیار یان کۆمەڵێک تێبینی هەندێ شت ئەخولێتەوە یان باش روون نەکرابێت یان نەگوترابێ ئێمە هەندێک لەوانە بە دوو سێ خاڵ ئەیخەمە بەر دەستی ئێوەی بەڕێز بۆ ئەوەی جەنابی وەزیر لە تێبینیەکانی خۆی بنوسێت ئەمە هەر بۆ تەئکید کردنە وا بزانم تەئکید کرا زمانی کوردی بایەخی پێ دراوە بەپێی یاسا زمانی رەسمیە. ئەوەی کە پرسیار دەکرێ بە تەحدیدئەمەیە بۆ داخیلی موعەدەل نەبێت؟ وا بزانم ئەوە کرۆکی پرسیارەکەیە بۆ ئەوەی دەرنەچین لە بابەتەکان وە لە راپۆتەکەش هاتووەجەنابی وەزیریش ئاماژەی بە زۆر لایەنی کرد تەنها تێبینی ئەوەیە بۆ داخیلی موعەدەل نەکرێت، لە کاتێک کە برادەران ئاماژەیان بۆ کرد ئینگلیزی و عەرەبی داخیلی موعەدەل ئەبێ ئێستاش زۆر کەس هەیە بەرامبەر یەکی بکەیتەوە کوردیەکەی زۆر بەهێز ترە لە عەرەبیەکەی پرسیاری دووەم (عیقاب و ثەواب)ە. وە زۆر جار گومان لەوەدا نییە ئیجرائاتی ئیداری دەکرێت کەم یان زۆر ئەوە کاربەدەستان ئەیکەن

باوەڕ ناکەین نەکرێ، بەڵام (عیقاب و ثواب) زیاتر داواکراو (مەطلوب) بوو لە دوو و سێ خولگەی بنەڕەتی، لەوانە ڕێژەی دەرچوون و دەرنەچوون لە قوتابخانەکاندا بێگومان وەزارەت بنەماو ڕێنمایی هەیە بۆ قوتابخانەکان، جەنابی وەزیر ئەگەر تەنها بۆ ئەمە ئاماژەی بکردبایە باش بوو بەڵام ئاماژەی بۆ نەکرد وەک لە پرسیارەکان و لە تێبینیەکانیش نەهات قوتابخانەیەک ٧٥٪ یان ١٠٠٪ سەرکەوتن هەیە قوتابخانەک هەیە ١٠٪ یان ١٥٪ ڕێژەی دەرچوونی هەیە دەکرێت هەردوو بەڕێوەبەر یان مامۆستاکان بەیەک چاو تەماشا بکرێن؟ ئەبێ مەسەلەی (عیقاب و ثەواب) لێرەدا روون بێت دەکرێت جەنابی وەزیرلەم بارەیەوە تۆزێک بۆمان روون بکاتەوە. یان مامۆستایەک ڕێژەی دەرچوونی (١٠٠٪) مامۆستا هەیە ڕێژەی دەرچوونی ١٠٪ دەکرێت بەیەک چاو تەماشا بکرێت بۆ ئەوەی ١٠٠٪ یان ٧٠٪ یان ٨٠٪ چی بۆ دەکرێت یان سوپاسێک (ئیجرائاتی عیقاب و ثواب)ە یان تەرفیع یان پلەو پایە یان وەزیفە، تۆکە مامۆستایەک دەکەیت بە بەڕێوەبەری یان یاریدەدەری یان سەرۆکی بەش یان سەرپەرشتیارئەوەی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە دەقاو دەق لە مەسەلەی (عقاب و ثواب) ئەوەیە بە پێی پلە ئەکرێت ساڵی خزمەتیەتی، سوپاسیەتی، پابەندبوونیەتی، پسپۆرایەتیەتی ... هتد. لەوانەیە ئەمە یان یان ئەوی تر نەقل ئەکەی بۆ مەرکەزی شار ئەوە یەکێک لەو خاڵانە بوو.
مەسەلەی دەرنەچوون یان دواخستنی تاقیکرنەوەکان برادەران زۆر قسەیان لەسەر ئەم بابەتە کرد بەڵام ئەوەی داوا دەکرێت لێرە مەسەلەی (١٥ و ٥) پلەکەیە نیە تۆ (١٥)پلە ئەدەی بەوانەی کە دەردەچن لە خولی یەکەم تۆ لە دەوری دووەم ئاسایی خۆی دەردەچێت لەوانەیە لە هەندێ مەراحل تەطبیق کرابێت نازانم ئەوە ئیشی پسپۆرانی ئێمەیە بەڵام دەکرێت قوتابییەک (١١٥) هەبێ؟ قوتابییەک موعەدەلی (١٠٠) هێنا تۆ وا دابنێ تەخمینی ئەوە بکە (١٥) دەرەجەی بدرێتێ ئەبێت بە (١١٥)، بەڵام پلەی سەرکەوتن لە هەموو دونیا (١٠٠)ە . دووەم بە تەئکید ئەوانەی لە دەوری یەکەم دەردەچن زۆربەی زۆری ئەو قوتابخانە باشانەن قوتابخانە باشەکانیش لە مەراکزی شارەکانن بەڵام زۆربەی هەرە زۆری قوتابخانەکانمان لە دەرەوەن، باشە ئەوانەی دەرەوە چی بکەن؟ وەکو هەندێک لە برادەران باسیان کرد مامۆستای باشیان بۆ نەقل ناکرێ بارو دۆخیان لەهەموو ڕوویەکەوە باشتر نەبێ باشە ئەو بەد بەختانە بێگومان موعەدەلیان کەم ئەبێت واتە لە کۆلیژە باشەکان پزیشکییە یاخود ئەندازیاریە دەرمانسازییە .....هتد تەنها ئەو خەڵکەی لێ وەردەگیرێ کە پلەکەی زۆر بەرزە وە ئەو قوتابیانەش کە پلەکەیان بەرزە بە تەئکید مرۆڤ ئێستا ئەزانێ لە چ دائیرەیەکی کۆمەلایەتین، شەوازیش لە هەموو قاعیدەیەکدا هەیە، مەسەلەی (١٥) نمرەکە مەسەلەی کەم کردنەوەی لە خولی یەکەم و ڕێژەی دەرچوون زیاتر لە بابەتی عقاب و ئەم بابەتە ئەکرێتەوە بۆیە ئەگەر جەنابی وەزیر ئەم تێبینیەش یان روون بکاتەوە یان بەرچاوی خۆی بخات ئەگەر هاتوو دراسەت لە دوارۆژدا بکرێت. جەنابی وەزیر بێگومان ئاگادارە وە لەناو خەڵکی ئێمە زۆر بڵاوە وە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان ئیشارەت نەکرا لەبەر هەندێ بابەت و هۆ وە ئەمە

بابەتێکی گرنگە ئەبێ بیڵێین، ئەڵێن بەڕتیل لە پەروەردەدا هەیە چەند هەیە چەند نییە ئەمە نازانین، بەڵام بڵاو بۆتەوە، بە باشی دەزانین وەزارەت تۆژینەوەیەکی باش لەم بابەتە بکات وە ئەم دەمە قەپات بکات ئەگەر هەیە ئیجرائات وەرگرێت ئەگەر نییە حەق نییە پیرۆزترین بەشی ئێمە کە مامۆستان تاوانبارکرێن بەوە، وە ئەو وێنەیان لەسەر هەبێت بۆیە ئێمە لێرە بە راستی داوا ئەکەین لە جەنابی وەزیر بە تایبەتی ئەم بابەتە بە گرنگی وەربگرێت چونکە هەمووتا دەزانن مامۆستا چ پایەیەک و پلەیەکی بەرزو چ ئەزیەتەک ئەخوا چ پیرۆزیەتی هەیە بۆ هەمووومان وە ناکرێ ئەم کەرتە ئەم جۆرە پرو پاگەندەی تیادا بڵاو بێتەوە، چونکە گرنگە بە زووترین کات هەندێ مەسائل بکرێت کە جەنابی وەزیر بە تەئکید لە رێگای پسپۆران و لە رێگای دامودەزگای وەزارەتەوە ئەزانێ ئەم بابەتە چۆن چارەسەر ئەکات دەبێ هەموو لایەکمان هاوکاری وەزارەت بین بۆ ئەم بابەتە بە تایبەتی.

خاڵێکی تریش هەیە کاک فەرەنسۆ بە باشی باسی کرد وە من جارێکی تر چونکە ئەم بابەتە جارێکی تر باس کراوە وە لەناو راپۆرتیش هاتووە گرنگە ئەم ئیجرائە بکرێت بەرامبەر بە وانەی ساختەیان لە بڕوانامەکانیان کردووە و ئێستا لە قۆناغی زانکۆکانن، جەنابی وەزیر بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان، ئەمە تەنها لەکەیەک نییە لەسەر سیستەمەکەمان، ئەمە غەدرێکی گەورەیە لەو قوتابییەش دەکرێ، باشە ئەمە سبەی دەرچوو، هەمووشیان ئەناسرێن باوەڕ کە ئێستا هەموویان بە ناو ناسراون ئەزانن کێنە، باشە ببێ بە هەرچی رۆژێک دەبێ کە پێی بڵێین تۆ بە بڕوانامەی ساختە دەرچووی ئەگەر جێگیر کراوە گرنگە کە ئیجرائاتی لێ بکرێ وە هەندێکی جێگیر کراوە بە پێی ئەو زانیارەییەی لای ئێمەیە باشە بۆ (تەرقین قەید) ناکرێ؟ چ پێویستی بە ئیجرائاتێکی هەیە ئەمە لایەنی تایبەتمەند هەیە کە تەسبیت کراوە کە ئەمە بڕوانامەی ساختەیە بۆ ئەمە (تەرقین قەید) ناکرێ؟ جا پۆلی یەکەمی زانکۆیە دووەمی زانکۆیە یان چوارەمە ئەمە کەیفی خۆیەتی (ما بني علی الباطل باطل) ئەوەیش کە جێگیر نەکراوە و گومانی لەسەرە باشە وەزارەتی پەروەردە لەگەڵ دامو دەزگانی تری پەیوەندار لیژنەیەک دروست کەن پیا بچنەوە وە تەئکیدی لێ بکەن.

ئەمانە کۆمەڵێک خاڵ بوون حەزم کرد کورتی بکەم و عەرزی بکەم وە هیوادارم جەنابی وەزیر ئەگەر چ تێبینیەکی هەیە لەسەر وەڵامی برادەران و ئەمانەی کە منیش بە زمانی هەموانەوە پێشکەشم کرد.

**بەڕێز د. جەرجیس حەسەن/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەراستی ئەوانەی کە ماون زۆربەیان لەگەڵین هیچ تێبینیەکی دیاریکراومان لەسەری نیە، تەنها بۆ نمونە باخچەی ساوایان ئێمە لەگەڵین کە پێش بکەوێ گرنگی پێ بدەین ئەوە شتێکی شارستانیە، وە پێویستە کێشەی ئۆتۆمبیل ئێمە هەوڵمان داوە ببێت، بەڵام تا ئێستا ئەو توانایە بە دەست ئێمە نەکەوتووە بۆ ئەو مەبەستە و، هەر کاتێک رەزامەندی کرا ئەوە رەچاو دەکرێ وە

ئەوەی بلێین هاندان (حەوافیز) رابگەیەندرێ بکرێت ئەوە بێ گومان شتێکی باشە راستە کە رابگەیەندرێ بەڵکو خەڵکێک ئاگادار نەبێت، بەڵام لە ئێمە ئەیدەینە هەموو پەروەردەکان کە بڵاو بکرێتەوە کە بڵاو بوو لە پەروەردە خەڵکەکە ئەزانێت و هەیە شتێکی باشە کە بکرێت .

قەزایەکان هەنە ئەوە واقیعەکە کە هەیە ئەو قسەی کردویانە یەکێک کە چووە عەقرە بلێین ساڵی یەکەم خەریجە بە تەئکید وەکو یەکێک نیە کە لێرە چەندەها ساڵە دەرس دەدات و خبرەی هەیە بەڵام پێوانەی ئێمە پلەی سەرکەوتنە ئێمە ناتوانین دوو پلەی سەرکەوتن دابنێین واتە ناتوانین چ بلێین چونکە ئەوانە لە فلان جێگا کەمن ئەوە وایە ئەوە دەرەجەیان بۆ زیاد بکەن دەرەجەی موعەیەنی بخەینەسەر هەتا ئێستا شتی وا بە بۆچوونی من نەبووە وە ناشتوانین شتێک دابنێین بۆ ئەو قوتابیانەی کە لە شوێنی دوورن واتە شتێکیان لەنمرە بۆ زیاد بکەین ئەوە ئەگەر بێتو بێتە گفتۆگۆش ئەبێ لەسەر مستەوای ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا بێتە قسە کردن و باوەڕ بکەن کارێکی وا ئاسان نییە دەرماڵە، ئێمە حەز دەکەین زیاد لەوە دەرماڵەی نیشتەجێشی بدرێتێ واتە ئەمەشی هەبێ وە دەرماڵەی نیشتەجێکردنیشی بدرێتێ ئەوە داوای ئێمەیە وە داوامانیش کردووە بۆ ئەوەی چارەسەری ئەم کێشەیە بکرێ بۆ ئەوانەی کە ئەچنە ناوچەی دوور، ئێمە سەدا سەد لەگەڵێن ئەوە شتێکی باشە.

سەبارەت بەوەی کە کاک ئەمین مەولود، ئێمە سەد لەسەد لەگەڵ ئەوەینە کە اختیاری نەبێ ئێمە بە هیچ روویەک هیچ شتێکمان نیە دەربارەی ئەوە کە ئێمە بلێین لەگەڵ ئەوە بین کە ڕێژەی دەرچوون لەوانەی کوردی اختیاری بێ، بەڵکو فەرمان لەسەرەوە بۆمان هاتووە کە ئەبێ وا بێ یان وا بکەن ئێمە ئەوەمان کردووە لەسەر ئەو بنەمایە وە ووتم ئەوە پەیوەندی بەپەروەردەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە لێژنەی قبولەو ئەنجوومەنی خوێندنی باڵاوە هەیە ئەوانەی کە لە ئێرانەوە هاتوون گرفتێکە بۆ ئێمە هەوڵمان داوە پێشی هەر کەسێک بین کە بڵێن وەزارەتی پەروەردە جەماعەتی خۆی نارد بۆ ئەوێ لەگەڵیان دانیشتن دەورەیان بۆ کردنەوە وە خەریکی ئەوەینە وە هەوڵمان داوە کە قوتابخانەو شتیان بۆ بکرێتەوە وە پەیوەندیمان لەگەڵ بەڕێوەبەری پەروەردەی سۆران هەیە، کێشەکە بەهەر شێوەیەک بێت چارە بکرێت، بۆ بابەتی (معلیمات) ئێمە هەوڵمان داوە ئەو مامۆستایانەی کە ئەچنە ڕێگای دوور کە بەلایەنی کەمەوە دووبن یان سێ بن بەڵام ئێمە کە دوو مامۆستا دائەمەزرێنین لە جێگایەکی دوور، ئەوا یەکیان ئەچێ و ئەوەی تریان ناچێت و، ئەوەی لە وێیە ئەڵێ من بەتەنهامە باشە ئەوەی تر نەچووە و، ئەڵێ من بەتەنهامە و من چۆن لەوێ بم ئەویان ئەگوازینەوە و لەهەمان کاتدا ئەوەی تریان ئەچێ بۆ ئەوێ...

واتە شت هەیە هەوڵمان داوە کە بەڕاستی دووان بن یان سێیان بن بەڵام دیسان شتی واش هەیە

که بەڕاستی ئێمە هەندێ جار تووشی ئەبین و هەتا ئیستاش هەوڵمان داوە کەیەکێ بەتەنها لەجێگایەک نەبێت، مامۆستایەکی ئافرەت بەتەنها لەجێگایەک بێت هەوڵمان داو بیگوازینەوە ئەگەر بەتەنها بێت، ئەگەر دوسێ کەس بن ئەوە ناچارین ئەو مەرجانەی کە هەیە لەسەر دامەزراندن ئەوانە جێ بەجێ بکەین.

پارچەی زەوی ئەوە لەدهۆک دەستیان پێکردوە ئەیدەن و هەوڵ دەدەن و لیژنە هەیەو، هەوڵ ئەدات کە ئەمە چارەسەر بکرێت،

قوتابخانە ئێمە ئەو گیروگرفتەمان هەیە لە بنەسلاوە لە ناوچەیەکی نزیکی بنەسلاوە کە قوتابخانەی نییە ئێستا هەوڵ دەدەین ئیستیعابیان بکەین، یان شتەکیان بۆ زیاد بکەین لە هەندێ ژورو شت و ئەوەش لەزۆر جێگا هەیە بەڵام هەوڵ دەدەین بەلایەنی کەمەوە چارەسەر بکرێت توانایەکی دیاری کراو هەبێ بۆ ئەوەی بتوانین وەری بگرین، یان لە کلاسێکی دیاری کراو بابینە(٥)یان پۆلێکیان بۆ بکەینەوە یان هەندێ ژوریان بۆ دروست بکەین، ئەوە ڕاستیەکە کە ئێمە ئەیزانین واتە کە زۆر بن قوتابی لە هۆبەیەکی دیاری کراو ڕەنگە وانەبێ کە بۆ نمونە(٣٠)کەس بێت یان(٢٥)کەس بێت لەپۆلێک بەڵام بۆ ئێمە چاکترە لەوەی کە هەر لەماڵی خۆی دابنیشێ و جێگا نەبێت بچێتێ، واتە ئەو قەڵەبالغیە بێت باشترە لەوەی کە هەر نەبێت، لەبرە ئەوە هەندێ جار هەوڵمان داوە کە چاوی لێ بپۆشین، چونکە چارەی تر نییە تۆ ناچاری هەندێ جار، کاتی خۆی ئیمە ناچار بووین قوتابی پۆلی شەش کە تەواوی کردوە ناردومانە بۆ شوێنی دور و وتومانە چاکترە لەوەی کە ناوچە دورەکان هەر کەسی لێ نەبێت وە قوتابخانەشی لێنەبێت، قوتابخانەیەک هەبێ با مامۆستا با دەرچووی پۆلی شەش بێت، بەڵام باشترە لەوەی کە هەرەبێ و نەزانن قوتابخانە چییە ئەوە هەندێ جار مرۆڤ ناچار ئەبێ هەندی شت ئەکا وە پێویستە بکرێت. ئەوەی کاک جوهر باسی کرد کە هەندێ خاڵی ووت زمانی کوردی بۆ موعەدەل نەبێت ئێمەش ئەڵێین بۆ داخلی موعەدەل نەبێت ئێمەهیچ ڕەخنەیەکمان لەسەر ئەوە نییە، کە ئێمە حەز ئەکەین کە داخل بێت کەئەبێتە دانیشتنێک یان دانیشتنێکی دیاری کراو و ڕای پەروەردە ئەوەیە کە داخل بێت و ئێمە لەگەڵ ئەوەینە کە داخلی موعەدەل بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ بەربەستە دکتۆر؟

**بەڕێز د. جەرجیس حەسەن/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەربەست ئەنجوومەنی خوێندنی باڵاو ئەنجوومەنی وەزیرانە، ئەو لەوێ گفتوگۆی لەسەر بکەن و بگەنە بڕوایەیک کە تەواو تەواوە، ئێمە هیچمان لەسەر نییە، لە (عقاب و ثواب) من ووتم بەڕای من هەر میللەتێک یان هەر دەزگایەک یان هەر شەریکەک عقاب وثوابی نەما ڕەنگە توشی

گرفت دەبێت دەبێ ئەوە هەبێ، بەڵام ثواب و عقابیش هەروا ڕووت نییە، واتە وابێ شتی تر، تۆ کاتێ شتێکی دیاری کراو ئەکەی ناتوانی مجردی بکەی لەشتی تر، تۆ کاتەک سزای یەکێک ئەدەی ئەبێ سەیری بارودۆخی ئەو کەسەش بکەی سەیری ژیانی بکەی، خەڵک کە هەژار بوو زۆر شت ئەکات ومن ناڵێم ڕەنگە مامۆستا لەلایەنی تەربەوی لەلایەنی چەندەها ساڵ دەرەوەی دیوە لەوانەیە لە هەموو کەس پاک تربێت و لە زۆر کەس لە فەرمان بەرانی کەرتەکانی تر، بەڵام مامۆستا موچەی ئیستا لەهەموو کەس کەمترە لەبەر ئەوە بەرەو لایەکەی تر چووە، یان هەندێ شت لەسەر خۆی تەقەبول دەکات، من قەت باوەڕ ناکەم مامۆستایەک حەز بکات محتاجی قوتابی خۆی بێت زۆر زەحمەتە، قوتابی کە دەرسی پێدەدات محتاجی دیاری ئەوێت لەسەر خۆ قبوڵ بکات، بەڵام وا دیارە هەندی لایەنی تر کاری تێکردووە ئەبێت ئێمە بەپلەی یەکەم بەلای من چارەسەری ئەوبارودۆخە بکەین، چارەسەری باری ئابووری مامۆستا بکەین، ئەگەر چارەسەرمان کرد ئەو کاتەعقاب و ثواب بدەین زۆر زۆر دروستە، بەڵام تۆ لەلایەک چارەسەری ئەمە نەکەی برسی بێت و هاتوچۆی نەبێت و بچێتە ناوچەکانی دوور یەک جار بگەڕیتەوە پارەی پێ نامێنێ ئینجا ثواب و عقابیشی لەسەر دابنێین وەک یەکێک کە هەموو شت پەیدا بکات وەکی یەکێک کە هەموو بارودۆخی تەواوە بەبۆچوونی من زۆر زەحمەتە، ڕەنگە تۆ سزای بدەی یان قسەی لەگەت بکەیت هەوڵ بدەی لەجێگەیەک بیگوازیەوە بۆ جێگایەکی تر ئەمە هەمووی هەیە و کراون، بەڵام ڕێژەی سەرکەوتنی دیاریکراو بەهیچ جۆرێک مومکین نییە سەرکەوتن لە هەولێرو ئاکرێ وەک یەکبێ لە قوتابخانەیەکی دیاری کراو چ لە لایەنی مامۆستا چ لە لایەنی هاتووچۆ چ لەلایەنی ئەوەی کە ڕۆیشتوە لەوێ دامەزراوە چ لە لایەنی ئیمکانیات، من سزا بدەمە ئەوەی ئاکرێ چونکە ڕێژەی سەرکەوتنی زیاتر بووە لەوەی هەولێر؟ بەبۆچوونی من ئەبی تۆژینەوەی ئەم بابەتە باش بکەین هەوڵ بدەین زۆر زۆر بە (تئنی)یەوە سەیری ئەو بابەتە بکەین هەر چەندە عقاب و ثواب هەیە بەڵام نە بەو پلەیە کە ئێمە دەری بکەین یان شتێکی دیاری کراوبکەین، ئەمە هەموو ئەوەیە کە ئێمە هەندی جار چاوپۆشیمان کردووەلە هەندێ شتی دیاریکراو هەندی کەس هەیە دەرکراوەئیمە گەڕاندومانەتەوە، مامۆستا دەرکراوە هاتووە پاساوی خۆی هێناوەتەوە ئەوجا چ پاساوی هەژاری بێت چ پاساوی لایەنی ئابوری بێت چ سیاسی بێت هێناویەتی بۆ ئیمەی داناوە ئیمە دوای دوومانگ گەڕاندومانەتەوە، وایە، بەڵام بارودۆخی وای لێکردوە کە بەڕاستی توشی ئەم بارە بێت. بەلای من کە وای بۆ ئەچم ڕێژەی سەرکەوتن کەهەیە(١٥)پلەمان داناوە مرۆڤ کە(١٠٠)ی سەند پێویستی بە هیچ دەرەجەی تر نییە باوەڕ ناکەم کە پێویستی بەپلەی تر هەبێت(١٠٠)ی سەند تەواو نابێتە(١١٥) تاقی کردنەوەکان هەر لەسەر(١٠٠)ـە بەڵام مافی خۆیەتی کەئێمە(١٥)مان دایە(١٥)بۆ ئەوە جا چەندی کرد ئیمە لەسەر(١٠٠)تەواوی ئەکەین یان ئەبێ ئێمە هەمو ڕیکەین نەهێڵین هەر دوو نەمەجالی ئەوەی کە پابەندی ئەکات و نە ئەوەی کە دێت تاقیکردنەوە دەدات هیچی نەدەینە ئەویشو هیچ نەدەینە ئەوی تریش، ئەبێ وابێ یان

ئەبێ لەدووان یەکیکی بکەین یان بدەینە ئەوە لەوە کەم ئەکەینەوە یان ئەوە کەم بکەینەوە نەدەینە ئەوەی تر، یەعنی ئەم شتە نسبەیە بە بۆچوونی من، ئیمە کە لە سەرجەم (مجموع) (١٥)دەرەجەی ئەدەینێ.

بە بۆچوونی من رەنگە نازانم ئەگەر نمرەیەک زیاد بێت زیاد نەبێت هەر هەندەیە، لە دوو نمرە زیاتر زیاد نابێت لەبەر ئەوە ئێمە گەیشتینە قەناعەت لەوانەیە ئەمساڵ تۆژینەوە بکەینەوە، قەناعەتی ئێمە شتێکی تر بێت ئێمە گەیشتینە قەناعەت کە بەڵێ ئەوەی باشی دەکات ئێمە پاداشتی باشی بدەینێ وە ئەوەی خراپە دەکات (لایجزي إلا مثلها) ئەوە لە قورئانیش هاتووەو زۆر بە روونی ئەمە هاتووە لەبەر ئەوە ئەوەمان کردووە ئەگەر راستە، وە زۆر سوپاسی سەرۆکی پەرلەمان و برادەران دەکەین بۆ ئەو پرسیارانە.

**بەڕێز شەفیق ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باسی تەزویری نەکرد.

**بەڕێز د. جەرجیس حەسەن/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوانەی تەزویر، ئەو تەزویرە رەنگە، پێشی ئێمەش هەندێ شت هەبووە، ئەوەی لەسەر ئێمەیە من وتم ئێمە هەندێ رێنمایی دیاری کراومان هەیە لیژنەشمان هەیە لیژنە هەندێ مەرجی لەبەردەمە سەیری ئەو مەرجانە دەکەین یەک سەیری دەرەجاتی دەکات، دوو سەیری تەلاعبی دەکات، سێ سەیری بڕوانامە دەکات بلێ کە لە لایەنێکی دیاری کراو هاتووە ئەگەر هیچ تێبینی نەبوو هیچ دیاری نەبوو ئەو ناتوانێ هیچ بکات ئەمێنێتەوە چی؟ ئەمێنێ تەزکیات دێتن لە ئاسایش تەزکیات دێت، لەناو خۆ تەزکیات دێت، لە ئەنجوومەنی وەزیران تەزکیات دێت. جا نازانم جا هەتا خۆی لە ئێران ئەدات چەن دەزگا هەنە هەمووی تەزکیات(تزکیە)دەکات بەڵێ ئەمە راستە جا هەرچۆنێ بێ با من پێت بڵێم، ئەمە چووەو رۆیشتووە بۆ زانکۆ، ئێمە ئەو تێبینیانەی هەمانە لەسەر ناو، لەسەر خەڵک، ئێمە تێبینی خۆمان داوە بەئەوە بەتێبینی ئێمە گەیشتنە ئەوە کە ئەوە دەست تێوەردراوە بۆ ئێمە زانیاریمان لەو لاو لەولا هاتووە کە فلان لە ئێران دەرنەچووە لە عێراق دەرچووە فلان بڕوانامەی هێناوە بڕوانامەی راست نییە نازانم لە کوێ هێناویەتی دەزگای تەزویر نازانم لە شێخەڵا دروستی کردووە؟ ئەمە ئەبێت هاوکاریەک لەنێوان هەموومان هەبێ بەیەکەوە بۆ ئەوەی بتوانین جڵەوی ئەم وەزعە بگرین و سەیتەرە لەسەر ساختەکاری بکەین چ لە رووی دەزگا چ لە رووی ئەوەی کە تەزویر ئەکات چ لە رووی ئەو کەسانە کە بەو ئیشە هەڵدەستن چ لە رووەکانی ئێمە ئەوەی زانیاریمان هەیە ئەوە جاری دووەمە، جاری دووەمە ئەڵێم ئێمە رای خۆمان زۆر بەروونی وتووە کە ئێمە ئامادەین لیژنەیەک لە ئێمەو لە قبوڵ و لە زانکۆ پێک بێت بۆ ئەوەی سەیری ئەو بڕوانامانە بکەین، بەڵام هەتاکو ئێستا بۆ ئێمە نەهاتووە ئێمە بەپرسیار نین بەرامبەری

لای ئێمه نییه، ئەوەی لای ئێمه قبول بووه ئێستا له ناوەندیه یان له پۆلی سێ یه یان له پۆلی دووه مزەوەره ئەوه مافی خۆیانه هەرکەسێ به ئێمه بلێ یان هەرکەسێ بێت ئێمه ئێستا ئیجرائاتی لێ وەردەگرین، بەڵام ئەوەی چووه زانکۆ ئەبێ زانکۆ بۆ خۆی ئەوشته بکات یان بانگی ئێمه بکات ئەوه نوێنەری ئێمەیه یان ئەوه نوێنەری ئەنجوومەنی وەزیرانیش بۆ ئەوەی گفتوگۆی ئەو بابەته بکەین بۆ ئەوەی سەیری ئەم بڕوانامانه بکەین ئێمه هەمیشه ئاماده بووینه بەپێچەوانەوه ئێمه مبادەرەشمان کردووه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مبادەرەتان کردووه راپۆرتێکتان لای ئێمه هەیه لەسەر ئەو بابەته جا بۆ ئەوەی سنورێک دابنرێت بۆ ئەو بابەته پێشنیاری جەنابت له هەمووی دروست تره لیژنەیەکی دروست بێت لەگەڵ لیژنەی خوێندنی باڵاو لەگەڵ پەروەردەو لەگەڵ زانکۆ بۆ ئەوەی ئەم (قاڵ وقیلە) ببڕینەوه چونکه هەندێک هەیه وەکو کاک فەرنسۆ فەرمووی بەناو هەیه بەناو یەعنی بابەت تەرەدد دەبێت. وەتێبینی وەزارەتی پەروەردەش هەیه لەسەر ئەم بابەته، باشتره سنورێک دابنرێت بۆ ئەم قیل وقالە بۆ ئەوەی شتەکه رێڕەوی خۆی وەربگرێ وبڕیارێکی لەسەر بدرێت وەکۆتایی پێبێ چونکه ئەو بابەته وەکو ئاماژەمیش بۆ کردو جەنابیشت جەختت لەسەر ئەوه کرد ئەوەیه که باش نییه بەڕاستی تەردیدی ئەم شتانه بۆ چارەسەر کردنی پێویسته بڕیارێکی لەسەر بدرێت وەئەو پێشنیارەی جەنابت پێشنیارێکی باشه.

باشه ئەوه ئەیکەین به تەوصیه یەک وپاشان باسی دەکەین ئەگەر چ هەیه دکتۆر زۆر سوپاسی جەنابی وەزیری پەروەردەد. جرجیس حەسەن دەکەین.

له ڕاستیدا جوان وەڵامی دایەوه وه ئەو دیاردەیه ئەگەر هەبێ ئەبێ چارەسەر بکرێت وەبن بڕ بکرێت پەنا به خوا هەوڵ دەدرێت، که بەو ڕێگەیه ئەو بابەتەی کەرتی پەروەردە بن بڕ بکرێت من دیسان تەئکید دەکەمەوه لەگەڵ رای جەنابی وەزیرم، کەرتێکی گرنگه کەرتێکی حەیاتیه وەپیرۆزی خۆی هەیه، نابێ هیچ کارێکی وابکرێت وئەو کەرته لەکەدار بکرێت وەئەگەر کەم وکورییەکیش هەیه بەگوێرەی ئەو توانایەی که هەیه بەو ئیتجاهه بڕوات که هیچ کەم وکوریەک لەو کەرته نەهێڵین جارێکی تریش بەناوی ئێوەی بەڕێزەوه سوپاسی جەنابی وەزیری پەروەردە ئەکەین وەسوپاسی لیژنەی پەروەردە ئەکەین وەسوپاسی بەڕێزان ئەکەین وەدانیشتنەکەمان کۆتایی پێ هات زۆر زۆر سوپاس بۆ هەموو لایەک.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

## بۆ/ ڕێزدار سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان
## ب/ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردە

سڵاوی پەروەردەو زانست...

دوای ئاراستە کردنی بابەتی هەڵسەنگاندنی پەروەردەو دەستنیشان کردنی هۆکارەکانی دابەزینی ئاستی خوێندن بەشێوەیەکی گشتی، دوای ئەو ماوەیە ئەم ڕاپۆرتەمان ئامادە کردووە، پوختەیەکی کورتی کارو چالاکییەکانە، ناوەڕۆکی ئەم ڕاپۆرتە لەم خاڵانەی خوارەوە دیاریکراوە:

لە زنجیرە سەردانەکانی لیژنەی پەروەردە بۆ بەسەر کردنەوەی دام ودەزگاکانی پەروەردەیی لە سەرتاسەری کوردستان بەتایبەتیش لەکاتی ئەنجامدانی ئەزموونەکانی کۆتایی ساڵ، وەک چەند لیژنەیەک لە دهۆک، زاخۆ، ئاکرێ، ناوشاری هەولێر، بە ئامادەبوونی هەڤاڵێکی شارەزای پەروەردەیی لە پەرلەمان سەردانی چەند دەزگایەکی پەروەردەیی کرد بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- لە ڕۆژانی ٢٨، ٢٩، ١٩٩٨/٥/٣٠ بە ئامادەبوونی بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی پەروەردەی پەرلەمان، لە مامۆستا سەرپەرشتیار پسپۆڕی، سەردانی دواناوەندی رزگاری کوڕان کراو لە نزیکەوە لە کێشەو کەموکورییەکانیان کۆڵرایەوە، هەر لە چاککردنەوەی بینایەی قوتابخانەکەو پێداویستیەکانی ڕەحلەو هۆڵی شەهید بارام کە بۆ وتنەوەی وانەی نموونەیی بەکار دێت، لەگەڵ کەرەستەو کتێب و پێداویستیەکانی ساڵی تازەی خوێندن وڕێکخستنی میلاک وچارەسەر کردنی کێشەکانیان، کە زیاتر لە (١٠٠٠)هەزار قوتابی دەوامی تێدا دەکات، هەر لەم بارەیەوە بۆ ئەم مەبەستە گفتوگۆ لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر ئەنجام درا بۆ هەوڵدان وچارەسەر کردنی کەموکوریەکانی ئەو ئامادەییە.

٢- سەردانی دواناوەندی بارزانی نەمر کرا ودانیشتنێک لەگەڵ مامۆستایانی ئەم دواناوەندییە ئەنجام درا، تیایدا بە درێژی لەسەر بەڕێوەچوون وباری خوێندن وئاستی بەرەو پێشەوە چوونی گفتوگۆ کرا.

٣- کردنەوەی خولی بەهێز بوون(دورة التقوية) لە پشووی هاوین بۆ قوتابیانی سێی ناوەندی وهەر دوو قۆناغی شەشەمی زانستی ووێژەیی بەردەوامە بەگشتی وبەتایبەتیش بۆ ئەو قوتابیانەی کە کەوتوون(إكمال) بۆ سوود وەرگرتن.

٤- لەگەڵ ئەوەی نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان بەردەوامە، لەگەڵ ئەوەشا هێشتا ماون

وپێویستیان به چاککردن(تعمیر) هەیە، دوای ئەوەی هەندێ لە ڕێکخراوە خێرخوازەکان یارمەتیدەرن وپارەیان بۆ سەرف کردوون.

٥- ڕێکەوتی ١٩٩٨/٦/١سەردانی ئامادەیی کوردستانی کوڕان کرا ولەگەڵ دەستەی بەڕێوەبەرو مامۆستایانیان، دانیشتنێک ئەنجام درا، تیایدا گفتوگۆ لەسەر باری خوێندن بە گشتی وباری ئابووری مامۆستایان وچارەسەر کردنی ودابینکردنی پێداویستیەکانی خوێندن وساڵی تازەی خوێندن، لە ڕەحلە وکتێب و بینایەی قوتابخانە کرا، ئەم ئامادەییە خزمەتێکی زۆری قوتابیانی کردووە، بۆ نموونە ساڵی ڕابردوو(٤٩)چل ونۆ قوتابی ئەم قوتابخانەیە لە کۆلێژی پزیشکی وەرگیراون.

هەر لە بەرواری ١٩٩٨/٦/١ هەواڵی بڕیاری ئەنجوومەنی خوێندنی بالامان پێ گەیشت لەسەر وانەی کوردی ولە (مجموع) حیساب نەکردنی، بەڕاستی جێگای نیگەرانی سەرجەم مامۆستایان وئێمەش بوو، وە بەکارێکی باشمان هەڵنەسەنگاند.

٦- سەردانی یەکەی سەرپەرشتیاری پسپۆری(الإشراف والأختصاص)ی کرا، لە دانیشتنێکدا لەگەڵ سەرپەرشتیاران، گفتوگۆ لەسەر ئاستی خوێندن وچارەسەر کردنی میلاکی قوتابخانەکان وبەدواداچوونیان لە پەروەردەو ڕاپەڕاندنی کارەکانیان، لەم ڕووەوە زۆر کاری باشیان ئەنجام داوە لە ڕێکخستنی مامۆستایان ومیلاکی قوتابخانەکان.

٧- کرێی وانەبێژی(المحاضرات)ی مامۆستایان، لە مانگی(١)ی ساڵی ١٩٩٨تاکو ئێستا پارەی(محاضرات) بۆ مامۆستایان سەرف نەکراوە، ئەمەش دەبێتە هۆی سست بوون وسارد بوونەوەی مامۆستایان لە ئەنجامدانی کارەکانیان، دوای ئەوەی پەیوەندی بە بەڕێز وەزیری پەروەردە کرا وئەو کێشەیەیان لەگەڵدا باس کرا، وا دەرکەوت بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا، لیستەکانی(محاضرات)ی مامۆستایانی لە پەروەردە بۆ وەزارەت بەرز نەکردۆتەوەو لە داهاتووشدا لە ڕاپۆرتێک بە درێژی باسی دەکەین، هەروەها لەسەر(دهۆک، ئاکرێ، زاخۆ)ش بۆ هەمان مەبەست ئاماژەی پێ دەکەین.

وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا کەلێک کاری باش وچالاکی هەمە چەشنەی ئەنجام داوە وکەلێک دەسکەوتی گرنگی وەدەست هێناوە بۆ مامۆستایان وبواری پەروەردەو خوێندن لە کوردستاندا بەگشتی، هەندێ لەو زانیاری وخاڵە گرنگانەی بەکورتی لەم خاڵانەدا دەخەینە ڕوو:

١- تا ئێستا بۆ نۆژەن (تعمیر)کردنەوەی قوتابخانەکان، لە ناوشاری هەولێر(٦٧) قوتابخانەو لە دەرەوەی شار(١٥٠)قوتابخانە(تعمیر) کراون، هەروەها لە شاری دهۆک(٣٩)قوتابخانە.

٢ـ ژمارەی رەحلەی دروستکراو لە لایەن وەزارەتەوە گەیشتە نزیکەی (٨٥٠٠) رەحلە و رێکخراوە بیانیەکانیش (٦٦٠٠٠)رەحلە بۆ سەرجەم کوردستان.

٣ـ خولی ئامادەکردن (دورة التأهيل) تا ئێستا لەشاری هەولێر (٢)دەورەو لەشاری دهۆک (١) دەورە کراوەتەوە بۆ ئامادەکردنی مامۆستایان. زیاتر لە (١٧٤٣) مامۆستا لەو دەورانە دەرچوون دابەشکراوە بەسەر قوتابخانەکاندا.

٤ـ دروستکردنی (٩) قوتابخانەی سەرەتایی لەدەورەوەی شاری هەولێر لەلایەن رێکخراوی هابیتات، دروستکردنی (٢) قوتابخانەی سەرەتایی لەناو شاری هەولێر، دروستکردنی (٢) قوتابخانەی ناوەندی لەناو شاری هەولێر.

٥ـ دیاریکردنی شوێن بۆ دروستکردنی (٦) قوتابخانەی سەرەتایی لەناو شاری هەولێر لەلایەن رێکخراوی یونیسیف بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٩٨ـ ١٩٩٩.

٦ـ چاپکردنی کتێب بۆ قۆناغەکانی خوێندن، (٤٧١ر٠٠٠) هەزار کتێب بە سەرجەم قۆناغە جیاجیاکانەوە چاپکراوە و (٧٣٦ر٠٥٠)ش لەژێر چاپدایە کە بەم نزیکانە تەواو دەبێت.

ئەو کتێبانەش بریتین لەم چاپکراوانە:ـ

| | |
|---|---|
| ١ـ خوێندنی کوردی قۆناغی سەرەتایی | ١١٤ر٠٠٠ دانە |
| ٢ـ خوێندنی سریانی بۆ قوتابخانەکانی سریانی | ٢٤ر٠٠٠ دانە |
| ٣ـ خوێندنی یزیدی بە لەهجەی یەزیدی | ٦ر٠٠٠ دانە |
| ٤ـ کیمیای پۆلی شەشەمی زانستی ـ کوردی | ٥ر٠٠٠ دانە |
| ٥ـ فیزیا پۆلی شەشەمی زانستی ـ کوردی | ٤ر٠٠٠ دانە |
| ٦ـ زمان و ئەدەبی کوردی پێنجەمی ئامادەیی | ٥ر٠٠٠ دانە |
| ٧ـ مێژووی گەلی کورد بۆ سێیەمی ناوەندی | ١٥ر٠٠٠ دانە |
| ٨ـ زمان و ئەدەبی کوردی بۆ چوارەمی گشتی | ٤ر٠٠٠ دانە |
| ٩ـ مێژووی گەلی کورد بەزمانی عەرەبی پۆلی چوارەم | ٥ر٠٠٠ دانە |
| ١٠ـ فەرهەنگی خەرمانی بۆ ئامادەی کشتوکاڵ | ٨٠٠ر٠ دانە |

٧ـ ژمارەی ئەو کتێبانە کە رێکخراوی یونیسیف و یونسکو لە عێراق هێناویانە ژمارەیان ئەکاتە (٢ر٩٠٠ر٠٠٠) لە وانە زیاتر لە نیوملیۆنی بێ کەڵک بوون و سوودیان نەبوو.

٨ـ ژمارەی مامۆستایانی هەولێر (١٤ر٥١٢) مامۆستایە وێرای دامەزراندنی (٧٥٠) مامۆستای تر بۆ ئەمساڵی خوێندن، هەروەها ژمارەی مامۆستایانی دهۆک (٥ر٧٧٦) مامۆستا، جگە لە دامەزراندنی ژمارەیەکی تر، کۆی گشتی مامۆستایانی هەردوو پارێزگای

هەولێرو دهۆک (٢٨٨ر٢٠) مامۆستایە.

٩ـ تا ئێستا زیاتر لە (٣٠) دەورەی ئامادەو مەشق کردنی مامۆستایان بۆ سەرجەم قۆناغەکان لە هەولێر کراوەتەوە، وە بەهەمان شێوەو ژمارەش لە دهۆک کراوەتەوە نزیکەی (٢٠) دەورە.

١٠ـ تا ئێستا لە زەرەری قوتابخانەکاندا، لە سنووری سۆران (١٢٥٠) رەحلە سووتاون، (٤٥٠) رەحلە لەسنووری شەقلاوەدا لەگەڵ سەرجەم کەل و پەل و کتێب و پێداویستیەکانی خوێندن لەکاتی شەڕەکاندا فەوتاون و نەماون.

سەبارەت بە چاوپێخشاندن بەپرۆگرامەکانی خوێندن.

بڕیار دراوە بەپێکهێنانی چەند لیژنەیەکی پسپۆر بۆ چاوپێخشاندن لە بابەتەکانی.

١ـ مێژووی گەلی کورد.

٢ـ جوگرافیا.

٣ـ جوگرافیا ڕێرەوی بارزانی نەمر بەتایبەتی لە پەیمانگاکاندا.

**میلاک:ـ**

لیژنەی ڕێکخستنی میلاک کارەکانیان ئەنجام داوە لیستی گواستنەوە لە هەردوو پارێزگا ئامادەکراوە دەرچووە پێش دەسپێکردنی ساڵی خوێندن و ئەمە یەکەمین جارە بەم شێوەیە بکرێت لە کاتی خۆیدا گواستنەوەکان تەواوئەبن و ئەمانەش کە لەماوەی ساڵێک دا کراوە، لە وەزارەتی پەروەردە بەم شێوەیە.

١ـ بۆ مووچەی مامۆستایان فەرمانبەرانی بۆ ماوەی ساڵێک (٢٧٣ر٦٨٢ر٤٦٠) چوارسەدو شەست ملیۆنو دووسەد و حەفتاو سێ هەزارو شەش سەدو هەشتاو دوو دینار.

٢ـ چاککردنەوەی قوتابخانەو دەزگاکانی پەروەردە لە ١/١/١٩٩٨ تا ١/٦/١٩٩٨ (٤٣٨ر٤٨٦ر٨) دینار.

٣ـ دروستکردنی رحلە (٢٥٠٠) رحلە ٠٠٠ر٥٠٠ر١ ملیۆن و نیوێک دینار.

٤ـ دروستکردنی تەختەرەش (٢٥٠٠) ٠٠٠ر٥٠٠ر١ ملیۆن و نیوێک دینار.

٥ـ بۆ دروستکردنی ژوری زیاد لە قوتابخانەکان (٥٠) ژوور (٠٠٠ر٥٠٠ر١)ملیۆن و نیوێک دینار.

٦ـ بۆ چاپکردنی کتێب ئەلف و بێی کوردی و بیرکاری (٧٥٠٠٠) دانە بە (٠٠٠ر٩٠٠ر٤) دینار.

٧ـ بۆ کەرەستە ئەزموونەکان و کۆنترۆڵ (٠٠٠ر٢٤٠) دینار.

٨ـ صرفیاتی ئەزموونەکانی سەری ساڵی نیهایەتی ساڵ (٠٠٠ر٤٠٠ر٨)دینار.

٩ـ کرێی خانوو قوتابخانەکان (١٢٦،٦٢٦ر١٢٦) دینار.

١٠ـ خولەکانی کراوە بۆ مامۆستایان (١ر٤٦٥ر٥٩٠) بۆ (٣٨) خول هەرجارەی (١٦٧٥) مامۆستا، لەگەڵ (١٣) چالاکی (١٦١) مامۆستا.

١١ـ دەرماڵەو محازەرات (٤٥٤ر٥٩٧) دینار.

١٢ـ دەرماڵەی قوتابیان (١٢٢ر١٠٠)دینار.

١٣ـ چالاکی قوتابخانەکان (١٩٦ر٤٤٠) دینار چالاکی وەرزش (٥٣٨ر٣٤٨)دینار.

١٤ـ کرێی گواستنەوەی مامۆستایان (٨٠٧ر٠٠٠) دینار.

١٥ـ چاپخانە (١٠٣٧ر٠٠٠)دینار.

١٦ـ ایفاد (٣٦٣ر٠٠٠) دینار.

١٧ـ تەباشیر (١٥٠ر٠٠٠) لەگەڵ ئەوەشدا مەعمەلی تەباشیر کراوە بە (٥٠٠ر٠٠٠)دینار.

١٨ـ تابلۆ گۆڕین مۆر (١٧ر٠٠٠) دینار.

بەم شێوەیە خەرجی وەزارەتی پەروەردە لە ساڵێکدا گەیشتنە (٦٧٧٨٣٣٠) شەش سەدو حەوت ملیۆن حەو سەدو هەشتا هەزارو سێ سەدو سی دینار جگە لەپلانی ساڵانە (١٥٠) ملیۆن دینار.

ئەمەی سەرەوە وردە کاریەکان و سەرفیاتی وەزارەتی پەروەردە جهود زیاد لەحەدی خۆی کراوە بۆ جێگیربوون خستنەوە سەر سکە پەروەردەییە لە هەرێمی کوردستان.

لە دواکات سوپاس و ڕێزمان بۆ ئێوەو هەموو دڵسۆزانی کارسازانی پەروەردە لە کوردستان بۆ خزمەتی گەلی کوردستان.

**عوسمان دزەیی**
**جێگری سەرۆکی لیژنە**

**وریا دزەیی**
**مقرر**

**عەفان نەقشبەندی**
**سەرۆکی لیژنە**

**ڕەجەب شەعبان**
**ئەندام**

**شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا**
**ئەندام**

**زەهراء حەمەد حاجی**
**ئەندام**

**ئەکرم عاشور**
**ئەندام**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧)

## سێ شەمە ڕێکەوتی ٣/١١/١٩٩٨

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٧)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/١١/٣

***کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/١١/٣ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە(حەوتی)ی خولی ئاسایی دووەمی ساڵی(١٩٩٨)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنرا، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***«بەرنامەی کار»***

***بەپێی حوکمەکانی بڕگە(١)ی ماددە(٢٠) لە پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراودا، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە(٧)ی ئاسایی خۆی لە کاتژمێر(١٠) سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی(١٩٩٨/١١/٣)دا بەم شێوەیە بێت:***

***١- خوێندنەوەی پرسیارەکانی ئەندامە بەڕێزەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، کە ڕووبەڕووی ئەندامە بەڕێزەکانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم کراون.***

***٢- وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەندامە بەڕێزەکانی ئەنجوومەن لەلایەن بەڕێز «وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار».***

***٣- وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەندامە بەڕێزەکانی ئەنجوومەن لەلایەن بەڕێز «وەزیری پیشەسازی و وزە».***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ ئەکا، دانیشتنی ژمارە (٧) لە ١٩٩٨/١١/٣ بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان سێ خاڵە.

خاڵی یەکەم: خوێندنەوەی پرسیارەکانی ئەندامە بەڕێزەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، کە ڕووبەڕووی ئەندامە بەڕێزەکانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم کراون. وە دوای خوێندنەوە دەنێردرێ بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەوەی بەپێ ماوەی یاسای خۆی بگاو وەڵامەکەی بگەڕێتەوە بۆمان.

خاڵی دووەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان پرسیاری ئەندامە بەڕێزەکانە کە ئاراستەی برایانی

ئەنجوومەنی وەزیران کراوە، ئەمڕۆ وەکو ئەزانن سێ شەممەیە بەڕێزان وەزیری پیشەسازی و وزە و وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار لێرەن ئێمە بەناوی ئێوەی بەڕێزەوە بەخێرهاتنیان دەکەین واتە خاڵی دووەمیان ئەو پرسیارانەن کە ئاراستەی بەڕێز وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار کراون و خاڵی سێیەمیان ئەو پرسیارانەن کە ئاراستەی بەڕێز وەزیری پیشەسازی و وزە کراون

بەخاڵی یەکەم دەست پێ ئەکەین ئەویش ئەو پرسیارانەی کە تا ئێستاکە گەیشتوونە دەستمان لەلایەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانەوە هەندێ لەو پرسیارانە لەمێژەوە ناردراو بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بەڵام هەتاکو ئێستا ئێمە وەڵامێکمان وەرنەگرتۆتەوە لێیان وەداخیلی بەرنامەی کار کراوە چونکە بەپێی پەیڕەو ئەو هەموارەی کردمان دەبێت لە هەرخولێک ئەو پرسیارانە کە دەکرێت ئێمە لە یەکەم دانیشتن ئەیخوێنینەوە وە تەئکیدی لەسەر ئەکەینەوە، ئێستاکە تەنها ناوەکان ئەخوێنینەوە پرسیارەکان ئەخوێندرێتەوە لەلایەن جەنابی سکرتێرەوە فەرموو

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یەکەم: پرسیاری ژمارە(١٠) لە ١٩٩٨/٨/٢٤ لە بەڕێز جوهر شاوازەوە بۆ ڕێزدا وەزیری داراییە بابەتی پرسیار داوای فرۆشتنی خانووەکانی حکومەت دەکات.

دووەم: پرسیاری ژمارە(١٦) لە ١٩٩٨/٨/٢٤ لە بەڕێز جوهر شاوازەوە بۆ ڕێزدار وەزیری ناوخۆ ئیجرائاتی لێکۆڵینەوە لە ڕوودانی سووتانی بازاری لەنگە لەناو هەولێر گەیشتە کوێ

سێیەم: پرسیاری ژمارە(١٢) لە ١٩٩٨/٩/١٢ لە بەڕێز شێخ محسن مفتی یەوە بۆ بەڕێز وەزیری پەروەردە بۆچی تاکو ئێستا کار بەبڕیارەکانی پەرلەمان(٢٣) لە ١٩٩٧/١٠/٩ وە(٢٤) لە ١٩٩٧/١١/٢٦ دەربارەی هەموارکردنی بڕوانامەی عیلمی و دەرچووانی شەشی قوتابخانەی ئاینیەکان سەر بەوەزارەتی ئەوقاف نەکراوە

چوارەم: پرسیاری ژمارە(١٥) لە ١٩٩٨/٨/٢٨لە بەڕێز مەلا محمود دێرشەوی یەوە بۆ بەڕێز وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی بۆ تاکو ئێستا مزگەوتەکانی کوردستان نەهاتینە کۆنتڕۆڵ کرن لە لایەن وەزارەتی ئەوقافەوە؟

پێنجەم: پرسیاری ژمارە(١٦) لە ١٩٩٨/١٠/٢٠ لە بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەممەد بۆ بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لەسەرهەڵدانی ساڵی ١٩٩١ حکومەتی مەرکەزی ٢٨٣ خانووی لە دهۆک تەقاندنەوە و وێرانیان کردن چ هەنگاوەک لەپێشە بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە چ لەسەر حیسابی بڕیاری٩٨٦ یان لەسەر حیسابی بودجەی کوردستان

شەشەم: پرسیاری ژمارە(١٧) لە ١٩٩٨/١٠/٢٠ لە بەڕێز ئیبراهیم سەعید بۆ بەڕێز وەزیری ئەشغاڵ، ڕێگای بەردە ڕەش ئیفراز هەولێر ئەگەر دروست بکرێت ڕێگای دهۆک هەولێر زیاتر لە ١٠٠ کیلۆمەتر کەم دەبێتەوە چ هەنگاوەک نراوە بۆ کردنەوەی ئەم ڕێگایە.

حەوتەم: پرسیاری ژمارە(٢٠) لە ١٩٩٨/١٠/٢٤ لە بەڕێز سەفەر محەمەد حوسێن دۆسکیەوە بۆ بەڕێز وەزیری ئەشغال هەمان پرسیار

هەشتەم: پرسیاری ژمارە(١٨) لە ١٩٩٨/١٠/٢٠ لە ڕێزدار ئیبراهیم سەعید بۆ بەڕێز وەزیری دارایی چ هەنگاوەک یان حیسابێک کراەو بۆ ئەوەی ئەگەر هاتوو حکومەتی ناوەندی پارەی ئەصلی ئیلغائی کرد

نۆیەم: پرسیاری ژمارە(١٩) لە ١٩٩٨/١٠/٢٠ لە بەڕێز ئیبراهیم سەعیدەوە بۆ بەڕێز وەزیری پیشەسازی و وزە چ هەنگاوەک هەڵێندراوە بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کارەبای دهۆک لەسەر حیسابی بریاری ٩٨٦؟

دەیەم: پرسیاری ژمارە(٢١) لە ١٩٩٨/١٠/٢٠ لە بەڕێز جەمیل عەبدی سەندی بۆ بەڕێز وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار مانگانە شارەوانی زاخۆ نزیکەی(٧٠) هەزار دینار وەک رەسم وەردەگرن بەناوی پاک کردنەوەی شار ٣٢ هەزار دینار بۆ پاک کردنەوەی شار تەرخان دەکات ئەوی تریش مەعلووم نییە بۆچی سەرف دەکرێت، چونکە ئەو پارەیە تۆمار ناکرێت بێ وەصل وەری دەگرن، بەچ سەنەدێکی قانونی ئەم کارە دەکرێت؟ بۆ وەزارەتی شارەوانی تۆژینەوەیان لەگەڵ ناکات؟

یازدە: پرسیار ژمارە(٢٢) لە ١٩٩٨/١٠/٣١ لەبەڕێز مەمەند محەمەد ئەمینەوە بۆ بەڕێز وەزیری پیشەسازی و وزە حکومەتی هەرێم کەی وە چۆن توتنی ئەمساڵ و پار وەردەگرێت

دوازدە: پرسیار ژمارە(٢٣) لە ١٩٩٨/١١/٢ لە بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسمەوە بۆ بەڕێز وەزیری شارەوانی، چ هەنگاوێک نراوە بۆ راگرتنی دیاردەی تێپەڕکاری لەسەر زەوی شارەوانییەکان لە پارێزگای دهۆک و ناوچەکانی تر

سێ زدە: پرسیاری ژمارە(٢٤) لە ١٩٩٨/١١/٢ لە بەڕێز د. قاسم محمد قاسمەوە بۆ بەڕێز وەزیری پیشەسازی و وزە بەکرێدانی کانگەی بەرد (ایجار مقالع حجریه) لە ناوچەکانی سنووری دەبێتە هۆی ئەگەری ئەوەی کە هێڵەکان سنووری بگۆڕێن بۆ تاکو ئێستا ئەو دیاردەیە راناگیرێت؟

چواردە: پرسیاری ژمارە(٢٥) ١٩٩٨/١١/٢ لە بەڕێز د. قاسم محمد قاسم بۆ ڕێزدار وەزیری پەروەردە لە تواناماندا نییە جواگرافیاو مێژووی کوردستان و بەرهەمە ئەدەبییەکانمان بخەینە ناو بەرنامەی قوتابخانەکانەوە؟

پازدە: پرسیاری ژمارە(٢٦) لە ١٩٩٨/١١/٢ لە بەڕێز د. قاسم محمد قاسم بۆ بەڕێز وەزیری شارەوانی کەی قۆناغی دووەم بۆ فراوان کردنی شەقامی زاخۆ دەست پێدەکات وە داروپەردووی(انقاضی) قۆناغی یەکەم هەڵدەگیرێت؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی سکرتێری ئەنجوومەن ئەوە ئەو پرسیارانە بوو کە لەلایەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانەوە ئاراستەی سەرۆکایەتی کراوە بۆ ئەوەی بنێردرێ بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران

ئەوانیش لە ڕێگای خۆیانەوە بۆ برا وەزیرەکان کە لەماوەی یاسای خۆیا وەڵامەکەی بێتەوەو بخرێتە بەرنامەی کار و لە کۆبونەوەیەکی سێ شەممان باس بکرێ.
خاڵی دووەمی بەرنامەی کارمان ئەو پرسیارانەیە کە لەلایەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانەوە ئاراستەی بەڕێز وەزیری شارەوانی و گەشتو گوزار کراوە جەنابی کاک حسێن سنجاری لێرەیە وە پێشەکی بەڕێز کاک جەمیل سندی پرسیارەکەی بابخوێنێتەوە وە جەنابی وەزیریش وەڵامەکەی بداتەوە وەکو ئەزانن پرسیار ئەخوێندرێتەوە جەنابی وەزیریش وەڵام ئەداتەوە دوای ئەوە ئەندامی پەرلەمان بۆی هەیە یەک موداخەلە بکا و جەنابی وەزیریش وەڵام ئەداتەوەو تەواو ئەبێت، دوای ئەوە بەپێی ئەو کاتەی کە هەمانە چەند ئەندامێکی پەرلەمان بۆیان هەیە بەڵام لە سێ کەس زیاتر نەبن کە دەستنیشان ئەکرێن ،سێ پرسیار ئاراستەی جەنابی وەزیری تایبەتمەند بکەن، جەنابی وەزیریش ئازادە لە وڵام دانەوەیان، بۆی هەیە وڵام بداتەوە یان وڵام نەداتەوە دوای بخات،بەڵام بەمەرجێ پرسیارەکان پەیوەندیان بەو پرسیارانەی ئەمڕۆوە نەبێت.ئێستاش با کاک جەمیل سندی بفەرموێ پرسیارەکەی بخوێنێتەوە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەهەر وڵاتێکدا باج کە لەهاوڵاتی دەستێندرێ بەشێوەیەکی یاسایی دەبێ، هیچ پارەیەک نابێ لەهیچ هاوڵاتیەک وەر بگیرێت بە بێ یاسا ،هەروەها لەهەر وڵاتێک یان لەژێر سێبەری هەر حکومەتێک شێوەی وەرگرتنی پارە بەگوێرەی وصولاتی رسمی باوەر پێکراو لە وەزارەتی دارایی ئەو وڵاتە دەبێ، نابێ پارە بەهێچ شێوەیەکی تر وەر بگیرێ، لەحکومەتی عێراق و لەکوردستانیش وصولاتی وەزارەتی دارایی ناسراوە(معروف)ە وەک(ب ـ٤)(ب ـ٥)(٣٤ الجبایە)(٣٧ ٣٨) بۆ ئێمە روون بۆوە کە لە هەندێ فەرمانگە بەتایبەتی لەهەندێ شارەوانی بڕێک پارە مانگانە لە هاوڵاتی وەردەگرن بێ ئەوەی یاسایی بێت یان شێوازێکی یاسایی هەبێت کە جەخت بخاتە سەر ئەو هاووڵاتییە بۆ وەرگرتنی ئەو پارەیە ، ئەوە لەلایەک.
لەلایەکی ترەوە دەبێتە فرتو فێڵێک لە خەزینەی حکومەتی هەرێم چونکە ئەو پارەیە کە وەرگیراوە بە وسولاتی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێم نەبووە. بۆ نمونە(باسی شارەوانی زاخۆ دەکەم)بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی زاخۆ بەوکالەت لە هاوینی ساڵی١٩٩٨وە تاکو ئێستا ئەو پارانە مانگانە لە خاوەن گومرگ و دوکان وخاوەن نوسینگەکان و خاوەن تەلەفۆن وەردەگرێ: لەهەر عەلوەیەک مانگانە ١٠٠دیناریان لێ وەردەگرن، لەهەر دوکانێکی عادی مانگانە ٣٠دیناریان لێ وەردەگرن، لەهەر دوکانێکی بچوک یان کوشک مانگانە ٢٠دیناریان لێ وەردەگرن، لەهەر نوسینگەیەکی تەلەفۆنات مانگانە ٥٠ دیناریان لێ وەردەگرن، هەروەها لە هەر نووسینگەیەکی بازرگانی مانگانە٥٠ دیناریان لێ وەردەگرن، و لە دوکانی هەر زێرنگرێکیش مانگانە ٥٠ دیناریان لێ وەردەگرن. پرسیاری من لە جەنابی وەزیری شارەوانی ئەوەیە چۆن ئەو پارەیە

وەردەگیرێ بەبێ وسولاتی یاسایی، وسولاتی یاسایی حکومەتی هەرێمیش هەر وەک ئاماژەم پێکرد (ب ـ٤)(ب ـ٥)(٣٤ الجبایە)(٣٧ ٣٨)تە ،لە ناو بازاری زاخۆ مانگانە نزیکەی ٧٢ هەزار دیناریان لێ دەستێنن، ئێستا تەنیا ٣١هەزار دینار دەدرێتە بەلێندەری پاک کردنەوە؟...

پرسیارەکەی ترم ئەوەیە چۆن ئەو پارەیە لە بودجەی ئەو شارەوانیە تۆمار ناکرێ؟ چونکە تۆماری رۆژانە هەیە تۆماری ناردن هەیە دەبێ ئەوپارەیە رۆژانە لەتۆماری شارەوانی تۆمار بکرێ و رۆژانە حەوالەی دارایی گەنجینە بکرێ و بچێتە بانک، نە ئەو پارەیەی لەهاولاتی وەردەگیرێ و نە ئەو پارەیەی، کە خەرج دەکرێ تۆمار ناکرێ، نە ئەو ٣١٣٠٠ی دینارەی، کە دەدرێتە بەلێندەری پاککردنەوە تۆمار دەکرێ، نە ئەو ٧٢ هەزار دینارەی لەهاولاتیان وەردەگیرێ تۆمار دەکرێ، ئەگەر ٣١هەزار دینار دەدرێتە بەلێندەری پاک کردنەوە ئەدی ٤٠ هەزار دینارەکەی تر چی لێ دێ؟...

پرسیاری تر ئەوەیە بە چ سەنەدێکی یاسایی مانگانە ئەو پارانە لەهاولاتیانی زاخۆ وەردەگیرێ؟...

پرسیاری کۆتایشم ئەوەیە کەی سەرپێچی کەرانی ئەوشتە سزا دەدرێن؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی کاک جەمیل سندی، ئەگەر جەنابی وەزیر تەشریف بێنێتە سەر سەکۆ چاکترە، چونکە بێگومان پرسیاری تریش هەیە بۆ ئەوەی وەلامییان بداتەوە، فەرموو.

**بەڕێز حسێن تەها سنجاری/وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی بەڕێز جمیل سندی پێمان گەیشت تەدقیقمان کردووە زانیاریمان وەرگرتووە دەرچوو لەبەر نەبوونی رێنمایی دارایی ناوەندیی جەنابی پارێزگار وەکو سەرۆکی یەکەی ئیداریە لەوێ چەند رێنماییەکی دەرکردبوو ئەو رێنماییانەی بەرای خۆمان گونجاون بەگوێرەی رەوشی ناوچەکەو رەوشی ژیان، ئەو رێنماییانەی دەرکردوون. سەرۆکی شارەوانی زاخۆش ئەو رێنماییانەی جەنابی پارێزگاری جێبەجێی کردووە و پێمان وایە ئەو رێنماییە بەپێی بارودۆخی ژیان و گوزەرانی ئەم ناوچەیە رەوا بوونە، لە زاخۆ بەلێندەر هەر شەش مانگ جارێک دەربارەی ناو بۆ بازاری ناوخۆی زاخۆ رادەگەیەنێدرێ پارەکەش دابەش ئەکرێ بەسەر دوکاندارەکان مانگانە بە بەلێندەر دەدرێ ئەوە ناوەکان هەمور هەیە وە هەموو موتەوەفیرە رەقابەی مالیش هەیە لەبەر ئەو رێنماییانەی مەرکەزی نەبوو وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزار لەگەلّ وەزارەتی دارایی پێش ماوەیەک هەستا بە چەند کۆبوونەوەیەک بوو لە دوای چەندین دانیشتن لە نێوان پسپۆرەکانی وەزارەتی دارایی وە وەزارەتی شارەوانی رەش نوسێکی رێنماییەکان چێکرد شەش لاپەرەمان لەو رێنماییانە هەیە کە لەسەریان پێکهاتووین وەکو چۆن ووتم وەزارەتی دارایی و وەزارەتی شارەوانی کە رێنمایی مەرکەزی دەرچێت تەعلیماتی دارایی مەرکەزی دەرچێت لەسەرانسەری هەرێم ئەو رێنماییانە وەکو چۆن گووتم جارێ رەش نووسە هێشتا دیراسەتی پێویستە پێشکەش بە ئەنجوومەنی وەزیران بکرێ لە دوایی کە بۆ دواجار سەلمێندرا رێنماییەکان دەرئەچن وە لەسەرانسەری هەرێم دەبێ جێبەجێ بکرێت زۆر سوپاستان ئەکەم

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر بۆ ئەو وەڵامە کاک جمیل قسەیەکتان هەیە؟ فەرموو

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار لەگەڵ ڕێزم بۆ جەنابی فەرمووی نەبوونی ڕێنماییەکانی دارایی مەرکەزی ئەم وتەیە خۆی لە خۆیدا غەدرێکی زۆر گەورەیە بەرامبەر وەزارەتی دارایی و بەرامبەر کەسایەتی وەزیریش، هەروەها گوناهێکی زۆر گەورەیە دەربارەی حکومەتی هەرێم بەتایبەتیش لەسەر کابینەی سێیەم، حکومەتی هەرێم نەک لەکابینەی سێیەم لەکابینەی یەکەم و دووەمیش هەموو دەم ڕێنمایی مەرکەزی هەبووە،ئێستاش ڕێنمایی مەرکەزی هەیە و لەرابردوش پێش دامەزراندنی حکومەتی هەرێمیش ئەو ڕێنماییانە هەر هەبووینە. هەر لەسەرەتای دامەزراندنی حکومەتی عێراقی لەساڵی ١٩٢٠وە تاکو ئێستاش وڵاتەکەمان بێ ڕێنمایی دارایی مەرکەزی نەبووە،ئەو ڕێنماییانە هەر هەبووینە بەڵام گۆڕان کاری لەو ڕێنماییە دەکرێ، پسپۆران دادەنیشن دووبارە سەیری ڕێنماییەکان دەکەنەوە چی چاکترە بۆ خەزێنە بیکەن؟ چی چاکترە بۆ کۆکردنەوەی پارە دەیکەن؟چی چاکترە بۆ ئەوەی دزی نەکرێت؟ چۆن چاکتر وەبکەن غەدر لە هاوڵاتی نەکرێ، ئەو پێداچونەوە شتێکی زۆر چاکە،ئەگەر وەزارەتی دارایی یان ئەنجومەنی وەزیران هەموو ساڵێک بیکەن. بەداخەوە گوێ بیستی ئەم وتەیە لەوەزیری شارەوانی دەبم لەگەڵ ڕێزم بۆ جەنابی وەزیرکە فەرمووی لە بەر نەبوونی ڕێنمایی دارایی مەرکەزی پارێزگاری دهۆک ناچار هەندێ ڕێنمایی پێویستی دەرهێناوە، من داوا لە وەزیری بەڕێز دەکەم دانەیەکمان لەو ڕێنماییانەی کە پارێزگاری دهۆک دەری کردوە پێبدات،چونکە من لەو بروایەدام ڕێنماییەکی لەم جۆرە لە دهۆکدا نییە، و هیچ فەرمانێکی ڕەسمی ئەوهاش نە بۆ شارەوانی دهۆک نە بۆ هیچ شارەوانیەکی تر بەو شێوەیە نەچووە، دووەمیش ئەگەر ڕێنمایی داراییش هەبووبێ بروا ناکەم بەڕێز پارێزگاری دهۆک بڵێ گوێ لە وصولاتی رسمی وەزارەتی دارایی مەگرن، وپارە لە خەڵک بستێنن بەبێ وەصل وبەکەیفی خۆتان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە هەبێت، پرسیارەکەی جەنابت بەدیاری کراو ئەوەیە،ئەو پارەیەی کە وەردەگیرێ بەگوێرەی وصولاتی یاسایی نیە کە لەهەرێمدا کاری پێ دەکرێ، زۆر سوپاس. جەنابی وەزیر بفەرمە.

**بەڕێز حسێن تەها سنجاری/وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان دیسانەوە من تەئکید دەکەم لەکاتی خۆی جەنابی پارێزگار ڕێنمایی دەرکردووە لەبەر نەبوونی ڕێنمایی دارایی ناوەندی بووە لە کاتی خۆی ئێستا ئێمە خەریکین لەدوای چەندین

دانیشتن لەنێوان پسپۆرانی وەزارەتی دارایی و وەزارەتی شارەوانی کە لێکۆڵینەوە لە بابەتی داهات و رسوومە تایبەتیەکان بکەین وە ئەمە دیسان مەسوەدەکەی ئەوەیە هێشتا لەرێژ لێکۆڵینەوەیە هەتاکو کەسێک مەغدوور نەبێت وە دادپەروەری بەرقەراربێت بۆ نموونە من تەنها نموونەیەکی بچووک دەڵێم کە بەرێز جەمیل سندی باسی کرد کە بۆ دوکانی عادی بچووک لە زاخۆ ٣٠ـ٢٠ دینار وەرئەگیرێت ئێمە لەم مسوەدەیە باسی ٢٤ دینارمان کردوە زۆر نزیکە مانای وایە ئەوەندە ناهێنێ رەنگە یەکێک بۆچونێکی غەریبی هەبێ لەسەر ئەم مەسەلەیە.سوپاستان دەکەم.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر، پرسیاری کاک جەمیل تەواوبوو،وەڵام و موداخەلە تەواو بوو ئێستا ئەو برادەرانەی دەیانەوێت پرسیاری تر بکەن با ناو نوسیان کەین تەنها سێ کەس دەتوانین هەڵبژێرین کاک فرەنسۆ ،کاک د.رزگار، کاک شمائیل، کاک فرەنسۆ با بفەرمێ. بەمەرجێک پەیوەندی بەم مەسەلەوە نەبێت.

**بەرێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من پەوەندیی بەو مەسەلەیەوە هەیە.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیار بێت نەک مداخەلە، تەنها ئەگەر پرسیارتان لە جەنابی وەزیر هەیە.

**بەرێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکە لەسەر هەمان بابەتە. پرسیارەکەش ئەوە بوو پارە وەرگیراوە، پارە سەرف کراوە، کاک حسێن پێویستە لەسەر رابردوو وەڵام بداتەوە واتا لەسەر ئەو پارە، داوا دەکرێ چارەنووسی ئەو پارە (٣١) هەزار دینارە کە زانراوە دراوە بە بەڵێندەر ئەوی تر نازانرێ، کاک حسێن وەڵامی داهاتووی دەداتەوە دەڵێت لە داهاتوو خەریکین دانیشین رێنمایی و شت دادەنێین، کاک حسێن ئایا ئەمە راستە ٧٠ ـ ٧١هەزار دینار وەرگیراوە تەنها ٣٠ دراوە بە بەڵێندەر ئەوی تر دیار نییە.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک فەرەنسۆ ئەمە پەیوەندی بە پرسیارەکەی کاک جەمیلەوە هەیە پەیڕەوەکەی خۆمان ناشکێنین بەڵام لە نێوان وەڵامەکەدا دەڵێ پسپۆران دانیشتوون لەو بابەتە دەکۆڵینەوە دیارە هەندێ شتی پیشان دا وە بۆتان هەیە بەدوای دابچن ئەنجامەکانی پسپۆران بکەن وە ئەگەر پرسیارێکی تر هەبوو لە دەرەوەی ئەم بابەتە ئێمە ئاراستەی جەنابی وەزیری دەکەین، کاک د.رزگار.

**بەرێز د. قاسم محمد قاسم:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاخافتنێ جەنابی وەزیر دەرچووە لەراستیدا رێنمایی دەرچووینە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا دەکەم لەو بابەتە مداخلە نەکەن، ئەو بابەتە تەواو بوو ئەگەر بابەتێکی ترتان هەیە لەبابەت دەرەوەی شارەوانی زاخۆ لەسەر بابەتی وەرگرتنی هەندێ روسووم لە زاخۆ، بۆ هەموو جار ئەم بابەتە دووبارە دەکەنەوە؟ ئێوە ئەزانن ئەندامێکی پەرلەمان کە پرسیارێکی کرد خەڵکێکی تر نابێت هەمان پرسیار بکاتەوە بە هەر ناوەڕۆکێک بێت، ئەگەر پرسیارێکت هەیە لەدەرەوەی پرسیاری کاک جەمیل بەسەرچاو. کاک شەمائیل فەرموو.

**بەڕێز شەمائیل ئەنۆ بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ناوچەی ئامێدی هەندێ زەوی هەیە کە سەر بە چەند دێرێکی مێژوویین و کۆنن ئەویش دێری (مار عۆدیشۆ) کە مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ پێش (١٥٠٠) ساڵ، ئەم زەوییانە لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە لە ساڵی (١٩٧٦ ـ ١٩٧٧) دەستیان بەسەرداگیرا، ئێستا شارەوانی ئامێدی هەڵدەستێ بە ئیفرازکردنی ئەم زەویانە بەمەستی دابەشکردنی. بەپێی زانیاریم ئەم بابەتە گەیشتۆتە جەنابی وەزیر، ئایائەو ئیجرائاتانە چییە کە کراون؟. لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم ئەو فەرزە ئێستا رابگیرێ و، لە داهاتووشدا لێکۆڵینەوە لەم بابەتە بکرێت بۆ ئەوەی راستی ئەم بابەتە روون ببێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک شەمائیل جەنابی وەزیر ئەگەر چ وەڵامێکی پێیە یان دەتوانێ دوای بخات ئەگەر وەڵامی ئامادەکراوی پێ نییە. فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز حوسێن سنجاری/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ ئاگاداری ئەم بابەتەین هۆیەکەش ئەوەیە کە گوایە بەڵگەیان ئەوەیە ئامێدی لەسەر شاخێکەو جێگای زەوی نییە کە دابەش بکرێ، ئەم بابەتەمان کە پێ گەیشتووە رامانگرتووە هەتاکو ئاگاداری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بکەین و، بتوانین چارەسەرییەکی رەوا بدۆزینەوە کە خەڵکی ئەو ناچەیە زەرەرمەند نەبن و، بێگومانیش دەبێ زەوی مێژوویییەکان یان هەر جێگایەکی پەرستگا بێت رێزی لێ بگیرێت. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر، ئەو پرسیارانەی کە پەیوەندیدارن بە جەنابی وەزیری شارەوانی تەواو بوون، با تەشریف بێنێتەوە جێگای خۆی، سوپاسیشت دەکەین بۆ هاتنت.

**بەڕێز حوسێن سنجاری/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاستان دەکەم تەنها ویستم بڵێم ئێمە لە وەزارەتی شارەوانی سورین لەسەرکارەکانمان،

بێگومان چاودێری دارایی هەیەو، وردین لەسەر ئەم بابەتانە و دروشمێکیشمان هەیە ماوەم بدەن کە پێتان بڵێم کە هەمووتانیش دەزانن کە وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار خزمەتکاری خەڵکە و شانازیش دەکەین کە خزمەتکاری خەڵکین، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر ئەم خاڵە تەواو خاڵی سێ پرسیارێکە لەلایەن ئەندامێکی پەرلەمان بۆ وەزیری پیشەسازی و وزە. کاک ابراهیم پرسیارێکی ئاراستەی جەنابی وەزیری پیشەسازی کردووە با بفەرمووێ پرسیارەکەی ئاراستەی جەنابی وەزیر بکات.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارەکەم لەسەر بابەتی برینی کارەبایە لە پارێزگای دهۆک.

ئەم ساڵ هاوینێکی زۆر گەرم لەسەر دهۆک تێپەڕی پلەی گەرما زۆر لە رادە (معدل) زیاتر بوو، بۆ یەکەم جار کەشناسی دهۆک پلەی گەرمای هاوینی بە (٤٧) پلەی سەدی تۆمار کرد، وەکو بە عەرەبی دەڵێن (کان القیض لا یطاق)، لەسەر ئەمەش بەشە کارەبای هەر خێزانێک (٤ ـ ٦) سەعات بوو لە ماوەی (٢٤) سەعاتدا. ئەم نەبوونی کارەبایە بووە هۆی مردنی گەلێک منداڵ و گەلێک پیرەمێرد و پیرێژن، جگە لە پەیداکردنی نەخۆشی بۆ زۆر کەس ئەمە لەلایەنی تەندروسیتەوە، ئەگەر بێینە سەر لایەنی ئابووری چەند زیانی گەیاندووەتە ئەو خەڵکانەی کاریان لەسەر کارەبایە. ئێمە دەزانین ئەوە ساڵێکە لە بریاری (٩٨٦) پارەیەک تەرخان دەکرێت بۆ کارەبای دهۆک بەتایبەتی و بۆ کارەبای هەرێم بە شێوەیەکی گشتی، هەموومانیش دەزانین ئێستا سەرچاوەی کارەبای دهۆک بەستراوە بە تۆری ناوەندنی عێراقەوە (شبکة المرکزیة العراقیة) واتا لە حکوومەتی مەرکزیەوە کارەبا بۆ دهۆک دێت. وەزارەتی پیشەسازی چ پلانێکی هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کارەبای دهۆک لە پارەی بریاری (٩٨٦)؟ و، سەبر و بەرگەی خەڵکی هەر ئەوەندەیە و، پەنا بەخوا وەزارەت پلانێکی باشی هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ کاک ئیبراهیم ئەگەر جەنابی وەزیری پیشەسازی و وزە تەشریف بێنێتە سەر سەکۆ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەو پرسیاری کاک مەمەند.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی ساڵح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشەکی سوپاستان دەکەم. من بەدیاریکراوی وەڵامی ئەم پرسیارەتان دەدەمەوە چونکە کێشەی کارەبا هەر لە دهۆک نییە لە هەموو ناوچەکانی کوردستان هەیە، بەڵام دهۆک تایبەتمەندی خۆی هەیە لەبەر ئەوە جەخت دەکەمە سەر دهۆک، ئەگەر دوایی پێویستیش بکات روونکردنەوە بدەم لەسەر کارەبای هەولێرو ناوچەکانی تریش ئامادەم وەڵامتان بدەمەوە.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــــومـــــــەن:**

وەکو پێشنیارێک ئەگەر جەنابت بە گشتی دەستی پێ بکەی پاشان وەرەوە سەر تایبەت بۆ ئەوەی برادەران شارەزاییەکیان هەبێت، چونکە بێگومان هەر هەمان پرسیار لە مێشکی ئەندامانداهەیە، لەبەر ئەوە بە گشتی دەستی پێ بکەن بۆ ئەوەی پاشان ئەندامان تێبینییەکانیان بدەن. فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــــومـــــــەن.**

روون و ئاشکرایە کوردستان دوو سەرچاوەی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبای هەیە، یەکیان (دوکانە) ئەوی تریان (دەربەندیخانە) ئەمانەش تەنها کارەبا دەدەن بە سلێمانی و هەولێر، شاری دهۆک تۆڕی نەبەستراوە لەگەڵ ئەم دوو سەرچاوەیە، دهۆک کارەبای خۆی لە شاری موسڵ وەردەگرێ ئاگادارن لە ساڵانی (١٩٩٣) ماوەیەکی دوورو درێژ کارەبا هەر نەبوو لە دهۆک پاشان کارەبای لە موسڵەوە پێدرا ئەویش بە پێی ئەو بڕەی کە حکوومەتی ناوەندی دیاری دەکات ئەویش کەمە، هەمیشە کارەبای دهۆک بە زستان باشەو بە هاوین خراپە، بە پێچەوانەی ئەو دوو سەرچاوەی کە کارەبا دەداتە هەولێرو سلێمانی کارەبای ئێمە بە هاوین باشە، بەڵام لە زستان خراپە هۆیەکی زانراوە ئێمە وێستگەکانمان (کەهرۆمائییە) کە ئاستی ئاو دادەبەزی کارەبا لە زستان کەم دەبێ، هەروەها زستان وەرزێکی ساردیشە خەڵک لە جیاتی سووتەمەنی کە سووتەمەنی نەبوو کارەبا بەکاردێنێ بۆ داگیرساندنی هیتەرەکان.

ئێمە هەر لەسەرەتاوە گیروگرفتێکی گەورەی کارەبامان هەبووە:

تۆڕەکانی کارەبای ناو هەر سێ شار زۆر خراپ بوو تێکچوو بوو پێویستی بە پەزێرایی (صیانە)و چاککردنەوە هەبوو، هێڵەکانی گواستنەوەی کارەبای نێو شارەکان زۆر خراپ بوو پێویستی بە چاککردنەوە هەبوو. هەروەها وێستگەکانی کارەباش پاش راپەڕین زۆربەی تێکچوو بوون ماوەیەکی زۆربوو پەزێرایی (سیانە) نەکرابوون ئەوانیش هەر پێویستی دەکرد چاک بکرێنەوە.

جگە لە دوو وێستگەی کارەبای دەربەندیخان و دۆکان کە پەزێرای(سیانە) نەکرابوون ماوەیەکی زۆر کە پێویستیان بە چاککردنەوە هەبوو جگە لەوەی کارەبا بە شێوەیەکی گشتی خراپ بوو بەتایبەتی شاری هەولێریش کێشەیەکی زۆری هەبوو لە بارودۆخی شەڕی ناوخۆ بەتایبەتی بارێکی نالەبار هەبوو وەکو کاغەزێکی فشاری سیاسی بەکار دەهێنرا خۆتان ئاگادارن کارەبا لە هەولێر یان دەبڕا یان بەڕێژەیەکی زۆر کەم بوو، پێرار لە هەولێر لەماوەی (٤٨) سەعاتدا بەس تەنها دوو سەعات کارەبای هەبوو ئەوەش کاری دەکردە سەر هەموو دەزگا خزمەتگوزارییەکان بەتایبەتی نەخۆشخانەکان و زانکۆ و پرۆژەکانی ئاوی هەولێر کە خەڵکی بێ ئاو دەکرد ئەوە بوو بە هەنگاوێکی زۆر بەپەلە وامان کرد چەند مولیدەیەک بکڕین بۆ ئەوەی چارەسەری گرفتی ئاوی هەولێر بکەین چاککردنی سیستیمی کارەبا ئیمکانیاتێکی زۆری دەوێ هەتا بە بڕیاری (٩٨٦) وا ئاسان نییە ئەو پارەیەی کە تەرخان کراوە بۆ سکتەری کارەبا چارەسەر بکرێ.

ئێمە بە توانای خۆمان زۆر شتمان کردووە سوودیشمان لە بڕیاری (٩٨٦)یش کردووە کەوا سیستمی کارەبا چاک بکەین، خۆتان دەزانن تا ئێستا چوار (فێس) لە ئارادایە لە فێسی یەکەم و دووەم و سێیەم هەر باسی هیچ پڕۆژەیەکی گەشەپێدان (تنموی) نەدەکرا بۆ کارەبا، رازیش نەدەبوون هیچ لیستێک پێشکەش بکەم هەتا ئەگەر کارەبا بۆ دێیەکیش بێت کە تازە ئاوەدان کراوەتەوە کارەبای بۆ راکێشین، دەیانگوت تەنها حاڵەتی کتوپڕ (تەوارئ) حاڵەتی (ئیمیر جیسی) باس بکەن ئێمە لە فێسی یەک و دوو لیستەکانمان لەسەر ئەم بنەمایە داخل کردووە کارەبای دهۆک تۆڕەکەی لە بنەڕەتدا تێکچووبوو، ئێمە لە قۆناغی یەکەمدا خەریک بووین تۆڕەکە چاک بکەینەوە چونکە ئەتو هەتا ئەگەر سەرچاوەشت هەبێ بەڵام تۆڕەکە تێکچووبێت و نەتوانی کارەبا بدەیتە ماڵان سوودی نییە.

وێستگەکان بەتایبەتی وێستگەکانی کۆن و نوێی دهۆک کە (١٣٢)ە ئەوانیش خراپن، وێستگەی زاخۆش کە(١٣٢)ە ئەویش باری خراپە چەند وێستگەیەکی (٣٣)مان هەیە لە قەزاو ناحیەکان ئەوانیش باریان باش نییە، لەبەر ئەوە ئێمە پێداویستییەکانی خۆمان کە پێشکەش کرد بەو برە پارە کەمەی کە دانرابوو لە بڕیاری (٩٨٦) بۆ چاککردنی تۆڕی ناو دهۆک و دەورو بەری. ئەو برە پارەی کە لە فێسی یەکەم دانرابوو تەنها (٢٣) ملیۆن دۆلار بۆ کارەبای هەر سێ پارێزگا تەرخان کرابوو..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە دکتۆر مەبەست لە فێس چییە؟.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی ساڵح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە چوار فێسمان هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە شەش مانگ جارێک. هەر فێسێک شەش مانگە.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی ساڵح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ. بەڵام بەشەش مانگ جێبەجێ ناکرێت بێگومان دوا کەوتووە ئێمە لە هەموو کۆبوونەوەکان جەختمان لەسەر ئەوە کردووە کە بەرنامەی (U.N) بۆ بڕیاری (٩٨٦) زۆر دوا دەکەوێ دەبێ پەلەی لێ بکرێ لە کاتی خۆی جێبەجێ بکرێ ئەوە داواکاریمان بووە بەڵام تا ئێستا هەموو سێکتەرەکان تەنیا خواردەمەنی نەبێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سێکتەرەکان یانی چیی؟.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی ساڵح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە (١٠) سێکتەرمان هەیە جگە لە خواردەمەنییە داوو دەرمان، ئەو بوارانەی کە بڕیاری (٩٨٦) پارەی بۆ تەرخان کردووە: (بواری کارەبا، بواری ئاوو ئاوەڕۆکان، بواری پەروەردە، بواری کشتوکاڵ، بواری ئاوەدانکردنەوە، مین هەڵگرتنەوە).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر شەش مانگ جارێک بەشێک بۆ ئەم دە بوارە هەیە واتە سیکتەر بوارێکە.. بابەتێکە؟.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی ساڵح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە (١٣٪)ی ئەو پارەیەی لە فرۆشتنی نەوتی عێراق دەست دەکەوێت خۆی (١٥٪)یە (٢٪)یان لێ خواردووە لە (١٣٪)ی ئەو پارەیە تەرخان دەکرێت و دابەش دەکرێتە سەر ئەم بوارانە هەریەک ڕێژەی خۆی بۆ دانراوە، بەڵام لە شەش مانگی یەکەم و دووەم و سێیەم تەنها بۆ حاڵەتی لەنکاو و (ئیمیر جنسی) و ئەم حاڵەتانەی کە زۆر پێویستن یانی هیچ بوارێکی ئاوەدانکردنەوەی نەگرتۆتەوە کە ئێمە گوتوومانە دهۆک پێویستی بە وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبا هەیە، گوتوویانە ئەوە بواری ئاوەدانکردنەوەیە نابێت کە گوتوومانە هێلێک ببەستین لە نێوان ئێرەو دهۆک ببەستین بەدوکان و دربندیخان گووتویانە ئەوە ئاوەدانکردنەوە دەگرێتەوە شمولی لەناکاوی ناکا، جا من دێمە سەر ئەو بابەتە بەدرێژی باسی دەکەم لە فێسی یەکەم بۆ ئەوەی بزانن پارەکە چەند تەرخان کراوە، بیست و سێ ملیۆن بووە ئەو بیست و سێ ملیۆنە سێنزە ملیۆنی بۆ کارەبا بووە دە ملیۆنی بۆ سووتەمەنی بووە ئێمە بڕیارمان دا ئەو دە ملیۆنەش بخەینە سەر کارەبا بوو بە بیست و سێ ملیۆن، ئەوە بوو بە پارەی سووتەمەنی لە بۆ شاری هەولێر چوار مولیدەی گەورەمان داواکرد لە بۆ دهۆک کەرەستەی یەدەگمان بۆ وێستگەکان داواکرد، بۆ سلێمانیش هەر کەرستەی یەدەگی کارەبامان داوا کرد، پارەکە لەنێوان ئەم سێ پارێزگایە بەم شێوەیە دابەش دەکرێت:

(٤٣٪) بۆ سلێمانی و ناوچەکانی کەرکوک کە لە ژێر دەسەلاتی یەکێتییە. (٣٤٪)ی بۆ شاری هەولێرە. (٢٣٪)ی بۆ دهۆکە بەپێی ئاماری دانیشتوان کە (WFP) کردیوویەتی، بەپێی ئەوە پارەکان لە هەر بوارەک دابەش دەکرێت. لەوە شەش ملیۆن و لە دەیا نۆ (٩و٠٠٠ ٦٠٠٠) بەبەر هەولێر کەتووە، پێنج ملیۆن و لە دەیان چوار (٤ر ٠٠٠ ٠٠٠ ٥) بەبەر دهۆک کەوتووە، دە ملیۆن لە دەیا هەشت (٨ر ٠٠٠ ٠٠٠ ١٠) بەبەر سلێمانی کەوتووە، ئەوە لە فێسی یەکەم، لە فێسی دووەم (٧ر٠٠٠ ٠٠٠ ١٩) نۆزدە ملیۆن و لە دەیا حەوت دولار تەرخان کرابووە بۆ کەرتی کارەبا (٧ر٠٠٠ ٠٠٠ ٦) شەش ملیۆن لە دەیا حەوت بۆ هەولێرە، (٥ر... ... ٤) چوار ملیۆن و لە دەیا پێنج بۆ دهۆکە (٤٧ر٠٠٠ ٠٠٠ ٨) بەبەر سلێمانی کەوتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەستت لە سلێمانی هەردوو پارێزگای کەرکووک و سلێمانییە؟.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی ساڵح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ، بەڵام نەتەوە یەکگرتووەکان مامەڵە لەگەڵ دامودەزگاکانی کەرکووک بەناوی سلێمانی دەکات، واتا وەکو ئیدارەی سلێمانی دایدەنێت.

سەبارەت بە فیسی سێیەم (٢٦٠٠٠٠٠٠) بیست و شەش ملیۆن تەرخان کرابوو بەپێی ئەو رێژەیە (٨ر٠٠٠٠٠٠٨) بۆ هەولێرە (٩ر٠٠٠٠٠٠٥)بۆ دهۆکە، (١ر٠٠٠٠٠٠١١) بۆ سلێمانی و کەرکووکە.

سەبارەت بە فیسی چوارەم گرفتەکە لێرەبوو، ئێمە گوتمان ئەو سێ فیسە بۆ حاڵەتی ناکاوی بوو نەمان دەتوانی هیچ بەرنامەکی پەرەپێدان (تنموی) داخل بکەین ئێمە لەو سێ فیسە پێشنیارمان کرد بوو وەکو حاڵەتێکی پێویست کە باری کارەبای دهۆک خراپە بەتایبەتی لە هاوین هێلی نێوان دهۆک و هەولێر بە هێلێکی (١٣٢) ببەستری واتا لە خەلیفانەوە بۆ سەرسەنگ رووبەری (مسافە)ی (١٣٣) کیلۆمەترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جیاوازی ئەو چیيە لەگەڵ ئەوەی ئێستا لەرووی هێلی بەستنەوە؟.

**بەڕێز د. ئیدرسی هادی ساڵح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەستنەکە ئەوەیە ئێستا ئێمە دەمانتوانی لە حاڵەتی ناکاوی لە دوکان و دەربەندیخان هەندێ کارەبا بدەین بە دهۆک تا وێستگەیەکی بۆ دادەنێین واتا سەربەخۆیی خۆی دەبێ هەرچەند ئەو پرۆژەیە لە ساڵی (١٩٩٤) دەستی پێکرا ئەو هێلە لێکۆڵینەوەی لەسەر کراو کەشف کرا کە هێلی نێوان هەولێرو دهۆک ببەسترێ، بەڵام توانامان نەبوو ئیشی بۆ نەکرا پاش ئەوەی کە کابینەی سێیەم دروست بوو، ئێمە هەستاین لێکۆڵینەوەو پشکنینی نوێیمان کرد (UNDP)یش بەشداری لەگەڵ کردین دییمان ئەو (١٣٣) کیلۆمەترە نزیکەی (١٥) ملیۆن دۆلاری دەوێ لەبەرئەوەی ئەو توانایەمان نەبوو لە حکومەتی هەرێمدا داوامان کرد لەبەرنامەی (٩٨٦) داوا بکرێت لەگەڵ (UNDP) هەماهەنگیمان کرد هەوڵی زۆریشماندا کە داخلی بەرنامەی خۆیانی بکەن. لە فیسەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم رازی نەبوون، یەکەم پارەکە کەم بوو (١٥) ملیۆن دۆلار بەبەر هیچ پارێزگایەک ناکەوێت، کۆی هەمووی نزیکەی (٢٣) بوو. خاڵی دووەم ئەوە بوو کە ئەو مەوادو کەل و پەلە لەناو هەرێمدا بەدەست ناکەوێت واتا ئەو لێکۆڵینەوەی کە کرابوو نەتەوەر هەیە نە (اسلاک) هەیە بۆ (١٣٦) کلیۆمەتری بەتایبەتی بۆ هێلی(HITANTION) کە (١٣٢KV) هەیە، لەبەرئەوە ئێمە هەوڵماندا لە فیسی چوارەم داخلی بکەین کە فیسی

چوارەم پارەیەکی زۆر بۆ کارەبا تەرخان کرابوو نزیکەی (٥ر١٢٣) ملیۆن دۆلار تەرخان کرابوو بۆ لە فیسی چوارەم تەنها بۆ کەرتی کارەبا ئێمە بەو پارەیە پێشنیارمان کرد ئەو هێلە ببەسترێ هەروەها بەراییەکانمان دا وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی هەڵمی لە دهۆک دابنرێ، هەروەها وێستگەیەکی بەرهەمهێنانیش لە هەولێر دابنرێ جگە لەوەی پارەیەکیشمان تەرخان کرد بۆ چاککردنەوەی هەردوو بەنداوەکەی دوکان و دەربەندیخان، چونکە باریان خراپ بوو پێویستیان بە پەزێرایی یەکی (سیانەیەکی) چاک هەبوو، بەڵام لەپڕ پارەکە کەم بۆوە لەو (١٢٣) ملیۆن دۆلارە تەنها کرا بە (٣٦) ملیۆن دۆلار لەبەرئەوەی نرخی نەوت دابەزی، ناردنی نەوت بۆ دەرێ برەکەی کەم بۆوە، لە فیسی چوارەم پارەکە کەم بۆوە بەو (٣٦) ملیۆن دۆلارە دیتمان ئەو پرۆژانە ناکرێ هەرچەندە هەر ماوەش گفتوگۆ بەردەوامە کە بەلای کەمی مولیدەکی (گازتۆربایین) بەلای کەمی (٢٠) میگاوات بهێنرێ بۆ دهۆک بەلای کەمی کەمترین رادەی کارەبای دهۆک بۆ خزمەتگوزاری سەرەکی لە دهۆک دابین بکات، ئێمە داوای وێستگەیەکی بوخاریمان کردبوو کە (٦٠) میگاوات بێت، چونکە دهۆک بەلای کەمی نزیکەی (٦٠) میگاواتی دەوێ لەو پرۆژیەدا. ئەو کارەبایەی کە لە دهۆکە وەکو دەزانن لە موسڵ وەردەگیرێ بەپێی زانیاری ئێمە وەرمانگرتووە باری کارەبای موسڵ و کەرکوک لە هاویندا باشتر نەبووە لە دهۆک چونکە ئەوان سەرچاوەی وزەی کارەبا لەوێرا وەردەگرن باری ئەوانیش خراپ بووە وکارەیان کەم بووە، ئەوە یەک دووش ئێمە بەبەردەوامی ئەندازیارانی هونەری هەتا لە ئاستی بەرێوەبەری گشتیش ناردوومانە دهۆک هەتا بۆ بەغداش پەیوەندیمان کردووە کە باری دهۆک خراپە و گفتوگۆ کرایە کەوا کارەبەیەکە باش بێت، چونکە کارەبا بە خۆڕایی نادەنە ئێمە لەسەر یەکە (وحدات)پێمان فرۆشن ئێمە پارەیەکی زۆر بەرامبەر ئەو کارەبایە دەدەین، بەڵام دیارە توانای ئەوان لە تەولید هەر ئەوەندە بووە لە رووی هونەرییەوە بە ئێمەیان گوتووە لەوە زیاتر ناتوانین کارەبا بدەین، بەڵام باری دهۆک لە زستان باشتر دەبێ لە (١٦ ـ ٢٠) سەعات کارەبای دەبێ لە رۆژێکدا بەڵام لە هاویندا خراپە. چارەسەریش ئەوەیە دوو هەنگاو بنرێ:

١ـ وێستگەیەک دابنێین ئەوەش پشت بە بڕیاری (٩٨٦) دەبەستێ ئەگەر بێتو ئەو پارەیە زیاد بکرێ ئەو وێستگەیە دادەنرێ.

٢ـ هێلی نێوان دهۆک و هەولێر لە خەلیفانەوە ببەسترێ بەیەک. ئەوە داخلی بەرنامە بووە رەزامەندیشی بۆ کراوە لە فیسی چوارەم، بەڵام لەبەرئەوەی پارەکە کەم کراوە ئەوە ئیفلیجییەکی تێکەوت و نەمانتوانی وەکو پێویست چارەسەری ئەم بابەتە بکەین.

سەبارەت بە کارەبا هەتا ئێستا کەل وپەلێکی زۆر هاتووە، لەبەرئەوەی هەرسێ شار دهۆک هەولێر سلێمانی خنکاندنێکی زۆری تێدا دروست بووە شارەکان گەورە بوون خەڵک زیاتر کارەبا بەکار دێنێ ئەو محەویلانەی کە هەبووە لە کۆنەوە بەرگەی نەگرتووە، لەبەرئەوە داوای محەویلەو وایەری زۆرمان کردووە بۆ ئەوەی تۆڕەکان چاک بکەینەوە. تاکو ئێستا پتر لە (١٥٠) محویلە لەناو

شاری دهۆک و هەولێر دانراوە تۆڕەکانی ناوخۆ چاک کراوەتەوە، ئێمە بە توانای (امکانیە) کابینەی سێیەم پرۆژەیەکی زۆرمان کردووە بەتایبەتی گەیاندنی کارەبا بۆ گوندەکان لە شاری هەولێرو دهۆک، ئەمساڵ پتر لە (١٠٠) پرۆژەمان ئەنجامداوە لەوانە زیاتر لە (٥٠) گوند کارەبای بۆ راکێشراوە ئەوە بە توانای خۆمان بووە توانیمان کەرستە (مواد) بە هەرێگایەک بێ لەدەرەوەی هەرێمەوە بێت، یان چ بەرێگای قاچاغ بێت، یان بە ئیمکانیاتی خۆمان بێت، یان بە کۆنە کەرستە بێت بەکاری بێنین بۆ ئەوەی کارەبا بگەیەنینە ئەو گوندانەی کە ئاوەدانکراینەوە، چونکە ئەوانە پێویستیان پێیەتی نەخۆشخانەی لێیە قوتابخانەی لێیە پرۆژەی ئاوی لێیە ئەوانە بێ کارەبا ئیش ناکەن، کە دێیەک ئاوەدان دەکرێتەوە پێویستی بەوە هەیە کە کارەبای بۆ رابکێشرێتەوە. جا ئەوە لەبەرنامەی ئێمەدایە کاری بۆ دەکەین گفتوگۆ بەردەوامە بەتایبەتی بۆ باری دهۆک ئێمە زۆر داکۆکیمان لەسەر کردووە خستوومانەتە ئەولەویاتی فیسی چوارەم، چونکە لە راستیدا لە فیسەکانی تردا نەکراوە. ئەوەی تا ئێستا جێبەجێ کراوە لە دهۆک تەنها (٤٤٪)ی فیسی یەکەم کەرستە هاتووە بەرنامەکە زۆر دواکەوتووە ئێمە هەمیشە جەختمان کردووە کە بە زووترین کات فیسەکان جێبەجێ بکرێ بۆ ئەوەی کێشەی کارەبا چارەسەر بکرێ.

ئەمە کورتەیەک بوو لەسەر باری کارەبا، ئێمە دەتوانین بڵێین بەگشتی باری کارەبا باش نییە لە کوردستان بەتایبەتی لە دهۆک، ئێوەش دەزانن ئێمە لە هەولێر تەنگوچەڵەمەیەکی زۆرمان هەبوو لەگەڵ کارەبا لە ساڵانی پێشوو، ئەمساڵ ئومێد دەکەین کە باری سیاسی بەرەو باش دەڕوات پرۆسەی ئاشتی لە گۆڕێدایە کارەبامان لێ نابڕێ خۆشبەختانەش ئاستی ئاو ئەمساڵ زۆر باشە لە ساڵانی پێشوو زۆر زۆر چاکترە، پێشبینی ئەوە دەکەین بەشێوەیەکی بەردەوام بەشەوو رۆژ هەتا لە زستانیش (١٥) سەعات کارەبا هەبێ لەهەر ماڵێکدا ئێستا ئێمە وامان کردووە خشتەیەکمان داناوە هەتا (١/١)یش لە پێنجی ئێوارە تا (پێنجی) بەیانی کارەبا بەردەوام دەبێت، بەشەو کارەبا دەبێت، بەرۆژیش هەر ماڵێک (٢ــ ٣) سەعاتیش کارەبای بەردەکەوێت. جگە لەوە دەزگا خزمەتگوزارییەکانمان، پرۆژەکانی ئاوو ئەوانە کارەبایان بە رۆژ بەبەردەوامی دەبێت نزیکەی (٦٠ــ ٧٠) میگاوات ئێمە کارەبا بە رۆژ وەردەگرین، بەڵام لەبەرئەوەی بەشەو بەتایبەتی کەوا نزیک دەبینەوە لەسەرما خەڵک هیتەر بەکاردەهێنێ رۆژ بە رۆژ بەکارهێنانی کارەبا زیاتر دەبێت، ئێمە لە تەلەفزیۆنەکانیش بەرنامەیەکی هۆشیارکردنەوەمان (توعیە) داناوە کە خەڵک بەکارهێنانی کارەبا کەم بکەنەوە، بەرنامەیەکی راگەیاندنی رێک وپێکمان ئامادەکردووە، هەوڵمانداوە تیمێکمان دروست کردووە بۆ ئەو سەرپێچییانەی کە دەکرێ نەیهێڵین، چونکە زۆری بە فیڕۆ نەڕوا.

هەروەها رێککەوتنێکمان کردووە لەگەڵ یەکێتی کە مانگانە ملیۆنەک و نیو دیناریان بدەینێ لە بری ئەو کارەبایەی کە دەماندەنێ بەشتوانی خوا ئەمەش لەداهاتوودا نامینێ کە پرۆژەی ئاشتی جێگیر دەبێ، لەبەرئەوەی ئەوە رێککەوتنێکی کاتی بوو، چونکە هەردەم هەولێر بەشی خۆی لە

کارەبا وەرنەدەگرت پێویست بوو پێشتریش بەپێی ئەو ڕێککەوتنە (٤٨ ٪) کارەبا بدرێتە هەولێر (٥٢ ٪) بۆ سلێمانی و کەرکووک بێت، بەڵام ئێستا ماوەیەکە ئەو ڕێککەوتنە زۆر بەرێکی دەڕوات لیژنەیەکی تایبەتی لە بواری کارەبا دانراوە کە لیژنەیەکی فەرعیە لە نێوان ئێمەو سلێمانی بەدواداچوونی ئەو ڕێژەیە دەکرێت کە چەند کارەبا لە دوکان و دەربەندیخان بەرهەمدەهێنرێت دەبێ هەولێر بەشی خۆی وەربگرێت.

ئەوە کورتەیەک بوو دەربارەی کارەبا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر ئەگەر کاک ئیبراهیم هیچ موداخەلەیەکی هەبێ؟.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شتێکم لەبیرچوو لە سەرەتای پرسیارەکەم دەبوایە ئاماژەم بەوە کردبا کە کارەبا لە دهۆک لە ئابی (١٩٩٣) بڕاوە تاکو ئێستا، ئەوە ماوەی پێنج ساڵە، تەرخانکردنی (تخصیصات) کارەبای دهۆک پێویستە زیاتر بێت لە شارەکانی تر وەکو جەنابی وەزیر ئاماژەی بۆ کرد، چونکە ئێمە بەتەنیا کێشەی تۆڕمان نییە، کێشەی ئێمە ئەوەیە سەرچاوەی وزەی کارەبامان نییە، دەبێ چارەسەرێک بۆ سەرچاوە بدۆزینەوە وەکو پەندێکی کوردی دەڵێت (ڕەشۆ بەدەستی خۆت .......) یاخود بە عەرەبی دەڵێن (اعتمد علی مخالبك ايها الاسد، ولا تعتمد علی رحمة القديسين)، دەبێ پشت بە سەرچاوەی خۆمان ببەستین و پشت نە بەسەرچاوەی خوارەوە و نەبەشوێنی تر ببەستین و، دەبێ وێستگەیەک بۆ خۆمان دابنێین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک ئیبراهیم. جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی ساڵح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەوەی لەدەست خۆمانە و پەیوەندی هەیە بە حکومەتی هەرێمەوە، لە وەزارەتی پیشەسازی تەرخانکراوی دهۆکمان زیاتر داناوە هەتا لە هەولێریش ئەگەر تەماشای بوودجە بکەیت و تەماشای ئەو سەرفیاتە بکەیت کە پار ساڵ و لە سەرتای پێکهێنانی کابینەی سێیەمەوە تا ئێستا کراوە دەبینی تەرخانکراوی کارەبای هەولێر زیاتر لە دهۆک خەرج کراوە، بەڵام ئێمە وەکو حکومەتی هەرێم توانای ئەوەمان نەبووە وێستگەیەک دابنێین.

تاکو ئێستاکە نەمانتوانیوە ئەوە سیاسەتی (UN)ە کە هەر سێ پارێزگا خۆی ڕێژەی بۆ داناوە، خۆی دەڵێ دهۆک و هەولێر و سلێمانی نابێ لەوە زیاتر بێ، ئەگەر سبەی دووسبەی یەک حکومەتی مەرکەزی ویەکگرتوو دروست بوو ئەو کاتە ئەو سیاسەتەش بەدەست خۆمان دەبێت، بەگوێرەی پێداویست ئێمە تەرخان کراوی بۆ دادەنێین، هەر جێگایەک پێویستی بەچییە بۆی

دادەنێن، ئەمڕۆ دهۆک پێویستی پێ یە بۆ کەرتی کارەبا پارەیەکی زیاتری بۆ دابنرێ زانکۆی هەولێر پێویستی پێ یە پارەیەکی زیاتری بۆ دابنرێ لەبەر ئەوەی زانکۆیەکی گەورەیە ودوانز یا سێزە کۆلیژی تێدایە هەروەها کشتوکاڵ و بوارەکانی تر، بەڵام ئێستاکە ناتوانین، چونکە پەیوەندی بە بارودۆخی سیاسی هەیە، دابەش کردنەکە لەسەر بنەمای رێژەیە و بەدەست ئێمە نییە، بەڵام ئێمە لە تەرخان کراوی حکومەتی هەرێم بۆ دهۆک زیاترمان داناوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک مەمەند پرسیارێکی هەیە لەجەنابی وەزیر کاتی خۆی ئاراستەی وەزارەتی کردووە، فەرموو کاک مەمەند.

**بەڕێز مەمەند محەمەد ئەمین بابەکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر جەنابت رێگام پێ بدەی، ئەو رۆژە وەزیری کشتوکاڵ باسی ئەوەی کرد کە خەڵک لەجیاتی گەنم وجۆ با توتن بکەن، ئەوە پرسیار نییە لەوەزیر وەڵامی وەزیری کشتوکاڵە ئەگەر مۆڵەتم پێ بدەی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ پرسیارەکەت بکە ئەمە هەڵگرە بۆ کاتێکی تر.

**بەڕێز مەمەند محەمەد ئەمین بابەکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابتان دەزانن زۆربەی زۆری جوتیارانی کوردستان ژیانیان لەسەر توتنە، بەڵام بەداخەوە توتنی پار هەندێک مایەوە وەرنەگیرا واتە توتنی ئەمساڵیشی هاتە سەری ئایا وەزارەتی پیشەسازی و ووزە کەی وچۆن توتنی ئەمساڵ وپار لەجوتیاران وەردەگرێ؟، چونکە جوتیاران چاوەڕوانن توتنەکانیان بۆ بفرۆشێ، پێش دەستپێکردنی توتن وەزارەتی پیشەسازی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ کۆبوونەوەیەکیان کرد واتە ماوەیەکی زۆری مابوو دەست بەتووتن بکرێ تیایدا رایانگەیاند کە ئەمساڵ هەر توتنێک هەبێ وەریدەگرن، بەڵام تا ئێستاش هیچ دەنگێک نییە بۆ ئەوەی کە وەزارەتی پیشەسازی توتن وەردەگرێ یان وەرناگرێ، لەگەڵ رێزو سوپاسماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک مەمەند، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی ساڵح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس هەرچەندە ئەو پرسیارە لەماوەی یاسایی نەگەیشتووە، بەڵام من وەڵامم پێ یە ، سەبارەت توتن ئێمە پار بەرنامەیەکمان دانا بۆ وەرگرتنەوەی توتن، بێگومان کە توتن وەردەگریەوە دەبێ توانای خۆت بزانی کە ئەو توتنە چۆن سەرف دەکەی، یانی وزەی ئەو کارگەی خۆت بزانی، کە دەتوانی چەند توتن بەکار بێنی، پارەکە بەرنامەیەکمان دانا لیژنەیەکی باڵامان لەوەزارەت پێک هێنا بەسەرۆکایەتی

بریكاری وەزارەت و بەڕێوەبەری گشتی وبەڕێوەبەری توتنی كارگەی جگەرە وهەروەها نوێنەری وەزارەتی كشتوكاڵ و نوێنەری وەزارەتی دارایی و نوێنەری جوتیارانیشی تێدا بوو ، ئەو لیژنەیە بەردەوامە بۆ ئەوەی مەسحێكی مەیدانی بكەن و هەروەها نرخی توتن دابنێن وتوتنەكان پۆلین بكەن وبەگوێرەی پلەكان بۆ ئەوەی لە جوتیارەكانی وەربگرنەوە، ئێمە كە پارەكە توانیمان بە هەوڵێكی زۆر نزیكەی بایی (٤٤)ملیۆن دینار توتن لە جوتیار وەربگرینەوە جا ئەگەر هەندێك مابێتەوە نازانم ئێمە ئەو برەی كە پار وەرگیراوە هەرگیز شتی وانەكراوە ئەوە یەك، ئێمە ئەو توتنەی كە پار كڕیومانە بەپێی ئەو توانای كارگەی خۆمان ئێستاكە ئێمە هەتا مانگی (٥) توتنمان لە كۆگاكان هەیە ئەگەر جگەرە بەرهەم بێنین بەدوو شفت ئەگەر بەو پەڕی تواناوە ئیش بكەین، ئەمساڵ جوتیار توتنی كردووە پێویستی بەوەیە كە وەرگیرێتەوە ئێمە لێكۆڵینەوەمان ئەنجام داوە ئێستا جێگامان نییە بەراستی توتنی لێ دانێین، مەسەلە ئەوەنییە كە وەرنەگرینەوە، بەڵام بە بەرنامە ئیش دەكەین، ویەكەم جاریێ بودجەی ساڵی ١٩٩٩لە پەرلەمان گفتوگۆی نەكراوە وپارەی لەبۆ تەرخان نەكراوە چونكە ئێمە كە بەرنامە دادەنێین ئەمساڵ بۆ ساڵی دابێ دایدەنێین سەبارەت بە خۆمان بۆ ساڵی ١٩٩٩ ئێمە بۆ ساڵی ١٩٩٨ توتنمان وەرگرتۆتەوەو بودجەكەشمان سەرف كردۆتەوە بەزیادەوە چاوەڕوانی ئەو بودجەیە دەكەین، دوو چاوەڕوانی ئەوە دەكەین كە ئەو لیژنەیە مەسحێك بكات ئەمساڵ هەموو شتێك هەرزان بووە دۆلار دابەزیوە نرخی پار لەگەڵ ئەمساڵ جیاوازی هەیە نرخی ئەو جگەرەی كە ئێمە بەرهەمی دێنین دەیفرۆشین زۆر جیاوازی هەیە یانی نزیكەی حەڤدە هەژدە تا بیست دۆلار نرخی كارتۆنی جگەرە ئێستا دابەزیوە لەگەڵ پارە ئێمە دەبێ لێكدانەوەی خۆمان بكەین خشتەكانی دارایی دەبێ لێك بدەینەوە كە ئەمساڵ دەتوانین بەچ نرخێك توتن وەربگرین پۆلینەكە چۆن بێت چ برێكیش دەتوانی وەربگری؟، ئەوەی كە خۆمان پێویستمانە لە كارگەی جگەرەوە ئەكید وەری دەگرین یانی ئێستا تا مانگی پێنج هەمانە بۆ تەواوكردنی حەوت مانگی تر كە چەندمان پێویستە ئی ئەو حەوت مانگە وەردەگرین كە بەدوو شیفت ئیش بكەین وزائدەن ئێمە پەیوەندیمان بەچەند جێگایەك كردووە لە دەرەوەی هەرێم بە بازرگانی گەورە لە توركیاو لەئێران لەشوێنی تر كە بتوانین ئەو توتنەی خۆمان وەربگرینەوە بەو نرخەی كە بڕیاری لەسەر دراوە كە بتوانین بیخەینە بازاڕ، چونكە هەموو توتنەكە بە ئێمە سەرف نابێ تەنها لە حاڵەتێك ئەگەر بازاڕ بدۆزرێتەوە كارگەی جگەرەی سلێمانی بەتەواوی ئیش بكات وەكو ئەوەی هەولێر ئەو كاتەش توتن هەر زیاد دەمێنێ یانی ئەوە لێكدانەوەیە من وەریگرم نەتوانم بەكاری بێنم نەتوانم بیكەمە جگەرە ئەگەر توانا سنووردار بێت توتنەكەم بەرم بۆ كوێ، ئینجا ئێمە پلانەكەمان لەدوو لایەنە ئەوەی كە خۆمان بەكاری دێنین ئەوەی كە دەتوانین بنێردرێتە بازار كاریشمان بۆ كردووە هەر كاتێك ئەوە تەواو بوو رای دەگەیەنین لە تەلەفزیۆنێ وەكو پار پێشینەش دەدەینە ئەوانەی كە بەپێی جۆری باش كە ئێمە پێویستیمان پێ دەبێت و رایدەگەینین دەكەین ئەوانە وەردەگرین پاشانیش لەوانەیە رەزامەندی بكەین خەڵك ئازادە بۆ دەرەوەی هەرێم بۆ كوێی دەبات دەتوانێ توتنەكەی خۆی بفرۆشێ خۆ ئێمە قەدەغەمان نەكردووە، بەڵام هەوڵ دەدەین ئەوەی كە لە توانای ئێمەیە بەكاری بێنین بۆ كڕینەوەی توتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر، کاک مەمەند ئەگەر چ موداخەلەیەک هەیە.

**بەڕێز مەمەند محەمەد ئەمین بابەکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی وەزیر دەفەرمێ دەڵێ جێگامان نییە، بێگومان توتن جێگای زۆر دەوێ ئەگەر پشت بە جێگای خۆیان ببەستن، بەلام دەتوانن جێگا بەکرێ بگرن خانوو وشت بەکرێ بگرن بۆ ئەوەی تووتن و بگرە گەنمیش لێ دابنێن لێ دابنێن وئیشەکانیان رانەوەستێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک مەمەند، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ توتن لەوانەیە جەنابیشی بزانی جارێ عەمباری تایبەتی دەوێ کە لێی دابندرێ کۆگای گەورەو تایبەتی دەوێ ئەو جۆرە کۆگایانە بۆ کرێ نییە، هەموو خانوویەک دەست نادات، ئەوەیەک، دووش ئەو برە هی ئەوە نییە لەخانوو جێی ببێتەوە ئەگەر رۆژێک جەنابیان بێن پیشانیان بدەم عەمبارەکە بەچاوی خۆیان ببینن ئەو کاتە توقع دەکات کە چ جۆرە کۆگایەکی دەوێ بەلام ئێمە کە دەڵێم جێگامان نییە لەوانەیە بایی ئەو برەی کە خۆمان پێویستیمان پێیە بۆ کۆتایی ساڵی ١٩٩٩ بەتەواوی جێگای دەکەینەوە، بەلام زیادەکە هەر دەبێ رەوانەی بازار بکرێ وچونکە کارگە توانای سنووردارە سەبارەت بە جێگاش ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هێڵە سنوریە هاوبەشەکان لە نێوان دەوڵەتاندا نەخاسمە ئەگەر سنوری ئاوی بێت، زۆر گرنگی پێدەدرێت هەوڵی زۆر لەپێناو پارێزگاری کردنی لەنەگۆڕانی دەدرێ، چونکە ئەو سنورانە هەموو دەمێک بە هۆی ئاوی لافاو هۆکارە سروشتیەکانەوە هەرەشە لێکراون بۆ تێکچون، سەرەڕای ئەوەش دەوڵەتان هەوڵ دەدەن دەست کاری و کارکردن لەو خاڵە سنوریانە نەکەن تاکو گیروگرفت لەنێوانیاندا پەیدا نەبێت. ئێستا ئەگەر سەردانی هێڵی سنوری هاوبەشی نێوان هەرێمی هەردوو دەوڵەتی هاوسنوری (تورکیا و سوریا) بکەین دەبینین کانە بەردی زۆر لەو ناوچەیە پەیدا بووینە، بەردەوام کەرستە و کەڵ وپەلی بیناسازی لێ دەگوازنەوە، هەر لەخاڵی سنوری ئیبراهیم خەلیل تا دەگاتە رووبارەکانی ژێر دەسەلاتی عێراق بەدرێژایی ٢٠ کیلۆ متر ئەوەش دەبێتە هۆی گۆڕینی هێڵی سنوری هەروەک دەزانن سنوری ئاوی پانتاییەکی زۆری داپۆشیوە، چەندەها دۆنم زەوی

لەناو خاکی هەرێمدا ژێر ئاو کەوتووە، گومانیش لەوەدا نییە کە ئەوە زەرەری زۆری هەیە، لەوانەیە چەند کەسانەک سودی لێ وەربگرن، بەلام ئەو سودەی ئەوان لەسەر حسابی هەزاران کەسە. راستە مافی وانە کەحکومەتی هەرێم بەدیلێکیان بۆ بدۆزێتەوە نەخاسمە لەرۆژگاری ئەمرۆماندا کە کارە خزمەتگوزارییەکانی کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێم پێویستی بەکەرستەیەکی زۆر هەیە بۆ ئاوەدان کردنەوەو جێبەجێ کردنی پرۆژەکانی. پرسیاری من بۆ وەزیری پیشەسازی ئەوەیە: ئایا ناکرێ بەدیلێک بۆ پەیدا کردنی ئەو کەرستانە دەستەبەر بکرێ بۆ ئەوەی هێلە سنوریەکانی هەرێم نەگۆڕدرێن و زەویی وزاری هەرێم زەرەرمەند نەبێ؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک د.رزگار، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس ئێمە سەبارەت کانەی بەرد رێنمایی تایبەتیمان هەیە کە (مقلع) دەست بکات بە ئیش و لیژنەیەکی تایبەتیشی هەیە لە وەزارەت دەردەچێ کەشفی شوێنەکە دەکات هەمووی پسپۆرن بەتایبەتی جیولۆجی ئێمە لیژنەیەکمان بۆ ئەم مەبەستە بۆ ئەم ناوچە سنوریە کە باسی دەکات پێک هێناوە لەبەڕێوەبەری گشتی نەوت وکانزاکان بەخۆی کە پسپۆری جیولۆجی یە هەروەها لەبەڕێوەبەری گشتی رێگاوبان کاک (دلنیا) ئەویش هەر پسپۆری جیولۆجی یە هەروەها نوێنەری پارێزگای دهۆکیش چوون چەند جار سەردانی شوێنەکەیان کردووە کە ئەو شتە راستەو دەبینی لەسنووری لای خۆمانی زۆر خواردووە ئیشەکە کراوە پاش ئەوەی کە کەشف کرا چەند جار چوونە وێ لەگەڵ پارێزگار دانیشتن وئێمە بەلای خۆمان باشە ئەگەر بێ لەو بەردە گەورانەی کە دەردێن لە ئەنجامی ئەو شتانە دیوارێکی بەردی بکەین هەر چەندە پارێزگای دهۆک پێم وایە پێشنیاریان کردووە کە دیوارێک دروست بکەن، بەلام بۆ دیوار دروست کردن لەوانەیە حکومەتی سوری رازی نەبێ، بەلام لەبەردەکەی خۆی دەتوانی دیوارێک دروست بکەی بەردە گەورەکان لەبۆ ئەوەی نەهێڵی بەناو خاکی ئێمە دابێ لەبۆ زانیاریتان ئێمە تاکو ئێستا لەوەزارەتی پیشەسازی یەک مۆڵەتی رەسمیمان نەداوەتە ئەو کانانە کە لەوێ ئیشیان تیا کردووە، بەلام ئەو کانگانە پێویستە لەبۆ ئەوەی کە بزاوێکی ئاوەدانکاری وبونیادنان هەیە، بەلام نەک لەسەر حسابی ئەوەی عەرزەکە بخوا، چارەسەری ئەوە باشە کە ئەو دیوارە بکرێ بەو بەردە گەورانە و زیاتر نەهێڵی بروخێ و هەرەس بێنێ و گفتوگۆ لەگەڵ پارێزگاری دهۆک بەردەوامە کە سنوورێک بۆ ئەم کارە دابنرێ ئەگەر بەرژەوەندی گشتی ئەوە بێت کە کانەکان بەیەکجاری راوەستێ ئەوە داوا دەکەین لە پارێزگاری دهۆک کە رایگری، ئەگەر بەدیلی ئەوە نەبێ کە لەوێندەرێ ئەو چەوە دەردێن ئەگەر لەشوێنێکی تر بەدیل هەبێ، ئەگەر ئەوە چارەسەری بەرژەوەندی گشتی بێت، ئەگەر نا بە پێشنیاری ئەو برادەرانەی پەرلەمانیشمان بۆ بێتن بەڕێزان ئەندامی پەرلەمان کە شارەزانە لە ناوچەکە ئەوان چ بە

بەرژەوەندی گشتی دەزانن و پێشنیاری ئێمە ئەوەیە کە دیوارێکی باش بکرێ لەو بەردە گەورانە سنورێک داندرێ و زەویەکەدا نەخورێ و دەتواندرێ چونکە ئاوەکە کە دێت دەیرمێنێ، ئەگەر پێشنیاری تریش هەیە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەین ئەوە هەیە ئەوەی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر، فەرموو کاک د.رزگار.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بۆ وەزیری پیشەسازی و وزە کە دانی بەگوتنی ئێمە لەگۆڕینی هێڵە سنوریەکان نا ئەو پێشنیارەی جەنابیان کردیان باشە و لەجێی خۆیدایە، دەڵێ ئێمە مۆڵەتمان بەکەس نەداوە کە کانە بەرد لەوێ دابنێن، دەڵێم ئەوە راست نییە، چونکە هیچ هاولاتیەکی خاوەنی ئەو کانە بەردانە بەبێ مۆڵەت ئەوکارە ناکەن و مۆڵەتی دەست نووسیان لەلایەنی رەسمیەوە هەیە و هەموو باجی رەسمی بەو لایەنانە حکومیە دەدەن. هەر هاولاتیەک بیەوێ کانی بەردی(مقالع) لەوێ دابنێ بۆ خۆی دوو دۆنم زەوی بەکرێ دەگرێ و پارە دەداتە لایەنی حکومی، یان هاوولاتییێک کانی بەردی دادەنێت بۆ خۆی دوو تا سێ دۆنم ئەکرێت و پارەکەی دەداتە حکومەت و ئەگەر لەسنوور دەرچوو ئەوا سزا دەدرێت و چەندین جار ئەو کەسانەی کە سنوور دەرچوونە هاتوونە سزادان جا یان کەس با کانی بەرد دانەنێت یان ئەگەر هەیە با هەمووی ڕەزامەندی هەبێت.

دووەم: دانانی دیوارێک لەسەر لێواری ئاوەکە زۆر باشە ئەگەر هیچ ڕێگا چارەیەک نەبێت، چونکە لەوانەیە تارادەیەک زیان کەم بکاتەوە، چونکە رووباری دیجلە زۆر گەورەیەو کاتی وەرزی بەهار ئاوەکەی زۆر زیاد ئەکات هیچ شتێک خۆی لەبەر ڕاناگرێت و بۆ زانینتان کاتی خۆی حکومەتی عێراق مۆڵەتی بەکەس نەدەدا کە کانی بەرد دابنێن و نەیدەهێشت تەنها یەک قەلابەی خۆڵ لەوێندەر ببردرێت.

ڕاستە من ناڵێم سوودی نییە بەڵکو سوودی هەیەو ئەو کەرەستانەی کە لەوێ هەڵدەگیرێ قازانجی هەیە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە زیانی هەیە، چونکە دەبێتە ئەگەری ئەوە کە سنوور بگۆڕدرێت لەسەر حیسابی خاکی هەرێم و من لەو باوەڕەدام کە ئەو ڕووبارانەی ئێمە هەمانە بۆ پەیدا کردنی بەدیل لەوانەیە هەندێ زەحمە بێت بەڵام هەر دەبێتە بەدیل.

بەڵام ئەگەر بڵێین پێویستی بە ڕەزامەندی هەردوو لایەنە هەیە بۆ دانانی دیوار ئەوا من بە پێویستی نازانم چونکە ئەبێتە پروسێسەکی درێژو پڕ گرێ و کاتی خۆی لە کۆمەڵگای ئیبرهیم خەلیل دیوارێک هاتە دروست کردن تاوەک ئاوی ڕووبار نەهێتە ناو کۆمەڵگاکە.

بۆ ئەمڕۆ ئەمە بکەین و بەتایبەتی لەناو خاکی خۆمان کار دەکەین، ئەگەر هیچ بەدیلێکمان نەبێت وەکو جەنابی وەزیر گوتی ئەوا بەردی گەورە دابنێین لەسەر لێواری ئاوەکەو تاوەکو زیاتر بەناو خاکی ئێمەدا نەیەت و من جەخت لەسەر بەدیل دانان دەکەمەوەو ئەگەر بکرێت سەردانی دەڤەرەکە

بکرێت ئەوا ئەو ڕاستیە زیاتر ڕوون ئەبێتەوەو ئەو زیانە زیاتر بەدیار ئەکەوێت، جا هیوادارم ئەم بابەتە ببێتە جێگای بایەخ و گرنگی پێدان و خەمی بۆ بخورێت و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالەح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، من پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەی بدەمەوە ئەوان لەکوێ مۆڵەتیان وەرگرتییە حەز دەکەم بزانم لەوەزارەت یان لە پارێزگا، بە بۆچونی خۆم مۆڵەتم نەدایە وئیمزام نەکردیە، چونکە مۆڵەت دان لە وەزارەت دەردەچێ. ئەو دەڵێ نەء مۆڵەت دراوە دەمەوێ بزانم بە ئیمزای کێ.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پارێزگار یان قایمقام نوێنەری حکومەتە ئەوان پارەو مۆڵەت بەو لایەنانە ئەدەن سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالەح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاگاداری هەموو خاڵەکی ئیشەکانی وەزارەتی خۆمم هەر ئیمزایەکی بکەم هەر مۆڵەتێک بدەم دەزانم بۆ کێم داوە، ئەو کانانەی کە مۆڵەتیان لە ئێمە وەرگرتییە هەتا ئەو کارگانەی کە دێن مۆڵەت وەردەگرن کە مۆڵەتی ڕەسمیان تەئیکد دەکەمەوە لەم ڕۆژانە کە کێندەرە و کێندەر نییە بەڕێگای لیژنە من وتم لەلایەن ئێمەوە مۆڵەتی ڕەسمیان وەرنەگرتووە هەر لایەنێک لەلای ئێمە وەرنەگری و لایەنێکی دیکەش دەسەڵاتی لەوەزارەت وەرنەگرتبی بۆ مۆڵەت پێدان ئەوە بە کارێکی شەرعی دانانرێت یەعنی بەشتەکی ڕەسمی و یاسایی ناژمێردرێ، جا بوورە لەبەر ئەوە ئێمە ئەو لیژنەمان نارد لەوەزارەتەوە پێکمان هێنا کەبچن، ڕەسمی شوێنەکانمان وەرگرتووە فۆتۆغرافی دامان نایە کە چەند (زەحف) کرایە بۆ دیوارەکە چارەسازی و دیراسەمان کردیە، خەڵکی پسپۆرمان ناردیە ئەو پێشنیارەی وەزارەت کە بەو بەردە گەورانە ئەوە سنوورێک دادەنێ و نایەلی داخورێ، وردە وردە بەردە گەورەکان دێن زەویەکانی خۆمان یەکسەر دەگەڕێنەوە نایەڵێ زیاتر بخشێ (زەحف) بکات چارەیەکی زۆر باشە جا من گووتم ئەگەر چارەیەکی لەوەش باشتر هەیە ئێمە خودانی دەکەین ئەگەر پێشتان باشە هەر بەیەکجاری رایدەگرین بۆ ئەوانەی ئێوەش نوسراوێک دەکەین دەڵێین ئەوە بەرژەوەندی گشتیی یە رایدەگرین، بەڵام ئەوەی لەلایەن وەزارەتەوە موافقەی لەسەر نەکراوەو ڕەئی ئێوەش وەرنەگیراوە لەبۆ زانیاریتان زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر تەنها یەک تێبینی هەیە ئاوی دیجلە ئەگەر لەکاتی بەهارو وەرزی لافاو بەردی گەورەش دابندرێ دەبیا وەکو برادەران لە دهۆک دەڵێن لەبەرئەوە ئەگەر جەنابی وەزیر سەردانێکی بکردایە و بزانێت وەزعەکە چۆنە، عادەتەن کەشت گەیشتە رادەی ئەوەی کە زەرەر مەند بێت بەسنوورەکان زەرەر مەند بێت بە جادەو بەزەویەکانی کشتوکاڵی بەقەدەغەکردنی چارەسەردەکرێ یان بە بەدیلی تر، ڕووبارو ڕووبارۆکیش لەکوردستان زۆرن بایی ئەوەندە جێگەمان هەیە کە بچن چەوو زیخ و شتی لێ پەیدا بکەن، ئەگەر جەنابی وەزیر سەفەرێکی بکردایە بۆخۆی تەماشایەکی بکردایە دوایی ئەگەر بریارێکی لەسەر بدرایە لەوەیە ئەو مۆڵەتانەی وەکو جەنابی د رزگار ئاماژەی بۆ کردلەلایەن وەزیری پیشەسازی یەوە نەبێت، لەوانەیە لەلایەن وەزارەتێکی ترەوە بێت بۆیە باشە ئەو بابەتە جەنابی وەزیر تەبەنی بکات وەسەردانێکی مەیدانی ئەو ناوچەیە بکات وەئەندامانی پەرلەمانی ناوچەکەش لە خزمەتیابن بۆ ئەوەی ئەگەر دیراسەی ئەو وەزعەش کرایەوە بەشێوەیەکی رێک و پێک چارەسەرێکی بکەن، سوپاسی بەڕێزان کاک ئیبراهیم سەعید و کاک مەمەند ئاغاو کاک د رزگار دەکەین وە سوپاسی جەنابی وەزیری پیشەسازی و ووزە ئەکەین بۆ وەڵامەکانی

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس پێشنیارێکی باشە من ئامادەم ئەگەر بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەوی لەو ناوچەشن ئامادە بن لەگەڵما بێن هەر رۆژێک دانێن ئێمە لەماوەی هەفتەی دادێ سەردانێکی ئەو ناوچەیە دەکەین هەر چەندە ئەمن لە سەرەتا بۆ خۆم نەچووم، چونکە پسپۆرم نارد لەراستیدا ئەوەی کە لە جیۆلۆجیە هەروەها لەکشتوکاڵیش واتە لەوەزارەتی کشتوکاڵ ئەوەی تەئثیر لەسەر حالەتی کشتوکاڵ وزەوی یەکانی کردووە ئەوەی کارگەری لەلایەنی جیۆلۆجیش کردووە لەهەموو تایبەتمەندییەکانم نارد بۆ ئەوەی ئەوان راپۆرتی خۆیان فەنیەن بەرزکەنەوە بۆمن بۆ ئەوەی منیش پێشەکیەکم هەبێ ئەوجا بچمە وێندەرێ لەکۆتایی دا سوپاسی بەڕێزتان و ئەندامانی پەرلەمان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ وەڵامدانەوەت سێ برادەر دەتوانن پرسیار بکەن جەنابت ئازادی لەوەڵام دانەوەی یاخود دواخستنی. کاک رەجەب بابفەرموێ.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەییب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر هیوایکی دا کە لە داهاتوودا هێلێکی کارەبا دەبەن بۆ دهۆک ئەو هێلەی کە لەخەلیفانەوەیە، وابزانم ئەگەر هاتوو لە پیرسێ بچێتن منطقە نەهلێ و بەرووژو نزارو بارزان و بلەو رێزان و ئاکرێش سوودی لێدەکات، ئەمە لەلایەک ئەگەر بکرێ هەندەک نەفەق هەنە لە

بێخمه ئایا ناتوانین یەک دوو نەفەق سوودی لێ ببینین، ئەگەر کەمیش بێتن، بەڵام دەڤەری ئاکرێ و هەریر ئەتوانن سوودێ لێببینن لەگەڵ ڕێزو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک بورهان جاف فەرموو.

**بەڕێز بورهان علی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر مۆڵەتم بدەی من دوو پرسیارم هەیە یەکەمیان دەربارەی بەنزین و نەوت و غازە، وەکو ئاشکرایە بڕێکی باش نەوت وبەنزین و غاز لەلایەن حکومەتی مەرکەزییەوە دێت بۆ کوردستان بەنزین و نەوت ئەبینین دابەش ئەکرێ تەنیا نەوتەکە بەسەر بریکارەکان دابەش دەکرێ، بەڵام نەمان بینیوە غاز دابەش بکرێ نازانم هۆکاری ئەوە چیە ئەگەر کەمیەکەش وانەبێ کەم بێت هەر دابەش کردنەکەی شتێکی باشەو زۆر سوپاس. ئەوە یەک دوو پرسیاری دووەممان دەربارەی ئەزمەی ئاو لەشاری هەولێر، ئەزمەی ئاو لەشاری هەولێر تارادەیەک زۆر فەرقی کردووە لەگەڵ ساڵانی پێشو بەرەو چاکتر ئەڕوات وەزارەتی پیشەسازی پار هەوڵێکیان دا وابزانم پارەشیان تەرخانکرد بۆ ئەوەی بیرەکان بیری ئاو ببەسترێتەوە بە کارەبای هەمیشەییەوە هەندێ بیریان پەیوەستکرد هەندێکی وابزانم تاکو ئێستا نەبەستراونەتەوە، جا نازانم بەڕێز وەزیری پیشەسازی و ووزە دەربارەی ئەوە چی هەولی تر کراوە بۆ ئەوەی باقی بیرەکان ببەسترێتەوە بەکارەبای هەمیشەییەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ کاک بورهان جاف، مامۆستا مەلا مەحمود دێرشەوی فەرموو.

**بەڕێز مەلامەحمود فندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە هەموومان دەزانین پێشکەوتنی هەر میللەتێک پەیوەستە بەپێش کەوتنی پیشەسازی و کشتوکاڵی ئەو میللەتە، ئەگەر بەبیری جەنابی وەزیر بێت(تەنیا پرسیارێکی زارەکیم هەیە نەک پرسیاری رەسمی ،ناوچەی کوردستان کوردستانی عێراقم مەبەستە کە کشتوکاڵیە،لەکشتوکاڵیش سودێکی زۆر گەورە لە گوڵە بەڕۆژە وەردەگیرێ ئەگەر هەندێ کارگەو فابریکە بهێنن بۆ دروست کردنی رۆنی رووەکی، هەم میللەت سوودی لێ وەرگرێ و هەم حکومەتیش، لەکاتی خۆشی جەنابی وەزیر ئەوەی گەلێک بەپەسەند بینی، رەغبەتی لەسەر نیشان دا، ئایا هەوڵ دراوە بۆ پەیدا کردنی هەندێ کارگەی لەم جۆرە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پرسیارەکەی جەنابت ئەوەیە، ئایە وەزارەتی پیشەسازی یان حکومەت هەوڵی داوە هەندێ کارگە یان فابریکە بۆ دروست کردنی رۆنی رووەکی بۆ کوردستان دابین بکات؟

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس ، فەرموو کاک د. ئیدریس و جەنابیشتان ئازادن کە وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە ئەگەر بۆی ئامادەن و ئەگەر خۆیشتان بۆی ئامادە نەکردووە ئەوا ئەتوانن وەڵامی نەدەنەوە دوای بخەن.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەربارەی پرسیاری کاک ڕەجەب و، سەبارەت بەو هێڵەی لەنێوان هەولێرو دهۆک بێگومان ئێمە هەوڵ دەدەین ئەو پرۆفایلەی کە دانراوە و پسپۆران دراسەتیان کردووەو پشت بە چەند شتێک دەبەستێت، یەکەم: دەبێ ئەو ڕێگایە مناسب بێت کە پێی دادەڕوات و ئیشی لێ بکرێت و بتوانیت تەوەرەکانی لێ چەسپ بکرێت و ڕێگایەکی زۆر شاخاوی نەبێتن، دوو: ئەوەی ڕەچاو کراوە کە بەو شوێنانە بڕوات کە زۆرترین شوێن سوودی لێ وەربگرێت و ئەوجا هێڵەکە چۆن دەڕوات و چۆن دەبێت ئەوا دیراسەت هەیەو جەنابیان ئەتوانن بێن تەماشای بکەن، لەوانەیە زۆربەی ئەو جێگایانە پێیان دا ڕۆیشتووە هەندێ جێگا مومکین نەبووە و ئێمە دەتوانین دووبارە چاوی پیا بگێڕینەوە ئەگەر زۆر کار نەکات، چونکە هێڵەکە ئەبێ یەکەم بزانین بەکەمترین کولفە بێت و لە جێگایەک بێت کە بتوانرێت کاری لێ بکرێت، چونکە هەندێ جێگا هەیە شاخاویە ناتوانیت تەوەری لێ دابنێیت، وە هەوڵی ئەوە دەدەین بۆ ئەوەی ئەو جێگایانەی کە پێی دا دەڕوات سوودی لێ وەربگرن.

سەبارەت بە پرسیارەکەی یەکەمی کاک بورهان، دابەش کردنی غاز ئێمە غاز وەکو نەوت دابەش دەکەین لەسەر وەکیلەکان و ئەوانیش دابەشی دەکەنە سەر خێزانەکان و وابزانم خێزانیش هەیە وەری گرتووە، بەڵام زۆر بەسستی دەڕوات. خۆی دابەش کردنەکە هەیە من دەزانم، بەڵام ڕۆژێ حەوسەدمان بۆ دێ نزیکەی حەوسەد حەوسەدو پەنجا ، قنینەکان سەرەکانیان ئەوەندە خراپە ڕۆژێک دەمێنێتەوە خراپ دەبێ و نیوەی غازەکەی بەتاڵ دەبێت و ئێمەش ڕۆژی وا هەیە نزیکەی (٥٠)تا(١٠٠) قنینە بە زەرەر دەدەین، ئێمە هەموو مانگێک نزیکەی (٢٠) هەزار قنینە ئەمە چالاکیمان بۆ دێ و ئەگەر پێتان باش بێت هی وەزارەت چۆن دابەش دەکرێ مانگانە وێنەیەکی بە ئێوە دەدەین و ئێمە دەینێرین بۆ ئەنجومەنی وەزیران و ئەوانیش بۆ ئێوەی بنێرن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێداویستی هەولێر چەندە ئەگەر ئێوە زانیاریتان هەبێت.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێداویستی هەولێر زۆرە، ئێمە (١٤٠٤) وەکیلمان هەیە لە ناوەوەی هەولێر، وە هەزار وپێنج سەد مان هەیە لەچواردەورەی هەولێر، ئەوانە هەموو دەیاندرێتێ واتە تەنیا مەرکەزی پارێزگا نییە. دووسەد هەزار خێزان دەبێت و تۆ حەوسەت دانەت بۆ دێ و تۆ دابەشی بکە تاوەکو بزانیت ڕۆژێ چەند دانەی لێ دابەش بکەیت، وە چۆنی دابەش دەکەیت و بەشی چەندت دەکات، واتە سالێ ئەگەر جارێک بەبەرت بکەوێت، ئێستا هەولێکی زۆر دراوە کە بەشی دهۆک زیاد بووە لەغاز وە سەبارەت بە شاری هەولێر ئێمە کارگەی غازمان هەیە و، کارگەکە چاککراوەتەوەو داوامان کردووە غازی (سائل) مان بدرێتێ تاوەکو ئێمە خۆمان ئامادەی بکەین، هەتا قنینەکانی غازیش لێرە چاک بکرێتەوە، چونکە ئێمە لێرە قنینە چاک دەکەینەوەو ئەو قنینانە دەچنە موسڵ و، لەوێ قنینەی خراپمان بۆ پڕ دەکەنەوەو بۆمانی دەنێرنەوە، بەڕاستی ئێمە ناتوانین قنینەی عێراق هەمووی چاک بکەینەوە، واتە ئەوەی ئێمە چاکی دەکەینەوە ئەوان هی خراپمان بۆ دەنێرن، بەلآم ئەگەر هی خۆمان بێت و لە کوردستان نەچێتە دەرەوە، کە نزیکەی بیست تاوەکو بیست وپێنج هەزار قنینەمان هەیەو توانامان هەیە بەخۆمان هەر لێرە چاکی بکەینەوەو ئەو قنینانە تازە دەبنەوەو ئێمە کاتی کە دابەشی دەکەین هەر بەتازەیی دەمێننەوەو هەر تازەکەمان بۆ دێننەوەو خراپ نابێت.

بڕیار وایە بڕێک لە غازی سائل مان بۆبێت بەلآم تا ئێستا نەهاتووە ئەگەر هات ڕۆژێ دەتوانین لەو حەوسەت دانەیە بیکەین بە دووهەزار قنینە، کە بووە دووهەزار قنینە خەلکی زیاتر بەبەری دەکەوێت و سرەکە زووتر دێتە پێش، ئەمە هۆی ئەوەبووە کە نەمانتوانیوە غاز وەکو نەوت دابەش بکەین، بەڕاستی ئەو بەرنامەی کە ئێمە دامان ناوە وە (مستودع) مان هەیە و هاوین دابەشمان نەکردووەو هەلمان گرتووە، ئەگەر نا ئەو برە نەوتەی کە دێت بۆمان ئەویش بەشمان ناکات بەلآم ئێمە هەلی دەگرین تاوەکو بەشمان بکات، ئەگەر نا ئەبوایە وەکوغازەکە بە سرەیەکی زۆر بڕۆشتبایە، بەلآم ئێمە کە هاوین هەلی دەگرین لەگەل ئەو برەی کە ڕۆژانە پێمان دەگات ئێمە ڕۆژانە بە بڕێکی سێ بەرابەر دابەشی دەکەین بۆ ئەوەی بتوانین تا مانگی ١٢هەموو خێزانێک برە نەوتی خۆی دەست کەوتبێت، ئەوە سەبارەت بە دابەش کردنی نەوت و غازە.

سەبارەت بەپرسیارەکەی کاک مەلا مەحموود، زۆر ڕاست دەکات کوردستان ناوچەیەکی کشتوکالیەو پێویستی بەهەندێک کارگە هەیەو ئێمەش مشووری ئەوەمان خواردووەو ئێمە یەکێک لەو کارانەی کە کردوومانە بەتایبەتی لە بڕیاری ٩٨٦و فیسی چوارەم گرنگی بە پیشەسازی خواردەمەنی بدەین ئەوەی کە پەیوەندی بە کشتوکال و پیشەسازی هەیە و، پیشەسازی خواردەمەنی مەبەستم لە ئاوی تەماتەو ڕۆنی ڕووەکی و پیشەسازی سپیاتی(ئەلبان)ـە، ئەمە توانیومانە بڕێک پارە تەرخان بکەین لە ٩٨٦بۆ ئەم مەبەستە و یەک لەوانە ئێستا کارگەی

لەقوتونانی هەریرەو بۆ فراوان کردنی هێڵێکی تەماتەی بۆ زیاد دەکەین و ڕۆژانە ئێمە دەتوانین لەنێوان ١٤٠تا ١٥٠تەن تەماتە بۆ ساڵی دابێ لە جوتیاران وەربگرین، وە ئەمە وەکو قوتی(توسان) موعەلەب بە پلە یەک دەبێت و نەک بە پلەی دوو و سێ و بەڵکو بە پلەیەکی چاک دەبێت.

هەنگاوی دووەم، ئێمە فراوانی دەکەین و دەیکەین بە (ئەلبان) چونکە بەڕاستی پیشەسازییەکی گرنگە و زۆر چاکە ئەگەر ئیمە بتوانین سوود لە پیشەسازی ئاژەل وەربگرین، وە هەروەها دەمانەوێ لە دهۆک و سلێمانیش بەهەمان شێوە بێ، چونکە پیشەسازی کشتوکاڵی یەکێکە لەو پیشەسازییانەی کە هەم جوتیار دەبوژێنێتەوەو هەم پیشەسازی و کشتوکاڵ بەرەو پێش دەبات، وە ئیمە وەکو هەنگاوی یەکەم دەستمان پێکردووە، چونکە ئەو کارگانە بە توانای خودی خۆمان ناکرێت، دەبێ ئەو مەوادو ئامێرانە هەمووی لەدەرەوە بێت، خۆشتان دەزانن ئێمە ئەو توانایەمان نییەو نە بە ئێمەش ئەو ئامێرانە دێت، لەبەر ئەوەی خستوومانەتە نێوبریاری ٩٨٦ـەوەو ئامانجیشمان ئەوەیە خەڵکی خۆمان لە بارێکی لەکار کردن (ئیستهیلاک) بێنینە بارێکی بەرهەم هێنەرو، ئەوە ئەو ئامانجەیە کە ئیمە کارمان بۆی کردووەو کارێکی زۆری بۆ کراوەو هەروەها پەیوەندی بە کۆمپانیاکانیش کراوەو هەروەک وەزارەتی ئیمە کاری کردووەو زانیاری کۆکردۆتەوەو لەسەر کارگەی ڕۆنی ڕووەکی و لەسەر کارگەی ئەلبان لەسەر کارگەی پیشەسازی خواردەمەنی دۆشاوی تەماتەو دۆشاوی مرەباو ئیستا کارگەکە بە توانای خۆمان کار دەکات و ئەو ساڵ شەربەتی ترێمان دروست کردووەو ترێی ئەو ناوچەیەمان هەمووی کڕیوەتەوەو ساڵێکی تریش تەماتە بەهەمان شێوە دروست دەکرێت.

سەبارەت بە (بێخمە) ببورە من باسم نەکرد ئەوەی بچێت بۆ بێخمەو ببینێت ئەزانێ ئاسان نییەو برێکی پارەی زۆری دەوێت بۆ ئەوەی سەر لەنوێ دروست بکرێتەوەو خۆتان دەزانن دوای ڕاپەرین چی بەسەر هات، ئێمە بەرنامەیەکمان هەیە کردوشمانە بۆ ئەو گوندانەی کە مەساقەتی ئاویان هەیە کە بتوانین هێڵێکی کارەبا بەلایەنی کەم بۆ ئەوجێگایانەی کە ئاوەدان کراونەتەوە بۆیان مسۆگەر بکەین کە سوولاوو (تۆربین و موەلیدات) دروست بکەین ئیستا یەک لەوانە پرۆژەی ئازادیمان لەبەر دەست دایە وەکو ئەوەی (ناوپردان) هی (ڕەش دوورەو) چەند جێگایەکی ترە ئەو جێگایەی کە سوولاوی هەیەو خەریکین تەواوی دەکەین بەڵام لەبەر بارودۆخی سیاسی ناهەموارو لەبەر ئەو شەڕەی پەکەکە کە هەموو شتێک ویران دەکات لەو شوێنانە ئیمە پرۆژەیەکمان دروست کردبوو لە ناوچەی ئازادی کە دەستی پەکەکەی گەیشتێ بە بۆری و هەموو هێڵەکان هەموویان تێک دا، ئەوە لە کارە تێکدەرەکانی ئەوانە چۆن پردو شتی تر تێک دەدەن و وێران دەکەن ئەوانەش بەر شالاوی ئەوانە دەکەون، لەبەر ئەوە نەمانتوانیوە لەو جێگایانە وەکو پێویست ئەو پرۆژانە دروست بکەین بەڵام هیوادارین و وردە وردە و لەبەرنامەی ئیمە دا هەیە، کە دروستی بکەین و دروسیتشی دەکەین و، ئەوەی بێخمەش برە پارەیەک و توانایەکی زۆری دەوێت و ئێمە

هەوڵ دەدەین لەداهاتوو بەبێ گومان سوودی لێ وەربگرین بۆ بەدەست هێنانی وزەی کارەبایی، ئێمە داوامان کردووە دوو وێستگەی (کەهرۆ حراری) لەدهۆک و هەولێر دروست بکرێت چونکە وێستگەکانی (کەهرۆ مائی) دەبێ یارمەتی بدرێت بە وێستگەی بوخاری و ئەوە لە عێراقیش ئەو هایە کاتی خۆی کەهەولێر لەسێ وێستگەوە کارەبای پێ دەگەیشت کە لەکەرکووک و دبس و موسڵ دەهات و ئەو کاتەی کە وێستگەی دوکان لە چاککردنەوە دابوو کارەبای ئەوێ دەبڕا، بەڵام کارەبای کە لە دبس دەهات خەتی (کەهرۆ حەراری) وزەی کارەبای ئەبەخشی بە هەولێر، بەڵام ئیستا ئەو بارە نەماوە و کوردستان تەنها وێستگەی کەهرۆ مائی ماوەو کە پێویستت بەچاککردنەوە دەبێت، ئێستا لەمانگی ١٠ئێمە پێویستیمان بە چاککردنەوە هەبوو وێستگەی دوکان بەتەواوەتی دەکوژایەوە لەبەیانی تاوەکو کاتژمێر١٢ نیوەڕۆو ئێمە هێڵێکمان لە دەربەندیخان وەرگرتبوو، کە وزەی پێدەداین (وحدە)یەک لەوێ کاری دەکرد کە هەولێر بە ڕۆژ کاربای وەردەگرت لەبەر ئەوە ئەو کەم بوونەوەیە ڕووی دا، ئەو دووهێڵەی کە بەهاوتەریبی (موازی) دێتە هەولیر، ئیمە (چاککردنەوەمان)لەسەری دەکرد بۆ ماوەی مانگێک و هەروەها هێڵی بەنداوی دوکانیش چاککردنەوەی لەسەر دەبوو و ئەگەر وێستگەیەکی بوخاریمان هەبووایە دەمانتوانی ئەو وزەی کارەبای کە لەوێ دەهات تەعویزی بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ وەزیری پیشەسازی بۆ ئەو وەڵامانەی و سوپاس بۆ ئەندامانی پەرلەمان و بۆ ئەو پرسیارانەو دانیشتنەکەمان لێرە کۆتایی پێ دێت و جارێکی تریش سوپاسی هەردوو بەڕێزان وەزیری پیشەسازی و وەزیری شارەوانی وەسوپاسی ئەندامانی پەرلەمان ئەکەین و ئەوانەی کە پرسیاریان کردووەو ئەوانەی بەدواداچوونیان هەبووەو داوای سەرکەوتن بۆ هەموولایەک ئەکەین و دانیشتنی داهاتوو سبەی کاتژمێر ١٠ی بەیانیەو دانیشتنی ئەوڕۆمان کۆتایی پێهات، سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(٨)

## چوار شەممە ڕێکەوتی ٤/١١/١٩٩٨

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(٨)

## چوار شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/١١/٤

***کاتژمێر(١١)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی١٩٩٨/١١/٤ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی، سکرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە(هەشت)ی خولی ئاسایی دووەمی ساڵی(١٩٩٨)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنرا، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***«بەرنامەی کار»***

***بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی ماددە(٢٠) لە پێڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراودا، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە(٨)ی ئاسایی خۆی لە کاتژمێر(١١) سەر لە بەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/١١/٤دا بەم شێوەیە بێت:***

***١ـ گفتوگۆ کردن لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەومیهرەبان، دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکات، دانیشتنی ژمارە(٨)ی ١٩٩٨/١١/٤، بەرنامەی کاری ئەمرۆمان خاڵێکە ئەویش گفتوگۆ کردنە لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی خزمەتگوزاری گشتی وتەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی. وەکو ئەزانن ئەمرۆ چوارشەممەیە وچوارشەمموانیش تەرخان کراوە بۆ ڕاپۆرتی لیژنەکان وەکو ئەڵێن(القراءة الثانیة) بە ئامادەبوونی جەنابی وەزیر و جەنابی وەزیری تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی تەشریفی هێنا بۆ ئێرە، بەخێرهاتنی دەکەین، کاتی خۆی لیژنەی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی ڕاپۆرتێکیان ئاراستەی سەرۆکایەتی کرد وئێمەش ناردمان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە وێشەوە درا بە وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی کە تێیدا دەست نیشانی هەندێ گیروگرفتیان کردووە لە چوارچێوەی وەزارەت، وچەند پێشنیارێکیشی تێدا کراوە، بێگومان لەو ماوەیەدا چەند دانیشتنێک کراوە لەلایەن لیژنەی تەندروستی پاشانیش

لیژنەی خزمەتگوزاری و تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی دوای ئەوەی تێکەڵمان کردن، لەوانەیە هەندێ خاڵی راپۆرتەکە ئەنجام درابێ هەندێکیشی لەژێر لێکۆڵینەوەدا بێت وهەندێکیشی ماوە، ئێستاکە ئەو راپۆرتە لەلایەن لیژنەوە دەخوێندرێتەوە پاشان جەنابی وەزیر تەشریف دێنێتە سەر سەکۆ بۆ ئەوەی وەڵامی خاڵەکانی بداتەوە پاشان دەرگای گفتوگۆش دەکەینەوە، بەڵام بەمەرجێ لەچوارچێوەی ئەو راپۆرتە بێت لە ناوەرۆکی بابەتەکە دەرنەچین، با برادەرانی لیژنەی تەندروستی تەشریف بێنە سەر سەکۆ راپۆرتەکە پێش تێکەڵ بوونی هەردوو لیژنە نووسرابوو باشە ئەو برادەرانەی لیژنەی تەندروستی ئەوانەی پێش تێکەڵ بوون هەر خۆیان زیاتر ئاگایان لەخاڵە سەرەکیەکان بوو ئەوانە ئەیخوێننەوە و پاشان جەنابی وەزیر وەڵامی دەداتەوە پاشان دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە.

**بەڕێز شەفیق محەمەد ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەکاتێکدا کە لیژنەکەمان لێپرسراویەتی لیژنەی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی گرتە ئەستۆ، بێگومان بێ راوەستان، رۆژانە هەڵدەستاین بە گەران بەسەر نەخۆشخانەکانی هەولێر وهەڵساوین بەچاوپێکەوتنی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر، ئەو گیروگرفتانەی کە هەبووە توانیومانە لەگەڵ بەرپرسانی تەندروستی هەولێرو نەخۆشخانەکان دابنیشین وئیش وکارەکان بەشێوەیەکی رێک وپێک ببەین بەڕێوە، دوا راپۆرتمان کە ژمارەی (٣)ە لە ١٩٩٨/٧/٣ کە لەمەڕ ئەو سەردانانەیە کە دوو رۆژی خایاند بۆ نەخۆشخانەی رزگاری. ئەو راپۆرتانەی لەمەر ئەو سەردانانەی کە کردوومانە بۆ ئەو نەخۆشخانانە و بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کۆمەڵایەتی لای بەڕێز کاک(حەویز دزەیی) وهەروەها دوا چاوپێکەوتنمان لەگەڵ بەڕێز وەزیری تەندروستی کاک کەمال شاکر پێش ئەوە بە تەلەفۆن ئاگادارمان کردەوە بۆ ئەوەی کەپێکەوە دانیشتین زۆر بەروو خۆشی و بەدڵ فراوانییەوە ئامادەی خۆی پیشان دا، کەچووین بێگومان نزیکەی (١٨) پرسیار بگرە زیاتریشمان لێکرد.

دانیشتنەکەمان لەگەڵ بەڕێز وەزیری تەندروستی دوو سەعاتی خایاند، لەبەر ئەوەی کە راپۆرتەکە گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە بەراستی لە دوای ئەوەی کە ئیش وکارمان کردووە لەماوەیەکی کەم توانیومانە ئەرکەکانی سەرشانی خۆمان بەشێوەیەکی فراوان ببەینە رێوە وراپۆرتەکەشمان بەڕێز کاک شێخ عەفان نەقشبەندی پێشکەشی دەکات وهیوادارم جێی رەزامەندی هەموو لایەک و هەموو ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان بێت وسوپاسی بەڕێز وەزیری تەندروستیش دەکەین بۆ ئامادەبوونی لە هۆڵی پەرلەمان بۆ ئەو پرسیارانەی کەهەیەو لێی دەکرێ و ئێمە خۆمان بۆ ئامادە کردووە لەگەڵیدا گفتوگۆ بکەین، بەپێچەوانەوە هەرچەندە راپۆرتەکە خۆی لەمانگی (٧)ە بوو،

بەڵام ئێمە کە لەگەڵ بەڕێز وەزیری تەندروستی گفتوگۆمان کردو دانیشتین ولەپاش ئێمە دیارە کەوا جولانەوەیەک لەلایەن بەڕێزیەوە بووە و ئاگاداری نەخۆشخانەکان و فەرمانگەی تەندروستی هەولێری کردوە دەربارەی راپۆرتەکەی ئێمە ودیارە لەو بارەیەوە چەند پێشنیارێک بە چەند نووسراوێکی وەزارەت هاتووە شتەکە دڵخۆشکەر بووە.

بەراستی شتێکی باش کراوە وهیوادارین زیاتربکرێ لەو راپۆرتەی ئێمە ئەو کەم وکوریانەی کە هەیە لەنەخۆشخانەکان خۆی بەتایبەتی لێپرسراوی یەکەم کە وەزیرە پێویستە لەنزیکەوە بەبەردەوامی سەردانی نەخۆشخانەکان بکات بۆ ئەوەی ئەو گیروگرفتانەی کە لەنەخۆشخانەکاندا هەیە لەبەر چاوی خۆی و بەئامادەبوونی خۆی لەگەڵیدا قسە بکرێ وچونکە رۆژی (کتابکم وکتابنا) نەماوە بۆ رۆژێکیش شتەکە دوا دەکەوێت، بەڵام ئەگەر جەنابی خۆی چووە هەر نەخۆشخانەیەک بەرپرسی ئەو بەشە لەگەڵیدا هەڵدەستێ گەڕان دەکات کە جەولەی کرد دەڵێ ئەمە کەم وکوریەکەمە، ئەمە گیروگرفتەکەمە، ئەمەیە کە من پێویستیم پێی هەیە ئەو کاتە لێبرسراوی راستە وخۆی کە وەزیرە بیرۆکەیەکی لەسەر وەردەگرێ شتێک لای خۆی دەنووسێ و کە دەگەڕێتەوە بۆ جێگای خۆی لابد هەڵدەستێ بەو ئیش وکارەی کەلە جەولەکەی کردوویەتی و بەبەر چاوی کەوتووە وئەرکەکەش زیاتر کەمتر دەبێتەوە لەوەی کە ئەو بنووسێ بۆ بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەتا کتاب دێت و کتاب دەڕوا ماوەیەکی زۆر دەخایەنێ، لەراستیدا پێویستە بەڕێز وەزیری تەندروستی گەڕانی بەردەوامی هەبێت وزۆرسوپاس وراپۆرتەکە لەلایەن بەڕێز شێخ عەفان دەخوێندرێتەوە. سوپاس.

**بەڕێز شێخ عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە رۆژی ٨ ـ ١٩٩٨/٧/٩ لیژنەکەمان سەردانی نەخۆشخانەی رزگاری کرد. وەدانیشتنێکی لەگەڵ جێگری بەڕێوەبەر بەڕێز پسپۆر دکتۆر سەلیم سەعید کرد بە ئامادە بوونی کارمەندانی ئەم بەشانەی خوارەوە.

أ ـ بەشی بەڕێوەبردن.

ب ـ بەشی چارەسەری سروشتی.

ج ـ بەشی تاقیگا.

هـ ـ بەشی مەدخەری دەرمان.

و ـ بەشی کەرستەکان (تجهیزات).

ح ـ بەشی تیشک (ئەشیعە).

دوای دانیشتنێکی یەک سەعاتی پێمان ڕاگەیاندن کە ئەبێ دکتۆرو کارمەندان لە خزمەتی نەخۆشدابن وە گرنگی باش و تەواویان پێ بدرێت بۆ ئەوەی گازندە نەبێ وەخزمەت کردنی نەخۆش ئەرکی هەموو لایەکمانەوە نابێ پشتگوێ بخرێت وە هەمووکات بەشەوو بەڕۆژ بەدەنگیانەوە بڕۆن بۆ ئەوەی هەست بە کەم وکوڕی نەکەن بەتایبەتی لەکاتی ئێشک گرتنی شەودا سەردانی نەخۆشەکانی قاوشەکان بکەن وە هەرکارمەندێک لە بواری کاری خۆیدا، پێداویستەکانیان بە پێ توانا جێبەجێ بکەن. لە لایەکی ترەوە بە هۆی بەرنامەی هەفتەیی تەندروستی هەوڵ بدرێ دیاردەی چەکداری لە ناو نەخۆشخانە نەمێنێ بۆ ئەوەی نەخۆش و کارمەندان بێزار نەبن وە هەروەها چارەسەری ئەو قەرەباڵغیە بکەن کە هەرکەس خۆی ئەکاتە ناوەوە بەبێ پرسینەوە، پرسگای سەرەکی دەرەوە بە هێز بکەن بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئەو قەرەباڵغیە وە لە هەمان کاتدا هەوڵ بدرێ جگەرە قەدەغە بکرێ لە ناو ڕێ ڕەو و قاوشەکان زۆربەی ڕایەخی ڕێ ڕەوەکان جێگای سوتانی یە جگەرەی پێوەیە وە بۆ ئەو مەبەستە پۆستەراتی جگەرە دروست بکەن لە شوێنی تایبەتی خۆی لە دیواری بدەن وەلەبەرنامەی هەفتەیی تەندروستی بلاوی بکەنەوە کە جگەرە کە چەند خەتەرناکە!. پاش تەواو بوونی دانیشتنەکە سەردانی ئەم بەشانەی خوارەوەمان کرد:

١ـ بەشی ئیدارەی نەخۆشخانە:ـ

أ ـ دکتۆر و کارمەندانی بە گشتی(٧٥٠) کارمەندن.

ب ـ قاوشی پیاو و ئافرەت (١٤) قاوشە.

جـ ـ قەرەوێلەی پیاو و ئافرەت لە قاوشەکانی بەگشتی (٤٤٦)تەختە.

د ـ هۆڵی نەشتەرگەری (٧) هۆڵە.

٢ـ بەشی کارگێری و دارایی:ـ

لە هەموو ڕوویەکەوە ڕێک و پێک بوو موراجعیان زۆر بوو هەست بە لێپرسینەوە دەکەن وە بەدەنگیانەوە دەهاتن وە داخوازیەکانیان بەپێی تواناو دەسەلات جێبەجێ دەکرا.

پێداویستی ئەم بەشە:ـ

أـ لەرووی چاپەمەنیەوە وەزعیان خراپ بەرچاو کەوت، بۆ نموونە کاغەزی نووسینی و رەش نووسیان نەبوو.

ب ـ داوای مەبلەغێکی کەم دەکەن کە لەژێر دەسەلاتیان بێ بۆ لەناو بردنی ئەوکەمو کوڕیانەی دەیان بێت ئەویش لەژێر دەسەلاتی لیژنەیەکی تایبەت بێت.

**٣ـ بەشی چارەسەر کردنی سروشتی (العیلاج الطبیعی):ـ**

ئەم بەشە گرنگی پێدراوە لە هەموو ڕوویەکەوە دوو هۆڵی گەورەی هەیە بۆ چارەسەری پیاوان و

ئافـرەتان هەر یەکـە بەجیـاوازی، وەهەمـوو جـۆرە جـیـهـازێکی تێـدایە هەرچەندە زۆربەی جیهازەکانیان کۆنە و لەکار کەوتوون و داواکراوە بۆ چاک کردنەوەیان هەر وەکو خۆی ماوەتەوە وە لەو بەشـە کـادری باشیـان بۆ دیاری کـردوون وە ئەم جـیـهـازانەی خـوارەوە لەکـار کـەوتوون وپێویستیان بەچاکردنەوە هەیە.

أـ دەستگای مایکرووین دوو دانە.

ب ـ دەستگای زیری سوور دوو دانە.

جـ ـ دەستگای چاککردنی ئاوی یەک دانە.

لەرووی خزمەتگوزاریەوە:ـ

أـ رۆژانە بەلای کەمەوە (١٠٠) نەخۆش چارەسەری سروشتی بۆ ئەکرێ.

ب ـ خزمەتگوزاری بەبێ بەرامبەر ئەکرێ.

جـ ـ قەرەباڵغێکی یەکجار زۆریان لەسەرە.

**٤ـ تاقیگە (المختبر):ـ**

ئەم بەشە رۆڵی سەرەکی دەبینێ بەوەی:ـ

أ ـ رۆژانە ئامادەی فەحسی نەخۆشەکان دەبێ پێش ئەوەی چارەسەری بۆ دیاری بکرێ لە هەموو روویەکەوە.

ب ـ رۆژانە (١٢٠) فەحسی کیمیاوی ئەبینن، چونکە نەخۆشی وا هەیە پێویستی بەسێ فەحس هەیە.

ج ـ قـەرەبـاڵغـیـەکی زۆریان لەسـەرە وە ئیش وکـارەکـانیـان بەباشی و بەشـێـوەیەکی بـاش بەرێوە ئەڕوات بەبێ گرفت وە لەو بەشە کارمەندێکی زۆریان بۆ تەرخان کردوون کە لەوەیە لەرادەی خۆیان زیاتر بێت.

دـ خزمەتگوزاری هەر هەمووی بەبێ بەرامبەر ئەکرێ.

هـ ـ دەستگاکانیان زۆربەیان لەکـار کەوتوون پێش مـاوەیەک سێ دەسـتگای میـکرۆسکۆبیـان پێ داون(وابزانم لەلایەن رێکخراوەکانەوە)بو کە ئیش بەباشی ناکەن.

وـ رۆژانە ئەنجامی فەحسەکان ئامادە ئەکەن بەتایبەتی فەحسی ئەو نەخۆشانەی کە لە قاوشەکانن.

پێداویستی ئەم بەشە:ـ

أـ دەستگای میکروسکۆبی لێکۆڵینەوە نییە کە لایان گرنگە.

ب ـ دەستگای (تطبیق) کارناکات پێویستی بە چاککردنەوە هەیە.

پێشنیاری ئەم بەشە:ـ دەرچووی کۆلیژی زانست کە دابەش ئەکرێن بەسەر نەخۆشخانەکانی هەولێر

ئەبێ بەم شێوەی خوارەوە بێت نەک هەموو دەرچوویێک لەو کۆلیژە بنێرن بۆیان.

أ ـ دەرچووی کۆلیژی زانیاری:ـ بەشی کیمیا کە مافی خۆیەتی لەتاقیگە کاربکات.

ب ـ دەرچووی کۆلیژی زانیاری:ـ بەشی بایلۆجی کە مافی خۆیەتی لە ئەزمونگە کاربکات.

جگە لەو دوو بەشە نابێ هیچ جۆرە بەشێکی تر کار لە ئەزمونگەدا بکەن، چونکە شارەزا نین وە کاریان بە تاقیگەوە نییە کە هیچ زانیاریەکیان دەربارەی نییەو هیچی لێ نازانن وە ئەو دەرچووانە جگە لەو دوو بەشەی سەرەوە قوتابخانەکانی سوودیان لێ وەرئەگرن.

**٥ـ بەشی (انف و اذن وحنجرة) (ENT):ـ**

ئەم بەشە گرنگییەکی باشی پێدراوە لەرووی پزیشکیەوە وەکو:ـ

أـ چوار دکتۆری پسپۆڕ لەگەڵ سێ دکتۆری ممارس و سێ دکتۆری (مقیمی اقدم) لەو بەشە کاردەکەن کار زۆر بەباشی ئەڕوات هەر چەندە قەرەباڵغییەکی زۆریان لەسەرە، بەڵام کۆنترۆڵی بارەکەیان کردووە.

ب ـ ژمارەی مراجع، ڕۆژێ بەلای کەمەوە (١٠٠) کەس فەحس ئەکرێ.

پێداویستی ئەم بەشە:ـ

چاککردنەوەی دەستگای رەنگ ڕێژی گوێ (تخطیط الأذن) کە خەلەلێکی بچووکی تێدایە پێویستی بە چاککردنەوە هەیە.

پێشنیاری ئەم بەشە:ـ

لەبەر ئەوەی دکتۆری پسپۆڕیان زۆرە پێشنیار ئەکەن ئەم دکتۆرە ممارسانەی خوارەوە بگوێزرێنەوە بۆ بنکەی تەندروستی ناو هەولێر وە لەوێدا سوودیان زیاتر دەبێ وقەڵەباڵغی لەسەر ئەو بەشە کەم بکرێتەوە.

أ ـ دکتۆری ئەزموندار شوقی مرقس.

ب ـ دکتۆری ئەزموندار عثمان غفور.

جـ ـ دکتۆری ئەزموندار یونس عمر.

**٦ـ بەشی ددان (اسنان):ـ**

ئەم بەشە ئیشوکارەکانیان بەباشی ئەڕوات وە گرنگی پێدراوە کۆمەڵێک دکتۆری باشیان بۆ دیاری کردووە.

أ ـ ڕۆژانە (٢٥) نەخۆش ئەبینن.

ب ـ دەزگاکانیان بەشێوەیەکی گشتی وەکو پێویست نییە لەبەر ئەوەی کۆنن.

جـ ـ خزمەتگوزاری هەمووی بەبێ بەرامبەر ئەکرێ.

پێداویستی ئەم بەشە:ـ
أ ـ دەستگای سکر.
ب ـ دەستگای توربایین.
جـ ـ دەستگای هایتی نەشتەرگەری کەم وکوڕی تێدایە.
د ـ دەستگای تیشک (أشعە)ی ددان ماوەی یەک ساڵە لەکار کەوتووە پێویستی بەچاککردنەوە هەیە.
پێشنیاری ئەم بەشە:ـ
پێشنیار ئەکەن ئەم دەستگایانەی خوارەوەیان بۆ پەیدا بکرێ.
أ ـ ئامێری (اسنان) کامل (٣)دانە.
ب ـ ئامراز وئامێری برینکاری دەموچاوو لێو (٥)دانە.
ج ـ کەرستەی نەشتەرگەریی جراحەی گۆشتی ددان (لثە) (٥)دانە.
د ـ دەستگای تیشک اشعەی ددان ژمارە (١) دانە.
هـ ـ دەستگای کەوی تایبەتە بە ددان ژمارە (٢)دانە.
و ـ لە کۆمەڵگەی ددان دەستگای ددانیان زۆرە ولێیان زیادە پێویستیان بە دەستگایەک هەیە، چونکە هاتووچۆیان رۆژانە زۆرە.
ز ـ یەک دکتۆری ئەزموونداری ددانیان بۆ بنێرن وە ژووری تایبەتی خۆی هەیە.

**٧ـ بەشی پێست (جلد)ی:ـ**

ئەم بەشە رۆڵی خۆیان بە هەر شێوەیەک بێت ئەبینن، لەبەر ئەوەی یەک پسپۆری دکتۆر کاروبارەکە ئەبات بەرێوە وە قەرەباڵغییان لەسەر هەیە:
أ ـ رۆژانە بەلای کەمەوە (٧٥) نەخۆشی ئەبینن.
ب ـ خزمتگوزاری هەمووی بەبێ بەرامبەر ئەکرێ وەکو پێویست.
پێداویستی ئەم بەشە:ـ
دەستگای سرکەری(کرایۆ)چوار ساڵە راوەستاوە وە لەهەمان کاتدا پێویستیان پێ هەیە بۆیان باش بکرێتەوە.
پێشنیاری ئەم بەشە:ـ
لەبەر ئەوەی قەرەباڵغیان لەسەرە وە ئیش و کارەکانی بەیەک دکتۆر ناڕوات بەرێوە پێشنیار ئەکەن:
أ ـ دکتۆر سەرهەنگ جەلال/ئەزموونداری پێست (جلدی) لە فەرمانگەی تەندروستی هەولێر کە

ئیش وکاری ئیداری پێ دراوه بگوێزرێتەوه بۆ بەشەکەیان کە زۆریان پێویستە.
ب ـ دکتۆر ئومێد عبدالوهاب/ ئەزموونداری پێست لە فەرمانگەی تەندروستی هەولێر بگوازرێتەوه بۆ بەشەکەیان کە پێویستیان پێی هەیە.

**٨ـ بەشی چاو (عیون):ـ**

لەبەر ئەوەی کۆمەڵێک دکتۆری پسپۆریان بۆ تەرخان کردووه ئیشوکارەکانیان وەکو پێویست کۆنترۆڵە هەرچەندە قەرەباڵغیەکی تەواویان لەسەرە:
أ ـ شەش پسپۆری دکتۆریان هەیە.
ب ـ رۆژانە (١٢٠)کەس ئەبینن.
جـ ـ خزمەتگوزاری بەشێوەیەکی رێک وپێک بەڕێوه دەڕوات گازندەیان لەسەر نییە.
د ـ دەستگاکانیان بەگشتی باشە.
هـ ـ داوو دەرمان تارادەیەک باشە.

**٩ـ بەشی دەرمانخانە(صیدلیة):ـ**

لە رووی رێکخستن و دانانی دەرمان بەشێوەیەکی باش رێکخراوه وه لەم دوو جێگایەی خوارەوە دەرمان وەرئەگرن:
أ ـ لە مەدخەری نەخۆشخانەکە لەلایەن مەدخەری تجهیزاتەوه پێیان ئەدرێ.
ب ـ لەلایەن رێکخراوی تەندروستی جیهانییەوه تجهیز ئەکرێن.
وه قەرەباڵغیەکی زۆریان لەسەرە هەرچەندە لەم ماوەیە داوودەرمانیان کەم پێ ئەرێ وەکو پێویست بەشیان ناکات وه رۆژانە نزیکەی (١٠٠٠)هەزار راچێتەی دەرمان سەرف ئەکەن بەخۆرایی.
پێداویستی ئەم بەشە:ـ
أ ـ پێویستیان بە بودجەیەکی تایبەت هەیە هەموو مانگێ هەرچەندە ئێستا دووهەزار دینار تەرخان کراوه بۆ کڕینی دەرمان و شتی تری پێویست.
ب ـ داوا ئەکەن مانگی (١٠) هەزار دیناریان بۆ تەرخان بکرێ بۆ کاری پێویستی خۆیان وەکو لە برگەی (٨) باسمان کردووه ئەوەش لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتەوه سەرپەرشتی بکرێ.
ج ـ ئامێری کۆمپیوتەر بەکاملی بۆ رێکخستنی دەرمانخانە بۆ ئەوەی ئەو دەرمانەی دێت وەیا دەرئەچێ لەلایان بەهۆی ئەو ئامێرە کۆنترۆڵ بکرێ.

**١٠ـ بەشی (اشعه):ـ**

جێگایەکی فراوانی بۆ تەرخان کراوه وه گرنگی تەواوی پێدراوه وه هەڵسوڕاندنی کارەکانیان

کۆنترۆڵ کردووە هەرچەندە قەرەباڵغییەکی تەواویان لەسەرە، بەڵام توانیوویانە کۆنترۆڵی بکەن لەبەر ئەوەی کۆمەڵێک دکتۆری باشیان هەیە:

أ ـ رۆژانە بەلای کەمەوە (١٨٠) اشعەی جوراوجۆر وەرئەگرن وە خزمەتگوزاری بەیانیان و ئێواران ئیشوکار بەردەوامە.

ب ـ لەرووی دەستگاوە بەهەر حاڵ خراپ نین.

پێداویستی ئەم بەشە:ـ

أ ـ جهازی (تومۆگراف) کە جیهازێکی زۆرگرنگە، چونکە هەموو جۆرە فەحسێک ئەکات هەرچەندە هەیانە، بەڵام ماوەی سێ ساڵە راوەستاوە داوای چاککردنەوەی ئەکەن.

ب ـ بە لیستەیەکی تایبەت بەو ئامێرانەی کە پێویستیان پێ هەیە پێشکەشی دەکەین کە بریتیە لە دوو لاپەڕە یەکەم لاپەڕە شەش خاڵە دەستی پێ ئەکات بەو ئامێرە پزیشکیانەی کە پێویستە بۆ نەخۆشخانە وە لاپەڕەی دووەم دووخاڵە کە تایبەتە بە ئامێری (کلیە).

**١١ـ بەشی سۆنەر:ـ**

دەستگایەکە وەکو شاشەی تەلەفزیۆن وایە پێی ئەوترێ شەپۆلەکانی سەروی دەنگ (امواج فوق الصوتیة) جهازێکی پێشکەوتووە هەموو جۆرە فەحسێکی تایبەت بەو ئامێرە نیشان ئەدات بە رێک وپێکی هەر ئەو کاتە ئەنجامەکەی ئەدات ئەوەش تارادەیەک تایبەتە بۆ ئافرەتی دوگیان وبۆ میزڵدان و بۆ گورچیلە وە بۆ زۆر فەحسی تری پێویست. وەقەرەباڵغی لەسەرە خزمەتگوزاریان باشە وە دکتۆرەکانی تیشک (اشعەی) بەسەریدا زاڵن لەگەڵ پسپۆڕی دکتۆری هەناو (باطنی) کە بە سەرپەرشتی ئەو نەخۆشەکە ئەخرێتە ژێر ئەو ئامێرەوە.

**١٢ـ بەشی سەرژمێری (احصاء):ـ**

رۆژانە هەموو زانیارییەک هەبێ خەزنی ئەکات وە هەر زانیارییەک پێویستی پێ هەبێ لەسەر ئەو نەخۆشخانە دەری ئەکات وە زانیاری تەواوی لێ وەرئەگرن.

پێداویستی ئەم بەشە:ـ

أ ـ دەستگایەکی کۆمپیوتەر لەگەڵ چاپی تایبەتی خۆی.

ب ـ مێز لەگەڵ کورسی تایبەت بە کۆمپیوتەر.

ج ـ دەستگایەکی چاپ (پرینتەر) لەجۆری کانوونی لیزەری.

د ـ یەک دەستگای روونوسکردنی بچووک.

**١٣ـ بەشی پزیشکی داد (الطب العدلی):ـ**

لە راستیدا ئەم بەشە ترسناک و پیس و بۆ گەنە ئیشوکارەکانیان زیاتر بەستراوە بە پۆلیس و

ئاسایشەوە لەبەر بارودۆخی تایبەتی خۆی وە ئیشوکاریان تایبەتە بە مردووەوە، وئامادەبوونیان لەسەر قەبران گەر گومان لەو جەنازەیەک بکرێ دەری ئەکەن وە تەماشای ئەکەن بۆ دڵنیایی.

پێداویستی ئەم بەشە:ـ

أ ـ ثلاجەیەکی عەموودی (١٦)قەدەم وەیا (١٤)قدم.

ب ـ پاتری (٢٤) ڤـۆڵـتی درێژی (٣٩)سم وەپانی (١٦ر٥)سم بەرزی (٢٠)سم ئەمـەش بۆ رافعەی جەنازەیە کە هەیانە، بەڵام لەبەر ئەو کەم وکوریەی سەرەوە سوودی لێ وەرناگرن، هەرچەندە زۆر پێویستە.

ج ـ کڕینی موبەریدەیەک بۆ ثلاجەکان کە جەنازەی تیادا دائەنرێ تا خاوەنی ئامادە ئەبێ بۆ وەرگرتنی.

د ـ تەرخان کردنی بڕێک پارە بۆ هەڵسوڕاندنی کاری پێویست.

هـ ـ دامەزراندنی (٣)فەراش (معین).

و ـ یەک یاریدەدەری دکتۆر(معاون طبی) لەگەڵ ناردنی چوار برین پێچ (مضمد).

پێشنیاری ئەم بەشە:ـ

لەکاتی ئیفاد کردنیان بۆ بەغداد بۆ بردن و هێنانەوەی ئەو فەحسانەی کە تەواو ئەکرێ وئەنجامی وەرئەگرن لە ڕاستیدا پارەیەکی زۆر کەمان بۆ سەرف ئەکرێ وەکو:

أ ـ (٣٠)دینار بۆ خواردنی سێ ژەمە.

ب ـ (٢٥)دینار بۆ کرێی سەیارە.

لەبەر ئەوەی کارەکەیان ترسناک و پیس و بۆگەنە هیچ کارمەندێک ئامادە نییە لەو بەشە ئیش بکات پێشنیار دەکەین:

أ ـ ساڵانە چوار جار خەڵات بکرێن.

ب ـ زەوییان پێ بدرێ لەلایەن وەزارەتی شارەوانییەوە.

ج ـ دەرماڵەی پزیشکی داد لە (١٠٠)دینارە وە زیادکرا بۆ (٤٠٠٪) کە مافی خۆیانە هەرچەندە کەمە. بەڵام هەر پزیشکی داد ئەو کارە نابات بەڕێوە وە زیاتر کارمەندانی خوارەوە هیلاک دەبن وهەر ئێمە لەناو جەنازەو قەبر دەرهێنانین بەشەوو بەڕۆژ لەکاتی پێویست لەبەر ئەوە داوا دەکەین دەرماڵەمان بکرێ بە (٣٠٠٪) دینار، چونکە بە هەمووی ناگاتە چوار کارمەند.

لیژنەکەمان:ـ لایەنگیری پێداویستیەکانیان و پێشنیارەکانیان دەکەین لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆر ترسناک و پیس و بۆگەنە هیچ کارمەندێک نایەوێ لەو بەشە کاربکات وە تەکلیف لەهەر کەسێک ئەکرێ کە لەو بەشە کار بکات رازی نابێ، لەبەر ئەوە دەبێ هان بدرێن.

## ١٤ـ بەشی خواردنگە (مطبخ):ـ

ئەم بەشە رۆژانە سێ ژەمە خواردنی جۆراوجۆر ئامادە دەکات بۆ ئەو نەخۆشانەی کە لە قاوشەکانن وە هەندێ نەخۆش هەیە خواردنی تایبەتی خۆی هەیە، وە بایەخێکی تەواویان پێدراوە وە چێشتخانەکە لەنهۆمی خوارەوە دایە روبەرێکی گەورەی داگیر کردووە وە گرنگی دراوە بە پاک و خاوێنی وە بەپێ خشتەی رۆژانە سێ ژەمە خواردن ئامادە دەکرێ وە بە سەرپەرشتی سەرپەرشتیاری خواردن دابەش دەکرێت بەسەر نەخۆشەکان. ئەوەی دڵخۆشکەرە دەست بەکار نایەت لە دروست کردنی خواردن هەموو دەستگای تایبەتی خۆی هەیە.

پێداویستی ئەم بەشە:ـ

أـ یەک یەخچال (ثلاجە).

ب ـ انارەی روون کردنەوەیان کەمە، چونکە چێشتخانەکە لە ژێر ئەرز دایە.

## ١٥ـ دایانگەی منداڵ (الحضانة):ـ

ئەم دایانگەیە بۆ منداڵانی کارمەندانی ئافرەت لە نەخۆشخانەی رزگاری کراوە ئەویش بۆ ئەو ئافرەتە کارمەندەیە کە منداڵی ساوای لە ماڵەوە هەیە وەکەسی نییە بەخێوی بکات لەکاتی دەوامی بەیانیان لەگەڵ خۆیدا ئەیهێنێ بۆ دەوام بۆ ئەو جێگایەی بۆیان تەرخان کراوە تادەوامی رەسمی تەواو دەبێ لەگەڵ خۆیاندا ئەیانبەنەوە لە راستیدا خزمەتێکی باش ئەکرێن وە گرنگیان تارادەیەک پێدراوە بۆ ئەوەی مەشغول بن بیر لە دایکیان نەکەن ئەو ماوەیە.

وە شتومەکی منداڵانەیان بۆ بکرن، وەکو (ملاعیب) وە جار بە جار پێڵاوو کەل و پەلیان بۆ پەیدا بکرێ کە لەلایەن رێکخراوەکانەوە دابەش دەکرێ وە جێگایان بچووکە یەک هۆڵی بۆ تەرخان کردوون وە خواردنیان پێ بدرێ بەیانیان و نیوەڕۆ. وە حەمامیان بۆ دروست بکرێ.

## ١٦ـ خانووە کابینەکانی نەخۆشخانە:ـ

ئەو کابینەو خانووانەی کە لەناو نەخۆشخانەی رزگارییە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دابەش نەکراوە ئەوە خۆی لە خۆی راست نییە خانووانەی دابەش کردنی بەو شێوەیە، چونکە واستەیەکی تەواو هەیە لە دابەش کردنیان ئەوە بۆ دکتۆری (مقیم اقدم) کە خەڵکی ئەو پارێزگایە نییە وە گەر لەوانی زیاد بوو ئەوکاتە دابەش دەکرێت بەسەر ئەوانەی کە پێویستە پێیان بدرێ، بەڵام لیژنەیەک پێک بێت بۆ دابەش کردنی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە وە خەڵکی قسە ئەکات لەسەر دابەش کردنی کە بە مستحق نەدراوە و، بەڵکو واستە دەوری سەرەکی ئەبینێ وە هەروەها کارمەندانی تەندروستی هەولێر قسە لەسەر دابەش کردن و وئێستا کێی تێدایە قسە ئەکەن بەڕاست بە هەندێ پزیشک دراوە عیادەکانیان زۆر باش کار دەکات ئێواران پێویستە چارەسەر بکرێ.

پێشنیاری لیژنەی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی:-

١- لەبەر ئەوەی پایتەختی هەرێم(هەولێر) قەرەباڵغییەکی یەکجار زۆری لەسەرە وە ژمارەی دانیشتوانی خۆی لە ملیۆن کەس دەدا بەڵکو زیاتر وە بەو دوو نەخۆشخانەی هەیە بارودۆخەکە چارەسەر ناکات وەکو نەخۆشخانەی رزگاری ونەخۆشخانەی فێرکردن جگە لە نەخۆشخانەی منداڵان وە بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو قەرەباڵغیە بکەین پێویستە نەخۆشخانەیەکی سەریری لە جێگایەکی مام ناوەندی بەشێوەی دوو نهۆمی دروست بکرێت و پێویست نەکات بەمەصعەدی کارەبایی کە زیادە مەسرەفیەکی زۆرە.

٢- نەخۆشخانەی تاداران(حمیات)بکرێت بەنەخۆشخانەی پێشمەرگە ئەوەش خۆی لەخۆی قەرەباڵغییەکی گەورە لەنەخۆشخانەکانی تری هەولێر هەڵدەگرێ وە دوور ئەبینەوە لە کێشە لەهەمان کاتدا پۆلیس وئاسایش با هاتووچۆی ئەو نەخۆشخانە بکەن.

٣- عیادەیەکی خارجی بکرێتەوە لەناو نەخۆشخانەی رزگاری، چونکە روبەرێکی ئەرزی زۆری هەیە بێ سوودە وە لەهەمان کاتدا نەخۆشخانەی فریاکەوتن (الطوارئ)لە هەمان جێگا دروست بکرێت بەڕاست یەک نەخۆشخانەی فریاکەوتن بۆ هەولێر بەش ناکات وە بەقەبارەیەکی مام ناوەندی دروست بکرێ وە سوودێکی یەکجار زۆر ئەبێ.

٤- سەرف کردنی پارە بۆ ئەو کارمەندەی کە تووشی نەخۆشی کوشەندە دەبێ چی لە ناو هەرێم چارەسەر بکرێ وە یا لە دەرەوە کە مافی خۆیانە یارمەتی بدرێن دوای ئەوەی لیژنەی پزیشکی بەرز بریاری لەسەر بدات بۆ ئەوەی کارمەندانی تەندروستی هەست بەوە نەکەن کەس نییە لێیان بکۆڵێتەوە وە چارەسەریان بکات لەبەر ئەوەی خۆیان لەبواری تەندروستی کار دەکەن.

٥- بێ هۆش کەر:- لەهەولێر بە هەمووی(٦)شەش پزیشکی بێ هۆش کەر هەیە کە زۆر گرنگەو کەمە وەبە هیچ ڕاناگەن لەبەر ئەوەی نەشتەرگەری زۆرە وە لەهەمان کاتدا دکتۆری جراح زۆرە لە هەولێر بە فریای نەشتەرگەری ناکەون پزیشکی بێ هۆش کەر کاری ئەوەندە ئاسان نییە، چونکە رووحی ئەو نەخۆشە دەبرێت بۆ نەشتەرگەری تاڕادەیەکی گەورە لەلای ئەمە زیادو کەمی بێ هۆش کەر بۆ ئەو نەخۆشەی کە نەشتەرگەری ئەکرێ ئەبێتە هۆی نەمانی هەرچەندە کاری خۆیانە لەبەر ئەوە:

أ- پزیشکی بێ هۆش کەر مووچەیەکی براویان بۆ تەرخان بکرێ، ئەویش بۆ پسپۆری دکتۆری بێ هۆش کەر مانگی(٦)شەش هەزار دیناری بۆ ببڕینەوە وە ئەوەی ممارسە مانگی(٥)پێنج هەزاری بۆ تەرخان بکرێت چونکە ئەمان هەتا لە عیادەکانیان مەغدوورن هیچ نەخۆش ناچێ بۆ لایان وە ئەوە پێویستە بایەخێکی گەورەی پێ بدرێ.

ب ـ دەورەی بێ هۆش کەر بکرێتەوە لە دەرەوەی هەرێم، چونکە بایەخدان پێیان پێویستە ساڵانە چەند دکتۆرێکی ممارس رەوانە بکرێ بۆ دەرەوە بۆ ئەوەی لە بواری بێ هۆش کەری شارەزایان هەبێت وە پەکمان نەکەوێ لە کاتی پێویستدا.
ج ـ ساڵانە خەڵات بکرێن وە بایەخیان پێ بدرێ.
د ـ کارمەندانی بێ هۆش کەری جگە لە دکتۆر دەرماڵەیان زیاد بکرێ ببێ لە(٢٠٠٪)کە شتێکی باشە.

٦ـ جملەی عەصەبی یەک دکتۆری هەیە بەناوی محمد علی لە شاری هەولێر بەڕاستی جێی سەرسورمانە ئەویش خۆی لەخۆیدا کەڵکی نییە بەرامبەر نەخۆش وا زانراوە هەر کەس ئەچی بۆ لای بۆ نەخۆشخانەی فێرکردن پێی را ئەگەیەنێ کە پێویستی بە نەشتەرگەری هەیە لە نەخۆشخانەی ئەهلی لەبەر ئەوە:
أـ چەند دکتۆرێکی ممارس وە یامقیمی ئەقدەم رەوانە بکرێ بۆ دەرەوە وفێربوونی لە جملەی عەصەبی بەیەک دکتۆر ئیش ناڕوات وە چارەسەری نەخۆشی ناکرێ. ماوەی دەورەکە زۆر بێت بۆ ئەوەی بە تەواوی فێر بێت وە شەهادەی دکتۆرا وەربگرێ.
ب ـ کارمەندان دەرماڵەیان بۆ زیاد بکرێ وە بایەخێکی باشیان پێ بدرێ.

٧ـ دابین کردنی بەروانکە بۆ برینپێچەکان (مضمدین) ساڵی دوو جار بۆیان بکرێ واتە زستانەو هاوینە بۆ ئەوەی شێوەیەکی یاسایی وشارستانی وەر بگرێت.

٨ـ دابین کردنی پارەی ساعاتی ئیضافی بۆ ئیشکگر لەکاتی پشووی رەسمی وە ئیشکگری شەوان بۆ یاریدەدەری دکتۆر وە وبرین پێچەکان لە هەموو نەخۆشخانەکان.

٩ـ دابین کردنی خۆراکی باش وەکو برا دکتۆرەکان کە خواردنیان تایبەتە لەهەموو روویەکەوە، چونکە ئەو کارمەندانەش هیلاک دەبن وە نابێ جیاوازی لە نێوانیاندا هەبێ.

١٠ـ دابین کردنی بۆ ئیشکگری شەوو بۆ هێنان وبردنەوەیان لەگەڵ ئێشکگری عصر وەکو ئەوانی تر.

١١ـ بە گشتی فەرمانبەرانی بچووک مووچەکانیان کەمە وەبەشیان ناکات پێویستە پێداچوونەوەیەک هەبێ بۆ چارەسەری مووچەیان وە بەڕاستی مەغدوورن وە ئەوانەی لە تەندروستی کار دەکەن، وەکو شوفێرو بەر دەستەو نووسەرو پاسەوان و سەرپەرشتیار تەغذیە ئەمانە چارەسەرێکیان بۆ بدۆزرێتەوە، چونکە ئەو مووچەیان بەش ناکات وە یاهەوڵ بدرێ ئەو (١٥٠)دینارەی پەرلەمانیان لەگەڵ سی دینارەکە پێیان بدرێ دەرماڵەیان بۆ زیاد بکرێ.

١٢ـ نەخۆشخانەکان بەگشتی ئۆتۆمبیلیان کەمە بۆ هەڵسوڕاندنی ئیشو کارەکانیان وە بۆ بردن وهێنانەوەی فەرمانبەران بۆ ئەویش بەکرێنی دوو ئۆتۆمبیل کۆستەر بۆیان کارەکانیان کۆتایی پێ دێت، چۆنکە کە دێنە دەوام ئۆتۆمبیلیان نییە بە حاڵێکی ناخۆش ئەگەنە نەخۆشخانەکە ولەهەمان کاتدا مووچەیان کەمە بەشیان ناکات کە بە ئۆتۆمبیل هاتووچۆ بکەن.

١٣ـ ئۆتۆمبیلی میک زەمینی ئیسعاف پێویستیان پێ هەیە.

١٤ـ چاپەمەنیان زۆر کەمە بۆ نموونە ئەوراقی نۆرین (فحوصاتیان) نییە وە لە ئیدارە کاغەزی نووسینیان نییە چاەسەر بکرێ.

١٥ـ دابین کردنی سرنج بۆ ئەوەی لە بازاڕی رەش نەکڕن.

١٦ـ دروست کردنی باج بۆ هەموو کارمەندان بە گشتی بۆ ئەوەی بناسرێن. دەوری هەزار دیناری تێ ئەچێ کە پێویستە.

١٧ـ وا پێشنیار وپێداویستیەکانی بەشی جراحەی مجاری بەولیەکان پێشکەش دەکەین کە دوو لاپەڕەیە واتە(١٦)خەفەرەیە کە پسپۆڕ دکتۆر پشتیوان هاشم بەزاز پێشکەشی کردووە. ئێمەش وەکو لیژنە لایەنگیری پێشنیارو پێداویستیەکانی ئەو بەشە ئەکەین.

لەگەڵ رێزماندا

| | | | |
|---|---|---|---|
| عەفان عوسمان نەقشبەندی | مەلا محەمەد تاهیر محەمەد | فەوزیە عیزەدین رەشید | شەفیق ئەمین محەمەد |
| ئەندام | ئەندام | جێگری سەرۆک | سەرۆکی لیژنە |

**وێنەیەکی بۆ/**

**فراکیسیۆنی پەرلەمانی بەڕێز/بۆ ئاگاداری لەگەڵ رێزماندا.**

**ئەگەر پێویست ئەکات جەنابی سەرۆکی بەڕێز ناوەکانی ئەو کەرستانە بخوێنینەوە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم دراوە بەوەزارەتی تەندروستی پێویست ناکا بخوێندرێتەوە چونکە ئەو ئامێرانە لای وەزارەت هەیە .

**بەڕێز شێخ عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاستان ئەکەین بەو شێوە راپۆرتەکەمان تەواو بوو وەئومێدەوارین سوودتان لێ وەرگرتبێت وە گفتوگۆیەکی باشی لەسەر بکرێ و سوپاستان ئەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ برایانی لیژنەی تەندروستی بۆ ئەو راپۆرتە ئەگەر شتێکی تر نییە بچنەوە جێگای خۆیان بۆ ئەوەی جەنابی وەزیر وەڵامی هەندێ لەو خاڵانە بداتەوە ئەگەر پێویست بێ فەرموو کاک شەفیق

**بەڕێز شەفیق ئەمین محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتی تەندروستی لەسەر راپۆرتەکەی ئێمە هەڵساوە بەجێبەجێ کردنی، وەکو گرفتی خانووەکان کتابی نووسیوە بە دانانی لیژنەو ئەو شتانە ئیتر زۆر شتی لەوبارەیەوە کردووە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەزیر خۆی وەڵامی ئەوەی هەیە بەشی ئەویش بهێڵنەوە زۆر سوپاس کاک شەفیق کاک دکتۆر کەمال وەزیری تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی فەرموو وەرە سەرسەکۆ. ئەوە راپۆرتی لیژنەی تەندروستی بوو بەتەئکید ئەوە لەمێژە لەلاتانە هەندێ ئیجرائاتیش کراوە باش بوو ئەو تێبینیانەی کە هەتانە ئاگاداری ئەندامانی پەرلەمان بەگشتی بکرێتەوە پاشان گفتوگۆ کردن دەست پێدەکات فەرموو دکتۆر.

**بەڕێز د. کەمال شاکر/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر خۆشحاڵم بەو چاوپێکەوتنە، گوێم لەو راپۆرتە بوو کە بەڕێزان لیژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی پێشکەشیان کردوە، زۆر سوپاسیان دەکەم بۆ ئەو سەردانە، بەدیدی من یارمەتی دەرە و هاندەریشە لەهەمان کاتەدا بۆ ئێمە، بۆ ئەوەی کەوا کادیرانمان دەزگاکانمان هەروەها دیوانی وەزارەتیش ئاگاداری ئەو شتانە بن وەهەروەها من ئەو دانانە بە وێنەیەک دائەنێم کەوا خۆمانی پێ ئەبینین بزانین چیمان کردیەو چی پێویستە بکەین، لەهەمان کاتدا حەز ئەکەم سوپاسی بەڕێز کاک فرەنسۆ بکەم کە سەرۆکی یەکەی ئیداری هەولێرە یارمەتیەکی زۆری ئێمەش ئەدا لە کۆبونەوەی رێک و پێک لەگەڵ سەرۆکی ئیدارەکان و یەکێک لەوانە بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر کە ئەویش لەلای خۆیەوە بەدواداچوونی ئیش و کار ئەکاو سەردانی نەخۆشخانەکان و دەزگایەکانی تەندروستی لە نزیکەوە ئەکات ئاگادار ئەبێن لە تێبینیەکانی و پێشنیارەکانی، بەڕێزان بێگومان نازانم بڵێم خۆش بەختیە یان شتێکی تر کە لە کابینەی یەکەمەوە ئەوبەرپرسیەتیە لەسەر شانمە بێگومان خۆتان ئەزانن بەرپرسیتیەکی کەم نییە ،بەرپرسیتیەکە منداڵ چۆن ئەڵێ هێشتا لە رەحمی دایکیەتی ئێمە بەرپرسین لێی تا ئەگاتە قەبریش، ئەو بەرپرسیتیە بە بۆچونی من ئەرکێکی زۆر گەورەیە، ئەو بەردەوامە لەگەڵ مرۆڤ تا خواحافیزیان لێی دەکات مەسەلەیەکی زۆر گەورەیە، پێویستی بە سێ شتی گرنگ هەیە: یەکەم پرۆگرامێکی واقیعی و بەپێی توانا، دووەم کادیرێکی لێهاتوو لەشوێن خۆی بەپێی لێهاتووی و

برانامەی زانستی،سێیەمیش بودجەیەکی باش، هەموو ئەو پرۆگرامانەو هەموو ئەو مەرجانەو مەرجی بنەرەتیش جێگربوونی سیاسی، ئەگەر ئەو مەرجە نەبێ ئەوە هەمووی لەچوارچێوەی ئاواتدا ئەمێنێتەوە خۆمان ئەزانین کە ئەو رۆژانە سەختە کە لەسەر کوردستانی ئێمە رەت بوو کاریگەرێکی زۆری هەبوو دەتوانم بڵێم ئەوسالانە هەمووی وێستکەیەکی جۆراو جۆر بوو بۆ چۆنێتی ئیش کردن و بواری ئیش کردن بە شێوەیەکی یاسای و هەروەها بەدڵسۆزی، ئەو رەوشە کاری گەریەکی زۆری کرد لەسەر دەروون و سایکۆلۆجیەتی میللەتەکەمان پیس بوونێکی(تلوث)ێکی کۆمەلایەتی دروست کرد کەوا کادیر هەست بەغەریبی بکا لەناو دەزگاکەی خۆی بۆ خزمەتی میللەتی خۆی، ئێمەتا ئێستا هەست ئەکەین ئەوە هێشتا ماوە هەرچەند من بڵێم لەم دواییە گۆراوە بەرەو گۆرانی ئیجابی دەچێ بەلام پێویستی بە ئیشێکی زۆریش هەیە، بێگومان ئەوە هەر ئەرکی وەزارەتی تەندروستی نییە. راپۆرتەکە گرنگە تا ئێستاش جێی دیراسەتی ئێمەیە، کە چاوم کەوت بە بەرێزان گفتوگۆیەکی سەرەتایمان کرد لەسەر ئەم خالانە ئەوەی کەوا پێویستە چۆن ئەڵێ بەشێوەیەکی خێراو راستەو خۆ چارەسەر بکرێ، کۆبوونەوەمان کرد کتابمان کرد رێنمایمان بۆ چارەسەر کردنی دەرکرد، بێگومان هەندێ خالی راپۆرتەکە هەیە دەتوانم بڵێم ئێستاش هەولی جێبەجێ کردنی دەدەین، هەندێ خال هەیە لەپرۆگرامی سالی ۱۹۹۹ دامانناوە وە ئەویش ئەمێنێتەوە سەر ئەوەی کە چۆن بتوانین سالی داهاتوو کە ئەویش نزیکە بتوانین پلانی رۆژانەشمان ئەو پێداویستیانە یارمەتیمان بدا، بەلکو سەرکەوتوو بین لە جێبەجێ کردنی هەندێکی، چونکە ئەو پێشنیارانەی کە لە راپۆتەکەدا هاتووە ئاواتە زیاتر لەوی کە بتوانین بەشێوەیەکی راستەو خۆ چارەسەر بکرێ، زۆر حەزم دەکرد کە برادەران باسی دەرمالە و مووچەیان کرد لەگەل کاک جمیل گفتوگۆیان بکردبایە پێشەکی تا بزاندرێ ئەو رای چی بوو هەتا منیش بتوانم دوو قسەی لێ بکەم .بەرێزان ئێمە هەر لەکابینەی یەکەمەو سیاسەتی سەرەکی وەزارەتەکەمان ئەتوانم لەو خالانە بەکورتی

یەک: مەرکەزیەتی سیاسەت وبەرنامەی ئیش کردنی وەزارەت. لامەرکەزیەتی جێبەجێ کردنی ولامەرکەزیەتی جێبەجێ کردنی بەندە بەو دەسەلاتەی کە ئەدرێ بەبەرێزان بەرێوەبەرە گشتیەکانی تەندروستی ،هەروەها هەر بەرێوەبەر و هەر لێپرسراوێک لە هەرفەرمانگەکە لە نەخۆشخانە بێت لە بنکەی تەندروستی بێ ئەوە کۆبوونەوەی مانگانە هەیە بۆ ئەنجومەنی بەرێوەبردنی تەندروستی هەولێر کۆبوونەوەی بۆ ئەنجومەنی یەرێوەبردنی هەر نەخۆشخانەیەک کە بریتیە لە سەرۆک بەشەکان و ئەوانەی کە بەشەکان بەرێوە ئەبن، بەشی پزیشکی بێ ئەگەر هونەری بێ ئەگەر کارگێری بێ ئەو کۆبوونەوانە بۆ ئەوە تەرخان کراوە کە باسی چۆنیەتی ئیش و کار بکرێ کۆسپ چیە بخرێتەروو، داخوازیی پێویستی چیە دیاری بکرێ، هەموومان ئەزانین سەبارەت بە کارمەندانەوە ئێمە تووشی هەلاویسانێکی گەورە بووینە هەلبەت لە کادیری ناوەندی و یاریدەدەری پزیشکی و یاریدەدەری صیدلی و ئەوانە، دکتۆرمان ئەتوانم بلێم وەکو مومارس و مقیم زۆرە پسپۆری هەندێ لە

پسپۆرایەتیدا باشە، بەڵام نەقوستانیشمان هەیە لە هەندێ پسپۆرایەتیدا ئەوەش هەر دەوڵەتێکی کەوا ئەرکی تەندروستی بەشێوەیەکی باش جێبەجێ دەکات کە دەوڵەتێک بێ کیانێکی سەربەخۆی هەبێ و چۆن ئەڵێ ساڵەهای ساڵەسەربەخۆ بێ ، ئێستا لەگەڵ بەڕێز کاک عەدنان باسی ئەوەمان کرد، کە سستەمی تەندروستی ئینگلتەرە بەرەو(٧٠٠) ساڵ ئەچێت هێشتاش نەقوستانیان هەیە لە هەندێ پسپۆرو هێشتانیش نوقسانیان هەیە لە نەخۆشخانەکانیان کە هەموو شتیش بە پارەیە ئێمە لە کوردستانێکی وەک چۆن لە راپۆرتەکەدا هاتیە ئەتوانم بڵێم دەورێکی باش دیاری کراوە زۆر سوپاسی ئەو بەڕێزانە وبەڕێوەبەرەکان دەکەم، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکان دکتۆرەکان کارمەندان ئیشی باشیان کردیە ئەتوانم بڵێم بە تایبەتی ئەمساڵ کە زۆر شت لە ڕێڕەوەکەی خۆی دەرچوو بوو ئێستا توانیمانە بگەڕێنینەوە سەر ڕێڕەوەکەی خۆی. سەبارەت بە پێشەکی باس کرا لە مەسەلەی قیرتاسەیەو کاغەزی نووسین نەبوونیان یان پێداویستی ڕۆژانە ئێمە ئەو سیستەمان بەکارهێنابوو کەوا هەر بەشێ بۆ خۆی قیرتاسیە بکڕێ، بەڵام سەیرمان کرد ماوەیەکی کورت چەند ڕۆژێک لە مانگەکە ئەچێت دوای ئەوە داوا ئەکەن کەوا نەماوەو پارەمان ئەوێ بۆ ئەوەی بکڕین بۆیە سیستەمەکەمان گۆڕی کردمانە کڕینی قیرتاسیە ببێتە مەرکەزی، و دابەش کردنی بەپێی پێویست بێ، بەڵام خەلەلێکمان هەیە لەوە کە تا ئەگاتە ڕۆژانی کۆتایی دەست ئەکاتە تەواو بوون ئاگاداری دائیردی تەندروستی ئەکەن تا دائیرەی تەندروستی ئاگاداری ئێمە ئەکا ئەو مەسەلەیە هێشتا لەراستیدا چەنێ ووتومانە پێش مانگێک پێش دوو مانگ ئەبێ ئامارمان بۆبێ بۆ ئەوەی کەوا شت نەبڕێت هەر چەندە لە کۆگای دیوانی وەزارەت هەموو جۆرە قیرتاسیە هەیە وە تەموویل ئەکرێن چونکە ئێمە ئاماری سەرەکی هەر لەلای خۆمان هەیە بەپێی ئەوە ئێمە ئامادەی شت ئەکەین .

نەخۆشخانەی رزگاری قەرەباڵغییەکی زۆری لەسەر هەیە هەر لە سەرەتاوە خۆتان ئەزانن نەخۆشخانەی رزگاری نەخۆشخانەی هەڵبژارد، بوو لە زەمانی رژێم لەوانەیە کاک شەفیق ئەوە لە من باشتر بزانێ زۆر هەوڵماندا و زۆر ئاسانیش نەبوو کەوا ئەو نەخۆشخانە بگەڕێتەوە بۆ خزمەت کردنی خەڵک و هاووڵاتیان دەرگا کراوە بەوشێوەیە کە هەیە کراو ئەو رکابەرییەشی (منافسە)ی لەنێواندا هەبوو کە رزگاری بۆ کێ بێ و چۆن بێ، ئەوەش خۆمان هەموو لەنزیکەوە ئاگاداری ئەو مەسەلە بووین ئەگەر دکتۆری پسپۆرو ئەگەر کارمەندیش ئەگەر بیری لێ بکەیتەوە نەخۆشخانەی رزگاری پێ خۆشە، تا بچێت لەوێ دەوام بکا، چونکە بەناوبانگەو بە ئیمکانیاتە بەو شێوەیە ئەو شتانە کەوا باس کرا لە هیچ شوێنێک تائێستا لە هیچ پارێزگایەکی عێراق ئەو شێوە خزمەتە پێشکەش ناکرێ کەوا هەمووشی بێ پارەیە هەر داخیل بوون بلیتی بە دینارێکە، زۆر هەرا ئەکرێ لەسەر ئەو مەسەلەیە کەوا خەڵکەکە زۆر دێت سەردان ئەکا بۆ ئەوەیە کەوا پلیت دینارێکە بابکرێتە پێنج دینار چۆن جاران کردمان ئێمە کە پلیتمان کردە پێنج دینار لە کاتی خۆیا وەزارەت بوودجەی نەبوو ئەوەمان کرد کەوا سەندووقێک ئامادە بکەین لەو پێنج دینارە بۆ کڕینی دەرمان و

پێداویستی بەڵام کە بوودجە دانرا خۆش بەختانە زۆر سوپاسی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ئەکەم سوپاسی بەڕێز وەزیری دارایی ئەکەم کەوا پشتگیرێکی زۆریان کراوە بۆ تەرخان کردنی هەموو شتێک بۆ وەزارەتەکەمان ئێستا ئێمە پێش دوو ساڵ توانیمان بلیت جارێکی تر بکەینە دینارێک بەڵام کۆنترۆڵی ئەو مەسەلەیە ئاسان نییە خەڵکەکەمان دوای ئەو رەوشە نەختێک چاو برسی بووە سەبارەت بە دەرمان دێت سەردان ئەکات ئەمڕۆ چارەسەریەکەی وەرئەگرێ دوو رۆژ بەکاری دێنێت هەست ئەکات نەختێک چاک بۆتەوە ئیتر وازی لێ دەهێنێت فڕەی ئەدات چاک نەبۆتەوە چونکە دەورەکەی کۆتایی پێ نەهاتیە جارێکی کە( ئنتیکاسە) ئەکات دەگەرێتەوە سەردان ئەکا جارێکی تر راچێتەی بۆ ئەنووسن و بەو شێوەیە مەسەلەی دەرمان و بڕی دەرمان زۆر گرنگە بەلای ئێمەوە چۆنێتی مامڵەکردن لەگەڵ دەرمان لەوە گرنگترە ئەوەش لە دکتۆرەوە بیگرە تا هاوولاتی هەمووی چەند ئاڵقەیەکە لە زنجیرەیەک ئەبێت هەموو پێکەوە بەرێکی ئەو مەسەلەیە رەچاو بکرێ کەوا رەچاوناکرێ هەندێ هەیە ئەو چاو برسیەتیەی هەیە دەیەوێ نەختێک دەرمان کۆ بکاتەوە لەماڵ وەکو خەزینێک، وە هەندێکیش هەیە ئەیباتە بازارو ئەیفرۆشێ، ئەگەر لەکاتی خۆیا باسی دەرمان بکەم مەسەلەیەکی زۆر گرنگە پشتمان بە یارمەتیدانی رێکخراوەکان دەبەست کەوا لە ٧٥٪ داخوازی دەرمان لە رێکخراوەکانەوە بۆ ئێمە ئەهات، شەڕی ناوخۆ دەستی پێ کرد هەندێ رێکخراو خۆی کێشاوە بڕیاری ٩٨٦ کەهاتە ئارا ئەوەش رێکخراوی بازاڕی ئەورووپی هاوبەش بودجەی نەدا بە رێکخراوەکان ئەوانیش ئیتر یارمەتیان بڕی ئیعتیمادمان ئێستا لەسەر بڕیاری (٩٨٦) بەداخەوە کە تا ئێستا نەتواندراوە سەبارەت بە دەرمان بەشێوەیەکی باش بۆمان بێت ئی ئەو لیستانە کە پێشکەش ئەکرێت ئەویش جەنابتان ئەزانن کە کێشەکە سیاسیە لەوەی زیاتر هونەری بێ هەرچەند هونەریشی تێدایە کێشەکە لەنێوان بەغداو(**un**) خۆتان ئەزانن چۆن شەڕە کەڵەشێرە لە نێوان رژێمی بەغداو لیژنەی سزاکان بەپێی ئەو لیستانە پێشکەش ئەکرێن لیستەکانی ئێمە ئەچوو بۆ بەغدا تێکەڵ ئەکرا لەگەڵ لیستەکانی بەغدا دوای ئەوە کەوا ئێمە زۆر گوشارمان هێنا لیژنەی باڵای ٩٨٦ کاریگەرییەکی باشی هەبوو کەوا ئێمە توانیمان دوای ئەوە لیستەکانی کوردستان بە شێوەیەکی سەربەخۆ پێشکەش بکرێ بەڵام تا ئێستا سەبارەت بە بڕیاری ٩٨٦ فیسی یەکەم لەنێوان ٧٣، ٧٤٪ گەیشتوتە کوردستان فیسی دوو لە (١٠٪) دە و کەسر فیسی سێ تائێستا لە ١٪ نەگەیشتیە ئەو تێکەڵاوە بووە کێشەکەش بەبۆچوونی ئێمەش لەوەیە کە بڕیاری ٩٨٦ بەپێی بیرخەرەوەی لێک گەیشتنی تایبەتمەندییەک دراوەتە کوردستان و بەشی کوردستان لە بودجەکە، بەڵام ئالیەتی جێبەجێ کردن دیسان پەیوەست کراوە بە بەغدا کە بەغدا ئەوەی نایەوێ ماوە ماوەش خۆتان ئەزانن یادداشت نامە پێشکەشی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەکەن کە لە کوردستان هیچ نەبووە ئەویش بەو هۆیە کەوا ئیداراتی مەرکەزیی خۆی کێشایەتەوە رژێم ئەیەوێ ئەوە بەگەرێتەوە بۆ ژێر رکێفی خۆی ئەو مەسەلانەی ناوێ لەگەڵ ئەوەشدا کەوا هەندێ ئایتمیش هەیە لە دەرمان و لە پێداویستی کە خۆی حاصلی ئەکا یان کە خۆی دروست ئەکا کە

داخیلی لیستی داواکارییەکان ناکرێ کە ئەوەش ئێمە پێویستیمان پێیە لە بەغدا پێویستی پێی نییە ئەوەشمان چارەسەر کرد لەگەڵ (WHO) لە لیستەکانی تر ئێمە حکومەتی هەرێم تا ئێستا ئەتوانم بڵێم لە ماوەی ئەم ساڵە بای دوو ملیۆن دۆلار زیاتر دەرمانمان کریوە دوو ملیۆن دینار کەل وپەلی تاقیگەی خۆمان کڕیومانە ئێستاش ئەوە داوا کراوە شەسەت هەزار دۆلارە دەرمانی ترمان بۆ بێ بۆیە ئێمە ئەتوانین بڵێین کە قەدەغەمان لەهەر شوێنێکا لەدەزگا تەندروستییەکانمان نەخۆش بچێت پێی بڵێین بچۆ فلان شت بکڕە فلان شت بێنە هەتا نەشتەرگەریت بۆ بکەین ئەوەمان بنبڕ کردووە و دکتۆرەکیش ئەوە بڵێت ئێمە توێژینەوەی لەگەڵ دەکەین ئەو مەسەلەیە گرنگە سەبارەت بە مەسەلەی دەرمان، بڕی دەرمان ئێستا پێویستیمان بە وشیارکردنەوە هەیە کە خەڵکانی ئێمە مامڵە لەگەڵ دەرمان بە هەستێکی لێپرسینەوە بکەن کەوا بەپێی پێویست بەکاری بهێنێ هەروەها دکتۆریش کە ڕاچێتە دەنووسێ ئەبێ تەشخیسێکی ورد بکات بۆ ئەوەی کەوا بتوانێ کە ڕاچێتەکە ئەنووسێت ڕەچاوی بڕو جۆری دەرمان بکات بۆئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی هۆشمەندانە مامەڵە لەگەڵ مەسەلەی دەرمان بکەین.

هەر ئامێرێک کە ئێستا پەکی کەوتبێ لە نەخۆشخانەکان هەمووی لەلای ئێمە تۆمارکراوە و بە لیستەش پێشکەش کراوە گرفتی ئێمە لە دوو شتە:

یەکەم: تازەترین ئامێر لە نەخۆشخانەکان تەمەنی نزیکەی (١٨) ساڵە لە هەشتاکانەوە هاتووە. ئامێری پزیشکی ئێستا ساڵ بە ساڵ بەرەو پێشچوون دەڕوات یانی هەتا ئێستا کارگەکان ئەو کەرستە یەدەگانە دروست ناکەن بۆ ئەو ئامێرە کۆنانە، ئەوە لایەنێک، لایەنێکی تر ئێمە پێویستمان بە هونەرکاران (فنیین) هەیە پێویستمان بە پسپۆڕان هەیە بێن خەلەلەکان دیاری بکەن، ئێستا هیچ لە تەکنیکیەکانی ئێمە تەشخیسی خەلەلەکان ناکەن بڵێن فلان خەلەل هەیە، بۆیە ئێمە دوو ڕێگامان لە پێشە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (یونیسێف)، زیاتر ئەرکی ئەم ڕێکخراوەیە بەم شێوەیە باسکراوە. ئێمە ئێستا لەبواری ئامێرەکان دوو شتمان پێشکەش کردووە:

یەکەم: بڕگەیەک سەبارەت بە چاککردنەوەی ئەو ئامێرانە.

دووەم: هێنانی ئامێری تازە بەپێی بڕیاری (٩٨٦) و، هەندێکی گەیشتووە. وەکو ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بۆ کردووە هەندێ لەوانە بەکارهێنراوە کەوا ئێمە جارێکی تر گەڕاندوومانەتەوە بۆ ئەوان گوتوومانە ئێمە ئامێری تازەمان ئەوێ، لەگەڵ ئامێرە تازەکەش باس لەوە کراوە کە یان دەبێ هونەرکار (فنی) بچێت بۆ دەرەوە بۆ مەشق کردن (تدریب) لەسەر ئامێرەکە، یان دەبێ لەگەڵ ئامێرەکە پسپۆڕ بێت مەشق بە کادری ئێمە بکات بۆ ئەوەی کادری خۆمان دروست بێت بۆ ئیش کردن لەگەڵ ئەو ئامێرانە.

ئێمە سیستمی کۆمپیوتەر لە بەرنامەماندایە ئەوە دوو ساڵە بەکاری دێنین،ئەگەر بتوانین هەتا ئەرشیفمان کۆمپیوتەر بێت، بەڵام ئێمە لە دوو شوێنی گرنگ دەستمان پێکردووە:

یەکەم: دەرمان/ تاکو بزانین زانیاری کۆتاییمان چەندە، ڕەسیدمان چەندە، جوولەی دەرمان چۆنە

لە هەموو پارێزگاکان، لەبەرئەوەی کۆمپیوتەر زۆر پێویستە دەستمان بەوە کرد.
دووەم: بەشی ئامار/ هیچ پرۆگرامێک و، پلانێک بۆ بەرنامەکان لە تواناد‌ا نییە دابنرێ بێ ئەوەی ئامار هەبێ، گرفتمان لە ئامار لەگەڵ ئەو پێشنیارانە کەوا باسکراوە من ناتوانم هەمووی وەڵام بدەمەوە ئەگەر توانا هەبێ بکرێ، ئەگەر مووچە بێ دەرماڵە بێ هەموویان مافی خۆیانە، بەڵام هەروەکو چۆن مەسەلەیەکی رووسی دەڵێ (زمان زۆر داوا دەکات، بەڵام قسەی راستی لەلای زمانی گیرفانە چەند ئەتوانێ ئەو مەسەلەیە جێبەجێ بکات). لە بنکەکان باری ئامارمان زۆر باشە لەلایەنی پسپۆڕایەتییەوە، بەڵام چەندی لە بنکەکان دوور دەکەویتەوە ئەوا کەم وکوری هەیە، یاریدەدەری پزیشکی ئامار دەکات، برین پێچە ئامار دەکات، ئەوە مەسەلەیەکی زۆر خراپە بۆ ئێمە، بۆیە ماوەیەکە سێ خولی ئامارمان کردۆتەوە بۆ بەهێزکردنی ئامار، مامۆستایانی زانکۆ زۆر بە سوپاسەوە یارمەتیمان دەدەن بۆ وانەبێژی، هەروەها لەگەڵ (یونیسێف) و (WHO)ش پرۆگرامان هەیە ئەو خولانە بەردەوام بێت بۆ دروست کردنی کادر، لەبەرئەوەی دەبێ ئامارمان زۆر ورد (دقیق) بێت ژمارەکان خەیالی (وهمی) نەبن و، بایەخێکی باشی پێ بدرێ.
دکتۆر و دابەشکردنی کادر مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، ئەگەر کادر بەپێی پێویستی پێداویستییەکانی پرۆگرام دابەش نەکرێ بە بۆچوونی من ئیشوکار بە شێوەیەکی پێویست ناڕوات، راپۆرت باسی کردووە هەندێ پسپۆڕ لە رزگاری داماوە ئەمە زۆر راستە. ئێمە پلانمان هەیە بۆ ئەو دابەشکردنە بە شێوەیەکی تر بۆ نموونە مەسەلەی (چاو)، (لوت و گوێ و گەروو)ئێستا ئێمە دەستمان کردووە بە ساڵەیەکی نەشتەرگەری لە نەخۆشخانەی فێرکردن لەوێش ئەو مەسەلەیە بکەن.
ئێمە زۆر حەز دەکەین موماریسەکان دابەش بکرێن بەسەر دەزگا تەندروستییەکانمان لە هەموو (مستوصف)ێک ئەگەر پشکنینێکی باش بکرێ تەنیا بۆ حاڵەتێکی تایبەتی لەوانەیە بۆ راوێژکاری (استشاری) رەوانە بکرێن، لەوانەیە هەر لەوێوە حاڵەتیان دەسنیشان بکرێت و دەرمانیان پێ بدرێ، تا ئێستا بۆ ئەو مەسەلەیە پێویستیمان بە کادر هەیە کە دابەش بکرێن، هەندێ جاریش خۆمان دەزانین لەو کاتەدا کە بە دکتۆرێک دەڵێین لە شوێنی کارکردنت بگوازرێتوە وا هەست دەکات غەدری لێ دەکرێ یان ئەنێردرێتە شوێنێک کە شوێنی خۆی نییە.
ئێمە لەسەرەتاوە گوتوومانە مادام باس لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان دەکرێ دەبێ خزمەتی تەندروستی بۆ خەڵکەکە بچێت نە تەرکیز بکرێ لە شارەکان و خەڵک بێت ئەوە مەسەلەیەکە تا ئێستا ئەو هاوکێشەیە ئیشی دەوێ بۆ ئەوەی کە بتوانین ئەو مەسەلەیە جێبەجێ بکەین.
کارمەندیش زۆر حەز دەکات لەو شوێنە کاربکات کە نزیکی ماڵی بێت، تەلەفۆناتیش دێت لەسەر مەسەلەی گواستنەوە، یان لیستەیەک دەردەچێت بۆ دابەشکردنی کادر دەخرێتە چوارچێوەیەکی تر، چوارچێوەی حزبایەتی و ....، لە راستیدا نابێ دابەشکردنی کادر بڤە بێت، بەڵکو دەبێ دابەشکردنی کادرەکان بەپێی پێویست بێ ئەو کادرەی کە دڵسۆزە پابەندی هەیە دەبێ لەو شوێنە

بێ کە خزمەتی خەڵکی هەیە، نەک لە شوێنی ئیسراحەت و بەدەستکەوت بێ. ئێمە دەبێ کادیرمان دابەش بکەین.
بەرنامەمان شتێکی کاکڵەیی(جوهر)ی تیادایە ئەویش ئەوەیە کە بتوانین خزمەتگوزاری پێشکەش بە خەڵک بکەین، بەڵام ئێستا ناتوانین دکتۆر و کادیر بنێرین، بۆیە یەک برگە لە پرۆژەکانی ساڵی داهاتوومان باڵەخانەی خانەی پزیشکانە بە شێوەیەکی بنەڕەتی لەو خەستەخانانەی کەوا (سەریر)یان هەیە پێویستی بە دکتۆر هەیە وەکو (سۆران، چۆمان، هەریر) هەروەها ئەو ناوانەمان داناوە کە بتوانین لە (زاخۆ، ئامێدێ و ئەو شوێنانە) خانەی پزیشکان هەبێ، چونکە گرنگترین شت بۆ دکتۆر کە بچێتە شوێنێک ئەوەیە خانووی هەبێ، بۆیە ئەمە خاڵێکی گرنگە لە مەسەلەی دابەشکردنی کادر.
سەبارەت بە تاقیگەو ئەشیعە، توانایەکی زۆر خەرج دەکرێت لەو مەسەلەیە هەندێ جار موراجەعەی زیادەش دەکرێت بۆ ئەو شوێنانە بۆیە ئێمە رێککەوتووین تا ئێستا وابزانم ملیۆن و نیوێک پسوولەی تەندروستی (البطاقە الصحیە) لەلایەن (WHO) بۆمان لە چاپ دراوە، ئێمە دەمانەوێ پسوولەی تەندروستی بۆ هەر کەسێک لە کوردستاندا ببێ، بۆ ئەوەی سەردانەکانی تۆمار بکرێت دکتۆریش بزانێ مێژووی نەخۆشی ئەم کابرایە چییەو چۆنە هەروەها جۆرە چاودێرییەکە بۆ سەردان و نەخۆش کە هاتووچۆ و موراجەعە کۆنترۆل بکرێت. دەستمان کردووە بە تاقیکردنەوەی بەکارهێنانی پسوولەی تەندروستی تاکو بتوانین ئیتر سەرانسەری پارێزگاکان بگرێتەوە لە زۆر شت رزگار دەبین، ئەگەر ئەو مەسەلەیە بکرێت.
پاک و خاوێنی نەخۆشخانەکان دەتوانم بڵێم ئێستا لە هەموو کاتێک باشترە، باسی مەسەلەی چەرچەف و شتی تر کرا لە راستیدا دوو ڕا هەیە لەسەر ئەو مەسەلەیە، چونکە لەکاتی خۆیدا کە نەخۆش داخلی نەخۆشخانەش دەبوو چەرچەف و بەتانیەی لوول ئەکرد و لەگەڵ خۆیدا دەیبرد وەکو مافێکی ببێ وەکو تەعینێکی نان خواردن بێ زیانێکی زۆرمان دیت لەو مەسەلەیە ئێستا هەندێ ڕا هەیە لە نەخۆشخانەکان دەڵێ چەرچەف دانەنێین تاکو نەخۆش نەیەت، ئێستا ئەگەر بچی سەیر بکەیت هەموو سەریرەکان کەوا کەسی تێدا نییە چەرچەفی لەسەر نییە، ئەگینا ئێمە لەگەڵ وەزارەتی پیشەسازی هاوکاریمان هەیە قوماشمان ئەدەنێ ساڵی دوو جار ئەو شتانە بەردەوامە، ئەگەر بەروانکە (صدریە) بێ، بەڵام هەندێ جار کادر بەخۆی حەز لە بەروانکە (صدریە) ناکات کە لەبەری بکات، بێگومان ئەوە زۆر پێویستە کاردەکاتە سەر پاکی نەخۆشخانە و هەیبەتی ئەو کادیرە کەوا لە نەخۆشخانە کار دەکات، ئەو باجەی کە لەسینگی ئەدات ئەگەر دکتۆر بێ یاخود کادیر بێت ئەوە مەسەلەیەکی نیزامییە پێویستە بایەخی پێ بدرێ، بەڵام ئێستا بەو شێوەیە بایەخی پێ نادرێ.
داخوزایان زۆرە، سەبارەت وزەی ئەشعە ئێمە گرفتەکەمان ئەوەیە بۆ نموونە (١٨٠ ـ ٢٠٠) روقعەی تیشکاوەری (شوعاعی) رۆژانە وەردەگیرێ، ئەگەر بە شێوەیەکی پێویست بێ لەوانەیە

نیوەی ئەو برە رۆژانە وەربگیرێ، ئەوە کاریگەری هەیە لەسەر خەرج کردنی روقعەکە و، هەروەها کاریگەری لەسەر وزەی (طاقە) ئامێرەکە کە بەرگە نەگرێ، تەمەنی ئامێرەکە دە ساڵ بێ دەبێتە پێنج ساڵ. بەداخەوە جۆرە رەچاوێکی سایکلۆجی دەکرێ بۆ خەڵکەکە بچۆ ئەشعە وەربگرن بۆ فلان شت، ئەوە دادەنرێ بەوەی کە جۆرە بایەخدانێکە بێ ئەوەی رەچاوی لایەنی تر بکرێت لەو مەسەلەیە هەموو شتێک لە شوێنی خۆی باشە و خۆشە ئەگەر لە رادە دەرچێ بەرای من بەزیان دەگەڕێتەوە، هەتا بۆ نەخۆشیش ئەشیعە کاریگەری هەیە لەسەر ئەتەمەکانی(انسجە)ی.

باسی دکتۆری پێست کرا کە دوو کادیر هەیە، بەڕێزان کادیر زۆر بە ئاسانی لەگەڵ ئێمەدا تەجاوب ناکات بێتە ئیشی ئیداری بەتایبەتی کە بێ بەش دەبێ لەو دەرماڵەیە کە لە نەخۆشخانە وەریدەگرێ ئەو مەسەلەش سەبارەت بە ئێمە گرفتێکە ئێمە ئێستا لە دیوانی وەزارەت، یان لە دیوانی فەرمانگەی تەندروستی هەولێر بێ، یان دهۆک بێ لە راستیدا زۆر کەم دێن، چونکە هەر بەشێک پێویستی هەیە بە دکتۆرێک کە پسپۆڕ بێت لەو ئیشە سەرپەرشتی بکات، بەلام نایەن چونکە شتێکی تایبەتی نییە. ئەوە سەبارەت بە مەسەلەی دەرماڵە دەمەوێ بە گشتی باسی بکەم لە زۆر شت ئێمە کەوتینە گفتوگۆ لەگەڵ وەزارەتی دارایی، بەلام هەر شتێک کەوا بتەوێ بیدەی بەردەوامیش بێ ئەبێ بزانی لە کوێ دەری دەکەی سەبارەت بە کوردستانەوە تا ئێستا سەرچاوەی داهات بزێوە (متحرکە) کە سەرچاوە بزێو(متحرک) بوو زۆر زەحمەتە شتی چەسپاو وەکو ئیلزام لەسەر خۆت دابنێی دوایی تۆ توانات نەبێ ئەو شتە بەردەوام بێت، ئەوە بەرای من یاسایەکی ئابوورییە بەو چاوە باسی مەسەلەی دەرماڵە دەکرێ، ئەگینا هەموو بەشێک کە باسی پزیشکی دادوەری (عدلی) دەکرێ ئێشکگری دەکرێ بۆ ئێشکگریش کات ژمێری زیاد (اضافی) بەردەوامە، بەلام لەوانەیە پارەکە کەم بێت ئەوە مەسەلەیەکی ترە بۆیە مەسەلەی دەرماڵە هەمووی بە ئیجابی وەردەگیرێ لە گفتوگۆ، بەلام لە کوێ دەرچی کە بتوانرێ بەردەوام بێ ئەوە مەسەلەیەکە من لێرەوە ماف بە وەزارەتی داراییش دەدەم کەوا بەو چاوە سەیری مەسەلەکان دەکات.

سەبارەت بە ئوتۆمبێلەکان لەوانەیە کاک فرەنسۆ لەوە یارمەتیم بدات. لە نەخۆشخانە ئۆتۆمبۆبێلی باشمان هەبوو بەلام هەمووی تالان کران و نەگەڕانەوە زۆر هەوڵماندا و لیستەیەکی دوورودرێژیشمان پێشکەش کرد کاک فرەنسۆ خۆشی خۆی زۆر ماندوو کرد بەو مەسەلەیە دوایی بینرا کەوا ئەوە سوودی نییە و، پارە دانرا بۆ کڕینی ئۆتۆمۆبێل کە بێگومان پێویستیمان پێی هەیە. سەبارەت بە ئوتۆمبێلی ئیسعاف ئێستا باشترین لە جاران، چونکە بەپێی بڕیاری (٩٨٦) هەولێر (١٢) ئیسعافی بۆ هات و، هەروەها بە بۆچوونی من لە دهۆک (٦ـ ٩) ئیسعافی بۆ هات و، لە هەموو لیستەکانیش ئێمە ئەو مەسەلەیە دائەنێین کەوا بتوانین لە میانی بڕیاری (٩٨٦) ئەو لایەنەش پڕ بکەینەوە.

چێشتخانە بەرای من چەندی بتوانین بایەخی پێ بدەین توانایەکی باشی بۆ تەرخان بکرێت زۆر پێویستە، چونکە بەرای هەموو پسپۆڕەکان خواردەمەنی پێدان (تغذیە) نیوەی چارەسەرکردنە،

ئەگەر نەخۆش خواردنی باش نەبێت لەوانەیە چارەسەکردنەکە موضاعەفاتی تازەشی بۆ دروست بکات، ئەگەر بەپێی ئەوە نەبێت کە یارمەتی نەخۆش بدات کە چاک بێتەوە بۆیە بایەخی پێ دەدرێ، ئەو بایەخدانە پێویستە زیاتریش بدرێت بە لیژنەی کرینی (ارزاق)و، لیژنەی وەرگرتن و، لیژنەی سەرپەرشتی کردنی چێشتخانە، هەروەها لە دابەشکردنی بەسەر نەخۆشەکان و، کارمەندانیش.

کابینەکان و ئەو مالانەی کە لەناو نەخۆشخانەکانن، لە راستیدا کابینەکان شتێکی شەرعی نەبوو هەر لەسەرەتاوە دانرابوو وەکو یارمەتیدەرێک بێت بۆ نەخۆشخانەکە، بەلام بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە لەسەرمان تێپەڕ بوو زۆر کەس چوو هەندێ کابینەی داگیر کرد، بۆ نموونە دەیانگوت پێویستمان بە ئەندازیار هەیە، چونکە مادام (تبريد) (٢٤) سەعات ئیش دەکات، موەلیدە ئیش دەکات، جار جار کارەبا دەبڕێت پێویستیمان بەوە هەیە کە ئەندازیار نزیک بێت ئەولەویە درا بە ئەندازیار ئیتر بەو شێوەیە، لە راستیدا ئێمە تا بتوانین ئەم کابینانە هەلگرین باشترە لەوەی کە بلێین با دووبارە دابەش بکرێنەوە، ئێمە وا بڕیارمان داوە، بەلام ئەم خانووانەی کە لە نەخۆشخانەی فێرکردن هەیە پسپۆڕەکانی تێدایە ئەوە ئێمە ئیجرائاتمان وەرگرتووە ئەوە تا ئێستا یەکێک دەرچووە لە میانی ئەو رۆژانە دووانی تر دەردەچن بەپێی پێویست ئێمە بیر لەوە دەکەینەوە کەوا خانوو بدەین بە (مقيم اقدم) کە لە موقیمەکان جیاواز بکرێنەوە، چونکە دەبێ شەوو رۆژ لەوێ بن تاکو بتوانن کارو خزمەتی خۆیان بکەن.

نەخۆشخانەی سەربازی لە مێژە ئێمە بیرمان لێ کردۆتەوە هەر لەم شوێنە برادەران ئاگایان لێیە لە کاتی خۆیدا من باسی ئەوەم کردووە، چونکە لە راستیدا کاریگەرییەکی سلبی زۆری هەیە لەسەر نەخۆشخانەکانمان. نەخۆش گرفت نییە، بەلام گرفتەکە ئەوەیە ئەوانەی لەگەل نەخۆشدا دێن بەخۆی و چەکەوە هەندێ جار دەست درێژیش دەکەن لەسەر دکتۆر و خەلکی تر، ئەوە گوتوومانە چەندی بتوانین شوێنێکی تایبەتییان بۆ دابین بکەین بۆ موراجەعە کردنیان. لەکاتی خۆیدا دەستیشانی نەخۆشخانەی تاداران (حميات) کرا بەو پێیەی کەوا تاداران (حميات) ئێستا لە دنیادا نەماوە، هەرچەند شوێنێکی تریش تەرخان کرا بۆ ئەو مەسەلەیە. پرۆژەکە پێشکەش کرا کە (هۆلی) نەشتەرگەری دروست بکرێت و، هەروەها ئیستشارییەکیشی بۆ دروست بکرێت، چونکە ئێمە پۆلیس بۆمان دەنێرێ دەلێ بنکەی تەندروستی تایبەتیمان بۆ بکرێ، ئاسایش ئەلێ تایبەتی، ئەوی تر دەلێ تایبەتی، ئێمە ناتوانین ئەم جۆرە داواکارییانە هەموی جێبەجێ بکەین، گوتوومانە ئیستشارییەک هەبێ تا ئەوانە هەموویان سەردانی ئەو شوێنانە بکەن. لەکاتی خۆیدا شتێکیش بلاوکرایەوە لەسەر ئەوە بێ ئەوەی کە ئاگاداری مەسەلەکە بن بەردێک لە تاریکی فڕێدرا بوو.

دەربارەی مەسەلەی تەواری سەبارەت بە هەولێرەوە لە پرۆژەماندا هەیە ئەو تەوارییە زۆر تەسکە بۆ هەولێر، ئێمە گوتمان (ئمير جينسى) ئەو نەخۆشخانە ئیتالیە تازەیە یارمەتیمان دەدات لەو مەسەلەیە بەرای من ئەوە هێدی هێدی (تدريجيا) دەتوانێ ئەو یارمەتییە بدات هەرچەندە ئێستا

ئەوە سوور دەبن لەسەر ئەوەی کەوا بۆ شەڕ کراوە، باشە خۆ شەڕ هەموو جارێ نابێ ئێمە ئاشتی و ئارامیمان دەوێ. راستە کوردستان کێڵگەی مینکراوی زۆر لێیە دەبێتە هۆی برینداركردنی زۆر کەس بەرای من ئەوە بەرەو کەم بوونەوە دەڕوات، ئێمە دەتوانین سوود لەو فریاکەوتنە(تەوارییە) وەربگرین و، لەم رۆژانە تەواری دهۆک دەکرێتەوە و، هەروەها لە پرۆژەی داهاتوودا نەخۆشخانەی منداڵ بوون هەیە بۆ دهۆک و هەولێر. چوار بنکەی تەندروستی تر بۆ ناو هەولێر دەکرێ لە بڕیاری (٩٨٦) بە شێوەیەکی جوگرافی دابەشکردن و کردنەوەی بنکەی تەندروستی لەناو شاری هەولێر بەرای من رۆڵی دەبێ لەو قەرەباڵغیەی کەوا لەسەر نەخۆشخانەکان هەیە.
(جوملەی عەسەبی) گرفتێکی گەورەی ئێمەیە تا ئێستاش هەوڵ دەدەین کەوا (مقیم) رۆڵی هەبێ لەو مەسەلەیە.

سەبارەت بە ناردن بۆ دەرەوە ئەوە مەسەلەیەکی ئاسان نییە هەرچەند ئێمە ئێستا تاقیکردنەوەیەکمان لەژێر دەستە وەفدێکمان نارد بۆ تورکیا، ئێستا ئەو وەفدە وەکو هەنگاوی یەکەم دەچن دەورە ببینن لە نەخۆشخانەکانی تورکیا بۆ ماوەی مانگێک هەوڵمانداوە کە بتوانین ئەوەش یارمەتیمان بدات. لە راستیدا تا ئێستا لەگەڵ زۆر جێگا قسەمان کردووە کە رێگەمان پێ بدرێ، چونکە ئێمە دابڕاوین هەرچەندە ئێستا لە زانکۆی سەلاحەدین خوێندنی باڵا هەیەو، تایبەتمەندی هەیە، بەڵام خوێندن لە دەرەوە مەسەلەیەکی ترە پێویستیمان پێی هەیە لەکاتی خۆیدا لە ساڵانی (١٩٩٤ ــ ١٩٩٥) «بێکر» رەزامەندی هێنا ساڵی چوار دکتۆر بچن گوتی بە مەرجێک ئەوانە بگەڕێنەوە بۆ کوردستان، دوایی ئەوە شەڕ دەستی پێ کرد ئەوانیش گوتیان داوای لێ بوردن دەکەین تا ئێستا ئەو مەسەلەیە رەچاو نەکراوە. لەگەڵ رێکخراوی تەندروستی جیهانی باسمان کردووە، بەڵام تا ئێستا هیچمان بە هیچ نەکردووە.
هیوادارم بە شێوەیەکی گشتی وەڵامی پرسیارەکان بدەمەوە، پرسیار هەر زۆر دەبێ چونکە بواری خزمەتگوزاری چەندی بەرزتر بێ چەندی باشتر بێت هەر پێویستی بە باشکردنی زیاتر هەیە، هەر کەم وکوڕی دیار دەدات، بەڵام من داوا دەکەم لە خوشکان و برادەرانی لیژنەی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئەوە سەردانیان وەرزی نەبێ، بەڵکو بەشێوەیەکی رێک وپێک بێت. لە راستیدا ئێمە راپۆرتی وەرزیمان هەیە هەر لە کابینەی یەکەمەوە ئێمە ئامادەی دەکەین هیوادارم بە شێوەیەکی رێک وپێک بگاتە جەنابتانیش، ئەوانەی (٧ ــ ٨ ــ ٩) پێشکەشی کاک جوهرم کردن و، (١٠ ــ ١١ ــ١٢)ش لە رێگایە، ئێمە راپۆرتی وەرزی لەسەر هەموو چالاکی تەندروستی ئامادە دەکەین، زۆر سوپاستان دەکەم، ئینجا ئەگەر پرسیارێکیش هەبێت ئامادەم وەڵامی بدەمەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ ئەو روونکردنەوانەو، ئەو تیشکەی کە خستییە سەر راپۆرتەکە، وەڵامی زۆر لەو خاڵانەی کە هاتبوو درایەوە چارەسەرییەکی باش بوو بۆ ئەم بابەتە. ئێستاش دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە هیواداریین زۆر نەبێ، چونکە

کاتەکەمان خەریکە بەرەو تەواو بوون دەڕوات نیو کاتژمێرمان هەیە بۆ پرسیار و وەڵامدانەوە، بۆیە هەتا بکرێ برادەران سوودیانێ وەرگرتبێ لە راپۆرتەکەو سوودیان وەرگرتبێ لە وەڵامەکانی جەنابی وەزیر و، ئەو پرسیارانەی کە ئێستاکە دەکرێت با هەمووی بەیەکەوە بکرێن نەوەکو دووبارە بوونەوە هەبێ پاشان جەنابی وەزیر تێبینییەکانی خۆی بنووسێ و بەڵکو بەیەکجار وەڵام بداتەوە چونکە کاتمان کەمە. کاک فرەنسۆ پرسیاری هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فـــــرەنســــــۆ تــۆمـــــا هــەریـری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــــومــــــەن.**

من پرسیارم نییە، من وەکو بەرپرسییەکی هاوبەش من یەک دوو تێبینییم هەیە.

مەسەلەی دکتۆری (ئەعساب) پێویستییەکی زۆر پێویستە، بەڵام دەست ناکەوێ ئەبێ هەوڵ بدرێ بە جدی ئەگەر لەدەرەوەش بیهێنین، چونکە یەک دکتۆر بەتەنیا بەشی ئێرە ناکات. من پێم وایە برادەران کـــە چوون راپۆرتێکی زۆر چاک و رێک وپێکیـــان نووســـیـــوە، بەڵام هەندێ (حاتەمییان) کردووە لە هەندێ شت و داوا، پێویستە لە پێش فەرمانبەرو خەڵک پێشنیار نەکرێت کە مووچەی ئەوە وای لێ بێت، مووچەی ئەوی تر وای لێ بێت، هەندێ پێشنیار کە لێرە بە ئێمە نەکرێ چاک وایە نەکرێت، قەیناکە لەگەڵ وەزیر لە وەزارەت باس بکرێت، بەڵام لە راپۆرتەکان و لە پێش ئەوان نەبێت.

بەڕێز وەزیر باسی نەکرد، بەڵام نەخۆشخانەی کۆماری ئێرە خەریکە ئاوەدان دەکرێتەوە نهۆمێکی تری لەسەر دروست دەکرێت، پێموایە ئەو گەورەتر دەبێت لە رزگاری و خەڵک زیاتر دەگری زۆر نەماوە دەستی پێ بکرێ، بۆیە گووتم یارمەتی بدەم لێرە.

من پێشنیار دەکەم بۆ وەزیر و بە سەندیکای پزیشکانیشم گوتووە دکتۆرەکان کە لە نەخۆشخانەکان کە راچێتە دەنووسن بۆ دەرمان پێویستە رۆژانە داوا لە دەرمانخانە بکەن کە لیستەیان بۆ بنێرن کە چ دەرمانێک هەیە ئەورۆژە بۆ ئەوەی ئەوان ئەو بنووسن زۆر جار چوار پێنج جۆر دەنووسن، بەڵام یەک جۆر لەوێدا هەیە کاغەزەکە لەوێ دەمێنێتەوە، کارمەندی دەرمانخانە تەنیا یەک مادەی دەداتێ کاغەزەکە دەمێنێتەوە کاتێک کە دەرمانەکە دێت ئەوە دەتوانێ تەسەروفی پێ بکات و بیباتە دەرێ لە دەرمانخانەو شوێنی تر دەیفرۆشێ، من دوو سێ جار تەئکیدم لەسەر دکتۆرەکان کردووە ئەبێ رۆژانە بزانن لە دەرمانخانەی نەخۆشخانە چ هەیە بۆ ئەوەی ئەو دەرمانە بنووسن زیاتر نەنووسرێ.

سەبارەت بە پاک و خاوێنی نەخۆشخانەکان من سەردانم کردووە زۆر زۆر پاک و خاوێن و گۆڕانێکی زۆری بەسەر هاتووە، بەڵام مەسەلەی بەتانی و چەرچەف ئێستا نەخۆشەکان لەلایەنی دەروونییەوە ئامادەنین بەبەتانی نەخۆشخانەکە بنوون هەریەک لەماڵی خۆی بەتانی بۆ خۆی دەهێنێ، چونکە پێی خۆشە بە بەتانی خۆی بنوێ، بەڵام ئەگەر بێتو نەخۆشخانەکان بتوانن کۆنترۆڵی ئەم رەوشە بکەن، کاتێک نەخۆش بچێت ببینێ قەرەوێلەکەی بەتانییەکی رێک وپێکی

لەسەرە خاوێنەو چەرچەفەکەی خاوێنە پێمواپە ئەو حاڵەتە دەروونییەش نامێنێ و، من ئاگادارم نەخۆشخانەی رزگاری بەڵێنی ( ٤٠٠ ) چەرچەفی داوەتە موناقەسە بۆ کرین.

دەربارەی خاوێنی نەخۆشخانەکان من خاڵێکم مابوو ئەگەر دکتۆرەکان نەتوانن یەکەم جار عیادەکانی خۆیان خاوێن بکەنەوە خەڵک زۆر گلەیی لە عیادەی دکتۆرەکان هەیە من پێمواپە دکتۆرەکان هەوڵ بدەن عیادەکانی خۆیان کە یەک ژوورە خاوێن بکەنەوە پێمواپە نەخۆشخانەش خاوێن دەبێتەوە، بەڵام کە عیادەکان خاوێن نەبن ئەوا نەخۆشخانەکان کە گەورەن خاوێن نابن.

جا لێرە من سوپاسی دکتۆرەکان دەکەم ئەم شەوەی کە کاک (جەمال مورتکە) وای لێ هات دکتۆرەکان هەر لە سەرۆکی تەندروستییەوە تا زۆربەی زۆری دکتۆرەکان ئامادە بوون بەتایبەتی سوپاسی (د. نورالدین اسماعیل) دەکەم ئەو تەشخیسەی کە ئەو کردی کە نیشانیدا کە مەترسی (خطور)ەی لەسەر نییە و، راپۆرتێکی نووسی بۆ دکتۆرێکی برادەری بۆ ئەو شوێنەی کە بۆی دەچی دەقاودەق دکتۆرەکانی شوێنەکە پشتگیری ( ١٠٠٪ )ی د. نورالدین اسماعیلیان کرد، جێگای خۆشحاڵییە دەرمان نەبوو هاتن لە هەولێر دەرمانیان برد دوو دکتۆر لەگەڵی چووبوون بۆ سەفەر ئەو دەرمانەی کە پێویستە دەست نەکەوتووە لەوێ دکتۆرەکان هاتن لەهەولێر بردیان واتا حاڵەتی هەولێر لە دەرمان لە زۆر شوێنی عێراق باشترە .

هۆیەک هەبوو کە دەرمان بەشی نەدەکرد، بلیتی تەندروستی نەبوو، پیرێژنێک دەچووە بنکەیەک دەرمانی وەردەگرت و لەو مەرکەزە دەردەچوو دەچووە بنکەیەکی تر لەوێش دەرمانی وەردەگرت، ئەو پلیتە تەندروستیانەی کە چاپ دەکرێ بۆ کۆنترۆڵ کردنە کە دەچێت بۆ بنکەیەکی تەندروستی ئەبێ پلیتەکەی نیشان بدات، تاوەکو کە لە بنکەیەکی تەندروستی دەرمانی درایێ وبۆی نوسرا کە چووە بنکەیەکی تر ئەو پلیتە نیشان ئەدات ئەویش کە ئەبینی دەرمانی بۆ نوسراوە ئەوکات دەرمانی ناداتێ، وە کە ئەبینی دەرمانی لەسەرە ناتوانێ دەستی تێوەردانی(EMERGENCY)کە کاک کەمال باسی کرد، ئێستا داوا لە نەخۆشخانەکانی ئێمە دەکات و دەڵێت مافی ئەوەتان نییە دەست لە بریندارەکان بدەن، بەڵام بریندار لە حاجی ئۆمەران و سیدەکان کە بریندار دەبێت ئەو ئەڵێت نابێ دەستکاری بکرێت، لەبەر ئەوە ئێمە پێشنیارمان کرد و پێمان گوتن ئەگەر زۆر پەرۆشن بۆ تیمارکردنی بریندارەکان فەرموون برۆن بۆ حاجی ئۆمەران و سیدەکان و سۆران لەو ناوچانە لقێک بۆخۆتان بکەنەوە بۆ ئەوەی بتوانن بریندارەکان تیمار بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک شەفیق.

**بەڕێز شەفیق ئەمین محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

چەند پرسیارێکمان هەیە لە بەڕێز وەزیری تەندروستی، یەکەم: دەربارەی عیادەکانی تەئمینی تەندروستی، ئەو ڕۆژەی کە باسمان کرد جەنابت بڕیارت دابوو وتبووت لەوانەیە لەکۆتای دابێت و ئەکرێتەوە.

دووەم: دەربارەی دەفتەری تەندروستی، کە لەکاتی خۆیدا هەبووەو لە هەموو وڵاتانی جیهانیدا هەیەو هەرماڵێک دەفتەری تەندروستی خۆی هەیە بۆ ئەوەی کە ئەچێتە ئەو بنکە تەندروستیانەو ئەو نەخۆشخانانە، کە دەفتەرەکەی نیشان دا بەپێی ئەوە دەرمانی پێ ئەدرێ و ناتوانرێت دەسکاری پێ بکرێت، چونکە ئێستا هەیە ئەچێت چوار منداڵ ئەبات و لەهەموو لایەک دەرمان وەرئەگرێ، هەروەکو جەنابیشت دڵنیایە کە هەندێکی لە بازاڕ دەفرۆشرێت.

سێیەم: دەربارەی(السیطره النوعیه) ئەو دەرمانەی لەبڕیارەکانی ١٩٨٦دا و ڕێکخراوەکانی بیانی و نەتەوەیەکگرتوەکان ئەهێنن بۆ بەغدا و ئەگاتە دەستی ئێمە، ئێمە پێویستە بەشی خۆمان هەبێت بۆ فەحس کردنی چونکە ئەو لە شوێنی خۆی ئەو دەرمانە هەرچی چاکە بۆ خۆی هەڵی دەگرێت، و لەوانەیە ئەوەی خراپ بووبێ بۆ ئێمەی بنێرێ، زۆری وا هەیە. دوای ئەو دەرمانە سامەرا هەیە و دەرمانەکانی سامەرا نکوڵی لێ ناکرێ و کارگەیەکی زۆر پێشکەوتووە، وە لەکاتی خۆشیدا ئەو دەرمانەی کە هەیبوو بەرامبەر بە دەرمانی ئەوروپا بوو، بەڵام دیسان ئەو دەرمانە کارگەکەی کار دەکات بەڵام ئەو دەرمانەی کە بۆ ئێمە دێت ئەو پێداویستیەکانی خۆی کە سامەرایە هەڵی دەگرێ و ئەوەی تر بۆ ئێمە ئەنێرێ، پێویستە ئێمە لەو بارە زۆر وریا بین دوای فەحسی نەسیجی نەخۆشی بۆ نەخۆشیەکانی شێرپەنجە ئیمە لێرە دوو دکتۆرمان هەیە پسپۆری تەواون بەڵام بەداخەوە ئەو پزیشکانە دامەزراون لە ڕاگریەتی کۆلیژی پزیشکی ، واتە نەخۆشخانەکانی ئیمە سوود لەوانە وەرناگرن، جاری وا هەیە لەوانەیە هەفتەی دوو کاتژمێر کاردەکات و ئەو دوو کاتژمێرە بەهیچ ڕاناگات و لەوانەیە دوای شەش مانگ ئەو فەحسە تەواو ئەبێت و ئەو نەخۆشەش مردووە، بەڵام پێویستە وەزارەتی تەندروستی ئەمرێ دەرکا بۆ ئەو پزیشکانەی کە دکتۆرایان هەیە و پسپۆریان هەیە ڕۆژانە لە نەخۆشخانەی ڕزگاری دوو کاتژمێر دەوام بکەن با لەگەڵ ڕاگری کۆلیژی پزیشکی کاتێکی دیاری کراو بۆخۆیان دابنێن بۆ ئیش و کارەکانیان، ئەمانە ئەگەر هەر لەکۆلیژی پزیشکی بن و نەخۆشخانەکانیش نەخۆشی شێرپەنچەی تیادایە ئەوا بارودۆخەکە زۆر ترسناک ئەبێت، دوای شەش مانگ ئەنجامێک هەبێت یان نەی بێت و ئەگەر هەشیبێت ئەوا مردووە.

دەربارەی کردنەوەی بنکەکانی تەندروستی کە ئیستا هابیتات پێی هەڵدەستێت، ئێمە زۆر گوند هەیە پێویستی پێ نییە، بەڵام خۆی پێویستە هابیتات لەگەڵ وەزیری تەندروستی لەگەڵ پارێزگار یان لەگەڵ وەزیری ئاوەدانکردنەوە، هەموویان بەیەکەو دابنیشن ڕێک کەون کە لەکوێ بنکەکانی تەندروستی بکرێتەوە، ئێمە کاتی خۆی بڕیارمان هەبوو بۆ ئەوەی کەوا کوردستان بێ بەش نەبێت لە پزیشک لە بنکە تەندروستییەکان پێنج شەش دێ یان گوند دیاری ئەکراو کامەیان لە ناوەڕاست بووایە ئەوا نەخۆشخانەیەک لەوێ ئەکرایەوە بۆ ئەوەی دەوروبەرەکەی هەموویان بێن بۆ ئەو نەخۆشخانەیە، نەک وەکو ئێستا نەخۆشخانەیەک کراوەتەوەو بەڵام دکتۆری نییە ویاریدەدەری پزیشکی نییەو دەرمانخانەی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێخ عەفان فەرموو.

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئەوەی برای بەڕێز باسی کرد ئەبوایە ئێمە لە ڕاپۆرتەکانمان باسمان بکردایە، بەڵام هەندێ شتی تر هەیەو تێبینییەکەی من بچووکە،ئەو ڕاپۆرتە بۆ وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتییە، کۆمەڵێک سەردانمان کرد بۆ ئەو بنکە تەندروستییانە و کاتی خۆی ویستمان بیکەین بە ڕاپۆرتێکی جیاواز، بێگومان ئەو شوێنانەش زۆر گرنگن وەکو قوتابخانەی برین پێچی کچان (مدرسە الممرضات)ئەوانەی بەساڵاچووەکان یاخود ئەوانەی کەروڵاڵەکان کە سەردانمان کردن و وە زۆر خاڵیشمان تێدا باس کردووە کە بەڕاستی ماوەی ساڵێکە گرنگیەکی زۆریان پێدراوە، جا ئومێدەوارم لیژنەی تازە ئەو ڕاپۆرتە دیسان دیراسە بکات، چونکە ئێمە کاتی خۆی سەردانمان کردوون و شتی زۆرمان لەسەر نووسیوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها دوو پرسیارم هەیە، کاک فرەنسۆ باسی لایەنێکی کرد کە عیادەی پزیشکان زۆر پیسە بەڵام هەمان شت لایەنێکی تر کرێی عیادە و کرێی فەحسی پزیشک زۆر بەرزو گرانە(٣٥)دینارە، لەگەڵ ئەوەش کرێی دکتۆری پسپۆرو مومارس هەمان کرێ وەردەگرێ و(٣٥)زۆرە.

ئەوە یەک، دووەم: نەخۆشخانەکانی ئەهلی ئێستا گوشارێکی زۆر لەسەر نەخۆشخانەی ئازادی هەیە لەدهۆک بۆ نەشتەرگەری بەسێ مانگ و چوار مانگ سرەی نایەت، و ئەچن بۆ نەخۆشخانەی ئەهلی و نەخۆشخانەی ئەهلی نەشتەرگەری بچووک(عملیە صغری)حەود سەد تا هەشت سەد دینار وەردەگرن، یان ژنێک منداڵی دەبێت و شەوێک لە نەخۆشخانە دەمێنێتەوە(٨٠٠)دیناری لێ وەردەگرن و نەشتەرگەریەکی بچووک دووهەزار دیناری لێ وەردەگرن نازانم وەزارەتی تەندروستی ئاگای لەمە هەیەو دەسەڵاتی هەیە چاودێری لەسەر نەخۆشخانەکان بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک د.ڕزگار.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی سوپاس بۆ لیژنەی تەندروستی و وەزیری تەندروستی کە ئەرکێکی زۆریان کێشاوە، ئێمە وەکو لیژنەی پەیوەندییەکان زۆر کۆبوونەوەمان لەگەڵ نوێنەری ڕێکخراوە بیانییەکان کردووە

ئەوانەی کە لەکوردستان کار دەکەن، بواری کرین و هێنانی دەرمان بەگوێرەی بریاری٩٨٦بۆ نوێنەری هەرێم نییە ئامادەبێت لە کرینی دەرمان.

بۆ نمونە زۆر جاران گەلێک داودەرمان دەکردرێن بێ ئەوەی پێویستیمان پێیان هەبیت، وەک لەم هاوینەدا کۆمەڵێک لە(تەحمیلا)ی منداڵان کرا بێ ئەوەی پێویستیمان بەو برە بێت جا زۆر پێویستە بزاڤێک بکەین کە ڕەزامەندی ئەو لایەنانە وەرگرین کە نوێنەری هەرێمیش ئامادەبێت، من پێشنیار دەکەم وەزیری تەندروستی هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری کاروباری مرۆڤایەتیدا بکات بۆ ئەوەی بتوانن بەخاوەنی بریارەکەی بسەلمێنن کە نوێنەری ئیمە ئامادەبێت، بەتایبەتی لەو کاتانەی گفتوگۆ کردن کە پەیوەندییان بە هەرێمەوە هەیە، من لەو باوەڕەدام ئەمرۆ ئەوان هاریکاری دەکەن و لەوانەیە خەڵکێک هەبن کە خەمی ئەو پێشنیارەی ئیمە بخۆن،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من کاک محەمەد حەسەن باڵەتە باسی کرد بەڵام ئەمەی من دەمەوێ بیڵێم هەندێ تاقیگە هەیە کەمۆڵەتیان پێنەدراوە وە لەلایەن هەندێ کەوادیر بەکاردەهێنرێ کە مۆڵەتیان لە وەزارەتی تەندروستی وەرنەگرتووە رەنگە پیشەکەشیان هەر یاریدەدەری پزیشکی بێت، بەڵام تاقیگەیەک بەڕێوە دەبەن ئایا وەزارەتی تەندروستی چ هەنگاوی نایە بۆ دیاریکردنی ئەم دیاردەیە؟، خاڵی دووەمیش بەهەمان شێوە پزیشک ماوەیەکی دیاری کراوی بەسەردا تێدەپەرێ پاشی دەرچوون ئینجا عیادە دەکاتەوە ئەوەی تێبینی دەکەین هەر کە دەردەچێت یەکسەر تابلۆیەک هەڵدەواسێت و عیادەکەی دەکاتەوە نازانین وەزارەتی تەندروستی چ هەنگاوی ناوە بۆ ئەم بابەتە؟، سەبارەت بە دیاری کردنی نرخی ماندوبوونی پزیشک راستە هەندێ پزیشک دە دینار وەردەگرێ هەندێک هەیە سی وەردەگرێت سوپاس هەر ئەوەندەو لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس کاک شێروان کاک ئازاد فەرمووو

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وادیارە کەم و کوڕی هەیە لەوەزارەتی تەندروستی بەڵام هەروەکو لەراپۆرتەکەشدا هاتووە وبەڕێز جەنابی وەزیریش ئەمەی دووپات کردەوە دوای دیتنی ئەم راپۆرتە و دیراسەکردنی دەستیان کردوە بەچارەسەری بارودۆخی وەزارەتەکەیان ئەمە یەک، باسی ئەوەش کرا کە گوایە پزیشکی پسپۆریان کەمە نییانە یا لەهەندێ شوێنا نییە ئایا بەرنامەی وەزارەت بۆ پزیشکی پسپۆری چییە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سۆپاس کاک ئازاد، کاک سەعید هروری فەرموو

**بەڕێز سەعید محەمەد سدیق هروری.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕاپۆرتی لیژنە زۆر ڕێک و پێک بوو گەلێ سوپاس بەڵام تێبینی دەکەم هیچ ئاماژەیەکیان بە نەخۆشخانەکانی دهۆک لە ڕاپۆرتەکەدا نەکردووە ئەبوایە ڕاپۆرتەکە یەکگرتوو بوایەو نەخۆشخانەکانی دهۆکیشی تیادا بووایە، ئینجا ئەو پرسیارەم ئاراستەی لیژنەی تەندروستی دەکرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ڕاپۆرتەکە لە سەرەتاوە ئەڵێت ئەوە تایبەتە بە سەردانی لیژنە بۆ هەولێر و ئەگەر پێویست بوو بێگومان سەردانێکی دهۆک ئەکەن چوونکە ئەوە لەسەرەتاوە باسی هەولێر ئەکات و پەیوەندیی بەخۆتانەوە هەیەو پەیوەندیی بەوەزیرەوە نییە، برادەرانی لیژنەی تەندروستی وەکو هەر لیژنەیەکی تر لەهەموو پارێزگاکانەوە بەشدارییان کردووەو بەڵام ئەم ڕاپۆرتە لەسەرەتاوە هاتووە کە تایبەتمەندە بە سەردانی شاری هەولێرو مەرکەزی هەولێر وەکو کاک فرەنسۆ باسی کرد، فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەژێر سێبەری یەک حکومەتداین، ئەبێ لەهەموو شارەکان نرخی نۆڕین لە عیادەکانی تایبەت وەکو یەک بن، کەچی جیاوازییەک دەبینین لەنێوان هەولێر ودهۆک،لەدهۆک فحوسات بەشێوەیەکی گشتی گرانترە لەوەی کە لەهەولێردا هەیە، واتە هەولێر باشترە لەدهۆک، ئینجا ئەگەر ئەمە یەک ببێت لەوەزارەت و سەندیکای پزیشکان ئەوە باشترە، بابەتی دووەم، بابەتی دەرمان فرۆشتنە لە دەرمانخانەکان بەڕاستی ئەبێت لەویش کۆنترۆڵ کردنێک بەسەریاندا هەبێت چونکە زۆر ئیستغلالی خەڵک ئەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک سەفەر.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ هەموو لایەک بەڕاستی ئەو ڕاپۆرتە ڕێک و پێک بوو وە گومان لەوەدانییە کە جێگای سوود بوو بۆ لایەنی پەیوەندار، ئێمە داواخوازین کە لیژنە سەردانێکی دهۆک بکات کە گومان لەوەدانییە دهۆک کاری خۆی و گرفتی خۆی هەیە، هیوادارین لە داهاتوودا چارەسەر بکرێت، کاک

محەمەد باسی کرێی فەحسی دکتۆری پسۆری کرد کە بەم دووایەدا بۆتە ٣٠دینارو لەوانەیە ئەوە باشتر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، بابەتی لیژنەکان ئەوە کاری ئەندامانی پەرلەمانە، ڕاستە لیژنەیەکی پەرلەمانی تایبەتمەندە بە بوارێک، بەڵام هەموو ئەندامانی پەرلەمان تایبەت مەندن بە هەموو بوارەکان، واتە ناکرێ برادەرانی ئەندامانی پەرلەمان کەلیژنەی تەندروستین چوار کەسن ئیتر هەر ئەو چوار کەسە بەرپرسین لە تەندروستی هەموو کوردستان،نەخێر هەموومان بەرپرسین بەرامبەر بە هەموو بوارەکانی ژیان کە پەیوەنداره بەم کیانەو بەم خەڵکەی کە هەمانە، ئەگەر من بزانم لەدهۆک یان لە ڕەواندز یان لە هەولێر کەم وکورییەک هەیە وەکو ئەندامی پەرلەمان ئەرکی ئێمەیە بەو کارە یاخود بەو مەرجەی کە لە یەکێک لەماددەکانی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان و یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ کە ئەڵێت ئەندامی پەرلەمان نوێنەری هەموو خەڵکی کوردستانن؛ ئێمە تەنها نوێنەری هەولێر نین و تەنها نوێنەری سلێمانی نین، بۆیە ئەگەر ئەندامی پەرلەمان هەست ئەکا لەجیگایەک کەم وکورییەک هەیە ئیشی ئەوە پێش لیژنەکە بڕوات بۆ ئەوێ و دیراسەی بکا وتەماشا بکات و پرسیار بکاو لەگەڵ کاربەدەستاندا تاوتوێ بارودۆخەکە بکات و، ئەگەر زانی کەم وکورییەک یان شتێک هەیە ئەوا لەڕێگای ئیدارییەوە هەوڵ بدات چارەسەری بکات، یان لێرە چ لە لیژنەی تایبەتمەند یان چ وەکو پرسیار ئاراستەی ئێمەی بکات و ئیمەش ئەیدەین بەلایەنی پەیوەندیدار، ئەوە ئەرکی هەموو لایەکمانە و بۆیە هەموو لایەک ئەبێ بزانێت، دوو: دیسان دووپاتی دەکەمەوە ئەو ڕاپۆرتە لیژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی تەنها تەرخانیان کردووە بۆ شاری هەولێرو وەکو کاک فرەنسۆ ئاماژەی پێکرد بۆ مەرکەزی هەولێرە، لەوانەیە ڕاپۆرتێکی تر بۆ دەوروبەری هەولێر بێت و، ڕاپۆرتێکی تر بۆ بازار یان بۆ پارێزگایەکی تر بێت، پرسیارەکان لێرە تەواو بوون با جەنابی وەزیر بفەرمووێت.

**بەڕێز کەمال شاکر/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە بەشی دەمار و جوملەی عەصەبی ،لەڕاستیدا پرۆگرامی وەزاوەت سەبارەت بە پسپۆرەکان، ئێمە دوو ڕێگامان هەیە ڕێگای یەکەم ئەوەیە زانکۆکانی خۆمان بتوانن یارمەتیمان بدەن لە هەندێ ئیختصاصەوە،ئەویش کەمە. ڕێگای دەرەوە ئەویش هەوڵی بۆ ئەدەین و تاکو ئێستا نەمان توانیوە شتێک بکەین ئەوەی لە شوێنەکانی تر بۆمان دێت لەڕاستیدا پێشوازیەکی چاک دەکرێ بەپێی پسپۆرایەتی بۆ ئەوەی سود لەو توانایە وەرگرین کەبۆمان دێت.سەبارەت بەعیادەی دکتۆرەکان نرخی پشکنین و نەخۆشخانە ئەهلیەکان، لەڕاستیدا ئەوە ئەرکی سەندیگای پزیشکانە.

هەرچەندە ئێمە بەیەکەوە کۆبوونەوەی هاوبەش دەکەین، نووسراویان بۆ دەنێرین لەمەر چارەسەر کردنی ئەو بابەتە،لەبارەی نرخی پشکنین (فحص) جیاوازی هەیە،لە نێوان ممارس و ئەخصائی ئەو جیاوازیە هەبووە بەڵام هەریەکەی لەلای خۆیەوە نرخەکەی بەرز کردۆتەوە،جیاوازیش لەنێوان ئێرەو دهۆکدا هەیە لەدهۆک نرخەکە بەرزترە بۆ ئەو لە دوایین کۆبوونەوەمان لەگەڵ سەندیگای پزیشکان باسمان لەگەڵ کردون، ئەوە ئەبێ دراسەت بکرێ و نرخەکانی پشکنین (فحص) یەکبخرێ، بۆ ئەوەی هەموو شوێنەکان یەک نرخ بن، دکتۆرەکانی ئێمەش کەسەیری ئەوە ئەکەن بەنرخێکی سروشتی ئەبینن، نمونەشت لەسەر ئەوە بۆ دێنن کە نۆرینی عیادەی تایبەت نرخەکەی زۆر بەرزە ئێمە هەردەم پێیان ئەڵێین کە نرخ وبەرزکردنەوەی نرخ ئەبێ گونجاو بێت لەگەڵ بارودۆخی خەڵکی خۆمان و ئەبێ لایەنە مرۆییەکە ڕەچاو بکرێت و بە هەڵسەنگاندنی من ئەوە بەندە بە باری ئێمەوە چەندی بتوانین لەدەزگا تەندروستیەکان بایەخ پێدانێکی باش هەبێت بەخەڵک ئەوەندە کەمتر خەڵک ڕوو ئەکاتە عیادەی تایبەت بەڵام گرفتێک هەیە لەوێ ئەبێ هاوسەنگییەک دروست بکرێ چونکە ئەوانەی کە عیادەی تایبەتیان هەیە هەر خۆشیان سەرپەرشتی ئەو بەشانە ئەکەن کە لە نەخۆشخانەکانمانن و پێویستە ئامانجەکە مرۆیی (انسانی)بێت وە ئێمە بتوانین زیاتر خزمەت بکەین، وە باسی عیادەکانمان کردووە لەگەڵیاندا وە کۆبوونەوە لەگەڵیان کراوەو ئەبێ عیادەکانیان ڕێک و پێک و پاک و خاوێن بێت.

پاک و خاوێنی نەخۆشخانە بەندە بە هەردوولایەن، لایەنی ئێمە پێویستە هەموو شتێک تەرخان بکەین و لەهەمان کاتیشدا هاوڵاتی کە دێتە ئەو شوێنە ئەبێ بزانێ ئەو شوێنە دەبێت پاک و خاوێن بێت ویارمەتی ئێمەش بدەن، دابینی تەندروستی (التأمین الصحی) ئێمە کاتی خۆی ڕامانگرت چونکە گرفتی دەرمانمان هەبوو، ئیستا بە ڕاستی ئەوە دەست ئەکەین بە کردنەوەی تەئمینی تەندروستی چونکە گرفتی دەرمانمان نەماوە و، چارەسەرمان کردووەو قۆناغی یەکەمیش کۆتایی پێ هاتووە و بەڕێوەبەرایەتی تایبەتی خۆمان هەیە بە هێنانی دەرمان ئەوە دەستی پێکردووەو داخوازی هەموو درمانخانەکان پڕ ئەکاتەوەو هەروەها قازانجێکی ڕەمزی داناوە بۆ ئەوەی نرخی دەرمان کۆنترۆڵ بکرێت، قۆناغی دووەم ئەوەیە کە وەکو وەزارەت بتوانین ئەو دەرمانانەی کە لە ئێران و شوێنی تر دێت و جۆرەکەی باشە ئێمەش ئەوە بکڕینەوەو تا مەڵبەندی دابەشکردنی تاقە شوێنێک بێت و بتوانین کۆنترۆڵی نرخ وجۆر و بەهای دەرمان بکرێت.

(السیطرە النوعیە) سەبارەت بە تاقیگەکان دەستمان پێکردووە و ئامێری سەرەتایمان بۆ ئامادەکردووە و داوامان کردووە کە ئەو تاقیگە پشتگیری لێ بکرێت نەوەک تەنیا بەس بۆ بابەتی دەرمان و جۆری دەرمان بەڵکو بۆ ئازوقەو شتی تر کە دێت بۆ کوردستان ئەو تاقیگە دەوری هەبێت بۆ نۆرینی.

گرفتی ترمان هەیە لە (فەحسی نەسیجی) و ئێمە لە چاوپێکەوتنەکەش باسمان کرد، بەڕاستی ئەوە پێویستە ئەو دووبەڕێزە زیاتر یارمەتیمان بدەن لەم بارەیەوە چونکە ئەوان مامۆستای زانکۆن

و هەرچەند ئێمە هەماهەنگی مان هەیە لەگەڵ زانکۆی سەلاحەدین و کۆلیژەکانی پزیشکی و دەرمانسازی و ددان و ئەوان بەرنامەی خۆیان هەیەو ئیمەش بەرنامەی خۆمان هەیەو چونکە ئەوان هەر پێویستیان بە ئێمە هەیەو وانە گوتنەوە پیویستی بە نەخۆشخانەو تاقیگە هەیە بۆیە ئەو بابەتە تا ئیستا بە پێی پێویست ئەو تەباییە نەبووە لە نێوانمان بۆیە دەمانەوێ ئەوان دەوامیان رێکتر بێت و چەند کەسێک مەشق بدرێت تاوەکو ئێمەش بتوانین کادیری خۆمان دروست بکەین، بنکەکانی تەندروستی ئێستا لەهەموو کاتێک زیاتر کۆنترۆڵمان زیاترە لەسەری، جاران رێکخراوێک ئەهات بۆ خۆیان لەهەر شوێنێک یان گوندێک نەخۆشخانەیەکیان دروست ئەکرد، بەڵام ئێمە ئەوەمان قەبوڵ نەکرد و ئێستا ئەو شوێنانەی کە ئێمە پێویستیمان پێی هەیە دیاری ئەکرێت و ئەوان نەخۆشخانەی لێ دروست ئەکەن، چونکە بابەتەکە هەر بینایە نییە بەڵکو کادیرو دەرمان و زۆر شتی ترە.

نەخۆشخانەکانی ئەهلی ئێستا تیمێکمان ناردو سەیری نەخۆشخانەکانی دهۆکیان کردو هەمان تیم ئێستا سەر لە نەخۆشخانەکانی هەولێر دەدەن دوای ئەوە کۆبوونەوەیەک ئەکەین لەگەڵ بەڕێوەبەرەکانی نەخۆشخانە تایبەتیەکان و لەهەموو لایەن لەگەڵیاندا باس ئەکەین یەکێکیش لەوانە گیروگرفتی نرخ دانانە، ئێمە بەراستی پێمان ناکرێ ئەو توانایە بگرینەوە خۆمان ئەبێ شتێک بکەین تاوەکو خەڵکەکە بتوانێت زیاتر سوود وەربگرێت لەو نەخۆشخانە تایبەتیانە و لەچوارچێوەیەکی مرۆیی.

تاقیگەو عیادە ناشەرعییەکان ئەوە بەراستی ئێمە بەدەستییەوە دەناڵێنین و، کۆبوونەوەمان کردووە لەگەڵ هەموو سەندیکاکان(کاروباری تەندروستی، سەندیکای پزیشکی، دەرمانساز) کە ئێمە هەمووی بە ناشەرعیی دادەنێین وهەروەها ئێستاش دوای ئەو کۆبوونەوە داوامان کردووە لەهەر سەندیکایەک کەکۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامانی بکات تاوەکو تێبگەن ئەوە ناشەرعییە، جێی داخە ئێستا لە بارودۆخی نائاسایی هەرچی دەستکەوت حیساب کراوە ئێستا وەکو ماف مامەڵەی لەگەڵ ئەکرێت و ئەگەر باسی شتێک بکەیت لەوە کە ئەوە مافی نییە بەدەست درێژی لەقەڵەم ئەدات.

بەراستی نەوەک لەلایەنی تەندروستییەوە قەبوڵ نییە بەڵکو لەلایەنی شارستانیش قەبووڵ نییە بۆیە ئێمە دوای ئەو کۆبوونەوانەی کە ئەکرێن دەمانەوێ لێمان تێبگەن دوای ئەوە ئێمە ئیجرائاتی ئیداری وەرئەگرین بۆ داخستنی هەموو ئەو شوێنانەی کە ناشەرعین، زۆر سوپاس بۆ هەموولایەک.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆجەنابی وەزیر، کاک فرەنسۆ موداخەلەیەکی بچووکی هەیە فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنیا سەبارەت بە پزیشکان و عیادەکانی هەولێر قسەدەکەم و دەمەوێ برادەران بزانن من تا

ئێستا دووسێ جار داوام لە سەندیکای پزیشکان کردووە کە لیستێکمان بدەنێ بەناوی دکتۆری پسپۆرو دکتۆری مومارس و ئەو خەڵکەی مافی هەیە کە عیادەی هەبێت و ئەو خەڵکەی مافی نییە کە عیادەی هەبێت، بۆ ئەوەی ئیمە بتوانین هەر یەک نرخێکی دیاریکراوی بۆ دابنێین، بەڵام تا ئێستا دووجار داوامان کردووە ئەوان بۆ ئێمەیان نەناردووەو ئێستاش لەسەر ئەو سەکۆیە پیرۆزەی پەرلەمانی کوردستان جارێکی تر داوا لە سەندیکای پزیشکان دەکەم ئەم لیستەمان بدەنێ بۆ ئەوەی بتوانین نرخ بۆ عیادەکان دابنێین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک شەفیق فەرموو.

**بەڕێز شەفیق ئەمین محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە باسی دەفتەری تەندروستیمان کرد کە کاک کەمال وەڵامی دایەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەپێشتر کە دانیشتین لەگەڵیدا و گوتی: یەک ملیۆن و نیو مان بۆ کراوە، بەڵام شتەکە لە دهۆک دەستی پێکردووە، بۆیە داواکارین ئەو شتە هەموو شوێنێک بگرێتەوە تاوەکو سوودی لێ وەربگرین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، بێگومان ئەوە شتێکی باشە و ئومێدەوارین بەزووترین کات ئەوەش تەواو بێت و دانیشتنەکەمان لێرەدا تەواو دەبێت و زۆر سوپاستان ئەکەین و سوپاسی لیژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی ئەکەین بۆ ئەوراپۆرتە وە سوپاسی جەنابی وەزیر ئەکەین بۆ ئامادەبوونی بۆ ئێرە و ئەو هاوکارییەی کە کردی وئەو موداخەلەیەو ئەو وەڵامدانەوانەو سوپاسی ئەندامان ئەکەین ئەوانەی کە موداخەلەو پرسیاریان هەبوو و دانیشتنەکامان کۆتای پێ دێت و بۆ دانیشتنی ئاینده ئاگادارتان ئەکەینەوە، سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# راپۆرتی لیژنەی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی
# بۆ/ بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان
# ب/ راپۆرت

له رۆژی ٨ـ٩/٧/١٩٩٨ لیژنەکەمان سەردانی نەخۆشخانەی رزگاری کرد. وەدانیشتنێکی لەگەڵ جێگری بەڕێوەبەر بەڕێز پسپۆر دکتۆر سلیم سەعید کرد بە ئامادە بوونی کارمەندانی ئەم بەشانەی خوارەوە.

أ ـ بەشی ئیدارە

ب ـ بەشی عیلاجی طبیعی

ج ـ بەشی مختەبەر

ء ـ بەشی مختەبەر

ه ـ بەشی مەدخەری ئەدویە

و ـ بەشی تجهیزات

ح ـ بەشی اشعە

دوای دانیشتنێکی یەک سەعاتی پێمان راگەیاندن کە ئەبێ دکتۆرو کارمەندان لە خزمەتی نەخۆشدابن وە گرنگی باش و تەواویان پێ بدرێت بۆ ئەوەی گازەندە نەبێ وەخزمەت کردنی نەخۆش واجبی هەموو لایەکمانەوە نابێ پشتگوێ بخرێت وە هەمووکات بەشەوو بەرۆژ بەدەنگیانەوە برۆن بۆ ئەوەی هەست نەکەن بە کەموکوڕی وە بەتایبەتی لەکاتی خەفارەتی شەودا سەردانی نەخۆشەکانی قاوشەکان بکەن وە هەرکارمەندێک لە بواری کاری خۆیدا وە پێداویستەکانیان بە پێ توانا جێبەجێ بکەن. لە لایەکی ترەوە بە هۆی بەرنامەی هەفتەیی تەندروستی هەوڵ بدرێ دیاردەی چەکداری لە ناو نەخۆشخانە نەمێنێ بۆ ئەوەی نەخۆش و کارمەندان بێزار نەبن وە هەروەها چارەسەری ئەو ئیزدحامە بکەن کە هەرکەس خۆی ئەکاتە ناوەوە بەبێ پرسینەوە پرسگای سەرەکی دەرەوە بە هێز بکەن بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئێەو ئیزدحامە وە لە هەمان کاتدا هەوڵ بدرێ جگەرە قەدەغە بکرێ لە ناو مەمەڕەکان و قاوشەکان زۆربەی رایەخی مەمەڕەکان جێگای سوتاندنی جگەرەی پێوەیە وە بۆ ئەو مەبەستە پۆستەراتی جگەرە درووست بکەن لە شوێنی تایبەتی خۆی لە دیواری بدەن وەلەبەرنامەی هەفتەیی تەندروستی بڵاوی بکاتەوە کە جگەرە کە چەند خەتەرە. پاش تەواو بوونی دانیشتنەکە سەردانی ئەم بەشانەی خوارەوەمان کرد:

١ـ بەشی ئیدارەی نەخۆشخانە:ـ

أ ـ دکتۆر و کارمەندانی بە گشتی(٧٥٠) کارمەندن.

ب ـ قاوشی پیاو و ئافرەت (١٤) قاوشە.

ح ـ سەریری پیاو و ئافرەت لە قاوشەکانی بەگشتی (٤٤٦) قاوشە.

ء ـ صالەی عەملیات (٣) صالەیە.

٢ـ بەشی کارگێڕی و دارایی:ـ

لە هەموو روویەکەوە رێک و پێک بوو موراجعیان زۆر بوو هەست بە لێپرسینەوە دەکەن وە بەدەنگیانەوە دەهاتن وە داخوازیەکانیان بەپێی تواناو دەسەلات جێبەجێ دەکرا.

پێداویستی ئەم بەشە:ـ

أـ لەرووی ئەو رافەوە (مطبوعات) وەزعیان بەخراپ بەرچاو کەوت بۆ نموونە کاغەزی نووسینی و موسوەدەیان نەبوو.

ب ـ داوای مەبلەغێکی کەم دەکەن کە لەژێر دەسەلاتیان بێ بۆ لەناو بردنی ئەوکەمو کوڕیانەی دەیان بێت ئەویش لەژێر دەسەلاتی لیژنەیەکی تایبەت بێت.

٣ـ بەشی عیلاجی طبیعی:ـ

ئەم بەشە گرنگی پێدراوە لە هەموو روویەکەوە دوو قاعەی گەورەی هەیە بۆ عیلاجی پیاو و ئافرەت هەر یەکە بەجیاوازی وەهەموو جۆرە جیهازێکی تێدایە هەرچەندە زۆربەی جیهازەکانیان کۆنە وە لەکار کەوتوون وە داواکراوە بۆ چاک کردنەوەیان هەر وەکو خۆی ماوەتەوە وە لەو بەشە کادری باشیان بۆ دیاری کردوون وە ئەم جیهازانەی خوارەوە لەکار کەوتوون.

أـ جیهازی مایکرووین دوو دانە.

ب ـ جیهازی زیری سوور دوو دانە.

ج ـ جیهازی چاک کردنی ئاوی یەک دانە.

لەرووی خەدەماتەوە:ـ

أـ رۆژانە بەلای کەمەوە (١٠٠) نەخۆش عیلاجی طبیعی بۆ ئەکرێ.

ب ـ خەدەمات بەبێ مقابل ئەکرێ.

ج ـ ئیزدحامیەکی یەکجار زۆریان لەسەرە.

٤ـ موختەبەر:ـ

ئەم بەشە ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ بەوەی:ـ

أ ـ ڕۆژانە ئامادەی فحوصاتی نەخۆشەکان دەکات پێش ئەوەی عیلاجی بۆ دیاری بکرێ لە هەموو ڕوویەکەوە.

ب ـ ڕۆژانە ( ١٢٠ ) فحوصاتی کیمیاوی ئەبینن چونکە نەخۆشی وا هەیە پێویستی بەسێ فحص هەیە بەڵکو زیاتر حالات بۆی ئەکرێ.

ج ـ ئیزدحامیەکمی زۆریان لەسەرە وە ئیش وکارەکانیان بەباشی وە بەشێوەیەکی باش ئەڕوات بەبێ گرفت وە لەو بەشە کارمەندێکی زۆریان بۆ تەرخان کردوون.

دـ خەدەمات هەر هەمووی بەبێ مقابل ئەکرێ.

ھ ـ جیهازەکانیان زۆربەیان لەکار کەوتوون پێش ماوەیەک سێ جیهازی میکرۆسکۆبیان پێ داون کە ئیش بەباشی ناکەن.

وـ ڕۆژانە ئەنجامی فحوصات ئامادە ئەکەن بەتایبەتی فحوصاتی ئەو نەخۆشانەی کە لە قاوشەکانن.

پێداویستی ئەم بەشە:ـ

أـ جیهازی میکروسکۆبی دراساتیان نییە کە لایان گرنگە.

ب ـ جیهازی (تطبیق) کارناکات پێویستی بە چاک کردنەوە هەیە.

پێشنیاری ئەم بەشە:ـ خەریجی کۆلیژی علوم کە دابەش ئەکرێن بەسەر نەخۆشخانەکانی هەولێر ئەبێ بەم شێوەی خوارەوە بێت نەک هەموو خەریجێک لەو کۆلیژە بنێرنە بۆیان.

أ ـ دەرچووی کۆلیژی زانیاری:ـ بەشی کیمیا کە مافی خۆبەتی لە موختەبەر کاربکات.

ب ـ دەرچووی کۆلیژی زانیاری:ـ بەشی بایلۆجی کە مافی خۆیەتی لە موختەبەر کاربکات.

جگە لەو دوو بەشە نابێ هیچ جۆرە بەشێکی تر کار بکەن لە موختەبەر چونکە شارەزا نین وە کاریان بە موختەبەرەوە نییە کە هیچ زانیاریەکیان دەربارەی نییەو هیچی لێ نازانن وە ئەو دەرچووانە جگە لەو دوو بەشەی سەرەوە قوتابخانەکانی سوودیان لێ وەرئەگرن.

٥ـ بەشی (انف و اذن وحنجرة) (ENT):ـ

ئەم بەشە گرنگییەکی باشی پێدراوە لەرووی پزیشکیەوە وەکو:ـ

أـ چوار دکتۆری پسپۆڕی لەگەڵ سێ دکتۆری ممارس و سێ دکتۆری وسێ مقیمی اقدم لەو بەشە کاردەکەن زۆر بەباشی ئەڕوات هەر چەندە ئیزدحامیەکی زۆریان لەسەرە بەڵام کۆنترۆڵی وەزعەکەیان کردووە.

ب ـ ژمارەی مراجع بەلای کەمەوە ( ١٠٠ ) کەس فەحص ئەکرێ.
پێداویستی ئەم بەشە:ـ
چاک کردنەوەی جیهازی (تخطیط الأذن) کە خەلەلێکی بچوکی تێدایە پێویستی بە چاک کردنەوە هەیە.
پێشنیاری ئەم بەشە:ـ
لەبەر ئەوەی دکتۆری پسپۆڕیان زۆرە پێشنیار ئەکەن ئەم دکتۆرە ممارسانەی خوارەوە بگوێزرێنەوە بۆ مەراکزی صحی ناو هەولێر وە لەوێدا سوودیان زیاتر دەبێ.
أ ـ دکتۆری ممارس شوقی مرقس.
ب ـ دکتۆری ممارس عثمان غفور.
جـ ـ دکتۆری ممارس یونس عمر.
٦ـ بەشی ددان (اسنان):ـ
ئەم بەشە ئیشوکارەکانیان بەباشی ئەڕوات وە گرنگی پێدراوە کۆمەڵێک دکتۆری باشیان بۆ دیاری کردووون.
أ ـ ڕۆژانە ( ٢٥ ) مراجع ئەبینن.
ب ـ جهازەکانیان بەشێوەی گشتی وەکو پێویست نییە لەبەر ئەوەی کۆنن.
جـ ـ خەدەمات هەمووی بەبێ مقابل ئەکرێ.
پێداویستی ئەم بەشە:ـ
أ ـ جیهازی سکر.
ب ـ جیهازی توربایین.
جـ ـ جیهازی هایتی عەملیات کەموکوڕی تێدایە.
د ـ جیهازی اشعەی ددان ماوەی یەک ساڵە لەکار کەوتووە.
پێشنیاری ئەم بەشە:ـ
پێشنیار ئەکەن ئەم جهازانەی خوارەوەیان بۆ پەیدا بکرێ.
أ ـ جهازی (اسنان) کامل (٣) دانە.
ب ـ ئەدەوات و ئالاتی جراحەی دەموچاوو لێو ( ٥ ) دانە.
ج ـ ئەدەواتی جراحەی گۆشتی ددان (لثة) ( ٥ ) دانە.
د ـ جیهازی اشعەی ددان ژمارە ( ١ ) دانە.

هـ ـ جهازی کەوی تایبەتە بە ددان ژمارە (٢)دانە.
و ـ لە مجمعی ددان جهازی ددانیان زۆرە وە زیادە لێیان پێویستیان بە جهازێک هەیە چونکە هاتووچۆیان زۆرە رۆژانە.
ز ـ یەک دکتۆری ممارسی ددانیان بۆ بنێرن وە ژووری تایبەتی خۆی هەیە.
٧ـ بەشی (جلد):ـ
ئەم بەشە رۆڵی خۆیان بە هەر شێوەیەک بێت ئەبینن لەبەر ئەوەی یەک پسپۆری دکتۆر کاروبارەکە ئەبات بەڕێوە وە ئیزدحامیان لەسەر هەیە:
أ ـ رۆژانە بەلای کەمەوە (٧٥) نەخۆشی ئەبینن.
ب ـ خەدەمات هەمووی بەبێ مقابل ئەکرێ وەکو پێویست.
پێداویستی ئەم بەشە:ـ
جیهازی تجمید(کرایوە)چوار ساڵە راوەستاوە وە لەهەمان کاتدا پێویستیان پێ هەیە بۆیان باش بکرێتەوە.
پێشنیاری ئەم بەشە:ـ
لەبەر ئەوەی ئیزدحامان لەسەرە وە ئیش و کارەکانی بەیەک دکتۆر ناڕوات بەڕێوە پێشنیار ئەکەین:
أ ـ دکتۆر سەرهەنگ جلال/ ممارس جلدی لە دائرەی صحەی هەولێر کە ئیش وکاری ئیداری دراوە بگوێزرێتەوە بۆ بەشەکەمان کە زۆرمان پێویستە.
ب ـ دکتۆر ئومێد عبدالوهاب/ ممارس جلدی لە دائرەی صحەی هەولێر نەقڵ بکرێت بۆ بەشەکەمان کە پێویستمان پێی هەیە.
٨ـ بەشی چاو(عیون):ـ
لەبەر ئەوەی کۆمەڵێک دکتۆری پسپۆڕیان بۆ تەرخان کردووە ئیشوکارەکانیان وەکو پێویست کۆنترۆڵە هەرچەندە ئیزدحامیەکی تەواویان لەسەرە:
أ ـ شەش پسپۆڕی دکتۆریان هەیە.
ب ـ رۆژانە (١٢٠)کەس ئەبینن.
جـ ـ خەدەمات بەرێکوپێکی ئەڕوات بەڕێوە گازەندەیان لەسەر نییە.
د ـ جهازەکانیانە بەگشتی باشە.
هـ ـ داوو دەرمان تارادەیەک باشە.

٩ـ بەشی صیدلیە:ـ

لە رووی رێکخستن و دانانی دەرمان بەشێوەیەکی باش رێکخراوە وە لەم دوو جێگایەی خوارەوە دەرمان وەرئەگرن:

أ ـ لە مەدخەری نەخۆشخانەکە لەلایەن مەدخەری تجهیزاتەوە پێیان ئەدرێ.

ب ـ لەلایەن منظمەی صحەی عالەمیەوە تجهیز ئەکرێن.

وە ئیزدحامیەکی زۆریان لەسەرە هەرچەندە لەم ماوەیە داوودەرمانیان کەم پێ ئەرێ وەکو پێویست بەشیان ناکات وە رۆژانە نزیکەی ( ١٠٠٠ )هەزار راچێتەی دەرمان سەرف ئەکەن بەبێ مقابل.

پێداویستی ئەم بەشە:ـ

أ ـ پێویستیان بە میزانیەکی تایبەت هەیە هەموو مانگێ هەرچەندە ئێستا دووهەزار دینار تەرخان کراوە بۆ کڕینی دەرمان و شتی تری پێویست.

ب ـ داوا ئەکەین مانگی ( ١٠ ) هەزار دیناریان بۆ تەرخان بکرێ بۆ کاری پێویستی خۆیان وەکو لە بڕگەی (٨) باسمان کردووە ئەوەش لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە سەرپەرشتی بکرێ.

ج ـ جیهازی کۆمپیوتەر بەکاملی بۆ رێکخستنی صیدلیە بۆ ئەوەی ئەو دەرمانەی دێت وەیا دەرئەچێ لەلایان بەهۆی ئەو جیهازە کۆنترۆڵ بکرێ.

١٠ـ بەشی (اشعة):ـ

جێگایەکی فراوانی بۆ تەرخان کراوە وە گرنگی تەواوی پێدراوە وە هەڵسوڕاندنی کارەکانیان کۆنترۆڵ کردووە هەرچەندە ئیزدحامی تەواویان لەسەرە بەڵام توانیوویانە سەیتەرە بکەنە سەری لەبەر ئەوەی کۆمەڵێک دکتۆری باشیان هەیە:

أ ـ رۆژانە بەلای کەمەوە ( ١٨٠ ) اشعەی جوراوجۆر وەرئەگرن وە خەدەمات بەیانیان و ئێواران ئیشوکار بەردەوامە.

ب ـ لەرووی جیهازەوە بەهەر حاڵ خراپ نین.

پێداویستی ئەم بەشە:ـ

أ ـ جهازی (تومۆگراف) کە جیهازێکی زۆرگرنگە چونکە هەموو جۆرە فەحصێک ئەکات هەرچەندە هەیانە بەڵام ماوەی سێ ساڵە راوەستاوە داوای چاک کردنەوەی ئەکەن.

ب ـ بە لیستەیەکی تایبەت بەو جیهازانەی کە پێویستیان پێ هەیە پێشکەشی دەکەین کە

بریتیە لە دوو لاپەڕە یەکەم لاپەڕە شەش خاڵە دەستی پێ ئەکات بەو جیهازە پزیشکانەی کە پێویستە بۆ نەخۆشخانە وە لاپەڕەی دووەم دووخاڵە کە تایبەتە بە جیهازی (کلیة).

١١ـ بەشی سۆنەر:ـ

جهازێکە وەکو شاشەی تەلەفزیۆن وایە پێی ئەوترێ (امواج فوق الصوتیة) جهازێکی متطورە هەموو جۆرە فەحصێکی تایبەت بەو جیهازە نیشان ئەدات بە ڕێکوپێکی هەر ئەو کاتە ئەنجامەکەی ئەدات ئەوەش تاڕادەیەک تایبەتە بۆ ئافرەتی حامل وە بۆ مەثانە وە بۆ کلیە وە بۆ زۆر فەحصی تری پێویست. وە ئیزدحامی لەسەرە خەدەمات باشە وە دکتۆرەکانی اشعەی سەیتەرەیان هەیە لەسەری لەگەڵ پسپۆڕی دکتۆری باطنی کە بە اشرافی ئەو نەخۆشەکە ئەکرێتە ژێر ئەو جیهازەوە.

١٢ـ بەشی (احصاء):ـ

ڕۆژانە هەموو مەعلوماتێک هەبێ خەزنی ئەکات وە هەر مەعلوماتێک پێویستی پێ هەبێ لەسەر ئەو نەخۆشەی نەخۆشخانە دەری ئەکات وە مەعلوماتی تەواوی لێ وەرئەگرن.

پێداویستی ئەم بەشە:ـ

أ ـ جهازێکی کۆمپیوتەر لەگەڵ چاپی تایبەتی خۆی.

ب ـ مێز لەگەڵ کورسی تایبەت بە کۆمپیوتەر.

ج ـ جهازێکی طابعە (پرینتەر) لەنەوعی کانوونی لیزەری.

د ـ یەک جیهازی استنساخی بچوک.

١٣ـ بەشی پزیشکی داد (الطب العدلي):ـ

لە ڕاستیدا ئەم بەشە ترسناک و پیس و بۆگەنە ئیشوکارەکانیان زیاتر بەستراوە بە پۆلیس و ئاسایشەوە لەبەر زرووفی تایبەتی خۆی وە ئیشوکاریان تایبەتە بە مردووە وە ئامادەبوونیان لەسەر قەبر کە گومان لەو جەنازەیە بکرێ دەری ئەکەن وە تەماشای ئەکەن بۆ دڵنیای.

پێداویستی ئەم بەشە:ـ

أ ـ ثلاجەیەکی عەموودی (١٦)قەدەم وەیا (١٤)قدم.

ب ـ پاتری (٢٤) ڤۆڵتی درێژی (٣٩)سم وەپانی (١٦٫٥)سم بەرزی (٢٠)سم ئەمەش بۆ رافعەی جەنازەیە کە هەیانە بەڵام لەبەر ئەو کەموکوریەی سەرەوە سوودی لێ وەرناگرن، هەرچەندە زۆر پێویستە.

ج ـ کرێنی مویەریدەیەک بۆ ثلاجەکان کە جەنازەی تێ دائەنرێ تا خاوەنی ئامادە ئەبێ بۆ وەرگرتنی.

د ـ تەرخان کردنی مەبلەغێک پارە بۆ هەڵسووراندنی کاری پێویست.
هـ ـ تعیین کردنی (٣)معین.
و ـ یەک معاون طبی لەگەڵ ناردنی چوار مضمد.
پێشنیاری ئەم بەشە:ـ
لەکاتی ئیفاد کردنمان بۆ بەغداد بۆ بردن و هێنانەوەی ئەو فحوصاتانەی کە تەواو ئەکرێ وەنەتیجەی وەرئەگرن لە ڕاستیدا پارەیەکی زۆر کەمان بۆ سەرف ئەکرێ وەکو:
أ ـ (٣٠)دینار بۆ خواردنی سێ ژەمە.
ب ـ (٢٥)دینار بۆ کرێی سەیارە.
لەبەر ئەوەی کارەکەمان ترسناک و پیس و بۆگەنە هیچ کارمەندێک ئامادە نییە لەو بەشە ئیش بکات پێشنیار دەکەین:
أ ـ سالآنە چوار جار خەلات بکرێن.
ب ـ زەویمان پێ بدرێ لەلایەن وەزارەتی شارەوانییەوە.
ج ـ دەرماڵەی پزیشکی داد لە (١٠٠)دینار وە زیادکرا بۆ (٤٠٠٪) کە مافی خۆیانە هەرچەندە کەمە. بەڵام هەر پزیشکی داد ئەو کارە نابات بەڕێوە وە زیاتر کارمەندانی خوارەوە هیلاک دەبین وە هەر ئێمە لەناو جەنازەو قەبر دەرهێنانین بەشەوو بەڕۆژ لەکاتی پێویست لەبەر ئەوە داوا دەکەین دەرماڵەمان بکرێ بە (٣٠٠٪) دینار چونکە بە هەمووی ناگاتە چوار کارمەند.
لیژنەکەمان:ـ لایەنگیری پێداویستیەکانیان و پێشنیارەکانیان دەکەین لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆر ترسناک و پیس و بۆگەنە هیچ کارمەندێک نایەوێ لەو بەشە کاربکات وە تەکلیف لەهەر کەسێک ئەکرێ کە لەو بەشە کار بکات رەفزی ئەکەن.
١٤ـ بەشی (مطبخ):ـ
ئەم بەشە ڕۆژانە سێ ژەمە خواردنی جۆراوجۆر ئامادە دەکات بۆ ئەو نەخۆشانەی کە لە قاوشەکانن وە هەندێ نەخۆش هەیە خواردنی تایبەتی خۆی هەیە، وە بایەخێکی تەواویان پیدراوە وە چێشتخانەکە لە طابق ئەخیر دایە مساحەیەکی گەورەی داگیر کردووە وە گرنگی دراوە بە پاک و خاوێنی وە بەپێ جەدوەل ڕۆژانە سێ ژەمە خواردن ئامادە دەکرێ وە بە اشرافی مشرفەی تەغذیە دابەش دەکرێت بەسەر نەخۆشەکان. ئەوەی دڵخۆشکەرە دەست بەکار نایەت لە دروست کردنی خواردن هەموو جیهازی تایبەتی خۆی هەیە.

پێداویستی ئەم بەشە:ـ
أـ یەک ثلاجە.
ب ـ انارەی روون کردنەوەیان کەمە چونکە چێشتخانەکە لە ژێر ئەرز دایە.
١٥ـ حەضانەی منداڵ:ـ
ئەم حەزانەیە بۆ منداڵەکانی کارمەندانی ئافرەت لە نەخۆشخانەی رزگاری کراوە ئەویش بۆ ئەو ئافرەتە کارمەندەیە کە منداڵی ساوای لە ماڵەوە هەیە وەکەسی نییە بەخێوی بکات لەکاتی دەوامی بەیانیان لەگەڵ خۆیدا ئەیهێنێ بۆ دەوام بۆ ئەو جێگایەی بۆیان تەرخان کراوە تادەوامی رەسمی تەواو دەبێ ئەیانبەنەوە لەگەڵ خۆیاندا لە راستیدا خزمەتێکی باش ئەکرێن وە گرنگیان تارادەیەک پێدراوە بۆ ئەوەی مەشغول بن بیر لە دایکیان نەکەن ئەو ماوەیە.
وە شتوومەکی منداڵانەیان بۆ بکرن وەکو (ملاعیب) وە جار بە جار پێڵاوو کەل و پەلیان بۆ پەیدا بکرێ کە لەلایەن رێکخراوەکانەوە دابەش دەکرێ وە جێگایان بچوکە یەک قاعەی بۆ تەرخان کردوون وە خواردنیان پێ بدرێ بەیانیان و نیوەڕۆ. وە حەمامیان بۆ دروست بکرێ.
١٦ـ خانووە کابینەکانی نەخۆشخانە:ـ
ئەو کابینەو خانوویانەی کە لەناو نەخۆشخانەی رزگارییە بەشێوەیەکی عادیلانە دابەش نەکراوە ئەوە خۆی لە خۆی راست نییە بە دابەش کردنی بەو شێوەیە چونکە واستەیەکی تەواو هەیە لە دابەش کردنیان ئەوە بۆ دکتۆری مقیم اقدم کە خەڵکی ئەو پارێزگایە نییە وە گەر لەوانی زیاد بوو ئەوکاتە دابەش دەکرێت بەسەر ئەوانەی کە پێویستە پێیان بدرێ بەڵام لیژنەیەک پێک بێت بۆ دابەش کردنی بە شێوەیەکی عادیلانە وە خەڵکی قسە ئەکات لەسەر دابەش کردنی بە مستحق نەدراوە وە بەڵکو واستە دەوری سەرەکی ئەبینی وە هەروەها کارمەندانی تەندروستی هەولێر قسە لەسەر دابەش کردن و وئێستا کێی تێدایە قسە ئەکەن بەراست بە هەندێ پزیشک دراوە عیادەکانیان زۆر باش کار دەکات ئێواران پێویستە چارەسەر سەر بکرێ.
پێشنیاری لیژنەی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی:ـ
١ـ لەبەر ئەوەی پایتەختی هەرێم(هەولێر) ئیزدیحامێکی یەکجاری زۆری لەسەرە وە ژمارەی نفوسی خۆی لە ملیۆن کەس ئەدا بەڵکو زیاتر وە بەو دوو نەخۆشخانەی هەیە وەزعەکە

چارەسەر ناکات وەکو نەخۆشخانەی رزگاری وەنەخۆشخانەی فێرکردن جگە لە نەخۆشخانەی منداڵان وە بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو قەڵەباڵغیە بکەین پێویستە نەخۆشخانەیەکی سەریری دروست بکرێت لە جێگایەکی مام ناوەندی بەشێوەی دوو نهۆمی دروست بکرێت پێویست نەکات بەمەصعەدی کارەبایی کە زیادە مەسرەفیەکی زۆرە.

٢ـ نەخۆشخانەی تاداران(حمیات)بکرێت بەنەخۆشخانەی پێشمەرگە ئەوەش خۆی لەخۆی ئیزدیحامێکی گەورە لەنەخۆشخانەکانی تری هەولێر هەڵدەگرێ وە دوور ئەبینەوە لە مشاکل وە لەهەمان کاتدا پۆلیس وئاسایش با هاتووچۆی ئەو نەخۆشخانە بکەن.

٣ـ عیادەیەکی خارجی بکرێتەوە لەناو نەخۆشخانەی رزگاری چونکە مساحەیەکی ئەرزی زۆری هەیە بێ سوودە وە لەهەمان کاتدا نەخۆشخانەی فریاکەوتن (الطوارئ)لە هەمان جێگا دروست بکرێت بەڕاست یەک نەخۆشخانەی فریاکەوتن بۆ هەولێر بەش ناکات وە بەحەجمێکی مام ناوەندی دروست بکرێ وە سوودێکی یەکجار زۆر ئەبێ.

٤ـ سەرف کردنی پارە بۆ ئەو کارەمەندەی کە تووشی نەخۆشی کوشەندە دەبێ چی لە ناو هەرێم چارەسەر بکرێ وە یا لە دەرەوە کە مافی خۆیانە یارمەتی بدرێن دوای ئەوەی لیژنەی پزیشکی بەرز بڕیاری لەسەر بدات بۆ ئەوەی کارمەندانی تەندروستی هەست بەوە نەکەن کەس نییە لێیان بکۆڵێتەوە وە چارەسەریان بکات لەبەر ئەوەی خۆیان لەبواری تەندروستی کار دەکەن.

٥ـ تەخدیر:ـ لەهەولێر بە هەمووی(٦)شەش پزیشکی تەخدیر هەیە کە زۆر گرنگەو کەمە وەبە هیچ ناگەن لەبەر ئەوەی عەمەلیات زۆرە وە لەهەمان کاتدا دکتۆری جراح زۆرە لە هەولێر بە فریای عەمەلیات ناکەون پزیشکی تەخدیر کارێکی ئەوەندە ئاسان نییە چونکە رووحی ئەو نەخۆشە دەبرێت بۆ عەمەلیات تاڕادەیەکی گەورە لەلای ئەمە زیادو کەمی تەخدیر بۆ ئەو نەخۆشەی کە عەمەلیات ئەکرێ ئەبێتە هۆی نەمانی هەرچەندە کاری خۆیانە لەبەر ئەوە:

أـ پزیشکی تەخدیر راتبێکی مقطوعیان بۆ تەرخان بکرێ ئەویش بۆ پسپۆڕی دکتۆری تەخدیر مانگی(٦)شەش هەزار دیناری بۆ ببڕینەوە وە ئەوەی ممارسە مانگی(٥)پێنج هەزاری بۆ تەرخان بکرێت چونکە ئەمان هەتا لە عیادەکانیان مەغدوورن هیچ نەخۆش ناچێ بۆ لایان وە ئەوە پێویستە ئیهتمامێکی گەورەی پێ بدرێ.

ب ـ دەورەی تەخدیر بکرێتەوە لە دەرەوەی هەرێم چونکە بایەخدان پێیان پێویستە ساڵانە چەند دکتۆرێکی ممارس رەوانە بکرێ بۆ دەرەوە بۆ ئەوەی لە بواری تەخدیر شارەزایان هەیە وە پەکمان نەکەوێ لە کاتی پێویستدا.

ج ـ سالآنه خەلآت بكرێن وە ئیهتمامیان پێ بدرێ.
د ـ كارمەندانی تەخدیر جگە لە دكتۆر مخصصاتیان زیاد بكرێ ببێ لە(٢٠٠ ٪)كە شتێكی باشە.

٦ـ جملەی عەصەبی یەک دكتۆری هەیە بەناوی محمد علی لە شاری هەولێر بەڕاستی جێ سەرسورمانە ئەویش خۆی لەخۆیدا كەڵكی نییە بەرامبەر نەخۆش وا زانراوە هەر كەس ئەچی بۆ لای بۆ نەخۆشخانەی فێركردن پێی را ئەگەیەنێ كە پێویست بە عەمەلیات هەیە لە نەخۆشخانەی ئەهلی لەبەر ئەوە:

أـ چەند دكتۆرێكی ممارس وە یامقیمی ئەقدەم رەوانە بكرێ بۆ دەرەوە وفێربوونی لە جملەی عەصەبی بەیەک دكتۆر ئیش ناڕوات وە چارەسەری نەخۆشی ناكرێ. ماوەی دەورەكە زۆر بێت بۆ ئەوەی بە تەواوی فێر بێت وە شەهادەی دكتۆرا وەربگرێ.
ب ـ كارمەندان مخصصاتیان بۆ زیاد بكرێ وە ئیهتمامێكی باشیان پێ بدرێ.

٧ـ دابین كردنی صەداری بۆ مضمدین ساڵی دوو جار بۆیان بكرێ واتە زستانەو هاوینە بۆ ئەوەی شێوەیەكی یاسایی وحضاری وەر بگرێت.

٨ـ دابین كردنی پارەی ساعاتی ئیضافی بۆ خەفەر لەكاتی عطلەی رەسمی وە خەفەری شەوان بۆ معاون طبی وە مضمدەكان لە هەموو نەخۆشخانەكان.

٩ـ دابین كردنی خۆراک باش وەكو برا دكتۆرەكان كە خواردنیان تایبەتە لەهەموو روویەكەوە چونكە ئەو كارمەندانەش هیلاک دەبن وە نابێ جیاوازی لەبەینیاندا هەبێ.

١٠ـ دابین كردنی بۆ خەفەری شەوو بۆ هێنان وبردنەوەیان لەگەڵ خەفەری عصر وەكو ئەوانی تر.

١١ـ بە گشتی فەرمانبەرانی بچوک مووچەكانیان كەمە وەبەشیان ناكات پێویستە پێداچوونەوەیەک هەبێ بۆ چارەسەری مووچەیان وە بەڕاستی مەغدوورن وە ئەوانەی لە صحە كار دەكەن وەكو سائق وبەر دەستەو كاتب وحەرەس ومشرفی تەغذیە ئەمانە چارەسەرێكیان بۆ بدۆزرێتەوە چونكە ئەو مووچەیان بەش ناكات وە یاهەوڵ بدرێ ئەو (١٥٠)دینارەی پەرلەمانیان لەگەڵ سی دینارەكە پێیان بدرێ وەمخصصاتیان بۆ زیاد بكرێ.

١٢ـ نەخۆشخانەكان بەگشتی سەیارەیان كەمە بۆ هەڵسوڕاندنی ئیشو كارەكانیان وە بۆ بردن وهێنانەوەی فەرمانبەران بۆ ئەویش بەكڕینی دوو سەیارە كۆستەر بۆیان كارەكانیان كۆتایی

پێ دێت چۆنکە هاتنیان بۆ دەوامی سەیارە نییە بە حاڵێکی ناخۆش ئەگەنە نەخۆشخانەکە ولەهەمان کاتدا مووچەیان کەمە بەشیان ناکات کە بە سەیارە هاتووچۆ بکەن.

١٣- سەیارەی میک زەمینی ئیسعاف پێویستیان پێ هەیە.

١٤- مطبوعاتیان زۆر کەمە بۆ نموونە ئەوراقی فحوصاتیان نییە وە لە ئیدارە کاغەزی نووسینیان نییە چاەسەر بکرێ.

١٥- دابین کردنی سرنج بۆ ئەوەی لە بازاری رەش نەکڕن.

١٦- دروست کردنی باج بۆ هەموو کارمەندان بە گشتی بۆ ئەوەی بناسرێن. دەوری هەزار دیناری تێ ئەچێ کە پێویستە.

١٧- وا پێشنیار وپێداویستەکانی بەشی جراحەی مجاری بەولیەکان پێشکەش دەکەین کە دوو لاپەڕەیە واتە(١٦)خەفەرەیە کە پسپۆڕ دکتۆر پشتیوان هاشم بەزاز پێشکەش کردووە. ئێمەش وەکو لیژنە لایەنگیری پێشنیارو پێداویستەکاْن ئەو بەشە ئەکەین.

***لەگەڵ ڕێزماندا***

| | | | |
|---|---|---|---|
| **عفان نقشبەندی** | **ملا طاهر محمد** | **فوزیە عزالدین رشید** | **شفیق أمین محمد** |
| **ئەندام** | **ئەندام** | **جێگری سەرۆک** | **سەرۆکی لیژنە** |

**وێنەیەکی بۆ/**

**فراکسیۆنی پەرلەمانی بەڕێز/ بۆ ئاگاداری لەگەڵ ڕێزماندا.**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٩)

## شەممە رێکەوتی ١٤/١١/١٩٩٨

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٩)

## شەممە ڕێکەوتی ١٤/١١/١٩٩٨

***کاتژمێر(١١)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی١٤/١١/١٩٩٨ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا، دانیشتنی ژمارە(٩)ی خولی ئاسایی دووەمی ساڵی(١٩٩٨)ی خۆی بەست.***
***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنرا، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
بەناوی خودای گەورەو میهرەبان، دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێدەکات دانیشتنی ژمارەی (٩)ی (١٤/١١/١٩٩٨). ئەگەر ماوەمان پێ بدەن ئەم دانیشتنە دانیشتنێکی تایبەتمەندە بە گەڕانەوەی جەنابی سەرۆک بارزانی لەو گەشتەی کە بۆ دەرەوەی وڵات کردی و، بەڕێزی تەشریفی هێناوە بۆ ئێرە بۆ ئەوەی باسێک لەو گەشتەو، ڕێککەوتنی واشنتون و ئەنجامەکانی بۆ ئێوەی بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان بکات و، لە ڕێگای ئێوەشەوە بۆ هەموو خەڵکی کوردستان. ئەگەر ماوەمان پێ بدەن پێنج شەش دەقیقەیەک پشووەک وەردەگرین بۆ ئەوەی مێوانەکانیشمان تەشریف بێننە ژوورەوە.

***بەناوی خوای گەورەو میهرەبان***
***بەڕێز جەنابی سەرۆک بارزانی***
**بەڕێزان سەرۆکی حکومەت و جێگر و ئەندامانی**
**ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، مێوانە بەڕێزەکان.**

پێخۆشحاڵین لە پەرلەمانی کوردستان جارێکی تر شاد بین بە ئامادەبوونی جەنابی سەرۆک بارزانی و، بەم بۆنەیەوە بەخێرهاتنێکی گەرمی جەنابیان و مێوانە بەڕێزەکان دەکەین، هاتنی جەنابی سەرۆک بارزانی بۆ پەرلەمانی کوردستان ئەمجارە هەروەک هەموو لایەک دەزانن پاش ئەو سەفەرە مێژووییەی بوو بۆ دەرەوەی وڵات و، پاش ڕێککەوتنی ئاشتی واشنتون کە لە (١٧)ی ئەیلول ئیمزا کرا، ڕێککەوتنی ئاشتی و گەڕانەوەی بارودۆخی کوردستان بۆ بارێکی ئاسایی و تەبایی. پێخۆشحاڵم جارێکی تر لێرە تەئکید لەوە بکەینەوە کە:

یەک: پەرلەمانی کوردستان هەر پاش رێککەوتنی ئاشتی لە واشنتون لە کۆبوونەوەی ژمارە (٣)ی خۆیدا لێرە بە ئامادەبوونی ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران پشتگیری خۆی بە تێکڕای دەنگ دەربڕی و، ئامادەیی خۆی وەکو پەرلەمانی کوردستان پیشاندا بۆ پشتگیری و هاوکاری و، بۆ سەرخستنی ئەو رێککەوتنە، هەر بەو بۆنەیەوەو لەسەر داوای ئەندامانی پەرلەمان بەیانێکمان دەرکرد.

ئەمڕۆش وا بەڕێز بارزانی لەو سەفەرە سەرکەوتووەی گەڕایەوە و، لێرە لە پەرلەمانی کوردستان کە هەمیشە بەوە ئێمەی شاد کردووە کە هەر هەواڵێکی خۆش هەر بارێکی تایبەتمەند کە پەیوەندار بێت بە چارەنووسی خەڵکی کوردستانەوە تەشریفی هاتۆتە ئێرەو، لێرەوە ئەو موژدەیەی بە خەڵکی کوردستان داوە، یەکەم جار نییە بەڕێز سەرۆک بارزانی دەستپێشخەری وا دەکات، دامەزراندنی ئەم دامو دەزگای کە ئەمڕۆ ئێمە هەمانە بە دەستپێشخەرییەکی جەنابی بوو لە ساڵی (١٩٩١) کە داوای کرد هەڵبژاردنێکی گشتی بکرێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دەسەڵات. ئەنجامی هەڵبژاردن بەو شێوەیە بوو کە هەموو لایەکتان ئاگادارن هەر جەنابی بوو جارێکی تر دەستپێشخەرییەکی کرد کە لە زۆرینەی حزبی خۆی پارتی دیموکراتی کوردستان تەنازولی کرد لە کورسییەک و، پرینسیبی پەنجا بە پەنجا دامەزرا بۆئەوەی ئەم ئەزموونە سەرکەوێت و، بۆئەوەی رێگا بگرین لە هەموو پیلانێکی ناحەزان بۆ تێکدانی ئەم ئەزموونە و، هەر جەنابی بوو لێرە لەم سەکو پیرۆزەوە تەئکیدی کردەوە کە فیدرالیەت ئەورۆ بۆ خەڵکی ئێمە پرینسیپێکی پێویستە و، بڕیارێکە کە ئەبێ ئەندامانی پەرلەمان نوێنەرانی خەڵکی کوردستان بیری لێ بکەنەوە ئەوەش پاش ئەو گەشتە پیرۆزەی بوو بۆ ئەمەریکاو بۆ ئەوروپا لە کاتی خۆیدا ئەمڕۆش پاش ئەو هەنگاوانەی کە لە میانی زیاتر لە ساڵێک بەرەو ئاشتی دەمانبات کەس ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات کە ئەوەی رۆڵێکی سەرەکی لەم کێشەیە بینی جەنابی سەرۆک بارزانی بوو. بەهاتنەوەی شادین، بەهاتنی بۆ پەرلەمانی کوردستان سەربەرزین ئێستاش هەموو لایەکمان چاوەڕوانی جەنابی دەکەین با بفەرموویت.

**بەڕێز سەرۆک مەسعود بارزانی:**

**بسم الله الرحمن الرحیم**

**خوشک و برایانی بەڕێز.**

زۆر خۆشحاڵم بەو دەرفەتەی کە بۆمان هەڵکەوت کە بە خزمەتتان بگەین لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی عێراق، بۆ ئەوەی ئەنجامی سەفەرێکی دورو درێژ بۆ دەرەوەی وڵات عەرزتان بکەین. زۆر سوپاس بۆ هەموو ئەو خوشک و برایانەی کە ئێمەیان غەرقی خۆشەویستی و لوتفی خۆیان کرد و پێشوازییەکی گەرمی ئێمەیان کرد، من پێموایە ئەمە پێشوازی بوو لە بیروبۆچوونی ئاشتیخوازانە و، لە بیروبۆچوونی دیموکراتی. هەروەکو جەنابتان ئاگادارن سەفەرێکمان کرد بۆ دەرەوەی وڵات و سەردانی چەندین وڵاتمان کرد لەوانە ئەمەریکا،

لە ئەورووپاش (ئەڵمانیا، فەرەنسا، بەریتانیا، نەمسا، بەلجیکا)، لەچوون و هاتنەوەش سەردانی تورکیامان کرد.
سەفەرەکە لەسەر داوەتێکی ڕەسمی دەوڵەتی ئەمەریکا بوو بۆ مەبەستی ئاشتبوونەوەو باسی پەیوەندیی دوو قۆڵی و باسی ئایندەی عێراقیش کرا، ئێمە کە چووین بەرچاومان روون بوو چونکە کێشەی میللەتێکمان پێ بوو لەوێش کە کێشەکەمان خستەروو پێمان گوتن ئێمە کێشەی میللەتێک باس دەکەین پێمان خۆشە هەڵوێستی ئێوە بە روون و ئاشکرایی بۆ میللەتی ئێمە روون بێتەوە، ئەگەر ئێوە مامەڵەیەکی سیاسی لەگەڵ دەکەن بە کێشەیەکی سیاسی دەزانن زۆر سوپاستان دەکەین، ئەگەر هەر بە کێشەیەکی مرۆیی (انسانی) دەزانن دیسان سوپاستان دەکەین، بەلام ئەمە دەردی میللەتی ئێمە دەرمان ناکات و، ئەمە مامەڵەیەک نییە کە میللەتی ئێمە پێی رازی بێت، یاخود کێشەی ئێمە چارەسەر بکات. ئەوەی جێی خۆشحاڵییە بەراستی بۆ یەکەم جارە لە ئەمریکاو ئەورووپا، لە ئەمریکا زیاتر، چونکە لە ئەمەریکا ئەو سیاسەتەیان نەبوو لە ئەورووپا زۆر وڵات هەبوون لە مێژە بریاری ئەوەیان داوە کە مامەڵەیەکی سیاسی لەگەڵ کێشەی کورد بکەن، بەلام لە ئەمەریکا بۆ یەکەم جار بوو کە پێشوازی لە ئێمە بکەن وەکو کورد دوور لە هیچ سەرپۆشێکی (غەطائێکی) ترکە جاران پێویست بوو ئەگەر ئێمە بچووباین بۆ ئەمەریکا دەبوایە لە نێوان وەفدێکی تر دابین و، بۆ یەکەم جاریشە بە راشکاوی رایانگەیاند کە بەڵێ کێشەی کورد سیاسیە و، لەمەودوا مامەڵەیەکی سیاسی لەگەڵ دەکەن.
خاڵی تر ئەوە بوو کە ئێمەیان تووشی هیچ پابەندیەکی تر نەکرد، یاخود کێشەی گەلەکەی ئێمەیان تێکەلاوی بابەتی تر نەکرد ئەمەش پێموایە سەرکەوتنێکی ترە بۆ میللەتەکەمان. رایانگەیاند کە ئەوان ئامادەن میللەتی کورد بپارێزن یارمەتیمان بدەن، بەلام داواشیان ئەوە بوو کە دەبێ شەڕی ناوخۆیی نەمێنێ بۆئەوەی ئەوان بتوانن زیاتر یارمەتی ئێمە بدەن.
تەبیعی ئاشتییەکەی کە هەموو میللەتی کورد چاوەڕوانی دەکردو، بەراستی نەک ئێمە لە ئەمەریکا هەستمان کرد کە ئاشتی شتێکی پێویستەو لە بەرژەوەندی میللەتی کورددایە جەنابتان شایەدن زۆر جار هەر لەم شوێنە داوامان دەکرد کە بەشێوەیەکی ئاشتی چارەسەری کێشەکەمان بکەین داوەتی برایانی ترمان دەکرد لە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کە بێن گیروگرفتەکانی خۆمان چارەسەر بکەین، من تەمەنام دەکرد ئێمە لێرە بەو رێککەوتنە بچین بۆ دەرەوە نەوەکو لە دەرەوە ئەو رێککەوتنە بکەین، بەلام هەر کات و لە هەر شوێنێک تۆ ئاشتی بکەیت هەر باشە.
ئێمە پێمان گوتن سوپاستان دەکەین، سوپاسی رۆڵتان دەکەین و، ئێمە دەزانین ئاشتی لە بەرژەوەندی میللەتی ئێمەیە. جەنابتان دەزانن کە ئێمە وەکو پارتی هیچ کاتێک دەستپێشخەری شەڕمان نەکرد و دژی شەڕ بووین، بەلام بەراستی دەمانوویست کە ئاشتییەک

بێت لە بەرژەوەندی میللەتی کورددا بێت و، بتوانین جێبەجێشی بکەین.
من نامەوێ بچمە ناو درێژەپێدانی ئەو ڕێککەوتنەوە، چونکە بێگومان دیوتانە پێشی ئەوەی بگەڕێینەوە هەمووتان (اطلاعتان) لەسەری کردووە، پێمان وایە ڕێککەوتنێکی تێروپڕە، وهاوسەنگە، ئەوەش نییە بڵێی هیچ ڕێککەوتنێک هەموو بە دڵی یەک لایەن بێت گرنگ ئەوەیە ڕێککەوتنەکە لە بەرژەوەندی میللەتەکەدا بێت لەگەڵ ئەوەش گەڕانەوە بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی ساڵی (١٩٩٢) زۆر ڕوونە و، ئەمە بنەما دەبێ بۆ هەموو شتێک و، ئێمە ئومێدەوارین کە هەروەکو خشتەی کاتی (جدول زمنی) بۆ دانراوە لە (١/١)ی ساڵی تازە پەرلەمانی کوردستان بە تەواوی ئەندامەکانی دانیشتنی خۆی گرێ بدات هەر لەم شوێنەو، دەست بەکاری خۆی بکات.
پاش چەندین دانیشتن بە دوو قۆڵی لەگەڵ لێپرسراوانی ئەمریکی ئەوان زۆر باش تێگەیشتن لە بۆچوونی ئێمە ئینجا لەگەڵ وەفدی یەکێتیش دانیشتن، پاشان دانیشتنەکانی ئێمەو وەفدی یەکێتی نیشتمانیی. هەر لایەک بۆچوونی خۆی هەبوو، بەڵام لە ئەنجامدا گەیشتینە ئەو ڕێککەوتنەی کە دیتتان کە ڕێککەوتنەکە ئیمزا کرا، ئینجا پێکەوە جارێکی تر وەزیری دەرەوەمان بینی زۆر بە ڕاشکاوی ڕایانگەیاند کە ئەوان پیرۆزبایی لە میللەتی کورد دەکەن بۆ ئەم سەرکەوتنە و، پابەندیی خۆیان ڕادەگەیەنن بە پاراستنی میللەتی کورد و، نایەڵن جارێکی تر تووشی دەردەسەری و ماڵ وێرانی ببی و، ئەمە بە ڕاشکاوی و ئاشکرا ڕایانگەیاند لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی لە بەرچاوی هەموو دونیا. ئەمە شەش حەوت ساڵە ئەم بارودۆخە دروست بووە پاش شەڕی دووەمی کەنداو و گرفتی ئێمە لەگەڵ ئەمریکا ئەوەبوو کە نەدەهاتە پێش واتا هەڵوێستێکی ڕوونی نەبوو، هیچ وەڵامێکی ڕوونی نەبوو بۆ ئێمە، ئایا ئێوە مامەڵەیەکی سیاسی لەگەڵ کێشەی ئێمە دەکەن؟، دزەیان لێ دەکرد. دەمانپرسی ئایا ئێوە بەردەوام دەبن لەسەر پاراستنی میللەتی کورد؟، هیچ بەڵێنێکیان نەدەدا ئەمە لە دانیشتنی دوو قۆڵی و بە نهێنیش، بەڵام ئەمجارە لەسەر زمانی وەزیرەی خارجیە و، بە ئاشکرا لە بەردەمی هەموو ڕۆژنامەوانی دونیا ئەو پابەندییەیان ڕاگەیاند بەڕاستی ئەوەبوو کە خۆم ساڵەهای ساڵە شخصیا چاوەڕوانیم دەکردو ئومێدم دەکرد کە شتێکی وامان گوێ لێ ببێ ئەمەریکا خۆی بەرەسمی تووشی پابەندیەکی وا بکات بەرامبەر بە پاراستنی میللەتی کورد و، من پێموایە ئەمە سەرکەوتنێکی گەورە بوو، سەرکەوتنێکی سیاسی بوو و، دەستکەوتێکی مێژووییشە بوو بۆ میللەتی کورد. نەک ئەمە بەڵکو دیسان بە ڕاشکاویش پشتگیریی چارەسەرکردنی فیدرالی دەکەن بۆ میللەتی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا ئەمەش بەبێ (غموض) بەبێ هیچ پێچ و پەنا زۆر بە ڕاشکاوی پشتگیری ئەمەیان کرد. من پێم خۆشە عەرزی جەنابتان بکەم و بە میللەتی کوردیش و بەدۆستەکانیشمان ڕابگەیەنم کە ئێمە لەلایەن خۆمانەوە پابەندی بەو ڕێککەوتنە دەکەین، بەڵام پابەندی بە بەرامبەرە ئومێدەوارم تەرەفی

تریش بە هەمان گیانی جیدی کە پارتی هەیەتی ئەوانیش ئیلتزام بە ڕێککەوتنەکە بکەن و بەهەمووموان لەگەڵ حزبە هاوپەیمانەکان و هەموو میللەتی کورد بتوانین سوود لەم هەلە مێژووییە وەربگرین و، کوردستان ئاوەدان بکەینەوە و، بەرەو ئاسۆیەکی ڕووناکتر هەنگاو بنێین.
لە ئەمەریکا زیاتر گفتوگۆی ئێمە لەگەڵ وەزارەتی دەرەوە بوو، بەڵام لەگەڵ ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی دانیشتین، لەگەڵ جێگری وەزیری بەرگری دانیشتین لە پەنتاگۆن هەموو تەئکیدی هەمان پابەندیان دەکرد و، جێی خۆشحاڵی بوو کە ئەمەریکا ئەم هەڵوێستە وەربگری بەرامبەر بە کێشەی میللەتی کورد.
سەبارەت بە پەیوەندی دوو قۆڵی تەئکیدیان کرد کە پێیان خۆشە پەیوەندییەکی باشمان هەبێ، بێگومان ئێمەش پێمان خۆشە.
لەسەر ئاییندەی عێراقیش ئەوان دیدو بۆچوونی (وجهە نظری) خۆیان باس کرد ئێمەش ڕای خۆمان باس کرد ئەوەی جێی خۆش حاڵییە توانیمان خۆمان تووشی هیچ پابەندییەک نەکەین کە لە بەرژەوەندی میللەتی کوردا نەبێت، یان نەبینە پرد بۆ خەڵکێکی تر.
ئێمە ئەم پابەندیەمان وەرگرت لە ئەمەریکا بەرامبەر بەو ئاشتییەی کە لە کوردستان هەیە نەوەکو ئێمە بچین ببینە پرد بۆ خەڵکێکی تر یان کێشەی ئێمە تێکەڵاوی کێشەیەکی تر ببێت. ئەوان سیاسەتی خۆیان هەیە بۆ عێراق چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، لە هەندێ شت ئێمە مخالفیش بووین لەوێش پێمان گوتن کە ئێمە ناتوانین کۆک بین لەگەڵ ئەو بۆچوونەی ئێوە، لەگەڵ هەندێک ئەندامانی کۆنگرێس دانیشتین، وەکو خۆتان دەزانن کۆنگرێس بەدەست حزبی (جمهوری)یە ئەوان زۆرینەن زۆرجاری وا هەیە دەیانوویست کێشەی خۆیان، کێشەی ناوخۆیان نێوان حزبی (جمهوری) و( حزبی دیموکرات) تێکەڵاوی کێشەی ئێمەو کێشەکانی تری جیهانی نەک هەر کێشەی کورد بکەن، لەبەرئەوە ئەوان پرۆژەیەکیان خستەڕوو بۆ مەسەلەی ئۆپۆزۆسیۆنی عێراقی بۆیە من لێرە دەیڵێم چونکە لە ئەمەریکا لە واشنتون گوتمان بە شێوەیەکی ڕەسمی ئێمە لەگەڵ ئەو پرۆژەیە نین، چونکە پێمان وایە نە گۆڕانێکی ئیجابی لە عێراق ڕوو دەدات و، نە خزمەتی میللەتی کورد دەکات و، نە سەریش دەکەوێت، لەبەرئەوە نەمانتوانی لەسەر ئەو پرۆژەیە هیچ تەفاهومێک بکەین لەگەڵ ئەو لیژنانەی گونگرێس کە تبنیان کردبوو، ئێستاش ئێمە دەڵێین بۆ ئێمە وەکو کورد پاشان چ دەبی ئەوە گرنگترە لەوەی ئایا ئێستا وەزع چۆنە؟، ئێستا ڕوونە زۆر ئاشکرایە دەزانین دۆخەکە لە کوێیە و ئێمە لە کوێین و دونیا لە کوێیە، عێراق لە کوێیە، بەڵام هەر گۆڕانێک ببی دیار نییە تا ئێمە لەوە دڵنیا نەبین مافێکی سروشتی خۆمانە کە ئێمە تێکەڵاوی ئەو شتانە نەبین، جاران شەڕ بوو ئەگەر تێکەڵاو نەبای قسەت لەگەڵ نەدەکرا، ئێستا ئەوە نەماوە من ئەوەش بە سەرکەوتنی گەورە دەزانم مانای وایە کە کێشەی گەلەکەمان چۆتە ئاستێکی تر و، لەو (قەوقەعەدا) نەماوە

ئەوەی جاران تێیدا بوو.

لە ئەمەریکا کە تەواو بووین هاتینە ئەوروپا هەمان تەئکیدمان بیستەوە لە لێپسراوانی بەریتانی، چونکە ئەوانیش دەولەتی دووەهەمن لەگەڵ ئەمەریکاو تورکیا کە ئەم سێ دەولەتە پاراستنی کوردستان لە ئەستۆی ئەوانە وەزیری بەرگریمان بینی، وەزیری دەولەی خارجیەمان بینی و، هەندێ وەزیری تریشمان دیت. تەئکیدیان کرد کە ئەمە سیاسەتی ئەوانیشە و، ئەوان لەگەڵ ئەمەریکا بەردەوام دەبن لەسەر پاراستنی میللەتی ئێمە و، لە ئەمەریکاو ئەورپاش لە بیرمان نەچوو کە مەسائیلی تریش باس بکەین مەسەلەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان یارمەتیدانی ئێمەیە بۆ هەڵبژاردنی ئایندە، مەسەلەی کرینەوەی گەنمی کوردستان، لە هەموو ئەو مەسائیلانە بەڵێنی زۆرمان پێدراوە، بەڵام ئێمە دەبێ چاوەڕوان بین تا جێبەجێ دەکرێ لەوانەیە هەندێکی جێبەجێ بکرێ هەندێکی جێبەجێ نەکرێ من ئێستا نازانم بەڵام بەڵێنێکی زۆرمان وەرگرتووە بەتایبەتی لە ئەوروپا لە بەلجیکا کە وەزیری دەرەوەی بەلجیکی بەناوی ئەوروپا قسەی دەکرد ئامادیبیەکی یەکجار زۆریان پیشاندا بۆ ئەوەی ئەوان رۆڵێکی بنەرەتی ببینن لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، وتی پاراستن و حمایە ئیشی ئەمەریکایە، بەڵام لە ئاوەدانکردنەوە ئێمە دەتوانین زۆر زۆر یارمەتیتان بدەین و، موبادەرەکەش لە خۆیان بوو، لەبەرئەوە من دەزانم مەسەلەکە جدی بوو نەک من داوام کردبێ ئەوان داوایان کردو زۆر بە (ئیلحاح و ئیصراریشەوە) کە من بچم، کە چووم و ئەو جدیەتەم بینی ئومێدێکی تریشی بە ئێمەدا و، لە هەموو ئەو دەوڵەتانەش پشتگیری رێککەوتنەکەیان کرد ئامادیی خۆیان پیشاندا بۆ ئەوەی هەر کۆمەکێک پێویست بێت یارمەتیمان بدەن. هەروەها سکرتێری گشتی ئیشتراکیەی دەولیشمان بینی ئەوانیش زۆر بەڵێنیان داوە کە زۆر زۆر یارمەتی ئێمە بدەن لە دەرەوەو لە ناوەوەدا. جێی خۆشحاڵییە کاتێ مرۆڤ ببینی لە ئەمەریکا، لە ئەوروپا ئەم بایەخدانە هەیە بە کێشەی میللەتەکەمان، بەڵام من مەترسی ئەوەم هەبوو کە پاش ئەو چوار ساڵە شەڕی ناوخۆ بێگومان کاریگەرییەکی زۆر سەلبی کردبوو، بەڵام ئەوە نەبوو کێشەکەی ئێمەیان لەبیرچوو بێ. پاش ئەم رێککەوتنەی ئاشتی کێشەی ئێمە شوێنی سروشتی خۆی گرتەوە رەنگە بەرەو پشتریش بروات من دڵنیام لەمەودوا بەرەو پێشتریش دەروات. خەڵک باشتر لە کێشەی ئێمە گەیشتووە، باشتر لە مەسەلەی کورد گەیشتووە کە دەبێ چۆن چارەسەر بکرێ ئەوانیش لە ئەوروپا وەعدیان دا کە تەبنی چارەسەری فیدرالی بکەن و تەئییدی چارەسەری فیدرالی بکەن بۆ کێشەی ئێمە لە چوارچێوەی عێراقدا.

لە چوون و هاتن هەروەکو باسم کرد ئێمە سەردانی تورکیاشمان کرد تەبعەن پاش رێککەوتنەکە لە تورکیا نیگەرانییەک دروست ببوو و هەندێ بیانامە درا کە نیشانەدەری ئەو نیگەرانییە(قەلەقە) بوو پاش هاتنەوەمان بۆ تورکیا لەگەڵیان دانیشتین و، بۆمان روونکردنەوە لێشمان پرسین حەزدەکەین بزانین نیگەرانی ئێوە لەچییە؟. دوو سێ خاڵی وا

هەبوو کە کرنگ بێت شایانی ئەوە بێت مرۆڤ باسی بکات، یەکێک لە نیگەرانییەکان ئەوەبوو کە ئەمە راگەیاندنی دەوڵەتی فیدرالییە، هی دووەم کە ئەمە رۆڵی تورکیا دەخاتە پەراوێزەوە (تهمیشی). سێیەم چاودێرانی دەرەوە بۆ ئەوەیە کە (تەکریسی) واقعی ئەم دەوڵەتە بکرێ.

بێگومان بۆمان روونکردنەوە کە یەکەم: ئەمە راگەیاندنی دەوڵەتی فیدرالیەت نییە، ئەمە راگەیاندنی ئارەزووی میللەتی کوردە، میللەتی کورد بڕیاری داوە لە ڕێگەی پەرلەمانی هەڵبژاردەی خۆیەوە کە ئێمە داوا دەکەین کێشەی میللەتی کورد لەسەر بنەمای فیدرالی چارەسەر بکرێ ئەمەش لە ئەنجامی ئەزموونێکی دوورو درێژە پاش ئەوەی قوربانییەکی یەکجار زۆرمان داوە، بۆیە پێمان وایە بە چارەسەرێکی فیدرالی ئێمە دەتوانین چارەسەری کێشەی خۆمان بکەین لە چوارچێوەی عێراقدا و، تەجروبەشمان لەبەرچاوە لە زۆر وڵاتانی تر کە سیستەمی فیدرالیان خودان کردووە توانیویانە چارەسەری کێشەکانی خۆیان بکەن زۆر زۆریش پێش بکەون وەکو ئەڵمانیا و ئەمریکاو کەنەدا و، زۆر وڵاتی تریش. ئەمە هی ئێستاش نییە ئەمە لە ساڵی (١٩٩٢) راگەیاندراوە، بەڵام کاتێک ئەمە جێبەجێ دەکرێ کاتێک سیغەیەکی یاسایی وەردەگرێ کە لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی ئێمە ڕێککەوین داخلی دەستووری عێراقی ببی، لەبەرئەوە ئەمە راگەیاندنی دەوڵەت نییە ئێوە هەڵە تێگەیشتوون پاشان ئێمە تەئکیدمان کردووە لەوێش تەئکید کراوە لە ڕێککەوتنەکەشدا هەیە لە وتەکەش کە لەوەزارەتی دەرەوە قسەم کرد تەئکیدمان کرد کە ئەمە لە چوارچێوەی عێراقدایە ئەمە دژی بەرژەوەندی هەرێمی هیچ وڵاتێکی تریش نییە ئەمە تەنها چارەسەری کێشەیەکی ناوخۆیی خۆمانە.

سەبارەت بە(تەهمیشی) دەوری ئێوە، بە پێچەوانە تەئکید کراوە لەسەر دەوری ئێوە چونکە بە کردەوە هەندێ برگەی تێدایە ئەگەر ئێوە هاوکاری ئەمەریکاو بەریتانیا و ئەوانە نەکەن هیچ ناکرێ، لەبەرئەوە (تەهمیشی) دەوری ئێوە ناکرێ لێکدانەوەیەکی هەڵەیە راست نییە بۆ ئەوە.

هی چاودێرانیش ئێمە هەڵبژاردنی ئایندەمان لە پێشە لەوانەیە نەک هەر پارتی و یەکێتی هەموو حزبێک هەر یەکێک بڵێ من ئەوەندە دەنگەم هێناوە ئەوی تر تەزویری کردووە لەبەرئەوە ئێمە پێویستیمان بە شایەدی خەڵکێکی بێ لایەن هەیە کە ئەو شایەدییەمان بۆ بدەن ئێوە ئەم سێ دەوڵەتە بەو پێیەی ئێوە راعی کرداری ئاشتین هەرسێکتان کوردستان دەپارێزن فەرموون بە هەرسێکتان وەرن سیغەیەکمان بۆ بدۆزنەوە مەبەستی ئێمە ئەوەیە، مەبەستی ئێمە ئەوە نییە بێین تەکریسی واقعی دروست کردنی دەوڵەتێک بکەین.

ئێمە پێمان خۆشە کە خەڵکێکی بێ لایەن بێ لە کوردستاندا، ئەو کاتە ئەو شاهێدی ئەو هەڵبژاردنەمان بۆ بدات، بە مەرجێک هەر سێکتان رازی بن، هەر سێکتان بێن «UN»بێن، خەڵکێکی تر بێن، ڕێکخراو بێن، خەڵکێکی تر هەیە، حزبەکان هەنە لە ئەوروپا کە

شارەزاییان لە هەڵبژاردندا هەیە کەوا ئامادەن بێن و، یارمەتیمان بدەن، بەهەر سێکتان چۆن ڕێکدەکەون ئێمە ڕازین، کێ دێن، خۆتان دێن، ڕێگا ئەدەن خەڵکێکی تر بێن، خەڵکێکی تر هەیە بەخۆی دێ و یارمەتیمان ئەدات، لەبەر ئەوە ئەمە گرفتێک نییە ئێوە خۆتانی پێ ئاڵۆز بکەن، گوتیان بەراستی ئێمە زۆر مەمنوونین لەم ڕوونکردنەوانە، چونکە ئێمە وا تێنەگەیشتبووین، لەبەر ئەوە ئێمە نیگەرانیمان نەما و، ئێمە ڕۆڵی ئیجابی خۆمان دەبینین، من خۆم ڕاستەوخۆ نەیانم بینیوە، بەڵام لە مام جەلالم بیست کەوا ئێران و سووریاش پێشتگیری لە ڕێککەوتننامەکە دەکەن و، پاش ڕێککەوتننامەکەش دوو جار یەکترمان بینی، جارێکی لە لەندەن و، جارەکەی تری لە ئەنقەرە و، لە کاتی ڕێککەوتننامەکەشدا لە ماوەی مانگێکدا سێ جار یەکترمان بینی، خۆی کاتێ کە شت ئاسایی دەبێتەوە دەتوانرێت هەموو شتێک بکرێت، کاتێ کە بەرژەوەندی میللەت خواستی هەموو شتێک دبێت بکرێت، بەڵام هەندێک بارودۆخ هەیە کە بە سەپاندن بێت، یا بە زەبر بێت، یا بە شێوەیەکی تر بێت، ئەوە بێ گومان هەر مرۆڤێک ڕەفتارێکی تری دەبێت، ئێستاش ئەگەر بارودۆخەکە هەر وا بە ئاسایی بڕوات، مەسەلە نەعوزو باللە نە غرورە، نە هیچ شتێکی ترە، بەڵام هەندێ جار بەرژەوەندی میللەتی کورد لەوەدا نییە کەوا ڕەفتارێک بکەین و لە بەرژەوەندی ئەودا نەبێت، مەسەلەکە ئەمەیە. دیسان تەئکیدی لەسەر دەکەمەوە کەوا ئێمە پابەندی ڕێککەوتنامەکەین و، ئومێدەوارم کەوا لایەنەکەی تریش بە هەمان گیان پابەندیی ڕێککەوتنامەکە بێت.

سەبارەت بە بارودۆخی عێراق و، ئایندەی عێراق، دیارە ئەوان سیاسەتی خۆیان هەیە و، بڕیاری خۆیان هەیە، لەوە نەدەچوو کەوا هیچ ئاسان کارێک بکەن و، نەشیان دەشاردەوە و، لەو کاتەش پێشبینی ئەم تەنگژەیان دەکرد، ئێمە ئومێدەوارین کە ئەم تەنگژەیە چارەسەر بکرێت و، نەگاتە ئەوەی کە شەڕ ببێت لەسەر ئەو تەنگژەیەی کە تازە ڕووی داوە و، ئێمە لەوێش ڕای خۆمان دەربڕی کە ئێمە قەت لەگەڵ ئەوە نین میللەتی عێراق تووشی ئێشوئازار ببێت و، ئێمە لەگەڵ ئێشوئازاری میللەتی عێراقین، بەڵام ئەبێت لە ئەنجامی ئەوە چارەسەرییەک بدۆزنەوە بۆ ئەم ڕەوشە، چونکە ئێمەش وەکو بەشێک لە میللەتی عێراق لە زۆر لاوە لە ژێر باری ئابلوقەی ئابووری دەناڵێنین، دەبێت ئەم بارودۆخە چارەسەر بکرێت، هەتا سەر ئەمە نابێت بمێنێت، جا بە چ شێوەیەک چارەسەری دەکەن دەبێت چارەسەر بکرێت، چونکە ئەم ڕەوشە لەوانەیە موزاعەفاتی خراپی لە پاش بێت، بەهەر حاڵ ئەوان بڕیاری سیاسی و نهێنییەکانی خۆیان بە ئێمە ناڵێن، بەڵام ئێمە دیتمان کەوا توندن، سەبارەت بە ئۆپۆزۆسیۆنی عێراقی، هەڵویستی ئێمە زۆر ڕوون بوو، بۆیانمان ڕوون کردەوە کەوا ئێمە ئۆپۆزسیۆنێک نین کەوا پاش جەنگی کویت دروست بووبین، کەسیش نابێت لەسەر ئێمە موزایەدە بکات، چونکە ناتوانن لەسەر ئێمە موزایەدە بکەن، کاتێ ئێمە شەڕی ڕژێمان دەکرد، خەڵکی تر دەچوون دەستیان ماچ دەکرد، کاتێ ئێمە شەڕی ڕژێمان دەکرد، خەڵکی تر وەلاتانی تر چەکیان بە

رژێم دەدا، لەبەر ئەوە نە دەوڵەتێک بێت موزایەدە لەسەر ئێمە بکات و، نە رێکخراوێک و حزبێکی پاش شەڕی کویت بێت موزایەدە لەسەر ئێمە بکات، ئێمە ئێستا بەرپرسین لە چارەنووسیی چەندین ملیۆن مرۆڤ، ئەوە نییە بڵێین پێشمەرگایەتی جارانە لە شاخ و، تەنها خۆت و تفەنگەکەت و جانتاکەت و تەواو، لەم شاخ نە لەو شاخەکەی تر، ئێستا هەر بریارێک کار لە سەر دوارۆژی خوێندنی میللەتی ئێمە دەکات، لە ژیانی میللەتی ئێمە دەکات، لە ئاوەدان کردنەوەی کوردستان دەکات، لە بوونی میللەتی ئێمە دەکات، لەبەر ئەوە ئێمە ئۆپۆزسیۆنێک نین بتوانین پاسپۆرتمان لە گیرفاندا بێت لە نێوان واشنتۆن و لەندەن و پاریس سەفەر بکەین و، بێین و برۆین و تەسریحات بدەین و، هەرچی دڵت بییەوێت بیڵێیت بەبێ ئەوەی هیچ ئیلتیزامیکت لەسەر هەبێت، سەبارەت بە ئێمە و ئەولەویەتی ئێمە ئەوەیە کەوا چۆن ئەم بارودۆخە بپارێزین، ئەولەویەتی ئێمە ئەوەیە کەوا چۆن خەڵکی کوردستان بەختەوەر کەین، چۆن خوێندن پێشبخەین و، چۆن کوردستان ئاوەدان کەینەوە، لەبەر ئەوە تووشی ئەم بارەمان نەکەن، بۆ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی ئەوەی لەسەر ئێمە بوو پێشتر کردمان، خۆی نەیتوانی سوود لەو هەلە وەرگرێت، لەمەو دوا ئێمە تەجرووبەیەکی هەڵە دووبارە ناکەینەوە، شەڕیش مرۆڤ بۆیە دەیکات چونکە ئامانجێکی هەیە، ئەگینا شەڕکردنی بێ ئامانج تاوانە بەراستی، ئێستاش بارودۆخێک دروست بووە زۆر لە ئامانجەکانی ئێمە هاتووەتە دی، لەبەر ئەوە ئێمە بچین شەڕی چی بکەین؟، بۆ شەڕ بکەین؟، بەراستی ئەگەر یەکێک بێت و ئەو پرسیارە لە ئێمە بکات، وەڵامی ئێمەش ئەمەیە،پێمان خۆشە ئێمە بۆ چی ئەم شەڕە بکەین؟، بۆ ئەوەی خودمختاری وەرگرین؟، ئێمە خودمختاریمان وەرگرت، بۆ ئەوەی فیدرالی وەرگرین؟، ئەوە رامانگەیاندوە، ئەو واقعی ئێستا کە هەمانە، واقعێکە هەموو ئەو ئامانجانەی ئێمەی جێبەجێ کردووە، بارودۆخەکەش هەمووی بەندە بە رەوشی عێراق و، بە ئایندەی عێراق ، کە ئەویش لە دەستی ئێمە و وەڵاتانی ناوچەکە هەمووی دەرچووە، خوا دەزانێ کەرا دوارۆژ چی لێ دێ، ئێمە ئەبێت هەوڵ بدەین چ گۆرانێک ببێت، یا هەرچۆنێک بێت ئەم رەوشەی کە هەیە چەندی بتوانین لەبەرژەوەندی میللەتی کوردی بەدەست بێنین، ئێمە دەبێت ئەوە بکەین، بەراستی زۆر باش لە رەوشی ئێمە گەیشتن بەتایبەتیش لە ئەورووپا، ١٠٠٪ پشتگیری رای ئێمەیان دەکرد، لە ئەمریکاش ئەم خستنە رووانەی ئێمەش زۆر کاریگەری هەبوو، پاشان پێمان گوتن ئێمە هاتووین کێشەی میللەتی کورد بخەینە روو، ئێمە نەهاتووین کە بڵێین فلان کەس بێت، یا ئەمە بگۆرە و ئەمە بێنە، ئەمە ئێشی ئێمە نییە، ئێشی ئێمە ئەوەیە کەوا بەڵێنێکی رەسمی لە ئێوە وەرگرین وەکو دەوڵەتی ئەمریکا بۆ پاراستنی ئێمە و، ئێمە رەگەزێکی ئیجابی بین لە ناوچەکە و، پابەندی بە دیموکراتیەتەوە بکەین، ئێمە وەڵاتی خۆمان ئاوەدان بکەینەوە و، مافی مرۆڤ بپارێزین و، ئێمە هەرەشە لە ئاسایشی ناوچەکە نەکەین، ئێمە ئەمن و ئاسایشی خۆمان و دراوسێیەکانیشمان بپارێزین، ئێمە بۆ ئەمە هاتووین،

تەفاهوم لە گەڵ ئێمەدا دەکەن زۆر مەمنوونتانین، پێشتان وایە ئێمە هاتووین کەوا هەندێ پارەمان بدەنێ و بچین شەڕی عێراق بکەین، بەراستی ئێمە نە ئەو پارەیەمان دەوێت و نە شەڕیش دەکەین و، نە ئەوجۆرە ئۆپۆزسیۆنەشمان دەوێت، کەسێکیش دەستدرێژی لە ئێمە کرد، ئێمە ئامادەین بە خوێنی خۆمان بەرگری لە خۆمان بکەین، جێی خۆشحاڵیە کەوا لە ئێمە گەیشتن.

خاڵێکی تریش کە لەوێ باس کرا مەسەلەی «P.K.K» بوو، ئەمانە هەموو پەکەکە بە رێکخراوێکی تۆقێنەرە دەناسن و، خۆیان کوشتووە ئەمە چەند ساڵە بۆ ئەوەی کەوا بە شێوەیەکی رەسمی لە وەڵاتەکاندا پێشوازییان لێ بکرێت، پێشوازیان لێ نەکراوە، لەوانەیە هەندێ پەرلەمانتار هەبن، هەندێکیان لەگەڵ میللەتی کوردا سۆزیان هەیە، هەندێکیشیان بیروبۆچوونیان هی (پولپوتییەو ستالینیە) ئەوانە یەک دەگرنەوە لەم بیروباوەڕانە، ئەگینا بەشێوەیەکی رەسمی، یا ئەو پارتانەی کە گرنگیان هەیە، نە حزبەکان پێشوازیان لێ دەکەن و، نە وەڵاتێک بە شێوەیەکی رەسمی پێشوازیان لێ دەکات، ئەو تەنگژەی دوایش لە نێوان تورکیا و سوریا دیارە و، نابێت کەس لە ئێمە گلەیی بکات لە بابەت پەکەکەوە، لەگەڵ ئەوەش ئێمە لەساڵی ١٩٨٠تا ساڵی١٩٨٦ خۆمان کردە قوربانی، پێمان وابوو مەسەلەیەکی نەتەوەییە، بیست جار زیاتر تووشی هێرشی ئاسمانی و هێرشی زەمینی هێزی تورکی بووین تەنازولمان نەکرد، شەش ساڵ بەرگەی فشاری تورکیامان کرد، پاشان دەرکەوت ئەمانە لە ناو ئێمە خەریکن وەکو کرم تەئامر لەسەر ئێمە دەکەن، خەریکە خۆیان دەکەن بە (سوڵتەی بەدیل) لە ناوچەکەدا، دەستیان کرد بە کوشتنی کەوادری ئێمە، لەبەر ئەوە ئێمە لەگەڵیاندا کە تێک چووین لەبەر گوشاری تورکیا نەبوو، ئێمە کە لەگەڵ ئەوان تێکچووین لەبەر رەوشتی ئەوان بوو، لەبەر تەعەدا و دەست درێژی ئەوان بوو لەسەر میللەتی ئێمە، لەگەڵ ئەوەش من دەڵێم نابێت لەمەو دوا کەس گلەیی لە ئێمە بکات و، بلێ بۆ وا رەفتارتان لەگەڵ پەکەکە کرد، ئێمە لەسەر خۆمان ئەو رەفتارەمان کرد، بەڵام خەڵکی تر بزانن چۆن وا شەقیان تێ هەڵدا، ئەمە لە رێککەوتننامەکەدا زۆر روونە و، ئێمە لەوێش پێیانمان گوتن، مەسەلەی پەکەکە ئەگەر بۆ کوردیان با و بۆ کوردایەتی بوایە لەسەر سەرمان، چ دەبوو ئێمە ئامادە بووین قوربانی بدەین و، بەهاکەی بدەین، بەڵام قەناعەتی ئێمە وایە هەرچی بکەین بۆ ئەمانە لە دژی کوردە، لەبەر ئەوە پەکەکە نابێت لە ناوچەکانی یەکێتی بمێنێت، باسێکی وا کرا کەوا بارەگای سەربازی نەمێنێ، پەکەکە بارەگای سەربازی نییە، بارەگای سیاسی نییە، بارەگای راگەیاندنی نییە، تەنها یەک بارەگای هەیە کە ئەویش بارەگای تیرۆرستیە، چ لە ژێر ناوی سەربازی بێت، لەژێر ناوی سیاسی بێت، لە ژێر ناوی راگەیاندن بێت، لە ژێر هەر چ ناوێک بۆ کاری تیرورستی و تێکدەرانە بە کاری دێنێ، بۆ ئەوەی خۆی بەزۆر بچەسپێنێ، بۆ ئەوەی تەداخول بکات، بۆ ئەوەی خۆی بکات بە سوڵتەی بەدیل، لەبەر ئەوە ناکرێ، ئەبێت سیغەکە زۆر روون بێت و،

هیچ قـابیلی تەفـسـیرات و شتی تر نەبێت، هیچ بارەگا و ڕۆژنامەی ئەوان نابێ هەبێت و، یەکێتی ئەم ڕاستیە باش دەزانێ لەوێش باش بۆیان باس کرا ئنجا ڕێکەوتنەکەیان ئیمزا کرد، لەبەر ئەوە ئەمەش خاڵێکە دەبێ بە جیدی پابەندی بین،ویەک بارەگای پە کە لەژێر هیچ ناوێک لە ناوچەکـانی ژێر دەسەڵاتی یەکـێتی بمێنێت، ئەگـەر نا کـار دەکـاتە سـەر هەمـوو ڕێکەوتنەکە.

خوشک وبرایانی بەڕێز ئەمە بوو کاکڵی سەفەرەکەم، بێگومانیش بن کە هیچ شتێکی شاراوە نیـیـە، چونکە ئەم شـوێنە ئەو جـێگایە نیـیـە مـرۆڤ شتی لێ بشـارێتـەوە، کـاکـڵـەکـەی ئەمـەیە،هەرچەند بچـمـە ناو تفـاصـیل ،ئەمـەم دی و ئەمـەم دی ئەمـەم واکـرد و ئەوە وابوو، لەڕاستیدا نامەوێ بچمە ئەم درێژیە، بەڵام کاکڵەکەی ئەمەیە:

مامەڵەیەکی سیاسی لەگەڵ میللەتی کورد دەکرێ، کێشەی ئێمە بەکێشەیەکی سیاسی ناسرا، لە ئەمەریکاو ئەوروپا پشگیری چارەسەری فیدراڵی کێشەکەمان لەچوارچێوەی عێراقێکی دیمکراتیدا دەکەن، ئامادەن پشتیوانی ئێمە بکەن، ئامادەن بمان پارێزن،لەسەر ئێمەش واجبە ئەم هەلە لەدەست نەدەین،خەریکی چەسپاندنی بنەماکانی دیمکراتیەت ومافی مرۆڤ بین، بۆ ئاوەدان کـردنەوەی کـوردسـتـان.و لەگـەڵ هەمـوو دۆسـتـەکـانمان وابکەین وڵاتی ئێـمـە ببێ بەنمونەیەکی زۆر زۆر پێشکەوتوو بۆ ئازادی و بۆ دیموکراتی.

من ئەم جارە زۆر زۆر ئومێدەوارم و زۆر خۆش بینم و سوپاس بۆ خوا کەوا کێشەی گەلی ئێمە گـەیشـتـە ئەم قـۆناخـە، بەڕاستـی مـرۆڤ هەست بە سـەربەرزییـەکی زۆر ئەکـات کـە ڕەنجی ئەم میللەتە خەریکە بەری خۆی ئەدات و، خوێنی شەهیدانمان بە فیرۆ نەچوو، لەبەر ئەوە مرۆڤ دەتوانێ تۆزێک بە ڕوو زەردی بەرامبـەر بە خانەوادەی شـەهیـدان بوەستێ و پێـیـان بڵێ کـە خوێنی ڕۆڵەکانی ئەمەیە بەرهەمەکەی کە کێشەی گەلەکەمان چووە ئەم ئاستە، بەڕاستی ئەگەر ئەو خـوێنە نەبایە و، ئەو ڕەنجـە نەبایە، خـەڵکێکی تریش ئامـادە نەبوو لە پێناوی خـوا ئەو پێشوازیە لە ئێمە بکات، یا ئەو بایەخە بە کێشەی ئێمە بدات، یەکەم جار میللەتەکە خوی بوونی خـۆی سـەلماند بە قـوربانی خـۆی و بە خـوێنی شـەهیـدانی خـۆی، ئومـێـدەوارم کـەوا لە ماوەیەکی نزیک پێ بنێینە قۆناخێکی تر و بەرەو ئاسۆیەکی ڕووناک بڕۆین و زۆر سوپاس، ئەگەر پرسیاریش هەبێت ئەوە ئامادەم وەڵامیان بدەمەوە.

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

سوپاسی جەنابی بەڕێز سەرۆک بارزانی دەکەین بۆ ئەو وتە بەنرخەیە و، تیشکی خستە سەر زۆر لەلایەن و گـفـتوگـۆ و خاڵەکـانی ئەو سـەفەرەو ئەو ڕێککەوتننامـەیە و، جەنابیشی ئامـادەیە کە وەڵامی پرسیـارەکـان بداتەوە، ئەگەر پرسیـارتان هەبێت و، ئاگاشتـان لە کات بێت، ئێـستـاش با ناوەکان بنووسین...کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فـــــرەنســــۆ تۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنتـان دەکەین و، سوپاسی بەڕێزتان دەکەین بۆ ئەو راشکاویەی کە ئەوەی بینیوتە باست کرد، من دەمەوێ دوو پرسیار بکەم، هەر چەندە پرسیارێکیـان جەنابت یەک دوو جـار داکـۆکـیت لەسـەر کـرد،بەڵام بۆ ئەوەی دڵنیـا ببـمـەوە، دوێنێ لە کـەناڵی جـەزیرە و لە بەرنامەی(اکثر من رأی)یەکێک لەوانەی کە لەوێ دانیشتبوون وتیان ئەوە پارتی و یەکێتی، یان سـەرۆک بارزانی و تاڵەبانی دوای چوار سـاڵ یەکـتـر کـوشتن و شـەڕی خـوێناوی هاتن لەوێ رێککەوتن، ئەمە شتێکی ئاسایی نییە و، ئەمریکا بەڵێنی پێداون کـەوا وەکـو کـویت بیـان پارێزێت، ئایا جـەنابت چ تەعلیـقـێکت لەسـەر هەیە، ئەمە یەکـەم دووەم، دوێنێ شـەو هەندێ سـەرچاوە وایان دووپات دەکـردەوە کـەوا«UN» بڕیـاری «٩٨٦» رادەگـــرێـت و، داوای لە فەرمـانبەرەکانی خۆی کردووە کـەوا بەغدا بە جێ بهێـڵن، ئایا دەبێت چ ئالیـەتێک دابنرێت بۆ جێبەجێ کردنی بڕیاری «٩٨٦» لە کوردستاندا؟، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن:**

سوپاس کاک فەرەنسۆ.

**بەڕێز ســــــەرۆک مـــــەســــــعـــــود بـارزانی:**

من ئەو بەرنامـەی جـەزیرەم نەبینی، کـاتێ کە وەزیری دەرەوەی ئـەمـریکا بێت و لە پێش هەمـوو رۆژنامـەوانی دنیـادا بڵـێت: «ئەمریکا لەمـەو دوا نایەڵێت مـیللەتی کورد ئاوارە بێت و، ئێـمـە ئەبێت ژیانێکی بەختەوەر بۆ ئەمـانە دابین بکەین وناهێـڵین تووشی کـارەسات و دەربەدەری ومـاڵ ویرانی ببنەوە» من پێـموایە ئەمـە پابەندییـەکی رەسـمـییـە و ئەمریکا ناتوانێ لەم پابەندییـە را بکات، جـا چۆن پارێزگـاریان لێ دەکـات؟ وەکـو کێ؟ من ئەوە نازانم، ئەوەی گـرنگە بۆ ئێـمـە نەهێـڵین میللەتی ئێمە تووشی کارەسات ببێتەوە، چۆن تووش نەبێت ئەوە ئێشمـان پێدا نییە، ئەمە یەک. ئەوەی دووەم، ئێوە حکومەتن من دەبێت لە ئێوە پرسیار بکەم، چونکە«UN» لەگەڵ ئێوەدا قسە دەکات، بەڵام لە ئەوێ بە ئێمەیان گوتووە ئێمە حیسابێکی تایبەتی بۆ کوردستان دەکەین، ئەگەر بارودۆخێکی واش بێتە پێش.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن:**

سوپاس بۆ جەنابی سەرۆک، کاک شێخ عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عــەدنان مـحـــمــد نەقـشــبـــەندی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

شانازیە بۆ پەرلەمانی کوردستـان کە جەنابی سەرۆک ئەمڕۆ لێرەدا ئامـادە بێت، ئەوە شتـێکی ئاساییە کەوا لەو کاتەوە کە بەڕێزی پێی لە خاکی کوردستان ناوە خەڵکی کوردستان چاودێری ئەو گەشتە سەرکەووتوەی ئەویان دەکرد، بەراستی هەندێ دەسکەوتی گەورەی وا هاتووەتە دەست کە

خەڵکی باوەڕی نەدەکرد بێتە دی، من پرسیارێکم هەیە ئەویش بڕیاری «٦٨٨»هەیە کە لە فەسلی سزاکاندا نییە، کاتی خۆی ئێمە لیژنەیەک بووین(من و کاک فەرسەت و کاک عەبدولرەزاق سافی نوێنەری حزبی شیوعی)کە بڕیارەکە پەیوەندی بە پاراستنی میللەتی کوردەوە هەیە، جێگای خۆشحاڵیە حکومەتی عێراق ئەوەی ئێستا بێت، یا هەر حکومەتێکی تری بێت، بە شێوەیەک بێتە پێش ئەو فیدراڵیەتەی کە لەوێ لەسەری ڕێککەوتوونەوە و پەرلەمانی کوردستان پێی باش بووە و، بەڕەزامەندی هەموو لایەک بوو و، ئەوە یەکێتی عێراق زیاتر بەهێز دەکات گەر ئەوە بچەسپێت، ئایا ئەوە لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکی باس کراوە؟ بەتایبەتی ئەو زەویە کشتوکاڵیانەی کە گرنگیەکی زۆریان هەیە بۆ کوردستان، ئایا ئەم مەسەلەیەیان لەگەڵدا باس کراوە، یان نە؟، لەگەڵ ئەوەش بڕیاری«٦٨٨» لە فەسلی سزاکاندا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆک مەسعود بارزانی:**

تەئکید لەسەر ئەو بڕیارە کراوە، من تێبینی ئەوەم کرد کە ئەمریکا جاران باسی ئەو بڕیارەی نەدەکرد، کاتی خۆشی ئەم بڕیارە پێشنیاری خوالێخۆش بوو(فرانسوا میتران)بووە و،ئەوە شتێکی ئاساییە کە فەرەنسا پێشنیاری هەر شتێک بکات ئەمریکا لای پەسەند نییە، بەڵام ئەم جارەیان کاتێ کە لە پاریس بووم فەرەنسییەکان وتیان ئێمە لە زۆر شت کۆک نین لەگەڵ ئەمریکا، بەڵام بۆ ئەم مەسەلەی کوردە ئێمە موتەفاهمین و پشتگری دەکەین ئەمریکاش ئەم جارە زۆر جەختی لەسەر ئەو بڕیارە کرد کە ئەم بڕیارە ئەبێ جێبەجێ بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی سەرۆک بارزانی، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بە چاوی بەرژەوەندی میللەت ئێمە سەیری ڕێککەوتنی ١٧ئەیلول و بەراوردی بکەین لەگەڵ ئەو ڕێککەوتنە مێژووییانەی کەوا لە جیهاندا کراون، ڕێککەوتنێکی زۆر مێژووی و گرنگە و، ئومێدێکی گەورەی خستە دڵی ئێمەوە کە وەڵاتی ئێمەش دەگاتە وەڵاتانی تری جیهان، بەتایبەتیش هەڵبژاردنی پەرلەمان کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩١، ئەویش لەسەر پێشنیاری جەنابتان و سەرکردایەتی سیاسی پارتیماندا بوو، کەوا ڕێگا چارەسەرییەکی شارستانییە بۆ کێشەی میللەتەکەمان و، یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیەش خاڵی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانە کە ماوەکەی دیاری کراوە و لە مانگی تەموزدا دەکرێت، بەڕێزیشتان لەم گەشتەتاندا زۆر لە وەڵاتانی ئەوروپا گەڕان، لێرەدا من پرسیارێکم هەیە، ئایا ئەو وەڵاتانەی کە جەنابتان سەردانیانتان کرد چ ئامادەییەکی خۆیان پێشان دا بۆ سەرکەوتنی ئەم هەڵبژاردنە، چ لە ڕووی مادییەوە و، چ لە ڕووی مەعنەوییەوە و، چ لە ڕووی هونەرییەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆک مەسعود بارزانی:**

بەحزبە حوکم ڕانەکان و ڕکابەرەکانەوە(موعارز) هەر دووکیان ئەو وەڵاتە ئەوروپیانە هەموویان ئامادەیی خۆیان نیشاندا بۆ هاوکاری کردنمان و، لیژان(خەبیر) دەنێرن بۆ ئامار کردن و لیژان دەنێرن بۆ هەڵبژاردن وچ پێداویستییەک پێویستە بۆ هەڵبژاردن بەڵێنیان داوە لە هاوکاریمان، ئەوە دەمێنێتەوە سەر ئێمە کەوا ئێمە پێویستیەکانی خۆمانیان پێ بڵێین ومن پێشنیار دەکەم کەوا پەرلەمان لیژنەیەک پێک بێنێت بۆ لێکۆڵینەوە لە کردنی پێداویستیەکان تاوەکو ئێمەش داوای ئەو پێداویستیانە لە دۆستەکانمان بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک یۆنادم فەرموو.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی لیستی ئاشووریەکانی پەرلەمانەوە بە خێرهاتنەوەی بەڕێز کاک مەسعود دەکەین پاش گەڕانەوەی لەو گەشتە مێژووییە، زۆر پێخۆشحاڵی خۆمان و، پشتیوانی خۆمان دەردەبڕین هەر وەکو چۆن لەسەرەتاوە پشتیوانی ئەم ڕێککەوتننامەیەمان کردووە، هەرشکە دیارە هەڵوێستی سێ یەم ئەوە سەرکەوت، زۆر جار بەوە تاوان بار کراوین کەوا بێ هەڵویست بووینە بەرامبەر بە ڕووداوەکان، دیارە هەڵوێستی سێیەم ئەو هەڵوێستە پیرۆز بوو کە ئێستا جەنابتان لەگەڵ مام جەلال لە (١٧) مانگ لەواشنتۆن مۆرتان کرد، ئومێدەوارین کە مشتومڕی دەرەوە جارێ زاڵە وبارودۆخی دەرەوە جارێ سەختە، بەو ڕوحیەتە وگیانەی ئیتیلافی بەرەوە بەڕێوە بچێ و، هاتنە پێش لە هەردوو لاوە تەنازول نییە، بەپێچەوانەوە سەرکەوتنێکە بۆ میللەتی کورد، ئومێدەوارین سەرکەوتووبن لە جێبەجێ کردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە و پر بەدڵ پیرۆز بایی لە هەمووتان دەکەین ومن هیچ پرسیارێکیشم نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک یۆنادم، کاک ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارم ئاراستەی بەڕێز سەرۆکی هێژا بارزانی خۆشەویستە، کە هەمیشە مایەی گەشبینی و شادی وسەر بەرزیمانە، شانازییە بۆ ئێمە کە خاوەنی سەرۆکێکی واین کە بەرەو سەر فرازی و دڵنیایی هەمیشەیی دەمان بات، پرسیارەکەم لەوەیە لەو هەڵویستەو لەو ڕێککەوتننامەی (١٧)ی ئەیلولی واشنتۆن، ئایا دەنگدانەوەی ڕای گشتی لە چ ئەندازەیەکدا بووە سەبارەت و تایبەت بە جۆرو شێواز وپلەی بەڕێوەبەرایەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا ودامودەزگاکانی چ

پەرلەمـان وچ حکومـەتی هەرێم؟ ئایا جۆری ئەو دەنگدانەوەیە وەک بەرێزیان هەستی پێ کردووە چی بووە ولە چ ئەندازەیەکدا بوو؟، سوپاس.

**بەرێز سـەرۆک مـەسـعـود بارزانی:**

دەنگدانەوەی کاری پەرلەمان وحکومەتی هەرێمە لە دەرەوە کاک ئەحمەد، مەبەستی جەنابت ئەوەیە؟، خۆی لەراستی زۆر بەرێزەوە تەماشای پەرلەمان وحکومەتی ئێمە دەکەن، هەندێ کەس کە هاتبوون گەڕابوونەوە لەوێ راپۆرتی زۆر رێکوپێکیان داوە، ئەو شالاوی ئاوەدان کردنەوە شتێک نییە کە نا شاردرێتەوە کەموو کوری ئێمە ئەوەیە بەراستی ئێمە نەمان توانیوە ئەوەی کراوە بە خەڵکی تری بگەیەنین، نە لە ناوەوە ونە لە دەرەوە، ئەوەی کە کراوە زۆر لەوە زیاترە کە باس دەکرێت، لە بەر ئەوە من لەو باوەڕەدام ئێمە بتوانین ئەو یاسایانەی پەرلەمان کە دایناوە، حکومەتی هەرێم ئەو پرۆژانەی کە لە سەرتا سەری کوردستان دەستی پێکردووە لە ئاوەدان کرنەوە، وەزعی ئەمن وئاسایش کە بەر قەرار بووە و، ئەو ئازادییەی کە هەیە وئەو فرەلایەنیەی کە هەیە، ئەگەر ئێمە بتوانین بەشێوەیەکی راستی بگەیەنینە دەرەوە زۆر زۆر رێزی زیاتر ئەبێ ، واتا بۆ نموونە من لە نەدوەیەک بووم بۆ کوردەکان کە لە ئەمریکان ژمارەیەکی زۆر زۆریان هاتبوون هەندێ ئامارم پێ بوو لەوەی کە چەند کیلۆ مەتر شەقام قیرتاو کراوە وچەند قوتابخانە چاک کراوەتەوە وچەند نەخۆشخانە چاک کراوە هەر چییەکمان بەو خەڵکە بوو تبایە ئامادە بوون بۆ هەموو فیدا کارییەک، چونکە سەبارەت بەوان شتێکی تازە بوو، هەروەها بۆ منیش تازە بوو کاتی کە ئەو ئامارە گەیشتە دەستم، من لە ناو فرۆکە خوێندمەوە بۆ منیش تازە بوو، لە بەر ئەوە ئەگەر ئێمە بتوانین ئەوەی کە کراوە ئەم بارودۆخە ئێمە بیگەیەنینە دەرەوە کاریگەری زۆر زیاتر دەبێت، بەڵام بێگومان ئامادەییەکی زۆر هەبوو بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ پەرلەمانی ئێمە ئامادەییەکی زۆر هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەتی هەرێم و رەوشەکە گۆڕاوە، سەبارەت بە من ئەوەی کە من ساڵی ١٩٩٣ بینیم وئێستا بینیم زۆر فەرقی کردووە.

**بەرێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس، فەرموو کاک عەبدولخالق.

**بەرێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد رەشـیـد زەنگەنە:**

**بەرێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەرێز کاک مەسعود بارزانی بەخێر بێیتەوە، بەراستی سەفەرەکەتان دەستکەوتێکی گەورە بوو بۆ گەلەکەمان، من خۆشحاڵم کە نوێنەری گەلەکەمان چووبوون و نەوەک نوێنەری پارتی دیموکراتی و نوێنەری یەکێتی نیشتمانی، وە ئەوەی لە ئەنجامی سەفەرەکە هات زۆر دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ ئەم گەلە دوای ئەو زەماناتەی کە وەرگیرا لە ئەمریکاو ئەوروپا بەراستی سەبارەت بە ئێمە وەک جەنابیشت جەختت لەسەر ئەوە کردەوە، ئەوە گەشبینیەکەمانەو ئەوە ئاواتی هەزاران شەهید و هەزاران دەربەدەرە کە کورد کێشەکەی ببێتە کێشەیەکی سیاسی و بگەینە حاڵەتێک کە ئێمە

هێواش هێواش بەرەو مافی چارەنووسی خۆمان برۆین کە میللەتێکین لە ٣٠ملیۆن زیاترین وەک گەلانی ناوچەکەو دنیا رۆژێک بێت مافی خۆمان وەربگرین، بەڕاستی سەردانەکە جگە لەو لایەنە لایەنێکی گەورەی تیادابوو کە جەنابت لەگەڵ مام جەلال توانیتان دوای چوار ساڵ لە دابڕان کۆمەڵێک چاوپێکەوتن بکەن و هەروەها ئەو رێککەوتننامە مێژووییە مۆر بکەن و، لەو رێککەوتننامەیەدا جەخت لەسەر دەستکەوتێکی گەورەی گەلەکەمان کراوە ئەویش فیدرالیەتە و هەروەها لەسەر پاراستنی میللەتەکەمان لەهەر ناخۆشیەک کە توشی بێت و هەروەها لەوەش زیاتر لە بریاری٩٨٦ کە ئەبێ بەشی کورد پارێزراو بێت لە هەر گۆڕانکارییەک کە لە عێراقدا ڕوو ئەدات دەربارەی ئەو رێککەوتننامەیە بۆیە من لەسەر ئەو مینبەرەوە دەڵێم، بەخێر بێیتەوە نوێنەری گەلەکەمان، زۆر سوپاست دەکەم کە دەڵێی ئیمە هەمووماں با ئەو رێککەوتننامەیە بپارێزین و، هەوڵ بدەین بەگشت تواناماں جێبەجێی بکەین ئێمە باش دەزانین و ئێوەش لە سەردانەکانتان و لە قسەکانت کە داوایان کردووە بۆ ئەوەی ئەو رێککەوتننامەیەو ئەو پاراستنەو ئەو پشتگیرییە ببێت ئێمە یەک بین و جارێکی تر شەڕ نەکەینەوە، ئەوە بەڕای من هەمووماں کە هەردوو پارتەکەو پارتەکانی تریش و نێوەندەکانی میللەتەکەمان پاراستنی بکات، لەبەر ئەوە هەر کۆسپێک بێتە پێشەوە ئەبێ بە هەوڵێکی تایبەت بەتایبەتی لە شەخسی جەنابت کە هەردەم دەستپێشخەر بووی بۆ ئەوەی بتوانین لێی دەرباز بین و بۆ ئەوەی بتوانین کە ئەو شتانەی کە ماوەیەکی دیاری کراوتان بۆی داناوە جێبەجێ بکرێت بەتایبەتی هەڵبژاردنێکی تازە تاوەکو بۆ گەلان بیسەلمێنین ڕاستە ئێمە چوار ساڵ شەڕمان کردووە بەڵام ئێمە میللەتێکین شیاوی ژیانین وە ئەتوانین لەشەڕیش سەر هەڵبکەین و لە ئاشتیش بیسەلمێنین کە ئیمە میللەتێکی دیموکراتین، دوو سێ تێبینیم هەیە لەسەر رێککەوتننامەکە کە حەزم ئەکرد زیاتر ڕوون تربوایە، یەکەم: لەدووسێ شوێن جەخت لەسەر سێ پارێزگا کراوە لە کوردستان بەڕای من ئێمە کەرکووکی خۆشەویستمان کەمتر نییە لە شارەکانی ترمان و، ئەوەش مەلا مستەفای نەمر هەتا لە رێککەوتننامەی ١١ی ئادار بەهیچ شێوەیەک موساوەمەی لەسەر نەکردووە، بۆیە حەق بوو ئاماژە بەو شارە خۆشەویستانەمان بکرابوایە وەک کەرکووک وخانەقین و سنجار بەتایبەتی ئەگەر لەگەڵ ئەو پلانە بیبەستینەوە کە ئێستا بەعارەب کردن و دەرکردن لەو ناوچانە بەشێوەیەکی وا بوە کە بەڕاستی مەترسیم هەیە لەسەر ئەوەی حدی فاصل ی بۆ دابنرێت بەرامبەر ئەو پارچەیەی کە ئێمەی تیاداین و ئازادکراوە بەرامبەر ئەو ناوچانەی کە لەژێر دەستی حکومەت دان.

پێم خۆش بوو لەو رێککەوتننە نەختێ دەوری حزبەکان دەربخرایە لەگەڵ ئەوەی من گوتوومە ئێوە نوێنەری میللەتەکەمانن بەڵام باش بوو بۆ دیموکراتیەت باش بوو بۆ تێکۆشانی ئەو حزبانە و بۆ دڵسۆزی ئەوانە ئاماژەیەکی بۆبکرابوایە.

پێم خۆشە دوایین قسەکانم ئەوە بێت کە هەرچەند بتوانین ئەم رێککەوتننامەیە بەزووترین کات جێبەجێ بکەین لەبەر ئەوەی کاتی دیار کراوەکە کەمە و، تاوەکو بتوانین کەش و هەوایەکی ئازادی

و دیموکراتی له کوردستاندا بخولقێنین که سەرژمێرییەک بەم زوانە بکرێت وە هەروەها یاسایەکی هەڵبژاردنی باش بکرێت و سوود له خراپەکانی هەڵبژاردنی پێشوو وەربگرین وە هەروەها بە ڕای من با هەڵبژاردنەکە نزیک بێت وە بواریش بدرێت بە گشت توێژەکانی کۆمەڵ کە دەوری هەبێت بۆ ئەوەی پەرلەمانێکی جۆراوجۆرمان هەبێت و ئێمەش فێربین ئاڵ و گۆڕی(تەداولی) دەسەڵات بکەین و فێربین ڕکابەرو(معارض)ڕاو ڕای بەرامبەریش هەبێت لەو کوردستانە ئازیزەمان کە هەزارەها شەهیدی داوە و جارێکی تریش بەخێر بێیتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک عەبدولخالق، جەنابی سەرۆک.

**بەڕێز سەرۆک مەسعود بارزانی:**

ئێمە ناتوانین ڕای ئەمریکاو ئەوروپاو خەڵکی تر بگۆڕین بەزۆر ئەوان لە ١٩٩١ەوە مامەڵە لەگەڵ ئێمە ئەکەن لەسەر بنەڕەتی سێ پارێزگا، هەولێرو دهۆک و سلێمانی، زۆریش هەوڵمان داوەو هەر کاتێک کەئێمە گەیشتینە ئەو سەرکەوتنە کە قەناعەتیان پێ بکەین کە سنووری سروشتی کوردستان خواروی کەرکووکە نەک شاری کەرکووک، وە ئەمە سەرکەوتنێکی گەورەیە ئێمە وازی لێ نایەنین و ئێمە وەکو خۆمان هەرگیز واز لە کەرکووک نایەنین باسی کەرکووک ئەکەین و ئاماژەی پێ ئەکەین و باسی خانەقین ئەکەین و باسی شنگار ئەکەین و باسی هەموو ئەو ناوچانە ئەکەین، بەڵام ئەگەر نەمانتوانی باوەڕ بەخەڵکی تر بێنین وەکو ئێمە بیرئەکەینەوە بەڕاستی ئێمە نابێت هەموو شتەکە لەدەست بدەین و بڵێین والله چونکە تۆ ئەوەت نەکردووە، ئێمە وەکو خۆمان ئەیڵێین وەئەوانیش باوەکو خۆیان بیڵێن، من تەئکید لەسەر ئەوە ئەکەمەوە ئەگەر یەک نەفەریشمان نەمێنێت نە ئەمریکاو نەهیچ دەوڵەتێکی دونیا ناتوانێت قەناعەت بەئێمە بکات کە ئێمە بڵێین واز لە کەرکووک دێنین.

بەڵام ئەمە خەباتی دەوێ بۆ ئەوەی ئێمە بۆ خەڵکی تری بسەلمێنین کە وەکو ئێمە بیر بکاتەوە وە پشتیوانی لەئێمە بکات بۆ ئەوەی واقیعەکە وابێت بەڵام ئێستا وایە، بۆ مەسەلەی دەوری پارتەکان کاتێ باسی هەڵبژاردنی داهاتوو بکرێت و کاتی تەئکید لە فرە حزبی (تعددیە) بکرێت ئەمەمەبەستی حزبانەی من لێرە تەئکید ئەکەم ئێمە ئیلتیزاماتی خۆمان بەرامبەر بە حزبەکان بەڕێکوپێکی بەجێ دەگەیەنین و ئێمە دڵنیاین ئەو حزبانەی کە مۆڵەتیان وەرگرتووەو ئەو پارتانەی کە بڕوایان بە دیموکراتیەت هەیەو بڕوایان بە فرە حزبی هەیە ئێمە بەرگریان لێ دەکەین و چۆن بەرگری لە مافی پارتی دەکەین بەهەمان هێز بەرگری لە مافی ئەو پارتانەش دەکەین، لە هەڵبژاردنیشدا ئەو شتێکی بێ گومانە هەموو لایەک بەشدار ئەبن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک مەلا مەحموود.

**بەڕێز مـــەلا مــــەحـــــمــــــود دیرشـــــەوی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

هێژا سەروەری کورد، بەخێر هاتنێکی گەرمتان ئەکەین وە مزگێنی بە میللەتی خۆمان ئەدەین کە جێگای ئومێد و باوەڕییە کە بارزانی سەروەری کورد دەستکەوتەکانی هەر زیاد بکەن و، لەسەر قسەی شاعیری کورد ئەتوانین بلێین:

دایکا شەهید حەرب نەزینە

کوشتیا جارەک تەڤا بچڤینە

بیژە کورم ئەم نە بێخوینە

قایمە هەیە پارتی و بارزانی

سەرۆکی هێژا بەڕاستی شتێک دێتەوە بیری من کە یەکێک لە سەحابییەکانی لەگەڵ پێغەمبەری خوا(د.خ)ئەڵێت« هەموو کەسێک پرسیاری خۆشی و ئاشتی و تەبایی ئەکات بەڵام من لەهەموو کاتێک پرسیاری فتنە ئەکەم.

پرسیاری من تەنها تێبینیەکە یان دوو تێبینی، لە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری هەتا کۆتایی ، ئێمە دیمان وەفدی پارتی و کوردەکان ئەچوون بۆ لای حکومەت یان مامەڵەکردنی حکومەتی عێراق لەگەڵ میللەتی کورد ئەوەندەی سەیرمان ئەکرد بۆنی جودابوونەوەو لێک ترازانی لێ دەهات، کە ئیمە ئەمان وت برا ئەوان شتێکی تریان ئەوت و کە ئێمە ئەمان گوت دۆست ئەوان ئەیان گوت ئێمە ئێوەمان لەدوور بینیوە، هەموو کاتێک مامەڵەیان لەگەڵ ئێمە ئەوهابووە، ڕاستی لەوانەیە ئەوەی لە بیری ئێمەدا هەیە لەوانەیە هەڵە بێت بەڵام مامەڵەکردن بەرامبەر ئێمە هەر هەمان شێوازی هەیە واتە کە دوێنێ من گوێم لە دەنگی کوردستان ڕاگرتبوو کە ڕادیۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە ڕاستی وەکو ئەڵێت هیچ شێک رووی نەداوە، ئومێدوارین هەر کەم و کورتیەک یان هەر تێبینیەک پەیدا ببێت بە زووترین کات دیاری بکرێت و من پشتگیری لە قسەکانی کاک عەبدولخالق دەکەم لەسەرەتاوە بە تەواوەتی بهێتەوە ناو مەیدان تاوەکو گومان و لێکدانەوەی تر دروست نەبێت.

دووەم: ئەگەر جەنابی مام جەلال تاڵەبانی لە تورکیا هاتبێتەوە بۆ کوردستان یان لە سوریاوە هاتبوایە کوردستان گەلەک باشتر نەبوو لەگەڵ ئەوەی ئەو پرسیارە حەق بوو ئاڕاستەی ئەو بکرابایە، بەڵام ئێمە ئاراستەی تۆی ئەکەین.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

سوپاس مامۆستا مەلا مەحمود، سەرۆک بارزانی فەرموو.

**بەڕێز ســــەرۆک مـــــەســــــعـــــود بارزانی:**

سوپاس مامۆستا بەڕاستی ڕێککەوتننامەکە زۆر ئاشکرایەو شیاوی هیچ لێکدانەوەیەکی هەڵە نییە، گەڕانەوەیە بۆ ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢وەئەزانن هەڵبژاردنی ١٩٩٢مانای

چییە شێوازی پەنجا بە پەنجا نامێنێت چونکە خزمەتی میللەتی کورد ناکات، دوو: تۆ خۆت پرسیارت کرد و وەڵامەکەیشت داوە بەڕاستی ئەو پرسیارە ئەبێ لەو بکرێت نەوەک لەمن و ئەگەر من بینیم ئەوا پرسیارەکەی ئاڕاستە دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک شێروان حەیدەری.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەم لەجەنابی سەرۆک ئەوەیە ئایا دوای ڕێککەوتننامەی واشنتۆن و دوای ئەوەی جەنابی گفتوگۆی لەگەڵ حکومەتی تورکی کرد ئایا حکومەتی تورکی بەردەوام دەبێت لەسەر ئەوەی کە ڕێکخراوە بیانییەکان بێنە ناو کوردستان یان گۆڕانکاری لە هەڵوێستی تورکی دەبێت؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، سەرۆک بارزانی فەرموو.

**بەڕێز سەرۆک مەسعود بارزانی:**

ئەو مەسەلەیەمان باس کردووە و بەڵێنیان داوە کە ئاسانکاری بکەن وەکوجاران و ئەوان بەڵێنیان داوە و دەیکەن یان نایکەن منیش وەکو جەنابت ئەبێ چاوەڕوان بکەم بزانم دەبێ یان تەنیا ئەو بەڵێنەیان داوە کە ئاسانکاری زیاتر بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هێژا سەرۆک بارزانی ئیجرائاتیUN بۆ جێبەجێ کردنی پرنسیپی بڕیاری٩٨٦ کە زۆر بە سستی بەڕێوە دەچێت وە ئیجرائاتی زۆر ڕۆتینی ئەکرێت ئایا گفتوگۆی ئەم بڕیارە لەگەڵ لایەنی پەیوەندی دار لەئەمریکا کراوە بۆ بەکارخستنی ئەو بڕیارە تاوەکو قۆناغەکانی بەزووترین کات بەڕێوە بچێت؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئیبراهیم، سەرۆک بارزانی فەرموو.

**بەڕێز سەرۆک مەسعود بارزانی:**

لەگەڵ ئەمریکاو ئەوروپاو UNیش ئەم بابەتە باس کراوە وە کاک د.شەفیق بەرپرسی ڕاستەوخۆیە لەو بابەتە و سەردانی UNیشی کردووەو بەرپرسی ڕاستەوخۆی UNی دیت کە پەیوەندیی بەو بەرنامەیەوە هەیە، بەڕاستی درێژەی ئەو بابەتە لای کاک د.شەفیق هەیە بەڵام هەمویان بەڵێنیان بە ئێمە داوە بەخۆشیان دەزانن خەلەلی زۆری تیادایە بەڵام ڕۆتینی UN چۆن چارەسەری ئەکەن؟ بەڕاستی دەوڵەت لەبنی ناچێتە دەرەوە تاوەکو ئێمە لەبنی بچینە دەرەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێخ عەفان فەرموو.

**بەڕێز شێخ عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چاوپێکەوتنی حکومەتی ئەمریکی بۆ لایەنی کوردی بۆ باری کورد بەبێ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بەڕاستی گرنگییەکی تایبەتمەندی هەیە، وە شەخسیەتێک و زروفێکی تایبەتمەندی هەیە، پێمان باش بوو زیاتر جەنابت لەمانای ئەو چاوپێکەوتنەی کە بە تەنها وەفدی کوردی بینرا لەلایەن حکومەتی ئەمریکییەوە بۆمان باس بکەیت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، سەرۆک بارزانی فەرموو.

**بەڕێز سەرۆک مەسعود بارزانی:**

بەڕاستی هەر ئەوە بوو کەپێم ڕاگەیاندن، تەئکید لەسەر پاراستنی میللەتی کورد تەئکید لەسەر پشتگیری چارەسەری فیدرالی بکەن، یارمەتی ئێمە بدەن، وەئەوە بوو تا ئەو بەڵێنیەیان نەدا منیش ئامادە نەبووم ئەو ڕێککەوتننە بە ئاسانی بکەین، واتە ئەو زەمانەمان وەرگرت ئینجا ئێمە چووینە ناو بابەتی تر تا زامینکردنی پاراستن و فیدرالیەتمان وەرنەگرت ئەسڵا ئەگەر نەمزانیبوایە پێش ئەوەی لێرە سەفەر بکەم ئەوە دەبی سەفەرەم نەدەکرد بەڵام لێرە بووم من ئەو بەڵێنەم وەرگرت ئەگەر بچین لەوانەیە ئەوە دەبێت وبەڵام لێرە بووم ئەو بەڵێنەم وەرگرت گوتیان ئەگەر بچی ئەوە دەبێ فعلا بووش لەوە گرنگترمان نەبوو ئیمە باسی بکەین، چونکە ئیمە ناچین بە خەڵکی تریش بڵێین ئەچین بۆ پیلان گێران یان ئەچین بۆ مەسەلەیەک کێشەی ئێمە لەوە دەرچووە ئێمە نابێت قبول بکەین کێشەی ئێمە بێتە ئەو ئاستە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا هادی.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێر هاتنەوەی سەرۆک بارزانی دەکەم و پیرۆزبایی لە خۆمان ومیللەتەکەمان دەکەین بەبۆنەی ئەو سەفەرە سەرکەوتووەی بەڕێزیان باسی گەنم و کشتوکاڵ کردنی کرد ئەگەر گەنم لە جوتیاران و ئەوانی تر وەرنەگیرێ ئەوا ئیفلیجێک ئەکەوێتە ناو کشتوکاڵەوە چونکە هی ئەم ساڵ وەرنەگیراوە هەروەها پشتگیری کردنی جوتیارەکانی ئیمە تا چ ڕادەیەکە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو سەرۆک بارزانی:

**بەڕێز سەرۆک مەسعود بارزانی:**

من عەرزم کردن کە ئەوە یەکێک بوو لە خاڵە سەرەکیەکان کە لەگەڵ ئەواندا باسمان کرد و زۆریش بە جیدی و تێشمان گەیاندن کە تا چ رادەیەک ئەمە مەترسی هەیە لەسەر ناوچەی کوردستان چونکە بنەمای سەرەکی ئێمە کشتوکاڵە و شتی تر نییە و هەمووشیان بە گرنگییەوە گوێیان لێی راگرت و بەڵێنیان دا کەهەوڵ بدەن چارەسەری بکەن دیارە مەسەلەکە ئاڵۆزە و من نامەوێ بە گەشبینەوە بڵێم نابێ ئێلا چارەسەر دەکرێت، بەڵێنی ئەوەیان بەئێمە دا کە چارەسەری بکەن و، بۆ ئەوەی لە هەمان بابەت داین و من پێم باشەو پێشنیار دەکەم کە وەکو ساڵانی تر نەبێت، واتە ئەم ساڵ جوتیارەکان گەنمەکە بکەن چونکە نازانم ئەو تەنگژەیە چۆن دەبێت و بریاری ٩٨٦چۆنی لێدێت، لەبەر ئەوە ئەگەر بارودۆخەکە باش بوو خۆ گەنمەکە هەر چۆنێک بێت چارەی هەر دەکرێت بەڵام ئەگەر بارودۆخێکی تر خوانەخواستە ئیحتمالێکی تر دابنێین ئەگەر ئەوە هاتە پێش ئەو کاتە ئەبێتە کارەساتێکی گەورە لەبەر ئەوە پێشنیاری من ئەوەیە ئەم ساڵ زیاتر گرنگی بە چاندنی گەنم وئەو شتانەی تر بدرێت ئینجا دوای ئەوە ئەگەر پێویست بوو باشە و ئەگەر پێویست نەبوو ئەوە بەهەموومان هەوڵ دەدەین چارەی بکەین لەوانەیە بیکەینە هەڵا لەسەر سەری UNو ئەوانی دەرەوە وە لەسەر ئەو بابەتەش دیسان داوا لە حکومەت و پەرلەمانیش ئەکەم لەوانەیە دراسەکە ئامادە بێت بەڵام هەندێ لایەن داوای لەمن کردووە، کە بۆیان بنێرین چ پێویستە بکرێت بۆ ئەوەی UN چ بکات بۆ میللەتی کورد بەڵێنیان داوە یەکسەر بچنە نیویۆرک وە خەڵکی زۆر زۆریش موتەنەفیزن و لەوانەیە لە حکومەت و ئەوانە دانەبن بەڵام لە حکومەت بە هێز ترن حزبەکانن هەندێ کەسایەتین، زۆر کاریگەریان هەیە و دەست رۆیشتون وتیان ئێمە ئەچینە UN و لەوێ قاچ دائەکوتین تا ئەم مەسەلەیە چارەسەر نەکرێت ئێمە واز نایەنین، جا لەبەر ئەوە ئەگەر ئەو لێکۆڵینەوە هەبێت زۆر باشە تا زوتریش بۆیان بنێرین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک مامەند ئاغا فەرموو.

**بەڕێز مامەند ئاغا بابەکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەم لەجەنابی سەرۆک بارزانی ئەوەی کە جەنابی تەئکیدی لەسەر ئەوە کرد کە ئەمریکا بەڵێنی ئەوەی داوە کە پارێزگاری لە کورد بکات لەگەڵ دەوڵەتانی ئەورووپی بەڵا ئێمە هەر عێراق هەڕەشەمان لێ ناکات بەڵکو بەرامبەر بە چەند وڵاتێکی تر یان بەرامبەر بە خەڵکێکی تر هەڕەشەلێکراوین جا یان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئەیانەوێ گرفتمان بۆ دروست بکەن، ئایا ئەمریکاو دەوڵەتانی ئەورووپی هەروەکوچۆن پارێزگاریمان ئەکەن لە عێراق ئەوها پارێزگاریشمان ئەکەن لەوانەی تر؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، سەرۆک بارزانی فەرموو.

**بەڕێز سەرۆک مەسعود بارزانی:**

لە ڕاستیدا ئەوەی ئێمە وتوومانە دەبێت میللەتی کورد بپارێزن و نەمان وتووە لەکێ؟ لەهەر سەرچاوەیەکی هەڕەشە کە هەبێت ئەوە داوای ئێمەیە جا ئەوان خۆیان چۆن لێکی دەدەنەوەو چۆنی صیاغە ئەکەن ئەوە پەیوەندی بە ئەوانەوە هەیە پەیوەندیی بە ئێمەوە نییە داوای ئیمە ئەوە بووە کە دەبێ پاراستنی ئێمە بکەن لە هەموو سەرچاوەیەکی هەڕەشە و لە لێدوانەکانی منیش دیار بوو و دووسێ ڕۆژنامەگەر هەمان پرسیاریان کرد و منیش وەڵامم دایەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕیز شێخ جەعفەر عەلی بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هێژا سەرۆک بارزانی لەگەڵ بەخێرهاتنەوەی گەرمی بەڕێزتان سوپاس بۆ خوای گەورە کە کیشەی گەلەکەمانی گەیاندە ئەو قۆناخەی کە بەڕێزتان باستان کرد ئەویش بەسیاسەتی ڕاست ودروستتان و بەخوێنی شەهیدان، ئاشکرایە لای بەڕێزتان ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بەشەرەفی هەردوو پارێزگای سلێمانی و کەرکووک دەرکراون و لەهەولێرو دەوروبەری نیشتەجێ بوون، بۆ قەرەبووی تێکدانی خانووبەرەو جل وبەرگیان ئایاپێش گەرانەوەیان بژێویەکیان بۆ دابین کراوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، سەرۆک بارزانی فەرموو.

**بەڕێز سەرۆک مەسعود بارزانی:**

ئەمە ئەبێ باس بکرێت بەڕاستی دیراسەت بکرێت ئەوی لەتواناادا هەیە بۆیان بکرێت، بەڵام ئەبێ ئیمە دیراسەتی بکەین و دانیشین بۆ ئەو بابەتە و من ئیستا وەڵامێکی دیاری کراوم لەلا نییە بەڵام بەتەئکید دەبی ئەو پەڕی هاوکاری ئەو برادەرانە بکرێن قەرەبوو بکرێن سەربەرزانە بگەڕێنەوە ئەگەر گەڕانەوە یەعنی هەر وانیە خواحافیزتان بێت برۆ چۆن ئەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی جەنابی سەرۆک بارزانی ئەکەین بۆ ئەو ڕوونکردنەوانە وە بۆ وەڵام دانەوەی پرسیاری ئەندامانی پەرلەمان، ئەگەر برادەرانی حکومەت پرسیاریان هەبێت با بفەرموون، کاک حوسێن سنجاری فەرموو.

**بەڕێز حوسێن تەها سنجاری/وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر بەخێرهاتنی گەرمی جەنابی سەرۆکی خۆشەویست ئەکەم و پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا چ

ئامۆژگاریەکتان هەیە بفەرموون کە هەریەکێک لەجێگای خۆی هەموومان چۆن وا بکەین ئەو ڕێککەوتنە پیرۆزە سەر بکەوێ؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، سەرۆک بارزانی فەرموو.

**بەڕێز سەرۆک مەسعود بارزانی:**

سوپاس، کەسێک ئەتوانێ ئامۆژگاری بکات کە پێویستی بە ئامۆژگاری نەبێ من پێویستیم بە ئامۆژگاریە، هەمووتان ئیشی خۆتان ئەزانن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک د. شەفیق قەزاز.

**بەڕێز د. شەفیق قەزاز/ وەزیری مرۆڤایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوی ڕاستی بێت یەکێکیان ڕوونکردنەوەیێکە دەربارەی بڕیاری ٩٨٦و ئەوی کاک مەسعود باسی کرد و ئەوی لەتوانا بێت و چ بەنوسراو بێت واتە بە دەستی بەتاڵ ئیمە نەچووینە ئەمریکا، لەوێ ئەوی پێویست بوو پاش چەند کۆبوونەوەیەک کە لێرە کراوە ئەو گلەیی و گازەندەو پێویستی و پێشنیاری پێویست بووە داومانە وە لەمستەوای هەرە بەرزی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک خەڵکمان دیوە و ئەوەی پێویست بێ گەیاندوومانە، هەندێ لەو کێشانەی کە هەن یەکێ لەوانە وەکو نمونەیەک باسی بکەین کرینەوەی گەنمە، ئەمە بەڕاستی ئەوەی بە ئێمە وتراوە زیاتر پەیوەندیی بەبڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشەوە هەیە تەنانەت(بینۆن سیڤان) کە گەورەی ئەم بەرنامەیەیە باسی ئەوە دەکات کە ئەو لەژێر دەسەلاتی ئێمە دا نییە ئەوە شتێکی سیاسییە پەیوەندیی بەوە هەیە ڕەنگە(موزەکەری تەفاهومەکە)یشی تیادا بگۆڕدرێت وە پێویستی بەوە هەیە لەگەڵ ئەنجومەنی ئاسایش جێبەجێ بکرێت و هەندێ گرفتی تر هەیە ئەبێ چارەسەری تری بۆ بکرێت، بێگومان بڕیاری٩٨٦ گرفتی هەیە چونکە ئەو بڕیارە کە هاتووە لەچوار چێوەی بەرنامەیەکی سیاسی و لەچوارچێوەی نیزامێکی سزادانەوە هاتووە لەبەر ئەوە چەند کێشەیەکی هەیە لەدەرەوی ئەوەیە کە چۆن پیادە ئەکرێ وە لەدەرەوەی ئەوەیە کە توانای UN ئەتوانێت چی بکات یان چی نەکات بۆیە ئەبێ ئێمە ڕووبەڕووی ئەوانە ببینەوە تەنانەت ئەمڕۆ کەوا ئیستا تەنگژەی نێوان عێراق و UN هەیە عەجەبە وەکو کاک فرەنسۆ باسی کر ئەگەر وەستێندرا بەڕاستی ئیمە خۆمان دەسەلاتێکی ئەوهامان نییە لەسەرەتاوە بەشدار نەبووین لە پێکهێنان و دابەش کردنی بڕیاری ٩٨٦ یاخود بەرنامەی نەخشەی دابەش کردن یاخود(موزەکەرەی تەفاهوم) وە ئێمە ئەبێ ڕووبکەینە UN کە ئەوانە ئەو بەرنامەیە لێرە پیادە ئەکەن بەلام بێگومان لەم ڕۆژانە ئەگەر زیاد شتەکە پەرەی سەند و لەوێ وەستێندرا ئەبێ ئێمە مشووری خۆمان بکەین و ئەو پەیوەندییانەی کە پێویستە ئەبێ بیکەین تەنانەت من پێش دوو ڕۆژ (ماکس گیلارد) هاتە

لای ئێمە تەنها ئەوەی ڕاگەیاند کە گوتی من لە بەغدا گەڕاومەتەوە تەنها ئەوتان پێ ڕادەگەیەنم چونکە ئیستا ئاشکرابووە کەوا هەندێک لە کارمەندانی نەک تەنیا یونسکۆم و بەڵکو ئەوانەی نەوت بەرامبەر بە خۆراکیش عێراقیان بەجێ هێشتووە و وتی سەبارەت بە کوردستان ئەمە لە ئارادا نییەو ئێمە هیچ شتێکمان لێ داوا نەکراوە وە لێرە ئەمێنینەوە وە هیچ پێشنیاری نییە بۆ کوردستان بەجێ هێشتنمان.

بەشەکەی تر زیاتر پەیوەندیی بە ڕێککەوتنی واشنتۆن هەیە کاک مەسعود جەنابت ئاگاداری وابزانم ڕەنگە بتوانین یەکێک لەو هۆیانە کە ڕەنگە ڕێککەوتنەکانی لەوەو پێش سەری نەگرتبێ بەڕاستی ئەوەبوو کە ئێوەی بەڕێز لەگەڵ بەڕێز مام جەلال تا ڕادەیەک دوور بوون لە گفتوگۆ کە بەشداری لەسەرەتاوە نەکراوە، ئەوەی ئەو ڕێککەوتنامەیە لە ڕێککەوتنەکانی تر جیادەکاتەوە، هەر وەک خۆتان لەسەرەتاوە ئاماژەتان پێکرد، چ ئێوەی بەڕێز چ بەڕێز مام جەلال لەسەرەتاوە لەناو کارەکەدا بوون بانگ کران ودانیشتوون شتەکانتان شی کردۆتەوە، ئەو گفتوگۆیەی پێویست بوو، کردوتانە ئنجا ئەو ڕێککەوتنە سەری گرتووە، لەمەوپێش ڕێککەوتن بووە، بەڵام سەری نەگرتووە، من وای دەبینم یەکێک لە هۆیەکانی لەوانەیە ئەوە بێ، بۆ لەمەو دواش ئەوەی من دەیڵێم، میللەتی ئێمە هەرچینەی بەشێوەیەک ئەم ڕێککەوتنە ئەبینێ، بەڵام تێکڕا ئەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە لەبەر ئەو پاشینە ئاڵۆزەی لەمەوپێش بووە، لەبەر ئەو ڕووداوانەی کە لەمەوپێش ڕووی داوە ئەبێ ڕێگە بەوەش بدەین کە میللەت جۆرە متمانەیەکی زیاتری پێویست بێ بۆ ئەوەی کە ئێمە بتوانین ئەم ڕێککەوتنە جێبەجێ بکەین. من پێم وایە دەوری بەڕێزتان، واتە سەرکردەی هەردوولا، ئێوەو مام جەلال ڕاستەوخۆ و بەردەوام بن لە بەڕێوەبردنی ئەو هەنگاوانەی کە هەیە، ئەم ڕێککەوتنە کۆمەڵێکە لە بنەما، بنەمای زۆر چاک، لەکەش وهەوایەکی زۆر چاک دروست بووە بەشێوەیەکی زۆر چاک هاتووە، ومن وائەزانم ئەگەر خۆمان قۆڵی لێ هەڵبماڵین کورد گوتەنی دەست درێژ بکەین بۆ یەکتری ئەتوانین بە ئەنجامێکی گەورەی بگەیەنین ,من پێم وایە دەوری بەڕێزتان و دەوری بەڕێز مام جەلال شتێکی سەرەکی یە و هەتا ئەوەش ڕەنگە پێشنیار بکرێت کە میکانیزمێک هەبێت کە بۆ ئێوە وکە بەردەوام و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بتوانن پەیوەندی بەردەوامتان هەبێ وئەو نرخەی کە پێویستە بیدەن بەو ڕێکەوتنە ئەنجامی بدەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆک مەسعود بارزانی:**

سوپاس کاک دکتۆر، بێگومان لەوانەیە کاریگەری هەبێ وئەمەی کە من و مام جەلال ئامادە بووین لە ئیمزا کردنی ڕێککەوتنامەکە، بەڵام لەڕاستیدا پێشتریش ڕێککەوتن بووە وئیمزامان کردووە سەریشی نەگرتوە، من پێم وایە تاقیکردنەوە دەری خست کە دەبێ وابێ وڕێگەی تر نییە، ئەگینا ڕێککەوتنی پێشتر هەبوو ئیمزامان کرد پاش دە ڕۆژ پێشێل کراوە. ئینجا ئومێدەوارم ئەو خەڵکەی کە جارەکەی تر پێشێل کاریان کرد تێبگەن وئاقل بن و جارێکی تر ئەمە ئەم پێشێلیە نەکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان وتەیەکی هەیە با بفەرموێ.

**بەڕێز د. رۆژ نوری شاوەیس/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز جەنابی سەرۆکی خۆشەویست کاکە مەسعود بارزانی، ڕێگام پێ بدەن جارێکی تر بەناوی خۆم و وەزیرە بەڕێزەکان و بریکارە بەڕێزەکان و هەموو کارمەندانی دام ودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان جارێکی تر پڕ بەدڵ زۆر بەگەرمیەوە بەخێرهاتنتان بکەم، زۆر سوپاسیشتان بکەم بۆ ئەو ووتانەی کە پێشکەشتان کرد دەربارەی سەفەرەکەتان و دەربارەی بارودۆخی کوردستان و ناوچەکە، لێرەدا من تەنیا ئەوەم پێ دەکرێ دووبارە تەئکیدی ئەوە بکەمەوە کە هەموو دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ووتەکانی بەڕێزتان، خەباتی بەڕێزتان ڕێنوێنی بەڕێزتان بە ڕووناک کەرەوەی ڕێگەی کارەکانمان ئەزانین و لەسەر رۆشنایی ئەم بۆچوونانە ئێمە ئەنجامی کارەکانمان دەدەین وەکو ئەوەی تائێستا کردوومانە، زۆر سوپاستان دەکەم بەخێر بێنەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. بەڕێزان جارێکی تریش سوپاسی بێ پایانی جەنابی سەرۆک بارزانی دەکەین کە تەشریفی هێنا ئێرە و تیشکی خستە سەر ناوەڕۆکی سەفەرەکەی و بەتایبەتی ڕێککەوتنامەی ئاشتی لەواشنتۆن.

بەڕێزان ئەگەر بەرخۆدان وشۆڕش وەرچاخانێک بێت لەژیانی خەڵکی کوردستان ،و ئەگەر (١١) ئادار بۆ ئێمەی کورد لەکوردستانی عێراق و بۆ کورد بەگشتیش دەستکەوتێکی مێژوویی بێت، وئەگەر راپەڕین و کۆڕەوەکەی بەهاری ١٩٩١ وەچەرخانێک بێ بۆ مێژووی میللەتی ئێمە، ناوچەی ئارام و هێزی پاراستنی کورد وەچەرخانێک بێت نەک تەنها لەمێژووی میللەتی ئێمە بەڵکو لەمێژووی ناوچەکە ولە دنیادا، وئەگەر هەڵبژاردنی ٩٢ دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم لەمێژووی میللەتی ئێمە وەچەرخانێک بێت، وئەگەر فیدرالیەت وەکو دروشمێک هەموو لایەکمانی ڕێک خست لەسەری وەکو ئامانجێک بۆ دوارۆژمان لەم قۆناغەدا وەرچەرخانێک بێت لەمێژووی ئێمە، گومان لەوەدانییە ڕێککەوتنامەی واشنتۆن و بەتایبەتی ئەو گەشتەی جەنابی سەرۆک بارزانی کردی و ئەو

دیمانانەی کە لەگەڵ کاربەدەستانی بەرزی ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا و تورکیا کردی وەدەستی هێنا هەر وەک ئێستاکە تیشکی خستە سەری ئەمەش خۆی لەخۆیدا وەرچاخانێکی نوێی ئەم قۆناغەی خەڵکی ئێمەی کوردستانە. پڕ بەدڵ پیرۆزبایی لەجەنابی سەرۆک دەکەین وپیرۆزبایی لەخەڵکی کوردستان دەکەین بۆ ئەم دەستکەوتە، وەکو پەرلەمانی کوردستان وەکو جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دووپاتی کردەوە وتەئکیدی لێ کرد هەموو لایەکمان بەدڵ و بەگیان هەوڵ دەدەین بۆ جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی ئەو رێککەوتنامە، چونکە ئەو رێککەوتنامە سەروەری کوردی تێدایە وئامانجێکە لەئامانجە پیرۆزەکانی خەڵکی ئێمە، با دەست لەناو دەست وپشت بەخوا هەموو لایەکمان خەریکی ئەوە بین کە بەزووترین کات ئەو رێککەوتنامە بگات بە قۆناغی کۆتایی خۆی، جارێکی تریش بەناوی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە سوپاسی جەنابی سەرۆک بارزانی دەکەین بەخێرهاتی بەسەرچاوان، ئەم دانیشتنەمان لێرەدا کۆتایی پێ دێت سوپاسی هەموو لایەک دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠)

## چوارشەمە رێکەوتی ١٨/١١/١٩٩٨

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(١٠)

## چوار شەممە ڕێکەوتی١٨/١١/١٩٩٨

***کاتژمێر(١١)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی١٨/١١/١٩٩٨ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە(١٠)ی خولی ئاسایی دووەمی ساڵی(١٩٩٨)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنرا، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***«بەرنامەی کار»***

***بەپێی حوکمەکانی بڕگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراودا، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە(٨)ی ئاسایی خۆی لە کاتژمێر(١١) سەر لە بەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٨/١١/١٩٩٨دا بەم شێوەیە بێت:***

***١ـ گفتوگۆ کردن لە بارەی ئەو سیاسەتەوە کە لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە پەیڕەو دەکرێت بۆ بە عارەب کردنی کوردستان و ڕاگواستنی کوردەکان کە دانیشتووانە ڕەسەنەکانین ونیشتەجێ کردنی عارەب لە شوێنی ئەواندا لە(کەرکووک، خانەقین، شەنگار، زەممار، مەخموور) و ناوچەکانی تردا و، سڕینەوەی شوێنەوارە مێژووییەکانی شاری کەرکووک.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکا، دانیشتنی ژمارە(١٠) ساڵی حەوتەم ڕۆژی ١٨/١١/١٩٩٨، بەرنامەی کارمان خاڵێکە ئەویش گفتوگۆکردنە لەسەر سیاسەتی حکومەتی ناوەندی دەرحەق بە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی کورد نیشینەکان، بەتایبەتی لە کەرکووک و خانەقین وشنگارو مەخمور و جێگای تریش، ئەو سیاسەتەی کە ماوەیەکە دەستیان پێ کردووە خەڵکی کورد یان دەردەکەن یان ناچاریان دەکەن بیانکەن بە عەرەب و زۆر لە شوێنەوارە مێژووییەکانمان وا خەریکن دەستکاری دەکەن بەتایبەتی قەڵای کەرکووک، لەسەر داخوازی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان هەفتەی ڕابردوو داوا کرا کە دانیشتنێک بکرێ تایبەتمەند بێ بە باس کردنی ئەو بارودۆخە، باس کردنی ئەو سیاسەتە

وسیاسەتی دەرکردنی کوردەکان یان ناچارکردنیان کە بێن بە عەرەب و بۆ هێنانی عەرەب بۆ ناوچەکانیان، وەکو ئاگادارن ئەمە جاری یەکەم نییە ئێمە باسی ئەم بابەتە دەکەین، بەڵکو پار یەک دوو دانیشتنمان تایبەتمەند بوو بە باسکردنی بەعەرەب کردن وسیاسەتی کۆچ پێکردن بەتایبەتی دانیشتنی ژمارە(١٥)ی پارمان، هەر لە خولی یەکەمی ئەمساڵیشدا دیسان جارێکی تر ئەگەر لەبیرتان بێ لە دانیشتنی ژمارە(١٣)مان بەدووروودرێژی باسی ئەو بارودۆخە کرا ولەسەر راسپاردەی تێکڕای ئەندامانی پەرلەمان ئێمە یاداشتێکمان ئامادەکرد و یاداشتەکەمان دا بە(UN) و وڵاتان و ئەنجوومەنی ئاسایش و زۆر لەو دەستانەی کە ئاگاداری ئەو بابەتەن و لەراگەیاندنی خۆمان کەم یان زۆر باسی ئەم بابەتە کرا وماوەیەکە دیارە جارێکی تر دیسان ئەو سیاسەتە نالەبارە نەوەستاوە و بەشێوەیەکی توند تر دەستی پێکردەوە و دەنگ لەزۆر لایەنەوە بڵند بووە دەرحەق بەو سیاسەتە وەکو هەموو ئاگادارن تێپەڕکارێکە جگە لە پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ بەڵکو دژی بڕیاری (٦٨٨)یشە بەتایبەتی کە یەکێکە لە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتییە.

با ناونوسی ئەو برادەرانە بکەین کە ئەیانەوێ لەسەر ئەم بابەتە قسەبکەن و لەم بارەیەوە دوو تێبینیمان هەیە تێبینی یەکەم ئەوەیە هەر برادەرێک لەسەر ئەم بابەتە قسە دەکات ئەگەر ئەوەی پێشی لەسەر ئەمە قسەی کرد بوو ئەبێ ئاگای لێبێ کە دووبارە نەبێتەوە ئەمە یەک، دوو کورت بێت بێ پێشەکی بچنە ناو بابەتەکەوە چونکە وابزانم خەڵکێکی زۆر دەیەوێ لەسەر ئەم بابەتە قسە بکات کاتەکەشمان دیاری کراوە، ئەوەی کە ئەیەوێ قسەبکات دەستی بەرز بکاتەوە با بیانبینین، کاک شێخ عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشەکی دەمەوێ ئەوە بڵێم ئەم بابەتەی ئەمڕۆ باسی لێ دەکەین بابەتێکی گرنگە سیاسی یە و، مرۆڤایەتی یە، ئێمە بڕیاری (٦٨٨) ئەنجوومەنی ئاسایشمان لەبەر دەم دایە بەڵام پێش ئەمە دەڵێم لەهەموو دنیادا دەستوور هەیە، بێگومان دەستووریش لەسەرووی هەموو یاساکاندا دادەنرێت یەک لەوانە دەستووری عێراقی مافی پارێزگاری موڵکایەتی هەیە کە بەداخەوە لێرە رەچاو نەکراوە وەکو جەنابتان تێبینیتان دا، بێگومان نوسخەم دابەش کرد بەسەر هەموو بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لەبەر ئەوە نامەوێ زۆر بچمە ناو درێژەپێدانەوە وشتەکان زۆری بۆ ئەوان بەجێ دێڵم، تەنیا ئەوە دەڵێم لێرە لە بڕیاری (٦٨٨) باسی سەرکوتکردن (قمع) دەکات لەفزێکی زمانەوانی یاسایی هەیە دەڵێ سەرکوتکردن (قمع) بەرەهایی هاتووە بە قەناعەتی من (قمع) هەر ئەوە نییە مرۆڤ بەند بکرێ ئەشکەنجەو ئازار بدرێ مرۆڤ لەسەر ماڵی خۆی رایبگوێزنەوە لەوڵات و قەبرستان وجێگای خۆی دەریبکەن بەراستی ئەوە ئەوپەڕی دڵڕەقی و سەرکوت کردن(قمع) و دژ بەمافی مرۆڤە، لە بڕیاری (٦٨٨)دا هاتووە تەنها من ئاماژەی بۆ برگەی کۆتایی دەکەم، دەڵێ

(يقرر المجلس ابقاء هذه المسئله قيد النظر) ماناى وايه هەر ماوه، خۆشبەختانه ئەو رۆژەش کە جەنابی سەرۆک بارزانی لێرە بوو ئەوەی بۆ شی کردینەوە کە لەوێش، لە ئەمەریکا ولە دەوڵەتەکانی ئەوروپاش باس کراوە، من پێشنیارم ئەوەیە یاداشتێکی رێک وپێک بدرێ بە (UN)و ئەو لایەنانەی کە پەیوەندی داران بە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە بەگوێرەی ئەم دەقە ئەمە (قيد النظر)ە وئەو سەرکوتکردنە (قمعه) ئێستاش بەردەوامە وهەیە بە بەڵگەی ئەوەی کە هەموو رۆژێ دەبینین لەشارەکانی وەکو کەرکووک و، خەریکە ناوچەکانی تری نزیک شاری هەولێریش بگرێتەوە کە پایتەختی هەرێمی کوردستانە. بەرای من ئەم بابەتە دەبێ مرۆڤ لێی بێ دەنگ نەبێ، (ئانی) و کاتی نەبێتن و لەوانەیە وفودیش بێن وفودی باش بە بەردەوامی داوا لە (UN) بکەین ئەم بابەتە لەبەرچاو بگیرێ و ئەمە کێشەیەکی ئاسان نییە کێشەی میللەتێکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس کاکە شێخ، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی وەک جەنابت تەئکیدت کرد ئەم بابەتە یەکەم جار نییە لەناو هۆڵی پەرلەمان دەخرێتەڕوو ولە دانیشتنی (١٣)دا ئەم بابەتە باس کرا ورێک کەوتین کە یاداشتێک پێشکەش بکرێ، من ئەوەی کە لەلام گرنگە لەم بابەتەدا ئەوەیە کە مەسەلەی کۆچ پێکردن و راگوێزان تازە نییە سەبارەت بە شارەکانی ژێر دەستی حکومەت بەتایبەتی لە کەرکووکی خۆشەویستمان، ئەم سیاسیەتە دەگەڕێتەوە بۆ سالانی (سی) و پرۆژەی حەویجە سەرەتای ئەو هەڵمەتە بوو، ئەو هەڵمەتە هەر بەردەوام بوو، دوای راپەڕینە پیرۆزەکەی گەلەکەمان سالی ١٩٩١ بەرەو فراوانی رۆیی و ئەتوانم بڵێم کە ئێستا ئێمە ئەم بابەتە باس دەکەین زیاتر ئەگەڕێینەوە بۆ سەری ئەمسالە، لەسەری سالەوە لە ١/٧ سالی تازەمانەوە سالی ١٩٩٨ەوە ئەو هەڵمەتە بەشێوەیەکی زۆر خراپ بەشێوەیەکی زۆر شۆێنی گرتۆتەوە و رەگەزپەرستانە دەستی پێکرد و گەیشتە رادەیەک ئەتوانم بڵێم بەهەزار خێزانمان دەرکراو راگوێزراون و دەست بەسەر ملک و مالیان داگیراوە و بێ ئەوەی حساب بۆ هیچ شتێک بکرێ بەشێکی زۆری بۆ ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان دەرکراون وبەشێکی تریش بۆ ناوچەی باشوور وناوەڕاستی عێراق، ئەوەی کە جێگای سەرنج راکێشانمان بێت حکومەت ئێستا بەسەدان هەزاران دۆنمی زەویەکانمان دەست بەسەردا دەگرێ و هێواش هێواش فراوانی دەکات و واگەیشتۆتە دەوروبەری شاری هەولێرمان، هەروەها لەناوچەی تریش وەک دهۆک، کە بە چەند کیلۆمەتر لێیانەوە دوورن، مەسەلەی دیاریکردنی ئەو سنورانەی کە دانراوە من ئەوە بەسیاسەتێکی ترسناک دەزانم وپلانێکی ترسناکە، راستە سەبارەت بە گەلی کوردستان بەگشت نەتەوەکانیەوە دژی ئەوەیە و دژیشی دەبێ و ئەوە هیچ لایەنی یاساییشی تیا نییە

وکەسیش دانی پیانانێ و بەڵگەشمان هەیە ئەو عەرەبانەی کە هێناویانن پێش راپەڕین و دوای راپەڕین و رزگار کردنی کەرکووک هیچی لەشاری کەرکووک نەما وئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەو سیاسەتە و ئەوڕێگایە فەشەلی هێناوە نەکو تەنها لە عێراق، بەڵکو لەگشت شوێنەکانی تری دنیا و سیاسەتی (استیطان) نیشتەجێ کردن لەگشت دنیا لەڕووی یاساو مرۆییەوە رەفز کراوەتەوە، ئێمە ئەم مەلەسەیە لەبەرچاومانە و وابزانم ئێستا شتەکە دەوری خۆی وەرگرت نەک لە ناوەوە بەڵکو لەئاست دەوڵەتانیش، سەبارەت بە بەرپرسی مافی مرۆڤ ئەوەی کە سەر بەکاروباری عێراق لەجنێڤ زۆر لە راپۆرتەکانی تەئکیدی لەسەر ئەم بابەتە دەکات وهەروەها دوا شت لە نامەکەی کلنتۆن کە لەرۆژی ١١/٧ ئاراستەی کۆنگریسی ئەمەریکی کردووە ئاماژەی بۆ کراوە و لەزۆر شوێنی تری بەڵگەنامەکان (وثائق) لە رێکخراوی (عفوی دەولی) لەرێکخراوی مافی مرۆڤیشدا.
ئەم مەسەلەیە بە جدی وەرگیراوە وبەداخەوە رژێمی مەرکەزی بەغدا کە لەو سیاسەتە شۆڤێنی یە رەگەزپەرستانە بەردەوامە زۆریش بە زەرەر دەگەڕێتەوە لەسەر برایەتی کوردو عەرەب کە ئەو حکومەتە بانگەشەی بۆ دەکات و داواش دەکات ناو بەناو کە کورد بگەڕێتەوە بن خێوەتی ئەو و کێشەکەی چارەسەر بکرێت لە چوارچێوەی عێراقدا، من نازانم ئەوەی داوای ئەو شتانە بکات بۆ سووریش دەبێ لەسەر ئەو سیاسەتە بۆ سوردەبێ کە (دیباغرافیەت) وجواگرافیای کوردستانمان بگۆڕێت، من ئەوە دەڵێم بەراستی لەلایەن ئێوەوە ئەم مەسەلەیە دەبێ بەجدی وەربگیرێ وەکو پەرلەمان وحکومەت و هەروەها گشت حزبەکانمان، هەڵمەتێکی گەورە بکرێ، چونکە ئەو مەلەسەیە پەیوەندی بە نەتەوەکەمان و بە گەلەکەمانەوە هەیە، پەیوەندی بەجوغرافیاو زەوییەوەهەیە، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم هەتا لەناو هۆڵی پەرلەمانین رۆژێک دیاری بکەین ئەو رۆژەی کە گەورەترین هەڵمەتی کۆچ پێکردن کراوە بیکەینە رۆژی زەوی بەنیسبەت کوردستانەوە، چونکە بەراستی ئێمە ئێستا هەرەشەلێکراوین بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتدان کە ئەگەر سنورێک دابنێ و ئەو سنوورە بکاتە جیاکەرەوە ئەوە زۆر زەرەری هەیە بۆ برایەتی کوردو عەرەب وهەروەها نەتەوەکانی تر کە ئەو حەملەیە تەنها کوردی نەگرتۆتەوە تورکمانیشی گرتۆتەوە ئاشوریشی گرتۆتەوە لەبەر ئەوە بەرای من ئەم مەسەلەیە کە هەندێ لە برادەرانمان و لەوانەیە بە ژمارە بیڵێ و من ئەوە دائەنێم بۆ برادەرانی تر من ئەو لایەنە گشتییانە قسە دەکەم، لەبەر ئەوەی من ئەم بابەتەم لە بەیەک گەیشتنەکەی کاک مسعود خستەڕوو و داواش دەکەم بەجدی وەربیگرین و کۆمەڵێک ئیجرائات بکرێ و یەکێک لەوانە یاداشت پێشکەش بکرێت وفود بنێرین بۆ دەرەوەو بۆ ناوەوە بۆ نوسینگەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لێرانە و، هەروەها ببێتە هەڵمەتێکی فراوان گشت دنیا تێبگەیەنین کە ئێمە رەفزی ئەو سیاسەتە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک عەبدولخالق، کاک ئازاد قەرەداغی فەرموو.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئەم بابەتە ئەمە یەکەم جار نییە لە هۆلی پەرلەماندا باسی لێ دەکرێ و یەکەم دەزگای شەرعی کە پەرلەمانی کوردستانە زۆر بەرگری لەم بابەتە کردووە و هەتا ئەنجوومەنی وەزیران لەم ماوەیەدا زۆر بەدووورودرێژی بابەتەکەی روون کردەوە دەربارەی بە عەرەب کردن، بەراستی ئەمە کارێکی زۆر نارەوایە وکارێکە دژ بە مرۆڤایەتی و دژ بە مافی مرۆڤە و پێچەوانەی بریاری(٦٨٨)ە کە دەربارەی مافی مرۆڤ لە عێراقدا دەرچووە بەراستی ئەم بابەتە هەندێ بەڵگەنامەی هەیە، بەڵگەنامەی زۆر کە ئێستا هەندێکیان لای منە بە ئیمزای لێپرسراوانی حکومەتی عێراقی کە بەناو کردوویانە بەشتێکی رەوا کە ئەو زەویانە دابەش بکرێ بەسەر هۆزە عەرەبەکان دابەش بکرێ و هەتا بەناوی پارێزگای کەرکوک وناوی بەڕێوەبەری کشتوکاڵ و ئەوانە وئەو بەڵگەنامانەمان لایە من لەم بارەیەوە زۆر بەدرێژی باسی ناکەم من هەندێ پێشنیارم هەیە.

یەکێک لەپێشنیارەکانم ئەوەیە پێک هێنانی لیژنەیەک بۆ کۆکردنەوەی ئەو بەڵگەنامانە، چونکە زۆرن ولێرەش باس ناکرێ ئەو بەڵگەنامانە وەربگیرێن ئەو لیژنەیە موتابەعەی بکات وبکرێ بە نامەیەک و بدرێ بە (UN) و رێکخراوەکان وبۆ ئەوەی هەروا بەسەریاندا تێپەڕ نەبێت.

دووەم دەرکردنی بەیاننامەیەک بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەو هۆزە عەرەبانە کە ئەو ناوچانە چۆڵ بکەن، چونکە بەراستی ئەوە خزمەت بەگەلی عێراق ناکات بەتایبەتی ئەو کەسانەی کەوا لەعێراقدا دەژین و دێنە سەر خاکی کوردستان و کوردستان داگیر بکەن و داوایان لێ بکرێ بگەڕێنەوە ئەگەر نەگەڕێنەوە بەراستی حەق وایە هێزیش دژیان بەکار بێت، چونکە بەگوێرەی یاساو بەگوێرەی شەریعەتی ئیسلامیش ئەوانە غەدرێکی زۆر گەورەیان کردووە لە داگیر کردنی خاکی کورد.

کورد دەکەن بەعەرەب یانی بە بۆچونی من ئێمە کە نوێنەری خەڵکی کوردستانین خەڵک زۆر دێ باسی ئەم مەسەلەیە دەکات یانی رێگایان لێ نەگیرێ باشە، دەستیان لێ بوەشێنین چونکە ئەمە جارێک نییە دوو نییە سێ نییە کە لەدێر زەمانەوە ئەمەیان کردووە بە بەرنامەیەکی حکومەت و حکومەتەکانی عێراق یەک لەدوای یەک هاتوون هەریەکی هەنگاوێکیان هێناوە خشینێک دێینە پێشەوە خاکی کوردستان داگیر دەکەن و یاخود ئەو شوێنانەی کە وەکو قەڵای کەرکوک تێک دەدەن و دوای ئەوەی بەگوێرەی ئەو سەرژمێرییانەی کە کردویانە بە ژمارە لەبەر دەستماندایە وئەو شوێنانەی کە بەعەرەب کراون ئێستاش دانیشتوانی کورد زیاترە لە میللەتانی تر کە لەو ناوچانە دانیشتوون.

بەراستی ئەمە پێویستی بەوە نییە کە هەموو جارێک ئەم مەسەلەیە بەم شێوەیە دووبارە بێتەوە یانی لیژنەیەک هەبێت ئەو لیژنەیە لەهەموو دانیشتنەکانی پەرلەمان باسی بکات یانی بە دانیشتنێک و دوو دانیشتن وازی لێ نەهێنین، ببکەینە سەنگێکی گەورە لەسەر دڵی حکومەتی مەرکەزی عێراق و ئەوان پشتگیری هۆزەکانی عەرەب دەکەن وئەیانهێنن و خاکی کوردستان داگیر دەکەن، ئەو بەڵگەنامەی کە لامانە من ئامادەم گەر دەفەرموون تەسلیمی بکەم زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاس، بینێرە بۆمان، لیژنە هەیە لیژنە ئاوارەکان هەیە لیژنەی سکالاکان هەیە دوو لیژنەمان لەناو پەرلەمان هەیە و ئەوە ئیشی سەرەکی ئەوانە و ئەو شتانەمان بۆ بنێرە، کاک د.رزگار فەرموو.
**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
لە راستیدا سیاسەتی راماڵینی کورد لەسەر وڵاتی باب و باپیریان و دەست بەسەرداگرتنی مڵک وماڵ وزەوی وزاریان لەوانەیە سیاسەتێکی حکومەتی عێراقە هەر لەدەست پێکردنی حوکمی پادشایەتیەوە بەردەوامە و رانەوەستاوە.
بۆ جاری یەکەم راگواستن و بەعارەب کردن لە ناوچەی گەرمیان دەستی پێکرد بەتایبەتی شاری کەرکوک کەدڵی کوردستانە، ئەمڕۆ دڵی ئێمە لەدەستی خەڵک دایەو گیانی ئێمە لە وێیە، بۆ نمونە ساڵی سی و حەفت لە زەمانی مەلیک غازی دەستی پێکرد کە حکومەتی یاسین هاشمی بەرقەرار بوو، لەو کاتە دەستی پێکرد و (٢٠)هەزار خێزانی عارەبی هێناو لەوێ نیشتەجێی کردن لەژێر ئەومەبەستە یان مەبەستی تر،مەبەستیشی هەر ئەوە بووە کە رێژەی کوردی تێدا کەم بکاتەوە. لەسەردەمی حوکمی پادشایەتیەوە ئەو سیاسەتە بەردەوامەو لەهەمووش دیار تر نووسراوێکی فەیلەقی دووە ئەوکاتە نووسراوە کە ژمارەکەی (ش ٥-١٤/٩١٤)لە ١٩٥٨/٩/٩.
ئەو نووسراوەی فەیلەقی دووی (ئستخبارت) تەئکید لەوە دەکاتەوە کە رێگە لە زیاد بوونی کوردان بگرن تاکو رێژەی کورد لە شاری کەرکوک کەم بکات، تاکو ئێستا ئەو سیاسەتە هەیەو بەردەوامە، نەک هەرتەنها لەناوچەی گەرمیان بگرە لە دەڤەری تریش دەستی پێکردوە،لە هەولێر وشێخان وئاکرێ و زمار بگرە لە سەرجەم ناوچە نزیکەکانی سنوریی ژێر دەسەڵاتی رژێم سیاسەتی راگواستنی تێدا تاکو ئێستا بەردەوامە. لەو کۆبوونەوەیە زۆربەی بەڕێزان جەخت لەسەر کەرکوک دەکەن چونکە دڵی کوردستانە و وا هەست دەکەن کە لەشەکەی ئێمە دڵەکەی لەدەستی خەڵکانی تردایە هەقە زۆر تەرکیزی لەسەر بکەین.
بەڵام بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئەم بابەتە باسی ناوچەی بادینان دەکەین کە لەوێش راگواستن دەستی پێکردوە ولەودواییە ئەوگوندانە راگواستراون و زەویەکانیان زەوت کراوە و خێلی عارەب جاچ بە ویستی خۆیان یان بە زۆر تێیدا جێنشین کراوە زەوی وزاری ئێمە دەکێڵن وزەوت دەکەن ، لەوانەیە کێشەشی لێ پەیدا بووە، تاکو گەیشتە ئەو رادەییەی ئەگەر دەوری جوامێرانەی پارتی نەبا دەتەقیەوە و کێشەی گەورەشی لێ دەکەوتەوە. ئەو گوندانەی کە بەم دواییە لەناوچەی دهۆک راگواستراون و زەوی و زاریان دەستی بەسەردا گیراوە ئەو گوندانەن: (گرێ پەحن، زاوا، بازلان، باختمە، کبرتو، خێراوە) بەراستی ئەگەر جەنابی سەرۆک رێکەم پێبدەی بە ئامار پێشکەشتانی بکەم کە چەند خێزان...

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە ئەو گوندانە لە چ ناوچەیەکن و سەربە چ قەزایەکن؟

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ڕێکەم پێ بدەن بەژمارە پێشکەشتانی بکەم...

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەو نەخشەیەدا کە بە ڕەنگی سوّر ڕەنگ کراوە هەمووی دەستی بەسەردا گیراوە ئەوە روبەری ئەو گوندانەن کە لەو دواییەدا ڕاگواستراون لە بن دەستی هاولاتی ئێمە دەرهێندراون و خێڵی عارەبی لێ نیشتەجێ کراوە وجووتیاری ئێمە ئەمرۆ دەربەدەرن وبێ خاک وزەوی دەژین. ئەو روبەرەی کە بە ڕەنگی سوّر لەسەر نەخشەکە دیاری کراوە ئەوگوندانەن کە بەم دواییە ڕاگواستراون. لەگوندی (زاوا) کە لەسەر نەخشەدا ژمارە (١)ی بۆ داندراوە کۆی پانتایی ئەو زەویانەی (٣٠١٢)ە دۆنمە لەو سێ هەزار ودوازدە دۆنمە(٩٠٠)دۆنم زەوت کراوە کە پەنجا خێزان لەسەری دەژین. لەگوندی گرێ پحنێ کە ژمارەکەی لەسەر نەخشەدا(٤١)ە روبەرەکەی (٢٦١٠) دۆنمە ئەوەی زەوت کراوە (٢٦١٠)دۆنمە، واتا سەرجەمی گوندەکە زەوت کراوە، کە (١٠٠) خێزانی جووتیاری لەسەر دەژیا...

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لەچ مێژوویێک بووە؟.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە لە ٢٤/١٠/١٩٩٨ کراوە. گوندی (بازەلان)، لەسەر نەخشەی ژمارە (١٤)یە رووبەرەکەی (٢٣٧٠)دۆنمە ئەوەی زەفت کراوە (١٥٧٠) دۆنمە کە ٧٥ خێزانی جووتیاری لەسەر دەژی. گوندی کەبەرتو، لەسەرنەخشە ژمارە(٢)ە رووبەرەکەی (١٧٥٢) دۆنمەو (١٢٠)خێزانی جووتیاری لەسەر دەژی، ئەوەی زەوت کراوە(١٧٥٢)دۆنمە واتا سەرجەمی گوندەکە زەوت کراوە. گوندی خێراوە لەسەر نەخشە ژمارە(٢٦)ە رووبەرەکەی (٢٥٠)دۆنمەو (٣٧)خێزانی لەسەر دەژی هەرهەمووی زەوت کراوە. گوندی (باختمە) لەسەر نەخشە ژمارەکەی(٧)رووبەرەکەی (١٤٤٠)دۆنمە ، (٤٠٠) دۆنمی لێ زەوت کراوە و(٥٠) خێزانی لەسەر دەژییا.

واتا کۆی رووبەری ئەو زەویانەی کە لەو دواییە لە٢٤/١٠/١٩٩٨زەوت کراون (٧٤٨٧) دۆنمە، کۆی ئەو خێزانانەی لەسەر ئەو رووبەرەدا دەژیان(٤٣٢)خێزان بوون. ئەوە لەناوچەی دهۆک جگە

لەناوچەکـانی ئاکـرێ، لەناوچەی گـەرمـیـان شـالاّوەکـە فـراوان ترە. لەگـەڵ ئەوە یاداشتنامە (مزکرە) یەک لەو کاتەدا شتێکی زۆر کاریگەرە ،بەلاّم لە رێکەوتنی ١٧ی ئەیلول ئەو برگەیە لە یاد نەکراوە، لە سەر شالاّوی راگواستن و کۆچ پێکردن لەو برگەی رێکەوتنەکەدا هاتووە دڵـێ: (لقد أشار قرار مجلس الامن للامم المتحدة٦٨٨ الى قمع شديد للشعب العراقي و خصوصاً لشعب الكوردي في العراق، وامكانية القمع لم تتوقف منذ سنة ١٩٩١ حيث صدر القرار ومن الجدير بالاشارةالى ان محقق الامم المتحدة الخاص بالعراق قد ذكر وجود ادلة قوية عن مئات الاعدامات العاجلة في السجون العراقية واستمرار سياسة النظام في طرد الكورد والتركمان من كركوك و مدن اخرى و تشكل هذه السياسة تطهيراً عرقياً للكورد والتركمان كما تقوم الحكومة العراقية بالإستيلاء على اراضيهم و ممتلكاتهم و توزيعها على العرب والعديد من القادمين الجدد يشاركون في هذه المشاريع بسبب الإكراه الحكومي) .ئەو برگـەیە لە ناوە رۆکی پرۆتۆکۆلی رێکەوتنەکەدا هاتووە بەبڕوای من هیچ یاداشت نامەیەک لەوە بە هێزتر نابێ، چونکە نوێنەری حکومـەتی ئەمـەریکی ئیـمـزای لەسـەر کـردوە لە بارەگـای وەزارەتی دەرەوە راگەیەندراوە لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر یاداشتنامەش نووسرا دووپات کردنەوەی ئەوە برگەیە شتێکی زۆر باشـە، ئەو یاداشـتنامـە نەک تەنهـا بۆ نەتەوە یەکگرتوەکـان بەرز بکرێتـەوە بەڵکو بدرێ بە وڵاتان عـارەبی و جامیعەی عارەبی بگرە بدرێ بە خودی رژێمیش تاکو بزانی کە ئەو سیاسەتەی پێڕەو دەکرێ خزمەتی وڵاتی ئێمە ناکات خزمەتی عێراقێکی یەکگرتوو ناکات بەڵکو زیاتر لێکی دەترازێنی. دەبێ دوور بین بین یاداشتنامە بەرێگایەکی دبلۆماسی پێشکەش کەین هەروەک کاک مەسعود لەو منبەرە پیرۆزەی پەرلەمان گوتی (هیچ کەسێک نییە وا لەمە بکات کە دەست لە خـاکی خۆمـان هەڵگرین) لەگەر ئەوەی ئەگەر مردن ونەمـانیـشی تێدا بێت، هیچ کـەسێک نیـە بەسەرماندا بسەپێنێ کە واز لە دڵی کوردستان یان بستەک لەخاکی کوردستان بهێنین، لەوەیە ئەگەر بارودۆخەکە لەبار نەبێ ئەوکاتە خۆمان کر بکەین مانای ئەوە نیە کە ئێمە وازمان لێ هێناو بەجێی دێلین،وئەو بیرخەرەوەش زۆر پێویستە ،سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

ئەگەر ئەو نووسراوانەمان بۆ بنێری ، بەڵکو لە پرتۆکۆڵیش دایدەنێن.کاک سەعید یەعقوبی بابفەرمووێ.

**بەڕێز سـەعـیـد ئەحـمـەد یەعـقـوبی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

شاراوە نییە لە هەموو لایەک لەوەتی کوردستانی خوارووە بەعێراقەوە بەستراوە هەر کاتێک وەزع و زروفی ناوخۆیی و هەرێمی لەبەرژەوەندی ئەودا بووە درێغی نەکردووە لە بەعـەرەب کـردن و دەست بەسەر داگرتنی زەوی وزاری جوتیارانی کورد، بەلاّم هەر جارێک بەشێوەیەک، جارێک بە جودا کـردن و دابڕینی چەند ناحیـە و قـەزایەک لە پارێزگـایەک و بەستنی بە پارێزگـایەکی تر بە

مەبەستی کەم کردنەوەی ژمارەی کورد لەو پارێزگایانە ئەمەش بەچەند یاسایەک و بڕیارەکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کراوە، جارێکی تر بەدەرهێنانی چەند بڕیارێک بۆ قەدەغەکردنی هەر کوردێک کە لەبەر هەر هۆیەک بێ نابێ لەشاری کەرکووک و موصڵ و دیالە جێ نیشین بکرێت، یان قەدەغەیە هەر کوردێک خانوو بکات و ئاگاداری دادگاکان کراوە هەر کەسێ لیژنەکانی ئاسایش ڕەزامەندی بۆ نەدات ئەوا قەدەغەیە خانوو بکرێت، مەعلومیشە بۆ کورد ناکرێ، جارێکی تر بەدەرکردنی دانیشتوانی کوردستان لەسەرانسەری سنووری نێو دەوڵەتی نێوان کوردستان و تورکیا و ئێران بەناوی ئەنجامدانی ڕێککەوتننامەی شوومی (جەزایر) جارێکی تر بەناوی دروست کردنی فرگە و دەزگای سەربازی کە ژمارەیان گەیشتە رادەیەک کە بەشی هەموو لەشکری جیهانی دەکرد بەمەبەستی دەستبەسەر داگرتنی خاکی کوردستان ئابووری کوردستان کە شادەمارەکەی کشتوکاڵە، پاشان کە دیتی بەم کردەوانەش تەواو نەبوو دەستی پێ کرد بەڕاگواستنەوە و سوتانی (٥) هەزار گوند لەگەڵ دەیەها ناحیەو (٧) قەزا بە ڕاگوێزانی دانیشتوەکانیان بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێکان، بەمەش تێری نەخوارد هاتە سەر ئەنفالی (١٨٢) هەزار کورد و کۆتایەکەشی هێنا بە کیمیا باران کردنی ناوچە شاخاویەکان لەدهۆک و بالیسان و شێخ وەسانان و کۆتاییش بەشاری هەڵەبجەی شەهید هێنا کە ویژدانی جیهانی هەژاند کێشەی کوردی خستە سەر مێزی سیاسەتمەدارانی جیهان.

مەخمور قەزایەکی سەر بە هەولێرە، حەق وایە ئاگاداری کاربەدەستانی(U.N)بکرێت کە وا حکومەتی ناوەندی چی کردووەو، دەکات لە بە عارەب کردن و دژایەتی خاکی جوتیاری کورد لە کوردستان و هەڵکێشانی جوتیاری کورد لە خاکی باب وباپیرانی، ئاشکرایە بۆ هەموو لایەک ئابووری کوردستان لەسەر کشتوکاڵ لە سەرەکی ترین بەرهەمیش گەنم وجۆیە کە هەموو ئەم بەرهەمانەش لە مەخمور دێتە دەست.

کشتوکاڵ جێگرەوەی نەوتە بۆ ئابووری کوردستان و، ئەگەر میللەتێک مقوماتی ژیانی نەمێنێ کە ئابوورییە چۆن ئەگەر فیدرالیش وەرگیرا دەچەسپێ بێتو بێ داهات بێ؟.

لای هەموو لایەک روونە کە گومرک داهاتەکی کاتییە بەستراوە بە باری سیاسی و وئیقلیمی، نەوتمان لە کەرکوک دەستی بەسەردا گیراوە و کشتوکاڵیشمان لە مەخمور دەستی بەسەردا گیراوە، بڕیاری(٩٨٦)بڕیارێکی کاتیە باشە چی دەکرێت چۆن ئەم فیدرالیەتەو ئەزموونە سەر دەگرێ؟، براینە من ئەو بارە وقسانە بۆ موزایەدە ناکەم بە قووڵایی دڵمەوە دەیکەم و، دەیخەمە بەرچاوی بەڕێزتان خۆتان هەڵی سەنگێنن.

قەزای مەخمور پێکهاتووە لە چوار ناحیە، ناحیەی ناوەندی مەخمور کە بریتیە لە (٣١)گوند پانتایەکانی دەکاتە(١٨٥٦٧٤)دۆنم و ناحیەی قەراج کە(٧١)گوندە پانتایەکانیان دەکاتە(٣٩٨٠٣٤)دۆنم وناحیەی کەندیناوە کە(٤٤)گوندە پانتایەکانی دەکاتە(٣٣٩٥٠٧)دۆنم و ناحیەی گوێر کە(٥٠)گوندە پانتایەکانی دەکاتە(٢٢٢٠١٢)دۆنم کە واتە کۆی گوندەکان

دەگاتە(١٩٦)گوندو پانتایی زەویەکانیان دەگاتە«٢٢٧ر١٤٥ر١»دۆنم واتە لەکویت و لە چەند وەلاتێکی ئەوروپی گەورەتر نییە!؟، کە هەموو دەستی بەسەر گیرا ئەم هەموو زەویانە دابەشکرا بەسەر عەشیرەتی(لهیب ودلیم وحدیدی ونعیم وسبعاوی وجوالەو جبور) و، بۆ تەئکیدی ئەو سیاسەتە چەپەلەش و سەلماندی ئەو راستیانەی کە حکومەتی بەعسی واز لە سیاسەتی بەعارەب کردن نەهێناوە و ناهێنێ لە ١٢/ ١٩٩٨/١٠ لە قەزای مەخمور موزایەدەی دووکانان کراو، لە شارەوانی لە هۆڵی لاوان (قاعەی شباب) لیژنەکە ئاگاداری دانیشتوانی کرد، کەوا بۆ کورد نییە بەشدار بێت.

هەروەها لە ١٣/ ١٩٩٨/١٠ ناونووسی ماڵە کوردەکانیان کردووە لە مەخمور و ئەم چەند پرسیارەیان لێ پرسیون لە ئەنکێتەکەدا.

أ ـ چەند کەسن لە ماڵەوە؟، تەنها ناوی یەک کەسیان نووسیوە.

ب ـ ئایا هیچ کەسێکتان چەکدارە لە کوردستان؟

ج ـ ئایا پێشوو بەندکراوی لەسەر کاری سیاسی؟

د ـ ئایا پسوڵەی ماددە خۆراکییەکانت هەیە؟

هـ ـ ئایا لەساڵی ١٩٩١ لە مەخمور بووی یا پاشان هاتوی؟

و ـ ئایا کەست لە دەرەوەی وڵات هەیە؟

باشە ئەگەر ئەو کردەوانە بۆ حکومەتی مەرکزی بچێتە سەر چی سوودی هەیە بڕیاری«٦٨٨»کەوا بە ناو بۆ پارێزگاری مافی مرۆڤ دارێژاوە لە عێراق وکوردستان؟ کوا دەستور؟ کوا شەرعی ئیسلامی؟ کوا ویژدانی دنیا؟ کوا مرۆڤایەتی؟. حەق وایە بۆ بەگەڕخستنی بڕیاری«٦٨٨» نووسینگە دابندرێ لە کوردستان ولە مەرکەزی بەغداد ولەهەموو ئەو ناوچانەی بەعارەب دەکرێن چاودێریان هەبێ بۆ ئەوەی هەر کردەوەیەک دەکرێت دژ بەم بڕیارە خۆیان چاودێری بکەن وهەڵی بسەنگێنن، حەق وایە ئاگاداری ئەندازیاری ئەو بڕیارە بکرێت کە فەرەنساو ئینگلیزن وئاگاداری هەموو دامودەزگاکانی جیهانی بکرێن لەم کردەوانە، چونکە زۆر بە زەقی لە بڕیارەکە لە بڕگە(١)دا هاتووە دەڵێت (ئەنجومەنی ئاسایش ئیدانەی داپڵۆسین وقڕکردنی دانیشتوانی کورد تاوانبار دەکات، هەروەها لە بڕگە(٢)دا هاتووە دەڵێت(يطالب بأن يقوم العراق فورا بوقف هذا القمع) هەروەها تێیدا هاتووە دەڵێت(يطلب الأمين العام أن يواصل جهوده الإنسانية في العراق إلى جميع من يحتاجون إلى المساعدة) تاکو کۆتایی ئەم بڕیارە ئەم کردارانە مین دانانە لەناو میللەتەکانی عێراق جیاوازی لە هەڵسووکەوت کردنی هاونیشتمانیانی عێراقی و بارودۆخی عێراق شلۆق دەکات، دانشتوان ناچار دەبن کوردستان بەجێ بهێڵن و بڕۆن بۆ هەندەران و، ئەم کردارە کە نە لە بەرژەوەندی میللەتی کوردە و، نە لە بەرژەوەندی وەلاتانی ئەوروپییە تەنها خزمەتی سەرکەوتنی سیاسەتی بەعارەب کردن و قڕکردنی کوردە.

ئەم کردەوانە دژی دەستوری ساڵی ١٩٧٠ی عێراقە کە خودی حزبی بەعس پەسەندی کردەوە کە لە

برگەیەکی دەڵێت ماددە«١٧»برگە «٢»(لايجوز تجريد احد من ملكه تعسفا) و ماددە (١٩) برگە (أ) دەڵێت (المواطنون سواسية امام القانون دون تفريق بسبب الجنس أو العرف أو اللغة أو الدين) باشە ئەگەر جیاوازی نییە لە نێوانیان بۆ دەست بە سەر زەوی جووتیار کورد دەگرێت و، دیبەخشێتە جووتیاری عارەب؟، حکومەتی عێراق لە بە عارەب کردن و راگوێزان و دەرکردن وازی نەهێناوە و ناهێنێ، ئێمە سەردەمێکە باسی (بەدرە وجەسان)مان دەکرد کە «٥٠٠»کیلو مەتر لە ئێمەوە دورە ئێستاکە دێینە سەر مەخمور و دەشتی هەولێر. ئایە ئەم کردەوانە خزمەتی برایەتی کورد و عارەب دەکات؟. باشە ئەگەر دەوڵەتێکی بێگانە ئەو رەفتارانە بکات دەرحەق هاونیشتمانی عێراقی، یان گوندێکی عارەبی چی پێ دەگوترا؟، بەڵێ بەغدا دەیگوت (إستعمارە) داگیرکەر خاکی پیرۆزو شکۆمەندی عێراقی پێشێل کرد، چونکە ئاشکرایە شەڕی عێراق و ئێران دەستی پێکرد بەگرتنی دوو تەپۆلکە کە ناویان (سيف سعدو زين القوس)ە کە پانتایی هەردووکیان ناگاتە پانتایی بچوکترین گوندی مەخمور کە چەند هەزار دۆنمە. بۆ ڕەوایە بۆ حکومەتی مەرکەزی کە ئەم شەڕەی نێوان خۆی و ئێران بەرپا بکات و عێراقی پێ کاول بکات و کوردستانی پێ بسوتێنێ بۆ رەوا نەبێ جوتیاری کورد ئەو حەقەی نەبێ تەنها دەنگی خۆی بگەینێتە ناوەندی بریار لە (UN).

خۆ ئیسرائیل هەرجار گوندەک دەگرێت ناویان ناوە ئیمپریالیزم و سەهیونزم و داگیرکەر باشە من لە باتی جوتیاری کورد دەپرسم جیاوازی چییە بۆ ئەوەی ئەرزەکەی بروات ئایە عارەب، یان ئێران بیبات؟، کورد دەڵێ ئەگەر (بابێ یان باران هەر لە تەمەنی بەفر کەم دەبێ)، بەڵام کاربەدەستانی بەغدا باش بزانن بەدەها وڵات و نیشتمان بەدرێژایی مێژووی تازەو کۆن داگیرکران چی لە ئەفریقا چی لە ئاسیا و چی ئەمریکایی باشوور تیایاندا هەبوو«٢٠٠» یان«٣٠٠» ساڵ بەسەر داگیرکردنی تێپەری لە کۆتاییەکەی بەشەق دەرکران و نزکترین نمونەش داگیرکردنی جەزائیر لەلایەن فەرەنساوە کە«١٣٠»ساڵ ویستی بیانکاتە فەرەنسی نەیتوانی، بەڵام لە فەرەنسا گەورەترین سەرکردەیان هەبوو کە ناوی (دیگول) بوو ئەم راستییەی سەلماند کەوا بەزۆر هیچ خراپیەک سەر ناگرێ فەرمانی دا دەست لە جەزائیر وکردنی بەفرەنسی هەڵگرن، بەڵام (دیگول) لەکوێ و بەعس لەکوێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک سەعید یەعقوبی، کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو زانراوە لای بەڕێزتان کە ئەم سیاسەتە سیاسەتێکی کۆنە و، ئاشکرایە کەوا ئەم سیاسەتە ستراتیژیەتێکی کۆنە، هەر لە سەرەتای دامەزراندنی حکومەتی عێراقییەوە بەردەوام بووە و، بە قۆناخ هاتووە، من دەمەوێت جەخت لەسەر دوو قۆناخ بکەم، بەتایبەتیش لەسەر شاری کەرکوک و

ناو شاری کەرکوک، پاش ئەوەی کە حکومەتی مەرکەزی لە ریککەوتننامەی«١١»ی ئادار پاشگەز بووەوە و لە دوای ریککەوتننامە خیانەتکارەکەی جەزائر سیاسەتەکە زیاتر روون و ئاشکرا بووەوە و بە توندی دەستی پێکرد، ئەوە بوو لە ناو شاری کەرکوکدا دیاردەی «١٠»هەزاری دەستی پێکرد و، عەرەبیان ئەهێناو لە ناو شاری کەرکوکدا جێ نشینیان دەکرد و «١٠»هەزار دیناریان پێ ئەدا لەگەڵ پارچە زەوییەک، پاش ئەو بارودۆخە هەندێ گۆڕان کاری ئیداری لە پارێزگای کەرکوکدا کرا، سنووری پارێزگای کەرکوک بریتییە لە«١٩»ناحیە کە لە سنووری قەزاکانی (چەمچەماڵ و دووز و کەلار وکفری و حەویجە و ناوەندی قەزای کەکوک)خۆی دەگرێتەوە، ئەو گۆڕانکاریەی کە کرا«١٠» ناحیە لە پارێزگای کەرکوک دابڕا وجیا کرایەوە، ئەویش لە سنووری قەزاکانی (چەمچەماڵ و دووز و کەلار و کفری)، ئەو ناحیانەیش کە جیا کراونەتەوە بریتین لە ناحیەکانی(ئاغ جەلەر، سەنگاو ، پێواز، قادر کەرەم، شێروانە) کە پێشتر ناحیە بوو، کۆکس، نەوجوول، قەرەتەپە، سلێمان بەگ، ئامر لی)و ئەو ناحیانەی کە ماونەتەوە لەسەر پارێزگای کەرکوک بریتین لەمانە(شوان، قەرەحەسەن، داقووق، ریاز، دووبس، تازەخورماتوو، یایچی، پردێ، حەویجە)، واتا ٢/٣ی ناوچەکان لە پارێزگای کەرکوک دابڕاون، لەم دوایەشدا حکومەت هەستا بە بەکار هێنانی بەرنامەیەکی تازە بەناوی (الحزام الأمنی) و،بیرۆکەی پشتێنی ئەمنیش ناحیەی(داقوق، قەرەحەسەن، پردێ، شوان، دووبس)ئەمە پشتێنێکی ئەمنییە کەوا بە دەوروبەری کەرکوکدا داینادە، پێشتر ناوچەکانی(ریاز و حەویجە)ش کراون بە عارەب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمەقۆناخی یەکەم، قۆناخی دووەم ئەم پشتێنە ئەمنییەیان بۆ ئەو ناحیانەی کە ماونەتەوە لەسەر پارێزگای کەرکوک داناوە.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرەش بۆ دووپات کردنەوەی ئەم قسەیەم بەڵگەنامەیەکی رەسمیم پێیە، ئەمە یەکێکە لەو بەڵگەنامە رەسمیانەی کەوا بە رەسمی دووپاتی ئەو حیزامی ئەمنییە دەکات، ئێستا هەندێکی لێ دەخوێنمەوە پاشان پێشکەشی بەرێزتانی دەکەم بۆ زانیاری، لەم نووسراوە رەسمییەدا هاتووە کە دەڵێ(أن ألاراضي موضوع بحث كتابكم مشمولة بالضوابط المقررة من قبل لجنة شؤون الشمال والتي تشمل الحزام الامني لمحافظة التأميم، ومشمولة بتوزيع على العشائر العربية ضمن المحاور(داقوق، ليلان، شوان ، ئالتون كوپري، الدبس)و تم توزيعها حسب الضوابط المقررة، السكن، نقل سجل الاحوال المدنية، نقل البطاقة التموينية. ئەمە بەڵگەیەکە لەسەر ئەو حیزامی ئەمنییە و، دووپاتی مەسەلەی بە عارەب کردن دەکات، کەوا بڕیارێکی رەسمییە و ئەمەش بەڵگەکەی خۆیانە. ئەو خاڵەی تر کە دەمەوێت باسی بکەم بابەتی بەردەوام بوونی

دەرکردنی خەڵکە لە ناوچەکە، هەڵبەتە ئەویش پاش ئەم حیزام ئەمنییە دروست بکرێت و دەست بەسەر ناوچەکەدا بگیرێت، تەنها ناو شاری کەکوک دەمێنێت، ناو شاری کەرکوکیش خەڵکەکەی بە بەردەوامی ئازار دەدرێن و دەردەکرێن و، مەسەلەی ئەم حیزامی ئەمنیەش لە پاش راپەڕین دانراوە و هاتووەتە پێشەوە و، پاشان مەسەلەی گۆڕینی نەتەوەیش هەیە (تغير القوميه)، ئەوەش ئەبێت بە زۆر ببێت بە عارەب، یائەبێت لە کەرکوک نەمێنێت، یا رائەگوێزرێت بۆ باشوور، ئەم سیاسەتە وای کرد کەوا خەڵک بە شاڵاو لە شاری کەرکوک دەربکرێت و، من دیسان بە ژمارە لیستێکم لایە کە لە ١٩٩٧/٢/٨هەتاوەکو ١٩٩٨/٨/١٨وە، ژمارەی خێزان کەوا دەرکراون«١٨٢»خێزانن و، «١١٧٤» کەسن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم ژمارەیە ئەوەیە کەوا تەنها لەلای ئێوەدا هەیە، هەڵبەتە لە جێگای تریش ژمارەی تر هەیە.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ لە جێگای تریش ژمارەی تر هەیە و، شوێنی نیشتەجێ بوونی ئێستایان دیارییە، کە لێرەن لە هەولێر و لە دەوروبەری هەولێرن، بە بەردەوام بوون لەسەر ئەم سیاسەتە دەیانەوێت واقعێک بسەلمێنن کەوا کەرکوک شارێکی کوردی نییە و شارێکی عارەبە، لێرە دەمەوێت دووپاتی قسەی ئەندامەکان بکەمەوە سەبارەت بە بریاری«٦٨٨»، منیش ئاماژە بە برگە«٤»ی بریاری«٦٨٨»دەدەم، کەوا بریارێکی زۆر گرنگە، دەڵێت: (يطلب من الامين العام ان يواصل بذل جهوده الانسانية في العراق وان يقدم على الفور وإذا إقتضى الامر على أساس إيفاد بعثة أخرى الى المنطقة، تقريراً عن محنة سكان المدنيين العراقيين وخاصة السكان الاكراد، الذين يعانون من جميع أشكال القمع الذي تمارسه السلطات العراقية)و برگە«٨»یشی دەڵێت( يقرر إبقاء هذه المسألة قيد النظر) کەواتە ئەم بابەتە بەردەوامە، ئێستا ئەرکی ئەمینداری گشتی«UN» ئەوەیە کەوا بە دوای ئەم مەسەلەیەدا بچێت، چونکە ئەم مەسەلەیە هەر بەردەوامە و رانەوەستاوە و، لە برگەکانی تریشدا هاتووە کەوا رێکخراوە مرۆییەکان ئەرکیان ئەوەیە کەوا بەدوای ئەم بابەتانەداو بە بیری ئەو خەڵکەوە بچن، باشترین شت ئەوەیە کەوا ئێمە جەخت لەسەر بریاری«٦٨٨»بکەین، چونکە ئەمە بریارێکی دەولییە و ئەم بەڵگانەی کە هەمانە هەمووی پێش چاو بخرێن کە ئێستاش ئەم کارانە لە کەرکوکدا هەر بەردەوامە، وادیارە حکومەتی مەرکەزی بەغدا لەسەر ئەم ئەستراتیجیەتەی کە هەبووە و هەر بەردەوامیش دەبێت و لەو سیاسەتەی خۆیشی پاشەگەز نابێتەوە و، هەقیش نییە ئێمە بێ دەنگ بین لەسەر ئەم مەسەلەیە و، دەبێت بە هەموو شێوەیەک وبە هەموو ئەو دەزگایانەی کە لە بەردەستدایە بەرهەڵستکاری لەم رەفتارانە بکەین و، داکۆکی لە مافی ئەو خەڵکە زوڵم لێ کراوە بکەین و، پێم باشیشە ئەو خەڵکەی کەوا دەردەکرێت بگەڕێنرێتەوە بۆ شاری کەرکوک و، ئاگاداری ئەنجوومەنی ئاشایس بکرێتەوە کەوا

بڕیاری«٦٨٨»وەکو دەقەکەی خۆی جێبەجێ بکرێت و، ئەو خەڵکە لە جێگای خۆی بمێنێتەوە و پارێزگاری لێ بکرێت، چونکە ئەوەش هەر لە ناوو توێ مەسەلەی کوشتار و ئیرهابە وبە شێوەیەکی گشتی هاتووە و بەتایبەتیش کوردەکان دەگرێتەوە، پێم باشە کە ئەو یاداشتنامەیە بە نەتەوەیەکگرتووەکان بدرێت و، بەڵگەکانیش هەمووی ئاراستەی ئێوەی بەڕێز دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا موحسن.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی هەق وایە بڵێین لەوانەیە ئەوەی کە شاراوە بووبێت لای هەندێ لە دانیشتوانی کوردستانی خۆمان و وڵاتی عێراق کەوا بۆچی خوا بەو شێوەیە چوار چێوەی لەو ڕژێمە گرتووە و نایەڵێت سەر بەرز بکاتەوە، هەندێ شت هەیە لەلای ئێمە شاراوەیە، بەڵام پێغەمبەر فەرموودەیەکی هەیە کە دەفەرموێت( لو كنتم تعلمون الغيب لما إخترتم إلا الواقع) ئێمە ڕەنگە هەندێ جار پێمان ناخۆش بێت کەوا ئەم هەموو گوشارە لەسەر ڕژێم هەبێت، بەڵام ڕژێمێکی پیلانگێری فرتوفێڵچی زاڵمی تاوانبار کە بەم شێوەیەی ڕەفتار لەگەڵ میللەتەکەی خۆیدا بکات، دیارە ئەمە ئەبێتە هۆی ئەوەی ئەو کارەساتە و ڕوویدا کە لەگەڵ میللەتی عێراق و بەتایبەتیش لەگەڵ میللەتی کوردستاندا دەیکات، ئەوە ڕوونکردنەوەیەکە بۆ ئەو حیکمەت و پەروەردگارییەی کە پێشانی چاوی ئێمەی دەدات و دەشفەرموێت(وان يريدوا ان يخدعوك فأن حسبك الله، هو الذي ايدك بنصره وبالمؤمنين)لە هەموو حاڵەتێکدا، وەکو کە باس کرا لە ڕیشەکێش کردنی نەتەوەیی و نیشتمان پەروەری و دابونەریتی کوردەواری و ڕەوشت پاکی ئەمانە هەمووی باس کرا، ئەتوانم بڵێم وایان کردووە کەوا بیروباوەڕی ئاینیش نەمێنێت و ئەو خەڵکەش بیری ئەوەی نەمێنێ کەوا ئەمە موسڵمانە و لەگەڵیدا هاوبڕوایە، لەلایەکی تریشەوە دەبینی لە ناو شاری کەرکوک و دەوروبەری ئەو مزگەوت و خانەقا و تەکیانەی کە لەسەر دەمی کۆندا دروست کراون ئەگەر وێرانیش بووبن ڕێگا نادەن کە ئاوەدان بکرێنەوە، یا ئەبێت ئەو مامۆستا وزانایەی کە دادەنرێن لە جێگایەکی ترەوە بهێنرێن، ئەمە ئەوە ناگرێتەوە کەوا وڵاتی ئێمە بێ مامۆستا و زانایە.

هەموو کەسێک دەزانێت کەوا زۆربەی زۆری مامۆستا و خەتیبەکانی مزگەوتەکانی بەغدا کوردن، کەواتە ئێمە لێمان زیادن، کەواتە بۆ نایەڵن لە کەرکوکدا مامۆستای مزگەوتەکان کورد بن؟، چونکە نایانەوێت بیروباوەڕی ئاینی لە نێوان خەڵکی و پیاوانی ئاینی بمێنێت، لەلایەکی ترەوە دەتوانم بڵێم هەقە ئەو زوڵم وزۆردایەی کە دەکرێت وروژندنێک بێت بۆ بیروباوەڕی ئەم خەڵکە موسڵمانە و، بەتایبەتیش بۆ ئەوانەی کە بەناوی ئیسلامیەوە قسە دەکەن، لەم پەرلەمانەدا پێویستە بانگهێشتێکیان بکەین و پێیان بڵێین: باشە هەموو بزووتنەوە ئیسلامییەکان لە

کوردستانی عێراقدا ئەو هەموو فرمێسکەی کە دەیرێژن بۆ وەڵاتە دراوسێکان بۆ فلپین وبەری ڕۆژئاوا و جۆلان و جەزائیر و شوێنەکانی تر، با هیچ نەبێت دوو سێ فرمێسک ئەگەر بۆ سیاسەت ودیبلۆماسیەتیش بێت بەکاری بێنن بۆ وەڵاتەکەی خۆیان، خۆ لە ٨٠ ٪ی وەڵاتەکەی ئێمە لە زوڵم و ناخۆشیدا دەژیت، خۆ میللەتی ئێمەش موسڵمانە و شانازیشی پێوە دەکەین و، ئیسلامەتیش هەرگیز ڕێگەی بەوە نەداوە کەوا ئێمە بێ دەنگ بین، بەڵکو لە هەموو حاڵەتێکدا باسی ئەوەی کردووە کەوا ئێمە بەگژ پیلان و فرتوفێڵی ئەوانەدا بچین(لا یرقبون فیکم الاو لا الذمە)نە پەیمان و نە بەڵێن و نە قسە هیچ شتێکیان لا گرنگ نییە، ئەگەر بوارێکیان بۆ هەڵکەوێت ئەوانە هەموویان دەخەنە لایەکەوە و پیلانەکەی خۆیان جێبەجێ دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من دەڵێم گەشبینم لە داهاتووی خۆماندا، چونکە ئێمە میللەتێکین موسڵمانین و خاوەن دابونەریتێکی ڕەسەنی کوردەواری و ئیسلامەتی ڕێکوپێکین لە کوردستانی خۆماندا و لێیشی لامان نەداوە، ئومێدم وایە خوا زیاتر بێت بە هانامانەوە، قورئانیش موژدەی داوە ودەڵێت( ونرید ان نمن علی الذین استضعفوا في الارضي و نجعلهم أئم ونجعلهم وارثین)صدق اللە العظیم، ئومێدم وایە کەوا چۆن بۆ چەند ڕۆژێک چاومان بە بینینی شاری کەرکوک بە ئازادی کەوت، ئاواهاش لەگەڵ هەموو شارەکانی تری کوردستان خوا بمانکاتەوە بە میرات گری ئەو زەوی و ئاو وەڵاتەی کە خوا بە ئێمەی بەخشیوە ئینشا ءاللە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس مامۆستا، فەوزیە خان فەرموو.

**بەڕێز فەوزیە عیزەدین ڕەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جێی خۆشحاڵییە کەوا لەم هۆڵە پیرۆزەدا بۆ چەندەمین جارە باسی بە عارەب کردن و بە بەعسی کردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم دەکرێت و، جێی خۆشحاڵیشە کەوا هەر لە سەرەتای دامەزراندنی پەرلەمانیشەوە لیژنەیەک دانرا بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەی ئەو ئاوارانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمەوە دێنە کوردستان، ڕاگواستن و بە عارەب کردن تازە نییە لە کەرکوک و ناوچەکانی تریش، هەروەکو باس کرا لە ساڵی «١٩٣٦»لە سەردەمی وەزارەتی «یاسین هاشمی»یەوە بە عارەب کردن دەستی پێکردووە، هەر لە دوای ئەوەش بە ساڵێک لیژنەیەک لە«عصبە الامم»وە هاتوو ئامارێکی لە کەرکووک کرد و ڕێژەکانی دیاری کرد، ئەویش ٦٣ ٪کورد بوون و لە ١٨ ٪عارەب و ١٩ ٪ تورکمان بوون، واتە لە ساڵی ١٩٣٧دا لە کەرکوک ئامارەکە بەم شێوەیە بووە، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵەی نێودەوڵەتی دووپاتی دەکاتەوە کەوا ڕژێمی بەعس ڕاگواستن و بەعارەب کردن لە کەرکوکدا پەیڕەو دەکات، بەڵام ئەو هەر گوێ ناداتێ و لەسەر کاری خۆی بەردەوامە، نامەکەی بیل کلنتون کە لە ١٩٩٨/٦/٢٤کە بۆ کۆنگرسی ناردووە و، تیایدا

دووپاتی کردووەتەوە کەوا راگواستن و بە عارەب کردن لەو ناوچانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمدایە هەر بەردەوامە و، دیسانەوە بیل کلنتون لە ۱۹۹۸/۱۱/۷ لە نامەکەی دا بۆ کۆنگرسی ئەمریکی دووپاتی کردۆتەوە و بە ژمارەش کە«٥٤٥» ماڵ لە کەرکوک دەرکراون، بەڵام حکومەتی بەعس کۆڵ نادات و بەردەوامە لەسەر ئەم سیاسەتەی خۆی، دوایی ڕێککەوتننامەکەی واشنتۆن سەرکردایەتی کوردی تەئکید لەسەر یەکپارچەیی عێراق دەکا، ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراق داوای گفتوگۆی لەگەڵ کورد کرد، بەڵام کە دێینە سەر راستیی ڕژێم کۆڵ نادات وبەردەوامە لە داگیرکردنی زەوی وزاری کورد، هەندێ ناوی ئەو ئۆردوگایانەم لایە کەوا بۆ عارەب کردوویەتیەوە،«۷»ئۆردووگای لە ناوچەی سالەیی بۆ عارەبەکان کردۆتەوە، لە دێی (حەساری گەورە) ئۆردووگای(سەعیر)ی کردۆتەوە کە «٥٠»ماڵن ولە عەشرەتی(لهیب)ن و شێخەکەیان ناوی شێخ (خەلەف)ە، بۆ هەر ئۆردوگایەک شێخێک دادەنێت و چەکداریشیان دەکات و، زەوی و ئاوی کوردەکانیش بەسەر ئەو شێخە و جووتیارەکانیدا تاپۆ دەکات. دێی (کلۆر)ئۆردوگای (شەهید)ی کردۆتەوە کە «٦٠»ماڵن عەشرەتی (حدید)ن و شێخەکەیان ناوی حاجی حەسەن و،لە دێی (بیبانی) ئۆردوگای جهادی کردۆتەوە و عارەبی (عبێد)ن و، «٦٠»ماڵن شێخەکەشیان ناوی (شێخ مالک)ە و،لە دێی (یارمجە) ئۆردوگای (الغدا)ی کردۆتەوە کە «۳۰»ماڵن و شێخەکەشیان(سید یوسف)ە،لە دێی (نەبیاوە)ئۆردوگای(صمود)ی کردۆتەوە کە عەشیرەتی(العزە)ەن و «٦٠»ماڵن و شێخەکەشیان ناوی(حسێن شاکر العزاوی)یە، لە دێی (گەڵۆزی)کە عەشرەتی (زوبعی)یان تیایدا نیشتەجێ کردووە و، شێخەکەشیان ناوی(نەجم)ە و«٤٠»ماڵن، لە دێی (کۆپری)ئۆردوگای(العروبە)ی کردۆتەوە و، عەشیرەتی جبوری لەوێ داناوە و شێخەکەشیان ناوی(سعید سعد الجبوری)یە، لە گوندی (ترکەلان) کە شوێنێکە لە شوێنەوارە کۆنەکانی (نوزی) کە شوێنێکی زۆر گرنگی شوێنەوارییە کە تاوەکو ئێستاش (پشکنینی)تێدا نەکراوە و پایتەختی (لولوبەکان)بووە.

ئەم شوێنە دراوەتە (سید سفیان)ناوێک کە ئێستا بۆتە (قریە سید سفیان) و، گوندی (تۆپزاوا)ی خوار کەرکوک دراوەتە (سید خلف)ناوێک و بۆتە(قریە سید خلف) و، بڕیاریش وایە کە«۲٥۰» ماڵە عارەبی تر بهێنن بۆ گوندەکانی(بیرە سپان) و (کارێزە)و(عەلی بەیان)، ئەویش هەر لەو ناوچەیەدایە و، بۆ ئاگاداری زیاتریش لە سەرەتایی مانگی ۱۹۹۸/۷ (طە یاسین جزراوي)چووەتە ئەو ناوچانەو پێیانی ڕاگەیاندووە کەوا خانووی باش بکەن و خۆیان جێگیر بکەن، چونکە کورد ناگەڕێتەوە بۆ ئەم جێگایە و، بڕیاریشی داوە کەوا «۱۰۰»بیری ئیرتیوازییان بۆ دروست بکەن و، هەروەها پێشیانی ڕاگەیاندووە کەوا ڕێگا بە کرێکاری کورد نەدەن بێت لەگەڵیاندا ئیش بکەن.

هەروەها (ئاڵتون کۆپری)یش بە شێوەیەکی ناشەرعی دراوەتە عارەب و،«۲٥۰»ماڵ بۆ هەر ئۆردوگایەک، لە مانگی «۸» بڕیاردراوە لە (خانەقین)گەڕەکەکانی (ئەرکەوازی و ۷نیسان و ۱۷

تەموز و ئاغاخلیفە)بروخێن، چونکە ئەو گەڕەکانە کورد نشینن، هەروەها شێخەکانی (دووز)داوایان لە حکومەت کردووە کەوا ڕێگایان بدات دێکانیان ئاوەدان بکەنەوە، وەکو دێی(چاڵە ودوانە، میل ناسر، عەزیز بەگ) ،بەڵام حکومەت داوای کردووە بە مەرجێک رازی دەبێت ئەگەر بێت و خۆیان بکەنە عارەب و هەر گوندە و «١٠»ماڵە عەرەبی تیادا نیشتەجێ بکرێت ئەویش بۆ سیخوری و ئاڵۆز کردنی ژیانییان، بەڵام شێخە کوردەکان ڕەتیان کردۆتەوە، دێی(خاڵۆبازیانی)ئەودێیە خۆشترین جێگایە لە ناوچەی (قەرەحەسەن) دراوە بە عەشیرەتی(لهێب).

ئەگەر لە ڕووی یاساییەوە دەکرێت با هەموو دانشتنێک «٢٠»دەقەیەک تەرخان کەین بۆ باس کردنی مەسەلەی بەعارەب کردن و تەبعیس کردن ، بۆ ئەوەی لە پرۆتۆکۆلەکاندا تۆمار بکرێن، بەڵام نازانم ئەمە یاساییە، یا نە؟، قەزای مەخمور قەزایەکی بە پیت و بەرەکەتە و زەویوزارێکی زۆر دەوڵەمەندی هەیە، کە پانایییەکەی دەکاتە«٨٦٤»هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵی، ساڵانە «١٧٥ــ ١٩٥» هەزار تەن گەنم وجۆ بە بەرهەم دێنێت، ئەگەر هەڵەیەک لەم ئامارەی کە لەلای مندایە ئەندامە هەولێرییەکان پاشان ڕاستی کەنەوە، بەرهەمی سەر چیای (قەرەچوغ) لە نەوت«١٧»هەزار بەرمیل نەوتە لە ڕۆژێکدا، هەروەها ئەم ناوچەیە«٣٦»کورەی گەچ تێدایە کە بە پاکترین گەچ دەژمێردرێت لە هەولێردا، ساڵی ١٩٧٠ یەک ماڵە عەرەب لە مەخمور نەبووە، لە ساڵی (١٩٧١) یەک ماڵە عەرەب هاتۆتە مەخمور بەناوی (هادی عەرەب) لە ساڵی (١٩٧٢) بۆتە دوو ماڵ ئەو کەسەش ناوی (مەلا محمود)ە، لە ساڵی (١٩٧٤) بۆتە سێ ماڵ بەناوی (محەمەد دود)، (١٤٥) گوندی قەراج و کەندێناوە لە ساڵی (١٩٨٨) تەخت کرا کە دانیشتووانەکانی سی و شەش هەزار خێزان بوو. بێگومان زەوی و زارێکی وا بەپیت و بەرکەتمان هەبێ نەوت و کشتوکاڵ هەر دەبێتە جێی تەماحی چاوچنۆکان.

بێینە سەر ناوچەی شەنگار کە ئەویش یەکێکە لەو ناوچە گرنگانەی کەبەر شاڵاوی تەبعیس و بەعارەب کردن کەوتوون، شەنگار شوێنەوارێکی زۆری لێیە وەکو (قەسرا کاخانی لە گوندی خانە سوور، گرشکستی، گوندی گری زەرکا، ئەشکەوتی چل مێرا، لە چیای شەنگار، گر ئەبتەخ، گر دەرویش و، گر قوباد، وحشی) ئەمانە دەگەڕێنەوە بۆ چاخی (وەرکا). شوێنەواری دەڤەری سماقولی (٣٦٥) ئەشکەوتی کۆنی لێیە، گوندەکان وێران کران و ڕاگوێزرانەوە بۆ ئۆردوگا ئەمە قۆناغی یەکەم. قۆناغی دووەم ناوی ئۆردوگاکان لە کوردییەوە کرا بە عەرەبی ئێستا هەندێکم لا یە:

(ئۆردوگای خانە سۆر کرا بە تەئمیم کە (١٣)گوند دەگرێتەوە.

ئۆردوگای بۆرک کرا بە یەرموک کە ١١ گوند دەگرێتەوە.

ئۆردوگای دەهۆلا کرا بە قادسیە (١٠) گوندی تیادایە.

ئۆردوگای گوهبەل کرا عروبەو (٨) گوندە.

ئۆردوگای دوو گرێ کرا بە حگین (٥) گوندە
ئۆردوگای زوراڤا کرا بە ئەندەلس (٥) گوندە.
ئۆردوگای سیبا شێخ خدر کرا بە جزیرە (٦) گوندە.
ئۆردوگای تل عزیز کرا بە القحطانیە (٩) گوندە.
ئۆردوگای تل قەساب کرا بە البعث (١١) گوندە.
ئۆردوگای تەل بەنان کرا بە الولید (١٠) گوندە.
ئۆردوگای کوزەرک کرا بە العدنانیە (١١) گوندە. هەروەها ئۆردوگای (سنونی) ئەوەیان نازانم چەند گوندە.

ئەم سیاسەتە هەموو ناوچەکانی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی رژێمی گرتۆتەوە پێشنیاری من بۆ ئەم حاڵەتە ئەبێ ئێمە جەخت لەسەر بڕیاری (٦٨٨) بکەین ئەمە یەک. دوو داوا بکەین لەو یاداشتنامەی کە دەنووسرێ ئەبێ خەتی پان بکرێ بە (٣٤) بۆ ئەوەی ئەو ناوچانەمان رزگار بێت لە هێرش و تۆقاندنی بەعس، هەروەها پشتگیری پێشنیارەکەی کاک سیروان دەکەم ئێمە دەبێ ئەو خەڵکانەمان بگێرینەوە ناو شاری کەرکووک و، داوا لە (UN) بکەین کە بیانپارێزێ. شتێکی تریش هەیە بیڵێم رەنگە ئێستا برا ئاوارەکانم لێم زویر بن داوا لەو ئاوارانە دەکەم کە دان بەخۆیان بگرن، چونکە ئازادی زۆر خۆشە هەندێکیان دێنە کوردستان، ئینشائەڵڵا درەنگ یان زوو دەگەڕێینەوە کەرکوک، کەرکوک دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ فوزیەخان کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو ئەو زانیاریانەی بیستمان مەسەلەکە گەیشتۆتە قۆناغێکی خەتەرناک ئەویش بەوەی رژێم ئێستا دەستی کردووە بە چۆڵ کردن و داگیر کردنی ئەو گوندانەی دەکەونە سەر سنووری هەرێم واتا کەرتێکی تر بۆ کوردستانی عێراق دروست دەکات ئەمیش بە دروستکردنی ئەم پشتێنە ئەمنییە زەرەرو زیانێکی زۆر لە زۆر رووەوە لە باری ئابووری کوردستان لەباری دەروونی گەلەکەمان ئەدات. ئەم کارەش کە دەکرێت کارێکی ئیداری ناوچەیی نییە لە پارێزگارێکەوە، یان لە قایمقامێکەوە بێت بەپێی ئەو زانیارانە ئەم کارە لە گەورەترین دەسەڵاتی ناوەندی عێراقەوەیە ئەو کارانەی کە دەکرێ هەمووی بەستراوە بە نووسینگەی سەرۆک کۆمارەوە نە هەتا دروستکردنی بیرێک بە فرمانی ئەوە.

هەروەها زۆر وردەکاری بە فرمان و سەرپەرشتی خۆی دەکرێت، لەبەرئەوە دیارە ئەمە کارێکی بەرنامەکراوە (مبرمج) بەردەوامە و، زۆر ترسناکە بۆ سەر گەلەکەمان بۆئەوەی ئێمە هەوڵ بدەین

بەرپەرچی ئەم سیاسەتە خراپ و گڵاوەی رژێم بدەینەوە بەبۆچوونی من لە دووروووەوە دەبێت:
یەکەم بەهۆی ئەم بریارەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتییەوە بریاری (٦٨٨) بەراستی خاڵی پێنجەمی زۆر روونە و، لە خاڵی (٨)یشدا کە بەردەوامی ئەو ئەسەپێنێ، پێویستە لەسەرمان زۆر سوود لەو خاڵە وەربگرین و هەوڵێکی جدی بۆ بدەین ئەویش بە پێکهێنانی چەندین وەفد و، ناردنی یادداشتنامە و، ریپێوانکردن بۆ بەر دەزەگاکانی (UN) نەک هەر لە کوردستاندا بەڵکو هەوڵبدەین لە دەرەوەش بۆ ئەو دەزگایانە ریپێوان بکرێ، بۆچی بۆ کابرایەکی تیرۆرست کە سەدان رۆڵەی کوردی کوشتووە و، دەیان دێهاتی سووتاندووە، سەدان منداڵ و ئافرەتی کوردی کوشتووە ویستوویەتی دژی ئەم ئەزموونە بێت.
خەڵک لە ئەوروپا ئەچێت ریپێوان دەکات بۆی بۆ هەزاران کورد سەدان و هەزران کیلۆمەتر لە خاکی کوردستانی پیرۆز کە بەپیترین خاکی کوردستانە لەوێ ئەوانەی کە لە ئەوروپا دەژین نارەزاییان دەرنەبرِی؟ کەرەتێک هاوارێکیان نەکرد بڵێن ئەو سیاسەتەی رژێمی عێراق بەرپەچ بدەنەوە داوا بکەن لەو دەزگایانەی کە لەدەرەوەن کە دژی ئەو سیاسەتە بوەستن، هەوڵ بدەین ئەم کارەش لەوێ بکرێ.
دووەم: پەیوەندی بە باری خۆمان هەیە، بەراستی ئەمە کێشەیەکی نەتەوەیی گەورەیە پێویستە خۆمان دراسەیەکی باشی خۆمان بکەین بزانین خۆمان چیمان پێ دەکرێ بۆ بەرهەڵستی ئەم کارە ئەمەش دیراسەو لێکۆڵینەوەیەکی زۆری دەوێ. هەروەها بزانین ئەو برا خۆشەویستانەمان کە موعەرەزن بۆ دەرکردن و داگیرکردنی شوێنەکانیان ئەوان دەتوانن چی بکەن؟، چونکە بەراستی ئەمە تەنها بۆ کورد نییە و، تەنها ئەمە یەکەم حاڵەتیش نییە لە کوردستاندا، لە وڵاتانی تریش روودەدات.
بۆ نموونە فەلەستین، زۆر شێواز هەیە خۆمان دەتوانین بیری لێ بکەینەوە بیهێنینە بەرچاوی خۆمان هەوڵ بدەین خۆشمان بەدەستی خۆمان ئەو کارە رابوەستێنین، هەروەها وا پێویست دەکات نووسینگەیەکی دیراسات هەبێ ئەم نووسینگەی دیراساتە ئیشوکاری لێکۆڵینەوە بێت لەو زەوییانەی داگیرکراون لەو خەڵکەی کە دەردەکرێن لەو عەشیرەتانە بە هەموو تەفاسلیکێیەوە و، ئەم نووسینگەیە بەردەوام بێت، چونکە کرداری بەعەرەب کردن بەردەوامەو، ئەم نووسینگەش بەردەوام بێت و، ئەم لێکۆڵینەوانەی کە هەیەتی بڵاوی بکاتەوە بیدات بە هەموو دەزگا مرۆییەکان واتا نووسینگەیەکی دیراسات و توێژینەوە هەبێت سەبارەت بە، بەعەرەب کردن و راگوێزانی کوردەوە. هەرچەند ئەمانەی کە باسی دەکەین حاڵەتێکی ناخۆشە.
بەڵام لەهەمان حاڵەتیشدا گەشبینم، چونکە پێش راپەرینی پیرۆز ئەم رژێمە دەیویست تا پێنجوێن و زاخۆو تەوێڵەش تەعریب بکات بەتەما بوو پشتێنەی سنوور لەوێ دروست بکات عەشایرەی عەرەب لەوێ نیشتەجێ بکات، بەڵام دیتمان دوای راپەرینی پیرۆز چی بەسەرهاتوو گەلی کورد توانی کەرکووکی خۆشەویستش ئازاد بکات ئینشائەڵڵا ئەورۆژەش دێت کە هەموو ئەو پیلانانەی پووچەڵ ببێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک شێخ جەعفەر، کاک محەمەد حەسەن باڵتە فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک سەعید یەعقووبی هیچی بۆ ئێمە نەهێشتەوە هەتا بیڵێین. کاک شێروانیش ئاماژەی بە برگە (٤)ی بڕیاری (٦٨٨) کرد، بەڵام من چەند قسەیەکم هەیە زیادی بکەم لەسەری. فوزیەخانیش لە بادینان باسی سنجار و ئەو ناوچەیەی کرد.

ئێمە هەموومان دەزانین ئەو ڕاگوێزان و بەعەرەب کردنە لە پێش ڕاپەڕینەوە هەیە ئەمە واقیعەکە ناتوانین نکۆڵی لێ بکەین ئەوە هەر هەیە.

زۆر لە برادەران گوتیان ئێمە یادداشت بدەین بە دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان و، زۆر جێگای خۆیەتی من دژی یادداشتنامە نیم، بەڵام وەکو کاک سیروان ئاماژەی بۆ کرد، دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان خۆی یادداشتی داوەتە خۆی دەربارەی برگە چوار دەڵێت (يطلب من الامين العام)، نەتەوە یەکگرتووەکان ئەمەی جێبەجێ نەکردووە ئینجا بۆ یادداشتی ئێمە چی دەکات؟.

کاک ئازاد قەرەداغی پێش دوو ڕۆژ پێشنیارێکی کرد و، فوزیەخانیش ئاماژەی بۆ کرد کە ئێمە ئەو ڕاگوێزراوانە ببەینە جێگای خۆیان دایابنێین و، (UN) پارێزگاریان بکات ئێمە دەبێت شتەکی بەکردەوە (عملی) بکەین نەک تەنیا بە (کاغەزو قەڵەم).

جەنابی سەرۆک، هەر هاووڵاتیەک و جوتیارێکی کورد «زۆربەی گەلی کورد جوتیارە» پەیوەستە بە زەوی خۆی، ئەگەر زەوی نەبێت ناچارە بچێتە جێگایەک کە ژیانی لێ بێت. حکومەتی هەرێم پێش ڕاپەڕین (حزام ئەمنی) لە ناوچەی بادینانیش دانابوو و، دەشتی سلێڤانی کە زەوییەکی زۆر گەورەیە لەگەڵ دەشتی (سمێل) هەمووی کردە (اميرية صرفة مسجلة بأسم وزارة المالية) و عەرەبی لەسەر دانا و، هەروەها ناوچەی مزوری لە سنووری ئامێدی تا سنووری شێخان تا (ئیسفنێ) دیسان کردی بە زەوی میری تۆمارکراو بە ناوی وەزارەتی دارایی (اميريه صرفه مسجله بأسم وزاره الماليه العراقيه) ئەوە پێش ڕاپەڕین و عەرەبی لەسەردانا.

بەڵام پاش ڕاپەڕین عەرەب دەرکران ئێستا کورد ئەو زەویانە بەکاردەهێنن ئێستاش ئەو دوو ناوچەیە بەناوی حکومەتی عێراقی ماوە، ئێستا ئەگەر هاووڵاتییەکی کورد زەوی نەبێت چی دەکات؟ بۆ کێ دەچێت؟، ئینجا من پشتگیری پێشنیاری کاک ئازادو فوزیەخان دەکەم، ئێمە بەکردەوە هەندێ شت بکەین، ئەگینا بە بەیان و نیزام و هاوارکردن لام وایە ئێمە ناگەینە هیچ ئەنجامێک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس کاک حەسەن، مامۆستا مەلا مەحمود فەرموو.

**مـــــەلا مـــــەحـــــــمـــــود دێرشـــــەوی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

(من اعتدى عليكم فأعتدوا عليه بمثل ما اعتدى عليكم) صدق الله العظيم.

لە راستیدا وەکو گەلێک جار ئێمە گوتوومان و جەنابیشت ئاماژەت بۆکرد نەک یەکەم جارو دووەم وسێیەمە باسی راگوێزان و بەعەرەب کردن و تەبعیس و راکردن و بنبڕکردنی میللەتی کورد دەکەین لێرە، ئومێدەوارین دوا جاریش نەبێت.

من سەرم سووڕ دەمێنێ کە ئەندامان هەموویان هەستان وگوتیان راگوێزانی کورد لە فلان مێژوو دەستی پێ کردووە، بەرنامەی دوژمن نەهێشتنی کوردو کوردستانە، باسی مەخمور کرا، حاجی ئۆمەران پێش چەند ساڵێک بوو بە (حاج عمران).

من نامەوێ زۆر درێژەی پێبدەم، چونکە هەڤالآن بەدرێژی باسی بابەتەکەیان کرد بەس شێوزای ئاخافتن یان بەرامبەری لەگەڵ دوژمن و شەڕکردن لەگەڵ دوژمن بەچەکی ئەو دوو سێ شێواز هەیە، پێشنیاری من ئەوەیە ئەم شێوازە بەردەوام ببێت نەک مانگی جارێک، یان هەفتەی جارێک.. هتد، بەڵکو لە هەر دانیشتنێک پێنج تا دە دەقیقە تەرخان بکرێت بۆ بابەتی سیستەمی حکومەتی لە راگوێزان و بنبڕکردنی میللەتی کورد، ببێتە یاسایەکی رەسمی لە پەرلەماندا.

دوو: ریسواکردنی سیستەمی حکومەتی عێراقی لە رێگەی پەرلەمانەوە ئەمیش بە دانی یادداشت نامە و، خۆپیشاندان و، هەر شێوازێکی تر بکرێ لەلایەن پەرلەمانەوە هەرچی بکرێت با بکرێت. جێگەی هەندێک ئاخافتن و بەرگری کردن پەرلەمانە، بەڵام لەدەرەوەش هەندێ رێگەی تریش هەیە دەبێ تێبینی ئەوەش بکرێ.

من پێشنیار دەکەم:

یەک: ئەگەر دوو رۆژ جارێک، یان هەفتەی جارێک خۆپیشاندانێک لەلایەن دەرکراوەکانی کەرکوک و ناوچەکانی تر بکرێت بۆ بەردەم رێکخراوەکان بەتایبەتی(UN) بڵێن ئێمە دەرکراوین لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، (UN) ئێوە دەڵێن ئێمە هاتووین بۆ پاراستنی ئێوە لە کوردستاندا کەرەم بکەن بمانگەڕێننەوە سەر شوێنی خۆمان. خۆپیشاندان بکرێت رۆژێک قوتابیان، رۆژێکی تر مامۆستایان... هتد.

دوو: هاندانی خەڵکی ناوچە دەرکراوەکان بکرێت و، ئاراستە بکرێن (توجيه و دەرس دان) ئەوان بە خۆیان بەرگری لە خۆیان بکەن ئەمە بە پێی هەموو یاسایەک مەشروعە (من قتل دون ماله فهو شهيد، ومن قتل دون عرضه فهو شهيد، ومن قتل دون نفسه فهو شهيد)، ئەدی ئەوانە هەموو لای ئێمە نینە؟، پرسیار کرا لە پێغەمبەری (د.خ) (أرأيت ان جاء احد يريد ان يأخذ مالي) قال (لا تعطيه) واتا نەیدەیتێ، (قال ان قاتلني) قال (قاتله)، موسڵمانەتی چاوشۆڕی کردنی یەکتر نییە. ئێمە دەبێ بەرگری لە مافی خۆمان بکەین.

سێ: وەکو پەرلەمان قسە لەگەڵ سەکردەو سەرکردایەتی بکەین لەسەر شێوازی بەرگری کردن لە دەرەوەی پەرلەمانیش نەک هەر لە پەرلەمان هاوار بکەین (هۆ هاوارە گورگی پەزی من خوار)، ئەمە بە کورتی قسەی من بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس مامۆستا، کاک حوسێن عەلی کەمال فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر یادداشتنامەیەک دەربچێت لە پەرلەمانی کوردستانەوە زۆر باشە، بەڵام من چەند تێبینییەکم هەیە. لەگەڵ پێشنیاری کاک محەمەد حەسەن باڵتەم کە دەڵێ هەندێ شت بە کردەوە بکەین لەو بوارە من ئەو پێشنیارانە دەکەم:

تەوجیهێکی راگەیاندن مورەکەز لە رێگای رادیۆو تەلەفزیۆنەوە بۆ ئەو جێگایانەی کە داگیرکراوە لەلایەن حکومەتەوەو عەرەبی لێ جێنشین دەکرێت ئاگادار بکرێن لە دوا رۆژ ئاکامەکان و ئەو چارەنووسەی کە چاوەڕوانیان دەکات کە هاتوون زەوی کوردستانیان داگیرکردووە دێهاتەکانیان داگیر کردووە لە دوارۆژدا چارەنووسیان چی دەبێت، هەرگیز دەبێ هەست بە دڵنیابوونی دەروونی نەکەن هەردەم لە حاڵەتی دڵەراوکێ دابن. پێویستە حکومەتی هەرێم بیر لەوە بکاتەوە دیراسەتێک بکات ئەو ناوچە سنووریانەی کە ئێستا ئەمری واقیعە هەندێ خاڵی سەربازی لێ دروست بکرێت وەکو هەندێ قەڵای سەربازی بەهێز بکرێ بە پێشمەرگە و چەک بەمەبەستی ئەوە نەبێ کە هێرش بکەین یان دەستدرێژی نەبێت لەسەر ئەو خەڵکەی لەوێ هەیە بەڵام ئەوەش وەکو سەرەتایێک دەبێت لەسەر دڵی ئەو خەڵکە کە لەوناچەی کوردان عەرەبی لێ جێنیشین کراوە هەست بە دڵەراوکێ بکەن و، رۆژانی راپەرینیان لەبەرچاو بێت، هەرچ رۆژێک کورد هێزی هەبوو دەتوانێ مافی خۆی بسەپێنێ بەسەریاندا. خاڵێکی تریش هەیە داوا لە نەتەودیەکگرتووەکان بکرێت بۆ جێبەجێ کردنی (تفعیل و تنفیذ)ی بڕیاری (٩٨٦) و، داوا بکات لە حکوومەتی عێراقی ئەو ئیجرائاتەی کە دەیکات بەرامبەر کورد لەو ناوچانەی کە لەژێر کۆنترۆڵی خۆیەتی بیوەستێنێ و، کوردە ئاوارەکانی کە دەرکراون بگەڕێنەوە جێگای خۆیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من دەمویست باسی بکەم برادەران بەدرێژی باسیان کرد، فوزیەخانیش وەکو نوێنەری هەولێریش باسی کرد

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ماوە بدەن من دوو سێ جارە گوێم لەو قسانە دەبێت هیچ ئەندامێکی پەرلەمان بۆی نییە بەو شێوەیە مخاطەبەی هاوڕێی خۆی بکات، نوێنەری هەولێر نوێنەری هەموو کوردستانە، ئەندامانی پەرلەمان بۆیان هەیە باسی هەر بابەتێک بکەن، تکا دەکەم ئەم بابەتە بەرێکوپێکی بکەن. ئێوە حەوت ساڵە ئەندامی پەرلەمانن تا ئێستاکە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانتان نەبینیوە کە ئەندامی پەرلەمان بۆی هەیە هەر کێشەیەک لە کوردستان رووبدات لە دەرەوە رووبدات ئەوەی پەیوەندی پێوە هەیە بە بەرژەوەندی بزانیت باسی بکات.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەست ئەوەیە ئەو شتانەی کە ئاماژەی بۆ کرد لە قەزای مەخمور مەبەستم سەرژمێری (تعداد) بوو، نەک حەقی ئەوەی نییە، دەزانم هەموو ئەندامێکی پەرلەمان مافی هەیە کە قسە لەسەر هەر ناوچەیەک بکات و بەرگری لێ بکات، بەڵام من مەبەستم لەوەیە سەرژمێرییەکەی کە ئاماژەی بۆ کرد ورد (دقیق) نەبوو لەوانەیە ئێمە شارەزاتر بین، لەبەرئەوەی ئەو ناوچانەی کە داگیرکراوە (شەمامک و، کەندیناوە، پشتەرێ، قەراج) چوار ناحیەن سەر بە قەزای مەخمورن لە درێژی (٨٥) کم نزیکەی (١٥ـ ٢٠) کم مایە کە بگاتە ناو پایتەختی کوردستان کە هەولێرە، خەڵکی ئەو ناوچەیەو برا جووتیارەکانمان راگوێزراون بۆ ئۆردوگاکان و، ماوەی (٧ـ ٩) ساڵە هیچ کارو کەسابەتێکیان نەبووە لەمەودوا دەبێ پشت بەبەستن بەوەی لە دامودزەگاکان دابمەزرێن و بنە بار (عالە) لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و، بەدەیان خێزانی خانەدان هەیە لەو ناوچانە کە ئێستا لە هەولێر کەوتوون لەبەرئەوەی هیچ ژیانیان نییە ناتوانن کرێی خانووەکانیشیان بدەن، ئینجا رای من وایە هەوڵ بدرێ چارەیەکی زوو و کاتیان بۆ بکرێت و، شاندی پەرلەمان بچێتە دەرەوەی عێراق بۆ دەوڵەتە ئەوروپی و ئەمەریکییەکان و، خەڵک هان بدەن بچنە سەر ئەو باڵوێزخانانە مان بگرن داوا بکەن حکومەتی عێراق واز لەم سیاسەتە بێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک بورهان جاف فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەعەرەب کردن و راگوێزانی دانیشتوانی شاری کەرکوک و شارەکانی سەر بە پارێزگای کەرکوک تازە نییە، بەڵکو سیاسەتێکی حکومەتی ناوەندیەو، ئەتوانم بڵێم بە پێی بەرنامەیەکی دارێژراو بۆی دانراوە، بێ ئەوەی هیچ شتێک کاری لێ بکات. بۆ نموونە پاش شەڕی کوێت کەچی بەسەر حکومەتی عێراق هات و ئەو ئابلوقەیە هەتاکو ئێستا هەیە لەگەڵ ئەوەشدا ئەبینین هەر بەردەوامە لە سیاسەتی خۆی دژی دانیشتوانی کورد لە کەرکووک و دەوروبەری.

من ئەمەوێ باسی گەرمیان بکەم بۆ نموونە قەزای کفری بە تەئکید ناحیەی (کۆکس) لە کفری کە سەربە قەزای کفریە کە ئێستا بچڕاوە لە کەرکووک خراوەتە سەر پارێزگای دیالە ئەو دێهاتانەی سەر بە کفرین ئەمە ناوەکانیانە:

١ـ قەرەبلاغی گەورە. ٢ـ سیامەڕۆ، ٣ـ قەرە بلاغی بچووک. ٤ـ شێخ لەنگەر. ٥ـ ئاو بارە ٦ـ کولە جۆ. ٧ـ بان صندوق. ٨ـ تازە شار. ٩ـ کۆکس. ١٠ـ شێلانی بچووک. ١١ـ زەرداو. ١٢ـ سێتەپان. ١٣ـ لەلبن. ١٤ـ قوبە. ١٥ـ حاجی لەر. ١٦ـ گاخۆر. ١٧ـ تەپە عەلی. ١٨ـ تەپە قەوی. ئەم دێهاتانە کە ناوم هێنان ئەمانە هەمووی زەوییەکی بەپێت و بەرەکەتی هەیە بە هەزارەها دۆنم زەوی هەیە بەراو و دەێم، هەموو جۆرە کوشتوکاڵێکی تیادا ئەکرا و ئیستا لەژێر دەستی دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی دایە، حکومەت ئێستا دەستی کردووە بەوە کۆمەڵگا لەسەر ئەو زەوییانە دروست دەکات و عەرەبی بۆ دێنێ و ئەو زەویانەی بەناوی خاوەن موڵکەکەیەوە بەناوی خۆی دەکات و دەیسرێتەوە لە تۆمارکراوەکانی عەقاری.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن، ئەوەی باسم کرد سیاسەتی حکومەتە لەو ناوچەیە، کە من پێشنیار دەکەم یادداشتنامەیەک بەناوی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە پێشکەش بە کوفی عەنان) بکرێت کە ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکانە و ئەو وڵاتانەی کە یارمەتیدەر بوون بۆ بڕیاری (٦٨٨) بۆ ئەوەی ئەم سیاسەتەی عێراق رابگرن هەروەها داوا بکرێت هێلی (٣٦) زیاد بکرێت بۆ ئەوەی ئەو ناوچانە بگرێتەوە کە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە ئەو دێهاتانەی ئێستا لە ناحیەی صمود دادەنیشن سەر بەقەزای کەلارن.

ئەگەر ماوە هەبێ، پێشنیارێکم هەیە ئێستا ناوی شوێنەکانی کە تەعریب کراون لەبەرنامەی کاردا هاتووە ناحیەی (کۆکس)ی تێدا نییە ئەگەر یادداشتنامەکە نووسرا پێشنیار دەکەم ناوی ناحیەی (کۆکس) زیاد بکرێت لەسەر ئەو ناوانەی کە لەبەرنامەی کاردا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ کاک بورهان. کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەرکی سەرەکی هەر حکومەتێک ئەوەیە کە بەیەک چاو تەماشای هەموو هاوڵاتیان بکات و بەیەکسانی مامەڵە لەگەڵیاندا بکات و خزمەتیان پێشکەش بکات و، باری ئابووری و تەندروستی و کۆمەڵاتی و رۆشنبیریان باش بکات، بەڵام بەداخەوە حکومەتە یەک بەدوای یەکەکانی عێراق سیاسەتی جیاوازی رەگەز (تمییز عنصری)یان پەیڕەو دەکردو، جیاوازییەکی ئاشکرایان دەخستە نێوان کوردو عەرەب و، مامەڵەی هاووڵاتی پلە دوو و کەمتریش لەگەڵ میللەتی کورد دەکرا. ئەم سیاسەتە نامرۆڤانەی حکومەتەکانی عێراقی لە دوای (١٧ـ تەمووز ـ ١٩٦٨) فراوانتر و قوڵتری لێ هات.

حکومەتی بەعس دەستی بە سیاسەتێکی شۆڤینزم و سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستی و نەتەوەیی کوێرانەی دژ بە میللەتی کورد کردو، دەستی کرد بە کرداری بەعەرەب کردنی کوردستان و بەتایبەتی لەدوای ڕێککەوتنە شومەکەی جەزائیر لە ساڵی (١٩٧٥) و، ئامانج لەم کردارە ئەوەیە کە گۆڕانکاری بخاتە سەر واقعی نەتەوەیی کوردستانی عێراق و مەسخی شارەکانی کوردستان بکات و لە خاوەنە شەرعییەکانی بەزۆر بستێنێت.

پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە ناڕەوایە و ڕەگەزپەرستییەی کە لە بەغدا پلانی بۆ دادەنرێت بە ڕاگوێزان و (ترحیل و تهجیرو تشرید) کردنی هەزارەها خێزانی کورد لە کەرکوک و شنگار و شێخان و تەلعفەر و خانەقین و مەندلی و گەلەک شوێنی تر و و موڵکو ماڵی ئەو زوڵم لێکراوانە بەسەر (وافدینی عەرەب) دابەش دەکرێت، وە دڵی کوردستان کەرکوک زیاتر لە هەموو شوێنێک کەوتە ژێر فشاری حکومەتی ناوەندی. برادەران باسی هەموو خاڵەکانی فشاریان کرد بەس یەکێک ماوە کە باسی نەکراوە، ئەویش گۆڕینی ناوی کەرکوکە بۆ (تەئمیم). بڕوامان دەکرد کە لەدوای ئەو سیاسەتە فاشیلە و دوای کیمیا بارانی هەڵەبجەو ئەنفال کردنی کوردستان و کۆچڕەوی بە کۆمەڵ کە حکوومەتی عێراقی دەرسێک وەردەگرێ و واز لەو ڕەفتارە نا شەرعیانە دێنێ و لاپەڕەیەکی سپی و نوێ دەکاتەوە، بەڵام وا دیارە کە نیزامی بەغدا بەردەوامە لەسەر سیاسەتی ڕەگەزپەرستی خۆی و بەردەوام خەڵک دەردەکات لە کەرکوک و شوێنی تر و، دەست بەسەر موڵکو ماڵیان دادەگرێت. ئەوە بوو کە د. رزگار باسی چەند گوندێکی کرد لە ناحیەی (فایدە) کە سەر بە قەزای (سمێلە) ئەویش دوو گوند بەتەواوی هەچی موڵکیان هەیە هەرچی زەویوزاریان هەیە لێیان ستاندن. ناوی ئەو گوندانەش کە بەتەواوی زەویان لێ وەرگیرا (گرێپانێ، زاوە، بازەلان، باختمێ) بەشێک لەو زەویانە دەستی بەسەرداگیرا.

ئەم سیاسەتە ڕەگەزپەرستییە بە هەموو بنەماو بەڵگەنامەو لائیحەکانی (مبادی و لوائح و وثائق) دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ ناکرێت. چەند زوڵم و زۆری لە شارەکانمان بکەن با بزانن زیاتر پەیوەست دەبین پێی و، لامان شرینتر دەبن. لە دواییدا داوا لە حکومەت دەکەین کەواز لەو سیاسەتە هەڵەیە بێنێ تاکو ڕێگا خۆش بکات بۆ ئاشتبوونەوەیەکی نیشتمانیی لەسەر بنەمای عێراقێکی فیدرالی دیموکراتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئیبراهیم. شەفیقەخان فەرموو.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا حەسەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ جەنابت کە دوا کەس ماوەم پێدرا، سوپاس بۆ برایانیش کە هیچ نەما بیڵێم هەموو خۆیان هیلاک کرد بەڕاستی نوێنەر بوون بەمانای وشە. لەگەڵ ڕای کاک ئازاد بووم کە ئەو کەسانەی کە لەوێوە هاتوون داوا لە (UN) بکەین هەر هەموویان کۆبکرێنەوە و، بە پاراستنێکی

تەواو بگەڕێنەوە بۆ ناو کەرکوک ئەمە زۆر بنەڕەتە، داواش لە دانیشتوانی ئەوێ دەکەم تا ئێستا چەند لە ئازار و ئەشکەنجەدابوون هەتا دامەزراندن لە دامودەزگاکان بۆیان قەدەغەیە، بەڵام نەختێکی تریش بەرگە بگرن، بەڵکو ئینشائەڵڵا رای گشتی جیهانی بهەژێ و دەروونیان بهەژێ بێنە پارێزگاری کردنیان لە شارو لەسەر ماڵی خۆیان، چونکە بەراستی ئەو کردەوەی کە حکومەتی ناوەندی دەیکات هیچ کەمتر نییە بگرە زیاترە لە ئەنفال و کیمیا باران ئەگەر خەڵکێک ماڵ و خانووی نەما، ئەگەر خەڵکێک لە شوێنەکەی خۆی بە زۆر راگوێزرا بۆ شوێنێکی تر ئایا ئەوە ژیانە یان مردووە و بەشی زیندوو دەخوات؟. بۆیە من لێرەوە جارێکی تریش داوا لە رای گشتی جیهانی دەکەم کە بێت مافی مرۆڤ بپارێزن و، کوردیش مافی ژیانی خۆی هەیە و، حکومەتی ناوەندیش زۆر باش ئەوە دەزانێت کە سنووری کوردستان دەگاتە چیای حەمرین ئەمڕۆ نا بەیانی، بەیانی نا دەساڵی تر سەد ساڵی تر ئەوە هەر کوردستانەو، هەر دڵی کوردە کورد بەبێ ئەو وڵات و شوێنە ناژی. بابەتێکی تر هەیە ئەویش تۆمارکراوەکانی کاروباری کەسایەتی دەگۆڕدرێ بە بیانووی ئەوەی کە هەڵەن، موڵک و ماڵی دانیشتوانی کەرکوک دەستیان بەسەردادەگیرێت، یان دەبێت بە زۆر بکرێن بە عەرەب بەو شێوەی کە تۆمارەکە هەڵەیەو راستی دەکەنەوە، هەروەها داوا لە برا عەرەبەکانیشمان دەکەین کە ئێمە هاودین، هاومێژوو، هاووڵات، شان بەشانی یەک پارێزگاریمان لە ئاینی ئیسلام کردووە لە بەرچاوی خۆیان، نەبێ بە هۆی بناغە دانانی دوژمنایەتی لە نێوان کوردو عەرەبدا، چونکە ئەو حکومەتی لەبەغدا هەیە حکومەتێکی کاتیە ئەمڕۆ نا بەیانی، بەیانی نا دوو بەیانی.

ئەروات، ئەی باشە ئەوانە بۆ لە سەر وڵاتی خۆیان خاکی خۆیان لەسەر ئاوی خۆیان خزمەت ناکەن؟، تاکو ئەو کاتەی ئەگەڕێنەوە وێران دەبێ، دوای دەبێ زۆر ئەزیەت بکێشن تاکو ئاوەدانی دەکەنەوە، چونکە ئەو شوێنە لێی نامێننەوە، تیایدا کاتین لەبەر ئەوە داوا دەکەم کە ئەوان خۆیان بیرێک بکەنەوە پێش ئەوەی کە حکومەت رازی نەبێ بەزۆر بیان هێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس شەفیقە خان، فەرموو کاک جوهر شاواز.

**بەڕێز جوهر ئەحمەد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

برادەران زۆر لایەنی بابەتەکەیان باس کرد، شتێکی کەم بۆ من ماوەتەوە کە باسی بکەم، زۆر لەمێژە کاربەدەستانی عێراق پیلانی سەرکوت کەرانەی میللەتی کورد پیڕەو دەکەن، بەڵام لە ساڵی (٦٣) بەدواوە ئەو سیاسەتەیان پەرەپێدا، ئەمەوێ بەچەند خاڵێک ئەو سیاسەتە بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان شی بکەمەوە و باسی ئەو نەهامەتیەو مەرگەساتەی لەم سیاسەتە و، بەسەر میللەتەکەماندا هاتووە بکەم.

١ ـ لەسەرەتای دەست بەکاربوونی حزبی بەعس لە ئینقلابی عەسکەریی ٨ی شوبات دەستی کرد بە راگویزانی زیاد لە ٢٠٠ هەزار کوردی فەیلی لەناوچەکانی بەغدا و بەعقوبەو کوت و خانەقین و مەندلی و دەوروبەریان، دوایی دەست بەسەرداگرتنی هەموو بەڵگەنامەکانی رەگەزنامە و ماڵ و مەڵکیان و هەروەها زیاتر لە (٧٠٠٠) هەزار لاویان لە بەندیخانەکانی (ابو غریب) و (نگرة السلمان) و (فزیلییە)گرت، تاکو ئێستا بێ سەرو شوێنن.

٢ ـ کاتی حکومەتی عێراقی لەبیان نامەی ١١ی ئادار پەشیمان بۆوە زیاتر لە هەزار مامۆستاو فەرمانبەرو کارمەندی کۆمپانیای نەوت لە خانەقین و جەلەولا و کفری گوێزرانەوە بۆ ناو پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆک و شارەکانی تری باشووری عێراق.

٣ ـ پاش پیلانە شومەکەی جەزائیر لە ساڵی ١٩٧٥ حکومەتی ناوەندی هەستا بە چۆڵ کردنی ناحیەی مەیدان و ناحیەی قۆرەتو و دەورو بەری کەسەر بە (خانەقین و نەوتخانەو دەوروبەری مەندەلی بەدرەو جەسا)ن کە زیاتر لە ٣٥٠ گوندن، بەڵام بەپشتیوانی خوا دوای راپەرینی ١٩٩١ ناحیەی قۆرەتوو ومەیدان ئازاد کران و عارەبەکان بەجێیان هێشت و کوردەکان گەرانەوە سەر زەوی باب و باپیرانیان بە بازووی رۆڵەکانی گەرمیان ئاوەدان کرانەوە..

٤ ـ لەهەمان ساڵ زیاتر لە ١٠٠٠ مامۆستاو فەرمانبەر و کرێکاری کورد لە قەزای خانەقین و کفری و جەلەولا گوێزرانەوە بۆ خوارووی عێراق (سەماوە و ناسریەو دیوانیەو کەربەلاو حلە) بەبیانوی ئەوەی کە لایەن گری شۆرشی ئەیلوولی مەزنن وە فشاریان خرایە سەر کە خێزانیان لەگەڵ خۆیان بەرن تاکو کورد لەو شوێنانە کەم ببێتەوە و هەندێکیان بۆ پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانی رەوانە کران.

٥ ـ ئەو سیاسەتی کۆچ پێکردنە لە کەرکووک زیاتر پەرەی ئەسەند بۆ ئەوەی کورد لە کەرکووک کەم بکاتەوە، جا چونکە تهجیر بێ سوود بوو کورد لە کەرکوک زۆرترە هەستا بە لکاندنی چەمچەماڵ و کەلار بە پارێزگای سلێمانی و (توز) بە پارێزگای تەکریت و کفری بە پارێزگای دیالە، خەیاڵی خاوە هێشتا کورد لەناو کەرکووک زۆر ترە لە عەرەب وئێستا دەستی کردووە بەوەی کە کورد لەناو شاری کەرکووک دەرئەکا و هەزارەها عەرەبی نیشتەجێ کردووە لەشوێنەکانیاندا.

٦ ـ دوای راپەرین سەدەها خێزانی لە ناو شاری خانەقین دەرکردووە بۆ خوارووی عێراق بە مەهانەی ئەوەی کوریان پێشمەرگەیە یان لە دەرەوەیە دوای دەست بەسەرداگرتنی خانووەکانیان، هەروەها هەندێ شوێنی ناوچەی خانەقین ئێستاش تەخت دەکرێن وەکو فەوزیە خان باسی کرد..

٧ ـ حکومەتی ناوەندی لە هەشتاکان هێرشەکەی دژ بەمیللەتەکەمان پەرەی سەند تاکو گەیشتە کیمیا بارانی ناوچەی قەرەداغ وجافایەتی.

٨ ـ پاش شەری ئێران و عێراق حکومەتی ناوەندی دەستی کرد بە دروست کردنی ئۆردوگای زۆرە

ملیّ و راگویّزانی گوندەکانی دەوروبەری خانەقین وکفری بۆ ئەو ئۆردوگایانە هەر لەو ناوچانە حکومەتی ناوەندی دەستی بەسەر زیاتر لە ( ۱۰۰۰۰۰ ) کەسی بیّ تاوان دا گرت. (تیلەکۆ و سەر قەلاّو کولّەجۆ و جبارە و کفری و دەربندیخان و چەمچەمالّ و سەنگاو) و چەندها شویّنی تر، وە بەنیشتەجیّ کردنی عەرەبەکان لە ناوچەی جبارەو ناوچەی برایم سەمین و کولّەجۆ.

۹ ـ لەکاتی راگویّزانی ئەو گوندانە حکومەتی ناوەندی دەستی بە سەر زیاتر لە ۲۰۰ هەزار کوردی بیّ گوناە داگرت و بلاّویان کردن بۆ شویّنی نادیار بەناوی ( ئەنفال) کردنە بەد ناوەکە تاکو ئیّستا بیّ سەرو شویّنن و ۸ هەزار بارزانیش پیّش ئەوان ئەنفال کران جگە لە هەزارەها کەس کە ون ئەکران لە لایەن دەزگای موخابەراتی رژیّم لە شارەکانی کوردستان بە گشتی تاکو ئیّستا بیّ سەرو شویّنن.

۱۰ ـ ئەمە هەمووی کورتە باسیّکە لە مەر سیاسەتی رژیّمی ناوەندی دژ بەناوچەی گەرمیان، کە تاکو ئیّستا لە سیاسەتی کۆچ پیّکردن وبەعەرەب کردن و بە بەعس کردن و ئاوارە کردنی کورد بەردەوامە لەوە زیاتر هەولّی داوە لەچوارچیّوەی سەرژمیّرکردنی سالّی ۱۹۷۷ و دواتریش هانی ئەو خیّزانانە بدات لە ناوچەکان خۆیان بە عەرەب بنووسن.

۱۱ ـ ئەگەر ئیّمە وەکو میللەتیّکی هوشیار غەدر و تەعدا لە بیر نەکەین یەکیّتی ریزەکانمان بپاریّزین و ئاشتی سەقامگیر بیّ و ریّککەوتنی واشنتون جیّبەجیّ بکەین نە بەعارەب کردن و نە بە بەعس کردن کارمان لیّ ناکا وەکو کاتی راپەرینی پیرۆز دەستی پیّ کرد ئەو عەرەبانە لە گوندەکانی قۆرەتو و مەیدان نیشتەجیّ بوون هەموویان هەلاّتن بەپیّ و سەری پەتی گوندەکانیان جیّ هیّشت بەبازوی کورانی گەرمیان هەموویان ئاوەدانکرانەوە.

۱۲ ـ هەندیّ لەسەرانی حکومەت و سەرۆکی عەشیرەتە عەرەبە چاو چنۆکەکان چاوییان بریوەتە ئاوو زەویە بەپیتو بەرەکەتەکانی ناوچەکانی ژیّر دەسەلاتی رژیّم تا دەستی بەسەردا بگرن.

۱۳ ـ من پیّشنیار ئەکەم:

۱ ـ یاداشتنامەیەکی تیّرو تەسەل بدریّ بە UN و ئەنجوومەنی ئاسایش و دەولّەتە خاوەن دەسەلاّتەکان و دەستەکانی مافی مرۆڤی جیهانی کە ئەوە سیاسەتی حکومەتی ناوەندییە بەرامبەر میللەتی کورد بو مەحروم کردنی.

۲ ـ یاداشتنامەیەک بدریّ بەئەنجوومەنی ئاسایش، کە حکومەتی ناوەندی پابەندی بریاری ٦٨٨ نەبووەو بەردەوامە لە سەرکووت کردنی میللەتی کورد و تورکمان و ئاشووری و هەموو میللەتی عیّراق.

۳ ـ یاداشتنامەیەک بدریّ بە ئەنجوومەنی ئاسایش داوا بکریّ ئەو کەسانەی بە سیاسەتی چەوتی حکومەتی ناوەندی زەرەر مەندن لە کوردە فەیلیەکان و ئەوانەی گویّزرانەوە ئەوانەی ون بوون و بیّ سەرو شویّنن لە کرداری ئەنفالە بەدناوەکەو قەرەبوی عادلانەیان پیّ بدریّ لەو پارە بلوک

کراوەی عێراق هەیەتی لە بانکەکانی دەرەوە یان لە پارەی بڕیاری (٩٨٦).

٤ ـ داوا بکرێ سەبەب کاری ئەو کارەساتە بە دادگای دەولی دادگایی بکرێن وەکو تاوانبارانی (صربی).

٥ ـ زەخەت بکرێ بۆ دەرکراوەکان کە بەرچاو بن لە بەردەم ڕێکخراوەکان بۆ ئەوەی کێشەکەیان بخرێتە بەرچاو لە کۆتایی دا ئەڵێم (مايؤخذ بالقوة لايسترد إلا بالقوة) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک جوهر فەرموو کاک ئەمین مولود

**بەڕێز ئەمین مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو لەدابونەریتی کوردەواری و هەموو گەلان دا هەیە خاوەنی ماڵ لە هەمووکەسێکی تر زیاتر حەقی داواکردنی مافی خۆی و دەرخستنی ئەو تەعەدایەی لێی کراوە بکات وە هەروەها ئەو کارەش ئەرکی سەر شانی خۆیەتی هەر لە بەر ئەوە بەپێویستی ئەزانم دانیشتوانی ئەو گوندانەی کەدەرکراون و زەویەکانیان داگیر کراوە داوای کۆبونەوەیان بکرێت و بە خۆپیشاندان و مانگرتن لەبەر دەم دەزگاکانی UN و ڕێکخراوەکانی مرۆڤایەتیەکاندا، داوای مافەکانی خۆیان بکەن بەتایبەتی گەڕانەوەیان و پاراستنیان لە شوێنەکانی خۆیاندا، بەم شێوەیە کێشەکە زۆر بەزەقی و ئاشکرا دەخرێتەڕوو و زۆر کاریگەریش ئەبێ و، لەلایەن پەرلەمان و حکومەتیشەوە لەهەمان کاتدا پشتگیری ئەو کارانەیان بکرێت و لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش دا چ بە ڕۆژنامە یان تەلەفزیۆن یان ڕادیۆ پشتگیریان بکەن و بەزانیاری و سەر ژمێریەکانیش و هەروەها فلیمی ئەم جولانەوان بدرێتە نوێنەرانی حزب و حکومەت بۆ ئەوەی بگاتە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی وڵاتانی دەرەوەو UN و مافی مرۆڤ، هەروەها برا کوردەکانی دەرەوە هان بدەین بۆ ئەوەی هەروەکو کاک شێخ جەعفەر باسی کرد بەخۆپیشاندان بێت یاخود بەهەر شێوەیەکی تری جولانەوە بێت ئەو کارانە دەر بخەن و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک ئەمین مولود فەرموو مامۆستا مەلا طلحە.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەدورو درێژی باسی ڕاگوێزان و بە بەعس کردن و کۆچ پێکردن کرا، بەڵام من لێرەدا دەمەوێ باسی ئەوانە بکەم کە لە شوێنی خۆیان دەرکراون بەتایبەتی ناوچەی (شەمامک) ئەوەی من لێی شارەزابم هەموو خەڵکەکە گلەییان هەیە نە کشتوکاڵیان ماوە نە هیچ شتێکیان ماوە و هیچ جێگاو ڕێگایان نەماوە، پێویستە سەر ژمێریەک هەبێت کە ئەوانە ناونووس بکات، ئایا دەرکراون تاکو جێگاو ڕێگایەکیان بۆ دیاری بکرێت، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس مامۆستا کاک سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان برادەران زۆر بەقوولی چوونە ناو ئەم بابەتە و باشیان روونکردەوە لە هەموو روانگەیەکەوە کە پەیوەندی پێوە هەبێت، بەڵام لێرەدا من دەمەوێ دوویان سێ شتی بچووک ئاماژە پێبکەم بەراستی پێش مانگێک لە دهۆک هەروەکو دکتور رزگار باسی لێوە کرد وەکو گوندی باجەلان و جەبەرتوو گرێپەحنێ و کۆمەڵگای شالیا، کاتێک کە عەرەبەکان هاتنە سەر زەوی خەڵکی ئەو ناوچانە تاکو دەغڵ و دان بچێنن، کێشەیەکی چەکداری لە نێوان عەرەبەکان و خەڵکی ئەو گوندانە پەیدا بوو، بەدڵنیاییەوە جەنابی پارێزگاری دهۆک و بەڕێوەبەرو لایەنی پارتی تەدەخولی کردبوو چوبوونە لای رێکخراوەکانی UN ومافی مرۆڤ کێشەکەیان چارکردبوو، شتێکی تری بچوک هەیە پاش ساڵی ١٩٧٥ وابزانم ئەمەش شتێکی تازەیە تاکو ئێستا نزیکەی بەنجا گوند لە ناوچەی (زمارو عین زالە) کە هۆزی هەر سنان و میران وموسی رەشی تیایە هەتاکو ئێستاش ناوچەکەیان بەعەرەب کراوە کە کەوتۆتە رۆژئاوای دجلە وناوچەیەکی زۆر دۆڵەمەند وبە ناوبانگە تاکو ئێستاش بەعارەب کردن بەردەوامە ئەگەر تەواویش کۆتایی پێ نەهاتووە هەروەک ئاماژەی بە شنگاردا کە بەسەدان گوندی یەزیدی توشی راگوێزان وکۆچ پێکردن کراون وهێنراونەتە نێو گۆمەڵگە زۆرە ملێکان.

شتێکی تر، پاش ساڵی ١٩٧٥ئەمەش وابزانم شتێکی نوێیە حکومەتی ناوەندی داوای لە هۆزی (شمر)ی عەرەبی کرد کە هۆزێکی گەورەیە لە پارێزگای موسل کە بێت وزەوی کورد داگیر بکات لە زمار وعین زالە و دەشتی سلێڤانی ئەو کات بەراستی ئەو هۆزە کارەکەی بەکارێکی نیشتمانیی وەرگرت و پارێزگاری لە برایەتی کوردو عەرەب کردیە دوای ئەم بانگەوازەوە نەهات، جا شتێکی چاکە کە شتێک بەو برا عەرەبانە بگەیێن وئاگاداریان بکەن کە ئەم زەویانە هی نەتەوەی کوردە وبۆ وان نابێت برادەرانیش بەتایبەت کاک رزگار بە باشی باسی ئەم ناوچانەی کرد وەرێکەوتنی (واشنطن) ئاماژەیەکی راشکاوی بەم بابەتە کردوە کە نیشتەجێ کردن و بەزۆر کۆچ پێکردن لە هەموو جیهان هەرەسی هێناوە ئەوەتا جەزائیر وباشووری ئەفریقیاو هەتاکو دەگاتە فەلەستین، وابزانم ئەم کارە شتێکی رەشەو درندانانەیە وهیچ پاشەرۆژێکیشی بۆ نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک سەفەر، فەرموو کاک شەفیق ئەمین.

**بەڕێز شەفیق ئەمین محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خوشک و برا بەڕێزەکان زۆربەی بابەتەکانیان باس کرد باسی بابەتی کەرکووک وناوچەی

مەخمورو...هتد، یان کرد، بەڵام من ئەمەویٚ ئەوە بڵێم کە بەرامبەر بەکەرکووک وخانەقین و مەندەلی و سنجار ئەمە لەلایەن حکومەتی بەعسەوە سیاسەتێکی نەگۆڕاوە بۆ تەرحیل و نەمانی کورد بەتایبەت لەو ناوچانە وبەتایبەت کەرکووک هەر لە ساڵی ١٩٥٩وە دوای باری کەرکووک کە تێک چوو، من پێش ئەوە ئەزانم هەتا ساڵی ١٩٥٧ هەتا شۆڕشی(١٤)ی تەمموز باوەڕتان هەبێت لە کەرکووک بەدەگمەن عەرەب هەبووە، ولەو دیهاتانەی سەر بە قەزاو ناحیەکانی ئێمە.

بۆ نموونە هۆزی تالەبان بووە کاکەیی بووە داودە بووە زەنگەنە بووە شوان بووە ئەمانە هەمووی کورد بوون جگە لە ناوچەی حەویجە لەوانەیە بەڕێز کاک عەدنان کە لەویٚ مدیر ناحیە بووە ئەزانی ئەویش کۆمەڵێکی کەمی عەرەب وەکو هۆزی (ال عبید) ئەویش خۆش بەختانە پەیوەندیان لەگەڵ ئێمە دا هەبووە، چونکە بەراستی ماڵی سید (احمدی خانەقا) کۆنترۆلی ئەم ناوچەیان بەتەواوەتی کردبوو گشت دێهاتەکانی لەژێر کۆنترۆلی ئەوانەدا بوو، بەڵام ئێستا بێگومان کەرکووک لە دوای ساڵی١٩٥٧ وە وکاتی شۆڕشی(١٤)ی تەمموز وئینجا بۆ ساڵی ١٩٥٩ بارودۆخی کەرکووک دەستی بەگوڕان کرد و بارودۆخەکە تێک چوو هەڵسان عارەبیان هێناو خانویان بۆ دروست کردن وپارەیان پێدان و ئەمانە هەموو برادەران باسیان کرد، بەڵام کەمو کوری لە ئێمەشدا هەبوو تەنانەت ئێستاش کەموکوڕیمان تێدا هەیە ئێمە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەم شارەی هەولێر کەپایتەختی هەرێمی کوردستانە نەمانتوانیوە دوو خۆپێشاندان ساز بکەین بەرامبەر بە (UN) دەربارەی کوردی کەرکووک دەربارەی سنجار ومەندەلی، خۆمان هیچ شتێکمان نەکردوە ئەی لە ئەوروپا هەتاکو ئێستا ئەو پارتەی ئێمە ئەو ڕێکخراوانەی ئێمە لە شۆڕشی ئەیلولەوە هەتاکو ئەم دەقیقەیە خۆپێشاندانێکیان نەکردوە.

جا چی بۆ ئەم کوردە ئەکرێت؟ تا تێیان بگەیێن کە حالی کورد چییە لە کەرکووک وخانەقین و سنجار چ زیانێکیان هەیە ئێمە هیچمان نەکردوە لەم بارەیەوە ئەش بینین ڕۆژانە چ ئەکرێت هەرکەسە بۆ میللەتی خۆی بۆ نەتەوەی خۆی، ئێمەش حزبمان هەیە ڕێکخراومان هەیە پیاوی چاکمان هەیە لقمان لەویٚ هەیە ڕۆژیٚ لە ڕۆژان نەمان بینی شتیٚ بکریٚ بەرامبەر بەو کردەوەیە، ئێستاش من پێشنیار دەکەم نووسینگەیەکی UN بۆ دانیشتوانی کەرکوک هەبیٚ بۆ ئەو زوڵم و زۆرداریەی کە لێیان دەکریٚ.چونکە بەتایبەتی لەم دواییەدا کە ئەوکوردانەی لەکەرکوک دەردەکرێن ڕەوانەی هەولێر دەکرێن کە بردویانەتە UN بەداخەوە UN یش هیچی بۆ نەکردون پاشان دووبارە بە زۆر ڕەوانەی باشور کراون کەس قسەیەکی نەکرد کەسێ خۆپیشاندانێکی نەکرد کە بۆ ئەوانە چی بکەین؟. من پێشنیارێکی ترم هەیە کەهەوڵ بدرێت کەرکوکیش بخرێتە نێو ناوچەی ئارامەوە . حزبی بەعس هەرتەنها بۆ گیانی کورد ماوە هیچی نەماوە هەموو ڕۆژێک گاڵتەی پیٚ دەکەن خۆی بەپەشیمان ئەبینێتەوە. بەڵام بۆ کورد و کوردستان ماوە، ئێمە تەنانەت ناتوانین هاندانی میللەتی خۆمان بکەین ئەوانەی کە لەکەرکوک و ناوچەکانی ترەوە دەرکراون دەنگیان بە ڕووی ئەوتاوانە بەرز بکەنەوە وهەروەها خەڵکی هەولێریش کە لەو ناوچانە دەر کراون و وەکو مەخمور وناوچەکانی ترلێرە نیشتەجیٚ کراون بۆ هەمان مەبەست خۆ پیشاندان بکەن و پشگیریان بکەن، وەبە UN بڵێین ئەگەر چارەمان بۆ ناکەن ناچار ئێمە خۆمان ئەتوانین چارەسەریان بکەین خۆشمان تاوان بار ناکەین ئەو کوردەی کەلێرەیە ئەوان دەیکەن من وابزانم پێش سیٚ مانگ وابزانم کاک عەدنان ئەزانیٚ وایان نیشانداو واش وترا کە UN ئاگاداری ئەو عارەبانەی کردوە

کەهێنراونەتە ناوچەکانی مەخمور و دیبەگە، بەڵام بێ دەنگی لێ کرا، کەسیش باسی ئەم بابەتەی نەکرد. من و کاک عەدنان چوینە شوێنێک بەئێمەیان گوت کە عارەبەکانی ئەو ناوچانە ئاگادار کراونەتەوە، بەڵام بۆ دانیشتنێک نەکرا؟ جا من داوام ئەوەیە پارتی ئێمە رێکخراوەکانی ئێمە خۆپیشاندان ساز بدەن ، حزبی بەعسیش تەنها بۆ میللەتی کوردماوە ئەوەتە هەر لەخاکی ئێمە ئەخۆن و هەمووشی لەژێر دەستی ئێمەدایە ئەوەتا ناوچەی شوان خۆی ئەو عارەبەی کە ئێستا هاتوە کە زۆربەی ئیستا جێ نشینە لەناوچەی شوان و شێخ بزێنی و لەناوچەی ئاڵوتن کۆپری ئەگینا لەناوچەی تر نیە ئەوەش لەناوچەی دیبەگەو مەخمور هەر هاتە پێش ئەوەتە بەرەو هەولێریش دێت کەس نیە رێگایان لێ بگرێت کەس نیە دوو قسەیان پێ بڵێت کەس نیە هاتووچۆیان بکات وبڵێت بۆچی هاتوونەتە ناوخاکی ئێمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو مامۆستا مەلا تاهیر.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باوە کە ئەڵێ(من لم یکن لە دار لا یبقی لە وقار)وە باویشە کە ئەڵێ(من لم یکن لە ارض لم یحفض لە عرض)ئەوەی کە خاکی خۆی نەبێت ئەوا شتێکی نابوتە لەم کەونەدا دوژمنایەتی لەمێژودا لەیەکەم جارەوە کە دروست بووە لەسەر دوو شت دروست بووە باوکە ئادەم ودایکە حەوای ئێمە کەدەرکران لەبەهەشت دوژمنایەتیەکەی نێوان نەوەی ئادەم لەگەڵ شەیتان لەبەر دەرکردنەکەی ئادەم بوو لە بەهەشت، خودای گەورە ئەفەرمووێ(یا بني أدم لایفتنكم الشیطان کما اخرج ابویکم من الجنة ینزع عنهما لباسهما لیریهما سوآتهما)دەرکردنی مرۆڤ لەشوێنی خۆی ئاشکراکردنی عەیب و عارو ناموسێتی باوکەئادەم و دایکە حەوا کە دەرکران لەبەهەشت حەیایان دەرکەوت بەقورو بەگەڵ دایان ئەپۆشت سەرەتای دوژمنایەتی ئەمەیە، دووهەمیشیان لەنەوەی ئادەم کاکە قابیلمان کاکە هابیلی کوشت لەسەر ئافرەت، ئەفەرمووێ(فطوعت لە نفسە قتل أخیە فقتلە فأصبح من الخاسرین).

کەواتە دوژمنایەتی یەکەم لە مێژوودا کە دروست بووە لەسەر شوێن و وڵات دا دروست بووە ،لەو وڵاتەش کە خودای گەورە دای بە ئادەم فەرمووی (إن لك أن لا تجوع ولا تعری) ئەو وڵاتەی کەتۆ هەتە بۆت هەیە کە نەبرسیت بێ نە ڕوت بیت تێیدا.

نیشتمان دایکی یەکەمی مرۆڤە، خوای گەورە ئەفەرمێ (منها خلقناکم) وە ئەفەرمێ(الذی جعل لکم الارض فراشا) رایەخی ئێمە لەراستیدا زەویە وەئەفەرمێ(الذی جعل لکم الأرض مهدا) کەواتە زەوی نوێنی ئێمەیە بێشکەی ئێمەیە هەر کەسێ لەسەر زەوی ئەگەر ئەم دوانەی نەبێ کەواتە بە مرۆڤ ناژمێردرێت بۆیە هەموو دوژمنانی هەر گەل و میللەتێک سەیر ئەکەین لەسەرەتاوە کێشەکەی لەسەر زەویە، چونکە ئەگەر زەوی نەبێت ئەوا مرۆڤ بونی بۆ نییە، بە داخەوە میللەتی عەرەب ئەو هەڵانەی بۆی رەخساوە سودیان لێ نەکردووە، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە میللەتی کوردەوە هەیە نازانم ئەم عەرەبانە چۆن بەخۆیان ئەنازن کە ئاگایان لە قورئان هەیە یاخود موسلمانن یاخود پەیڕەوی دینی ئیسلام ئەکەن، یاخود دینی ئەوان ئیسلامە ئەو ئایەتە

ئەدەین بە گوێی ئەو کاربەدەستانە کە ئێستاش لەم قۆناغە لەم کۆتاییەی سەدەی بیستەمدا هەوڵ دەدەن میللەتی کوردی هەژار بکەن بە عەرەب یان بە بەعسی، یان هەوڵ دەدەن بۆ دەرکردنی، بێگومان کە هیچ کەمتەرخەمیەک ناکەن خودای مەزن ئەفەرمووێ (كلوا من طيبات ما رزقناكم ولا تطغوا فيه فيحل عليك غضبي ومن يحل عليه غضبي فقد هوى) ئەفەرمووێ ئێوە لەو خۆشیەو پاکیەی سەر زەوی هەرچی خوا کردوویەتی بە رزق بیخۆن و با مەرو ماڵاتیشتان لێی بخوات لەو رووەکانە کە خوا دروستی کردوون لەو وڵاتەی کەوا هەتانە ئەفەرمووێ (ولا تغطوا فيه) طغیان مەکەن لەو خاکەی کەتیایدان و تەعدا لە خەڵکی تر مەکەن خەڵک لەسەر موڵک و زەویوزاری خۆی دەر مەکەن ئەگەر وابکەن دەفەرمووێ (فيحل عليكم غضبي) واتا تورەیی ئێمەتان بۆ دێ ئینجا ئەفەرمووێ (ومن يحل عليه غضبي فقد هوى) جا لەبەر ئەوەی ئەو زوڵم و تەعدایە بێگومان کۆتایی دێ و دژایەتی کردنە لەگەڵ ئایەتەکانی قوئانی پیرۆز، دژایەتی کردنی سروشتێکە کە خودا مرۆڤی لەسەر دروست کردووە، چونکە پەروردگار ئەفەرمووێ (وجعلناكم شعوبا و قبائل) ئێمەش گەلێکین لەم گەلانە سرینەوە و گۆرانی دروستکراوی خوا یەکێکە لە حەرام کراوەکان جا بە داوای لێبووردنەوە برادەران لە روانگەی یاسای دەستکرد هیچ نەما باسی نەکەن بە سوپاسەوە زۆر بە رێکوپێکی، بەڵام ئەو پێشنیارەی برادەران کردیان من زۆر پشتگیری ئەکەم، یەکەم ئەوانەی کە لەوێ هەن با نەختێکی تر دان خۆیاندا بگرن زۆر باڵەفڕ نەبن هەر شتێکیان لێ بکرێت ئەوان شوێنی خۆیان جێ بهێڵن ئەمەش ئەگەر مرۆڤ هەوڵ بدات لە شوێنی خۆیا خۆی بهێڵێتەوە ئەمەش خزمەتێکە ئەمەش پێشمەرگایەتییەکە.
دووەم ئەوەی کە لێرەدا هەیە هەروەکو برادەران وتیان هەوڵی ئەوە بدرێت کەوا بگەرێنەوە شوێنی خۆیان و پارێزگاریش بکرێن، ئینجا بەدواداچوونی ئەو بریارەی (٦٨٨)ی ئەنجوومەنی ئاسایش بکرێ وابزانم پێویستە بەدواداچوون بکرێت لەسەری کە بۆچی هەشت بەندی تێدا هەیە؟ ئەگەر هاتبایە و ئەم هەشت بەندە جێبەجێ بکرابایە ئێستاش لەمەولا ئەگەر زیاتر تەئکیدی لەسەر بکرێتەوە زۆر بەشتێکی باشی ئەزانم پشتگیری هەموو پێشنیاری برادەرانیش ئەکەم، سوپاس و رێزم بۆ هەموو لایەک.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک شێخ یەحیا.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ خودای گەورە زۆر پێ خۆشحاڵم کە بە تێروتەسەلی باس لە دەرکردن و ماڵ وێران کردنی خەڵک و بەعارەب کردنیان لەلایەن رژێمی فاشی بەغدا دا ئەکرێت زۆر پێخۆش حاڵم بەڕاستی هەموو کەلێنەکان لەلایەن بەڕیزان باس کران، جێی خۆش حاڵییە ئومێدەوارم ئەم دانیشتنەمان هەرچەندە برادەران پێشنیاریان کرد کە هەموو دانیشتنێ کاتێک تەرخان بکرێت بۆ گفتوگۆکردن لەو زوڵم و زۆرداریەی کە لەرۆڵەکانمان ئەکرێ بەدرێژای ئەو شوێنانەی کە لەژێر دەستەڵاتی رژێمدایە، پشتگیریشیان ئەکەم، چونکە بەڕاستی خۆزگە بمانتوانیایە ئەو زوڵم و زۆرەی لەخەڵکانمان نەکرێت لەوشوێنە سەر سنووریانەدا بەگوێرەی ئەو زوڵم وزۆرداریە سکاڵاکانی ئێمەش هەبووایە وە هاوارمان بکردایە هاواری ئەوانمان پێگەیاندبایە شوێنی خۆی، رژێمی فاشی

بەغداد بە عەقلیەتەکەی ئەنفال و بەعارەب کردن و کۆچ پێکردن ئەکات هەر بە هەمان عەقلیەت چ دوژمنایەتیەکی هەبوو لەگەڵ گەلی کورد دا چۆن ئەی ویست کوردستان هەمووی خاپور بکات بەهەزاران گوندی وێران بکات و بەسەدان هەزار مرۆڤ ئەنفال بکات، ئێستاش لەسەر هەمان عەقلیەتە هەرچەندە گەیشتۆتە سەرە مەرگ هێشتا ئەو عەقلیەتەی ون نەکردوە، بۆیە ئێمەی کوردیش ئەگەر هەزاران جیاوازیمان هەبوێ ناخۆشیمان هەبوێ کێشەمان هەبوێ بەرامبەر بە عارەب کردن وکۆچ پیکردن بەرامبەر بە کوردستان وخاکەکەی بەرامبەر بە فیدرالیەت ئێمەش هەر یەک بوین وسوپاس بۆ خودا هەر بەرهەڵستیشمان کردووە، بەرێزان نامەوێ زیادە درێژە بە وتەکانم بدەم کە برادەرانم باسیان کرد، بەڵام خاڵێکی بچووک هەیە ئەمیش لەسەر قەڵای کەرکووکە من حەزم ئەکرد کە ڕاپۆرتێکی تایبەت لەسەر قەڵای کەرکووکیش هەبوایە یا لەو ڕاپۆرتەی کە ئێستا ئەیکەین ڕاپۆرتیش بنوسرایە، چونکە کەرکووک وقەڵاکەی بەراستی یەکێ لەوشوێنەوارە مێژوویانەی گەلەکەمانن کە سەدان و هەزاران ساڵە ماوەو کوردیش دروستی کردووەو یەکێ لەو شوێنەوارە مێژووییە کوردییەیە کە ئێستا حکومەتی شۆڤێنی ئەیەوێت نەیهێڵێ و شتی تری لەسەر دروست بکات.

دووەم: بەرێزان لەسەر فەرمانگەیەکی تایبەت بە ئاوارەکان، بەرێز کاک شێخ جەعفەر ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە نووسینگەیەکی لێکۆڵینەوە هەبێت چەند جارێکیش باسی ئەوە کراوە کە فەرمانگەیەکی تایبەتیمان هەبێت تایبەت بێت بە نووسینی ئاوارەکان، مەرج نییە تەنها هی کەرکوک بێت ئەوانەی خانەقینیش بێت یان شەنگار بێت هەتاکو ئەوانەی کە چوونەتە دەرەوەی وڵاتیش من بە باش ئەزانم پێشنیارێک بکەین بۆ حکومەت و حکومەت خۆی چ پرۆژەیەک بە باشی ئەزانێت؟ چ بەڕێوەبەرایەتییەک دروست بکات؟ و سەر بەچ وەزارەتێک بێت؟ پێشکەشی پەرلەمانی بکات و پەرلەمانیش بریاری لەسەر بدات، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، ئەو ئەندامە بەرێزانەی کە ویستیان لەسەر ئەم بابەتە قسە بکەن کۆتایی هات، کۆمەڵێک پێشنیارو ڕێنوێنی تۆمارکراوە، بەباشی دەزانین کە برایانی لیژنەی سکاڵاکان و مافی مرۆڤ لەم ڕۆژانەدا هاوکاری لەگەڵ جەنابی سکرتێری ئەنجوومەن و کاک شێخ عەدنانیش بکەن هەندێ بابەت بێ گومان لای ئەوان هەیە دانیشتنێک بکەن بەزووترین کات ئەو بەڵگانەی کە لەلایەن بەرێزان ئەندامانی پەرلەمانەوە کاتی خوێندنەوەی نەبووە، چونکە هەندێکی یەکجار زۆر بوو و هەندێکی نەخشەو شتی ترە لەم بابەتانەیە لێیان بکۆڵدرێتەوەو هەروەها بەش بەش بکرێت هەریەک لەخانەی خۆی دابنرێت و یاداشتێکیش ئامادە بکەین لەسەر پێشنیاری نزیکەی هەموو ئەندامان کە قسەیان کرد و ڕێککەوتن لەسەر ئەوە، یاداشتێکیش ئامادە بکەن هەر چەندە ئێمە لەمانگی سێ و چواری ئەم ساڵەیش یاداشتێکی باش پێشکەش بەلایەنی پەیوەندیدار کرا و سود لە ناوەڕۆکی بەتایبەتی مادده یاساییەکان وەربگیرێت، بەشێوەیەکی پوخت ئامادە بکرێ لێیان

بکۆڵدرێتەوەو هاوپێچەکانیان(المرفقات) ئامادە بکرێت ئەوانەی کە هاوپێچی ئەبن، دیسان ئەبێ جارێکی تر پوخت بێت و لەوانەیە وەربیگێرین بۆ زمانی ئینگلیزی و هەمان لیژنە دەست پێ بکەن و برادەرانی تریش یارمەتیان بدەن بەپێی ئەو پێشنیارانەی کە زۆر لەئەندامانی پەرلەمان کردیان سەردانی UNو رێکخراوەکانی تر بکەن وەکو هەوڵدانێک کە یاداشتننامەکەیان پێ بدەن و هەم ئەم پێشنیارانەیان لەگەڵدا بەگشتی باس بکەن بە بەردەوامی لەم دیمەنانەی ئاگادار بن و زۆر لە برادەران داوای لیژنەی تایبەتیان کرد بەراستی ئێمە لەپەرلەمان دوو لیژنەمان هەیە، جگە لەوەی هەموو ئەندامێکی پەرلەمان بەرپرسە بەرامبەر ئەو بارەی کوردستان کە باسمان کرد هەندێکمان خۆمان ماندوو ئەکەین و زانیاری کۆئەکەینەوە بەپێی ئەوەی لە لیژنەین وە هەندێکیشمان پشتگیری ئەکەین، بەراستی ئەمە جێ هێڵدراوە بۆ ئەندامانی پەرلەمان وەکو بنەمایەک هەموومان لێپرسراوین بەرامبەر ئەو خەڵکەو، بەعارەب کردن و بەبەعسی کردن و کۆچ پێکردن گەورەترین مەترسییە بۆ ئێمە کە رووبەرووی ئەبینەوە و کەس رێگای لە ئێمە نەگرتووە لەسەر ئەم کێشەیە ئیمە راپۆرت ئەنووسین و ئامادەی ئەکەین و ئێمەش وەکو ئەندامانی پەرلەمان بەتایبەتی سەردانی UNو رێکخراوەکانی تر ئەکەین ئەمە بەراستی جێ ئەهێڵین بۆ چالاکییەکانی تاکە تاکەی ئەندامە بەرێزەکان وە جێی ئەهێڵین بۆ چالاکییەکانی گشتی ئەندامان وە بۆ چالاکی خودی پەرلەمان خۆی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت بڵێین هیچیش نەکراوە لەم ماوەیەدا کۆمەڵێک شتی گرنگ کراوە و زۆر لە بەرێزان ئاماژەیان بۆ هەندێ شت کرد.

لەسەرەتادا بەرامبەر یەک پارچەیی خاکی کوردستان و کوردستانیەتی ئەم وڵاتە لەپێش ئێمە سوپاس بۆ خودا هیچ کامێک لە سەرکردەکانمان و خەڵکی ئیمەش ئامادە نەبووە لەسەر بستێکی ئەم وڵاتە چاوپۆشی بکات و سومبولی خۆڕاگری کورد و کوردستان بارزانی نەمرە کە هەمیشە ئەگەر کێشەیەک لەنێوان ئیمەو حکومەتی ناوەندی هەبێت باوەر بکەن ئەمە بووە، وابزانم هەموو بەرێزان ئاگاداری وتە بەنرخەکانین کە پێویست بە دووبارە کردنەوەیان ناکات و زۆر جار گوتراوە.

حکومەتی مەرکەزی پاش رێککەوتننامەی ١١ی ئادار کە دەسکەوتێکی مەزن بوو بۆ گەلی ئێمە، شۆڕشی ئەیلوول بەدەستی هێنا بەسەرۆکایەتی بارزانی نەمر، ناوچەکانی تەعریب بوو وە بەتایبەتی شاری کەرکووک.

رۆژی ١٤ی مانگ جەنابی بارزانی لەم هۆڵە پیرۆزە جارێکی تر تیشکی خستە سەر ئەو

بابەتە وە بە سوور بوون ئەو بابەتەی دووپات کردەوە وە لێرەشەوە گواستراوە بۆ هەموو دونیا، ڕاپەرین دەرسێکی گەورە بو بۆ هەموو ملهوڕێک کە بیوەێت بەزۆر شت بەسەر کوردا بسەپێنێ، کورد ئەو میللەتەیە کە بەخۆشی لەوانەیە مرۆڤ لەگەڵیدا دانوستاندن و ئەم بەرو ئەوبەری بارودۆخەکەی لەگەڵ بکات، بەڵام کورد یەکێکە لەو میللەتانە کە لەژیانیدا شتی بەزۆر قبوڵ نەکردووە. ئامادەبووە سەروماڵی لەسەر دابنێ، بەڵام ئامادەنەبووە بەزۆر شت قەبوڵ بکات و گوێ مەدەنە خائینێک لەوێ و جاسوسێک لەوێ مامەلە بە کێشەی کورد ئەکات لە قۆناغێک بۆ قۆناغێکی تر لەهەڵوێستێک بۆ هەڵوێستێکی تر، ئەمە شتێکی بەدەرکراوە لە مێژووی ئیمە بەڵام خەڵکی کوردستانە لەمێژەوە ئەم ڕاستیەیان دووپات کردۆتەوە کە مومکین نییە لەسەر خاکەکەی و لەسەر کەرامەتی ڕۆژێک لەڕۆژان قەبوڵ بکات یان سەر شۆڕ بکات یان چۆک دا، بەپێچەوانەوە هەرچی بەسەرمان هاتووە لەسەر بوونمان بووە وەکو خاک و وەکو خەڵک ولەوانەیە ئەوە(سری بقاء)مان بووە ئەوەندە هەزار ساڵە لەمابەینی زۆر لە ئیمپراتۆریەتی دڕندە ودەسەڵاتدارن کە مەیلی شۆڤێنی و توانەویان هیچیان پێ نەکرا. هەبووە و دیارە قەدەری ئیمەش ئەوەهابووە کە لەنیوان چەند نەتەوەیەکی ژێر دەسەڵاتدار یان هەوڵی نەمانیان بدەن و دیارە مامۆستایانیش ئاماژەیان بۆهەندێ ئایەت کرد، (أصبروا وصابروا) والحمد لله صبرنا وصابرنا وەکو ئەڵێن تا گەیشتینە ئەو قۆناغەو خۆمان و دوژمنان ئەبینین کە لەچ بارێک دان.

ڕاپەرین وەکو گوتم قۆناغێکی گرنگ بوو ئەو خەڵکانەی کە ئەیانەوێ شت بەزۆر بەسەرمانا بسەپێنن، شت بەسەر هیچ میللەتێک نەسەپاوە بەزۆر؛ ئەبوایە ئەو حوکمڕانانەی عێراق دەرسێکیان وەرگرتبووایە ئەگەر هیچ نا لە مێژووی خۆیان جارێ با سەیری وڵاتی خۆیان و خاکی خۆیان بکەن وە سەیری بارودۆخی خۆیان بکەن و چ بوون و گەیشتنە چی و بۆ کوێ ئەڕۆن با تەماشای ئەندەلس و ڤیێناو لای چین و بەلقان و ئەو شارانەی بکەن کە لەژێر دەستیان دا بوو کە ویستیان بەزۆر ئەو خەڵکە بگۆڕن و هیچ سوودێکیان لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام و بانگەوازی ئیسلام نەکرد کە ئەگەر بە ڕێک و پێکی بیان کردبوایە لەوانەیە ئیستا ڕووی مێژوویش بگۆڕابووایە بە شێوەیەکی تر.

بەداخەوە ملهوڕی و شۆفینیەت هیچ کەس بە ئەنجام ناگەیەنێ تەنها خۆشەویستی و برایەتی و تەبایی و ڕێز گرتن لەیەک خەڵکان بەرەو ئاسۆیەکی ڕووناکتر دەبات و شارستانیەت ئەچەسپێنێ، لە ڕاپەرین کورد سەلماندی کە چۆن مافی خۆی وەرئەگرێتەوە وە بۆ خەڵکی تریش دەرکەوت ئەگەر مافی خەڵکت زەوت کردبەهیچ ناگەی و هیوادارین ئەو

خەڵکە دەرسێک لە ڕابردوو وەرگرن و دڵنیان خاکی ئیمە ئەو خاکە نییە کە خەڵک بتوانی لە ئێمەی زەوتکا هەتا هەتایە، وەمیللەتی ئێمەش ئەو میللەتە نییە خەڵک بتوانێ کۆتی لەمل کا هەتا هەتایە.

لەپاش ڕاپەرین زۆر شت کراوە، دەنگی میللەتی ئێمە گەیشتۆتە دنیا و بەڕێزان ئاماژەیان پێ کرد لە خلالی ئەو چەند مانگەی دوایی چەند شتێکی گەورە بووە، کەم نییە ئەمڕۆ نامەی کلینتۆن بۆ کۆنگرێسی ئەمریکی چەند پەرەگرافێکی چەند بڕگەیەکی چەند بەندێکی پەیوەندار بێت بە کورد لەکوردستانی عێراق و ئەم واقیعە، وە لەزمنی ئەوەش چەند بڕگەیەکی بۆ بەعارەب کردن و ڕاگوێزان تەرخان کرابێت، وەئەمەش زل هێزی دنیای ئەمڕۆیە و کۆنگرێسیش ئەم کۆنگرێسەیە ئەتوانێ هەموو بڕیارێک بدات کە لە سوودی خۆیان دا بێت و ئەمە بە هەروەها نەگەیشتۆتە ئەوێندەرێ و من دڵنیام بە پلەی یەکەم کورد بەهەوڵی خۆیەتی لەبەرخوردان وقوربانی دان و بە هەوڵی ئەم کیانەیە کە دامەزراوە، لایەکی تریش لەبێ هۆشی و کورت بینی دەسەڵاتدارانی بەغدایە، لەهەموو دانوستاندیکدا لەگەڵ un و ئەو خەڵکەی پەیوەنداره بە بارودۆخی ئیمە چ ڕەسمی بێت و چ مرۆڤایەتی بێت و چ جەماوەری بێت وابزانم درێغی نەکراوە بە پیشاندانی ئەم ڕاستیە وە پوختەکەی بریتیە لە ڕێککەوتنی ١٩٩٨/٩/١٧لە ئەمریکا کە بەڕێزان جەنابی سەرۆک بارزانی ومام جەلال و نوێنەری ئەمریکاش ئیمزای کردووە لەوێندەرێ پەرەگرافێکی ڕوون تەسبیت بووە و بایەخ دان لەمە زیاتر چۆن ئەبێت؟

لە ڕاگەیاندکانمان لەکوردستانی عێراق کەم یان زۆر باوەرکەم هیچ لایەک درێغی نەکردووە لەپیشاندانی ئەم بارودۆخە و هەموو شتێکیش لەهەموو قۆناغێک بە ئارەزووی خەڵکەکە نابێت، ئەگەر ئەمڕۆ بڕیاری ٦٨٨کە پەیوەنداره بە تایبەتی بەم خاڵەی کە ئەمڕۆ باسی ئەکەین یان بەشێکی کەتاکو ئیستا کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی پیادەی ناکەن ئەوا ڕۆژێک دێ ئەم خاڵە ئەبێتە خاڵێکی سەرەکی لەوەیە داماڵینی چەک و شتی تر نەبێتە خاڵی سەرەکی، بەعارەب کردنی و کۆچ پێکردن نابێت لە کوردستان بمێنێت ئەمە ویستی خەڵکە ئەمە حوکمی مێژووە، خاکی باب و باپیری ئیمە بەزۆر بۆ خەڵکی تر ناخورێت. ئەگەر ئەم نەوە توانیمان تا ئەمڕۆ ئەوەی بۆ بکەین کە هەیە، دڵنیابن نەوەکانی دوای ئیمە دێن و ئەم زوڵمە ناهێڵێن وئەو واقیعە دەگۆڕین، چونکە ئەمە ڕاستیەکە کە وەکو ئاماژەی پێ کرا، دژی حەقانیەتی خودایەو دژی مرۆڤایەتییە و لەگەڵ ناموسی کەون ناگونجێت وە ئەگەر شتێک لە دژی حەقانیەتی خودا بوو و لەگەڵ نامووسی کەون نەگونجا کۆتایەکەی نەمانە و

لەمێژوویش بەدەیەها ئیمپراتۆریەت دروست بوون لەسەر زوڵم وزۆر لەسەر داگیرکردنی خاکی خەڵک و زۆر لەمانە بەهێزتر بوون و، ئیمە دڵنیاین ئەم ڕووداوەی کە ئێستاکە میللەتی ئێمە لەژێری دەناڵێنێت ڕۆژێک دێت و ئینشاءالله ڕۆژێکی زوو دێت کۆتای پێ دێت.

نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان درێغیان نەکردووە لە پیشاندانی ئێش و ئازار و دیاردەی دەرکردنی خەڵکی ئێمە وابزانم پێش چەند ڕۆژێک بەر لەئێستا حکومەتی هەرێم بەیانێکی دوورودرێژی بڵاو کردەوە دەربارەی ئەم بابەتە و دای بە هەموو ئاژانسەکان و لەهەموو دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردستان بلاو کرایەوە و، بەڕاشکاوی باسی ئەم بارودۆخە ئەکات و نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی ئەولیژنەیەی دروست کرا کەتایبەتمەند بوو بە بڕیاری ٩٨٦ لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان یەکێک لەو خاڵە گرنگانەی کە باس کرا لە سەردانەکەیان بۆ نیویۆرک پێش ئێستاکەو هەتا لەم سەفەرەی دوایی دا مەسەلەی بەعارەب کردن و کۆچ پێکردن بوو وە هەموتان ئاگادارن کە وێڵش هاتە کوردستان لە ناوەوەی هێڵی ٣٦و دەرەوەی هێڵی ٣٦یش باسی کەرکووک و بەعارەب کردن و کۆچ پێکردن، ئەمە بە هەوڵی حزبی و ئیداری و جەماوەری ئێمە بووەو لەخۆیەوە نەهاتۆتە کایەوە.

ئەوەی کەباستان کرد جێگای تەقدیرە ئەو زانیاریانەی کە خرانە ڕوو جێگای ڕێزە و وابزانم هەمووومان کۆکین لەسەر ئەوەی کە ئەم بابەتە بایەخی پێ بدەین و هەمیشە وەکو نوێنەرانی خەڵکی کوردستان ئەرکێکی نیشتمان پەروەری و ئەرکێکی مێژوویتانە بۆیە بەباشی نازانین وەکو پێشنیار کرا لەسەر ئەم بابەتە دانیشتنی بەردەوام بکرێت بەڕاستی لەوانەیە زۆر عەمەلی نەبێت هەر دانیشتنێکدا بەشێک لەکاتی بۆ تەرخان بکەین، هەرچەند خۆزگە ئێمە بمانتوانیبوایە ئەوە بکەین، بەلام وا باشە لەنێوان دانیشتنەکاندا ئێمە کاتێک دیاری کەین تایبەت بێ بۆ ئەم بابەتە و زیاتر بایەخی پێبدەین من ڕێزم هەیە بۆ زۆر برادەران کە جێگای تەقدیرە دیارە خۆیان ماندوو کردووەو شتی باشیان بۆ کۆکردۆتەوە ئەوە بابەتێکە ئەبێ خۆمانی بۆ ئامادەکەین و لەگەڵی بژین و گوێ نادەین بە دوژمن چی ئەڵێن، جەنابی کاک مەسعود بارزانی لێرە لە وەلامی پرسیاری یەکێک لە ئەندامانی پەرلەمان گوتی دوژمنی ئیمە چۆن باسی کێشەیەک ئەکات کەیفی خۆیەتی ئێمە ناڵێین ئازادە، بەلام کەیفی خۆیەتی کە چۆن تەعبیر ئەکات بەلام گرنگ ئەوەیە ئێمە چی ئەڵێین و ئێمە خاوەن قەزیەکەین چی ئەڵێین، گرنگ ئەوەیە ئێمە سوور بین و ئێمە بیروبۆچونی خۆمان باس کەین

و بیلێین و تەعبیری لێ بکەین بەوشێوە گونجاوانەی کە هەلومەرجەکان ڕێگامان پێ ئەدات ئەوە بەڕاستی گرنگە.

وە ئەم هەوڵە ئەگات بە ئەنجام، گرنگ ئەوەیە سووربوونەو بەردەوامی و بەدواداچوونە، بۆیە باش بوو ئەوەی ئەمرۆ گوێمان لێ بوو یان لە دانیشتنەکانی تر باس کراوە، وەکو پەرلەمانی کوردستان وابزانم کۆکین کە درێغی نەکراوە بەپێی توانا هەر هەلێکمان بۆ ڕێککەوتبێت یان زانیاریەکمان بۆهاتبێت یان ڕووداوێکی وا هاتۆتە پێشەوە لێرە دانیشتنی لەسەر کراوە وە لەسەر ڕاسپاردەی ئێوە یا لەسەر بڕیاری ئێوە شت کراوە.

باش بوو ئەگەر ئەم دانیشتنانە ڕێک خەین تۆزێک (مبرمج)تری کەین، تۆزێک (طابعێکی اختصاصی)پێبدەین الحمد لله لێرە نوێنەری هەموو خەڵکی کوردستان هەیە وەلەهەموو قەزاو ناحیەکانی کوردستان خەڵکمان هەیە ئەگەر ئەو بابەتە زیاتر بەرنامەکاری بکرێت زۆر باش بوو وابێت ئەندامانی دهۆک بەشێکیان خەڵکی زاخۆن و بەشێکیان خەڵکی(سێمێلن)و بەشێک خەڵکی ئاکرێن و هەر یەک لە قەزاو ناحیەی خۆی بێگومان زانیاری باشی هەیە لەسەر ئاخر گوند و لەوەیە ئاخر ڕیش سپیش والحمد لله خوای مەزن تەمەنیان درێژ بکات و خەڵکی ئێمە زۆر هەیە یان دەرکراوە یان ئێستاش لەهەندێ جێگا هەبێت و مرۆڤ ئەتوانێ پەیوەندی لەگەڵ بکات و بە دیقەت هەتا دواماڵیش ئەتوانین ئەو بابەتانە کۆبکەینەوە هەتا ئەگاتە مستەوای پارێزگا، من ئەو بابەتە بۆ ئێوەی بەڕێزی جێ دەهێلم وە انشاء الله کاک شێخ عەدنان و برادەرانی تریش وەکو لیژنە تایبەتمەندیەکان ئەو بابەتە لەنێوان خۆیان باس بکەن و لەوانەیە لای ئێمەش کۆمەڵێک بیروڕا هەبێت بۆ مەسائیلی تایبەتی چۆن بتوانین ئەم بابەتە ئەرشیفی کەین و دیکۆمێنتی کەین و من دڵنیام ئەتوانین لە پەرلەمان ئەو بابەتە بە هەندێ توانای تایبەتمەند بکەین، لەو بابەتە ئێمە ئاریمان نییە چەند برادەرێک تەکلیف کەین لێرە لە خزمەتی ئێوەدا بن، بەڵام ئەساس ئێوەن ئەو برادەرەی خەڵکی کفریە باشترە لە خەبیرێک ئەزانێ لەو ناوچەیە چی بووەو ئەو برادەرەی خەڵکی هەولێرەو نزیک ناوچەی مەخمورە لەلێزان (خەبیر) باشتر ئەزانێ مەسەلە چییە، بۆیە من ئەوە ئەخەمە سەرشانی هەموو ئەندامانی پەرلەمان و من پێم باشە هەر ئەندامێکی پەرلەمان بەشێک لەو ئەرکە پیرۆزە بخاتە سەرشانی خۆی و ئەگەر ناحیەیەک ٢٠گوندی هەبوو با هەر ئەندامێکی پەرلەمان سەر بەو پارێزگایە ٥یان ٢گوند بخاتە سەر شانی خۆی و بەدوای دا بڕوات نەمە ئەرکێکی نیشتمان پەروەرییەو ئەرکێکی پیرۆزە وە ئەبێ ئێمە بەدوایدا بڕۆین و الحمد لله سەرچاوەی زۆر هەیەوهیچ کەم وکوڕییەک لەو بارەیەوە نییەو

خەڵکی زانای زۆرمان هەیە ئەتوانن چ زانیاریەکی پێویستمان بێت بۆمانی بهێنن.
لێرە سوپاسی بێ پایانتان ئەکەین و سوپاسی ئەو بایەخ پێدانەتان ئەکەین و بەپێی ئەو پێشنیارەی کە کرا کورت کراوە انشاء اللە لە سەرەتای هەفتەی داهاتوودا ئەو شتانەی کە باسمان کردو ئەو یاداشتە ئامادە بێت و ئەوەی بکەوێتە لای ئێمە لەسەرۆکایەتی انشاء اللە هاوکارتان ئەبین و دانیشتنەکەمان لێرەکۆتایی پێ دێت بۆ دانیشتنی ئایندە ئاگادارتان دەکەینەوە.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**خاوەن گەورەیی**
**سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان**
**ڕێزدار کوفی ئەنان**

**کوردستانی عێراق ـ هەولێر** **١٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٨**

ئێمە لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق (پەرلەمان)دا، گەرمترین سڵاوو ڕێزتان پێشکەش دەکەین و ئەم بانگەوازە بە پەلەیەتان لە بارەی ئەو زوڵم و زۆردارییەی کە بە دانیشتوانی بەشێکی نەپارێزراو لە کوردستانی عێراق گەیشتووە، کە تاکو ئێستاکە لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی عێراقە، پێشکەش دەکەین.

**سەرۆکی بەڕێز...**

بەشی باشوور لە کوردستان لە کاتی خۆیدا بە زۆرە ملێ و بەپێچەوانەی ئارەزووی زۆربەی زۆری کوردە نیشتەجێکانی، بە دەوڵەتی عێراق لە دوای دامەزراندنی لە ساڵی ١٩٢١دا لکێنراوە. لە ئەنجامی ئەو کارەشدا ئەم گەلە لە چنگ حکومەت و ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، تووشی گەلێک زوڵم و زۆرداری و ئەشکەنجەدان بووە. هەرچەندە بڕیاری کۆمەڵی نەتەوەکان ئەو مەرجەی داناوە، کە دەبێ ڕێز لە هەست و نەستی گەلی کورد بگیرێ و، وەرگرتنی عێراق بە ئەندام لە کۆمەڵی نەتەوەکان لە ساڵی ١٩٣٢دا دوای ئەوە ئەنجام درا، کە بەیاننامەیەکی ڕەسمی دەرچوواندو پەیمان و بەڵێنی دا کە ڕێز لە مافەکانی گەلی کورد بگرێ و، کۆمەڵی نەتەوەکانیش ئەو بەڵێننامانەی کە دراون، مۆرکێکی نێودەوڵەتییان هەیەو، هیچ دەستوورێک یاخود یاسایەکی عێراقی بۆیان نییە لێی لادەن. کەچی ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بەردەوام بوون لەسەر نکوڵ کردنیان لەو مافانەو، گەلی کوردمان هەرچەندە قوربانییەکی زۆری داوەو خەباتی لە پێناوی ئازادی و مافی نەتەوەیی خۆیدا کردووە، بەڵام بەهۆی ئەو ڕەوشتانەی ڕژێم لە ژێر ئەو ئەشکەنجانە ماوەتەوە.

لە دوای جەنگی دووەمی کەنداوو لە ئەنجامی دەرکردنی هێزەکانی عێراق لە کوێت، گەلی کوردستانی عێراق سەر لەنوێ ڕاپەڕی و پتر لە ٩٠ ٪ی لە ڕووبەری هەرێمی کوردستان کە هەندێ لایەن پێی دەڵێن (باکووری عێراق)ی ڕزگارکرد، ئەو ڕووبەرەی کە دەگاتە پتر لە (٨٠) هەزار کیلۆمەتر دووجاو نزیکەی ٦ ملیۆن

کەسی لێ دادەنیشێ. نسکۆ هێنانی ئەو ڕاپەڕینە بووە هۆی ڕوودانی کۆڕەوێکی دوو ملیۆن کەسیی بۆ سنووره دەوڵەتییەکانی تورکیاو ئێران لە ترسی زەبری کوشندەیی هێزەکانی ڕژێمی عێراق و، ئەمەش وای لە ئەنجوومەنی ئاسایش کرد کە بڕیاری ٦٨٨ی لە ڕۆژی ٦/٤/١٩٩١دا دەربچوێنێ و ئەو سەرکوتکردنە دڕندانەیەی ڕژێمیان بۆ دانیشتوانی عێراق بەگشتی و کورد بە تایبەتی مەحکوم کردو ڕژێمی عێراقی ناچارکرد وتووێژ لەگەڵ کورد بکات بۆ دابین کردنی مافی سیاسی و مرۆڤایەتییان و لە ئەنجامی ئەمەشدا ناوچەیەکی تەنایی بۆ کورد لەسەر بەشێک لە خاکی کوردستانی عێراق دروست کرا، کە ڕووبەرەکەی دەکاتە ٥٤ ٪ی ڕووبەری گشتی ئەم هەرێمەو ٣.٦ ملیۆن کەس لە سەرجەمی نزیکەی ٦ ملیۆن کەسی دانیشتوانی کوردستانی عێراق دەگرێتە خۆ.

بەنیازی دروست کردنی بۆشاییەکی کارگێڕی و سیاسی، حکومەتی عێراق کارگێڕی خۆی کێشایەوەو ئابڵووقەیەکی ئابووری خستە سەر هەرێمەکە. بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە، هەڵبژاردنێکی گشتی دیموکراتیی ئازادی لە ١٩/٥/١٩٩٢دا بەنیازی دروست کردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بۆ کوردستانی عێراق (پەرلەمان) ئەنجام دراو، حکومەتێکی هەرێمی دامەزرێندرا، کە ئێستاکە بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی ئەم بەشە پارێزراوە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ٤٦ ٪ی ڕووبەری هەرێمی کوردستان و ٢.٥ ملیۆن لە دانیشتوانی لە کوردو ئاشووری و تورکمان تاکو ئێستاکە لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی عێراق دان.

سیاسەتی بە کۆمەڵ کوژی کە ئەم ڕژێمە لە دژی گەلی کوردمانی بەکارهێنا، ڕوون و ئاشکرایەو چەکی کیمیایی لە شاری هەڵەبجە و بالیسان و بادینان و ناوچەی تر بەکارهێناو، هەڵمەتەکانی ئەنفالە بەد ناوەکانی ئەنجام دا کە بوونە مایەی کوژرانی پتر لە ١٨٢ هەزار کەسی شارستانی کورد. جگە لە ڕاگوێزانی ٤٠٠ هەزار کوردی فەیلی لە بەغداو ناوەڕاستی عێراق دا بۆ ئێران لە ساڵی (١٩٧١)ەوەو بێ بەش کردنیان لە مافی هاونیشتمانییەتی، جگە لەوەش ٨ هەزار هاونیشتمانی شارستانی لە بارزانییەکان لە ساڵی ١٩٨٣دا گیران و تاکو ئێستاکە چارەنووسیان نادیارە. ئەمەش بەشێکە لە نموونەی ناشیرین و بەد فەساڵ

که زەبرو زەنگ و زۆرداریی ئەم ڕژێمە دەنوێنێ.
لەگەڵ ئەوەشدا کە عێراق وەک دەوڵەتێکی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەستراوەتەوە بە پەیمانەکانی و جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤی مۆرکردووە لەگەڵ گەلێک پەیمانی نێودەوڵەتی تردا کە مافی شارستانی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسی دەپارێزن. بەڵام لە واقیع و لە کاتی کارکردندا خۆی بەهیچ لەوانە نەبەستەوە، ئێستاکەش کە ئێمە ئاهەنگی یۆبیلی زێڕینی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ دەگێڕین ئەم ڕژێمە هەروا بەردەوامە لەسەر سیاسەت و کارە دوور لە گیان و دەقی ئەو پەیمان و بەڵێننامانە.

**سەرۆکی بەڕێز...**

لە سایەی ئەو پاراستنە نێودەوڵەتییەی کە بۆ ئەم بەشەی کوردستان دابین کراوە، گەلەکەمان لەم ڕۆژەدا لەسایەی ئاشتییەکی ڕێژەییدا دەژی، بەڵام لە ئەنجامی ئەو ئازارو ئەشکەنجەیەی کە براکانیان لەو بەشەی کە ئەم پاراستنە نایان گرێتەوە نیگەران بوون لەوەی کە لەسەر دەستی ڕژێمی عێراق بە کردارە سەرکوت کەرە نا مرۆڤانەکانی تووشیان هاتووەو دەتوانرێ بە کورتی لە مانەی خوارەوە بخرێنە ڕوو:

١ـ گرتنی سیاسەتی پاککردنەوەی ڕەگەزی لەو ناوچەو پارچانەی کوردستانی عێراق، کە تاکو ئێستاکە لەژێر کۆنترۆڵی ڕژێمی عێراقن بە:

أ ـ ڕاگوێزانی دانیشتوانی کوردو هی تر لە ناوچەوماڵەکانیان و گۆڕینیان بە تیرەو هۆزی عەرەب کە لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق دەیان هێنن وەک بەشێک لە هەڵمەتی ڕێکوپێکی بە عەرەب کردن، بەتایبەتی لە ناوچەکانی کەرکووک و خانەقین و سنجارو شێخان و هی تر.

ب ـ ناچارکردنی ئەو کەسانەی کە دەرنەکراون بە گۆڕینی ناسنامەیان لە ڕێگەی گۆڕانکارییەکی ڕەسمی نەتەوەکەیان بۆ عەرەبی، لە ڕێگەی دەست تێوەردانی بەڵگەنامەو ناسنامەی کەسایەتییانەوە، جگە لە کوردیش ئەم کارە نادروستە ئاشووری و تورکمانیش دەگرێتەوە.

٢ـ لەچوارچێوەی نەخشەیەکی ڕەسمیدا ناوی کوردی شارو قەزاو گوندەکانیش، بەناوی عەرەبی دەگۆڕدرێن.

٣ـ وێران کردن و نەهێشتنی شوێنی ئاسەواری تایبەت بە مێژووی کوردو

کەلەپوورو شارستانییەتییان و لەوانەیە ترسناکترین کار لەو بارەیەوە خۆی لە شێواندنی قەڵای کەرکووکی شوێنەواری خۆی دەنوێنێ کە مێژووی ئەو شوێنەوارە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی دوو هەزار ساڵ پێش زایین.

٤ـ ڕێگە گرتن لە کوردو غەیرە عەرەب لەمافی کڕینی خانوو و بەرە لەو ناوچانەی کوردستانی عێراق.

**سەرۆکی بەڕێز...**

ئەو سیاسەت و کردارانەی کە باس کران هەموویان بە بەڵگەنامەو دیکۆمێنت پشت ئەستوور کراون و لێرەدا هاوپێچ کراون و بەڕێز «کلینتۆن»ی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئاماژی بۆ هەندێکیان کردووە، لەنامەکانی مانگەکانی ئاب و ئەیلوولی ١٩٩٨ی بۆ کۆنگرێسی ئەمریکی.

هەروەها بەڕێز «ماکس ڤان دێرشتویل»ی چاودێری مافی مرۆڤ لە عێراقیش دا ئاماژەی بۆ کردوون.

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، نوێنەری هەڵبژێردراوی گەلی کوردستانە، داواتان لێ دەکات هەروەک داواش لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتان دەکات، تاکو بەزووترین کات بەفریامان بکەون و سنوورێک بۆ سیاسەتی پاککردنەوەی ڕەگەزیی و ڕاگرتنی ڕاگوێزان و سەرکوت کردن و بەعەرەب کردن دانێن، کە دەستدرێژی دەکاتە سەر خاک و دانیشتوانی کوردستان لەو بەشەی، کە لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی عێراق دان.

ئەم کردارانە سەرپێچی کردنێکی ئاشکرایە بۆ بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ژمارە (٦٨٨)و بەپێی ئەو بڕیارەش ئەنجوومەنی ئاسایش دەبێ لەو سەرپێچییە بەدەنگ بێت.

پەرلەمانی کوردستانی عێراق داواتان لێ دەکات کە بەگورجی ئەم کارانەی خوارەوە ئەنجام بدرێت:

١ـ ناردنی نێردراوێک بۆ لیکۆڵینەوە لە ڕاستییەکان دا بۆ ئەو ناوچانەی کوردستانی عێراق، بۆ تۆژینەوە لەو سیاسەت و کردارانەی، کە ئاماژەیان بۆ کراوە، بەڵکو هەوڵێک بۆ دانانی کۆتاییەک بۆ ئەم بارە دابنرێت.

٢ـ فراوان کردنی ناوچەی تەنایی، تاکو ناوچە ناوبراوەکانیش بگرێتەوە، کە

تاکو ئێستاکە لەژێر کۆنترۆلی حکومەتی عێراق دان.
وەک کارێکی پێویست بۆ ڕاگرتنی هەڵمەتی پاککردنەوەی ڕەگەزیی و ئەو سەرکوتکردنەی، کە گەلەکەمان تووشی دێت و، بۆ گەڕاندنەوەی ڕاگوێزراوە زۆرە ملێکان بۆ ناوچەکانی نیشتەجێ بوونی خۆیان و پێدانەوەی ماڵ و موڵک و ئەو مافانەی کە لێیان داگیر کراوە.
٣ـ دانانی نوێنەرایەتییەکی گونجاوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کوردستان، کە توانای ئەوەی هەبێت ئەو دەست درێژیی و لادانانە دەسنیشان بکات و لێیان بکۆڵێتەوەو ئابڕوویان ببات و دەست بە هەنگاونانی پێویست بکات، بۆ دانانی هەموو هەرێمی کوردستانی عێراق لە ژێر پاراستنی نەتەوە یەکگرتووەکان.
تکایە بەڕێزتان ڕێزی تەواومان لێ قەبووڵ بفەرموون.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**وێنەیەکی بۆ/**

* **بەڕێز سەرۆک ولیام جیفرسون کلینتۆن، سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.**
* **بەڕێز تونی بلێر، سەرۆکی وەزیرانی بەریتانیای مەزن.**
* **بەڕێز جاک شیراک، سەرۆکی فەرەنسا.**
* **بەڕێز بۆریس یەڵتسن. سەرۆکی ڕوسیای فیدرالی.**
* **بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی.**